قورئانی پیرۆز بە کوردی

وەرگێڕاوی عەبدورەحمان شەرەفکەندی (هەژار- ١٩٢١-١٩٩١).

پێداچوونەوە: محمدهادی مرادی و ماجد مردوخ روحانی.

تاران: انتشارات تازه نگاه و نشر احسان، ٢٠٠٠ (١٣٧٩).

ناوەرۆك:


١. فاتیحە

٢. بەقەرە

٣. ئالی عیمران

٤. نیساء

٥. مائیدە

٦. ئەنعام

٧. ئەعراف

٨. ئەنفال

٩. تەوبە

١٠. یوونوس

١١. هوود

١٢. یووسوف

١٣. ڕەعد

١٤. ئیبراهیم

١٥. حیجر

١٦. نەحل

١٧. ئیسراء

١٨. کەهف

١٩. مەریەم

٢٠. تاها

٢١. ئەنبیاء

٢٢. حەج

٢٣. موئمینوون

٢٤. نوور

٢٥. فورقان

٢٦. شوعەراء

٢٧. نەمل

٢٨. قەسەس

٢٩. عەنکەبووت

٣٠. رووم

٣١. لوقمان

٣٢. سەجدە

٣٣. ئەحزاب

٣٤. سەبەء

٣٥. فاتیر

٣٦. یاسین

٣٧. سافات

٣٨. ساد

٣٩. زومەر

٤٠. غافیر

٤١. فوسسیلەت

٤٢. شورا

٤٣. زوخروف

٤٤. دوخان

٤٥. جاسیە

٤٦. ئەحقاف

٤٧. موحەممەد

٤٨. فەتح

٤٩. حوجورات

٥٠. قاف

٥١. زاريات

٥٢. توور

٥٣. نەجم

٥٤. قەمەر

٥٥. ڕەحمان

٥٦. واقیعە

٥٧. حەدید

٥٨. موجادیلە

٥٩. حەشر

٦٠. مومتەحینە

٦١. سەف

٦٢. جومعە

٦٣. مونافیقون

٦٤. تەغابون

٦٥. تەڵاق

٦٦. تەحریم

٦٧. موڵک

٦٨. قەڵەم

٦٩. حاققە

٧٠. مەعاریج

٧١. نووح

٧٢. جین

٧٣. موززەممیل

٧٤. موددەسسیر

٧٥. قیامەت

٧٦. ئینسان

٧٧. مورسەلات

٧٨. نەبەء

٧٩. نازیعات

٨٠. عەبەسە

٨١. تەکویر

٨٢. ئینفیتار

٨٣. موتەفیفین

٨٤. ئینشیقاق

٨٥. بوروج

٨٦. تاریق

٨٧. ئەعلا

٨٨. غاشیە

٨٩. فەجر

٩٠. بەلەد

٩١. شەمس

٩٢. لەیل

٩٣. زوحا

٩٤. ئینشیراح

٩٥. تین

٩٦. عەلەق

٩٧. قەدر

٩٨. بەینە

٩٩. زیلزال

١٠٠. عادیات

١٠١. قاریعە

١٠٢. تەکاسور

١٠٣. عەسر

١٠٤. هومەزە

١٠٥. فیل

١٠٦. قورەیش

١٠٧. ماعون

١٠٨. کەوسەر

١٠٩. کافیرون

١١٠. نەسر

١١١. مەسەد

١١٢. ئیخلاس

١١٣. فەلەق

١١٤. ناس

فاتیحه

وه ناو خودا که دەهندە و دلۆڤانە

(١) وه ناو خودا، که دەهەندە و دلۆڤانە.
(٢) سوپاس بۆ خوا، کە ڕاهێنەری جیهانە.
(٣) دەهەندەیە و دلۆڤانە.
(٤) خاوەنی ڕۆژی پەسڵانە.
(٥) ئێمە هەر تۆ دەپەرستین؛ پشتن هەر بە تۆ دەبەستین.
(٦) لە ڕاستەڕێ شارەزان کە.
(٧) ڕێی ئەوانەی کە خۆت چاکەت دەگەڵ کردوون؛ نەک ئەوانەی کە وەبەر توورەیی کەوتوون؛ نە ئەوانەش کە لاڕێ بوون.

بەقەرە

وه ناو خودا که دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم.
(٢) ئەم کتێبە هیچ گومانی تێدا نییە؛ بۆ ئەوانەی پارێزگارن، ڕێ شاندەرە:
(٣) ئەو کەسانەی پروایان بە نەدیار هەیە و نوێژ دەکەن و لەو بژیوەش کە ئێمە پێمان داون، دەبەخشن.
(٤) ئەوانەش کە بەو کتێبەی لەمەڕا بۆ تۆ هاتووە و بەوانەش بۆ پێغەمبەرانی بەر لە تۆ بەڕێ کراوە، بەپروان و لە هاتنی ڕۆژی پەسڵانێ، گومانێکیان نییە.
(٥) ئەوانە پەروەرندەیان ڕێبەریانە و دیارە گرۆی ڕزگارانن.
(٦) گەلی خودا نەناسانیش بترسێنی، یان ترسیان وەبەر نەهێنی، وەکوو یەکە؛ ئەوان لە باوەڕی هێنان خۆ دەبوێرن.
(٧) لە خوداوە دڵ و گوێیان مۆر کراوە و پەردەیەکیش بە بەر چاویاندا کشاوە و بەشیان ئازاری بەژانە.
(٨) لەم خەڵکەدا ئی وا هەیە، ئێژن: باوەرمان بە خودا و ڕۆژی سەڵا هێناوە؛ کەچی باوەڕیشیان نییە.
(٩) ئەوان خودا و باوەڕداران فریو دەدەن؛ کە هەر خۆیان فریو داوە و پێش ناحەسن.
(١٠) دڵیان دەغەزێکی هەیە و خوا دەغەزی پتر کردوون؛ لەسەر ئەم درۆ کردنە، بەشیان ئازاری بەژانە.
(١١) ئەگەر کەسێ پێیان بێژێ: لەم هەردە بەدفەڕی مەکەن! ئێژن: ئێمە چاکەکارین.
(١٢) باش بزانن، کە خراپەکار ئەوانن؛ بەڵام بۆ خۆیان نازانن.
(١٣) هەرگاش یەکێ پێیان بێژێ: ئێوەش سایری ئەم خەڵکە پروا بێنن، ئێژن: جا چۆن ئێمە وەک نەفامان پروا بێنین؟ با بزانن، کە خۆیان نەفامەکانن؛ بەڵام بەخۆیان نازانن.

(١٤) هەر وەختایەک دەگەنە خاوەن باوەڕان، دەڵێن: ئێمەش وەک ئێوە خاوەن باوەڕین. هەرگاش چوونە لای شەیتانەکانی خۆیان، ئێژن: ئێمە وەل خۆتانین؛ هەر گەمە بەمانە دەکەین.
(١٥) خودا گاڵتە بەوان دەکا و بەریان بۆ بەرهەڵدا دەکا، تا لە ئەو سەرکێشییەدا سەرگەردان بن.
(١٦) ئەوانە ڕاستەڕێیان دا بە گومڕایی و لە سەودادا تێشکاون و ڕێگەی ڕاستیان بەدی نەکرد.
(١٧) ئەمانە ڕاست بە مەرەدی کەسانێ چوون، کە خەریکی پێکردنی ئاگرێک بوون؛ هەر کە ڕۆشنایی ئاگر دەوروبەری ڕۆشن کردن؛ خودا ڕووناکییەکەی بردن و لە تاریکێکی وادا وێڵی کردن، هیچ ئاشتەبایان نەدەدیت.
(١٨) کەڕن، کوێرن، لاڵ و پاڵن؛ ناتوانن بشگەڕێنەوە.
(١٩) یانە [هەر وەکوو کەسانێ کە] بارانی بەلووزەویان دەگەڵ هەور و چەخماخەدان لەو حەوایە بۆ ببارێ و بکەونە ناو تاریکایی؛ لە ترسی هەورەتریشقە، تلی لە گوێیان ڕابکەن، نەکا بمرن. خودا دەوری لەم خوا نەناسانە داوە.
(٢٠) لەوانەیە برووسکەی هەور کوێریان بکا. هەر شریخەی چەخماخە هات، دەکەونە ڕێ و هەرگا لێیان تاریک داهات؛ ڕادەوەستن. خۆ ئەگەر خوا بیویستایە، گوێ و چاوی لە کار دەخستن؛ خوا هەموو شتێکی پێ دەکرێ.
(٢١) ئەی خەڵکینە! هەر ئەو خوایە بپەرستن کە ئێوە و زۆری تریشی پێش ئێوە وەدی هێناوە. بەشکوو خۆتان بپارێزن.
(٢٢) ئەو خودایە، هەردی بۆ کردوون بە ڕایەخ، ئاسمانی بەرز کردەوە و ئاوێکی لەو حەوایەوە بۆ باراندن؛ هەموو جۆرە بەروبووی – بەهۆی ئەو ئاوە – بۆ ڕوواندن. دەیسا کە ئەوەو زانیوە، چۆن شەریکان بۆ ئەو خوایە پەیدا دەکەن؟
(٢٣) ئەگەر لەمەی کە ئێمە بۆ عەبدی خۆمان ناردۆتە خوار بەگومانن و پێشتان وایە ڕاستی بۆ چوون، دەسا ئێوە وێڕای هاوباوەڕەکانتان بە گەلەکۆمەکی یەکتر – جگە لە خوا – سوورەتێکی وەک ئەو بێژن.
(٢٤) ئەگەر نەوکرد – کە هەرگیز بۆشتان ناکرێ – سا بترسن لەو ئاگرەی دەستەچیلەی تەوەن و لەشی مرۆیە و هەر بۆ خودانەناسەکان هەڵکراوە.
(٢٥) بەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاکن، موژدە بدە: باغاتێکی وایان دەبێ، جۆباریان بە بەردا دەڕوا و لە هەر میوەیەک بچێژن، ئێژن بەرێ ئەمە کرابووە بەشی مە و ئێستا وێنەیان هێناوە. ژنەکانیان لەوێ زۆر پاک و خاوێنن؛ تاهەتایەش هەر لە بەهەشتا دەمێنن.
(٢٦) خودا لەوە شەرم ناکا مێشوولە و لە پێشکەش کەمتر بە نموونە بێنێتەوە. جا ئەوانەی بەباوەڕن، ڕوون دەزانن ئەمە ڕاستە و لە پەروەرندەیانڕایە. ئەوانەی خودا نەناسن ئێژن: خودا لەم نموونە هێنانەوە چی گەرەک بوو؟ زۆرانی پێ گومڕا دەکا و فرەشیان شارەزا دەکا. هەر ئەوانە پێی تووشی گومڕایی دەبن کە لە ڕێگایە لادەدەن.
(٢٧) ئەو کەسانەی پەیمان دەگەڵ خوا دەبەستن و دەیشکێنن؛ ئەو شتەی خودا ویستوویە هەر بە ساغی بیهێڵنەوە، دەپسێنن و لە عەردا بەدفەڕی دەکەن، هەر خۆیان زیانبار دەبن.

(٢٨) چۆن لەو خوایە حاشا دەکەن کە لە نەبوو، ژیانی داوە بە ئێوە و لە پاشان دەتانمرێنێ و دیسان زیندوو دەکاتەوە و ئەوسا گشتوو بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.
(٢٩) هەر خۆیەتی هەرچی لە زەمیندا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەم هێناوە و ئەوسا پەرژایە بەرزایی و حەوت نهۆمی لێ دروست کرد. هەر ئەویشە ئاگای لە هەموو شت هەیە.
(٣٠) ئەو کاتەی پەروەرندەی تۆ بە فریشتانی ڕاگەیاند: من دەمەوێ بریکارێک لەسەر زەمین دیاری بکەم؛ گوتیان: تۆ کەسێ وا دێنی لەوێدا خراپە بکا و خوێن پرێژێ، کەچی ئێمە هەر شوکرانەی تۆ دەکەین و پەسنی پیرۆزیی تۆ دەدەین؟ گوتی: ئەوەی من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە.
(٣١) خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کرد. ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕانا و گوتی: ئەگەر ڕاستی بۆ چوون ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن.
(٣٢) گوتیان: هەر تۆی لە کەمایەتی بە دووری؛ ئێمە بەدەر لەوەی کە تۆ فێرت کردووین، هیچ نازانین. هەر بۆ خۆت زانای کارزانی.
(٣٣) گوتی ئەی ئادەم! دەسا تۆ ناوی هەموو ئەوانەیان بۆ هەڵبدە. وەختێ ئادەم هەموو ناوێکی بۆ هەڵدان، گوتی من بە ئێوەم نەوت کە هەر خۆمم هەر نهێنی لە عاسمانان و زەمیندان و هەرچی ئێوە وەیشێرن و بیدرکێنن، دەیانزانم؟
(٣٤) فەرمانمان بە فریشتان دا، کڕنۆش لە بەر ئادەم بەرن. غەیرەز ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد؛ ئەو کە خۆی بە زلتر دەزانی، سوژدەی نەبرد و سپڵە بوو.
(٣٥) گوتمان: ئادەم! خۆت و ژنت، لە بەهەشت نیشتەجێ بن و هەرچی لە هەر شوێنێ دەخۆن، نۆشی گیانوو؛ هەر تخونی ئەو دار [ی هانا] مەکەون؛ چون [بەم کارە] لە ناهەقییکاران دەبن.
(٣٦) شەیتان هەڵیخەڵەتاندن و لە بەهەشت دەریپەڕاندن. گوتمان: داوەزنە خوارەوە، خۆتان دوژمنی خۆتانن؛ تا ماوەیێ دیاری کراو، لەسەر زەمین ڕاییبوێرن.
(٣٧) ئادەم لە پەروەرندەیرا چەند وشەیەکی پێ گەییشت. ئەوسا تۆبەکەی قبووڵ کرد. هەر خۆیەتی لە پەژیوانان دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٣٨) گوتمان: گشتوو لە بەهەشت پرۆنە خوارێ؛ ئەوسا ئەگەر لای منەوە ڕێنوێنییێکتان بۆ هات، ئەوانەی بکەونە شوێنی ڕێنوێنیم، نە لە هیچ شتێ دەترسن نە خەم دەخۆن.
(٣٩) هەر کەسانیش خۆیان تووشی هەڵە کەن و لە نیشانەکانی من حاشایە بکەن؛ دەبن بە یاری ئاگر و هەتا سەر هەر تیا دەبن.
(٤٠) ئەی زار و زیچی ئیسرائیل! لە بیروو بێ چەندەم چاکە دەگەڵ کردوون. پەیمانی من بەجێ بێنن؛ منیش پەیمانێ پێم داون، پێک دێنم و هەر تەنیا لە خۆم بترسن.
(٤١) پرواو هەبێ بەوەی کە ناردوومەتە خوار، کە ئەمەش بە ڕاست دەزانێ وا ئێستا لە لای ئێوەیە. مەبنە پێشەنگی ئەوانەی حاشا لەم کتێبە دەکەن؛ ناشێ نیشانەکانی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن. سا هەر لە خۆم ترسوو هەبێ.
(٤٢) ڕاستی ڕەوا بە ناڕەوا دامەپۆشن. حاشاو لەو ڕاستییە نەبێ، کە بۆ خۆتان ناسیوتانە.
(٤٣) نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ دەگەڵ کڕنۆشبەرەکاندا کڕنۆش بەرن.

(٤٤) ئاخۆ ئێوە کە فەرمان بەو مەردمە دەدەن چاکەی بکەن ، خۆتانی لێ هەڵداوێرن و هەر خۆشوو کتێب خوێنەوەن ؟ دەسا چیتانە تێ ناگەن ؟
(٤٥) بۆ خۆڕاگری و بۆ نوێژان هانا بەرن؛ کە ئەم کارە زۆر دژوارە؛ مەگین هەر بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان بە زل نازانن؛
(٤٦) ئەو کەسانەی سوور دەزانن تووشی پەروەرێنیان دەبن و دەگەڕێنەوە بۆ لای خۆی .
(٤٧) ئەی زار و زیچی ئیسرائیل! بیر لەو چاکە بکەنەوە کە من دەربارەتانم کرد؛ لە چاو خەڵکی هەموو دنیا پتر ڕێزم لە ئێوە نا.
(٤٨) خۆش بپارێزن لەو ڕۆژەی کە کەس تاوانی ناچێتە سەر کەسی تر؛ نە بارمتەی تێدا هەیە و نە هیچ خۆ کڕینەوەیەک؛ کەسیش دە هانای کەس نایە.
(٤٩) ئەوسا کە ڕزگارم کردن لە فیرعەون و داروودەستەی ، کە سەرەڕای جزیا دانوو ، کوڕانی لێ سەر دەبڕین و ژنەکانی ساغ دەهێشتن ؛ کە لەمەدا ئەزموونی زۆر مەزن هەبوو لە پەروەرندەتانەوە .
(٥٠) ئەوساش کە ئێمە دەریامان بۆ قەڵاشتن و نەجاتن دان و ئەوانەی وەل فیرعەون بوون، هەموومان بە خنکاندن دا و ئێوە تماشاو دەکردن.
(٥١) ئەوساکەش کە دەگەڵ مووسا، ژوانی چل شەومان دانا، ئێوە ئەو ناهەقییەتان کرد: پاش ئەو گوێرەکەتان پەرست.
(٥٢) لە پاش ئەمەش لێتان خۆش بووین؛ بەشکوو شوکرانەبژێر بن.
(٥٣) ئەوساش کە ئێمە بە مووسا کتێب و هۆی بژاردن دا؛ بەشکوو ئێوە شارەزا بن.
(٥٤) ئەوساش مووسا بە هۆزەکەی خۆی ڕاگەیاند: گەلۆ! بە گۆلک پەرەستیو ناهەقیتان لە خۆتان کرد؛ پەژیوانی لە لای بەدیهێنەرتانەوە دەربڕن؛ سا وەرن یەکتر بکووژن؛ لای بەدی هێنەرتانەوە ئەم کارە بۆتان چاترە. کە تۆبەی لێ قبووڵ کردن؛ هەر ئەویشە لە پەژیوانان خۆش دەبێ و دلۆڤانە.
(٥٥) ئەوساش کە بە مووساتان گوت : ئێمە بڕوات پێ ناهێنین تا ئاشکرا خوا نەبینین ؛ کە هەر لەبەر چاوی خۆتان برووسکەتان بەسەردا هات .
(٥٦) لە پاش ئەوەی کە مردبوون سەرلەنوێ زیندوو کردنەوە ، شایەت شوکرانەبژێر بن .
(٥٧) هەوریشمان کردە سەیوانوو؛ گەزۆ و مەلی شێلاقەشمان بۆ هەناردن: بخۆن لەو بژیوە پاکەی بەشمان داون. ئەوان ناحەقییێکیان لە ئێمە نەکرد؛ دەربارەی خۆیان ناحەق بوون.
(٥٨) ئەوساش پێمان ڕاگەیاندن: بڕۆنە ناو شارەکەوە؛ هەر شتێکی دەخۆن و چی دەخۆنەوە، بە ئارەزووی خۆتان بکەن. هەر لە دەرگا چوونە ئەودیو، سوژدە بەرن و بێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەرکی گرانمان مەخە سەر. ئەوسا مە لە گوناهانوو خۆش دەبین و پاداشمان لەمەڕ کارچاکان پتر دەبێ.
(٥٩) ئیتر لە ڕێ لادەرەکان – هەرچی بەوان سپێرابوو – بەراوەژوو ڕەفتاریان کرد؛ ئەوسا ئێمەش لە تۆڵەی ئەو بەدفەڕیەدا، بەڵایەکمان لە عاسمانەوە بۆ ناردن.
(٦٠) ئەو هەڕەتەش کە وا مووسا ئاوی بۆ پەیرەوانی خواست. گوتمان بە دار عاساکەی خۆت لەو بەردە دە! دوازدە کانی لێ هەڵقوڵی؛ هەر تیرەیەک جێی وەخواردنی خۆی زانی. سا لەو بەشەی خودا داویە بخۆن، وەخۆن، لە عەرزا بەدفەڕی مەکەن.

(٦١) ئەو دەمەشتان لە بیر بێ کە گوتتان: مووسا! ئێمە بە یەک جۆرە خۆراک هەدا نادەین؛ لە پەروەرندەت بخوازە لەوەی زەوی دەیڕوێنێ، وەک سەوزەوات و خەیار و نیسک و سیر و پیواز، بۆمان بەرهەم بێنێ. گوتی: ئێوە خراپ بە چاک دەگۆڕنەوە؟ سەربەرەژێر بچنە شارێک دڵخوازی ئێوە لەوێە. بەڵام چونکە لە نیشانانی خودا حاشایان دەکرد، هەر لە ناهەق پێغەمبەرەکانیان دەکوشت، یاغی بوون و ملیان لە دەس درێژی دەنا، وەبەر غەزەبی خوا کەوتن و چارەڕەشی و زەبوونییان بۆ بڕیار درا.
(٦٢) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئەو کەسانەش کە جوولەکە و فەلە و سایبی مەزەب بوون، ئەگەر بە خوا و رۆژی پەسڵان باوەڕیان بێ و ئاکارچاک بن، لە لای پەروەرندەیانڕا پاداشی خۆیان پێ دەگا و نە هیچ ترسێکیان لە سەرە، نە خەم دەخۆن.
(٦٣) ئەوساش کە ئێمە بەڵێنمان لێ وەرگرتن و کێوی توورمان بە سەرتانەوە بڵند کرد؛ گوتمان: هەرچی پێمان داون توندی بگرن، چی تێدا لە بیری مەکەن. شایەتا خۆ بپارێزن.
(٦٤) لە پاش ئەوە خۆتان لێ بوارد. ئەگەر چاکە و بەزەیی خوا دەهاناتان نەهاتایە، ئێوە لە زیانباران بوون.
(٦٥) لە حاڵی ئەو کەسانەشتان خەبەردار بوون کە وا لە ڕۆژی شەممەدا لە ڕادەی خۆیان دەرکەوتن، پێمان گوتن: مەیموونی تڕۆکراو بن.
(٦٦) بە پەندێکی وامان بردن، هاوچەرخان و دوای ئەوانیش، چاوترسێن کا و دەرسێک بێ بۆ پارێزگاران.
(٦٧) بیر لەو جارەش بکەنەوە کە مووسا بە هۆزەکەی گوت: خودا فەرمانوو پێ دەدا کە ئێوە چێڵێک سەرژێ کەن. گوتیان: ئاخۆ دەتەوێ گاڵتەن پێ بدەی؟ گوتی: پەنا دەبەم بە خوا کە لە ڕێزەی نەزانان بم.
(٦٨) گوتیان لە پەروەرندەی خۆت پرسیار بکە، چۆن چێڵێکە؟ گوتی: ئێژێ ئەو چێڵەیە کە نە پیری پەک کەوتەیە و نە کەم تەمەن؛ ناوەنجییە. بە چیتان فەرمان پێدراوە دەبێ بیکەن.
(٦٩) گوتیان لە پەروەرندەی خۆت پرسێ بکە پێمان بێژێ چ ڕەنگێکە؟ گوتی: ئێژێ چێڵێکی هێندە ڕەنگ زەردە، تواشاچی دڵخۆش دەکا.
(٧٠) گوتیان: دیسان لە پەروەرندەت بپرسە با پێن بڵێ چۆن چۆنییە؟ مانگا سەری لێ تێک داوین؛ ئەگەر خودا خۆی حەز بکا دەتوانین شارەزا بین.
(٧١) گوتی: ئێژێ نە چێڵێکی هەڤووتییە، جووتی بکا و نە ئاو دەکێشێ بۆ زەوی، هیچ پەڵەشی تێدا نییە. گوتیان ئێستا ڕاستەکەت بۆ خستینە ڕوو. ئیتر ئەوسا سەریان ژێ کرد؛ وەختیش بوو ئەم کارە نەکەن.
(٧٢) ئەوسا یەکێکیان کوشتبوو،[ لە سەر گوژەر ]یەکتری تان تێوەدەدا، کە خودا بۆی وەدەرخستن ئەوەی کە دەتانشاردەوە.
(٧٣) ئەوسا گوتمان: پاژێک لە لاشی چێڵەکە لە لاکی کوژراوەکە دەن، خودا ئاوا مردوو زیندوو دەکاتەوە و ئاوا نیشانەکانی خۆی نیشان دەدا، بەشکوو بتوانن تێبگەن.
(٧٤) لە پاش ئەمەش بوونە دڵڕەقێکی وەها لە چەشنی بەرد؛ بگرە ڕەقتریش بوو لە بەرد؛ چونکە تەختەبەردی وا هەن چەند جۆباری لە بەر دەڕۆن؛ هەیشە ترەک

ترەک دەبێ و ئاوی لێوە فیچقە دەکا؛ هی واش هەیە لە ترسی خوا جاڵە دەبێ. خوا لە هەر کارێکی دەیکەن ئاگادارە.
(٧٥) ئاخۆ ئێوە بەو هیوایەن کە باوەڕیتان پێ بێنین، کەچی دەستەیەک هەر لەوان وتاری خوایان دەبیست و لە پاش ئەوە تێی دەگەیین، دەیانگۆڕی و دەشیانزانی کە دەیگۆڕن؟
(٧٦) هەرگایەکیش تووشی باوەڕداران دەبن، ئێژن: باوەڕمان هێناوە، هەرگا دەگەنە یەکتری، پێیان ئێژن: ئاخۆ ئێوە ئەو زانستەی خوا پێداون لای ئەوانی دەدرکێنن، تا بیکەنە بەڵگەی خۆیان لجەم پەروەرندەی ئێوە؟ دەئاخر تا کەی تێناگەن!؟
(٧٧) بۆچی ئەمانە نازانن هەرچی نهێنی دڵیانە و هەرچی بە ئاشکرا دەیڵێن، خوا دەیزانێ؟
(٧٨) لەوانیشدا ئی وا هەن کە نەخوێندەن و بێژگە ئارەزوو، لە کتێب سەر دەرناکەن؛ ئەمانە هەر لە خەیاڵات و گوماندان.
(٧٩) سا هاوارە بۆ ئەوانە بە دەستی خۆ کتێبەکە دەنووسن و پاشان ئێژن: ئەمە لە خواوە هاتووە، تا بە نرخی کەم بیفرۆشن. هاوار لەوان لەوەی بە دەس نووسیویانە و هاوار لەوان بۆ نرخێ گیریان کەوتووە.
(٨٠) دەشڵێن: ئاگر تووشمان نابێ؛ مەگین چەند ڕۆژێ، ئەویش کەم. بێژە: ئاخۆ خودا بەڵێنی پێ داون – کە خودا لە بەڵێنی خۆی پاشگەز نابێ – یان هەر لە نەزانیەوە قسە لەسەر خودا دەکەن؟
(٨١) دیارە هەر کەس خۆی تووشی خراپە بکا و خراپەکەی دەوری دابێ، ئەوانە یاری ئاگرن و تا هەتا هەر تێیدا دەبن.
(٨٢) ئەوانەش کە باوەڕدار و ئاکارچاک بوون، بەهەشتین و هەر لەوێدا دەمێننەوە.
(٨٣) ئەو سەردەمەش کە پەیمانن لە بەرەی ئیسرائیل وەرگرت: غەیرەز خودا نەپەرستن و چاکە دەگەڵ داک و باب و نزیکان و هەتیو و هەژاران کەن و بۆ مەردم قسەی باش بکەن؛ نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ لە دوای ئەوە – کەمێک نەبێ – پشتوو تێکرد و خۆو لە پەیمانەکە بوارد.
(٨٤) پەیمانیشمان لێتان ئەستاند کە: هوونی یەکتر مەڕێژن و خۆتان هەر لە زێدی خۆتان وەدەر مەنێن. پاشان بۆ ئەو پەیمانەشتان پڕیاروو دا و بۆ خۆشتان شایەتی دەدەن.
(٨٥) لە دوای ئەوەش هەر خۆتان بوون کوشتاروو لە یەکتر دەکرد؛ بە پشتیوانی خەڵکی تر – بە تاوان و دەسدرێژی – هێندێ کە هەر لە خۆتانن، لە وڵاتیان وەدەر دەنێن. کە لێشوو بە دیل دەگیرێ، هەمووتان خوێنەکەی دەدەن؛ کە هیچ بۆشتان ڕەوا نییە دەریان بکەن. ئاخۆ ئێوە بە هێندێ لە ناوەرۆکی کتێبەکەو پڕوا دەکەن، لە هێندێکی حاشا دەکەن؟ هەر کەس لەنگۆ ئەوە بکا دیارە لە ژیانی دنیادا ڕیسوا دەبێ و لەو دنیاشا زۆر بە توندی ئازار دەدرێ. خودا لە هەموو کارێکتان ئاگادارە.
(٨٦) ئەو کەسانە ژینی دنیایان کڕیوە و قیامەتیان لە نرخی داوە، ئیتر نە باری ئازاریان سووک دەکرێ و نە کەس یاریدەیان دەدا.
(٨٧) ئێمە خۆمان کتێبمان داوە بە مووسا و چەند پێغەمبەری تریشمان لە دوای ئەو نارد. چەند بەڵگەی زۆر ئاشکراشمان دا بە عیسا کوری مەریەم، لە گیانی پیرۆزی خۆشمان یاریدەن دا. هەتا ئێستا هەر پێغەمبەرێکوو بۆ هات و شتێ وای

گوت کە ئێوە لێتان خۆش نەهات، خۆتان لەو بە زلتر زانی و بە هێندێکتان گوت درۆزن و هێندێکیشیانوو هەر کوشتوون.
(٨٨) گوتیان: دڵمان سەرپۆشی پێدا دراوە. نەخێر، ئەوان بەهۆی لە خودا لادانیان، بەر نەحلەتی خودا کەوتوون و بە دەگمەن پڕوا دەکەن.
(٨٩) هەر کاتێکی کتێبێکیان لەلایەن خوداوە بۆ دێ و ئەم کتێبەش دەسەلمێنێ کە ئێستا لە لای ئەوانە و لە پێشووشدا گەرەکیان بوو بەسەر خودانەناساندا زاڵیان بکا، کەچی وەختێ هات و ناسییان، بە گژیدا دێن. دەسا کەسانێ دژ بەون، بەر نەحلەتی خوا کەون.
(٩٠) ئای کە خۆیان بە نرخێکی خراپ فرۆشت! هەر چونکە خوا لە هەر عەبدێ لە عەبدانی وا حەز بکا بە چاکەی بخوێنێتەوە و فەرمانی خۆی بەو بسپێرێ، ئێرەیی بەو دەردەی بردن کە لێی بکەونە حاشایە؛ بەم کارەیان دوو جار وەبەر غەزەب کەوتن؛ ئەو چاوچنۆکانە ئازارێکی ئاپڕووبەریان دەبێ.
(٩١) ئەگەر پێتوو پێیان بێژن: بەو کتێبەی خودا ناردوویەتە خوارێ، پڕواو هەبێ، ئێژن: ئێمە هەر بەو کتێبەی کە بۆ خۆن هاتۆتە خوار، پڕوا دەکەین؛ کتێبی تر – با پڕواشی بە کتێبەکەی ئێمە هەبێ – ئێمە بەڕاستی نازانین. بێژە: ئەگەر پڕواو هەیە، ئەدی بۆچی لە پێشوودا پێغەمبەرەکانی خودا و [لە خوتوخۆڕایی] دەکوشت؟
(٩٢) کاتێ مووساش بە چەندین نیشانەی پتەو هاتە لاتان، کەچی دوای ئەو گوێرەکەیەکتان پەیدا کرد، دەتانپەرست.
(٩٣) لەو کاتەشدا کە پەیمانن دەگەڵ بەستن و کێوی توورمان لە سەر بەرز کردەوە و پێمان گوتن: هەرچی لە ئێمەورا بۆ دێ توندی بگرن و ببیسن؛ گوتیان: بەڵێ، بیستمان و گوێ نادەینێ. ئەوینی گۆلک پەرستی وەهایان دەدڵ چەقیبوو باوەڕی لە بیر بردنەوە. بێژە ئەگەر پڕوادارن، پڕواکەتان تووشی کاری گەلێ نالەباری کردوون.
(٩٤) بێژە: ئەگەر بە ڕاستانە و پێتان وایە لە خوداوە ماڵی ئەولا بۆ ئێوە تەرخان کراوە و بەشی کەسی تێدا نییە، دەسا داوا بکەن بمرن.
(٩٥) هەرگیز ئەو داوایە ناکەن، چون دەزانن چییان کردووە؛ خوداش ناهەقان دەناسێ.
(٩٦) بێ گومانە دەیانبینی لە هەموو کەس لە دنیادا بۆ ژیانێ پاپاترن؛ تەنانەتی لەو کەسانەش کە شەریک بۆ خوا دەناسن. هەرکام لەوان پێ خۆشە هەزار ساڵ بژی. خۆ تەمەنی هەزار ساڵەش لە ئازار دووری ناخاتەو. خودا هەموو کردەیانی لە بەر چاوە.
(٩٧) بێژە هەر کەس کە دوژمنی جوبرائیلە[ با بزانێ: ] هەر ئەوە کە ئەم قورئانەی – بە ئیزنی خوا – حەواڵەی دڵی تۆ دەکا و بە کتێبەکانی دیکەی ئاسمانیش باوەڕ دەکا و ڕێشاندەر و مژدە دەرە بۆ ئەوانەی باوەڕدارن.
(٩٨) هەرکێ دژی خودا و پێغەمبەرەکانی و فریشتانی و جوبرائیل و میکایل بێ، خوداش دژ خوانەناسانە.
(٩٩) دیارە ئێمە نیشانانی ئاشکران بۆ تۆ ناردووە؛ ئەوانەی حاشای لێدەکەن، هەر لە ڕێ لادەرەکانن.
(١٠٠) ئەدی بۆچی هەر جارێکی پەیمان دەگەڵ خوا دەبەستن، هێندێک هەر لە ناو ئەواندا دێن هەڵیدەوەشێننەوە. زۆرینەشیان هەر باوەڕی پێ ناهێنن.

(١٠١) دوای ئەمەی ئەم پێغەمبەرە خودا ناردوویەتە ناویان، پرِوای بەو کتێبەش هەیە کە لایانە؛ دیسان هێندێک لەوانەی ئەهلی کتێبن، لە کتێبی خوا خۆ دەبوێرن و ڕووی تێناکەن. هەر ئێژی نەشیان زانیوە.
(١٠٢) کەوتوونە شوێن ئەو شتانەی شایەتینی لە زەمانی سولەیماندا بە ورتە دەیانخوێندەوە. سولەیمان خوانەناس نەبوو؛ شایەتینی خوانەناس بوون؛ خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد. ئەو زانستەش کە هاتبووە سەر هارووت و ماررووتی جووتە فرشتە لە بابلدا، هەر کەسێکیان فێری جادوو بکردایە، پێشەکی تێیان دەگەیاند: ئێمە هەر بۆ جەڕباندنین، نەکەی خودات لە بیر بچێ؛ هەر هێندەشیان لێ فێر دەبوون ژن و شوو لێک جیاوە کەن؛ کە تواناى ئەوەیان نەبوو – بێ ئیزنی خوا – زیان لە هیچ کەسێ بدەن. هەر شتێکی وا فێر دەبوون کە زیان لە خەڵک بدا و بۆ خۆیان سوودێکی نەبێ؛ دەشیانزانی کڕیارانی جادووگەری لەو دنیا هیچ بەشیان نییە. ئای ئەگەر تێگەیشتبان دەیانزانی چۆن خۆیان خراپ دەفرۆشن.
(١٠٣) ئەمان ئەگەر پڕوایان بە خودا هەبا و پارێزگار بان، دەیانزانی کە پاداشی چاکتر وا لە لای خودایە.
(١٠٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە مەبێژن «ڕاعِنا»؛ بێژن: «تماشامان بکە» و گوێ بدەنێ. بۆ ئەو خودانەناسانە جەزرەبەی زۆر بەژان هەیە.
(١٠٥) ئەوانەی ئەهلی کتێبن و دینی خۆیان لە دەس داوە و ئەوانەی خوا بە خاوەن شەریک دەزانن، حەز ناکەن هیچ شتێکی چاکتان لە پەروەرندەورا بۆ بێ. خوداش بە مەیلی خۆیەتی، لە هەر کەسێ خۆی حەز بکا – بەتایبەتی – بە چاکە دەیخوێنێتەوە. خودا خێوی چاکە و بەزەیی هەرە زۆر و زەوەندەیە.
(١٠٦) هەر ئایەتێک لە کار بخەین یان لە بیری ببەینەوە، ئایەتێکی لەو باشتر یان هەر وەک ئەوی ئەخەینە جێ. مەگەر نەتزانیوە خودا هەموو کارێکی پێ دەکرێ.
(١٠٧) نەتزانیوە کە ئەم عەرز و عاسمانانە هەر موڵکی خوان، غەیرەز خوداش دۆست و هاریکارتان نییە؟
(١٠٨) ئاخۆ ئێوە دەتانەوێ لە پێغەمبەرتان بپرسن، وەکوو پێشوو لە مووسا پرسیار کرابوو؟ هەر کەسێکیش بێ خودایی بە باوەڕ بگۆڕێتەوە، بە بێ گومان ڕێگەی ڕاسی لێ ون بووە.
(١٠٩) زۆر کەس لە خاوەن کتێبان – چونکە ئێرەییو پێ دەبەن – حەزێ دەکەن لە پاش باوەڕی هێنانوو – کە لە لاشیان ئاشکرایە ڕاست کامەیە – پەژیوانوو بکەنەوە. ئێوە چاویان لێ بپۆشن و لە هەڵەکانیان ببوورن، تا فەرمانی خودا دەگا؛ خوا هەموو کاری پێ دەکرێ.
(١١٠) نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ هەر چاکەیەک بکەنە پێش باری خۆتان، لای خودا پێو دەگاتەوە؛ هەرچی بیکەن خوا دەیبینێ.
(١١١) گوتیان: هەر تەنیا مووسایی یان عیسایی دەچنە بەهەشت؛ ئەمە ئاواتی خۆیانە. بێژە: دەسا بەڵگەی خۆتانن نیشان دەن! ئەگەر پێو وایە ڕاست دەکەن.
(١١٢) بەڵێ، هەر کەس – بە بێ خەوش – هەمیشە ڕووی لە خودا بێ و ئاکارچاک بێ، پاداشی خۆی لە پەروەرندەی وەردەگرێ و ئەم کەسانە نە هیچ ترسێکیان دێتە سەر، نە خەم دەخۆن.
(١١٣) جهوو گوتیان: فەلەکان هیچ کارەیەک نین. فەلەش کوتیان: جوولەکەکان لەسەر هیچن؛ کە هەر دوو لاش کتێب خوێنن. نەزانیش هەر ئەوەی دەڵێن کە

ئەمانە پێیان ئێژن. ئەوسا خودا ڕۆژی قیامەت بەو کارەیانە ڕادەگا کە کێشەیان لەسەری بوو.
(١١٤) کێ ناهەقترە لەو کەسەی ڕێگە نەدا ناوی خودا لە مزگەوتەکانی خوادا بهێندرێ و هەوڵیش بدا وێران ببن؟ نەدەبوایە ئەمانە هەر بچنە ناویان مەگین بە ترس و لەرزەوە. بەشیان لە دنیا سووکییە و لە قیامەتیش ئازاری دژواریان هەیە.
(١١٥) خۆرهەڵات و خۆرئاوا – هەرتک – هی خودان؛ ڕوو بکەنە هەر لایەکی، خوا لەوێیە؛ زانستی خوا بەربڵاوە و ئاگادارە.
(١١٦) گوتیان: خوا بۆ خۆی فرزەندی هەڵبژیوە. خودا لەو شتانە پاکە؛ بەڵکوو هەرچی لە ئاسمانان و زەمینە، گش بۆ ئەوە و گشتی بە فەرمانی ئەون.
(١١٧) داهێنەری عاسمانەکان و زەمینە و هەر کە ویستی کارێ پێک بێ، فەرمان دەدا: ببە! دەبێ.
(١١٨) لە هیچ نەزانەکان گوتیان: بۆچی خوا ئێمە نادوێنێ، یان بەڵگەیەکمان بۆ نایە؟ بەر لەوانیش هەر ئەم قسانەیان هەبووە. دیارە دڵیان لێکتر دەکەن. ئێمە بەڵگەکانی خۆمان نیشانی ئەوانە داوە کە ئامادەن بیسەلمێنن.
(١١٩) ئێمە تۆمان بە تێرادیوی ناردووە کە مزگێنیش بدەی و بیشیان ترسێنی؛ دەربارەی دۆژەهییەکانیش بەرپرس نیت.
(١٢٠) ئەم جوولەکانە و فەلانە، تا نەچیە سەر دینی ئەوان، هەرگیز خۆشیان لە تۆ نایە. بێژە: ڕێی ڕاس هەر ڕێی خوداس. ئەگەر تۆ پاش ئەو زانستەی بۆت هاتووە، شوێن ئارەزووی ئەوان کەوی، ئیتر خودا دۆستایەتیت ناکا و تازە نایەتە یاریدەتەوە.
(١٢١) ئەو کەسانەی کە کتێبمان پیان داوە و وەک پێویستە دەیخوێننەوە و دیارە پروایان پێی هەیە، ئەوی پرواشی پێ نەکەن لە ڕێزەی زیانبارانن.
(١٢٢) ئەی بەرەی سەر بە ئیسرائیل! لە بیر مەکەن چەندەم چاکە دەگەڵ کردن، لە چاو خەڵکی هەموو دنیا، پتر ڕێزم لە ئێوە نا.
(١٢٣) ئەشێ بشترسن لەو ڕۆژەی کە ڕۆژی هەر کەس هەر کەسە و کڕینەوە لەو ڕۆژەدا باوی نییە و تکاکاری بەهرە نادا و کەسیش دەهانای کەس نایە.
(١٢٤) ئەوسا خودا بە چەند وشە ئەزموونی ئیبراهیمی کرد؛ پێکی هێنان. گوتی: دەتکەم بە ڕێبەری خەڵکی دنیا. گوتی: ئەدی تۆرەمەکەم؟ گوتی: ناهەقییکاران وەبەر بەڵێنم ناکەون.
(١٢٥) لەو کاتەشا پریارن دا ماڵی کابە مەکۆیەکی مەردم بێ بە دڵنیایی و جێی ئیبراهیم بکەن بە نوێژگەی خۆتان و ئیبراهیم و ئیسماعیلیشمان ڕاسپارد کە ماڵەکەم بۆ ئەوانەی لە دەوری دەسوورێنەوە و بۆ ئەوەی هەر لەوێ دەبن و بۆ ئەوانەی کڕنۆش و سوژدەم بۆ دەبەن، پاکژ بکەن.
(١٢٦) ئیبراهیم بە پاڕانەوە گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەم شارە بێ وەی بهێڵە؛ خەڵکەکەشی هەرکێ بە خوا و ڕۆژی سەڵا پروای هێنا، لە بەروبوو تەسەلیان کە. گوتی: هەرکێش حاشا بکا، وا دەکەم سەردەمێکی کەم ڕای ببوێرێ، ئەوسا بەرەو ئازاری تینی ئاگر و چارەڕەشی بەڕێی دەکەم. ئای چ ئەنجامێ خراپە!
(١٢٧) لەو دەمەشدا کە ئیبراهیم و ئیسماعیل بناغەی ماڵەکەی خۆیان بڵند دەکرد، دەیانگوت: پەروەرندەمان! لێن قبووڵ کەی، تۆ هەر بۆ خۆت زۆر بیسەر و فرە زانای.

(١٢٨) پەروەرێنمان! خۆت وا بکەی هەتا سەر بەر فەرمانت بین؛ تۆرەمەشن وا ڕابێنە کۆمەڵێک بن لە فەرمانی تۆ دەرنەچن و ڕێوشوێنی تۆ پەرستیمان نیشان دە و تۆبەمان لێ قبووڵ بکە. تۆی تۆبە قبووڵ دەکەی و دلۆڤانی.
(١٢٩) پەروەرێنمان! پێغەمبەرێکی هەر لەوان بەڕێ بکە، تا نیشانەکانی تۆیان بە سەردا بخوێنێتەوە و لە کتێب و کارزانیدا ڕایان بێنێ و لە هەڵە بێ پەڵەیان کا. دەستەڵات داری لە کارزان، هەر بۆ خۆتی.
(١٣٠) کێی وا هەیە کە ئایینی ئیبراهیم بنێتە لاوە؟ جا مەگین هەر خۆی گەوج بکا. ئێمە ئەومان لەم دنیا هەڵبژاردووە و لەو دنیاشا وا لە ڕێزی پیاوچاکانا.
(١٣١) وەختێ پەروەرندەی پێی گوت: وەرە خۆ بە من بسپێرە، ڕگوتی وا خۆم دایە دەستی ڕاهێنەری هەموو دنیا.
(١٣٢) ئیبراهیم بۆ کورەکانی و یەعقووبیشی قەوینتی کرد: فرزەندانم! خوا ئەم دینەی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە؛ ئەگەر وایە، غەیر بە موسوڵمانی مەمرن.
(١٣٣) ئاخۆ ئێوە ئاگاو لێ بوو کە لە گیانەڵادا یەعقووب بە ڕۆڵەکانی خۆی دەگوت: لە دوای من چی دەپەرستن؟ گوتیان: چی تۆ پەرەستووتە دەیپەرستین کە باب و باپیرانی تۆ، ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقیش هەر ئەویان پەرست؛ کە خودای تاک و تەنیایە و ئێمەش خۆمان بەو دەسپێرین.
(١٣٤) ئەوانە کۆمەڵانێک بوون کە ڕابوردوون، کردەوەیان بۆ خۆیانە. ئێوەش و کردەوەی خۆتان؛ کەس بۆ کرداری ئەوانوو لێ ناپرسێ.
(١٣٥) گوتیان: ببنە جوو، یان فەلە، تاکوو ڕێگا پەیدا بکەن. بێژە: ئێمە لەسەر دینی ئیبراهیمین کە ناهەقی بەجێ هێشت و بەرەو هەق هات؛ شەریکیشی بۆ خودایە نەدەناسی.
(١٣٦) ئێوە بێژن: ئێمە بە خوا و بەو شتانەی کە بۆمان هاتۆتە خوار و بەوانەی کە ناردراون بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەتەوەکانی و ئەوی بۆ مووساش و عیساش ناردراوە و ئەو شتانەی کە بە پێغەمبەران درا لە لای پەروەرێنیانەوە، باوەڕمان کرد. ئێمە جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کامێک لەمانە و خۆمان هەر بەو سپاردووە.
(١٣٧) گەر ئەوانیش بەوەی کە ئێوە بڕواتان پێ هێناوە بڕوا بێنن، ئەوە کەوتوونەتە سەر ڕێ؛ بەڵام ئەگەر خۆ ببوێرن، ئەوان دژایەتیو دەکەن؛ خودا لە ئازاری ئەوان ئەتپارێزێ و زۆر بیسەر و فرە زانا هەر خۆیەتی.
(١٣٨) ڕەنگێکە خودا ڕشتوویە و کێ هەیە لە خودا چاکتر ڕەنگ بڕێژێ؟ ئێمەش هەر ئەو دەپەرستین.
(١٣٩) بێژە: ئێوە لەمەڕ خودا دەگەڵمان دەکەونە کێشە؛ کە پەروەرندەی ئێمەش و ئێوەش ئەوە؟ کردەی خۆمان بۆ خۆمان و کرداری خۆتان بۆ خۆتان؛ ئێمە بە دڵ دەیپەرستین؟
(١٤٠) یا ئێژن کە: ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەوەی جوولەکە، یان مەسیحی بوون؟ بێژە: خودا چاکتر دەزانێ یان ئێوە؟ کێ لەو کەسە ناهەقترە، شایەتێکی لە لا هەبێ و لە خودای بشارێتەوە؟ خوداش لە هەموو ئاکاروو ئاگادارە.
(١٤١) ئەوانە کۆمەڵانێک بوون ئێستا لە بەینا نەماون، چییان کردبێ بۆ خۆیان کرد؛ ئێوەش کار بۆ خۆتان دەکەن. هەرچی ئەوان کردوویانە ئێوەی لێ بەرپرس نابن.

(١٤٢) لەم مەردمە، بێ ئاوەزەکانیان ئێژن: چی ئەوانی وەرگێرا لەو ڕووگەیانە کە بەرێ ڕوویان تێدەکرد؟ بێژە: خاوەر و خۆرنشین موڵکی خودان؛ خوا هەرکێ خۆی مەیلی لێ بێ، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێیە.
(١٤٣) بەو ئاوایە ئێمە ئێوەمان کردۆتە ئۆمەتێکی هەڵبژاردە؛ تا ئاگاو لە مەردم هەبێ و پێغەمبەریش چاوەدێریتان لێ بکا. ئەو ڕووگەیەی پێشوو بەرەو ئەم دەوەستای، ئێمە هەر بۆیەمان گۆڕی تا بزانین کێ دوای پێغەمبەر دەکەوێ و کێهە پاشگەز دەبێتەوە. هەر چەند کارێکی دژوار بوو؛ مەگین بۆ کەسانێکی وا کە خودا شارەزای کردن. خودا ئەو بڕوای هەتانە تێکی نادا. خودا بەرانبەر بە مەردم زۆر دڵسۆز و دلۆڤانە.
(١٤٤) دیتوومانی کە بەرەو حەوا دەڕوانی؛ ئێمە ڕووت بەرەو ڕووگەیەک وەردەگێرین پەسەندت بێ. سا ڕووت بەرەو «مسجدالحرام» وەرگێرە و لە هەر کوێش بن، هەر ڕوو بکەنە ئەوێوە. ئەوانەی ئەهلی کتێبن دەزانن کە ئەمە ڕاستە و لە پەروەرندەیان ڕایە. خوداش لە هەر کارێ بیکەن ئاگادارە.
(١٤٥) ئەهلی کتێب هەر نیشانێکیان شان بدەی ڕوو دە ڕووگەکەی تۆ ناکەن؛ ئەتۆش ئیتر ڕوو ناکەیتە ڕووگەی ئەوان. هەر بەم جۆرە هیچ کامیشیان ڕوو ناکەنە ڕووگەی یەکتر؛ ئەتۆش لە پاش ئەو زانستەی بۆت هاتووە، ئەگەر بە شوێن ئارەزووی ئەواندا بڕۆی، لە ناهەقیکاران دەبی.
(١٤٦) ئەهلی کتێب – وەک کورانی خۆ دەناسن – ئەم پێغەمبەرە دەناسن. دەسەیکیشیان هەر چەند دەزانن هەق چییە، دەیشارنەوە.
(١٤٧) ئەمە ڕاستەو لە پەروەرندەی تۆڕایە و هەرگیز لە دوودڵان مەبە.
(١٤٨) هەر لایە شوێنێکیان هەیە ڕووی تێدەکەن. دەسا ئێوە بۆ چاکە کێ بەرکێ بکەن. لە هەر کوێ بن، خوا لێکوو کۆ دەکاتەوە. خودا توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە.
(١٤٩) لە هەر ئاقارێک دەرکەوتی، ڕوو بکە «مسجدالحرام»؛ ئەمە ڕاستەو لە پەروەرندەی تۆڕایە. هەر کارێکیش ئێوە بیکەن خوا دەیزانێ.
(١٥٠) لە هەر شوێنێکەوە دەرچووی، هەر کابە بکە بە ڕووگە. لە هەر جێ بوون با ڕووتان هەر دەوێوە بێ، تا هیچ بەڵگەی دژی ئێوە بە دەس مەردمەوە نەبێ؛ جا مەگین ئەوی لاسارن و هەر حەز لە لاساری دەکەن. من دەمەوێ تەواو چاکەو دەگەڵ بکەم و دەمەوێ شارەزا ببن. ئێوە هیچ لەوان مەترسن؛ گەرەکە لە خۆم بترسن.
(١٥١) وەکوو ئەمەی پێغەمبەرێکمان لە خۆتان ناردە لاتان، نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێنێتەوە و بۆ پاکی ڕاتان دەهێنێ و فێرتان دەکا لە کتێب و کارامەیی سەرتان دەرچێ و گەلێک شتی واو فێر دەکا کە لە پێشدا نەودەزانین.
(١٥٢) سا ئێوە یادی من بکەن، تا منیش لە بیرتان نەکەم. هەر شوکرانەی من بیژن و لە چاکەی من حاشا مەکەن.
(١٥٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! پەنا بەرنە بەر نوێژان و خۆڕاگر بن؛ خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.
(١٥٤) بەو کەسانەی لە ڕاهی خدا دەکوژرێن، مەڵێن مردوون؛ بەڵکە زیندوون، بەڵام ئێوە پێ نازانن.

(١٥٥) دیارە ئێمە جاروبارە بە هێندێک ترس و برچی بوون و لە ناوچوون و کەم بوونەوەی ماڵی دنیا و بەروبووتان، دەتان ئەزمووین. مژدە بدە بەو کەسانەی خۆڕاگرن.
(١٥٦) ئەو کەسانەی کە تووشی چۆرتمێک دەبن ئێژن: ئێمەش هەر ئی خواین و هەر بۆ لای ئەو دەچینەوە.
(١٥٧) خێروبێر و بەزەیی پەروەرندەیان بۆ دەبارێ و شارەزا لە ڕێ ئەوانن.
(١٥٨) سەفا و مەروە دوو کێلەکی خواپەرستین. هەرکێ دەچێتە زیارەتی ماڵی خودا، یان عەمرە بەجێ دەهێنێ، گەر تەوافی ئەو دووانەش بکا گوناهێکی نییە. هەر کەسێکیش هەر بە ویستی دڵی خۆی ئەو خێرە بکا، خوا پێ زانە و لە کارەکەی ئاگادارە.
(١٥٩) ئەو کەسانەی ئەو شتانەی لەو کتێبەدا هەیە و بۆ شارەزایی مەردمە، لە پاش ئەوەی ناردوومانەتە خوارەوە، لە مەردمی دەشێرنەوە، وەبەر نەحلەتی خودا و هەموو نەفرین بێژان بکەون؛
(١٦٠) جیا لەوانەی پاشان پەژیوان بوونەوە و ئاکاری چاکیان ڕەچاو کرد و وەشارتوویان ئاشکرا کرد. لە پەژیوانان خۆش دەبم و هەر منیشم لە پەژیوانان دەبوورم و دلۆڤانم.
(١٦١) ئەوانە بوونە کافر و بە کافری لە دنیا چوون، دەکەونە بەر نەحلەتی خوا و فریشتانوو هەموو خەڵکی.
(١٦٢) تاهەتا هەر گرفتاری ئەو نەحلەتەن؛ ئازاریان هیچ سووک ناکرێ و وچانیشیان پێ نادرێ.
(١٦٣) خودای ئێوە هەر خودای تاک و تەنیایە. بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ هەر بۆ خۆشی دهەندەیە و دلۆڤانە.
(١٦٤) لە سازدانی ئاسمانان و زەمین و هاتوچۆی شەو و ڕۆژان و لەو گەمیانەی لە دەریادا گەردش دەکەن و بەهرەیان بۆ مەردم هەیە و لە تەڤگەڕی بایەکان و ئەو هەورانەی لە دوڕ عەرزو عاسماندا ڕاگیراون و لەو ئاوەی خوا لە حەواوە دەیبارێنێ – کە بەهۆی ئەو زەمینی لە پاش مردنێ بووژاندەوە و هەموو جۆرە زیندەوەری تێدا بڵاو کردۆتەوە – بەڵگەی زۆر هەن بۆ ئەوانەی کە تێدەگەن.
(١٦٥) لەم مەردمە ئی وا هەیە هاوبەش بۆ خوا پەیدا دەکەن و بەقەد خوا خۆشیان دەوێن. ئەوانەی خاوەن پرواشن خودایان لە هەموو شتێک خۆشتر دەوێ. ئەو کەسانەی خودا بە ڕاستی ناناسن، وەختێ چاویان بە جەزرەبەدان دەکەوێ، ئەوسا بۆیان دەردەکەوێ: هێز و توان هەموو هی خوایە و ئازارێ خوا دەیدا توندو تیژە.
(١٦٦) لەو دەمەدا کە ئازار و جەزرەبەیان دێتە بەرچاو، ڕێبەرەکان لە پەیرەوەکانی خۆیان حاشا دەکەن و پەیوەندییان لێک پچڕاوە.
(١٦٧) پەیرەوەکان ئەوسا ئێژن: ئای خۆزگە هەر جارێکی تر دەگەڕاینەوە سەر دنیا، هەتا وەک ڕێبەرەکانمان لێن بە حاشان، ئێمەش حاشان لێ دەکردن. خودا ئاوا کردەی خۆیان لێ دەکاتە کوڵ و کەسەر؛ بۆ هەمیشەش هەر لە ناو ئاگردا دەبن.
(١٦٨) ئەی خەڵکینە! لەو بەروبووی سەر زەمینە، کامی ڕەوا و پاکە بخۆن؛ بەشوێن شەیتانیشا مەڕۆن؛ کە ئەو بۆتان دژمنێکی ئاشکرایە.

(١٦٩) ئەو هەر فەرمانوو پێ دەدا: کاری پیس و زۆر نالەبار ڕەچاو کەن و شتانی وا دەربارەی خودا بیژن که هەر ئاگاشووو لێ نییە.
(١٧٠) ئەگەر بەوانە دەبێژن: هەر بەشوێن ئەوەدا بڕۆن کە لە خواوە ناردراوە، ئێژن: نەخێر، ئێمە هەر ئەو کارە دەکەین کە باب و باپیرەکانمان ڕەچاویان کرد. جا با بابوباپیریشیان هیچیان لە هیچ نەزانیبێ و ڕاستەڕێشیان هەر نەدیبێ!
(١٧١) نەقڵی ئەو خوانەناسانە وەک نەقڵی ئەو ئاژاڵەیە کە دەنگ دەدرێ؛ جیا لە خوڕین و چڕینێ هیچ نابیسن. کەڕن، لاڵن، چاویان کوێرە و لە تلْپاتی تەڕیش ناگەن.
(١٧٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو بژیوەی پێمان داون، کامی پاکە ئەوە بخۆن؛ شوکری خوداش بەجێ بێنن، ئەگەر هەر ئەو دەپەرەستن.
(١٧٣) تەنیا هەر لاکی مردار و گۆشت بەراز و خوێن و ئەوەی بۆ سەر پرین ناوی غەیرەز خوای لێ دێنن، لە سەرتان حەرام کراوە. بەڵام هەرکێ لە ناچاری و بێ ئارەزوو، هەر بەشی تێر بوونی بخوا، هیچ گوناهێکی ناگاتێ؛ خودا لە گوناهان خۆش دەبێ و دلۆڤانە.
(١٧٤) ئەو کەسانەی ناوەرۆکی کتێبێ کە خودا ناردوویە، دەشێرنەوە و بە نرخی کەم دەیفرۆشن، ورگیان لە ئاگر داخنن؛ خودا لە رۆژی سەڵادا نایان دوێنێ و گونایان پاک ناکاتەوە و بەشیان ئازاری بەژانە.
(١٧٥) ئەو کەسانە ڕێگەی ڕاسیان بە گومڕایی و بەخشینی خوایان بە جزیا گۆڕیگەسەو، دەبێ چەندە لەسەر ئاگر خۆڕاگرن؟!
(١٧٦) ئەو[ ئازارەش [ بۆ ئەوەیە کە خوا بە حەق ئەم کتێبەی هەناردگە.
ئەوانەش وا لەسەر باسی ئەم کتێبە کێشە دەکەن، گێرەوکێشەی دوور و درێژیان تووش دەبێ.
(١٧٧) کاری چاک هەر ئەوە نییە ڕوو دە ڕۆژهەڵاتێ بکەن یان ڕۆژاوا. چاک ئەمەیە باوەڕیتان بە خوا و ڕۆژی سەڵایە و فرشتان و کتێب و پێغەمبەرانی خودا هەبێ و لەو سامانەی – هەرچەند زۆریشوو خۆش دەوێ – بەشێ بدەن بە خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێونگان و پارسەکان و عەبدانی پێ بکڕنەوە و نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ هەرگاش پەیمانێک دەبەستن نەیشکێنن؛ لە نەداری گرفتاری و تەنگانەدا خۆڕاگر بن. مرۆی بەڕاستی ئەوانەن و دیارە لە خودا دەترسن.
(١٧٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەمەڕ ئەوانەی کوژراون تۆڵەمان بۆ بڕیار داون: ڕزگار لە تۆڵەی ڕزگار و کۆیلە لە تۆڵەی کۆیلەدا و مێوینە لە بری مێوینە؛ هەرکێش لە برای هاودینی خۆی دەس لە خوێنگری هەڵگرێ، ئەبێ بە پێی دابی ڕۆژ بجووڵێتەوە و بە خۆشی خۆی مەسڵەت بکا. ئەم بڕیارە لە پەروەرندەی ئێوەڕا سووک بارییە و بەزەیە دەرهەق بە ئێوە، هەرکێ لەمە خۆ ببوێرێ، بەشی جەزرەبەی بەژانە.
(١٧٩) ئەی خاوەن دڵانی وشیار! ژیانوو بە تۆڵەوە بەندە؛ بەشکوو خۆتان بپارێزن.
(١٨٠) بۆو نووسراوە: هەرگا کەسێک لەنگۆ هاتە سەر مردن و ماڵێکی لە پاش دەمێنێ، بە تەرزێکی خوداپەسند وەسیەت بکا کە باب و دایک و خزمانی، هەر کەسێ بەشی خۆی پێ بگا. پارێزگاران پێویستە ئەم کارە بکەن.
(١٨١) ئیتر هەر کەس پاش بیستنی وەسیەتەکە دەسکاری بکا و بیگۆڕێ، ئەو کەسانەی کە دەیگۆڕن، تاوانبارن. خودا بیسەر و زانایە.

(١٨٢) هەرگا کەسێ هەستی پێکرد کە وەسیەتکار لەو وەسیەتەی کردوویەتی ناهەق بووە و خۆی تووشی گوناه کردووە، تێبکۆشێ میراتگرانی پێک بێنێ، گوناح نییە. خودا لە گوناه دەبووریٚ و دلۆڤانە.
(١٨٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆو نووسراوە: ڕۆژوو بگرن – هەر وەک لەسەر پێشینەکانیشوو نووسرا – شایەت لە خودا بترسن.
(١٨٤) چەند ڕۆژێکن [نە زۆر زێدە]، هەرکێ لەنگۆ لەش بەبارە یان ڕێبوارە با چەند ڕۆژی تر پێ ببێ. ئەو کەسانەش وا زۆر بە سەختی ڕۆژوویان پێ ئەگیرێ، بەجێ ڕۆژوو «فیدیە» یان لەسەرە و دەبێ خۆراکی هەژارێک بدەن. ئەر کەسێکیش خۆی حەز بکا خۆراکی زۆرتر ببەخشێ، بۆی باشترە. گەر ئێوە بتانزانیبا بەڕۆژوو بوون بۆ ئێوە گەلێ چاترە.
(١٨٥) مانگی ڕەمەزان مانگێکە قورئان لەودا کل کراوە؛ کە ڕێ بە مەردم نیشان دا و زۆر نیشانەی شارەزایی و هۆی لێکتر هەڵوەژاردنی پاک و ناپاکی تێدایە. جا هەر کەسێ مانگی ڕەمەزان دەبینێ، لەسەریەتی بەڕۆژوو بێ؛ هەر کەسێکیش لەش بەبارە یان ڕێبوارە، ئەو ژمارە لە ڕۆژانی دیکە پێ بێ. خوا سانایی ئێوەی دەوێ و نایەوێ ئەرکوو گران بێ. ڕۆژەکانی – تەواو – پێ بن و یادی خودا بکەنەوە؛ کە ئەو ڕێگەی نیشان داون و پێویستە شوکرانەی بکەن.
(١٨٦) هەرگایەکی عەبدەکانم لەمەڕ من لە تۆ دەپرسن، من نزیکم؛ هەر کەس هانام وەبەر بێنێ، بێ وەرامی ناهێڵمەوە. با ئەوانیش لە فەرمانی من دەرنەچن، بڕوای تەواویان بە من بێ؛ بەشکوو ڕێی ڕاست بەدی بکەن.
(١٨٧) سەرجێیی ژنان کردنوو، لە شەوانی ڕەمەزان، بۆتان ڕەوایە؛ ئەوان کەل پەلی ئێوەن و ئێوە پۆشەنی ئەوانن. خودا لەوە ئاگادارە ئێوە بەرێ دەرهەق بە خۆتان غەیان بوون؛ بەو پەژیوان بوونەوەتان عافووی کردن و بەخشیونی. هەر لە ئێستاوە دەتوانن دەستیان دەگەڵ تێکەڵ کەن و هەرچی خودا لە چارەتانی نووسیوە شوێنی کەون و بخۆن، وەخۆن تا ئەو دەمەی دەمەو بەیان هەودای لە هەودای ڕەش دەناسنەوە. پاشان ڕۆژووتان تەواو کەن هەتا شەوێ. هەر وەختێکی لە مزگەوتاندا مات دەبن، تخوون ژنانتان مەکەون. ئەمانە سنووری خودان نەچن تخوونیان بکەون. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ مەردم ئاشکرا دەکا، شایەتا خۆ بپارێزن.
(١٨٨) لە خواردنی ماڵی یەکتر – بە ناڕەوا – دوور کەونەوە؛ مەشی دەن بە کاربەدەستان تا ڕێو هەبێ بە ناڕەوا ماڵی مەردمی تر بخۆن. بۆ خۆتان ئەمە دەزانن.
(١٨٩) دەربارەی مانگ نوێ بوونەوەش لێت دەپرسن. بێژە: بۆ زانینی وەخت و چوونە حەجی مەردم بەهرە دەگەیێنێ. واش چاک نییە لە پشتەوە ناوماڵی خەڵکەوە؛ چاک ئەوەیە بپرینگێنەوە و لە درگاوە بچنە ناو ماڵانەوە. ترسیشوو لە خودا هەبێ؛ بەشکوو بتوانن ڕزگار بن.
(١٩٠) ئێوە دەگەڵ ئەوانەدا کە شەڕ بە ئێوە دەفرۆشن، لە ڕاهی خودا بجەنگن. نابێ دەسدرێژی بکەن؛ خودا لە دەسدرێژی کەران خۆشی نایە.
(١٩١) لە هەر شوێنێ دەستوو کەوتن بیانکوژن. لەو شوێنەشیان وەدەر بنێن کە ئێوەیان لێ وەدەر نا. سۆدرەییش زۆر لە کوشتنێ خراترە. لە دەوروبەری «مسجدالحرام» یشا نابێ شەڕیان دەگەڵ بکەن؛ مەگین ئەوان لەوێ شەڕتان

پێ بفرۆشن؛ ئەگەر لەوێش شەڕیان بۆ ئێوە هەڵگیرساند، لە کوشتنیان ڕامەوەستن؛ پاداشی خوانەناسان هەر ئەمەیە.
(١٩٢) ئەگەر دەس بەرداریشتان بوون، خودا لە گوناه دەبووری و دلۆڤانە.
(١٩٣) لە کوشتنیان وچان مەدەن تا ئاژاوە لە دنیا بنەبڕ دەبێ و دین هەر دینی خودا دەبێ؛ ئەگەر ئەوان دەسبەردار بوون، دەست درێژی هەر لە دژی ناهەقە.
(١٩٤) مانگی شەڕبەس بەرانبەر بە مانگی شەڕبەس؛ شکاندنی هەر ڕێزێکیش تۆڵەی هەیە. سا هەر کەسێ دەسدرێژی لە ئێوە کرد، ئێوەش هەر بە ئەندازەی ئەو دەسدرێژی بکەنەوە و لە خودا ترستان هەبێ؛ خوا دەگەڵ خۆپارێزانە.
(١٩٥) ماڵی خۆتان تا دەتوانن لە ڕاهی خودا ببەخشن؛ خۆشتان بە فەتەڕات مەدەن بە دەستی خۆ. چاکە بکەن، خوا ئاکارچاکی خۆش دەوێن.
(١٩٦) حەج و عەمرە هەر بۆ خودا بە تەواوی بەجێ بێنن. ئەگەر هەر ڕێگەشیان نەدان، ئەوسا چەندی بۆتان دەلوێ ئاژەڵ بکەنە قوربانی. هەتا ئاژەڵی قوربانی نەگاتە جێی دیاری کراو سەر مەتاشن. کێش لە ئێوە لەش بەبارە یان ئازارێکی لە سەردا، لە بارتەقای بەڕۆژوو بێ یان خێرێک ببەشێتەوە، یان ئاژەڵێک بکاتە خێر هەر لەوێدا. هەرکاتیش ترسێکوو نەما، هەرکێ ویستی بەهرە ببا، لە عەمرە تا کاتی حەجێ، هەر چەندێکی لە دەستی دێ، حەیوان بکاتە قوربانی. ئەگەر دەستیشی نەڕۆییشت، سێ ڕۆژ لە حەج بەڕۆژوو بێ؛ وەختێ گەڕاشنەوە حەو ڕۆژ؛ کە تێکڕایی دەبێتە دە ڕۆژی تەواو. ئەم بەهرە بردنەش هەر بۆ کەسێکە خۆی ماڵی لە مەککەدا نەبێ. ئەبێ لە خودا بترسن، خوا لە تۆڵەساندنا توندوتیژە.
(١٩٧) هەڕەتی حەج چەند مانگی دیاری کراون. هەر کەسێکی لەوانەدا فەرزی حەجێ بەجێ بێنێ، تخوونی ژنان کەوتن و نێوونرتکە لێک هەڵدان و لە ڕێگەی خودا لادان و قسە بە زۆرانێدان و شەڕ و هەرا – بیڕای بیڕای – لە حەجدا نین، هەر کارێکی چاکیش بکەن، خودا دەیزانێ. زەوادی ڕێگەشوو پێ بێ؛ چاکترین تۆشە بۆ ئێوە، خۆ لە گوناح پارازتنە. گەرەک لە من ترسوو هەبێ ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان!
(١٩٨) ئەگەر لە ماوەی حەجیشدا ڕۆزی لە خوا داوا بکەن، هیچ گوناهوو لەسەر نییە. گەر لە «عرفات» داگەڕان، لە پەنا «مشعرالحرام» یادی ناوی خودا بکەن؛ کە دوای ئەوەی هیچ شارەزاییتان نەبوو، خستنیە سەر ڕاستەڕێیە.
(١٩٩) لە هەر کوێشدا خەڵک داگەڕان، ئێوەش لەوێ داگەڕێن و لە خودا بپاڕێنەوە بتانبەخشێ؛ خودا لە تاوان دەبووری و دلۆڤانە.
(٢٠٠) هەرگا ئێوە ڕێوشوێنی پێداویستوو بەجێ هێنا، وەک یادی باب و باپیری خۆتان دەکەن – هەر ئاواو لەوە پتریش – یاد لە خودا بکەنەوە. لەو خەڵکەدا ئی وا هەیە هەر دەڵێ: پەروەرندەمان! لە دنیا کامڕەوامان کە. ئەوانە لە ڕۆژی سەڵا بەشیان نییە.
(٢٠١) ئی واش هەیە ئێژێ: ئەی پەروەرندەمان! هەم لە دنیا و هەم لە سەڵا تووشی خێر و خۆشیمان کە و لە ئازاری ئاگریش بمانپارێزە.
(٢٠٢) جا ئەوان بە پێی کردەیان بەشیان دەبێ. خوا بە پەلە بە کاروباران ڕادەگا.
(٢٠٣) لە ڕۆژانی دیاری کراو ناوی خوداو لە بیر نەچێ، هەر کەس دوو ڕۆژی پێش بخا گوناهێکی نایەتە سەر. هەر کەسێکیش خۆپارێزە و ترسی خودای لە دڵدایە – ئەگەر هێندێکیش دوا کەوت – گوناهێکی لەسەر نییە. بیشیزانن کە هەمووتان لای خواوە خڕ دەکرێنەوە.

(٢٠٤) لەم خەڵکەدا ئی وا هەیە قسە و گفتی سەبارەت بە ژیانی دنیا بۆ تۆ سەیر و سەرسووڕێنە و لەسەر ئەوەی لە دڵیایە خوا بە شایەت دێنێتەوە؛ کەچی هەر ئەو لە دوژمناتی کردنا زۆر سەرسەختە.
(٢٠٥) هەر کە لە تۆ دوور کەوتەوە، مل لە بەدفەڕی دەنێت و لە عەرزا خراپە دەکا و کێڵگە و ڕەسەن لە بەین ئەبا. خودا هەرگیز لە بەدفەڕان خۆشی نایە.
(٢٠٦) کە پێی وترا: ئەشێ ترست هەبێ لە خوا، دەمارزلی پتر بەرەو گوناهـ دەیبا. با جەهەندەمی لێ پڕ بێ، جێ حەسانەوەیەکی زۆر خراپیشە.
(٢٠٧) هی واش لە ناو مەردم هەیە بۆ ڕەزای خوا گیان دەبەخشن. خودا دەگەڵ عەبدانی خۆی دلۆڤانە.
(٢٠٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەموو لاتان ئامادەی فەرمانبەری بن. پێ مەنێنە جێ پای شەیتان؛ ئاشکراهـ کە شەیتان پێتان دوژمنە.
(٢٠٩) پاش ئەوەی ئەو بەڵگە ئاشکرایانەتان بۆ هاتووە، ئەگەر بێتوو هەڵخلیسکێن، دەبێ ئەوەندە بزانن کە خوا توانا و لەکارزانە.
(٢١٠) ئاخۆ ئەوان چاوەنۆڕن خوا و فریشتەکانی خودا لە ناو سەیوانی هەوراندا بێنە لایان و کارەکە کۆتایی پێ بێت؟ هەموو کارێک هەر بەرەو خودا دێتەوە.
(٢١١) لە بەرەی ئیسرائیل بپرسە! چەند نیشانەی ئاشکرامان داوە بەوان؟ هەر کەس چاکەی دەگەڵ بکەین و پێ نەزانێ، با بزانێ خوا لە سزای پێ نەزانان توندوتیژە.
(٢١٢) ژینی دنیا بۆ ئەوانەی خوانەناسن خەمڵیوە و ڕازاوەتەوە و گەمەی خۆیان بە خاوەن باوەڕان دەکەن؛ کەچی لە خودا ترسەکان ڕۆژی سەڵا وان لە سەری ئەوانەوە. خودا بۆ هەر کەسێ حەز کا، بێ ژمارە ڕۆزی دەنێرێ.
(٢١٣) بەرێ، مەردم هەمووی چین و بەرەیەک بوون. خودا پێغەمبەری ناردن مژدەدەر و ترسێنەر بن، کتێبی ڕاست و ڕەواشی ڕەگەڵ خستن تا ئەو شتەی بوونە بنەمای کێشەیان، بۆیان یەکالا کەنەوە و پێکیان بێنن. هەر ئەوانەش بۆ یەکتریان نەدەسەلماند کە دەپێشدا کتێب بۆ ئەوان هاتبوو، بەڵگەی ئاشکراشیان لابوو؛ بەڵام ئێرەیی ناو خۆیان کارێکی وای کرد، پێک نەیەن. ئیتر خودا بە ئیزنی خۆی ڕێگەی ڕاستی نیشانی باوەڕداران دا و تێی گەیاندن ئەو کێشە لەبەرچی کرا. خودا بۆ هەر کەس حەز بکا شارەزای ڕاستەڕێی دەکا.
(٢١٤) ئاخۆ ئێوە لاتان وایە[ بە هاسانی ] دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا ئەوەی بە سەر پێشینانتانا هاتووە، بە سەر ئی وا نەهاتووە. ئەوان تووشی گەلێ تەنگانە و ئازار و نەداری و چەوسانەوە بوون؛ زۆر بە توندی تەکان دران، تەنانەت پێغەمبەریش و یارانی باوەڕداریشی دەیانگوت کە: کەی خودا دەهانامان دێ؟ تۆ بزانە کە یاریدەی خوا نزیکە.
(٢١٥) لێت دەپرسن: چێ ببەخشن؟ پییان بێژە: هەر شتی چاک کە دەیبەخشن بیدەن بە دای و بابان و خزمانی نزیکتان و هەتیوان و هەژاران و ئەوانەی لە ڕێدا ماون. هەر چاکەیێ ئێوە بیکەن، دیارە خودا پێ دەزانێ.
(٢١٦) خەزاتان لە سەر نووسراوە، هەرچەندە خۆشتان لێی نایە. ڕەنگە لە شتێک حەز نەکەن بەڵام بۆتان وەخێر گەڕێ، ڕەنگیش هەیە ئاوات بۆ شتێ وا بخوازن کە ئاکامەکەی باش نەبێ؛ خوا دەزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن.
(٢١٧) لێت دەپرسن: تووشی شەڕ بوون لە مانگی شەڕبەسا چۆنە؟ بێژە: شەڕ لە هەیڤی وادا گوناهێکی زۆر گەورەیە و ڕێگەی بەرەو خوا بەستن و حاشا لە

خودا کردن و ماڵی خوا بەڕێز نەگرتن، لێ وەدەرنانی خەڵکەکەی – لە لای خودا – تاوانی هەرە مەزنە؛ ئاژاوەش بۆ شەڕ نانەوە لە کوشتنێ خراپترە. ئەوان دەستوو لێ بەرنادەن، هەر دەگەڵ ئێوە بەشەڕ دێن هەتا – ئەگەر بۆیان بلوێ – ئێوە لە دینەکەی خۆتان وەربگێڕن. هەر کەسیش لە دین وەرگەڕێ و بە خودانەناسی بمرێ، ڕەنج خەساری دنیاش و قیامەتیش دەبن و دەکەونە ناو دۆزەقەوە و تاهەتا هەر تیا دەبن.
(٢١٨) ئەوانەی لە ڕێگەی خودا دەربەدەرن و باوەڕیان بە خودا هەیە و لە ڕای خودا چوونە خەزا، بە هومێدن خوا بە چاکە وەیان خوێنێ، خودا لەوانە دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٢١٩) لەمەڕ شەراب و قوماریش لێت دەپرسن؛ بێژە: تاوانیان گەورەیە و بۆ خەڵکیش بەهرەیان هەیە؛ تاوانەکە لە بەهرەکەیان زۆرترە. پرسی ئەوەشت پێدەکەن، چی لە ڕێی خوادا بەخت کەن؟ بێژە: زێدە لە پێویستوو. ئا بەم جۆرە خوا نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدا، شایەت ئێوە بتوانن بیر بکەنەوە؛
(٢٢٠) هەم لە دنیا و هەم لە سەڵا. لێت دەپرسن: دەربارەی هەتیوان چۆن بین؟ بێژە: ئەگەر بە دڵسۆزی ئاگاو لێ بن کاری چاکە. ئەگەر دەگەڵ ئێوە دەژین، وەک برا و خوشکی خۆتان بن. خوا دەزانێ کێ بەدفەڕە و کێ کارچاکە؛ ئەگەر خودا مەیلی لێ با ئەرکی لێ گران دەکردن؛ خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٢٢١) خواستن و شوو پێ کردنی بتپەرستان بۆ مێر و ژنی باوەڕدار ڕەوا نییە، با زۆریشیان حەز لێ بکەن؛ هەتا نەبنە خاوەن باوەڕ ناشێ بیانکەنە هاوسەرتان. کەنیز و بەندەی باوەڕدار بۆ هاوجووتی، لە مێر و ژنی ئازادی خودانەناس هێژاترن. ئەوان گەرەکیانە ئێوە بەرەو جەهەندەم ڕاکێشن؛ خواش گەرەکیە بە ئیزنی خۆی لە گوناهانتان ببوورێ و بتانگەیێنێتە بەهەشت. خودا ئەم نیشانانەی خۆی بۆ مەردم ڕوون دەکاتەوە.
(٢٢٢) لە مەڕ عوزری ژنانەوەش لێت دەپرسن، بێژە: ئەویش ئازارێکە؛ ئەو چەند ڕۆژەی خوێنیان هەیە، سەر جێیی ژنانوو مەکەن؛ ڕاوەستن تا پاک دەبنەوە. هەرگا لە خوێن پا بوونەوە، لەو جێیەوە کە خوا فەرمانی پێداون بۆیان وەرن. خوا لەو کەسانە خۆشی دێ کە لە گوناح پەژیوانن و دەیانەوێ بە پاک و خاوێنی بژین.
(٢٢٣) ژنانوو کێڵگەی خۆتانن؛ لە هەر کوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە؛ تۆشەیەکیش وەپێش خۆ خەن. دەبێ لە خوداش بترسن، بیشیزانن دەگەڵ خوا ڕووبەڕوو دەبن. مژدەش بدە بەوانەی خاوەن باوەڕن.
(٢٢٤) خودای مەکەن بە کەرستەی سوێندی خۆتان؛ کە ڕێگەی چاکەو لێ ببڕێ و پارێزگاریو پێ نەهێڵێ و بە کاری مەردم ڕانەگەن؛ خودا ئەژنەوێ و زانایە.
(٢٢٥) خوا بۆ سوێندی سەرزارەکی گوناهوو لەسەر نانووسێ؛ بەڵام ئەگەر لە تەهی دڵتانەوە بێ، خودا لێو دەپرسێتەوە. خودا لە هەڵە دەبوورێ و لەسەرخۆیە.
(٢٢٦) ئەو کەسانەی سوێندێ لە ژنەکانیان دەخۆن کە ئیتر دەگەڵیان نەنوون، دەبێ چوار مانگ چاوەنۆڕ بن؛ ئەگەر گەڕاشنەوە لایان، ئەوسا خودا گوناه بەخش و دلۆڤانە.
(٢٢٧) ئەگەر هەر لەسەر تەڵاقیش پریاریان دا، ئەوسا خودا دەبیسێ و ئاگاداریشە.
(٢٢٨) تەڵاق دریا و لەسەریانە هەتا سێ جار لە بێ نوێژی پاک دەبنەوە چاوەنۆڕ بن. ئەگەر پروایان بە خودا و ڕۆژی هەستانەوە هەیە، ڕەوا نییە ئەو تۆلەی خوا

خستوویەتە زگیانەوە بیشارنەوە. لەم بەینەدا ئەگەر بیانەوێ ڕێک کەون، بۆ دیسان هێنانەوەیان، مێردەکانیان شیاوترن. هەروەک ئەرکی ژنانەیان لەسەر شانە، ژنەکانیش مافی ڕەوای خۆیان هەیە. پیاویش لە ژنان پلەیەک بەرە ژوورترن، خوداش خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٢٢٩) تەڵاقی ژن دوو کەڕەتە، ئەوسا یان ڕاگرتنی باش و خوداپەسند، یان بە خۆشی و بێ هەرا، دەس لێک بەردانە. لەو ماڵەی کە پێتان داون ڕەوا نییە هیچیان لێ وەربگرنەوە؛ مەگین ترسیان لەوە هەبێ کە نەتوانن سنووری فەرمانی خودا بپارێزن. ئەگەر ترستان لەوە هەبوو کە هەردووکیان سنووری خودا ناپارێزن، هیچ گوناهی تێدا نییە ژنەکە خۆی بکڕێتەوە. ئەمانەن سنووری خودا، لە سنووری خودا دەرمەچن؛ ئەو کەسانەی لە سنووری خودا دەردەچن ئەوانەن کە غەدرێ دەکەن.
(٢٣٠) ئەگەر لە پاش ئەم دوو جارەش تەڵاقی دا، ژنەکەی بۆحەڵال نییە تا ژنەکە دەچێ مێردێکی تر دەکا؛ ئەگەر لەو مێردەی کردووشیە تەڵاق درا، ئەوساکە هیچ گوناهێکیان لەسەر نییە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر؛ بەو مەرجە کە وابزانن هەر دووکیان بە تەرزێ ڕەوا - وەک خودا فەرمانی داوە - وێک هەڵدەکەن. ئەمانە سنووری خودان، ڕوونیان دەکاتەوە بۆ ئەو کەسانە وا حاڵی دەبن.
(٢٣١) ئەگەر ژنوو تەڵاق دان و ماوەی چاوەنۆڕیەکەیان پڕوایە، یان بە تەرزێ خوداپەسند ڕایانگرن، یان بەرانبەر بە یاسای دین ئازادیان کەن. نەکا بە قەس ئازاردانیان، ڕایانگرن و لە هەق لادەن. هەر کەسێ وا ڕەفتار بکا ناهەقی لە خۆی کردووە. ئەوانە نیشانەی خودان، ناشێ بە گەمەی بزانن. با لە بیروو بێ کە خودا چەندی چاکە دەگەڵ کردن. لە بیر مەکەن خوا ئەو کتێبەی بۆ ناردوون کە لەوێدا لە کارزانی سەرراست دەبن و بەو ئامۆژگاریتان دەکا. ئەشێ بترسن لە خودا و باش بزانن خودا هەموو شت دەزانێ.
(٢٣٢) هەرگا ژنانتان تەڵاق دا و کاتی حەیەیان بەسەر چوو - ئەگەر بە تەرزێکی ڕەوا وەل ئاوجووتی پێشوویانا ڕێک کەوتن - ئێوە مەبنە بەرهەڵستی شوو کردنیان. کێ لە ئێوە پڕوای بە خوا و ڕۆژی قیامەتێ هەبێ، ئەم ئامۆژگاریە پێک دێنێ؛ ئەمە بە سوودی ئێوەیە و بەهرەی بۆ پاکیتان هەیە. خوا دەیزانێ و ئێوە سەری لێ دەرناکەن.
(٢٣٣) دایکان دەبێ بە منداڵیان دوو ساڵی ڕەبەق شیر بدەن. بۆ کەسێکی کە بییەوێ بە تەواوی شیرێ بدا، لەم ماوەدا جلک و بژیوی دایکەکە - لەسەر دابی موسوڵمانانی ئەو شوێنە - لەسەر باوکە. کەسیش لە توانا بەدەری لەسەر نییە. هیچ دایک و بابێ نابێ لەبەر ساوایان زیان بە یەکتر بگەینن. ئەگەر منداڵ بابی نەبوو، میراتگران لەسەریانە جلک و بژیوی دایکەکەی فەراهەم کەن. جا ئەگەر داک و باب بە خۆشی و ڕاوێژ ویستیان[ زووتر] منداڵ لە شیر ببڕنەوە، هیچ گوناهێکیان ناگاتێ. خۆ ئەگەر گەرەکیشتان بێ کەسێکی تر شیر بداتە منداڵانتان - بەو مەرجە بە پێ دابی ڕۆژ، کرێی تەواوی بدەنێ - هیچ گوناهتان نایەتە سەر. دەبێ لە خوداش ترسوو بێ. ئەوەندەش دەبێ بزانن هەر کارێکی ئێوە دەیکەن، خودا دەیبینێ.
(٢٣٤) ئەوانەی لێتان دەمرن و ژنیان لێ بەجێ دەمێنێ، ژنەکانیان هەتا چوار مانگ و دە ڕۆژان چاوەنۆڕ بن؛ لەوە بەولا خۆیان هەر کارێکی دەیکەن - هەر هێندە

ناڕەوا نەبێ - بێڵن بیکەن؛ ئێوە گوناحتان ناگاتێ؛ خوداش لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(٢٣٥) هیچ گوناهیشتان ناگاتێ کە خواستنی ژنەکانی شوو مردووتان ئارەزوو بێ و ناڕاستەوخۆ پێیان بێژن، یان هەر لە دڵی خۆتاندا بڕیار بدەن دەیانخوازن خوا دەزانێ کە باسیان هەر ئەدرکێنن. بەڵام نەکەن بە نهێنی بچنە ژووانێ؛ مەگین لەوێش خواپەسندانە بیان دوێنن. تا ماوەکە بەسەر نەچێ باسی مارە کردن مەکەن. دەبێ ئەوەندەش بزانن خوا دەزانێ ئێوە چیتان لە دڵدایە؛ لێی بترسن و بیشیزانن خودا لە گوناه دەبوورێ و لەسەرخۆیە.
(٢٣٦) ئەگەر ژنوو تەڵاق دەدەن، بەر لەوە دەگەڵیان بنوون و مارەییتان هێشتا بۆ دیاری نەکردوون، چییان ناکەوێ و ئێوە گوناهتان ناگاتێ. بەڵام وا چاکە شتێکیان لە ماڵی خۆتان بدەنێ؛ دارا لە ئەندازەی خۆی و هەژاریش بە ئەندازەی خۆی؛ وا چاکە بۆ چاکەکاران.
(٢٣٧) خۆ ئەگەر مارەییەکەتان بڕیبۆوە و هێشتا دەگەڵیان نەخەوتوون، تەڵاقتان دان، نیوەی مارەییان دەکەوێ، مەگین خۆیان پێو ببەخشن یان ئەو کەسە پێو ببەخشێ کە مارەبڕین بە دەست ئەوە؛ پێ بەخشینیش لە ئاکاری پارێزگاری نزیکترە. لە بیر مەکەن چاکە دەگەڵ یەکتر بکەن، خودا لە هەر کارێ دەیکەن چاوەدێرە.
(٢٣٨) لە نوێژان و بەتایبەتی ئەو نوێژەی لە نێواندایە، ئاگادار بن؛ ئەشێ بۆ فەرمانی خودا ڕابووەستن.
(٢٣٩) ئەگەر ترسێکوو لەسەر بوو - بە پیادەیی یان بە سواری - هەرگا ترسیشوو بەسەر چوو - چۆنی خودا فێری کردوون - یادی بکەن کە لە پێشدا نەودەزانی.
(٢٤٠) ئەوانەی لەنگۆ دەمرن و ژنەکانیان بەجێ دێڵن، ڕابسپێرن: هەتا ساڵێک مایەی گوزەرانەکەی دابین بکەن و دەری نەکەن؛ ئەگەر هەر بە خواستی خۆیان چوونە دەرێ - بۆ کارێکی خوداپەسند - ئێوە گوناهتان ناگاتێ. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٢٤١) ژنانێ کە تەڵاق ئەدرێن، بەشی ڕەوای خۆیان هەیە؛ کە پێک هێنانی ئەم کارە، بڕیارە بۆ خوداترسان.
(٢٤٢) هەر بەو پێیەش خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە؛ شایەتا ئێوە تێبگەن.
(٢٤٣) ئەدی تۆ ئەوانەت نەدی بە هەزاران لەو کەسانەی ترسی مردن وای لێکردن زێدی خۆیان بەجێ بێڵن؟ خوا فەرمانی پێدان: بمرن! لە پاشان زیندووی کردنەوە. خودا سەبارەت بە مەردم چاکە دەکا، بەڵام بەشی زۆری مەردم لە شوکرانە خۆ دەبوێرن.
(٢٤٤) لە ڕای خودا بچنە خەزا و بزانن کە خوا بیسەر و ئاگادارە.
(٢٤٥) کێ ماڵی خۆی بە دەستەواو دەدا بە خوا، هەتا ئەویش چەند ئەوەندەی بداتەوە؟ کەم بژیوی و فەرحانیش هەر بە دەس ئەوە و هەمووش هەر دێنەوە لای ئەو.
(٢٤٦) نەت زانیوە چەند کەس لە نەجیم زادەکان - کە تۆرەمەی ئیسرائیل بوون - لە پاش مووسا، بە پێغەمبەرەکەی خۆیان وت: شایەکمان بۆ دیاری بکە تا لە ڕای خوا خەزا بکەین. گوتی: ئەگەر فەرمانی خەزاو بۆ دەرچی، پێو وانییە خۆ دەبوێرن؟ گوتیان: جا چۆن لە خەزایە- لە ڕای خوا بێ- خۆ دەبوێرین، کە دەشبینی ئێمەیان

لە زێدی خۆمان وەدەرناوە و لە عەولادی خۆمانیان دوور خستووینەوە؟ کە بڕیاریان بۆ دەرکەوت بچنە خەزا، پشتیان تێکرد و ڕایان کرد؛ هەر کەمێکیان مابوونەوە. خوا ناهەقان باش دەناسێ.
(٢٤٧) پێغەمبەریان پێانی وت: خودا بۆ پاشایەتیتان تالووتی دیاری کردووە. گوتیان: کوا ئەو شایانی ئەم فەرمانەیە؟ کە ئێمە زۆر لەو شیاوتر و بە داراییش زێدەترین. گوتی: خودا ئەوی لەسەر کردوونەتە فەرماندە؛ زانست و قەڵافەتیشی لە ئێوە پتر پێداوە. خوا حەز بکا پاشایەتی بە هەر کەسێ بدا دەیدا؛ زانستی خوا بەربڵاوە و لە هەموو شت ئاگادارە.
(٢٤٨) پێغەمبەرەکەیان وتی: درۆشمی پاشایەتی ئەو لەلایەن پەروەرندەوڕا، تابووتێکە دڵنیا بوونی تێدایە؛ دەگەڵ هێندێک کەلەپۆری خانەدانی مووسا و هاروون، فریشتە هەڵیان گرتووە. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئێوە ئەگەر بڕواو بە خوا هەیە.
(٢٤٩) وەختێ تالووت لەشکەرەکەی خستە سەر ڕێ، گوتی: خودا بە جۆبارێک گەرەکیە تاقیو کاتەوە، هەر کەسێ لێی بخواتەوە لە من نییە؛ هەرکێش چی لێ نەخواتەوە سەر بە منە؛ مەگین کەسێ هەر بە لاوێچ لێی هەڵێنجێ. کەمێک نەبێ هەموویان لێیان خواردەوە. ئەوسا خۆی و باوەڕدارانی یارانی لە جۆیەکە پەڕینەوە. گوتیان: ئەمڕۆ لە وزەی ئێمەدا نییە کە دەروەستی جالووت و لەشکرەکەی بێین. ئەو کەسانەی بە هیوا بوون بە دیداری خودا بگەن، گوتیان زۆر جار کۆمەڵێ کەم - بە ئیزنی خوا - بە سەر کۆمەڵێکی زۆردا وەسەر کەوتوون. خوا یاری خۆڕاگرانە.
(٢٥٠) لە کاتێکا دەگەڵ جالووت و لەشکری تووشی یەک بوون، گوتیان: ئەی پەروەرندەمان! وابکە خۆڕاگر بین و لە مەیدانێدا بچەقین و لە کەسانی خوانەناس وەسەرمان بخە.
(٢٥١) ئیتر - مەیلی خودای لە سەر - دوژمنەکانیان ڕەتاند و جالووت بە دەستی داوود چوو. خودا پاشایەتی و لەکارزانی پێدا و هەرچی بۆ خۆی پێویستی پێ بوو، فێری کرد. ئەگەر خودا هێندێکانی لەو ئاپۆرە بە هێندێکان تەرت و توونا کردایە، ئەم زەمینە خرا ببوو؛ بەڵام خودا چاکەی لەسەر هەموو خەڵکی دنیا هەیە.
(٢٥٢) ئەمانە نیشانەی خودان کە بەڕاستی هەر بۆ تۆی دەخوێنینەوە، کە بێ گومان یەکێک لە پێغەمبەرانی.
(٢٥٣) ئێمە لە ناو پێغەمبەرانی خۆماندا هێندێکیانمان لە هێندێکان بەڕێزتر گرت؛ جا لەواندا ئی وا هەبووە کە خوا ئەوی دواندووە؛ پلەوپایەی پرێکیشی بردۆتە سەر. چەند نیشانەن دا بە عیسای کوری مەریەم؛ بە گیانی پیرۆزی خۆشمان یاریدەن دا. ئەم خەڵکانە لە دوای ئەمەی ئەو گش پێغەمبەرە هاتن، سەرەڕای ئەو نیشانانەی بۆ ئەوان هات - ئەگەر خودا مەیلی لێ با - شەڕی یەکتریان نەدەکرد؛ بەڵام ئەوان لە ناو خۆدا پێک نەهاتن؛ بازێک بوونە خاوەن باوەڕ، بازێکی تر کەوتنە سەر بار خوانەناسی. ئەگەر خوا مەیلی لێ با، نەیدەهێشت دەگژ یەک ڕاچن؛ بەڵام خودا بە خواستی خۆی کاران دەکا.
(٢٥٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو بژیوەی کە پێم داون بەخت بکەن، پێش ئەوەی ڕۆژەکە دابێ؛ کە ئەو ڕۆژە نە سەودا کردن دەمێنێ و نە تکا و نە دۆستایەتی؛ خوانەناسان ناهەقی لە خۆیان دەکەن.
(٢٥٥) غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ. هەر ئەو هەمیشە زیندووە و بەسەر هەموو شت ڕادەگا. نە خەونووچکە دەیباتەوە نە ڕادەزێ. هەرچی هەبێ

لە ئاسمانان و زەمیندا هەر بۆ ئەوە. کێی وا هەیە هەتا - بۆ خۆی ئیزنی نەدا - بتوانێ تکای لا بکا؟ لەوەی ئێستا هەیە و دیارە، لەوەش پێش ئەمانیش بووگە و بەرپێوارە، ئاگادارە. ناشتوانن بە هیچێک لە زانستی ڕاگەن؛ جا مەگین خۆی مەیلی لێ بێ. زانستی ئەو، عاسمانەکان و زەمینی داگرتووە و پاراستنیان بۆ ئەو ئەرکێ گران نییە. هەرە پایەبەرز و مەزن، هەر خۆیەتی.
(٢٥٦) لەم دینەدا بە زۆر داسەپاندن نییە. شارەزایی لە گومڕایی هاوێر کرا. هەرکێ لە تاغووت نەبانە و پڕوای بە خودا بهێنێ، هەنگڵێکی هێندە توندی بە دەستەوە، هەرگیز پسانی بۆ نییە. خوداش بیسەر و زانایە.
(٢٥٧) خودا یاری گەلی خاوەن باوەڕانە و لە ناو تاریکستانەوە دەیانبا بەرەو ڕووناکی. دۆستی خودانەناسانیش هەر تاغووتە؛ لە ڕۆشنی دەریان دەخەن؛ بەرەو ڕووی تاریکستانیان بەڕێ دەکەن. دەبێ بچنە ناو ئاگر و هەتا سەر هەر دەوێدا بن.
(٢٥٨) تۆ ئەو کابرایەت نەدیبوو کە چۆن خودا هێز و دەستەڵاتی پێ دا، جوابەجەنگی دەگەڵ ئیبراهیمدا دەکرد، سەبارەت بە پەروەرندەی؟ ئەو دەمە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەی من کەسێکە ژینێ دەدا و دەشمرێنێ. گوتی: منیش زیندوو دێڵمەوە و دەمرێنم. ئیبراهیم وات: پەروەرندەم خۆر لە خۆرهەڵات ڕادێنی، [دادەی] ئەتۆ لە خۆرنشینەوەی بێنە. کاورای خوانەناس حەپەسا. خوا دەستەی ناهەقییکاران لە ڕێگە شارەزا ناکا.
(٢٥٩) یان ئەو کەسەی بە لای گوندێکا ڕادەبرد کە بە سەریەکدا تەپیبوو. گوتی: کەی خودا دەتوانێ ئەمە زیندوو بکاتەوە پاش مردنێ؟ ئەوسا خودا بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ مراندی و لە پاشان زیندووی کردەوە. لێی پرسی: تۆ چەندت پێ چوو؟ گوتی: ڕۆژێک یا خۆ کەمتریش لە ڕۆژێک. گوتی: نەخێر، ئەوا تۆ سەد ساڵە مردووی؛ دەپڕوانە خواردەمەنی و خواردنەوەت نەگۆڕاوە؛ تماشای کەرەکەشت کە! گەرەکمانە بتکەینە پەندێک بۆ مەردم. لەم ئێسقانانە پڕوانە چلۆن تێکیان دەخەینەوە و دەناو گۆشتیان هەڵدەکێشین. کاتێ ئەمەی بۆ دەرکەوت، گوتی: وا ئێستا دەزانم خوا هەموو کاری پێدەکرێ.
(٢٦٠) ئەوساش کە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەم! ئەتۆ مریان چلۆن زیندوو دەکەیتەوە؟ نیشانم دە. گوتی: ئاخۆ تۆ هێشتا باوەڕت نییە؟! گوتی: بەڵێ، بەڵام من گەرەکمە ئیتر بە تەواوی دڵنیا بم. گوتی: دەسا چوار مەل بگرە و پەل پەلیان کە و بیانکە چوار کوت؛ هەر کوتێکیان بە سەر کەژێکەوە دانێ و بانگیان بکە، بە فڕکە دێنەوە بۆ لات. بشزانە خوا چەندە خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٢٦١) بەسەرهاتی ئەو کەسانەی ماڵیان لە ڕاهی خودادا بەخت دەکەن، وەک بەسەرهاتی دەنکێکە حەوت گوڵ دەدا و هەر گوڵەی سەد دانەی تێدا. خودا چەند ئەوەندە پاداش دەدا بە هەر کەس بییەوێ. خودا چاکەی یەکجار زۆرە و زۆر زانایە.
(٢٦٢) ئەو کەسانەی ماڵ لە ڕای خوا دەبەخشن و بە چاویاندا نادەنەوە و تووشی ئازارێکیان ناکەن، خوا تێی هەڵدێنێتەوە و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە و نە خەم دەخۆن.
(٢٦٣) دواندنی نەرمونیان و چاو لێ پۆشین، لەو خێر کردنە چاکترە کە ئازاری بە شوێنا بێ. خودا ئاتاجی کەس نییە و [لە کاردا] بە کاوەخۆیە.
(٢٦٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خێرەکانوو بە منەت لە سەر کردن و ئازاردان، بەفیڕۆ مەدەن. نەچن وەک ئەو کەسانە بن کە باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی سەڵا نییە

و بۆ ڕووبینی لە ماڵی خۆیان دەبەخشن؛ ئەم کارەیان لەوە دەکا کە تاتەبەردێکی زۆر لووس هێندێ خۆڵی لە سەر بارە و بارانی توندی وێ دەکەوێ و بیشواتەوە و هەر تاتێکی ڕووت وەمێنێ. هیچ بەهرەیان لەو بەخشینە دەسگیر نابێ و خودا گرۆی خوانەناسان لە ڕێگە شارەزا ناکا.
(٢٦٥) ئەو کەسانەش کە لە چاکە دەگەڵ هەژاران کردن دا، بە هومێدن خودا لە خۆ ڕازی کەن و دڵیان بەپروا پتەو بێ، خێرەکەیان وەک باغێکە لە سەر گردێک و بارانی پەڵەی لێ بدا و بەروبووی دوو ئەوەندە بێ؛ ئەگەر پەڵەشی لێ نەدا، نمە باران تێراوی کا. هەر کارێ کە ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.
(٢٦٦) کێو حەز دەکا ببێتە خاوەنی باغێک لە گش جۆرە خورما و ڕەزێک، شەقەجۆی بە ناودا پروا و هەمووشیان هاتبنە بەروپیریش پرستی پیریبێ و زارۆی سەروپێچکەی هەبن؛ لە ناخافڵ گڕەبایەکی لێ هەڵکا و بیسووتێنێ؟ خودا ئاوا نیشانەکانی نیشانی ئێوە دەدا، شایەت بیری لێ بکەنەوە.
(٢٦٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو شتانەی کە لە زەمین پێمان داون و پەیدای دەکەن، بەخت بکەن؛ نەک لە شتێ هێندە چرووک کە بۆخۆشتان ئەگەر چاوپۆشی لێ نەکەن، ناتانەوێ. بیشیزانن خودا ئاتاجی کەس نییە و هەر دەبێ تاریفی بکرێ.
(٢٦٨) شەیتان ئێوە لە نەداری دەترسێنێ و بۆ خراپە هانوو دەدا. خواش بەڵێنی لێ خۆش بوون و خۆشی ژیانوو پێ دەدا. فەرحانی وا لای خودایە و خۆی زانایە.
(٢٦٩) لەکارزانی دەدا بە هەر کەس بییەوێ. بە هەر کەسیش لەکارزانی بدرێ، ئەوە خێری زۆری پێدراوە. ئامۆژگاریش بەهرە نادا مەگین بۆ خاوەن ئاوەزان.
(٢٧٠) هەرماڵێکی دەیکەنە خێر، یان دەقەبەڵ خودای دەکەن، خوا دەیزانێ و ئەوانەی خودانەناسن هیچ یاریدەدەریان نییە.
(٢٧١) گەر بە ئاشکرا خێر بکەن کارێ خاسە؛ خۆ ئەگەر بە نهێنیش بێ و دەستی نەداری پێ بگرن، باشتریشە و گوناهتان لە سەر لادەبا. خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(٢٧٢) ئەرکی سەرشانی تۆ نییە ئەمانە بخەیە سەر ڕێ؛ بەڵام هەر کەس خودا بۆخۆی مەیلی لێ بێ شارەزای ڕاستەڕێی دەکا. هەرچی بە خێر دەیبەشنەوە بۆ خۆتانە و دیارە ئێوە هەر بۆ ڕەزامەندی خودا خێرێ دەکەن. هەر شتێ بە خێری دەدەن تەواوی پێو دەدرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ.
(٢٧٣) ئەوانە خێریان پێ دەشێ کە لە خوداپەرەستیدا بێ دەرەتان ماونەتەوە و هێزی دەرکەوتنیان نییە کە بۆ خۆیان هەوڵێ بدەن؛ ئەوی ئاگایان لێ نییە، وادەزانن هیچ ئاتاج نین؛ چونکە حەیایان بە خۆیە. لە بیچمیان دەیان ناسنەوە؛ دەنا هەرگیز وەکوو پارسەکی دیکە نین گێرە بکەن. ئێوە هەرچی بە خێر لەو بارە بەخت کەن، خوا دەیزانێ.
(٢٧٤) ئەوانەی بە شەو یان بە ڕۆژ، بە نهێنی و بە ئاشکرا لە ڕێگەی خودا خێر دەکەن، لای خودا پاداشیان هەیە و نە هیچ ترسێکیان لەسەرە و نە خەم دەخۆن.
(٢٧٥) ئەو کەسانەی نزوول دەخۆن، ڕاستبوونەوەیان لەو دنیا، وەک ڕاپەڕینی کەسێکی شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ، وەهایە. هەر چونکە ئەمانە ئێژن: مامەڵەش هەر وەک نزوولە. خودا سەودای ڕەوا دیوە و نزوولی پێ ناڕەوایە. سا هەر کەسێ ئامۆژگاری خودا دەبیە و دەس هەڵ دەگرێ، لەو شتانەی لەمەوبەر

دەستی داوەتێ دەبەخشرێ و خودا بە کاری ڕادەگا هەر کەسێکیش دیسان بچێتەوە سەری، دەبن بە یاری ئاگر و تاهەتا هەر تیا دەبن.
(٢٧٦) خودا پیتی نزوول هەر کەم دەکاتەوە و پیتی خێرات پتر دەکا. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ پێ نەزان و گونابارن.
(٢٧٧) ئەو کەسانەی پروایان بە خوا هێناوە و کاری چاک ڕەچاو دەکەن و لە نوێژ کردن و زەکات دان سستی ناکەن، پاداشیان وا لای خودایە و نەهیچ ترسیان دێتە بەرێ و نە خەم دەخۆن.
(٢٧٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەبێ لە خودا بترسن، ئەگەر بەڕاست باوەڕدارن، ئەو سووتی هێشتا ماوتانە نەتانەوێ.
(٢٧٩) ئەگەر دەستی لێ هەڵنەگرن، سا بزانن ئێوە دەگەڵ خودا و پێغەمبەرەکەیدا شەڕێ دەکەن. ئەگەر دەستی لێ هەڵگرن، دەسمایەی خۆو بستێننەوە؛ ئیتر ئەوسا نە ئێوە ناهەقی دەکەن نە ناهەقیتان لێ دەکرێ.
(٢٨٠) ئەگەر قەرزاریش نەدار بوو، ماوەی بدەن هەتا دەیبێ. ئەر بشزانن، پێ بەخشینی بۆو چاترە.
(٢٨١) ترسیشوو لەو رۆژە هەبێ کە دەوهێننەوە لای خودا؛ ئەوێ ڕۆژێ هەر کەس هەرچی کردوویەتی - بە تەواوی- دێتەوە ڕێی و ناهەقی لە کەس ناکرێ.
(٢٨٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا بۆ ماوەیێ دیاری، قەرزی دەگەڵ یەکتر دەکەن، بینووسن و با نووسەرێ خوداپەسند بۆتان بخاتە ناو قاقەز. ناشێ نووسەر لەم کارە تەنەخی بکا؛ با بنووسێ وەک خوا فەرمانی پێداوە. هەرچی قەرزدار بۆی دەڵێ، ئەو بینووسێ و ئەبێ ترسی خودای هەبێ و ئەولاوئەملای تێدا نەکا. ئەگەر ئەو کەسەی قەردارە، کەم ئاوەزە، یان بێ هێزە، یان ناتوانێ ئەوەی پێویستە بنووسرێ دەری ببڕێ، با سەرپەرستی ڕەوای ئەو لەباتی ئەو بیدرکێنێ و دوو پیاو لە خۆتان شایەت بن. ئەگەر دوو پیاو پەیدا نەبوون، با پیاوێک و دوو ژنی وا کە ئێوەش لێیان ڕازی بن، لە کار ئاگادار بکرێن؛ تا ئەگەر یەکێ لەم دووانە لە بیری چوو، ئەوی تر بیری خاتەوە. هەر وەختێکی بۆ شایەتی دان بان کران، ڕەوا نییە خۆ ببوێرن. لە نووسینی ماوەی قەرز - کەم بێ یان زۆر - نابێ لەشگرانی بکەن و هەر بینووسن و مەوداکەشی دیاری بکەن. لە لای خودا ڕەواترە و بۆ شایەتی لەسەردانێ لەبارترە و لە دوودلی نەهێشتنێ نزیکترە؛ مەگین وەختێ ئاڵوگۆڕتان دەست بەدەست و بە نەغد بێ؛ ئەوسا ئەگەر نەشی نووسن قەیدێ ناکا. بەڵام دیسان لە وەختی دادوستەددا شایەت هەبن. ناشێ نە شایەتەکانتان نە نووسەر زیانێ بکەن؛ گەر وانەکەن تاوان لە ملی خۆتانە و ئەشێ لە خودا بترسن. خودا فێری کارتان دەکا و هەر خودایە لە هەموو شت ئاگادارە.
(٢٨٣) ئەگەر لەسەر سەفەر بوون و نووسەرتان بۆ پەیدا نەبوو، ئەشێ بارمتە وەرگرن؛ جا مەگین لێک خاترجەم بن کە ئەوسا بارمتەی ناوێ. با قەرزدار ترسی خودای لە دڵدا بێ و قەرزەکەی خۆی بداتەوە. ئەو کەسانەی شایەتیشن خۆ لە شایەتی نەبوێرن. هەر کەسێکی لە شایەتی خۆ ببوێرێ، بە دڵ خۆی تووش گوناح دەکا و خوا بە گش کارتان دەزانێ.
(٢٨٤) سەر بە خوایە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە. ئەوی لە ناو دڵتاندایە - چ دەری خەن، چ وەیشارن - خوا لەو بارە لە ئێوە دەپرسێتەوە. هەرکێ بۆ خۆی

مەیلی لێ بێ، لێی دەبوورێ و هەر کەسێکیش خۆی حەز بکا، جزیای دەدا. هەر خودایە لەسەر هەموو شت توانایە.
(٢٨٥) ئەم پێغەمبەرە و ئەوانەی وەل ئەو باوەڕەیان هێناوە، لێیان ڕوونە کە ئەو شتە لەلایەن پەروەرندەیان هاتۆتە خوارێ بۆ لایان؛ پروا دەکەن بە خودا و فرشتەکانی و کتێبانی و سەرلەبەر پێغەمبەرانی و ئێژن: ئێمە بۆ هیچ لا لە پێغەمبەرانی فەرق و جیاوازی دانانێین؛ فەرموودەی خودامان بیست و پێکمان هێنا، ئەی پەروەرندەی هەمووماں! بمان بەخشە و هەر دەگەڕێینەوە لای تۆ.
(٢٨٦) خوا ئەرکی لە توانا بەدەر، بە سەر کەسدا ناسەپێنێ؛ چاکەی بکا بۆ خۆیەتی و خراپەشی دژی خۆیە. ئەی پەروەرندەی گلامان! ئەگەر شتێکمان لە بیر چوو، یان تیا بە هەڵە چووین، لێمان مەگرە. ئەی پەروەرندەی هەمووماں! ئەرکی ئەوەندە گرانمان مەخە سەرشان وەک ئەوانەی بەر لە ئێمە لەسەریان بوو. ئەی خودانی هەموو لامان! ئەرکی وامان پێ مەسپێرە کە لە تواناماں بەدەر بێ. تۆ هەر خۆت لێمان ببوورە و بەر بەزەیی خۆتمان بخە و بمانبەخشە. هەموو کاروبارێکی مە بە دەس تۆیە و سەریشمانخەی لەسەر ئەوانەی ناتناسن.

ئالی عیمران

وە ناو خوا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم.
(٢) غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ هەر زیندووە و بە سەر هەموو شت ڕادەگا.
(٣) ئەم کتێبەی - بە ڕاست - کە بۆ تۆ ناردووە. باوەڕ بەوکتێبانەش دەکا کە بەرلەوی لە خواوە بەڕێ کراون؛ تەورات و ئینجیلیشی لە بەرا هەنارد؛
(٤) تا ڕێ نیشاندەر بن بۆ خەڵک. فورقانیشی [لەوەو دوا] نارد. ئەوانەی کە لە نیشانەکانی خودا حاشایان کرد، جەزرەبەیان زۆر بەژانە و خودا خاوەن دەستەڵاتی تۆڵەستێنە.
(٥) هەر شتێکی لە زەمین یان لە ئاسمانان بێ، لە خودا وەشێراو نابێ.
(٦) هەر ئەوە هەرچۆنێ حەز کا - هەر لە تۆلی دایکانوودا - بیچمتان بۆ دیاری دەکا و بە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ؛ دەستەڵات داری لە کارزانە.
(٧) هەر ئەویشە ئەم کتێبەی بۆ تۆ بە خەڵات ناردووە، کە لەوێدا ئایەتگەلێکی پتەو هەن کە ماکن بۆ کتێبەکە؛ تێشیدایە وەک یەک دەچن و مانای جۆراوجۆر هەڵدەگرن. ئەو کەسانەی دڵی دەغەزداریان هەیە، هەر ئەوانە حەزلێ دەکەن کە خەڵکی پێ هەڵ دەخەڵەتێ و هەرچۆنی دڵیان دەیەوێ مانایان لێک دەدەنەوە کە غەیرەز خوا نایانزانن. ئەو کەسانەش کە زۆر زانان، ئەڵێن: پرواماں پێ هەیە و ئەمانە گش لە پەروەرندەمانڕایە و غەیرەز ئەو دڵ وشیارانە، بە وردی بیر ناکەنەوە.
(٨) ئەی پەروەرندەی گ لامان! لە پاش ئەوەی ڕێگەی ڕاستت نیشان داوین، دڵمان لە ڕێی خۆت لا مەدە و وەبەر بەزەیی خۆتمان بخە. بەخشندەی هەرە مەزن تۆی.

(٩) پەروەرێنمان! هەر تۆی مەردم لەو رۆژەدا - کە گومانی تێدا نییە - لە یەکتر کۆ دەکەیتەوە و بێ سۆ خوا پەیمان ناشکێنێ.
(١٠) ئەوێ ڕۆژێ ماڵ و عەولاد، دەهانای ئەوانە نایە کە خودایان نەناسیوە و چاری ناچار دەبنە دەستەچیلەی ئاگر؛
(١١) وەک داروودەستەی فیرعەون و ئەوانەی بەر لەوانیش بوون؛ کە نیشانانی ئێمەیان بە درۆ زانی و خوا لە سزای تاوانی خۆیان گرتنی. خودا لە تۆڵەساندنا زۆر دژوارە.
(١٢) بەو خوانەناسانە بێژە: بەم زووانە ژێر دەکەون و هەربینا ڕەپێچەک دران بۆ جەهەندەم؛ کە جێ خەوێکی خراپە!
(١٣) ئەمە بۆ ئێوە دەرسێک بوو کە دوو دەستە لە خۆتان دەگژیەک ڕاچوون؛ دەستەیەکتان بۆ خودا بەشەڕ دەهاتن و دەستەکەی تر لەدژی خودا دەجەنگین و زەق دەیاندی کە خواناسەکان دوو هێندەی ئەمانەن. دیارە خودا بە مەیلی خۆی هەر کەسێکی خۆی حەز بکا، سەری دەخا؛ ئەمەش پەندە بۆ ئەوانەی خاوەن فامن.
(١٤) ئارەزووی ژنان کردن و کوری زۆر پەیدا کردن و دەسکەوتنی کۆمای زلی زێو و زێران و ڕەوەئەسپی بە دروشم و وڵسات و زەوی کێڵانێ، بۆ مەردم ڕازاوەتەوە و لە ژیانی دنیایەدا مایەی خۆشین؛ بەڵام وەختێ دێنەوە بەردەستی خوا، پێدەزانن کە زۆر لەوە باشتر هەیە.
(١٥) بێژە: ئاخۆ گەرەکتانە پێتان بێژم لەمە باشترە کە چۆنە؟ بۆ ئەوانەی لە هەڵە خۆدەپارێزن، لە لای پەروەرێنیانەوە باغاتێکی وایان دەبێ، جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن و چەند ژنی پاک و بێ گەرد و سەرەڕای ئەو هەموو خۆشییەش، ڕەزای خودایان پێدەگا. خودا چاوی لە عەبدەکانی خۆی هەیە.
(١٦) ئەوانەی کە دەڵێن: ئەی پەروەرندەمان! ئێمە بروامان پێت هەیە؛ سا تۆ لە گوناهن ببوورە و لە جزیادانمان - بە ئاگر - بپارێزە.
(١٧) ئەو کەسانەی خۆراگرن و بەڕاستیانە و ئامادەی هەر فەرمانێکن و ماڵی خۆیان لە ڕای خوا بەخت دەکەن و هەموو ڕۆژێ - سەرلەبەیان - لە خودا دەپاڕێنەوە لێیان خۆش بێ.
(١٨) خودا بۆ خۆی ئاگادارە و فرشتەکانی ئەویش و زانایانی بە ئینسافیش باش دەزانن کە هیچ کەسێ غەیرەز خودا، شیاوی پەرستنێ نییە و هەر خۆیەتی بە دەستەڵاتی لەکارزان.
(١٩) لە لای خودا دین ئیسلامە و ئەوانەی ئەهلی کتێبن لەو ڕاستەقینە دەزانن؛ بەڵام هەر لەبەر ئێرەیی - کە لە ناو خۆیاندا هەیە - پێک نەهاتوون. هەر کەسێکیش - بەهەر جۆرێ - لە نیشانەکانی خودا حاشا بکا، با تێبگەن کە خوا لە لێ پرسینەوە زۆر بەلەزە و پێ ڕادەگا.
(٢٠) ئەگەر کێشەت دەگەڵ دەکەن، تۆ هەر بێژە: من دەگەڵ پەیرەوەکانم بە دڵی پاک ڕوومان کردۆتە خوداوە. بەو کەسانەش کە بوونە ئەهلی کتێب و بەو کەسانەش کە نەزانن، بێژە: ئاخۆ ئێوەش وەک مە خۆتان هەر بە خوا سپاردووە؟ جا ئەر خۆیان سپاردبوو، ئەوا کەوتوونە سەر ڕێگا. ئەگەر ڕوویان لێ وەرگێڕای، تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕابگەیێنی و خوداش بۆ خۆی لە عەبدانی شارەزایە.

(٢١) ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی خوایان حاشا کرد و پێغەمبەرەکانی خوایان - لە خوت و خۆڕایی - دەکوشت و ئەوانەیان لە ناو دەبرد کە فەرمانی چاکەیان بە مەردم دەدا، با بزانن کە جەزرەبەدانی بەژان بەشیان دەبێ.
(٢٢) لە دنیا و قیامەتیشا هەر کارێ بیکەن فیڕۆیە و هیچ کەس دەهانایان نایە.
(٢٣) خۆ تۆ دیتت، ئەو کەسانە کە لە کتێبی ئێمەدا بەشێکیان پێ گەیشتبوو، خۆیان گوتیان: بە هەر حوکمێ خودا بیدا ئێمە ڕازین. کەچی هێندێک لەوانە پێی ڕازی نەبوون.
(٢٤) هەر چونکە ئەمان دەیانگوت: ئێمە ئەگەر بشمانخەنە دۆژەهەوە، چەند ڕۆژێک پتر پێ ناچێ، ڕزگار دەبین؛ بەو درۆیە بۆ دینی خۆیان هەڵیان بەست، خۆیان پێ هەڵخەڵەتاندەوە.
(٢٥) سا ئەو رۆژە دەبێ لە چ بارێکدا بن، کە بێ گومان هەر وەدی دێ و هەموویان کۆدەکەینەوە و هەر کەس هەرچی کردوویەتی دێتەوە ڕێی و ناهەقی لە کەس ناکرێ.
(٢٦) بێژە: خوایە! ئەی خاوەن هێز و دەستەڵات! هەر کەس بۆ خۆت مەیلت لێ بێ دەستەڵاتی پێ دەدەی و کێش تۆ حەز کەی دەستەڵاتی لێ دەستێنی؛ هەر کەسێکی وەقەدر خەی و هەر کەسێ زەبوونی بکەی، خۆت دەیزانی؛ چاکە هەر بەدەستە خۆتە و تۆ لەسەر هەموو شت تواناى.
(٢٧) شەو دەناو ڕۆژ هەڵدەکێشی، ڕۆژ دەخەیە ناو شەوەوە؛ زیندوو لە مردوو دەردەخەی، مردوو لە زیندوو دەردێنی؛ هەر کەسێ خۆت مەیلت لێ بێ، بێ هەژمار بژیوی دەدەی.
(٢٨) باوەڕداران، با جگە لە باوەڕداران نەگرن بە دۆست. هەر کەس لەم فەرمانە دەرچێ، هیچ بەشی بە خواوە نییە. جا مەگین لێیان بترسن و لە ناچاری پێیان بڵێن: دۆستی ئێوەین. خودا دەیەوێ هەر بەڕاستی لەو بترسن و پاشەرۆژتان هەر لای ئەوە.
(٢٩) بێژە: ئەوەی وا لە دڵتانایە ئەگەر بیشارنەوە یا دەریخەن، خوا دەیزانێ و لە هیچێکیش لە ئاسمانان و زەویندا، ئاگادارە و لەسەر هەرشت توانایە.
(٣٠) لەو ڕۆژەدا کە هەموو کەس کردەوەی چاک و خراپی لە بەر چاوی خۆی دەبینێ، ئاوات خوازە کە لە نێوان خۆی و کردەوەکانیدا مەودایەکی دوور بووایە. هەر بۆ خودا دەبێ خۆتان بپارێزن؛ خوا هەمیشە بەرانبەر بە عەبدانی خۆی دلۆڤانە.
(٣١) بێژە ئێوە ئەگەر خوداتان خۆش دەوێ، شوێن من کەون هەتا خوداش خۆشی بوێن و لە گوناهانیشوو ببوورێ. دیارە خودا خەتابەخش و دلۆڤانە.
(٣٢) بێژە: دەبێ بە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بن. جا ئەگەر لە فەرمان دەرچوون، ئیتر خودا لە خوانەناسان حەز ناکا.
(٣٣) ئادەم و نووح و نەتەوەی ئیبراهیم و بەرەی عیمران، لە خوداوە لە ناو خەڵکی هەموو جیهان هەڵبژاردەن؛ خوا پتر ڕێزی لەوان نا.
(٣٤) هەموو لا هەر سەر بەیەکن و خوا بیسەر و ئاگادارە.
(٣٥) کاتێ کەیوانوەکەی عیمران گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەو منداڵەی کەوتۆتە تۆلی منەوە، من دەقەبەڵی تۆی دەکەم. بەهیوام لێم قبووڵ بکەی، بیسەر و ئاگادار هەر تۆی.

(٣٦) ئەوسا کە بارەکەی دانا، گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەوا من مێوینەم دیوە - خوداش چاتر خەوەر دارە لەوەی دیویە - دیارە کچیش وەک کوڕ نییە. من ناوم لێ ناوە مریەم، ئەوا ئەویش و بەریشیم بە تۆ سپارد؛ کە لە شەیتانی نەحلەتی بیانپارێزی.
(٣٧) پەروەرندەی، ئەو پێشکەشەی گەلێ بەباشی لێ وەرگرت؛ کیژەکەی باش بە خودان کرد و زەکەرییای بۆ سەرپەرشتی وێ دانا. هەر جارێکی زەکەرییا لە میعراودا سەری دەدا، دەیدی بژیوی لە لایە. گوتی: مریەم! تۆ ئەم بژیوەت لە کوێ بوو؟ گوتی: لەلایەن خوداوە بۆم هاتووە؛ خودا حەز کا بۆ هەر کەسێ بێ هەژمار دەنێرێ.
(٣٨) هەر لەوەڕا زەکەرییا گازی لە پەروەرندەی کرد: ئەی خودانم! زارۆیەکی چاک و پاکم پێ ببەخشە؛ دەزانم تۆ پاڕانەوەی من دەبیسی.
(٣٩) لە کاتێکا کە لە ناو میحرابەکەدا نوێژی دەکرد، فریشتەی ئێمە بانگی کرد: خودا مزگێنیت پێ دەدا، کوڕێکی ناو «یەحیا» ت دەبێ، کە هەموو فەرموودەی خودا دەسەلمێنێ و مرۆڤێکی گەورە و خۆڕاگر [لەژن] و، یەکێک لە پێغەمبەرە چاکەکان دەبێ.
(٤٠) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! جاچۆن ئەمن کوڕم دەبێ، منی وا پیر و زورهان و ژنیشم لە زگ وێستاوە؟ گوتی: خودا، چی ئارەزوو بێ وادەکا.
(٤١) گوتی: ئەی پەروەرێنی من! خۆت نیشانەم بۆ دیاری کە. گوتی: نیشان بەو نیشانەی هەتا سێ ڕۆژ ناتوانی مەردم بدوێنی؛ مەگین بەهیما و ئاشیرەت. لە ئێوارە و بەیانان دا، یادی پەروەرندەت بکە و لە پەسندانی مەوێستە.
(٤٢) لەو کاتەشدا فریشتە بە مەریەمی گوت: خودا تۆی هەڵبژاردووە و پاک و خاوێنی ڕاگرتووی؛ تۆی لە چاو ژنانی دنیا بەرێزتر گرت.
(٤٣) ئەی مەریەم! تۆ لە فەرمانی پەروەرندەی خۆت دەرمەچۆ؛ بۆی بچۆرە سەر سوژدە و تۆش دەگەڵ کڕنۆش بەراندا کڕنۆش بەرە.
(٤٤) ئەمە لەو دەنگ و باسەیە کە تۆ ئاگات لێ نەبوون و ئێمە دەیخەینە دڵتەوە. هەروەها تۆ لەوێ نەبووی کە قەڵەمیان توورهەڵدەدان کێ سەرپەرشتی مەریەم بێ؛ ئەو کاتەش لە ناو خۆیاندا کێشەیان دەکرد، تۆ لە ناو ئەواندا نەبووی.
(٤٥) لەو کاتەدا فرشتەکان گوتیان: مریەم! خودا مژدەی بەڵێنێکی خۆت پێدەدا، کوڕت دەبێ و بە ناو مەسیحی کوڕ مەریەم ناو دەردەکا و لە دنیاش و لە قیامەتیش قەدری هەیە و یەکێک دەبێ لە نزیکانی خودا.
(٤٦) لە بێشکەدا و بە گەورەییش، قسە دەگەڵ مەردم دەکا و یەکێک لە پیاوچاکان دەبێ.
(٤٧) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! جا چلۆن کوڕم دەبێ، هیچ مرۆیەک تا وێستا تخوونم نەبووە؟! گوتی: خودا هەرچی حەز کا بەدی دێنێ؛ هەرکە ویستی کارێک بێ، هەر پێی ئێژێ: ببە! دەبێ.
(٤٨) هەر بۆ خۆشی فێری کتێب وەخوێندن و لەکارزانی و تەورات و ئینجیلی دەکا.
(٤٩) دەشیکا بە پێغەمبەرێک بۆ سەر نەتەوەی ئیسرائیل. [پێیان ئێژێ:] ئەوا من لە پەروەرندەوڕا نیشانەم بۆ هێناون. هەر لە حەڕی شکلی مەلێک ساز دەکەم و بە ئیزنی خوا فووی تێدەکەم، دەبێتە باڵداری ڕاست و جگە لەوەش زگماگ کوێر و پێست بەڵەکان چار دەکەم و بە ئیزنی خودا مردوو زیندوو دەکەمەوە و هەرچی لە

ماڵوودا دەیخۆن، هەچی تێشیدا ڕادەگرن پێتان دەڵێم. ئەمانە بەڵگە و نیشانەن بۆتان، ئەگەر پڕوادار بن.
(٥٠) بەو تەوراتەی - کە لە لامە - بە باوەڕم و بە ئەرکی خۆمی دەزانم هێندێک شتوو بۆ حەلاڵ کەم کە لێتان حەرام کراوە. من نیشانەم لە پەروەرندەی ئێوەڕا بۆ هێناون؛ دەسا ئێوە لە فەرمانی من دەرمەچن و لە خودا ترستان هەبێ.
(٥١) پەروەرێنی من و ئێوە هەر خودایە؛ دەسا هەر ئەو بپەرستن؛ ئەمە ڕێگەیەکی سەڕراسە.
(٥٢) عیسا پاش ئەوەی تێگەییشت کە باوەڕی پێ ناهێنن، گوتی: کێ بێ لە ڕای خودا یاریم بکا؟ حەوارییەکان جوابیان داوە، کە: خۆمانین لە ڕای خودا یاریدەرین. پڕوایان بە خودا هێنا و تۆش شایەت بە، ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین.
(٥٣) ئەی پەروەرندەی گ لامان! بەوشتەی تۆ بۆ ئێمەت نارد، پڕوامان کرد و کەوتووینە شوێن پێغەمبەرت؛ تۆ دەگەڵ شایەتەکاندا بمان نووسە.
(٥٤) ئەمان فێڵی خۆیان کرد و خوداش فێڵی خۆی لێکردن؛ فێڵی خودا بە سەر هەموو فێڵێکدایە.
(٥٥) ئەوسا خوا گوتی: ئەی عیسا! من بۆ خۆمت دەبەمەوە و لە لای خۆم جێ بەرز دەبی و لەوانەت پاک دەکەمەوە کە باوەڕیان نەهێناوە و ئەوانەش کە پەیرەوی تۆن، هەتا قیامەت زاڵیان دەکەم بە سەر بێ باوەڕەکاندا. لە پاش ئەوە گشتوو دێنەوە لای خۆم و بەو کێش ەو گێرە ڕادەگەم کە لە نێوانتاندا ڕووی دا.
(٥٦) بەڵام ئەوانەی باوەڕیان پێ نەهێنای، لە دنیاش و لە قیامەتیش بە توندی سزایان دەدەم؛ کەسیش دەهانایان نایە.
(٥٧) ئەو کەسانەش کە پڕوای تەواویان هەبووە و ئاکارچاک بوون، خودا هەموو پاداشی خۆیان پێ دەدا و خوا، ستەمکاری خۆش ناوێن.
(٥٨) ئەو شتانەی کە بۆ تۆمان خوێندۆتەوە، لە نیشانانی خودان و ڕێشاندەر ن بۆ کارزانی.
(٥٩) نەقڵی عیساش - لە لای خودا - لە چەشنی نەقڵی ئادەمە؛ هەر لەگڵ دروستی کرد و پاشان پێی گوت: ببە بە ئادەم! ئەویش بوو.
(٦٠) هەق لە پەروەرندەتڕایە و خۆت لە ڕێزی دڵ بەگومانان دەراوێ.
(٦١) هەر کەسێکی پاش ئەو زانستەی بۆ تۆ هات، ویستی کێشەت دەگەڵ بکا، بێژە: وەرن با کوڕانمان و ژنانمان و یەکترین بان کەین و ئەوسا دەس کەینە لاڵە و نزا و نەفرینی خوا بنێرین بۆ ئەوانەی وا درۆزنن.
(٦٢) هیچ گومانت تێدا نەبێ، ئەوانەی بۆت باس کراون، هەموو ڕاستن. هیچ شتێکیش غەیرەز خودا نابێ هیچ کەس بیپەرستێ؛ هەر خودایە کە خاوەنی دەستەڵاتە و لەکارزانە.
(٦٣) ئەگەر هەر خۆیان لێ بواردی، خودا بۆ خۆی خراپەکاران دەناسێ.
(٦٤) بێژە: ئێوەی ئەهلی کتێب! دەسا وەرن ئێمە و ئێوە لەسەر ئەو قسەیە سوور بین، کە بۆ هەموومان وەک یەکە: غەیرەز خوا نەپەرستین، هاوکاری بۆ پەیدا نەکەین، نەچین هێندێکمان هێندێکان - جیا لە خوا - بۆ پەرستن هەڵبژێرین. جا ئەگەر هەر خۆیان لێ بوارد، پێیان بێژە: ئێوە بە شایەتی دەگرم، کەوا ئێمە خۆمان بە خودا دەسپێرین.

(٦٥) ئەهلی کتێب! ئێوە بۆچی دەربارەی ئیبراهیمەوە کێشە دەکەن؟ کە دەشزانن تەورات و ئینجیلیش - هەر دووک - لە پاش زەمانی ئیبراهیم هاتوونە خوار. دە ئاخر بۆچی تێناگەن؟!
(٦٦) وامان دانا کە دەتوانن ئێوە لە سەر ئەو شتانە کێشە بکەن کە دەزانن. دەیسا چۆنە کێشە لە سەر شتێ دەکەن کە هیچی لێ حاڵی نەبوون؟ هەر خودایە زانایە بە هەموو شت و ئێوەش هیچی لێ نازانن.
(٦٧) ئیبراهیم نە مووسایی بوو نە مەسیحی؛ بەڵام یەکتاپەرەستێک بوو خۆی بە خودا سپاردبوو؛ هیچ هاوکاری بۆ خودا پەیدا نەدەکرد.
(٦٨) ئەو کەسانەی لە هەموو کەس لە ئیبراهیم نزیکترن، ئەوانەن کە ئەوسا شوێنی ئەو کەوتن و ئەم پێغەمبەرە و ئەوانەش کە بڕوایان پێ هێناوە. خوداش یاری هەموو خاوەن باوەڕانە.
(٦٩) هێندێک لە خاوەن کتێبان بەتەما بوون ئێوە لە ڕێ کلا بکەن؛ کەچی ئەمانە نازانن کە هەر ڕێ لە خۆ دەگۆڕن.
(٧٠) ئەهلی کتێب! بۆچی ئێوە حاشا لە نیشانەکانی خودا دەکەن؟ هەرچەندە دەشزانن ڕاستن.
(٧١) ئێوە کە خاوەن کتێبن! چۆن ڕەوایە بە ناڕەوا دادەپۆشن و ڕاست و ڕەوا دەشێرنەوە و دەشزانن چ کارێک دەکەن؟
(٧٢) لەوانەی ئەهلی کتێبن هێندێک بە هێندێکان دەڵێن: ئێوە لە دانی بەیانی بڵێن بڕوامان هێناوە بەوەی کە خودایە بۆ ئێوەی ناردووە؛ سەرلەنگۆڕێ لێیان پەشیمان ببنەوە؛ بەشکوو ئەوانیش وەگەڕێن.
(٧٣) پێشیان وتوون: باوەڕ هەر بەوانە بکەن کە لە سەر دینی خۆتانن. بێژە: هەر خوا ڕێگەی ڕاستن نیشان دەدا و ئەو دەتوانێ - وەک پێشوو شارەزای کردن - کەسێکی تریش وەک ئێوە شارەزا کا. ئەگەر وتیان: کێشەکەمان دەبەینە لای پەروەرندەتان؛ بێژە: چاکە بە دەس خوایە، کێی حەز بکا بە چاکە دەیخوێنەتەوە و خاوەن چاکەی هەرە زانا هەر خودایە.
(٧٤) هەر کەسێکی ئەو بخوازێ وەبەر بەزەیی خۆی دەخا و خودا چاکەی فرە و گرینگی لە لایە.
(٧٥) هەر لە ناو ئەهلی کتێبدا ئی وا هەیە، کلوورێکی لە لا دانێ، بە دەسپاکی دەتداتەوە؛ ئی واش هەیە دینارێکی پێ بسپێرە، ناتداتەوە؛ جا مەگین بەجێی نەهێڵی و هەڵیپێچی. بەهانەکەشیان ئەمەیە: زیان گەیاندن بەو نەخوێندەوارانە، بۆ مە گوناهێکی نییە. درۆ بۆ خواش هەڵدەبەستن، دەشزانن درۆیە دەکەن.
(٧٦) دیارە هەر کەس ترسێکی لە خودا هەبێ و بەڵێنی بەرێتە سەرێ، خوا پارێزگاری خۆش دەوێن.
(٧٧) ئەوانەی پەیمانەکەیان دەگەڵ خودا و سوێندی خۆیان بە نرخێکی کەم دەفرۆشن، لەو دنیا هیچ بەشیان نییە و خوداش لە ڕۆژی قیامەتا نایان دوێنێ و نایان دێنێ و گونایان پاک ناکاتەوە و بەشیان جەزرەبەی بەژانە.
(٧٨) هەر لەواندا هی واش هەیە، جۆرێک زمانیان دەگەڕێ گۆیا لە کتێبی خودا دەخوێننەوە، کە لە کتێبەکەشدا نییە. دەڵێن: ئەمە خوا گوتوویە؛ کەچی خوداش نەیگوتووە. بۆ خۆشیان ئەوە دەزانن کە درۆیە و بە دەم خواوەی هەڵدەبەستن.
(٧٩) هیچ مرۆیەک ئەمەی دەخۆڕا نەدیوە، کە خوا کتێبی داپێتێ و فێری کارزانی کردبێ و کردیێتی بە پێغەمبەر، پاشان چووبێ و ب ەخەڵکی ڕاگەیاندبێ کە: ئێوە

لەباتی خودا هەر عەبدایەتی من بکەن. ئەوانە هەر گوتویانە: ئێوە کە فێری کتێب و خوێندنەوەی بوون، لەسەرتانە هەر پەروەرندەو بناسن.
(٨٠) فەرمانی بەوە نەداوە کە فرشتە و پێغەمبەران بپەرستن. ئاخر چۆن دەبێ وەختێکی دینی خوداو سەلماندبێ، پێتان بڵێن: گەرەکە لە دین وەرگەڕێن؟
(٨١) [بێنەوە بیر] ئەو کاتە خوا پەیمانی بەست دەگەڵ پێغەمبەرەکانا: ئەر من کتێب و زانستی لەکارزانیم بە ئێوە دا و پاشانە کە پێغەمبەرێک هاتە ناوتان کە ئەوانەی لە لای ئێوەی بەڕاست زانی، دەبێ پرواى پێ بێنن و یاریدەی دەن.
ئەوسا گوتی: بەڵێ، ئەوا وەعۆدەی خۆمان گرت. گوتی: دەسا بە شایەت بن؛ ئەوا منیش دەگەڵتانم.
(٨٢) کەسانێ لەمە بەولاوە لە پەیمان پاشگەز بنەوە، دیارە لە ڕێ لادەرن.
(٨٣) ئاخۆ دینێک بێژگە دینی خوایان دەوێ؟ کەچی هەرچی لە ئاسمانان و زەویدا - چار و ناچار - ملکەچی فەرمانی وین و دەشگەڕێنەوە بۆ لای ئەو.
(٨٤) بێژە: باوەڕمان هێناوە بە خوا و بەوەی کە لەوڕا بۆمان هاتووە و بەو شتانەش کە لە لای پەروەرندەوە بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب هاتبوو؛ بۆ نەتەوەکەش هەروەتر؛ بەو شتانەش کە بۆعیسا و مووسا و گش پێغەمبەرانی دی هات. ئێمە بەرانبەر بە کەسیان فەرق و جودابیمان نییە و خۆمان بە خودا دەسپێرین.
(٨٥) هەر کەسێ بەدەر لە ئیسلام، هەر دینێکی دیکەی هەبێ، قبووڵ نییە و لە دواڕۆژا لە ڕێزەی زیانبارانە.
(٨٦) جا چۆن خودا ئەو کەسانە دەخاتە سەر ڕاستەڕێگە کە پاش باوەڕی هێنان و شایەتی دان کە: «ئەم پێغەمبەرە ڕاستە» و چەندین نیشانەشیان دیوە، سەر لەنوێ حاشای لێ دەکەن؟ خودا قەت ناهەقیکاران ڕزگار ناکا.
(٨٧) جەزای ئەمانە نەفرینە لە خوداوە و لە فرشتانی خوداوە و لە هەموو خەڵکی دنیاوە؛
(٨٨) تا هەتایە لەم نەفرینا دەمێننەوە و ئازاریان لە سەر سووک نابێ و ماوە پێدانیشیان نییە؛
(٨٩) مەگین ئەوانەی لە دوو جار - بۆ خۆ - پەژیوان دەبنەوە و ئاکاری چاک ڕەچاو دەکەن؛ ئەوسا خودا گوناه بەخشە و دلۆڤانە.
(٩٠) ئەو کەسانەی دوای پرواهێنان وەرگەڕان و هەر وا مان و پێوە چوون، پەژیوانی تازە بەهرەیان بۆ نادا و چوونەتە ناو گومڕاهییەوە.
(٩١) ئەوانەی خوانەناس بوون و هەر بە خوانەناسی مردوون، هەرکامێکیان ئەگەر پڕی ئەم زەمینە زێڕیش بە بارمتە بدا، هەرگیز بەهرەی پێ ناگەینێ؛ ئەوانە ئازاری بەژانیان دەبێت و کەسیشیان دەهانا نایە.
(٩٢) تا لەو شتەی کە ئێوە خۆشتان گەرەکە، نەبەخشن لەڕێی خودادا، هەرگیز هیچ خێروو پێ ناگا. هەرشتێکیش بە خێر بیدەن لە ڕای خودادا، خوا دەیزانێ.
(٩٣) هەموو جۆرێ خواردەمەنی بۆ نەتەوەی ئیسرائیل ڕەوا کراوە، مەگین ئەوەی کە ئیسرائیل بەر لەمە تەوراتی بووبێ، خۆی پارێزی لێ کردووە. بێژە: ئەگەر ئێوە ڕاستن، تەورات بێنن بیخوێننەوە.
(٩٤) سا کەسانێ لەمە بەولا درۆ بە دەم خواوە بکەن، ئەوانە ناهەقیکارن.
(٩٥) بێژە: هەرچی خودا گوتوویە، ئەو ڕاستە؛ ئیتر ئێوە شوێن دینی ئیبراهیم کەون؛ کە خوای تاقانەی پەرست و هیچ هاوکاری بۆ نەناسی.

(٩٦) یەکەمین ماڵ کە بۆ مەردم ساز کراوە، هەر ئەوەیە وا لە مەککە؛ کە زۆر بە پیت و پیرۆزە و نیشانگەی خوداناسینە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.
(٩٧) بەڵگەی دیاریدەر لەوێدا شوێنەواری ئیبراهیمە و هەر کەسێ پەنای پێ بەرێ، ناشێ لە هیچ شت بترسێ. خودا حەجی بڕیار داوە بۆ هەر کەسێ کە بۆی بلوێ. هەر کەسێکیش حاشا بکا، خوا لە هەموو خەڵکی دنیا بێ نیازە.
(٩٨) بێژە: ئێوەی ئەهلی کتێب! بۆچی لەنیشانانی خوا حاشا دەکەن؟ خودا لە کردەوەی ئێوە ئاگادارە.
(٩٩) بێژە: ئێوەی ئەهلی کتێب! لەبەرچی باوەڕدارەکان لە ڕێگەی خوا لادەدەن و گەرەکتانە ئەم ڕێگایە لار و ناڕێک نیشان بدەن؟! خۆشتان باش ئاگاتان لێیە و خوداش لەوەی ئێوە دەیکەن، خافڵ نییە.
(١٠٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر بەقسەی هێندێک لەوانەی ئەهلی کتێبن، دەسخەرۆ بن، لە پاش باوەڕی هێنانتان دەتانکەنەوە خوانەناس.
(١٠١) جا چۆن ئێوە حاشا دەکەن! کەچی ئایەتانی خواتان بە سەردا دەخوێنرێتەوە و پێغەمبەرتان لە ناو دایە؟ هەر کەس پشت بە خوا ببەستێ، کەوتۆتە سەر ڕاستەڕێگە.
(١٠٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چۆن پێویستە، ئاوا لە خوا بترسن و هەر بە موسوڵمانی بمرن.
(١٠٣) هەموو لاتان دەس دە ڕشتەی پەیمانی خوا وەرێنن و بڵاو مەبن. بیر لەو چاکە بکەنەوە کە خودا دەربارەی کردن: کە ئێوە دژ بە یەکتر بوون، بەدڵ کردوونی بە هۆگر؛ لە سایەی چاکەی ئەمەوە، ئێستا لێکتر بوونە برا و لە سەر لێواری ئاگر بوون؛ هەر ئەو بوو ڕزگاری کردن. خوا ئاوا نیشانانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە؛ بەڵکوو ڕێگا بدۆزنەوە.
(١٠٤) دەبێ لە نێو ئێوەدا کۆمەڵێک ببن، فەرمان بە چاکە بدەن و ڕێ لە خراپە بەستن؛ هەر ئەوانەش ڕزگار دەبن.
(١٠٥) نەکا وەک ئەوانە بکەن کە لێکتر جیابوونەوە و لە دوای ئەوەی نیشانەی ئاشکرایان دیت، ئەوسا کێشەیان تێکەوت. بۆ ئەوانە ئازارێکی گەورە هەیە.
(١٠٦) لەو ڕۆژەدا کە هێندێک ڕوویان چەرمگە و هێندێک تر ڕەش داگەڕاون، ئەو کەسانەی ڕوورەشی ڕۆژی قیامەتن، پێیان ئێژن: ئێوە دوای باوەڕی هێنان چۆن بوونەوە خوانەناس؟ سا لەو حاشاکردنەتان جەزرەبە گۆری گیانوو بێ.
(١٠٧) ئەوانەش کە ڕوو چەرمووگن، بۆ هەمیشە بەزەیی خودایان هەیە و تا هەتا هەر دەگەڵیانە.
(١٠٨) ئەمانە نیشانەی خودان، بەڕاستن و ئێمە بۆتی وەدەخوێنین. هیچ گا خودا ناهەقی لە هیچ کەس ناکا.
(١٠٩) هەرچێ لە ناو ئاسمانان و زەمیندایە - گش لە گشتی - سەر بە خوایە؛ سەرلەبەری کاروباریش هەر بۆ خودا دەگەڕێتەوە.
(١١٠) ئێوە چاکترین کۆمەڵن لە ناو مەردمی دنیادا سەروو هەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن. باوەڕیشتان بە خوا هەیە. خۆ ئەگەر ئەهلی کتێبیش بڕوایان بهێنابا، بۆیان چاکتر بوو. ئەوانیش ئی وایان تێدا کە بەبڕوان؛ بەشی زۆریش لە ڕێی خودا لایان داوە.
(١١١) ئەوانیش - مەگین هەر بە دەم - دەنا هەرگیز ناتوانن بۆتان بەزەڕ بن. ئەگەر دەگژیشوو ڕابچن، زۆر زوو پشتوو تێ دەکەن. ڕا دەکەن و کەسیش دەهانایان نایە.

(١١٢) لە هەر جێش بن، هەر ژێر چەپۆکی و زەبوونی بۆتە بەشیان؛ جا مەگین هەر پەیمان دەگەڵ خودا و خەڵکا بگاتە فریایانەوە. تووشی توورەیی خوا بوون و مۆری زەبوونییان بە سەردا نراوە؛ لەبەر ئەوە لە نیشانەکانی خودا بە حاشا بوون و بە ناهەق پێغەمبەرانیان دەکوشت و هەر نافەرمانی و دەس درێژیان دەکرد.
(١١٣) ئەهلی کتێب گش وەک یەک نین؛ کۆمەڵی وایان تێدایە کە ڕوو بە خوا دەوێستن و بە شەوا ئایەتانی خوا دەخوێننەوە و سەر دەخەنە سەر سوژدەوە؛
(١١٤) پروایان هەیە بە خودا و ڕۆژی سەڵا و فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێگە لە خەراپە دەپرن و بۆ خێر کردن ملە دەکەن؛ ئەوانە لە پیاوچاکانن.
(١١٥) هەر کارێکی چاک ڕەچاو کەن، بێ بەهرە نامێنێتەوە و خوا ئەوانەی لێی دەترسن، باش دەناسێ.
(١١٦) ئەوانەی خودا نەناسن دارایی و ماڵ و مناڵیان هیچ دەردێکیان دەرمان ناکا و لە لای خودا بەهرە نادا؛ جێگەیان هەر جەحەندەمە و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن.
(١١٧) هەرچی ئەوان بەڕووبینی لە ژیاندا لە ماڵی خۆیان دەبەخشن، هەر وەکوو ئەوشەختە وایە کە بۆ کێڵگەی ئەو کەسانەی ناهەقی لە خۆیان دەکەن، وەیشوومەیە. خوا ناهەقی لێ نەکردوون؛ بەڵام ئەوان ناهەقی لە خۆیان دەکەن.
(١١٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بێژگە خۆتان دەگەڵ کەسا مەبنە هامڕاز. ئەوان لە کار لێ تێکدانوو درێغ ناکەن؛ هەر حەز دەکەن تووشی ناڕەحەتیتان کەن. جگە لەوەی کە دژایەتی ئێوەیان بە دەمدا دێت، غەرەزێکی لە دڵی ئەوان دایە فرەترە. ئەر تێبگەن، زۆر نیشانەمان بۆ ئێوە دەرخستووە.
(١١٩) ئاگادار بن! ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێ و ئەوان خۆشیان لە ئێوە نای. ئێوە پرواشتان بەو کتێبە - گشتی - هەس. هەر وەختێکیش پێتان دەگەن، ئێژن: پرومان هێناوە؛ بەڵام هەر لێوو تەکینەوە - لە کینەیێ کە هەیانە - سەرپەنجەی خۆیان دەگەزن. بێژە: دەک لە ڕکان بمرن! خوا بەوەی وا لە دڵدایە باش دەزانێ.
(١٢٠) تا چاکەیەکتان بێتە ڕێ، خەمێ دەخۆن. ئەگەر تووشی ناخۆشی بن، کەیفێ دەکەن. ئەگەر ئێوە خۆڕاگر و پارێزگار بن، گزی و فێڵیان هیچ زیان لە ئێوە نادا. خوا بە کردەیان دەزانێ.
(١٢١) ئەوسا کە تۆ - سەرلەبەیان - کەس و کاری خۆت جێ هێشت و جێگەت بۆ خاوەن باوەڕان لە شەڕگەدا دیاری دەکرد، خودا دەیبیست و دەیزانی.
(١٢٢) لەو کاتەشدا کە دوو دەستە هەر لە خۆتان خەریکی ورەبەردان بوون، هەر خودا دەهانایان هات. باوەڕداران کاروباریان دەبێ هەر بە خوا بسپێرن.
(١٢٣) وا دیتیشوو کە خودا لە شەڕی بەدرا سەری خستن؛ هەرچەند کەم و بێ هێزیش بوون. سا هەر لە خودا ترسوو بێ؛ بەشکەم شوکری بەجێ بێنن.
(١٢٤) ئەوسا کە تۆ بە خاوەن باوەڕەکانت ڕاگەیاند: ئەگەر خودا سێ هەزار لە فریشتەکانی بۆ ئێوە بنێرێتە خوار، بێنە یاریو، بەستان نییە؟
(١٢٥) بەڵێ ئەگەر خۆڕاگرن و ترستان لە خودا هەبێ، لە جەنگەی پەلاماردانی دوژمنوودا، پەروەرندەو پێنج هەزار لە فرشتانی، بەدرۆشم و بەکۆمەکەوە دەنێرێ.
(١٢٦) خودا هەر بۆ ئەوە مزگێنێک بە ئێوە بدات و هەر بۆ ئەوە دڵنیا بن، ئەو کارەی کرد. سەرکەوتنیش هەر بە دەستی خودای خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(١٢٧) خوا دەیەویست لەو ڕۆژەدا هێندێک لە خوانەناسەکان دەخوێنی خۆیان بگەوزن و ئەوی ماشن دەمکوت بن و بە ناهومێدی وەگەڕێن.

(١٢٨) ئیتر لە شەڕ دۆڕاوەکان - چ لەو کارەی کردوویانە پەژیوان بن و خوا بیان بووریّ، یان لە سەر ناهەقییەکەیان ئازاریان بۆ بڕیار بدا - تۆ کاریّکت بە کاری ئەواندا نییە.
(١٢٩) هەرچی لە ناو ئاسمانان و زەویدایە، بۆ خودایە. کێ حەز بکا لێی دەبووریّ و کێش حەز کا ئازاری بدا، خۆی دەزانێ. خودا لە گوناھ دەبووریّ و دلۆڤانە.
(١٣٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە سووت خواردن بتەکنەوە و چین لە سەر چین وەری مەگرن. لە خودا ترستان هەبێ، بەشکوو بگەنە ڕزگاری.
(١٣١) خۆشتان دوورەپەرێز بگرن لەو ئاگرەی ئێڵ دراوە بۆ ئەوانەی خوانەناسن.
(١٣٢) بەر فەرمانی خودا و ئەم پێغەمبەرەش بن، بەشکوو بەر بەزەیی کەون.
(١٣٣) پەلە بکەن بۆ گەیشتن بە بەخشینی پەروەرێنتان و بەهەشتێ کە هەراوی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوینە و ساز کراوە بۆ ئەوانەی لە خواترسن.
(١٣٤) ئەو کەسانەی لە تەنگانە و فەرحانیدا، ماڵی خۆیان لە ڕێی خودا دەبەخشن و ڕکی خۆیان دەخۆنەوە و لە مەردم چاوپۆشی دەکەن؛ خوا چاکەکاری خۆش دەوێن.
(١٣٥) ئەو کەسانەی هەرگا کاری خراپ دەکەن، یان ناحەقی لە خۆ دەکەن خودا لە بیر نابەنەوە و لەبەری دەپاڕێنەوە: لە خەتاکانیان ببووریّ؛ بێژگە خوداش کێ لە گوناهان دەبووریّ؟ جا ئەوانە لە سەر کاریّ کە زانیویانە هەڵەیە، پێ داگر نین.
(١٣٦) ئەوانە پاداشیان لە لای پەروەرێنیان لێ بووردنە و باغاتێکە کە جۆباران بە بەریاندا دەڕۆن و هەر لەو باغاتە دەمێننەوە. بەه! چەندە جوانە پاداشی ئاکارچاکان.
(١٣٧) بەر لە ئێوە زۆر ڕێگا و شوێن تێپەڕیون. جا ئێوە لەم سەرزەمینە گەشتێ بکەن و سەرنج بدەن کە ئاخری کاری هەق بەدرۆزانان بە کویّ گەیشت؟
(١٣٨) ئەمە پەندی بۆ هەموو خەڵک تێدایە و نیشانەیە لە خوداوە و بۆ ئەوانەی دەیانەویّ خۆپارێز بن، ڕێنشاندەرە.
(١٣٩) با سستی ڕووتان تێ نەکا و خەمیش مەخۆن. هەر ئێوەن کە سەردەکەون، ئەگەر بڕواو بە خوا هەیە.
(١٤٠) ئەگەر ئێوە بریندار بوون، دوژمنیشتان وەک ئێوە بریندار بووە. ئێمە ئاوا لە ناو خەڵکا زەمانە دەستاودەس دەکەین، هەتا خودا خاوەن باوەڕان بناسێ و کەسانێکیش بۆ شایەتی لە بەینتانا هەڵبژێرێ. خودا خۆشی لە ناهەقیکاران نایە.
(١٤١) هەتا خودا باوەڕداران هەڵاوێریّ و بێ باوەڕان لە ناو بەریّ.
(١٤٢) ئاخۆ ئێوە لاتان وایە هەر سەربەخۆ دەچنە بەهەشت؟ کەچی هێشتا خودا خەباتکاران و خۆڕاگرانی ئێوەی دیاری نەکردووە.
(١٤٣) بەر لەوە تووشی مردن بن، ئارەزووی مردنوو دەکرد. سا ئەوا مەرگە هاتووە و ئێوە زەق تماشای دەکەن.
(١٤٤) موحەممەد پێغەمبەرێکە و چیتر نییە؛ لە پێش ئەویش زۆر پێغەمبەر هاتوون و چوون. ئەگەر بمریّ یان بکوژریّ، لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە؟ هەرکەس پاشگەز بێتەوە، زیانێک بە خودا ناگەینێ. خودا پاداشی سوپاسگوزارانی دەدا.
(١٤٥) هیچ کەسێکیش بە بێ ئیزنی خودا نامریّ. کە مردنی هەر کەسێکیش وەختەکەی بۆ دانراوە و لە لای خوداوە نووسراوە. کێش هەر خۆشی لە دنیادا ئارەزوو بێ، خوا دەیداتێ؛ هەر کەسێکیش خۆشی ئەو دنیای گەرەک بێ، خودا ئارەزووی پێکدێنێ. ئەوانەش وا شوکر دەکەن، زوو جەزایان دەدەینەوە.

(١٤٦) بەشی زۆر لە پێغەمبەران دەگەڵ گەلی خواپەرستانی هەڤاڵیان چوونە خەزا، هەرچەند بەڵای لە ڕێی خودا تووشی هاتن، نە هیچیانی سستەوە کرد نە زەبوونی ڕووی تێکردن. لەوانەی کە خۆڕاگرن، خوا خۆشی دێ.
(١٤٧) هەر ئەوەندەیان درکاند، دەیانگوت: ئەی پەروەرێنمان! تۆ لە گوناهان و لە ئەندازە لادانمان ببوورە و جێ هەنگاومان پتەوتر کە و بە سەر خودانەناساندا زاڵمان بکە.
(١٤٨) ئەوسا خودا پاداشی ئەم دنیا و چاکەپاداشی ئەو دنیای پێدان. خوا کارچاکانی خۆش دەوێ.
(١٤٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ئێوە وەشوێن خوانەناسان کەون، بەرەو پاشوو دەگەڕێنەوە و تووشی زیانباری دەبن.
(١٥٠) بزانن کە گەورەی ئێوە هەر خودایە و ئەو چاکتر یاریدەرە.
(١٥١) ئەوانەش کە خوانەناسن، چونکە بێ ئەوە بەڵگەیان لە حەواوە بۆ هاتبێ هاوکار بۆ خودا دەناسن، ترسێ داوێژینە دڵیان؛ ئەنوایان لە ناو ئاگرە و جێی ناهەقان خراپترین جێگە دەبێ.
(١٥٢) خوا بەڵێنی بە ئێوە دا و بەجێی هێنا: ئەوسا کە بە دەستووری خوا دەتان کوشتن، تا ئەو کاتەی ئەو تاڵانەی بە تەمای بوون هاتە بەرچاو، ئیتر کێشەو لە ناو خۆتان لێ پەیدا بوو؛ لە فەرمان سەرپێچیتان کرد. ئی وا هەبوو حەزی لە ماڵی دنیا بوو، ئی واش هەبوون خۆشی ئەو دنیایان دەویست. پاشان هەر تا بتان ئەزموێ، لە شەڕیانی گێڕانەوە. وا ئەو هەڵەش لێتان خۆش بوو. خودا خاوەنی چاکەیە لە سەر خاوەن باوەڕەکان.
(١٥٣) ئەو کاتەی کە ڕاتان دەکرد و ئاوڕتان وەسەر هیچکەس نەدەداوە، پێغەمبەریش لە دواوە گازی دەکردن؛ جا خوا جەزای خەمی هەر بە خەم دانەوە. نەکا لە بەر ئەوەی وا لە دەستان چووە و ئەوەی کەوا تووشتان بووە خەفەت بخۆن. خودا لەو کارانەی دەیکەن ئاگادارە.
(١٥٤) پاش ئەو خەمە ئارامییەکی ناردە سەرتان، کە بریەتی لە ئۆقرەی خەو لێ کەوتن بوو، بە سەر هێندێکانوو داهات؛ هێندێکیشتان هەر تەنیا خۆتان لە بیر بوو. ئێوەش هەر وەک خوانەناسەکانی پێشین بیروو لە خوا دەکردەوە، دەیانگوت: ئاخۆ لەم کارە چن بۆ دەکرێ؟ بێژە: گش کار بە دەس خودان. ئەوانە نهێنی دڵیان لە لای تۆ ئاشکرا ناکەن؛ ئێژن: ئەگەر بە دەستە خۆمان بووایە، ئێمە لێرە نەدەکوژراین. بێژە: ئێوە ئەگەر لە ماڵی خۆشتان بان، ئەو کەسانەی کوشتنیان لە سەر نووسراوە، دەهاتنەوە جێی تخێڵ بوونی جەندەکەیان. خوا دەیەوێ دڵتان تاقی بکاتەوە و هەرچی لە دڵتاندا هەیە دەری هاوێ. خوا لە ڕازی دڵەکانتان ئاگادارە.
(١٥٥) ئەوانتانە وا ڕایان کرد - لەو ڕۆژەدا کە دوو کۆمەڵ گەیشتنە یەک - شەیتان هەڵیخلیسکاندن، لە بەر کارێ کە کردوویان؛ خوایش بەخشینی. هەر خودایە کە لە گوناهان دەبوورێ و لە سەر خۆیە.
(١٥٦) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە وەک ئەوانە مەبن کە خودایان نەدەناسی و سەبارەت بە براکانیان - کە لە سەفەر، یان لە شەڕی دوژمنان بوون - دەیانگوت: ئەگەر ئەوانە لامان مابان، نەدەمردن، نەدەکوژران. هەر بۆیە بوو خودا بیکا بە ئاخ و داخی سەر دڵیان. خودایە کە ژینێ دەدا و دەشمرێنێ و هەر کارێکی ئێوە دەیکەن، خوا دەیبینێ.

(١٥٧) ئەگەر لە ڕێی خودا بمرن، یان لە ڕای خودا بە کوشت چن، دیارە لێ خۆشبوونی خودا و بەزەیی ئەو زۆر چاکترە لەو شتەی کۆی دەکەنەوە.
(١٥٨) چ بمرن و چ بکوژرێن، بێ گومانە کە لای خوا کۆدەکرێنەوە.
(١٥٩) لە بەزەیی خوداڕایە کە تۆ هێندە نەرم ونیانی دەگەڵیان؛ ئەگەر یەکێ دڵڕەق و توند و تۆسن بای، بڵاوەیان لێ دەکردی. تۆ بیان بوورە و لە لای خودا داوای بووردنیان بۆ بکە و لە کار تەگبیریان پێ بکە. وەختێ لێ بڕای کارێ بکەی، هەر بە تەمای خوا تێکەوە؛ خودا ئەوانەی خۆش دەوێ کە خۆیان هەر بەو دەسپێرن.
(١٦٠) ئەگەر خودا و دەهانا بێ، کەس بەسەرتاندا زاڵ نابێ؛ ئەگەر وازیشتان لێ بێرێ، کێیە پاشان پێی دەکرێ یاریدەو بکا؟ با هانای خاوەن باوەڕان هەر خودا بێ و خۆیان بە وی بسپێرن.
(١٦١) بۆ هیچ پێغەمبەرێ ناشێ دەگەڵ خەڵک، فێڵ و فەرەجان بنوێنێ؛ هەر کەسێکیش فێڵبازی و دەسبڕی بکا - بەو تەشقەڵەوە کە دەیکا - ڕۆژی قیامەت دەبیندرێ و ئەوسا هەر کەس لە بارتەقای کردەوەی خۆی سزا دەدرێ و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.
(١٦٢) ئاخۆ کەسێ هەر بۆ ڕەزای خوا کۆشیوە، وەک ئەوەیە کە خودای لەخۆی توورەکرد؟ کە ئەنوای ئەم جەهەندەمەو چارەنووسی خراپی هەس.
(١٦٣) بۆ هەموو ئەو دووجوونانە خودا چەند پلەی داناوە و هەر خۆی لە هەموو کردەیان چاوەدێرە.
(١٦٤) باوەڕداران بەر منەتی چاکەی خودان؛ کە یەکێک هەر لە خۆیانی ناردووە پێغەمبەریان بێ؛ نیشانەکانی خودایان بەسەردا دەخوێنێتەوە و بە پاکژی ڕایان دەگرێ و لە کتێب و کارزانیدا ڕایان دێنێ؛ کە دەپێشدا هیچیان لە هیچ نەدەزانی.
(١٦٥) ئاخۆ کاتێ زیانوو لە دوژمن پێگەیشت - کە جارێکیش دوو ئەوەندەو زیان لێدان - هیچ پرسیتان: زیانەکەمان لە چی بوو؟ بێژە: لە خۆتانەوە بوو، خوا بە هەموو شت توانایە.
(١٦٦) هەرچی ئەو ڕۆژە تووشوو هات - وا دوو کۆمەڵ بەیەک گەیین - [گشتی] بە ئیزنی خودا بوو، هەتا خاوەن باوەڕەکان نیشان بدا؛
(١٦٧) تا دووڕووگەلیش بناسێ؛ پێن وترا: ئێوەش وەرن لە ڕێی خودا خەزا بکەن، یان ببنە هێزی بەرگری. گوتیان: ئەگەر بنزانیبا شەڕوو بەسەردا سەپاوە، دیارە وەدووتان دەکەوتین. ئەوێ ڕۆژێ لە بێ دینی نزیکتر بوون تا لە باوەڕی بە خودا. ئەو شتانەی بە دەم دەیڵێن، ئەوە نییە کە ڕازە و لە دڵیاندایە؛ خوا لەوەی دەیشارنەوە ئاگادارترە.
(١٦٨) ئەوانەی کە خۆیان نەچووبوونە خەزا، لەمەڕ هاوەڵانیان دەگوت: ئەگەر بە قسەیان کردباین نەدەکوژران. بێژە: سا ئەگەر ڕاست دەکەن، خۆ لە مردن بپارێزن.
(١٦٩) ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێ بەمردوویان حیساب بکەن؛ هەر زیندوون و خودا بژیویان دەداتێ؛
(١٧٠) دڵیان خۆشە بەو چاکەیە کە خودا دەربارەی کردوون. شادن بەوەش کە ئەوانەی وا نەگەیشتوونە ئەمان و بە جێ ماون، هیچ ترسێکیان لە سەر نابێ و هیچ خەمێکیان لە بەر نابێ.
(١٧١) دڵیان خۆشە بە نیعمەتی خودا و زیادە بە شانەی ئەو. بەوەش کە خوا پاداشی باوەڕدارەکان وندا ناکا.

(١٧٢) ئەو کەسانەی کە لە پاش بریندار بوونیش فەرمانی خوا و پێغەمبەریان بەجێ هێنا، بۆ ئەوانیانە وا کاری چاکیان کرد و لە خوا ترسان، پاداشێکی گەورە هەیە.
(١٧٣) ئەو کەسانەی پێیان وتن: گەلە کۆمەگیو لێ کراوە و بەپانەوە دێنە سەرتان، ئەشێ ترسوو لێیان هەبێ؛ باوەڕیان بەهێزتر بووە و گوتیان: ئێمە هەر خودامان بێ بەسمانە و چاکترین پشت و پەنامان تەنیا ئەوە.
(١٧٤) هاوڕێ دەگەڵ نیعمەت و چاکەی خودادا - بێ ئەوەی تووشی زیان بن - گەڕانەوە و هەڵوەدای ڕەزای خودا بوون؛ هەر خوداشە چاکەی گرینگی بە دەستە.
(١٧٥) لە ڕاستیدا ئەوە شەیتانەڤو [گەرەکیە ئێوە] لە هاودەستانی خۆی بترسێنێ. ئێوە لەوان ترسوو نەبێ و ئەگەر پرواداربن دەبێ هەر تەنیا لە من بترسن.
(١٧٦) بەوانە نیگەران مەبە کە بە پەلە لە دژی دین تێ دەکۆشن؛ ناتوانن هیچ زیانێکی لە خوا بدەن. خوا دەیەوێ کە ئەوانە لەو دنیا بەشێکیان نەبێ و تووشی ئازاری دژوار بن.
(١٧٧) ئەو کەسانەی لەباتی پروا بە خودا، بێ پروایی هەڵدەبژێرن، هیچ زیان لە خوا نادەن و جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.
(١٧٨) با ئەوانەی خوانەناسن وا بیر نەبەن ئەو مۆڵەتەی دەیاندەینێ چاکە بۆیان؛ هەر بۆیە مۆڵەتیان دەدەین تا تاوانیان فرەوە بێ. ئازارێکی ئاوڕووبەریش بەشیان دەبێ.
(١٧٩) خوا هیچ کاتێ باوەڕدارانی لە بارودۆخێکا - وا ئێوە هەن - نەهێشتۆتەوە؛ مەگەر لە بەر ئەوەی ناپاکان لە پاکان هەڵاوێرێ. خودا ئێوە لە پێوار ئاگادار ناکا؛ بەڵام خودا لە ناو پێغەمبەرانیدا، کێی بووێ هەڵی دەبژێرێ. دەبێ ئێوە پرواو بە خوا و بە پێغەمبەرەکانی بێ و ئەگەر ئەو باوەڕەو هێنا و خۆشتان پاراست، پاداشێکی یەکجار گرینگوو پێ دەدرێ.
(١٨٠) ئەوانەی چنۆکی دەکەن لەو بەشەی خودا پێی داون، خەیال نەکەن ئەم کارە بۆ وان قازانجە؛ بەڵکوو بۆ خۆیان خراپە. ڕۆژی قیامەت دەبێتە تۆق دەملیاندا و [با بزانن کە] ئاسمانان و زەمینیش هەر بۆ خودا دەمێنێتەوە و خودا لە هەر کارێ دەیکەن، ئاگادارە.
(١٨١) خودا وتەی ئەوانەی بیست کە دەیان گوت: خوا هەژارە و ئێمە دارایین. وا ئێمە ئەم گفتەیان و بە ناحەق کوشتنی پێغەمبەرانیان بۆ تۆمار دەکەین و پێیان ئێژین: سا بچێژن دەردی بە ئاگر سووتانێ؛
(١٨٢) چونکە ئێوە ئەو جۆرە کارانەو دەکرد؛ خودا هەرگیز غەدر لە عەبدی خۆی ناکا.
(١٨٣) ئەوی گوتیان: «لە خواوە پێن سپێراوە کە باوەڕی بە هیچ پێغەمبەرێک نەکەین، مەگین ئەوەی بە حەیوانێ قوربانییەوە بێتە لامان، ئاگر بیخوا»، بێژە: ئەگەر قسەو ڕاستە، ئەدی بۆچی پێغەمبەرەکانی پێش من چەند نیشانەی ئاشکراشیان بۆ هێنان و ئەوەی ئێستاش ئێوە داوای دەکەن کردیان، کەچی ئێوە کوشتووتانن؟
(١٨٤) هەروەک پروا بە تۆ ناکەن، لە پێغەمبەرانی پێش تۆش حاشایان کرد. هەرچەند بە بەڵگەی ئاشکرا و نوسراوگەل و کتێبی دیاری دەرەوە هاتنە لایان.

(١٨٥) هەموو کەسێک تامی مردنێ دەچێژێ؛ ڕۆژی سەڵاش هەقی خۆتان دەنێنە مشت. کێ لە ئاگر کلاکرێ و ببرێتەوە نێو بەهەشتەوە، دەیباتەوە و بەختەوەرە. ئەم ژیانەی سەر دنیا بنەمای فریوە.
(١٨٦) ئێوە لە گیان و دارایی بەر تاقیکاری دەکەون و لەوانەی ئەهلی کتێبن و لەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دادەنێن، زۆر قسەی ناخۆش دەبیسن و ئازاری زۆریشتان دەدەن. جا ئەگەر خۆراگر بن و لە ناڕەوا بە پارێز بن، کارێ جامێرانە دەکەن.
(١٨٧) ئەوسا خودا بەڵێنی لەو کەسان ساند کە کتێبیان بۆ هاتووە، بە مەردمی ڕاگەیێنن و نەیشارنەوە؛ کەچی ئەوان لە پەیمان پاشگەز بوونەوە و بە نرخێکی کەمیان فرۆت؛ ئای کە سەودای خراپیان کرد.
(١٨٨) قەت وا مەزانە ئەوانەی دڵ خۆش ئەکەن بە کارێ کردوویانە و پێیان خۆشە بۆ کارێ کە نەیانکردووە تاریف بکرێن، لە جەزرەبە ڕزگار دەبن؛ جەزرەبەی بەژان بۆ وانە.
(١٨٩) لە عاسمانەکان و زەمیندا فەرمان، فەرمانی خودایە و خودا بە سەر هەموو شتدا توانای هەیە.
(١٩٠) لە ئافراندنی ئاسمانان و لە زەمیندا و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژان، زۆر نیشانەی پتەو هەیە بۆ ئەوانەی کە خێوی دڵی وشیارن.
(١٩١) ئەوانەی - چ بە وێستاوی و چ لەجێوە، بە دانیشتن، چ لە سەر تەنیشت ڕادەزێن - هەر یادی خودا دەکەن و لە سازدانی ئەم عاسمانان و زەمینە ڕادەمێنن، دەڵێن: ئەی پەروەرندەمان! تۆ ئەم دەزگایەت بە فیڕۆ ساز نەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە؛ هەر بۆ خۆشت لە ئازاری بە ئاگرمان بپارێزە.
(١٩٢) پەروەرێنمان! هەر کەس تۆ بیخەیتە ئاگر، تووشی شوورەییت کردووە. ئەوانەی ناهەقیکارن، هیچ کەس دەهانایان نایە.
(١٩٣) پەروەرێنمان! ئێمە بیستمان بانگ ڕایەڵێک گازی دەکرد کە باوەڕی بە پەروەرندەتان بێنین. ئێمەش باوەڕیمان هێنا؛ سا بۆ خۆت ئەی پەروەرێنمان! لە گوناهانمان خۆش ببە و هەر خراپەی کردوومانە، وەیکوژێنە و دەگەڵ ئەوانەی پیاوچاکن بن مرێنە.
(١٩٤) پەروەرێنمان! ئەو شتانەش بە ئێمە ڕەوا ببینە کە لە زوان پێغەمبەرانتەوە بەڵێنت پێمان داوە؛ شەرمەزاری ڕۆژی قیامەتمان مەکە. تۆ لە هەر پەیمانێ بیدەی لاریت نییە.
(١٩٥) پەروەرێنیان ئاوا بە دەنگیانەوە هات، کە: من کردەی هیچ مرۆیەک - لە نێر و مێ - بە بێ پاداش ناهێڵمەوە؛ گشتوو لە لای من چون یەکن. ئەو کەسانەی لە زێدی خۆ دەرکراون و لە ڕای من ئازاریان دیوە و چوونە خەزا و دژی منیان کوشتبێ یان بە کوشت چووبن، بێ گومانە گوناهیان دەکوژێنمەوە و لە پاداشی کردەوەیان دەیانخەمە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا؛ کە ئەمە چاکەی خودایە دەربارەیان؛ کە پاداشی هەرەباشیش وا لای خوایە.
(١٩٦) هات و چوون و گڕوفڕی خوانەناسان لە وڵاتان، نەچێ هەڵت خەڵەتێنێ.
(١٩٧) ڕابواردنێکی هندکە و پاشان شوێنیان جەحەندەمە و جێیان گەلێک بێ زەلەتە.

(١٩٨) بەڵام ئەوانەی وا ترسیان لە پەروەرندەی خۆیانە، باغاتێکیان دەبێ جۆباریان بە بەردا دەڕوا و تا سەر تیا دەبن و میواندارى لاى خودایە. ئەوەی کە لە خواوە دەدرێ هەر بۆ پیاوچاکان ڕەوایە.
(١٩٩) لە ناو ئەهلی کتێبیش کەسانی وا هەن کە پڕوای بە خودا هەیە و بەو قورئانەی کە بۆ ئێوە هاتەخوار و بەو کتێبەی کە بۆ خۆیان ناردراوە، خاکەڕان لە هەمبەر خودا و بەڵگە و نیشانەکانی خوا بە نرخی کەم سەودا ناکەن؛ ئەوانە پەروەرندەیان پاداشی کاریان دەداتێ. خودا زۆر زوو بە کاری هەر کەس ڕادەگا.
(٢٠٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خۆڕاگر بن، لە خۆڕاگریشا هەر لە پێشەوە بن. بۆ پاراستنی سنوورگەل هەمیشە ساز و تەیار بن. لە خواش ترسوو هەبێ، بەشکەم ڕزگار ببن.

نیساء

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی خەڵکینە! لە پەروەرندەکەی خۆتان ترسوو هەبێ، کە هەر ئەوە ئێوەی هەر لە یەک کەسەوە خستۆتەوە و جووتەکەشی هەر لەو کەسە خستۆتەوە و لەو دووانەوە پیاوی زۆر و ژنی زۆری وەدی هێنا. لەو خودایە ترسوو هەبێ؛ بە ناوی ئەو، ئێوە یەکتری سوێند دەدەن؛ ئاگاو لە خزمانیش هەبێ. خوا هەمیشە چاوێرە بەسەرتانەوە.
(٢) ماڵی هەتیو بدەنەوە بە هەتیوان. ناپاک بە پاک مەگۆڕنەوە و ماڵی ئەوان تێکەڵ ماڵی خۆتان مەکەن؛ کە تاوانێکی مەزنە.
(٣) ئەگەر لەمەڕ کیژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترسان کە نەتوانن بە تەرزێکی حەق و ڕەوا دەگەڵیان بجووڵێنەوە، دەتوانن وازیان لێ بێنن و ژنانی تر - چەندی خۆتان پێتان باشە و پێتان دەشێن - مارە بکەن؛ دووان بن یان سییان پێکەوە، یا چواریش بن هەر ڕەوایە. ئەگەر ترسان کە نەتوانن ژنەکانتان وەکوو یەک تماشا بکەن، با یەکێک بێ وەل ئەوانە ڕابووێرن کە بوونەتە موڵکی خۆتان. بۆ خۆ لە غەدر پاراستن، ئەمە کارێ پەسندە.
(٤) وەک پێشکەشێک مارەییی ژنەکان بدەن. ئەگەر ئەوان هەر بۆ خۆیان شتێکیان لە مارەیییەکە بەنگۆ بەخشی، بیخۆن و نۆشی گیانوو بێ.
(٥) ماڵی خۆتان - کە خوا کردوویەتە مایەی گوزەرانتان - مەدەنە دەست کەمئاوەزان؛ [بەڵام] جلک و بژیویان لە ماڵی خۆتان دابین کەن و بە ڕووی خۆشەوە بیاندوێنن.
(٦) هەتیوان تاقی کەنەوە تا دەبنە گەنجێ ڕەسیدە؛ جا ئەر دیتان خاس و خراپ لە یەکتر جوێ دەکەنەوە، ئەوسا ماڵیان بدەنەوە. لە ترسی ئەوەشدا نەوا گەورە ببن - بەدەر لە ئەندازە و بەلەز - ماڵیان مەخۆن. کێ زەنگینە خۆ پارێزێ، کێش نەدارە، هەر ئەوەندەی کە پێویستیی ژیانیەتی - بە دابی ڕۆژ - لێی هەڵگرێ. هەرکاتێکیش ماڵەکەیان دەدەنەوە، با شایەت ئاگایان لێ بێ. بۆ لێ پرسینەوەش هەر خودا بەسە.

(٧) له كەلەپووری دای و باب و خزمی نزیک - كەم بێ یان زۆر - نێرینه بەشی خۆی هەیه و مێوینەش تیا بەشداره و بەشیان بۆ بڕیار دراوه.
(٨) گەر له وەختی دابەشینی كەلەپووردا، كەسوكار و هەتیوان و بێنەوایان لەوێ هەبوون، لەو ماڵه شتێكیان دەنێ و به ڕووی خۆشەوه بیاندوێنن.
(٩) ئەو كەسانەی لەپاش خۆیان منداڵانی سەروپێچكەی بێدەستەڵات بەجێ دێڵن، با له وەسیەت كردنێدا، ترسی خوایان له دڵدا بێ و شتێكی وا لەپاش خۆیان ڕاسپێرن، هیچ ناهەقیی تێدا نەبێ.
(١٠) ئەو كەسانەی به ناڕەوا داراییی هەتیوان دەخۆن با بزانن كه ئاگرێ دەخەنه هەناویانەوه و تووشی ئاگرێكی به هەڵپه و گڕ دەبن.
(١١) خودا پێو ڕادەگەیێنێ: كەلەپوورتان با بۆ نێرینه دوو بەش و بۆ مێوینه نیوەی بەشی نێرینه بێ. گەر ژمارەی مێوینه له دووان پتر بوون، دوو بەش له سێ بەشی میراتەكه ئەبەن. ئەگەر مێوینه یەكێ بوو، نیوەی كەلەپوور بۆ ئەمە. ئەگەر مردوو عەولادی لەپاش بەجێ ما، دای و بابی، هەركامێكیان شەش یەكیان لەو ماڵه هەیه. ئەگەر هیچ فرزەندی نییه و دای و بابی دەبێ میراتەكه بگرن، له سێ كوت، كوتێک بۆ دایكه. ئەگەر مردوو برا و خوشكی بەجێ هێشتوون، پاش دانەوەی قەرزوقۆڵه و پێكهێنانی وەسیەتەكه، دایک شەش یەكی پێ دەبڕێ. ئێوه نازانن له بابان و فرزەندانوو كامیان بۆ بەهره پێدانوو نزیكترن. بڕیارێكه له خواوه بۆو داندراوه. خودا زانای لەكارزانه.
(١٢) لەو میراتەی له ژنانوو بەجێ دەمێنێ - ئەگەر هیچ فرزەندیان نەبوو - له دوو بەش بەشێكتان هەیه. ئەگەر عەولادیشیان هەبوو، ئێوه چوار یەكوو پێ دەبڕێ؛ پاش دانەوەی قەرزوقۆڵه و وەسیەتێ كه كردوویانه. ئەگەر ئێوه مردن و عەولادوو نەبوو، ژنەكانوو چوار یەكی میراتوو دەگرن. ئەگەر عەولادیشتان هەبوو، ژنتان هەشت یەكیان پێ دەبڕێ؛ پاش پێكهێنانی وەسیەتتان و دانەوەی قەرزوقۆڵه. ئەگەر پیاوێ یاكوو ژنێ مرد و باب و فرزەندی لێ بەجێ نەما و برایەک یا خوشكێكی بوو، هەریەک لەوان شەش یەكی كەلەپووری هەس. ئەگەر له یەكێک پتر بوون، به هەموویان سێ یەكی كەلەپوور دەگا؛ پاش پێكهێنانی وەسیەت و دانەوەی قەرز. ناشێ وەسیەت به جۆرێک بێ كه به ئانقەست به زەرەری كەلەپوورگران تەواو بێ. ئەم بڕیاره له خوداوەیه و خوداش بۆ خۆی ئاگادار و لەسەرخۆیه.
(١٣) ئەم دەستوورانه سنوورن، خوا دایناوه. هەركەسێكی به فەرمانی خودا و پێغەمبەرەكەی بێ، دەینێرێته ناو باغاتێک جۆباریان به بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن و لەوپەڕی بەختەوەریدان.
(١٤) هەر كەسێكیش له فەرمانی خوا و پێغەمبەرەكەی دەرچێ و سنووری خوا به هیچ بگرێ، دەیخاته دووږ ئاگرەوه و هەتا سەر هەر لەوێ دەبێ و بەوپەڕی سووكایەتییەوه ئازار دەدرێ.
(١٥) هەر ژنێكتان كه هەستوو كرد نامۆیان به خۆ ڤێر دەكەن، چوار كەسی خاوەن باوەڕیان بەرنه سەرێ - لەو عانەدا كه لێک جووت بوون - وەختێ ئەوان هاتن شایەتییان لەسەر دان، هەر له ماڵدا قەتیسیان كەن تا به مردن لەناو دەچن، یان تا خودا دەرەتانیان نیشان دەدا.

(١٦) ئەو جووتەی لە ئێوە ئەو کارە دەکەن، ئازاریان دەن. ئەگەر پەشیمان بوونەوە و دەستیان هەڵگرت و ڕێی چاکەیان گرتە بەر، ئێوە دەستیان لێ هەڵگرن. خوا لە پەژیوان دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٧) خودا تۆبە هەر لەوانە قبووڵ دەکا کە لە ڕووی نەزانینەوە خراپەیان لێ ڕوو دەدا و گورجێ پەژیوان دەبنەوە. خودا زانای لەکارزانە.
(١٨) ئیتر پەژیوان بوونەوەی ئەوانە هیچ بەهرەی نییە کە لە وەختی گیانەڵاودا دەڵێن: ئێمە پەژیوانین. پەژیوانیی ئەوانەشی قبووڵ نییە کە بە خوانەناسی دەمرن. ئێمە بۆ وان ئازارێکی زۆر بەژانمان ساز کردووە.
(١٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆتان ڕەوا نییە ژنان بە زۆرداری بکەنە ماڵی میراتی. نابێ زۆریشیان بۆ بێنن پرێک لەوەی پێتان داون دیسان لێیان بستێننەوە؛ جا مەگین هەر بە ئاشکرا کاری بێناموسی بکەن. بە تەرزێکی جوان و ڕەوا، دەگەڵیانا بجووڵنەوە. ئەگەر خۆشتان نەهات لێیان، شتی وا هەن حەزی لێ نەکەن و چاکەی زۆری لە خواوە بۆنگۆ تێدا بێ.
(٢٠) ئەگەر ویستوو ژنی خۆتان بە ژنێکی دیکە وەگۆڕن، ئەگەر بە ژنەکەی پێشووتان کلوورێک دراوتان دابێ، نابێ لێیان بستێننەوە. گەرەکتانە بە بوختان و بە خۆ تووشی گوناحی ئاشکرا کردن بیستێننەوە!؟
(٢١) جا چۆنیان لێ دەستێننەوە، کە ئێوە بەیەکەوە بوون و هەر لە جێوبانێکدا خەوتوون؛ خۆشیتان لە یەکتر دیوە و ئەوان پەیمانی پتەویان دەگەڵ ئێوەدا بەستووە!؟
(٢٢) ژنانێک مەخوازن کە باوانی ئێوە خواستوویانن، مەگەر ئەوەی کە بووریوە. چونکە سەرجێی ئەمانە بە داوێنپیسی دادەندرێ و زۆر شوورەییە و ڕێبازێکی زۆر خراپە.
(٢٣) ئەو ژنانەی پێو ناشێن و لەسەرتان حەرام کراون، بریەتین لە: دایک و کچ و خوشک و پلک و خاڵتیک و کچی برا و کچی خوشک و ئەو ژنانەی بە ساوایی شیری ئەمانوو خواردووە و ئەو کیژەی هاوشیرتان بووە و خەسووتان و ئەو کیژانەی خۆتان بە خودانوو کردوون و لەو ژنانەن کە ئێوە دەگەڵیان خەوتوون؛ ئەگەر دەگەڵیان نەخەوتوون قەیدی نییە. هەروەها ژنی کوریشتان؛ کە بە ڕاستی ئەو کوڕە هەر لە خۆتان بێ؛ دوو خوشکیش پێکەوە هێنان ڕەوا نییە؛ جا مەگین هەر لە پێشوودا ئەم کارەو بەسەر هاتبێ. کە خوا لە هەڵە دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٢٤) ژنی بەشووتان پێ ناشێ؛ مەگین ئەوانەی بوونەتە ماڵی خۆتان. لە خوداوە ئەم بڕیارەو بۆ نووسراوە. جیا لەمە ڕێو دراوە بە دراوی خۆتان ژن بێنن؛ بەڵام بە پاکی بێ، نە بە داوێنپیسی. لە بەرانبەر ئەو لەزەتەی لە ژنەکانی دەبینن، ئەو ماڵەی خودا بۆیانی بڕیار داوە و کرای خۆیانە لەسەرتان، ئێوە بیدەن. ئەگەر لەپاش دیاریکردنی مارەیی، لە نێو خۆتاندا پێک هاتن، هیچ گوناهێکوو ناگاتێ و خودا زانای لەکارزانە.
(٢٥) کێش دەستەنگە و ئەو ماڵەی بۆ هەڵناسوورێ کە ژنی خاوەن باوەڕی ئازاد بێنێ، با لەو کیژە باوەڕدارانە وا بوونەتە ئی خۆتان، مارە بکا. خوداش لە هەر کەس زیاتر لە بڕواتان ئاگادارە. هەمووتان تیرەی یەکترن؛ بە دەستووری خاوەنیان مارەیان بکەن. چۆن باوە لە ناو خۆتاندا مارەییان بۆ ببڕنەوە. ئەوانیش با کەنیزانێ داوێنپاک بن، نە داوێنتەر؛ لە ژێرەوە دۆستی نێرینەیان نەبێ. بەڵام ئەگەر لەپاش ئەوەی هاتنە بەر ڕکێفی ئێوە، دەستیان دەگەڵ پیاوی نامەحرەم تێکەڵ کرد،

ئازاردانیان نیوەی ئەو ژنانە دەبێ کە شوویان هەیە و ئازادن. ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە ڕەبەنی ئازاریان دەدا. ئەگەر ئێوە خۆڕاگر بن، بێگومان بۆتان باشترە. خودا لە هەڵە دەبووڕێ و دلۆڤانە.
(٢٦) خوا گەرەکیە ڕێتان بۆ ڕوون بکاتەوە و لە ڕێوشوێنی پێشینییانیش شارەزاو کا و پەژیوانیو لێ قبووڵ کا. خودا زانای لەکارزانە.
(٢٧) خودا دەیەوێ تۆبەتان لێ قبووڵ کا. ئەوانەش وا ئەکەونە شوێن هەوا و هەوەس، دەیانەوێ - بە تەواوی - ئێوە لە ڕێگە لا بدەن.
(٢٨) خوا گەرەکیە ئەرکتان لەسەر سووک بکا و مرۆش بێ هێز و پێزی دروست بووە.
(٢٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ماڵ و دارایی یەکتری - لە خوتوخۆڕایی - مەخۆن؛ مەگین بە سەودا و مامڵە و بە ڕازی بوون لە ناو خۆتان؛ کە ئەوسا پێتان ڕەوایە. بەهەق نەبێ، نابێ یەکتریش بکوژن. خودا دەربارەی هەمووتان دلۆڤانە.
(٣٠) هەرکەسێکیش لە ناهەق و هەر بە نیازی دەسدرێژی ئەم جۆرە کارانە بکا، گرفتاری ئاری دەکەین. ئەم کارە لەلایەن خودا زۆر هاسانە.
(٣١) ئەگەر ئێوە ئەو تاوانە زەلامانەی پێمان ڕاگەیاندوون نەیکەن و خۆتان دوورەپەرێز بگرن، هەڵە و پەڵەی دیکەتان لەسەر لا دەبەین و دەتانبەینە شوێنێکی بەقەدر و عیزەت.
(٣٢) نابێ ئاوات بەو شتانە بخوازن کە خودا بەوانە هێندێک لەنگۆی بەرانبەر بە هێندێکی تر سەر خستووە. پیاوان بەپێی کردەوە و کۆششی خۆیان، ژنەکانیش بەرانبەر بە کردەوەیان [هەر کام] بەشی خۆیان هەیە. ئێوە دەبێ هەر لەبەر خودا وەپاڕێن، چاکەتان دەربارە بکا. خودا بۆ خۆی لە هەموو شت ئاگادارە.
(٣٣) دای و باب و خزمە زۆر نزیکەکان و ئەو کەسانەی پەیمانوو دەگەڵ گرێ دان، هەرگا مردن و ماڵێکیان لە دووا مابوو، با بەشی خۆیان پێ بگا. خودا لەسەر هەموو شتی ئاگادارە.
(٣٤) پیاوان بەسەر ژناندا دەستەڵاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێچوونی ماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێبیسن و - وەک خودا فەرمانی داوە - دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن و جێگەیان لێ جیا کەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانووی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خوا جێ بەرز و زانایە.
(٣٥) ئەگەر ترسان کە ژن و شوو لێک دوودڵن و وێک هەڵناکەن، کەیخودایەک لە کەسوکاری پیاوەکە و کەسوکارێکی ژنەکە بڵا بینە ناوبژیکەر؛ هەرگا هەردووک لا ڕازی بوون پێک بێنەوە، خوا پێکیان دێنێتەوە، خودا زانا و ئاگادارە.
(٣٦) عەبدایەتیی خوا بکەن و هیچ شت مەکەن بە شەریکی. دەربارەی دای و بابتان و خزمەکان و هەتیوان و هەژاران و هاوسای دیوار بە دیوار و هاوسای دوور و هەواڵی هەمیشەییتان، ئەوانەی لە ڕێدا ماون و ئەوانەی بوونەتە موڵکتان، تا دەتوانن چاکە بکەن. ئەو کەسانەی لووت بڵند و خۆپەسندن، خودا هیچکامی خۆش ناوێن.

(٣٧) ئەو کەسانەی چکووسی دەکەنە پیشە و خەڵکیش بۆ ڕژدی هان دەدەن، ئەو بەشەی خودا پێی داون دەیشێرنەوە. [با بزانن کە] ئێمە بۆ پێنەزانان ئازاری ئاپڕووبەرمان ئامادەیە.
(٣٨) ئەو کەسانەش کە بۆ ڕووبینی لە مەردم، ماڵی خۆ بەخت دەکەن و باوەڕیشیان بە خوا و ڕۆژی قیامەت نییە، [هەواڵەتیی شەیتان دەکەن]؛ هەر کەسیش شەیتان یاری بێ، خراپترین یاری هەیە.
(٣٩) چییان لێدەهات ئەمانە، باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی سەڵا و ئەوسا لەو ماڵەی کە خودا بەشی داون، بیانبەخشیبا؟ خوا بە کاروباری ئەوان باش دەزانێ.
(٤٠) خوا بە سەنگی مێروولەی زەردی وردیلەش ناهەقی لە هیچکەس ناکا؛ بەڵام هەمبەر بە هەر چاکەیەکی بیکەن، دوو ئەوەندە پاداش دەدا و سەرەڕای ئەو پاداش دانەش خەڵاتی گرینگیان هەیە.
(٤١) دەبێ چۆن بێ ئەگەر ئێمە لە هەر کۆمەڵێ هاوئایین یەکێکمان لێ هەڵبژاردن کە ببنە شایەت لەسەریان؟ تۆشمان کردە شایەتێک لەسەر ئەمانە.
(٤٢) ئەوێ ڕۆژێ ئەو کەسانەی لە ڕێی خودا کلا بوون و بە قسەی پێغەمبەریان نەکرد، حەزێ دەکەن ڕێکی ڕووکاری زەوی بان؛ ناشتوانن هیچ قسەیێک لە خودا وەشێرن.
(٤٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەسەرخۆشی لە نوێژێ نزیک مەبنەوە، هەتا تێبگەن دەڵێن چی. بە لەشپیسیش نوێژێ مەکەن - مەگین وەختێ ڕاگوزەر بن - تا کاتێ کە خۆ دەشۆرن ن ئەگەر - دنیابوو - نەخۆش بوون یان ڕێبوار بوون یان یەکێکتان لە سەر پێشاوێ هاتەوە یان تخونی ژنان کەوتن و دەستوو بە ئاو ڕانەگەیشت، خۆڵێکی پاک پەیدا کەن و ڕووخسار و دەستەکانتانی پێ بهەنوون. خودا چاوپۆشیو لێدەکا و لێو دەبووری.
(٤٤) ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە کە بەشێک لە کتێبی خودایان پێدراوە، چۆن ڕێ لە خۆ هەڵە دەکەن، دەشیانەوێ ئێوەش لە ڕێگە لا بدەن؟
(٤٥) خودا دوژمنانی ئێوە لە خۆتان باشتر دەناسێ، ئێوە هەر خودا یاریدەرتان بێ، بەسە.
(٤٦) هێندێ کەس لە جوولەکەکان، وتاری خوا دەگۆڕن و قسەی تری دەخەنە جێ. بە تۆش دەڵێن: بیستمان و گوێمان نەدا؛ تۆش ببیسە: دەک قەت گوێت لە ئێمە نەبێ! زمانیان دەلالچ دەگرن و تانە لە دینت دەدەن و بە تەشەر ئێژن: «ڕاعنا». ئەگەر ئەمان بیانگوتایە: بیستمان و بە قسەت دەکەین و لێمان بیستی و دەبێ چاوێکت لێمان بێ، بۆیان چاکتر و ڕاستتر بوو. بەڵام خودا لە سەر ئەو ڕێ گۆڕینەیان نەفرینی خۆی لێ کردوون و لەوانە - کەمێکیان نەبێ - نایانەوێ پڕوا بێنن.
(٤٧) ئەی ئەوانەی لە پێشوودا کتێبی خوداو بۆ هاتبوو! پڕوا بێنن بەمەی ئێمە ناردوومانەتە خوارەوە؛ کە پڕوای بەوانەش هەیە وان لە کتێبەکەی ئێوەدا. بەر لەوەی دەموچاوگەلێ ساف بکەین و وەکی پشتی سەریان لێ کەین، ئێوەش هەروەک ئەوانەی شەمۆیان شکاند، بەر نەحلەتی ئێمە کەون و خوا بە هەرچی فەرمان بدا هەر وەدی دێ.
(٤٨) خودا لەوانە خۆش نابێ کە بێژن هاوکاری هەیە. لەمە بەدەر هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ، لێی دەبووری. ئەو کەسانەی دەڵێن: خوا هاوکاری هەیە، بوختانێکی گەورەیان لە دەم دەردەچێ و تاوانێکی مەزن دەکەن.

(٤٩) تۆ لەوانەت نەڕوانیوە کە هەر خۆیان پاکانە بۆ خۆیان دەکەن؟ نازانن پاکانەی هەر کەس بە خودایە و هەر خودایە کە بە قەد هەودای باریکی ناوکەخورماش ناهەقی لە هیچ کەس ناکا.
(٥٠) دەڕوانە درۆی چلۆن بە دەم خواوە هەڵدەبەستن؛ تاوان لەمە ئاشکراتر [نەبووە و] نابێ.
(٥١) ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە، کە وا بەشێک لە کتێبیان پێدراوە و بە بت و تاغووتێ پڕوایان هێناوە؟ ئێژن: ڕێ خوانەناسەکان لە ڕێگەی پڕوادارەکان سەرڕاسترە!؟
(٥٢) ئەوانە وەبەر نەحلەتی خودا کەوتوون؛ هەرکێ خوا نەحلەتی لێ بکا، هیچ کەسێ دەهانای نایە.
(٥٣) ئاخۆ ئەمان بەشیان بەو موڵکەوە هەیە؟ ئەگەر بیشیانبێ، ئەوەندەی تێکولی دەنکە خورمایەک بەهرەیان بۆ مەردم نییە.
(٥٤) یان ئەوانە ئێرەیی بەمانە دەبەن کە خوا چاکەی دەگەڵ کردوون؟ خۆ دیاریشە ئێمە بە بەرەی ئیبراهیم کتێب و کارزانیمان داو دەستەڵاتێکی گەورەشمان پێ سپاردن.
(٥٥) پڕێک پڕوایان پێ هێنا و پڕێکتر ڕوویان وەرگێڕا؛ کە ئەوانە کڵی جەهەندەم [بەشیانە] بەسیشیانە.
(٥٦) ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی ئێمە حاشادەکەن، لە دواڕۆژدا بە ئاگر دەیان سووتێنین هەتا پێستیان داپلۆخا، پێستی تریان بۆ دەگۆڕین تا ئازار پتر بچێژن. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٥٧) ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەنی پڕوا و ئاکاری چاک ڕەچاو دەکەن، دەیانبەینە باغاتی وا جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن؛ ژنانی پاک لە گش عەیب و سێبەری پڕیان دەدەینێ.
(٥٨) خودا فەرمانوو پێدەدا، هەرچی ماڵی ئامانەتە بیاندەنەوە بە خاوەنیان؛ هەرگایەکیش بەکاری مەردم ڕادەگەن، بێ لاگری و بە یەکسانی پێ ڕابگەن. خودا زۆر باش ئامۆژگاریتان بۆ دەکا. خودا هەموو شتێک دەبیسێ و هەموو شتێکیش دەبینێ.
(٥٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا و کاربەدەستانی خۆتان بن. هەرکاتێکیش لە سەر شتێ لە نێو خۆدا پێک نەهاتن، ئەگەر پڕواتان بەخودا و بەڕۆژی قیامەتێ هەیە، کێشەی خۆتان حەواڵەی خوا و پێغەمبەری خودا بکەن. ئەم کارە بۆتان باشترە و ئاکامی چاکتری هەیە.
(٦٠) ئەدی ئەوانەت نەدیوە، وا خۆیان هەڵخستۆتەوە، بەو قورعانەی بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە و بەو کتێبەش کە بەر لە تۆ ناردراوە، پڕوا دەکەن؛ دەشیانەوێ کێشەیان بەرنە لای تاغووت؛ فەرمانیشیان پێدراوە: حاشای لێکەن. دیارە شەیتان وای گەرەکە بە یەکجاری لە ڕێگەیان هەڵە بکا.
(٦١) ئەگەر بێتوو پێتان بڵێن: وەرنە لای ئەم قورعانەوە کە خوا ناردوویەتە خوارێ و وەرنە لای ئەم پێغەمبەرە، دوورازەکان دەبینی کە زۆر بەتوندی ڕوویان لە تۆ وەردەگێڕن.
(٦٢) ئەدی چۆنە ئەوانە لە سەر کارێ خۆیان دەیکەن، هەرگا تووشی بەڵایەک بوون، دێنە لات و بە خوا سوێن دەخۆن کە: ئێمە بە نیازی چاکە کردن و نێوان خۆشی ئەو ئاکارەمان ڕەچاو کرد؟

(٦٣) خوا دەزانێ ئەوانە چییان لە دڵدایە. ئەتۆ هەر وازیان لێ بێنە و نسحەتیان کە و تەرزێکی وایان بدوێنە، دڵیان بەرەو خۆت ڕاکێشی.
(٦٤) هەر کەسێکمان بە پێغەمبەری ناردووە، بۆیە بووە کە بەخەڵک ڕابگەیێنێ، بە ئیزنی خوا دەبێ فەرمانی قبووڵ کەن. جا ئەمانەش لەپاش ئەوەی کە ئەو غەدرەیان لە خۆ کرد، گەر بهاتبانەوە لای تۆ و داوای خودا لێ خۆشبوونیان بکردایە؛ تۆیەکیش کە پێغەمبەری، داوای لە گوناه بووردنت بۆ ئەوانە بکردبا، بێ گومان ئەوسا دەیاندی کە خوا پەژیوانیەکەیان قبووڵ دەکا و دلۆڤانە.
(٦٥) بەڵام نەخێر، سوێندەکە بە پەروەرندەی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگین وەختێ کە لە کێشە و هەرای نێوان خۆیانا بتکەنە قازی و لە دڵەوە بەهەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕەدایان بێ و بەتەواوی ملکەچی بن.
(٦٦) ئەگەر ئێمە بۆ ئەمانەمان نووسیبا، کوشتاری خۆبەخۆ بکەن یان لە وڵاتوو دەرکەون - کەمیان نەبێ - نەیاندەکرد. کەچی ئەگەر وەکوو نەسیحەتیان دەکرا کردبایان، بۆ ئەوان چاکی دەهێنا و باوەڕیشیان بە خودا پتەوتر دەبوو.
(٦٧) ئەوسا ئێمەش لە لایەنی خۆمانەوە پاداشێکی مەزنمان بەوان دەبەخشی.
(٦٨) واشمان دەکرد کە لە ڕێگەی ڕاستی ئێمەش شارەزابن.
(٦٩) هەر کەسێکی بە فەرمانی خودا و ئەم پێغەمبەرە بێ، دەبێتە هاوڕێی ئەوانەی خودا چاکەی دەگەڵ کردوون؛ لە ڕێزەی پێغەمبەران و خوداپەرستانی ڕاستی و شەهیدان و پیاوچاکەکان؛ چ هاوڕێیانێکی چاکیشن ئەمانە!
(٧٠) ئەم چاکەیە خودا دەربارەیان دەکا و خوایان بەسە کە بەکردەیان دەزانێ.
(٧١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەمیشە هۆشی خۆو هەبێ و ئامادە بن دەستە دەستە، یان پێکەوە و بە تێکڕایی، بچنە خەزا.
(٧٢) هێندێکی واتان دەناو دان کە لە ئانقەست خۆ وەدوا دەدا و ناگاتێ. ئەگەر ئەوسا ئێوە تووشی چۆرتمێک بن، ئێژێ: خودا منی بەچاکە خوێندەوە کە من دەگەڵیاندا نەبووم.
(٧٣) ئەگەر ئێوە لە سایەی چاکەی خوداوە دەسکەوتێ باشوو دەس کەوت، وەک کەسێکی کە دەپێشدا هەر یەکتروو نەناسیبێ و دۆستایەتییتان نەبووبێ، ئێژێ: خۆزی منیش ڕەگەڵیان کەوتبام؛ ئەوسا منیش لەو خێروبێرە گەورەیە بەشدار دەبووم.
(٧٤) با ئەوانەی بۆ قیامەتێ دەس لە دنیایە هەڵدەگرن، بچنە خەزا لە ڕای خوادا. ئەوەش کە دەچێتە خەزا لە ڕێی خودا، چ بکوژرێ و چ سەرکەوێ لەو دنیا پاداشێکی گەورەی دەدەینێ.
(٧٥) بۆچی ئێوە ناچنە خەزا لەڕای خودا و لە بەر هێز لێ گیراوەکان؟ لە بەر پیاوان و ژنان و منداڵانێ کە دەڵێن: ئەی پەروەرێنمان! لەم شارە وا خەڵکەکەی ناهەقیکارن، ڕزگارن کەو لە لای خۆتەوە یار و یاوەرێکما بۆ دیاری بکە!
(٧٦) ئەوانەی خاوەن باوەڕن، خەزا لەڕای خودا دەکەن. ئەوانەش کە خوانەناسن لە ڕێگەی تاغووت شەڕ دەکەن. دەسا ئێوە بچنە شەڕی ئەوانەی دۆستی شەیتانن، فێڵی شەیتان زەبوون و بێ هێز و پێزە.
(٧٧) ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە، پێیان گوترا: هەتا لە مەککەن شەڕ مەکەن؛ نوێژ بکەن و زەکات بدەن. کاتێ بیستیان خەزایان لە سەر نووسراوە و زانیان دەبێ بچنە شەڕێ، ئەوەندەیان لەو خەڵکەی کەدەچنە گژیان ترس ڕێ نیشت، کە لە خوداش هەر ئەوەندە ترساون و بگرە پتریش دەترسان؟ دەیانگوت: ئەی پەروەرێنمان!

بۆچی خەزات بۆ نووسیوین، چی دەبوو تا ماوەیەکی تر دوات خستبان؟ بێژە: ژیانی دنیایە کەم و کورتە و بۆ ئەوانەی کە ترسیان لە خودا هەیە، ژیانی ئەولا زۆر باشترە و بەقەد داوی زراوی ناو دەنکە خورما، کەس ناهەقی لێ ناکرێ.
(٧٨) لە هەر کوێ بن تەنانەت ئەگەر لە قەڵای زۆر قایمیش [خۆ وەشێرن]، مردن دەتاندۆزێتەوە. هەرگا چاکەیان دێتە ڕێ، ئێژن: ئەمە لە خواوەیە. ئەگەر تووشی ناخۆشیش بوون، ئێژن: ئەمە لە تۆڕا بوو. بێژە: خۆشی و ناخۆشی هەر بە دەس خوایە. ئەرێ ئەم مەردمە چییانە؟ وەکوو دەهیچ قسەیەک تێنەگەن وایە!
(٧٩) تووشی هەر چاکەیەک ببی، لە خواوەیە. نا لەباریشت بێتەڕێ، بزانە کە لە خۆت ڕایە. تۆمان کل کرد کە بە سەر ئەو مەردمەوە پێغەمبەر بێ. هێندەت بەسە کە خودا ئاگای لێت هەیە.
(٨٠) هەر کەسێکی بەر فەرمانی پێغەمبەرە، دیارە بەر فەرمانی خوایە؛ هەر کەسیش خۆی لێ ببوێرێ، ئێمە بۆیەمان تۆ نەنارد کە لەسەریان چاوەدێر بی.
(٨١) [لە ناویاندا کەسانێ هەن] ئێژن: ئێمە لە فەرمانی تۆ دەرناچین؛ بەڵام کە لێت دوور دەکەون - پێچەوانەی فەرمانی تۆ - شەوانە ڕاوێژێ دەکەن. هەر خەیاڵێ کە لەشەودا بەدڵیاندا ڕادەبوورێ، خوا دەینووسێ. تۆ ئەشێ وازیان لێ بێنی و خۆت هەر بە خودا بسپێری و کارسازت خودا بێ بەستە.
(٨٢) ئاخۆ ئەمانە لە قورئان وردنابنەوە و [سەرنجی ڕانەکێشاون]؟ ئەگەر قورئان کاری کەسێکی تر بووایە غەیرەز خودا، دیارە مەبەستی ناڕێک و دژیەکتریان فرە تێدا پەیدا دەکرد.
(٨٣) هەرگایەکی سەبارەت بە هێمنایەتی، یان مەترسی، دەنگ و باسێکیان پێدەگا، سەربەخۆ لە لای هەموو کەس دەیکەنە قاو. گەر هەر لە لای پێغەمبەر و کاربەدەستەکانی خۆیان بیانگوتایە، دەیانزانی ڕاستەقینەکەی کامەیە و ئەو جۆرە دەنگوباسانە لە کوێوە سەریان هەڵداوە. ئەگەر چاکە و بەزەیی خواتان نەبووایە، - کەمتان نەبێ - دەبوونە پەیرەوی شەیتان.
(٨٤) تۆ لەسەرتە لە ڕای خودا بچیە خەزا و تۆ هەر ئەرکی خۆت لەسەرە. دنەو هانەی باوەڕدارەکانیش بدە، شایەت خوا لە بەدفەڕی و زەبروزەنگی خوانەناسان بووپارێزێ. خودا لەوان بەگوڕتر و ئازاترە و لە بەڵا بەسەرهێنانیش لەوان بەدەست و بردترە.
(٨٥) هەرکێ بێتە تکاکار و تکای بۆ کاری چاکە بێ، خۆیشی بەشی تێدا هەیە. هەر کەسێکیش تکا بۆ خراپە بکا، ئەویش بەشی لە خراپەکە پێدەگا. خودا لە سەر هەموو شتێ توانایە.
(٨٦) هەر کەسێکی چاک و خۆشیتان لێدەکا، ئێوە چاکتر چاک و خۆشی دەگەڵ بکەن؛ یان وەکوو ئەو پرسقەکەی بدەنەوە. خوا بە هەموو شت ڕادەگا.
(٨٧) غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. لە ڕۆژی هەستانەوەدا - کە هاتنی بێ گومانە - لێکتروو کۆ دەکاتەوە. جا قسەی کێ لە قسەی خوا ڕاسترە؟
(٨٨) ئێوە چیتانە دەربارەی ئەو دووڕووانە، خۆتان کردۆتە دوو تاقم؟ لە بەر کارێ کردوویانە، بەراوەژووی کردوونەوە و [بە خوانەناسی داناون]. ئاخۆ ئێوە گەرەکتانە کەسێ خوا ڕێگەی لێ گوم کا، بیخەنەوە سەر ڕاستەڕێ؟ هەر کەسێ کە خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێ، تۆ ناتوانی ڕێگایەکی بۆ پەیدا کەی.
(٨٩) ئەو دووڕووانە - هەروەک خۆیان بێدینن - گەرەکیانە ئێوەش لە دینوو وەرگێڕن؛ ئەوسا وەکوو یەکتان لێ بێ. جا تا ئەوان لە ڕای خودا خۆیان دەربەدەر نەکەن و

وەلتان نەیێنە خەزایە، ئێوە دۆستایەتییان مەکەن. ئەگەر ئەم کارەشیان نەکرد، ئێوە لە هەر کوێ تووشیان بوون، ڕێی هەڵاتنیان مەدەنێ و فەراقی ڕەشیان لێ ببڕن. دەگەڵ هیچ کامیش لەوانە دۆستایەتیتان هەر نەبێ و یار و یاوەر لە نێویانا هەڵمەبژێرن.
(٩٠) مەگین ئەوانەی پەیمانیان دەگەڵ کەسانێکدا هەیە، کە ئەوانیش بوونە هاوپەیمانی ئێوە؛ یان ئەوانەی لە ناچاری هاتوونە بەر داڵدەی ئێوە و لەو ناوەدا دوودڵ ماون بە گژ ئێوەدا بچن یا تووشی خزم کوشتن بن. ئەگەر خودا مەیلی لێ با، هێندەی دەستەڵات پێدەدان کە بە گژتاندا بچنەوە و سەریش کەون. ئەگەر خۆیان لە ئێوە دوور خستۆتەوە و بە گژتاندا نەهاتوون و دەیانەوێ شەڕتان لە ناودا نەمێنێ، خودا ڕێگەی پێ نەداون کە ئێوە دەستیان بۆ بەرن.
(٩١) دەگەڵ گرۆیەکی تریشا ئێوە ڕووبەڕوو دەبن کە دەیانەوێ هەم لە ئێوە و هەم لەخزم و کەس و کاریان ئارخەیان بن؛ هەر وەختێکی ئەوان لێیان بگێڕنەوە، بێ سێ و دوو کردن دەچنە ناو خزمەکانیان. جا ئەوانە ئەگەر لێتان نەتەکنەوە و دەس لە بەدفەڕی هەڵنەگرن، لە هەر کوێ بەگیروو هێنان بیان کوژن و مەهێڵن لە دەستوو ڕاکەن. ئەوا ئێمە لە سەر ئەوان دەستەڵاتی تەواومان داوە بە ئێوە.
(٩٢) هیچ باوەڕدارێ بۆی نییە باوەڕدارێکی تر بکوژێ، جا مەگین بە هەڵە چووبێ. هەر کەسێکیش باوەڕدارە و، باوەڕداری بەهەڵە بەدەست کوژراوە، دەبێ لە بری ئەو کوشتنە کۆیلەیەکی خاوەن باوەڕ ئازاد بکا و خوێنباییشی بدا بە کەس و کارەکەی. جا مەگین پیاوەتی بکەن و پێی ببەخشن. ئەگەر کوشتە باوەڕدارە و سەر بە هۆزی دوژمنتانە، ئەوی بەدەستی کوژراوە لەسەریەتی کۆیلەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات و [لە خوێنبایی وازبهێنن]. ئەگەر کوشتە لە هۆزێکی خوانەناسە و دەگەڵ ئێوەدا سوێندخۆرن، دەبێ خوێنباییەکەی بدرێ و بەندەیەکی باوەڕداریش ئازاد بکا. ئەو کەسێکی ئەو کارەی لەدەس قەومیوە و ناتوانێ بەندە ئازاد کا، لەسەریەتی دوو مانگی ڕەبەق لەسەریەک بە ڕۆژوو بێ. هەتا خودا پەژیوانی لێ قبووڵ کا. خودا زانای لەکارزانە.
(٩٣) هەر کەسێکیش هەرلە ئانقەست خاوەن باوەڕێک بکوژێ، لە بری ئەوە تا هەتایە هەر لە ناو جەحەندەم دایە و خودا لێی بە ڕکدا چووە و وەبەر نەحلەتی خستووە و ئازاردانێکی دژواری بۆ داناوە.
(٩٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە وەختێ بۆ خەزا بە ڕێدا دەڕۆن، هەموو شتێک لێکدەنەوە. نەکەن لە بەر ژیانی دنیا، بەوەی کەفەرمانبەری خۆی دەربڕیوە، بێژن: تۆ خاوەن باوەڕ نیت. ئێوە ئەگەر ماڵی دنیاتان گەرەکە، دەسکەوتی زۆر وا لای خودا. ئێوەش بەرێ هەر وابوون و باوەڕیتان بە خوا نەبوو؛ خودا ئێوەی بە بەزەیی خۆی خوێندەوە. سا بە وردی لە کاری خۆ خوردبنەوە؛ خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(٩٥) ئەو پڕوادارانەی کە هەر لەماڵی خۆیان دەمێنن - جیا لەوانەی نوقوستانن - دەگەڵ ئەوانەی دەچنە جەنگ لە ڕای خودا و ماڵ و گیانیان ل هڕێی ئەودا بەخت دەکەن، وەکوو یەک نین. خودا خەزاکارانی بەرامبەر بە خانەنشینان - بە پلەیەک - سەرخستووە. خوا بەڵێنی بە هەموو لایەکیان داوە کە چاکەیان دەگەڵ دەکا؛ بەڵام ئەوی لە مەیدانی خەزادا بن، لە چاو خانەنشینانەکان پاداشێکی هەرە مەزنیان دەداتێ؛

(٩٦) پلە و پایەگەلێکی زۆر - لە لای خواوە - هاورێ دەگەڵ لێخۆشبوون و میهرەوانی. خوا بەخشەندە و دلۆڤانە.
(٩٧) ئەو کەسانەی هەر لە جێی خۆیان مانەوە و ئەو غەدرەیان لە خۆیان کرد، کاتێ فریشتەی گیان کێشان پێیان دەڵێ: ئێوە لەچ بارێکدا بوون؟ دەڵێن ئێمە لە زەمیندا هێز و وزەلێگیراو بووین. پێیان دەڵێن: مەگەر سەرزەوینی خودا هەراو نەبوو تا لە زێدی خۆ کۆچ کەن و بڕۆنە جێگایەکی تر؟ ئەمانە دوژەە دەبێتە ئەنوایان و دواڕۆژی خراپیان هەس.
(٩٨) جا مەگین ئەو مێرو ژن و زارۆ هێزلێگیراوانەی هیچ دەرەتانیان نەبووبێ و بە ڕێگەشیان نەزانیبێ؛
(٩٩) هیچ دوور نییە خودا ئەمانە ببەخشێ. خودا چاوپۆشی لە لایە و بەخشەندەیە.
(١٠٠) هەر کەسێکی لە ڕای خودا ل ەماڵی خۆی هەڵوەدا بێ، لەم زەمینە گەلێ شوێنی حاوانەوە و فەرحانی بۆ پەیدا دەبێ. هەر کەسێکیش لە زێدی خۆی دەربکەوێ و لە ڕێی خودا و پێغەمبەری خودادا دەربەدەر بووبێ و لە ئاوارەییدا بمرێ، خودا بۆ خۆی دەستەبەری پاداشیەتی و خوا لە گوناهان دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٠١) ئەر چوونە سەفەر و ترسان لەوە کە خوانەناسەکان تووشی تەشقەڵەتان بکەن، هیچ گوناهێکوو ناگاتێ نمێژتان هەڵبقرچێنن. بە ڕاستی خوانەناسەکان بە ئاشکرا دوژمنتانن.
(١٠٢) ئەگەر تۆش دەگەڵیان [دەسەفەردا بووی] بۆ خۆت نوێژت بۆ دابەستن، با هێندێکیان بە چەکەوە نوێژ لە دوای تۆوە دابەستن؛ ئەگەر لە سوژدە بوونەوە بچنە دواوە و لە پشتەوە بووپارێزن. ئەمجار ئەوانەی لە نوێژدا بەشدار نەبوون، بێنە پێش و نوێژێ دەگەڵ تۆ دابەستن و لە سەر هۆش بن لە چەکەکان و لە خۆیان. خوانەناسان بە ئارەزوون ئێوە ئاگا و لە چەک و ئەسبابتان ببڕێ و لەپڕ پەلامارتان بدەن. ئەگەر باران تووشی سەغڵەتیتان دەکا، یان نەخۆشن، ئەگەر چەکەکانوو دانێن هیچ گوناهێکوو ناگاتێ؛ بەڵام هەر دەبێ وشیار بن. دیارە خودا بۆ ئەوانەی دین دوژمنن، ئازاردانی ئاپڕووبەری ساز کردووە.
(١٠٣) هەرگا لە نوێژێ بوونەوە، بەپێوە و بە دانیشتن و کە لە سەر لایەک ڕادەکشێن، یادی خودا و لە بیر نەچێ. لە وەختی خاترجەمیشدا - کە هیچ ترستان نەماوە - بە ئاسایی نوێژەکانی خۆتان بکەن. نوێژ لە سەر خاوەن باوەڕان نووسراوێکە، وەختی بۆ دیاری کراوە.
(١٠٤) لە دانەپەی دوژمنا هیچ سستی مەکەن. ئەگەر ئێوە لەوان تووشی ئازار دەبن، ئەوانیش - هەروەکوو ئێوە - لە ئێوە ئازار دەبینن. ئێوە هومێدوو خودایە، ئەوان ئەمەشیان لا نییە. خودا زانای لەکارزانە.
(١٠٥) ئەم قورعانەمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە. سا تۆ بە هۆی ئەم قورعانە - وەک خودا ڕێی نیشان داوی - بەکاری مەردم ڕابگە، خۆشت مەکە بە لاگری گزیکاران.
(١٠٦) لە بەر خودا بپاڕێوە کە لێت خۆش بێ، خودا لە گوناە دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٠٧) گێرە و کێشە لەسەر ئەو کەسانە مەکە کە دەگەڵ خۆیان غەیانن. خوا حەز ناکا لەو کەسانەی زۆر غەیان و گوناهبارن.

(١٠٨) شت لە خەڵک دەشارنەوە، خۆ ناتوانن لە خودا هیچ بشێرنەوە؛ خوداش دەگەڵیانە کاتێ کە شەوانە قسەگەلێ دەکەن کە پێ قادێ نییە. هەر کارێکی ئەوان دەیکەن، دیارە خودا ئاگای لێیە.
(١٠٩) وا گریمان تا لە سەر دنیا ژیاون، توانیت لاگیریان لێ بکەی و لە سەر ئەوانە بە جواب بی؛ ئەدی کێ لە ڕۆژی سەڵا تواناى هەیە - کە لە بەرانبەر خوداوە - لە سەر ئەوان بکاتەوە، یان کێ هەیە کارەکەیان وەستۆ بگرێ؟
(١١٠) هەر کەسێکیش کاری نالەبار بکا، یان غەدرێکی لە خۆی بکا، پاشان لە خودا بخوازێ کە بیبەخشێ، دەبینێ کە خوا لێی بوور و دلۆڤانە.
(١١١) هەر کەس گوناحێ بکا، گوناهەکەی زیان بە خۆی دەگەیێنێ و خودا زانای لەکارزانە.
(١١٢) هەرکێ بە هەڵە یان بەقەست، تاوانێکی لێ ڕووبدا و بیخاتە سەر بێگوناهێک، ئاشکرایە باری تاوانی، بوختانی لە سەر شانە.
(١١٣) ئەگەر چاکە و بەزەیی خوا دەهانای تۆ نەهاتایە، هێندێ لەوان قورمی خۆیان خۆش کردبوو ڕێت لێ ون کەن. هەر خۆیانن کە ڕێگە لەخۆ گوم دەکەن؛ ئەو ناتانن هیچ زیانێک لە تۆ بدەن. خوا کتێبی بۆ ناردووی و لەکارزانی فێر کردووی؛ زۆر شتی وای فێری تۆ کرد کە تۆ پێشوو نەت دەزانین. چاکەی زۆر هێژا و گرینگت لە خواوە دەگەڵ کراوە.
(١١٤) زۆربەی سرتە و چپەکەیان بەهرەی نییە، جا مەگین باسی خێرات و کاری ڕەوا و پێک هێنانەوەی مەردم بێ. هەر کەس مەحزی ڕەزای خودا چپە بکا، لە دواڕۆژدا پاداشی گەورەی دەدەینێ.
(١١٥) هەر کەسێکی لە پاش ڕاستی بۆ دەرکەوتن و شارەزا بوونی لەم دینە، پێچەوانەی پێغەمبەر بجووڵێتەوە و ڕچەیەک بگرێتە بەرێ کە ڕێی باوەڕداران نییە، ئێمە بەو ڕێیەیدا دەبەین کە خۆی هەڵیبژاردووە. تا دەیخەینە جەهەندەم و دواڕۆژی زۆر ناخۆش دەبێ.
(١١٦) خودا لەوانە نابوورێ کە شەریکی بۆ بناسن. لەوە پێوە لەهەر کەسێ بۆ خۆی حەز کا، عافووی دەکا. هەر کەسێکی شەریک بۆ خودا دابنێ لە ڕادەبەدەر گومڕایە.
(١١٧) ئەوانە لەجیاتی خودا هانا دەبەنە بەر بەرد و کڕەکی وا کە زۆربەیان ناوی مێوینەیان هەیە و دیارە هاوار دەبەنە بەر ئەو شەیتانەی سەربزێوی کردووە و دەرکراوە؛
(١١٨) خودا بە نەحلەتی کردووە و ئەویش لە جوابا گوتوویە: شەرتە لە عەبدەکانی تۆ بەشێک بۆ خۆم گل دەمەوە؛
(١١٩) دیاریشە لە ڕاستە ڕێ پان دەردەخەم و دڵیان پر دەکەم لە ئاوات و بۆ خۆم فەرمانیان پێدەدەم گوێچکەی وڵساتیان داڕن و فەرمانیشیان بۆ دەردەخەم تەرح و بیچمی ئەو شتانەی خوا کردوویە، تێکی بدەن و بیگۆڕن. جا هەر کەسێ خودای نەوێ و دەگەڵ شەیتان ببێتە دۆست، دیارە چەند زیانمەند دەبێ.
(١٢٠) بەڵێ بەڵێنیان پێدەدا و دەیانخاتە سەر ئارەزوو. ئەو بەڵێنی کە شەیتان بەوانی دەدا، فریو نەبێ چیتر نییە.
(١٢١) جێی ئەوانە جەحەندەمە و دەرەتانی تریان نییە.

(١٢٢) ئەوانە کە بە ڕوان و ئاکار چاکن، دەیانبەینە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن. دیارە وادەی خودا هەقە و کێ لە خودا ڕاسگۆترە؟
(١٢٣) نە بە ئاواتی ئێوەیە و نە بەهەوا و ئارەزووی ئەو کەسانەیە بە ئەهلی کتێب حەسێبن. هەر مرۆیەک کارێکی نالەبار بکا، بەو کارەی خۆی جزیا دەدرێ و جیا لە خوا هیچ کەسی بۆ پەیدا نابێ دۆستی بێ و دەهاواری بێ.
(١٢٤) هەر مرۆیەک – نێر بێ یان مێ – هەر هێندە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بێ، دەچنە بەهەشتەوە و بە ئەندازەی تڵیشی وردیلەی ناوکەخورمایەش ناهەقیان لێ ناکرێ.
(١٢٥) چ دیندارێک دینی لەو کەسە چاترە کە خۆی بە خوا سپاردووە و چاکەکارە و کەوتۆتە شوێنی ئایینی ئیبراهیمی لە ناڕەوا لادەر و بەرەو هەق هاتوو؟ ئەو ئیبراهیمەی کە خودا ببووە دۆستی.
(١٢٦) هەر شتێک لە ئاسمانان و زەمیندایە، هی خودایە و هەر خوایە لە هەموو شت ئاگادارە.
(١٢٧) دەربارەی ژنەکانەوە لێت دەپرسن؛ بێژە: بە هۆی ئەم کتێبە - کە بۆتان دەخوێنرێتەوە - خودا جوابی ئەو پرسیارە و دەداتەوە. ئەو کیژانەی کە بە هەتیوی ماونەوە و ئەو ماڵەی کە دەیانکەوێ، نایاندەنێ و گەرەکتانە لە خۆتانیان مارە بکەن، هەروەها ئەو منالانەی زەبوون و بێ دەرەتانن، لەسەرتانە دەگەڵ هەموو هەتیواندا بە یەکسانی ڕەفتار کەن و ئێوە هەرکارێ چاک بکەن، لێتان ڕوون بێ کە خودا لێی ئاگادارە.
(١٢٨) ئەگەر ژنێک هەستی بەوە کرد مێردەکەی ئەشقی بووە یا نە ڕووی لێ وەردەگێڕێ، قەیدێ ناکا هەوڵی لە هەڤ هاتن بدەن؛ ئاشت بوونەوە لەو دڕدۆنگیە باشترە. خۆشەویستی ماڵی دنیاش لە لای هەموو کەسێ هەیە. جا ئەگەر چاکەی بکەن و خۆ لە هەڵە بپارێزن، خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(١٢٩) ئێوە هەرچەند هەوڵیش بدەن، قەت ناتوانن لەگەڵ ژنانی خۆتاندا بێ جیاوازی ڕەفتار بکەن. سا ئەوەندە لە خۆیان دوور مەخەنەوە کە هەڵپەساردە و تەخسیریان کەن. ئەگەر دەگەڵیان پێک بێن و خۆ لە گونا بپارێزن، خودا بووردنی لە لایە و دلۆڤانە.
(١٣٠) خۆ ئەگەر هەر بە یەکجاریش دەس لێک بەردەن، خودا فەرحانی لە لایە و هەر دووکیان بێ نیاز دەکا و بەزەیی خودا هەراوە و هەر بۆ خۆشی لەکارزانە.
(١٣١) بۆ خودایە هەر شتێک لە عاسمانان و زەمیندایە. ئەو کەسانەی لە پێشوودا کتێبی ئێمەیان بۆ هات، ئێوەشمان ڕاسپاردووە کە دەبێ لە خوا بترسن. خۆ ئەگەر حاشاشی لێ بکەن، دیسان هەرچی کە لە ناو ئاسمانان و زەمیندایە بۆ خودایە و خوا هەمیشە هەر لە گش کەس بێ نیازە و هەر دەبێ پەسندی بدرێ.
(١٣٢) ئارێ هەرچی کە لە ناو عاسمانەکان و زەویدایە، سەر بە خوایە. هەر خودا کارساز بێ بەسە.
(١٣٣) ئەی مەردم! ئەگەر خوا حەز کا، گشتوو تەرت و تونا دەکا و غەیری ئێوە لە جێگەو دادەمەزرێنێ و خودا ئەو کارەی لە دەس دێ.
(١٣٤) کێ لە ئێوە گەرەکیەتی لە دنیا خۆشی ڕابوێرێ، با تێبگا کە خۆشی دنیا و قیامەتیش وا لای خودا و خوداش بیسەر و بینەرە.

(١٣٥) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بە یەکسانی و بێ جیاوازی [بە کاری مەردم ڕابگەن] و بۆ خوداش شایەتی بدەن؛ هەرچەندە شایەتی دانوو بە زیانی خۆتان و دایک و بابتان و خزمانیشوو بێ. [ئەر شایەتی بۆدراوان] دارا بن یاخۆ هەژار بن، خوا بۆ ئەوان دڵسۆزترە؛ مەکەونە شوێن ئارەزووتان، نەوا لە ڕێگە لا بدەن. ئەگەر زمان بخەنە لا، یا خۆتان لە شایەتی دان بدزنەوە، لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن، خوا هەمیشە ئاگادارە.
(١٣٦) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! وێڕای ئەوەی پرواتان بە خوا هێناوە، ئەشێ پرواو بە پێغەمبەرەکەی هەبێ و پرواو بەو قورعانە هەبێ بۆ پێغەمبەری ناردووە و پرواتان بەو کتێبەش بێ کە بەر لە قورئان ناردوویە. هەر کەسێکیش لە خودا و فرشتەکانی و کتێبانی و پێغەمبەرەکانی خودا و ڕۆژی سەڵا حاشا بکا، لە ڕادەبەدەر گومڕایە.
(١٣٧) ئەو کەسانەی هەوەڵجار پروایان هێنا و پاشان پەشیمان بوونەوە؛ دووبارە پروایان هێنا و بە شوێنیا حاشایان لێ کرد، ئەوسا خودانەناسیان پتەوتر بوو، هەرگیز خودا نایان بەخشێ و ڕێگایەکیان نیشان نادا.
(١٣٨) مزگێنی بە بەدوورازان کە ئازارێکی زۆر بەژان وا لە ڕێیان.
(١٣٩) ئەو کەسانەی دەبنە دۆستی خوانەناسان و لە کۆمەڵ باوەڕداران دەتەکنەوە، ئاخۆ بە تەمان کە لای وان قەدر و حورمەتیان دەس کەوێ؟ با بزانن کە قەدر و ڕێز هەر لای خوا هەیە و هیچی تر.
(١٤٠) لەم قورعانا بە ئێوەی ڕاگەیاندووە: هەرگایەکی پێتان زانی کەسانێک هەن لە وەختی قورئان خوێندنا دەس دەکەن بە گاڵتەو گەپ و بە درۆی هەڵبەستەی دەزانن، ئێوە نابێ - هەتا ئەو باسە نەگۆڕن - لە گەڵیاندا دابنیشن؛ دەنا ئێوەش ئەوسا وەکوو ئەوان دەبن. دیارە خودا گش ئەو کەسانەی دووڕوو بن، وێڕای گەلی خوانەناسان لە دوژەە کۆ دەکاتەوە.
(١٤١) ئەوانە لێتان دەخەڤتێن: سا هەرگا خوا ئێوەی سەرخست، ئێژن: ئێمەش هەر دەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ خۆ ئەگەر خوانەناسانیش لە بەشێکدا باو خۆشتر بوون، پێیان ئێژن: هونەر هونەری ئێمە بوو؛ ئێمە بە دڵ دەگەڵتان بووین؛ ئێمە نەنهێشت باوەڕداران بتانگەنێ و دەرۆستوو بێن. خودا دوایی و ڕۆژی سەڵا بە کاروبارتان ڕادەگا. خودا هەرگیز هیچ ڕێگایەک نادا بە خودانەناسان کە دژی باوەڕداران بێ.
(١٤٢) بە دڵ دەغەڵانی دووڕوو دەیانەوێ خوا فریو دەن، کەچی خوا دەیانخەڵەتنێ. ئەگەر دەچن نوێژ دابەستن، بە تەوەزەلی هەڵدەستن؛ ڕووبینی لە خەڵک دەکەن؛ کەمیان نەبێ کەمتر ناوی خوداش دێنن؛
(١٤٣) وازوازین لەم نێوانەدا؛ دوودڵن بچنە لای ئەمان، یان خۆبدەنە لای ئەوان. کەسێ خوا ڕێی لێ بگۆڕێ، تۆ ناتوانی هیچ ڕێگەیەکی نیشان دەی.
(١٤٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەدەر لە خاوەن باوەڕان مەبنە دۆستی خوانەناسان. ئاخۆ ئێوە دەتانەوێ بەڵگەیەکی بە ئاشکرای دژی خۆتان بدەن بە خوا؟!
(١٤٥) دیارە ئەو کەسانەی دووڕوون، وان لە قاتی هەرەبەرەژێری دوژەە. تۆ ناتوانی یاریدەریان بۆ پەیدا کەی.
(١٤٦) مەگین ئەو کەسانەی دووڕوون دەست لە دووڕوویی هەڵگرن و تەواو پەشیمان ببنەوە و ڕێگەی چاکە بگرنە بەر و خۆیان بە خودا بسپێرن و بە دڵی پاک

بنە دینداری بە ڕاستی. ئەوسا ئەویش وێرای باوەڕداران دەبن و لە دواڕۆژدا خودا بەباوەڕدارەکان پاداشی زۆر گرینگ دەدا.
(١٤٧) ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خودا هەبێ و چاکەی ئەوتان دەچاودا بێ، خوا چ کاری بە ئازاری ئێوە داوە؟ خودا سوپاسی پێزانان قبووڵ دەکا و لە هەموو شت ئاگادارە.
(١٤٨) خودا پێی خۆش نە هیچ کەس بە دەنگی بەرز قسەی ناحەز بدرکێنێ؛ مەگین غەدری لێکرا بێ. خودا بیسەر و زانایە.
(١٤٩) ئەگر ئێوە چاکە بکەن - ئەو چاکەیە و ئاشکرا بێ یان نهێنی - یان لە کارێکی نالەبار چاوبپۆشن، خوا هەمیشە توانایە بۆ عافوو کردن.
(١٥٠) ئەو کەسانەی دڵیان دژی خوا و پێغەمبەرەکانیەتی و دیارە دەیانەوێ لە نێوان خوا و پێغەمبەرەکانی فەرقێ دانێن، ئێژن: ئێمە باوەڕ بەهێندێکیان دەکەین، هێندێکیشیان بە جێگەی باوەڕ نازانین؛ گەرەکیانە لەم نێوانە ڕێگەیەک بۆ خۆ پەیدا کەن.
(١٥١) بە ڕاستی کە ئەمانە خودانەناسن و ئێمە بۆ ئەو خوانەناسانە ئازاری ئابڕووبەرمان ئامادەس.
(١٥٢) ئەوانەش کە باوەڕیان هەس بە خوا و پێغەمبەرەکانی و لە ناویانا فەرق و جیاوازی دانانێن، لە دواڕۆژدا خودا پاداشیان دەداتێ و لە گوناهانیان دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٥٣) ئەوانەی ئەهلی کتێبن، لێت دەخوازن کتێبێکیان [بە تایبەتی] لە ئاسمانەوە بۆ بێنی. هەر ئەوانە ئەوی لە مووسایان دەویست، زۆر لەم کارەش گرینگتر بوو. گوتیان: خوامان بە ئاشکرا پێ نیشان دە! لە سزای ئەم بەدفەڕیەدا بەر هەورەتریشقە کەوتن. جارێکی تر - پاش دیتنی گەلێک بەڵگەی بە ئاشکرا - چون بوونە گوێرەکە پەرست. چاوپۆشیمان لەوەشیان کرد؛ بەڵگەی دەستەڵات داریمان دا بە مووسا.
(١٥٤) بە هۆی پەیمانێ کە دایان، چیای توورن لە سەر وان لە بەرزی ڕاگرت؛ پێمان وتن: بە سوژدەوە لەو دەرکەوە بچنە ژوورێ و پێشمان وتن نابێ لە ڕۆژی شەممەدا دەست درێژیو لێ ڕوو بدا؛ پەیمانێکی پتەویشمان لێ ستاندن.
(١٥٥) ئەوسا لە سەر پەیمان شکاندنیان و خۆبواردنیان لە نیشانەکانی خوا و هەر لە ناهەق کوشتنی پێغەمبەرانیان و گوتنیان: «ئێمە دڵمان داخراوە»؛ [بەر نفرینی خۆمان خستن.] هەر خودا خۆی دڵی بە مۆر داخستبوون. ئیتر بەشی کەمیان نەبێ، لە باوەڕ هێنان بێ بەشن.
(١٥٦) لە بەر لە ڕێ خوا لادان و ئەو بوختانە گەورە بۆ مەریەمیان هەڵبەست؛
(١٥٧) لە بەر ئەوەش کە دەیانگوت: ئێمە عیسای کوڕی مەریەمن لە ناو برد - کە پێغەمبەری خودا بوو - کەچی نە ئەوان کوشتیان، نە توانیان لە قەنارەی دەن؛ بەڵام سەریان لێ تێک چووبوو، نەیانناسی و ئەو کەسانەی دەربارەی ئەم لە ناو خۆدا کێشەیانە، لە ڕایەکەیان دوودڵن لەو بارەوە و هەر پەیڕەوانی گومانن و بێگومان نەیانکوشتووە؛
(١٥٨) بەڵکوو خوا بەرەو خۆی هەڵکێشایەوە. خوا هەمیشە خاوەنی دەستەڵات بووە و لەکارزانە.
(١٥٩) لەوانەی ئەهلی کتێبن، هەر کەسێکیان - بەر لە مەرگی - بڕوای بە عیسا دەهێنێ، دیارە [عیساش] ڕۆژی قیامەت دەبێتە شایەت لە سەریان.

(١٦٠) بەو ناهەقیەی کە لە جوولەکان دەرکەوت و زۆر کەسیان لە ڕێگەی خودایە وەرگەڕان، لەو شتانەی بۆیان ڕەوا کرابوو، بێ بەشمان کردن.
(١٦١) هەروا بە هۆی سووت خواردنیان، کە پێیان گوترابوو مەیخۆن و بە فێڕۆ دارایی مەردمیان دەخوارد؛ ئێمەش بۆ ئەو پێ نەزانانن و سپڵانە ئازارێکی گەلێ بەژانمان ساز داوە.
(١٦٢) بەڵام زۆر زاناکانیان و پرواداران - بە تایبەت ئەو کەسانە وا نوێژ بە باشی بەجێ دێنن - هەروەها زەکات دەران و ئەوانەی کە بە خوا و بەرۆژی سەڵا خاوەن پروان و بەوەی بۆ تۆ ناردراوەتە خوارەوە و بەوەش وا پێش تۆ ناردراوە، باوەڕیان هەس؛ بە ئەوانە بەم زووانە پاداشێکی گرینگ دەدەین.
(١٦٣) ئێمە فەرمانی خۆمانمان خستە دڵت، هەر وەک نووح و پێغەمبەرانی دوای ویشمان واتێگەیاند. خستیشمانە دڵی پاکی ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقووب و نەوەکان و عیسا و ئەییوب و یونس و هاروون و سولەیمان؛ زەبووریشماندا بە داوود.
(١٦٤) پێغەمبەرانی دیکەشمان بەڕێ کردن؛ چ ئەوانەی کە دەپێشدا بوون و چوون و سەربهوردیانمان بۆ گوتووی و چ ئەوانەی دەربارەیان نەمدواندووی. خوداش بۆ خۆی - ڕاستەوخۆ - مووسای دواندوووە.
(١٦٥) گش لە گشتیان پێغەمبەری مژدەدەر و ترسێنەر بوون. هەتا لە پاش پێغەمبەران ئەو خەڵکە هیچ بەڵگەیەکیان لە لا نەبێ بۆ لای خودا. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(١٦٦) خودا بۆ خۆی ئاگای لێیە و فرشتەکانیش هەموویان ئاگادارن، کە خودا بە زانستی خۆی ئەمەی بۆ تۆ ناردۆتە خوار. ئاگادار بوونی خوا بەسە.
(١٦٧) ئەوانەی لە دین دەرچوون و ڕێگەی خوداناسان دەپرن، ڕێ لێ گوم بووی لە ڕادەبەدەر ئەوانن.
(١٦٨) ئەوانە لە ڕێگەی خودا لایاندا و ناهەقیان کرد؛ خودا نە لێیان خۆش دەبێ، نە ڕێگەیەکیان نیشان دەدا؛
(١٦٩) مەگەر تەنیا ڕێی جەحەندەم، کە هەر تیا دەمێننەوە و ئەمەش لای خودا هاسانە.
(١٧٠) ئەی خەڵکینە! ئەم پێغەمبەرە بەرهەقە و لەلایەن پەروەرندەتانڕا هاتووە. دەسا باوەڕی پێ بێنن قازانجتانە. ئەگەر لە قسەی خوداش دەرچن، باش بزانن هەر شتێک لە ئاسمانان و زەمیندایە، بۆ خودایە و خودا زانای لەکارزانە.
(١٧١) ئەی کەسانی ئەهلی کتێب! هەڵەڕۆیی لە دینی خۆتاندا مەکەن؛ جگە لە ڕاست دەربارەی خودا مەبێژن. ئاشکرایە کە مەسیحی کوڕی مریەم پێغەمبەری خودا بووە. خودا بە فەرمانی خۆی و هەر لە نەفەسی پیرۆزی خۆی هاویتیە ناو تۆلی مەریەم. دەسا ئێوە باوەڕتان بە خودا هەبێ و بە پێغەمبەرانی ئەویش پروا بێنن و مەبێژن سێن. واز لەم قسانە بهێنن؛ کە بۆ ئێوە وا چاکترە. دیارە هەر خوایەکتان هەیە و ئەویش لەو تۆمەتە دوورە کە هیچ فرزەندێکی هەبێ. هەرچی لە ناو ئاسمانان و زەمیندایە، هەر بۆ ئەوە. بۆ پێک هێنانی کاروبار هەر خۆی بەسە.
(١٧٢) مەسیح هەرگیز لەوە حاشای نەکردووە کە بەندەیەکی خودایە؛ فرشتانی نزیک بە خوداش، هەر وەتر. هەر کەسێکی بە کوێلایەتی خودا ڕازی نەبێت و بادی هەوایی بنوێنێ، هەر بینا خوا هەموو لایەک لە لای خۆی کۆکاتەوە.

(١٧٣) ئەوسا ئەوی خاوەن باوەڕ و کارچاکن، سەرباری پاداشی خۆیان خودا پتر چاکەیان دەربارە دەکا. ئەو کەسانەش کە لە خودا لایانداوە و پیشەیان لووت بەرزی بووە، خودا تووشی جەزرەبەی بەژانیان دەکا و لە خوا پێوە هیچ دۆست و هاریکارێکیان دەس ناکەوێ.
(١٧٤) ئەی خەڵکینە! لەپەروەرندەی ئێوەڕا بەڵگەیەکتان بۆ هاتووە و ڕۆشناییەکی ئاشکرامان بۆ ئێوە ناردۆتە خواری.
(١٧٥) جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوە و خۆیان هەر بەو سپاردووە، بە زوویەکی زوو دەیانخاتە بەر بەزەیی خۆی و زیاتریش. دەشیانخاتە سەر ڕێگەی ڕاستی بەرەو خۆی.
(١٧٦) لەمەڕ کەسێ کە باوک و فرزەندی نییە و دەمرێ، پرسیارت لێدەکەن؛ بێژە: خودا ئەو جوابەتان دەداتەوە: ئەگەر پیاوێ هیچ عەولادی نییە و دەمرێ و هەر تەنیا خوشکێکی هەیە، نیوەی میراتەکەی دەبا. خۆ ئەگەر خوشکەکە بمرێ و هیچ فرزەندی لە پاش نەبێ، براکەی میراتێ دەبا. ئەگەر مردوو پیاوێکە و دوو خوشکی لێ مان، دوو بەش لە سێ بەشیان هەیە. ئەگەر چەند خوشک و چەند برا لە پاش مردوو بە جێ مابوون و مردوو فرزەندێکی نەبوو، هەر نێرینەی دوو ئەوەندەی مێوینە میراتێ دەگرێ. خوا بۆتان ڕوون دەکاتەوە، نە وەکوو لێتان تێک بچێ. خوا لە هەموو شت زانایە.

## مائیدە

وە ناو خوا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر بەڵێنێکی کە دەیدەن، پێکی بێنن. خواردنی گۆشتی وڵساتوو بۆ ڕەوایە، مەگین ئەوەی کە پێتان ئێژن دەریاوێن. هەتا لە وەختی ئیحرامدان، ڕاوێ بە ڕەوا مەزانن. خودا چۆنی خۆی بییەوێ فەرمان دەدا.
(٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو ڕێوشوێنەی خودا بۆ ئێوەی داناوە، کلا مەبن. شەڕ لە حەرامەمانگاندا ڕەوا نییە. هەر ئاژەڵێ ناوی قوربانی لە سەرە، یان قەڵادەی لە ملدا، دەستی بۆ مەبەن. ئەو کەسانەش ئازار مەدەن کە بەتەمان لە ماڵی خوا ڕۆزی و ڕەزای خوا دەس بخەن. هەرگا لە ئیحرام دەرکەوتن، ڕاوکردنوو بۆ ڕەوایە. ڕکی کۆنیش هەڵتان نەنێ، کە نەیانهێشت بە زیارەتی کابەی ماڵی خودا بگەن. لە سەر چاکە و پارێزگاری یارمەتی یەکتری بدەن؛ نەک لە سەر تاوان و غەدر. ئەشێ لە خودا بترسن، چونکە خودا نافەرمانان زۆر بە توندی تەمێ دەکا.
(٣) لەسەرتان حەرام کراوە مردار و خوێن و گۆشتی بەراز و هەر ئاژەڵێ کە لە وەختی سەرژێ کردندا ناوی غەیرەز خوای لێ بێنن و خەندقاو و بەلێدانێ تۆپێنراو و هەڵدێراو و بە شەقۆن تێهەڵدراو و هەرچی لاور دڕیویەتی، مەگین بەر لە گیان دەرچوونی فریای کەون و هەرچی لە سەر کێلەکە بەرداندا دادەنرێ و سەرژێ دەکرێ و هەرچی لە سەر قوماری تیر دابەش دەکرێ؛ کە هەرچی ئەمانە بکا، نافەرمانی خودا دەکا. ئەوا ئەمڕۆ ئەوانەی خودا ناناسن لە زیان گەیاندن بە دینەکەی ئێوە، ناهومێد بووگن؛ لە خۆم بترسن نەک لە وان. وا لەمڕۆوە

دینەکەتانم تەواو کرد و بە بێ کورتی و کەمایەسی چاکەم دەربارەی ئێوە کرد؛ ئیسلامیشم بۆ دینی ئێوە هەڵبژارد. کێش لە برسان چاری نەبێ و نەیەوێ تووشی گوناح بێ، ئەوسا خودا خەتاپۆشە و دلۆڤانە.
(٤) لێت دەپرسن: کامەیە ڕەوایە بۆیان؟ بێژە: هەر شتێ کە پاکە و هەر نچیرێ کە جانەوری ڕاوکەرتان - کە فێری ڕاوتان کردبێ وەک لە خوداوە فێری بوون - بۆتان بگرن؛ لە گۆشتەکەیان بخۆن و ناوی خودای لە سەر بێنن و ترستان لە خودا هەبێ. خودا بە پەلە بە کاروباران ڕادەگا.
(٥) وا لەمڕۆڕا هەموو شتێکی خاوێنتان بۆ ڕەوایە ئەو شتانەش کە وا ئەهلی کتێب دەیخۆن پێو ڕەوایە. هەروەک خواردەمەنی ئێوەش بۆ ئەهلی کتێب ڕەوایە. ژنانی خاوەن باوەڕ و ئازاد و داوێنپاکیشتان بۆ ڕەوایە و ئەو ژنە داوێنپاکانەش کە بەرلە ئێوە کتێبیان پێدراوە؛ بەو مەرجە کە مارەییەکانیان بدەنێ. خۆشتان دەبێ داوێن پاک بن نە داوێن پیس. دۆستی مێوینەشتان لە ژێرەوە نەبێ هەرکەش لە باوەڕی هێنان حاشا بکا، کردەوەی بە فێڕۆ چووە و ڕۆژی سەڵاش یەکێکە لە زیانباران.
(٦) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر دێنە سەر ئەو بڕیارەی نوێژ بکەن، دەموچاو و دەستەکان و هەتا سەر ئانیشکان بشۆن؛ دەستوو بە تەڕی بماڵن بەسەرتاندا و پاکانیشتان تا هەر دوو گوێزینگ بشۆرن. ئەگەر تووشی لەشپیسی بوون، خۆتان خاوێن بکەنەوە. ئەگەر نەخۆش یان ڕێبوار بوون یان یەکێکتان لە سەر پێشاوێ دێتەوە یان دەگەڵ ژنان وێک کەوتن و دەستوو بە ئاو ڕانەگەیشت، بە تۆزی پاکی سەرزەوی دەم و چاو و دەستەکانی خۆو بهەنوون. خوا نایهەوێ بتانخاتە تەنگانەوە؛ بەڵام گەرەکیە خاوێنتان بکاتەوە و بە تەواوی چاکەتان دەربارە بکا؛ بەشکوو شوکرانەبژێر بن.
(٧) ئەو چاکەیە لە بیر مەکەن کە خوا دەربارەی کردوون و ئەو پەیمانەتان لە بیر بێ کە دەگەڵ خواتان بەستووە و گوتووتانە: بیستمان و بەر فەرمانین. ترسیشتان هەر لە خودا بێ؛ دیارە خودا هەرچی بە ناو دڵیشوودا بێ دەیزانێ.
(٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆ خوا ڕاست و بێ خەش بن و بە هەقانەت شایەتی دەن. دوژمنی و قینی دەستەیێک هەڵتان نەنێ بە هەقانەت ڕەفتار نەکەن. بە یەکسانی و بێ جیاوازی لەگەڵ خەڵکا ڕەفتار کردن دەبێتە هۆی پتر نزیکەوە بوون بە پارێزگاری. لە خواش ترسوو هەبێ چونکوو لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارە.
(٩) ئەو کەسانەی باوەڕدار و ئاکارچاکن، خودا بەڵێنی پێداون کە لە گوناهیان دەبوورێ و پاداشێکی زۆر گرینگیان پێ دەبەخشێ.
(١٠) ئەوانەش کە بوونە خودانەناس و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی، گشتیان هەواڵی ئاگرن.
(١١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو چاکەیە و لە بیر نەچێ کەخودا دەربارەی کردن، کە ئەو جارە کۆمەڵێک لە دوژمنانوو گەرەکیان بوو دەسدرێژیتان بۆ بکەن، خودا وای کرد کە ئەوان دەستیان نەوگاتێ. سا هەر لە خودا ترسوو هەبێ و ئەشێ هەر کەس باوەڕی بە خودا هەیە، خۆی هەر بە خودا بسپێرێ.
(١٢) خودا دەگەڵ بەرەی ئیسڕائیل پەیمانی بەست. هەر لە خۆیان دوازدە کەسمان بۆ کوێخایەتی هەڵبژارد و خوا گوتی: بە ڕاستی من دەگەڵ ئێوەم. ئەگەر ئێوە لە سەر نوێژ و زەکات دان هەمیشە سوور بن، بە پێغەمبەرەکانیشم باوەڕتان

بێ و قەدریان لای ئێوە هەبێ و ماڵی خۆتان بە دەستەواو بدەن بە خوا، ئەوا منیش کارە نالەبارەکانتان پاک و خاوێن دەکەمەوە و دەتانبەمە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا. هەر کەسیشتان لەمەولا ڕێ خوانەناسی بگرێتە بەر [با بزانێ] کە لە ڕاستەڕێ لای داوە.
(١٣) ئەوسا لە بەر پەیمان بەرپێدانیان، وەبەر نفرینی خۆمان خستن و ئەوەندەمان دڵڕەش کردن، قسەکانی ناوەڕۆکی پەیمانیان لە جێی خۆ نەهێشت؛ خۆیان شتیان لە جێ دانا و زۆر لەوانەی کە فێری ئەوان کرابوو، لە بیرە خۆیان بردەوە. هەتا ئێستاش - وەک دەبینی - خەیانەتکاریان هەر هەیە؛ مەگین کەمێک لە ناویاندا. سا تۆ چاویان لێ بپۆشە و بیانبەخشە. خوا چاکەکاری خۆش دەوێن.
(١٤) پەیمانمان لەو کەسانەش ساند کە گوتیان: ئێمە مەسیحین. لەو پڕیارەی کە دەگەڵ ئەوانمان دابوو، خۆیان لە چەند بەشێکی بووارد. ئیتر ئێمەش کارێکمان کرد، شەڕ و ئاژاوە لە ناویان بەردەوام بێ هەتا قیامەت؛ لە جەزای ئەو کردەوانەی ئەوان کردیان. بەم زووانەش خودا ئاگاداریان دەکا لەو کارانەی وا دەیانکرد.
(١٥) ئەی ئەهلی کتێب! بزانن کە ئەوەی هاتۆتە لاتان پێغەمبەرێکی ئێمەیە؛ زۆر لەو مەبەست و باس و خواسەی کە ئێوە لە کتێبی خۆ حاشاروو دا، ئەو بۆتانی دەردەخات و لێتانی ئاشکرا دەکا و لە زۆرانیشی واز دێنێ. لە لای خواوە ڕووناکی و کتێبێکی دیاری دەرتان بۆ هاتووە.
(١٦) بەو قورعانە، خوا ئەوانەی شوێنی ڕەزای ئەو دەکەون، دەخاتە سەر ڕێ هێمنی و بە ئیزنی خۆی لە تاریکی دەریان دەخا و بەرەو ڕووناکییان دەبا و ڕێگەی ڕاستیان نیشان دەدا.
(١٧) ئەو کەسانەی گوتوویانە: هەر خودا خۆی مەسیحی کوڕی مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. بێژە: ئەر خوا مەیلی لێ با مەسیح و دایکی مەسیح و هەرچی لە زەمیندا هەیە لە ناو بەرێ، کێ دەستی وەبەر دەهێنا؟ موڵکایەتی ئەم عاسمانان و زەمینە سەر بە خوایە و چی پێ خۆش بێ وەدی دێنێ و هەر خودایە لە سەر هەموو شت توانایە.
(١٨) جوولەکەکان و فەلەکان گوتیان: ئێمە عەولاد و دۆستانی خوداین. بێژە: ئەدی چۆن لە سەر گوناهتان ئازارتان دەدا؟ نەخێر، ئێوەش هەر مرۆن، وەکوو خەڵکی دی کە خودا دروستی کردوون. هەر کەسێ خۆی کەیفی لێ بێ، لێی دەبوورێ و کێش بخوازێ جەزرەبەی بۆ قەرار دەدا و هەر بۆ خوایە موڵکایەتی ئەم ئاسمانانە و زەمینە و هەرچی لە ناویاندا هەیە و گەڕانەوەی هەمووش هەر بەرەو لای ئەوە.
(١٩) ئەی ئەهلی کتێب! پاش ماوەیەک کە پێغەمبەران نەهاتوون، ئەوا پێغەمبەری ئێمەو هاتۆتە لا، ناهەقتان بۆ ڕوون کاتەوە. نەکا بێژن: لە خوداوە مۆژدەدەر و ترسێنەرمان بۆ نەهاتوون؛ دەسا ئەوا مۆژدەدەر و ترسێنەرتان هاتۆتە لا و خوا بۆ هەموو شت توانایە.
(٢٠) ئەو دەمانەش کە مووسا بە هۆزی خۆی گوت: گەلۆ! دەبێ هەرگیز ئێوە ئەو چاکەیەی لە بیر نەکەن کە خودا دەربارەی کردوون، کە ئەو هەموو پێغەمبەرەی هەر لە ناو خۆتان بۆ ناردوون، چەندین پادشای لە خۆتان پەیدا کردووە و ئەو شتەی بە ئێوەی داوە، بەهیچ کەسی لەم دنیایە نەداوە.
(٢١) گەلۆ! بچنە ئەو سەرزەمینە پیرۆزەی خوا بۆ ئێوەی پڕیار داوە و بۆو نووسراوە و بەرەو پاش مەگەڕێنەوە. گەر لە پەیمان خۆ ببوێرن، بە زیانتان تەواو دەبێ.

(٢٢) گوتیان: مووسا! گرۆیەکی زۆردار و ملهوڕ لەوێدان. تا ئەوانەی لێ دەرنەچن، ئێمە ناچینە ناویەوە. ئەگەر ئەوان لەو شوێنانە بچنە دەرێ، ئەوساکە دەچینە ناوی.
(٢٣) دوو پیاو لەوانە وا لە خوا دەترسان و بەر چاکەی خودا کەوتبوون، پێیان گوتن: لە دەروازەی شار بچنە ژوورەوە و هێرشیان بۆ بەرن؛ هەرگا پاتان خستە ئەو دیو، سەرکەوتن بەشی ئێوەیە. ئەگەر ئێوە بڕواتان بە خودا هەیە، خۆتان بە خودا بسپێرن.
(٢٤) گوتیان: مووسا! هەتا ئەوان لەو شوێنە بن، ئێمە هەرگیز زات ناکەین بچینە ئەوێ. ئەوا خۆت و پەروەرندەت بچن دەگژیان ڕابچن و چاریان بکەن؛ ئەوا ئێمە لێرە نیشتووین چاوەنۆڕین.
(٢٥) مووسا گوتی: پەروەرندەم! تۆ دەزانی کە من دەستم هەر بە سەر خۆم و برایەکەمدا ڕادەگا [و ئەوانە بەقسەی من ناکەن] سا تۆ من و ئەو هۆزە نافەرمانە [ی من] لە یەکتری جیاکەوە.
(٢٦) گوتی: ئەوا ماوەی چل ساڵ بەشیان لەم وڵاتە بڕا و لە زەمیندا وێلان وسەرگەرداان دەبن. بۆ ئەم هۆزە نافەرمان و لە ڕێ دەرچووگە خەم مەخۆ.
(٢٧) هەروەها تۆ دەنگ و باسی ڕاستی ڕووداوی نێوانی هەر دووک کوڕانی ئادەمیان بۆ وەخوێنە؛ هەرکام قوربانییەکیان کرد، لە یەکێکیان قبووڵ کرا و لەوی تریان وەرنەگیرا [ئەوی کە لێی وەرنەگیرا، هەڕەشەی لەوەکەی تر کرد] گوتی: من دەبێ بت کوژم. گوتی: خودا هەر لەو کەسەی قبووڵ دەکا کە ترسی لە خودا هەیە.
(٢٨) گوتی: ئەگەر تۆش دەستم بۆ درێژ بکەی کە بمکوژی، من دەستەوەکەری ناکەم تۆ بکوژم. من لە خودا - کە ڕاهێنەری دنیایە - ترسم هەیە.
(٢٩) من دەمەوێ تاوانی کوشتنی من و تاوانی خۆت بێتە ملت؛ ئەوسا تۆ دەچییە دۆزەق و تاوانی ناهەق ئەمەیە.
(٣٠) ئیتر دڵی هەڵینا کە براکەی خۆی بکوژێ. کوشتی و کەوتە ناو ڕێزەی زیانبارەکان.
(٣١) خوا قەلەڕەشەیەکی نارد، خەریک بوو زەوی دەکۆڵی بۆ ئەمەی پێی نیشان بدا کە چۆن جەندەکی براکەی لە خاکا بشارێتەوە. گوتی: ئەی لە خۆم نەگبەتێ! چۆن نەمزانی وەک قاڵاو بجووڵێمەوە و لاشەی برای خۆم وەشێرم. [بەم کردەوەی] هاتە ڕێزەی پەشیمانان.
(٣٢) هۆی ئەم کارە فەرمانێکمان بۆ سەر بەرەی ئیسرائیل نارد، کە هەر کەسێ بێ تاوانێکی بکوژێ - کە نە گوناهی کردبێ و نە خراپەی لە زەویندا لێ ڕوو دابێ - وەک ئەمەیە کە گش خەڵکی سەرزەوی لە ناو بردبێ و هەر کەسێکیش بێ تاوانێک ڕزگار بکا، وەک ئەمەیە کە هەموو خەڵکی سەرزەوی لە مردن ڕزگار کردووە. پەیغەمبەرانیشمان گەلێ بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان بردە لایان؛ بەڵام زۆریان - دوای ئەم گشتە - هەڵەڕۆ و سنوورپەڕێن بوون.
(٣٣) گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، لە عەرزا دەبنە خراپکار، کوژرانە یان لە دار دانە یان بڕینی دەست و قاچە پێچەوانە، یان لە وڵات دوور خرانە؛ کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ڕیسوا بوونە لە دنیادا و بەشیان لە ڕۆژی سەڵادا جەزرەبەدانی بەژانە.

(٣٤) مەگین ئەوانەی بەر لەوە گیرتان کەون، لە کار پەژیوان ببنەوە و تۆبە بکەن. ئێوەش پێویستە بزانن کە لە پاش پەژیوان بوونیان خودا لە گوناه دەبووری و دلۆڤانە.
(٣٥) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەشێ لە خوا ترسوو هەبێ و ڕێ نزیکەو بوون بە خواوە پەیدا کەن و لە ڕای ئەوا بچنە خەزا؛ بەشکە تووشی ڕزگاری بن.
(٣٦) ئەو کەسانەی خوانەناس بوون، ئەگەر هەرچی لە زەمیندا هەیە و ماڵە و هێندەی تریشی ڕەگەڵ خەن و بە هیوا بن لە جەزرەبەی ڕۆژی سەڵا ڕزگاریان کا و خۆیانی پێ بکڕنەوە، جێگە ناگرێ و بە هیچ ناچێ و ئازاری گەلێک بەژانیان هەر تووش دەبێ.
(٣٧) کۆشش دەکەن کە لە ناو ئاگر دەربچن، بەڵام هەرچی هەوڵ بدەن بێ بەهرەیە و هەرگیز ناتانن دەرکەون و ئازارێکی بێ پڕانەوەیان دەبێ.
(٣٨) هەر کەسێکی دزی بکا - نێر بێ یان مێ فەرقی نییە - لە سزای دزی کردنی دەبێ هەر دوو دەستیان ببڕن؛ کە ئەمە تەنبێ کردنە لە خواوە. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٣٩) هەرکەش دوای ناهەقیکردن پەژیوان ببێتەوە و ڕێگای چاکە بگرێتە بەر، خودا تۆبەی قبووڵ دەکا و خوا لێبوور و دلۆڤانە.
(٤٠) ئەدی تۆ خۆت نەتزانیوە ئەم ئاسمانان و زەمینە موڵکی خودان؟ هەر کەسێ خۆی مەیلی لێ بێ لێی دەبووری و هەر کەسیش خۆی حەز کا ئازاری دەدا؟ خودا لە سەر هەموو شتێک توانای هەیە.
(٤١) ئەی پێغەمبەر! خۆت بەوانە دڵتەنگ مەکە کە بۆ لە دین وەرگەڕانێ پەلەیانە و دێنە لات و بە دەم دەڵێن: پڕوامان بە تۆ هێناوە و دڵیان پڕوای نەهێناوە. هەروەها لەو جوولەکانەش خۆت تووشی خەمباری مەکە، کە گوێ بۆ درۆ هەڵدەخەن، فێر بوون قسە لە خەڵکی تر دەبیسن و دەی قۆزنەوە، کە ئەوانەش هەرگیز نەهاتوونە لای تۆ، جێ گۆڕکێ بە قسەکان دەکەن؛ دەڵێن: ئەگەر فڵان قسەیان بۆ گوتن، وەری گرن، دەنا خۆی لێ بپارێزن. هەر کەسێکیش خودا ویستی جەزرەبەی بۆ ببڕێتەوە، تۆ ناتوانی لە خودای بێ نیاز بکەی و هیچ کارێکی بۆ ڕێک بخەی. ئەمانە خودا نایەوێ دڵیان لە گوناه و پیسی بسڕێتەوە؛ بەشیان لە دنیا سووکییە و لە قیامەتیش جەزرەبەیان دژوار دەبێ.
(٤٢) بۆ درۆ، گوێ هەڵدەخەن و بە حەرام خواردنێ فێرن. جا ئەگەر جارێ دێنە لات، تۆ، بە نێوانیان ڕابگە یان خۆیان تێ مەگەیێنە. ئەگەر وازیشیان لێ بێنی، هیچ زیانێک لە تۆ نادەن. خۆ ئەگەر تۆ بە نێوانیشیان ڕابگەی، کێشەکەیان بێ لاگری و بە یەکسانی بۆ پێک بێنە. خودا پیاوی بێ دەغەز و ڕاست و ڕەوای خۆش گەرەکن.
(٤٣) جا چۆن ئەوانە دێنە لات کە بە کێشەیان ڕابگەی، کە لای ئەمان تەورات هەیە و فەرمانی خودا دەوێدان، کەچی پاشان لە پێ ڕاگەیشتنەکەی تۆ خۆ دەبوێرن؟ خۆ ئەوانە پڕوادار نین.
(٤٤) ئێمە کە ئەم تەوراتەمان ناردۆتە خوار، ڕووناکایی و ڕێ نیشاندانی تێدایە. هەموو ئەو پێغەمبەرانەی کە بە فەرمانی خوا بوون، هەر بە هۆی ئەم بە سەر هەموو کاروباری ئەوانەی کە مووسایی بوون ڕاگەیشتوون. خواناسانی بە ڕاستی و زانا بلیمەتەکانیان گەلێک شتیان هەر لە کتێبی خوا لە بەر بوو؛ بە تەواویش ئاگادار بوون کە ئەمە کتێبی خوایە و خودا لەوێدا پێی گوتوون: نابێ لە خەڵک

بترسن؛ ئەشێ هەر ترسوو لە خۆم بێ و نەچن بەڵگە و نیشانەی من بە نرخێکی کەم بفرۆشن. هەر کەسێکی پێچەوانەی فەرمانی خوا فەرمان بدا، دژی خودا ڕاوێستاوە و لە دینی ڕاست وەرگەڕاوە.
(٤٥) لە تەوراتدا بۆ ئەوانە بڕیارماندا، کە گیانێک لە باتی گیانێک، چاو بە چاو و کەپۆ بەکەپۆ، گوێ بەگوێ و ددان لە باتی ددانە و زەخمەکانیش تۆڵەیەکیان هەس؛ کێ لە تۆڵە - بە خێری خۆی - وازبهێنێ، گوناهی پێ هەڵدەوەرێ. ئەو کەسانەی پێچەوانەی ئەو فەرمانە - کە لە خوداوە هاتووە - فەرمان بدەن، غەدرێ دەکەن و ناهەقن.
(٤٦) لە شوێن ئەوان عیسای کوڕی مریەممان نارد؛ کە باوەڕی بوو بەو تەوراتەی وا بەرلە ئەو هاتبوو. ئینجیلیشمان دا بە عیسا؛ کە ڕێ نیشاندان و ڕووناکی تێدایە و پڕوای بە تەوراتیشە کە بەر لەم هاتبووە خوارێ و بۆ ئەوانەی لە خوداترسن، پڕیەتی لە ئامۆژگاری و ڕێگەی ڕاستیان نیشان دەدا.
(٤٧) دەبێ ئەوانەی وا ئینجیلیان لە لایە، بە پێی ناوەرۆکی ئینجیل - وەک خودا ناردوویەتە خوار - فەرمان بدەن. ئەو کەسانەی لەو فەرمانانەی کە خودا ناردوویەتە خوار لا بدەن، دیارە لە ڕێ لایانداوە.
(٤٨) ئەم قورئانەشمان بە خەڵات بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە، کە هەرچی تێیدایە ڕاستە؛ بە کتێبە بەرینەکان پڕوای هەیە و چاودێریانە. ئیتر تۆ بە پێ ئەوەی خوا هەناردوویەتە خوارەوە، بە کاروباریان ڕابگە و بە لادان لەو هەقەی کە وا بۆت هاتووە، مەکەوە شوێن ئاوات و ئارەزووی ئەوان. بۆ هەر کۆمەڵێک لە ئێوە ڕێ و شوێنێکمان داناوە؛ ئەگەر خودا مەیلی لێ با، هەمووی دەکردنە یەک ئۆمەت. بەڵام ویستی خودا وابوو لەو شتانەی کە پێی داون بە تاقیتان بکاتەوە؛ دەسا ئێوەش لە کاری چاک پێکەوە کێ بەر کێ بکەن. هەموو لاتان دەگەڕێنەوە لای خودا و ئەوسا ئاگادارتان دەکا، کە لە سەر چی کێشەو لە ناو پەیدا ببوو.
(٤٩) تۆش بە پێی ئەو فەرمانانەی لە خوداوە بۆت هاتۆتە خوارەوە، بە کاروباریان ڕابگە و دوای ئارەزوویان مەکەوە. خۆتیشیان لێ بپارێزە، نەوەکا فریوت دەن و لە هێندێک لەو فەرمانانەی کە لە ئێمەوە بۆ تۆ هات، هەڵەت بکەن. ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، سا بزانە کە خودا نیازی وایە لە بەرانبەر بازێک لە گوناهەکانیان تۆڵەیان لێ بکاتەوە، زۆربەی زۆریش لەو مەردمە لە ڕێ دەرچوون.
(٥٠) ئاخۆ ئەوان گەرەکیانە دابی زەمانی نەزانی بەر لە ئیسلام بژیەننەوە! دەیسا لە لای ئەو کەسانەی وا لە پڕوای خۆیانا هیچ شک و گومانێکیان نییە، کامە فەرمان لە فەرمانی خوا چاترە؟
(٥١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەم مووسایی و مەسیحییانە؛ با ئەوان دۆستی یەکتر بن. هەر کەسێکیش لە ئێوە ببێتە دۆستیان، ئەویش لەوان دەژمێردرێ. ئەوانەی لە سەر ناهەقین، خودا ڕێیان نیشان نادا.
(٥٢) ئەو کەسانەی نەخۆشی لە دڵیاندایە، دەبینی کە بەلەزن بۆ چوونە لایان؛ دەڵێن: ئێمە دەترسین تووشی بەڵا بین [بۆیە دۆستایەتیتان دەکەین]. هیچ دوور نییە خودا ڕۆژێ سەرتان بخا، یا خۆ کارێکی تر بکا. ئەوسا ئەوان لەو ڕازەی دەدڵیاندایە، تووشی خوسار و زیان بوون.
(٥٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر کەس لە دینی خۆی پاشگەز ببێتەوە، خوا لەمەولا کۆمەڵێ وا دەخاتەڕوو، خۆشی بوێن؛ ئەوانیش خوایان خۆش بوێ و لە حاندی خاوەن باوەڕان نەرم و نیان دەبزوونەوە و لە بەرانبەر دین دوژمنان، سەربڵند

و توند و تیژن؛ خەزا لە ڕای خوا دەکەن و لە تەشەری سەرکۆنەکەران ناترسن. ئەمە زێدە خەڵاتێکە لە خوداوە بە هەر کەسێ خۆی حەز بکا پێی دەبەخشێ. خوا زانایە و [لە بەخشین] زۆر دەس گوشادە.
(٥٥) دۆستی ئێوە هەر خودا و پێغەمبەریەتی و ئەو دەستەی باوەڕداران کە نوێژکەر و زەکات دەرن و بەرەو خودا لە کڕنۆشدان.
(٥٦) هەر کەسێکیش دۆستایەتی وەل خودا و پێغەمبەری خوا و ئەوانە بێ کە بوونەتە خاوەن باوەڕ، سەربە خوان و هەر گرۆیە سەربە خوا بن، سەردەکەون.
(٥٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە دەگەڵ ئەو کەسانەی گاڵتە بە دینتان دەکەن و لە ئەهلی کتێب حسێبن - کە پێشوو بۆیان هاتووە - و ئەو کەسانەی خوانەناسن، هەرگیز دۆستایەتی مەکەن. ئەگەر ئێوە بە ڕاستی خاوەن باوەڕن، ئەشێ لە خودا بترسن.
(٥٨) هەرگا ئێوە بۆ نوێژ کردنێ بانگ ئەدەن، ئەمانە گاڵتەی پێ دەکەن؛ چونکە ئەمان کۆمەڵێکی بێ ئاوەزن و دەهیچ ناگەن.
(٥٩) تۆ بەوانەی کە ئەهلی کتێبن بێژە: ئاخۆ هەر چونکە بڕوامان بە خوا هەیە و بڕوامان بەو قورعانەیە کە بۆ ئێمە ناردراوە و بڕوامان بەوانەش هەیە کە پێش قورئان لە خوداوە ناردراون، ئێوە ڕکتان لە ئێمەیە؟ ئێوەش خۆتان بەشی زۆرتان نافەرمانن.
(٦٠) بێژە: ئاخۆ دەتانەوەێ لەوانەو ئاگادار بکەم کە سزایان لە لای خواوە لە سزای وان خراپترە؟ کەسانێکن بەر نەحلەتی خوا کەوتن و خودا غەزەبی لێ گرتن وهێندێکیانی کردە مەیموون؛ هێندێکیانی کردە بەراز؛ کە ئەوانە عەبدایەتی بتیان دەکرد. شوێنی ئەوان لە گش جێیان خراپترە و لە هەموو لە ڕێ لادەرێک گومڕاتر بوون.
(٦١) کاتێ دێن لاتان دەڵێن: مە باوەڕیمان هێناوە؛ کەچی ئەوان دڵ بە حاشا هاتنە ژوور و بە بێ بڕوا وەدەرکەوتن. خوداش لەو شتانەی دەیانشاردەوە ئاگادارترە.
(٦٢) زۆرێک لەوان دەبینی کە بۆ تاوان و دەستدرێژی و حەرام خۆری پێشەبڕکەی یەکتر دەدەن؛ ئاکاریان زۆر ناپەسەندە.
(٦٣) ئەدی بۆچی خواناسان و زاناکانیان، لە تاوان و حەرامخۆری هیچ دەستیان وەبەر ناهێنن؟ دەسکردیان زۆر ناپەسەندە!
(٦٤) جهو گوتیان: خودا دەستی بەستراوە. دەک دەسیان لە زەنجیر خرێ و بە نەحلەت بن، بۆ ئەوەی لە دەمیان دەرچوو. [با بزانن] دەستی خودا زۆر گوشادن؛ چۆنی خۆی ئارەزوو بکا بەخت دەکا. ئاشکرایە ئەوەی لای پەروەرێنتەوە بۆت هاتووە، لە ئەندازە لادان و خودانەناسی زۆرێک لەوانە پتر دەکا. ئێمەش ئەوا هەتا ڕۆژی هەستانەوە، ڕکەبەری و دوژمنیمان خستە ناویان. هەر کاتێ کە ئاگری شەڕیان هەڵگرساند، خودا بۆ خۆی کوژاندیەوە. تا لە هەردن، هەر بەدفەڕی پیشەیانە و دەیانەوێ خراپە بەڕێوە بەرن و خودا لە خراپەکاران خۆشی نایە.
(٦٥) ئەوانەی ئەهلی کتێبن، ئەگەر باوەڕیان هێنابا و دڵیان لە خودا ترسابا، هەر گوناهێ کردبوویان ئێمە لێمان دەسڕینەوە و دەن بردنە ناو باغاتێک پڕ لە خۆشی و بەختەوەری.

(٦٦) ئەگەر ئەوان تەورات و ئینجیل و ئەوەی لە پەروەرێنیانەوە بۆیان هاتووە، تەواو دەکاریان هێنابا، بێ سۆ لە لای سەریانەوە و لە [زەمینی] ژێر پایانڕا خواردنیان بۆ دابین دەکرا. ئەوانە کۆمەڵانێکن، هێندێکیان مامناونجین و زۆرینەیان بەدکردارن.
(٦٧) ئەی پێغەمبەر! هەر شتێکی لە لایان پەروەرندەتڕا بۆت هاتووە، ڕای گەیێنە؛ گەر وانەکەی ڕاسپێریت پێک نەهێناوە. خوا لەو خەڵکەت، کۆمەڵی خودانەناسان شارەزای ڕاستەڕێ ناکا.
(٦٨) بێژە: ئەهلی کتێب! ئەنگۆ هەتا بە پێی تەورات و ئینجیل و هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان هاتۆتە خوارەوە، نەبزوونەوە، ئێوە لە سەر هیچ [دینێک] نین. ئاشکرایە ئەوەی لای پەروەرێنتەوە بۆت هاتووە، لە ئەندازە لادان و خودانەناسی زۆرێک لەوان، پتر دەکا. تۆ لە بەر ئەو خوانەناسانە، خەم مەخۆ.
(٦٩) ئەوانە پڕوایان هێنا و ئەوانەش بوونە جوولەکە، سوببییان و فەلەکانیش، هەرکامێکیان باوەڕی هەبێ بە خودا و ڕۆژی سەڵا و ئاکاری چاک ڕەچاو بکا، نەهیچ ترسیان لە سەر هەیە و نە خەم دەخۆن.
(٧٠) ئێمە لە بەرەی ئیسڕائیل بەڵێنمان ساند و زۆر پێغەمبەرمان بۆ ناردن. هەر کەس لەو پێغەمبەرانە پێچەوانەی دڵخوازی وان شتێکی بۆ بهێنابان، هێندێکانیان بە درۆزن حسێب دەکرد؛ هێندێکیشیان هەر بە کوشتن لە بەین دەبرد.
(٧١) لایان وابوو ئیتر بەڵایان تووش نابێ؛ کوێر و کەڕ بوون نە دەیاندی و نە دەیانبیست. پاشان پەشیمان بوونەوە؛ خودا ئەو پەشیمانیەشی قبووڵ کردن. دیسانەوە گەلێک لەوان کوێر و کەڕ بوون خوداش ئاکاری دەدیتن.
(٧٢) ئەو کەسانەی دەڵێن: خودا خۆی مەسیح کوری مەریەمە، دیارە لە دین وەرگەڕاون. کەچی مەسیح گوتوویەتی: ئێوە ئەی بەرەی ئیسڕائیل! ئەو خودایەی بپەرستن کە منی پەروەردە کرد و ئێوەش ئەو پەروەراندوویە؛ هەر کەسێکی شەریک بۆ خودا پەیدا بکا، خوا بەشی لە بەهەشت دەبڕێ و جێی ئاگرە و هەر کەسێ ناهەقی بکا، هیچ کەسی دەهانا نایە.
(٧٣) ئەوانەی کە گوتیان: خودا سێهەمینە لە سێ کەسان، بێ سۆ لە دین لایانداوە. جگە لە خودای تاقانە، هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ. ئەگەر بێتوو دەس هەڵنەگرن لەو قسانە - ئەوانیانە کە وا لە دین لایانداوە - گرفتاری ئازارێکی بەژان دەبن.
(٧٤) بۆچ ئەوانە پەشیمانی نابەنە بەر قاپی خودا و داوای بەخشینی لێ ناکەن؟ کە خوا لە گوناه دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٧٥) مەسیحی فرزەندی مەریەم لە پێغەمبەرێک بەو لاوە چی تر نییە، کە بەر لەویش فرەیەک پێغەمبەری تر هاتوون و چوون. دایکی ئەویش ژنێکی ڕاست و دروست بوو؛ هەردووکیان خۆراکیان دەخوارد. دەبڕوانە چەند نیشانەی ئاشکرایان نیشان دەدەین. دیسان تۆ لەوە ڕامێنە، چۆنین لە هەقێ لادەدرێن؟
(٧٦) بێژە: ئاخۆ غەیرەز خودا ئێوە دەچن شتانی وا دەپەرستن کە نە دەتوانێ زیانوو پێ بگەیەنێ و نە پێی دەکرێ بەهرەی بۆ ئێوە تێدابێ؟ زۆر بیسەر و فرەزاناش هەر خودایە.
(٧٧) بەو کەسانەی کە ئەهلی کتێبن، بێژە: بە ناڕەوا هەڵەڕۆیی لە دینی خۆتاندا مەکەن؛ مەکەونە شوێنی ئارەزووی ئەوانەش کە بەر لە ئێستە گومڕا بوون و زۆرێکیشیان گومڕا کرد و خۆشیان لە ڕێی ڕاس کلا بوون.

(٧٨) ئەو دەستە لە بەرەی ئیسرائیلیێ کە لە دین لایان دا، لە سەر زمانی داود و عیسای فرزەندی مەریەمڕا نەحلەت کران، چونکوو فەرمانی خوایان بەجێ نەهێنا و پیشەیان دەسدرێژی بوو.
(٧٩) لەو ڕەفتارە نالەبارە وا دەیانکرد، بەرگرییان لە یەک نەکرد. ئای کە چەند خراپەیان کردا!
(٨٠) تۆ زۆر لەوانە دەبینی دەبنە دۆستی خوانەناسان. چەن خراپە ئەو تۆشەی پێشی خۆیان خست: تۆشەی تووڕە بوونی خودا و هەر مانەوە لە ئازاردا.
(٨١) گەر ئەوانە بە خودا و بە پێغەمبەر و هەرچی بۆ ئەو هاتۆتە خوار، بە دڵ باوەڕیان هەبایە، دۆستی ئەمانە نەدەبوون. بەڵام زۆر کەس لە ناو ئەوان بەفەرمانی خودا ناکەن.
(٨٢) بێ گومانە جووەکان و شەریک دانەران بۆ خودا، لە دوشمنی دەگەڵ بڕوادارەکانا سەرسەخت ترن. ئەو کەسانەش کە گوتیان: «ئێمە مەسێحین»، پتر بڕوادارەکانیان خۆش گەرەکە. چون بڕێکیان ڕەبەن و کەشەن و خۆبەزل نازانن.
(٨٣) هەرگا گوێ دەگرن لەوانەی کە لە خواوە بۆ پێغەمبەر ناردراون، دەیانبینی ئەسرین لە چاویان دەوەرێ و چونکە لە ڕاستییەکە دەگەن، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەوا باوەڕیمان هێنا، سا تۆش ناومان وەل شایەتاندا بنووسە.
(٨٤) ئێژن: جا چۆن باوەڕ بە خوا ناهێنین و باوەڕ بەم ڕاستیە نەکەین کە ئێستا بە ئێمە گەیشت؟ کەچی هیوامان ئەمەیە، پەروەرندەی هەموو لامان بمانخاتە ناو گرۆی پیاوچاکانەوە!
(٨٥) لە هەمبەر ئەو قسانەدا ئەوان وتیان: خوا دەیانباتە باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن. پاداشی ئاکارباشەکان هەروا دەبێ.
(٨٦) ئەو کەسانەش کە دژ بە دین وەستانەوە و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی، دیارە جەحەندەم جێیانە.
(٨٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو شتانەی خوا بە ئێوەی ڕەوا دیوە و پاک و باشن، خۆتانی لێ بێ بەش مەکەن؛ لە ئەندازەش پتر مەچن، خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ئەندازە دەردەچن.
(٨٨) دەسا ئێوە لەو بژیوەی خوا بۆتانی داناوە، لەوەی وا پاک و ڕەوایە، بخۆن و نۆشی گیانوو بێ؛ ترسیشوو لەو خودایە بێ کە باوەڕیتان پێ هەیە.
(٨٩) خودا بە سوێندی سەر زارەکی و دوور لە مەبەست بە گوناهبارتان دانانێ؛ بەڵام سوێندی لە ناخی دڵتانەوە بێ و نەیبەنە سەر، بە گوناهبارتان دادەنێ و دەبێ لە بارتەقای ئەودا خواردن بدەن بە دە هەژار؛ لەو خواردنەی بە ئاسایی دەیدەن بە خێزانی خۆتان. یان دەبێ جلکی دە هەژار باربوو بدەن. یان کۆلەیەک ڕزگار بکەن؛ کەسێ کە ئەمانەی نەبوو، با سێ ڕۆژان بە ڕۆژوو بێ. ئەمە قەرەبووی سوێنتانە کە بە ئانقەست خواردبێتوو. سوێندی خۆتان بپارێزن و بە جێی بێنن. ئاوا خوا نیشانەکانی خۆی بۆتان ڕوون دەکاتەوە، کە ئێوە شوکرانەی بکەن.
(٩٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! شەراب خۆری و قوماربازی و کێل پەرستی و گرێ و لە سەر تیران کردن، لە کارەکانی شەیتانن؛ خۆتانی لێ بپارێزن، بەشکەم تووشی ڕزگاری بن.
(٩١) شەیتان مەبەستی ئەمەیە، بە شەراب خواردن و قومار ئاژاوەتان بخاتە ناو، لە نمێژ و یادی خودا وەتان گێرێ. ئاخۆ ئێوە دەس لەو کارانە بەردەدەن؟

(٩٢) بەر فەرمانی خودا بن و بەر فەرمانی پێغەمبەر بن [لە سەرپێچیش] خۆ پارێزن. ئەگەر لە فەرمان دەربچن، دەبێ ئەوەندە بزانن کە پێغەمبەر جگە لە پێ ڕاگەیاندن هیچی تری لە سەر نییە.
(٩٣) بۆ ئەوانەی بوونەتە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاکن، لەسەر ئەمەی کە لە پێشدا خواردوویانە گوناهیان نایەتە سەرێ. ئەگەر ئێستا خۆ پارێز بن و پروایان بە خودا هەبێ و ئاکاری چاک ڕەچاو بکەن، لە دواڕۆژیش خۆ لە گوناهـ بپارێزن و لە سەر باوەڕیان بمێنن و چاکەی بکەن، خوا چاکەکاری خۆش دەوێن.
(٩٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خودا دەربارەی ئەو نچیرەی کە بەدەستان یان بەنێزە ڕاوی دەکەن، بەتاقیتان دەکاتەوە؛ هەتا وەکوو بزانێ کێ بە نهێنی لێی دەترسێ. هەر کەسێکی لەو سنوورەی کە بۆتان دیاری کراوە پتر بچێ، بەشی ئازاری بەژانە.
(٩٥) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەتا ئێوە لە ئیحرامدان، نابێ هیچ نچیرێ بوگژن. کێ لە ئێوە بە ئانقەست نچیرێ بکوژێ لە ئیحرامدا، لەسەریەتی ئاژەڵێکی - کە بارتەقای ئەو نچیرەی ئەو بێتەوە و دوو مرۆی عادڵ لە خۆتان بارتەقایی بسەلمێنێ - بهێنێتە ماڵی کابە و لەوێ بیکاتە قوربانی؛ یان بارتەقای ئەو نچیرە، خواردن بدا بە هەژاران؛ یان بەرانبەر بە قەرسانی ئەو نچیرە چەند ڕۆژ دانێن بە ڕۆژوو بێ؛ هەتا سزای ئەم کردەوەی خۆی بچێژێ. خودا لە کاری ڕابردوو چاو دەپۆشێ. هەر کەسیش تێهەڵچێتەوە، خوا تۆڵەی لێ دەکاتەوە. خودا خاوەن دەستەڵات و تۆڵەسێنە.
(٩٦) ڕاو و خواردەمەنی زرێ بۆ ئێوە ڕەوا کراوە. ئێوە و ڕێبواران دەتوانن بیانکەنە بژیوی خۆتان. ڕاوی بەژیش هەتا لە ئیحرامدا دەبن، ڕێو نییە دەستی بۆ بەرن. لەو خودایە ترسوو هەبێ کە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە.
(٩٧) خودا ماڵی کابە [یانێ] «بیت الحرام» ی کردۆتە هۆی پێکهێنانی کاری خەلک؛ هەروەها حەرامەمانگ و قوربانییە بێ نیشان و قەڵادە دەملەکانیش. ئەمە [هەمووی] بۆ ئەوەیە تا بزانن هەرچی لە ناو ئاسمانەکان و زەویدان، خودا دەیزانێ و خودا لە هەموو شتێکی ئاگادارە.
(٩٨) دەبێ ئەوەندەش بزانن کە خودا لە سزادانیدا توند و تیژە و هەر خوداشە کە لە گوناهان دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٩٩) ئەرکێ لە سەر پێغەمبەرە هەر هێندەیە فەرمانی خوا ڕابگەرێنێ. خودا بۆ خۆی لەو شتانەی کە ئێوە ئاشکرای دەکەن، لەو شتانەش دەیشێرنەوە، ئاگادارە.
(١٠٠) بێژە: پیس و پاک وەک یەک نین؛ با زۆرایی پیسەکەش بۆت سەر سوورێن بێ. کە وابوو ئەی دڵ وشیاران! هەر لە خودا ترسوو هەبێ، ئەگەر بە هیوای ڕزگارین.
(١٠١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەو شتانەش پرسیار مەکەن ئەگەر بۆتان ڕوون کەنەوە، پێی تووشی دڵمەندی دەبن. ئەگەر پرسەکەو هەڵگرن بۆ ئەو کاتەی کە قورئان دێتە خوارەوە، وەرامەکەو دەدرێتەوە. خوا لەو پرسیارە نابەجێگانەی ئێوە چاوی پۆشی؛ خودا لە گوناهـ دەبوورێ و لەسەرخۆیە.
(١٠٢) کەسانێک لە پێش ئێوەشدا ئەم جۆرە پرسانەیان کرد و هەر لە بەر ئەو پرسانە، لە ڕێگەی خودا لایاندا.

(١٠٣) خودا سەبارەت بە «بەحیرە» و «سائ-یبە» و دەربارەی «حام» و «وەڵیلە» هیچ بڕیارێکی نەداوە؛ بەڵام خودانەناسەکان - کە زۆربەیان بێ ئاوەزن - درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن.
(١٠٤) ئەگەر پێیان بگوترێ کە: بێن بەرەولای ئەوەی خودا هەناردوویەتە خوارەوە و بێن بەرەولای پێغەمبەرێ، ئێژن: ئێمە هەر ئەو ئایینەمان بەسە کە باب و باپیرەکانمان لەسەری بوون؛ کە باب و باپیرانیشیان هیچ شتێکیان نەدەزانی و ڕێگەی ڕاستیان بەدی نەکردا!
(١٠٥) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هۆشتان بە خۆتانەوە بێ ئەگەر ئێوە بە ڕاستی دەگەڵی خوا بن و شارەزا بن، لە ڕێ لادەر زیانوو پێ نەگەیێنن. هەموو لاشوو دێنەوە بەر قاپی خودا؛ ئەوسا ئاگاداروو دەکا کە ئاکارتان چلۆن بووە.
(١٠٦) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا یەکێ لە ئێوە تووشی مەرگ دێ و دەیەوێ وەسیەتێ بکا، با لە خۆتان دوو کەس - کە جێگەی بڕوا بن - بێن و لێی ئاگادار ببن. ئەر ل ەسەفەریشدا بوون و تووشی بەڵای مەرگ هاتن، دوو کەسی تر لە وەسیەت ئاگادار بکەن. ئەگەر لەو دوو شایەتانە بە گومان بوون، هەتا دوای نوێژ ڕایان گرن و ئەوسا دەبێ سوێندێ بخۆن کە: بە خودا ئێمە دینمان بە ماڵی دنیا نافرۆشین و شایەتیەکی کە دەبێ بۆ خودا بیدەین، نامانەوێ نەیدرکێنین؛ با قازانجی ئەو ڕاستی نەدرکانەشمان بەخزمانی خۆمان بگا. ئەگەر ئێمە لە درکاندنی بە ڕاستی وەسیەتەکە - کە دەبێ بۆ خودای بێژین - خۆ ببوێرین، ئێمە پێی تاوانبار ببین.
(١٠٧) ئەگەر دەرچوو کە دوو شایەتەکەی پێشوو خۆیان تاوانبار کردووە، ئەوساکە دوشایەتی تر - کە لەو دووانە نزیکتر لە مردووەکە بن - بێنە پێش و سوێندێ بخۆن کە: بە خودا ئەو شایەتی ئێمە دەیدەین، لە شایەتی دووەکانی پێشوو ڕاسترە و ئەگەر لە ڕاستی لا بدەین، ئێمە لە ناهەق کارانین.
(١٠٨) ئەم شێوەیە بۆ باش دەرکەوتنی ڕاستی نزیکترە؛ کە شایەتەکان دەترسن بەسوێندی ئەوانی دیکە، ئەو سوێندەی کە خواردوویانە بەسەریاندا بدرێتەوە و لێیان هەڵوەشێنێتەوە. ئەشێ لە خوا ترسوو هەبێ و چی دەیبیسن بیگرنە گوێ. خودا لە فەرمان خۆ بوێران شارەزای ڕاستەڕێ ناکا.
(١٠٩) ڕۆژێ کە خوا گش پێغەمبەرەکانی خۆی کۆوە دەکا و ئێژێ: بێژن چۆنتان بە دەنگەوە هاتن؟ ئێژن: ئێمە هیچ ئاگاداریمان نییە، هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری.
(١١٠) [ئەو دەمەشتان با لە بیر بێ کە] خوا گوتی: ئەی عیسای فرزەندی مەریەم! وەبیر خۆتی بێنەوە چەندەم چاکە دەربارەی خۆت و دایکت کرد؟ من گیانی هەرە پیرۆزم نارده یاریت، لە سەر بێشکە و بەگەورەییش دەت توانی خەڵک بدوێنی. من لە لایەنی خۆمەوە فێری کتێب و کارزانی و تەورات و ئینجیلم کردی. ئەوساکەشت هەر لە بیربێ کە لە حەڕی بە ئیزنی من شێوەی مەلێکت چێ کرد و فووت تێکرد و بە ئیزنی من بوو بە باڵدارێک و دەفڕی. دیسان هەر بە ئیزنی من بوو تۆ کوێرەکانی زگماگ و نەخۆشینی بەڵەکیت خۆش دەکردەوە و بە ئیزنی من مردووشت زیندوو کردەوە. ئەو دەمانەش کە پاش ئەو هەموو نیشانە ئاشکرایەی کە پێم دابووی، هاتییە ناو بەرەی ئیسڕائیل، نەمهێشت زیانت لێبدەن. ئەو کەسانەی کە بڕوایان پێت نەهێنا، دەیانگوت: ئەو نیشانانە هەموو جادووی ئاشکرانوو هیچی تر نین.

(١١١) ئەو کاتەش من - هەر بە هیمای تایبەتی خۆم - حەوارییەکانم تێگەیاند: دەبێ پڕواو بە من هەبێ و بە پێغەمبەرەکەی منیش باوەڕ بکەن. گوتیان: خوایە! تۆ شایەت بە کە پڕوامان پێ هێناى و هەر ملکەچی فەرمانی تۆین.
(١١٢) کاتێ حەوارییەکان گوتیان: ئەی عیسای فرزەندی مەریەم! ئەرێ پەروەرندەکەی تۆ لە دەستی دێ خوانێکمان لە حەواوە بۆ بنێرێ؟ گوتی: ئەگەر باوەڕیتان بە خوا هەیە لێ بترسن.
(١١٣) گوتیان: ئێمە گەرەکمانە لە خوانی ئاوا بخۆین و دڵنیا بین و باوەڕ کەین کە هەرچی پێت گوتین ڕاستە؛ ئێمەش بێینە پاڵ ئەوانەی کە شایەتی بۆ تۆ دەدەن.
(١١٤) عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی خودای پەروەرندەمان! لەو حەوایەوە تۆ خوانێکمان بۆ بەڕێ کە، کە بۆ هەوەڵ و دواییمان جێژنەیەک بێ و نیشانەیەک بێ لە تۆرا و لە رۆزی بێ بەشمان مەکە. تۆ چاکترین ڕۆزی دەری.
(١١٥) خودا گوتی: من بۆ ئێوەی بە ڕێ دەکەم؛ هەر کەس دوایە لە ئێوە حاشایە بکا، جەزرەبەیەکی وای دەدەم کە تا ئێستا لە ناو خەڵکی دنیایەدا هیچ کەسێکم ئاوا جەزرەبە نەدابێ.
(١١٦) ئەو کاتەش کە خودا گوتی: ئەرێ عیسای کوڕی مەریەم! تۆ گوتووتە بەو مەردمە - غەیرەز خودا - دەبێ ئێوە من و دایکم وەک دوو خودا بپەرستن؟ گوتی: پاکی بێ عەیبی هەر شیاوی تۆیە، من ڕێم ناکەوێ هیچ شتێ بێجگە لە ڕاستی ببێژم. ئەگەر ئەو قسەم بکردبا خۆت دەتزانی. هەرچییەکیشم بە ناخی دڵدا بووری، تۆ دەیزانی؛ تەنیا منم کە دەربارەت هیچ نازانم؛ هەر تۆ لە هەموو نەدیاران ئاگاداری.
(١١٧) تۆ چۆنت فەرمان بە من دا، منیش هەر ئەوەم ڕاگەیاند. گوتم: خودا بپەرستن کە ئەمنیش و ئێوەشی پەروەراندووە. هەتا لە ناو ئەوانیش بووم، ئاگادار و چاوەنۆڕی باوەڕیان بووم؛ لەوساشەوە کە منت بۆ خۆت بردەوە، بۆ خۆت هەر ئاگاداریان بووی. دیاریشە خۆت لە هەموو شت ئاگاداری.
(١١٨) گەر بتەوێ ئازاریان دەی، عەبدی خۆتن؛ گەر بشتەوێ لێیان خۆش بێ، خۆت دەزانی و هەر بۆ خۆتی کە دەستەڵاتت بە دەستە و لەکارزانی.
(١١٩) خودا گوتی: ئەمڕۆ ڕۆژێکە ڕاستەکان ڕاستیەکەیان بەهرەیان پێ دەگەیێنێ. ئەوان باغاتێکیان دەبێ جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن.
(١٢٠) عاسمانەکان و زەمین و هەرچی لە ناویاندا هەیە - گش لە گش - موڵکی خودایە و هەر خودایە لە سەر هەموو شت توانایە.

ئەنعام

وە ناو خودا کە دەهەندە و دلۆڤانە

(١) پەسن و سوپاس بۆ خودایێ کە ئاسمانان و زەمینی چێ کردووە و تاریکایی و ڕووناکاییش ئەو پەیدای کرد. ئەو کەسانەش کە حاشایان لە پەروەرندەیان هەیە، دێن لە پاشان شەریکی بۆ پەیدا دەکەن.

(٢) ئەو خودایەی کە ئێوەی لە قوڕ چێ کرد و ماوەی ژینی بۆ داناون. ئەو کاتەشی بڕیار داوە و ناوی ناوە [کە لە ژیان بێ بەش دەبن]. کەچی ئێوە دیسانەکە هەر دوودڵن.
(٣) لە ئاسمانان و زەمیندا خوا هەر ئەوە و لە نهێنی و ئاشکراتان ئاگادارە و هەر کارێک بیکەن دەیزانێ.
(٤) هەر نیشانەیەک لە لایەن خوای پەروەرێنیانەوە بێ و بێتە لایان، ئیللا هەر حاشای لێ دەکەن و خۆیانی لێ دەبوێرن.
(٥) ئەوا وەختێ ئەم ڕاستەشیان بۆهات، بڕوایان پێ نەکرد. لەدواڕۆژدا ئەوانە ئاگادار دەبن لەوشتانەی ئێستا گەپی خۆی پێ دەدەن.
(٦) ئاخۆ ئەمەندە نازانن کە ئێمە لە پێش ئەواندا چەندین بەرەمان قڕ کردن؟ ئەو دەستەڵاتەش لەم زەمینە بەوانمان دابوو، بەمانمان نەداوە. لە حەواوە کەیکەم و شەستەڕەهێڵە بارانەمان بۆ باراندن و وامان کرد کە لە سەر ڕووبارەکان دەژیان. کەچی هێند نافەرمانیان کرد قڕمان کردن و لە پاش ئەوان - لە جێی ئەوان - بەرەی ترمان دامەزراندن.
(٧) ئەگەر ئێمە لە سەر کاغەز نامەیەکمان بۆ تۆ ناردبایە خوارەوە و بەدەست هەڵیان گلۆفیبا، ئەوانەی خودانەناسن هەر دەیانگوت: ببێ و نەبێ جادوو نەبێ چی تر نییە.
(٨) ئەوا دەشڵێن: ئەدی بۆچی خوا فرشتەی بۆ ئەو نەناردە خوارەوە؟ ئەگەر ئێمە فرشتەشمان بناردایە، بێ سۆ کار لە کار دەترازا و هیچ مۆڵەتیان پێ نەدەدرا.
(٩) خۆ ئەگەر ڕاسپاردەمان فرشتەش با، هەر دەبوو جلکی پیاوێکی دەبەر بکەین و ئەو جلەی ئەوان دەیپۆشن ئەو پۆشیبای.
(١٠) بە گەلێک لە پێغەمبەرانی بەرلە تۆ، ڕشخەن کرا و ڕشخەنکەران تووشی کارەکەی خۆیان بوون.
(١١) بێژە: ئێوە لەم زەمینە گەشتێ بکەن، تا بزانن دواڕۆژی بێ باوەڕەکان بە کوێ گەیشت.
(١٢) بێژە: هەرچی لە ناوی عاسمانەکان و زەمیندایە، ماڵی کێیە؟ بێژە: هەموو بۆ خودایە. خودا لە سەر خۆی نووسیوە کە دەبێ خاوەن بەزە بێ. دیاریشە لە ڕۆژی قیامەت - کە بێگومانە هاتنی - گشتوو لێک کۆ دەکاتەوە و ئەو کەسانەی گیانی خۆیان دۆڕاندووە ئەوانن بڕواناهێنن.
(١٣) بۆ ئەویشە هەر شتێکی لە شەوگاڕ و لە ڕۆژێدا، هەدا دەدا و هەر خۆی بیسەر و زانایە.
(١٤) بێژە: ئاخۆ دەتانەوێ غەیرەز خودا هیچ کەسی تر بە سەروەری خۆ بزانم، کە ئاسمانان و زەمینی داهێناوە و ڕۆزی بە زیندەوەر دەدا و خۆی لە بژیو بێ نیازە؟ بێژە: فەرمان بە من درا کە یەکەمین بەرفەرمان بم. سا تۆ قەت لەوانە مەبە شەریک بۆ خودا پەیدا کەی.
(١٥) بێژە: ئەگەر نافەرمانی خودای پەروەرێنم بکەم، لە ئازاری ڕۆژە هەرەدژوارەکەی پڕ مەترسی، ترسم هەیە.
(١٦) ئەوێ ڕۆژێ خوا لە هەر کەسێ وازبێنێ، ئەوە دیارە وەبەر بەزەیی خستووە؛ ئەم کارەش ڕزگارییەکی ئاشکرایە.
(١٧) ئەگەر خودا بەڵایەکت بە سەر بێنێ، بە غەیرەز خۆی کەس لە سەرتی وەلا نابا. گەر بەچاکەشت وەخوێنێ، هەر خۆیەتی هەموو کارێکی پێ دەکرێ.

(١٨) هەرخوداشە لە سەر هەموو عەبدەکانی دەستی دەڕوا و هەر بۆ خۆیەتی کارزانە و ئاگادارە.
(١٩) بێژە: شایەتی دانی کێ لە هەموو شایەتی دانێک گرینگترە؟ بێژە: خودا شایەتە لە نێوانماندا؛ ئەو بە خەڵات بۆ منی ناردە خوارەوە، تا بە هۆی ئەو ترس وەبەر ئێوە بێنم و هەر کەسێکیش کە پێ دەگا. ئێوە شایەتی دەدەن کە وەل خودا چەند خودایەکی تریش هەیە؟ بێژە: من شایەتی نادەم. بێژە: خودا هەر یەکێکە و من لە شەریک بۆ خوادانانی ئێوە دوور و بێزارم.
(٢٠) ئەهلی کتێب هەر وەک کوڕەکانی خۆیان باش دەناسن، پێغەمبەریش وا دەناسن. ئەوانەی خۆیان تووشی خوسار کردووە، پڕوا ناکەن.
(٢١) کێی وا هەیە لەو کەسانە ناهەقتر بێ کە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن یا بە نیشانەکانی خوا باوەڕ ناکەن؟ دیاریشە هەر کێ ناهەق بێ، ڕزگار نابێ.
(٢٢) ڕۆژی قیامەت کە گشتیان کۆ دەکەینەوە، بەو کەسانەی کە شەریکیان بۆ خودا پەیدا کردبوو، ئێژین: کوانێ بە خەیاڵ دەوگوت شەریکن دەگەڵ خودا؟ دە بیانهێنن.
(٢٣) جا ئەو کاتە هیچ عوزرێکیان نابێ غەیرەز ئەوە بێژن: سوێند بە خودا کە ئێمەی پەروەراندوە؛ ئێمە هەرگیز هیچ شتێکمان نەکردۆتە شەریکی ئەو.
(٢٤) پڕوانە چۆن درۆ لە سەر خۆشیان دەکەن! ئەو شتانەش کە ئەوان بە درۆ دەیانگوت، لە بەین چوون.
(٢٥) ئی وایان لە ناودا هەیە گوێت پێ دەدا. بەڵام ئێمە پەردەیەکمان بە سەر دڵیان هەڵکێشاوە کە تێت نەگەن، گرانایی‌شمان خستۆتە ناو گوێچکەیان کە [نەبیسن] و هەر نیشانەیەک ببینن باوەڕ ناکەن. ئی واش هەیە کە دێنە لات جوابەجەنگیت دەگەڵ دەکەن؛ ئەو کەسانەی خوانەناسن ئێژن: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە و چیتر نییە.
(٢٦) هەر ئەوانە ناهێڵن خەڵک بێنە لای و بۆ خۆشیان خۆی لێ دوور دەگرن. ئەم کەسانە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن هەر بۆ خۆیان لە بەین دەبەن.
(٢٧) ئەگەر ئەوسا بیانبینی کە لە سەر لێواری ئاگر ڕاگیراون، ئێژن: خۆزی دیسان دەیانگێڕاینەوە، ئەوسا بە نیشانەکانی پەروەرندەن پڕوامان دەکرد و ئێمەش لە ڕێزی باوەڕداران بووین.
(٢٨) ڕاستیش ناکەن، تەنیا هەر ئەوەیان بۆ ئاشکرا بووە کە لە پێشا لە دڵدا حاشاریان دابوو. ئەگەر بشگەڕابانەوە، ئەو کارانەی کە پێیان دەگوترا مەیکەن، هەر دەیانکرد. ئەمانە هەر درۆزنن.
(٢٩) گوتیشیان: جگە لەم ژینەی سەر دنیامان چیتر نییە و ئێمە زیندوو نابینەوە.
(٣٠) گەر بیان دوونی لەو کاتەدا کە لە هەمبەر پەروەرێنیان ڕاگیراون، پێیان ئێژێ: ئاخۆ ئەمەو پێ ڕاست نەبوو؟ ئێژن: بەڵێ، سوێندەکە بە پەروەرەندەن ڕاستی ڕاستە. ئێژێ: دە ئازار بچێژن بۆ ئەو حاشایەی دەتانکرد.
(٣١) ئەو کەسانە زیانمەند بوون کە هیچ باوەڕیان نەدەکرد، دێنە بەر بارەگای خودا. تا ئەو ساتەی لە پڕ سەڵایان لێ ڕابوو. ئیتر ئەوسا لە حاڵێکدا کۆڵەپشتی باری گرانی گوناهیان لە سەر پشتە، هەر ئاخ و داخ و پەکیانە؛ ئێژن: حەیفێ ئێمە چەندن درێغی کرد. سا بزانە چەند بارەکەیان گران و نالەبارە.
(٣٢) ژینی دنیا جگە لە گاڵتە و گەپ نییە و ماڵی ئەولا بۆ ئەوانەی لە خواترس و خۆپارێزن زۆر چاکترە. دەسا بۆ دەبێ تێ نەگەن؟!

(٣٣) ئێمە دەزانین ئەو قسەی ئەوان دەیکەن بۆت دەبێتە هۆی دڵتەنگی. خۆ ئەوانە تۆ وەدرۆ ناخەنەوە؛ لە ڕاستیدا ئەو ناهەقیکارانە لە نیشانەکانی خودایە حاشا دەکەن.
(٣٤) فرە لە پێغەمبەرانی بەر لە تۆش - هەر وەک ئێستەی تۆ - بە درۆزن ژمێراون. وێرای باوەڕ پێ نەکران و ئازاردانیش، هەروا خۆڕاگر مانەوە؛ هەتاکوو یارمەتی ئێمەیان پێ گەییشت. سۆزی خوداش بە هیچ کەسێک ناگۆڕدرێ و دیاریشە تۆ دەنگوباسی پێغەمبەرانت زانیوە.
(٣٥) ئەگەر تۆ لە لات گران دێ کە بە دەنگتەوە نەهاتوون، سا ئەگەر لە تواناتدایە، ڕەهۆڵێکی لەم زەمینەدا بکۆڵە، یان پەیژەیەک کە پێی هەڵچی بۆ ئاسمان و بەڵگەیەکی پتەو بۆ ئەمانە بێنە [پڕوات پێ بکەن]. ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ با، هەموویانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد. ئیتر ناشێ تۆ لە ڕێزەی نەزانان بی.
(٣٦) هەر ئەوانە گوێت لێ دەگرن کە دەبیسن. مردووەکانیش خوا زیندوویان دەکاتەوە و پاشان گشتیان بۆ لای خۆی دەگەڕێنەوە.
(٣٧) ئێژن: بۆچی نیشانێکی لە لایەن پەروەرندەیرا بۆ نەهاتۆتە خوارەوە؟ بێژە: خودا توانای هەیە هەر بەڵگەیەک [خۆی حەز بکا] بە ڕێی بکا؛ بەڵام ئەوانە زۆربەیان لێ نەزانن.
(٣٨) هەر زیندەوەرێ لە عەرزا تەڤگەڕیەتی و هەر مەلێ بە باڵان دەفڕێ، هەموویان کۆمەڵانێکن وەکوو ئێوە. ئێمە لە ناو ئەم کتێبە هیچ شتمان هەڵ نەبواردووە؛ لە دواڕۆژیش گش ئەمانە لە لای پەروەرندەی خۆیان کۆوە ئەکرێن.
(٣٩) ئەو کەسانەی کە نیشانانی ئێمەیان بە درۆ زانی، کەڕ و لاڵن و لە تاریکیدا خول دەخۆن. خودا بەکەیفی خۆی دەکا، لە هێندێکان ڕێ دەگۆڕێ و هێندێکانیش دەخاتە سەر ڕاستەڕێیە.
(٤٠) بێژە: ئەگەر خوا بەڵایەکوو بۆ بنێرێ یان ڕۆژی سەڵا و لێ ڕابێ، ئاخۆ ئەوسا غەیرەز خودا هانا بۆ کەسی تر دەبەن؟ ئەگەر ڕاستن، ڕاستی بڵێن.
(٤١) نەخێر، ئەوسا هەر هانا بۆ خودا دەبەن. ئەگەر خودا خۆی حەز بکا، بەڵاتان لە سەر لا دەبا و ئەو شتانەتان لە بیر دەچێتەوە کە [ئێستا] بە شەریکی خودایان دەزانن.
(٤٢) ئێمە بۆ سەر گەلێک لە گەلانی پێش تۆش [پێغەمبەرمان] بە ڕێ کردوون. [ئەو کەسانەی یاغی دەبوون] تووشی بەڵا و نسیبەتانمان دەکردن، تا بەشکێکوو لە بەرمان بلاڵێنەوە.
(٤٣) دەیسا بۆچی کە بەڵاشمان بە سەر هێنان، لە بەرمان نەپاڕانەوە؟ بەڵام ئەمان دڵڕەش بوون و، شەیتانیش کارەکانیانی وا لە بەر ڕازاندبوونەوە [کە هەر لە سەر حاشایە مان].
(٤٤) جا وەختێ ئەو هەموو ئامۆژگاریانەیان - کە کرابوون - لە بیرەو چوو، هەموو دەرگای بەختەوەرین بۆ کردنەوە هەتا کەوتنە خۆشی و شادی؛ ئەوسا لەپڕ و نەکاوێک بەر تووڕەیی خۆمان خستن و هەموو ناهومێد مانەوە.
(٤٥) ئیتر ئەوسا ئەو کەسانەی پیشەیان هەر ناهەقی بوو، دواپڕاو بوون و سپاس بۆ خوای ڕاهێنەری هەموو دنیا.
(٤٦) بێژە: بە من بێژن ئەگەر خوا هەستی گوێ و سۆمای چاوتان لێ بستێنێ و لە سەر دڵگەلیشتانەوە مۆر دابنێ، کێ دەتوانێ - بەدەر لە خوا - بووداتەوە؟

دەڕوانە ئێمە چلۆن نیشانەکان بۆ ئەوان شی دەکەینەوە؛ هێشتا هەر خۆی لێ دەبوێرن.
(٤٧) بێژە: بە من بێژن ئەگەر بەڵای خودا لە پڕێک و بەنهێنی یان بە تەرزێکی ئاشکرا، تووشتان بێ، جیا لەوانەی غەدرێ دەکەن کێ قڕ دەبێ و تێدا دەچێ؟
(٤٨) هەر پێغەمبەرێک دەنێرین پێی دەسپێرین مژدەدەر و ترسێنەر بێ؛ سا هەر کەسێ پڕوای هێنا و ئاکاری چاکی ڕەچاو کرد، نە هیچ ترسی لە سەر هەیە و نە هیچ خەمێکیان دێتەبەر.
(٤٩) ئەوانە وا نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ئەژمارد، لە سزای ئەم نافەرمانییە، گرفتاری ئازار دەبن.
(٥٠) بێژە: من بە ئێوەم نەگوت: کلیل داری گەنجینەکانی خوا منم؛ نەشم گوتووە: لە نادیاران ئاگادارم؛ پێشم نەگوتوون: فریشتەم. تەنها من هەر ئەوە دەکەم کە خودا پێی ڕاگەیاندووم. بێژە: ئاخۆ کوێر و چاوساغ وەکوو یەکن؟ دەیسا بۆ بیر ناکەنەوە؟
(٥١) بەم قورئانە تۆ ئەوانە بترسێنە، کە لە ڕۆژی کۆ بوونەوە لە قاپی پەروەرندەیان نیگەرانن؛ کە لەو بەدەر نە هیچ دۆستیان گیر دەکەوێ و نە تکاکار، بەشکوو لە خودا بترسن.
(٥٢) ئەو کەسانە مەتۆرێنە و دەریان مەکە کە گش شەوەکی و ئێواران هانا دەبەنە بەر خوای پەروەرێنیان و بۆ ڕەزای ئەو کۆشش دەکەن. تۆ هیچ کارت بە کاری ئەوان نەدابێ؛ ئەوانیش هیچ کاریان بە سەر تۆوە نییە. سا ئەگەر ئەمانە دەرکەی، غەدرێکە لە خۆتی دەکەی.
(٥٣) ئێمە ئاوا گەرەکمانە هێندێ لەوان بە هێندێکان تاقی وەکەن، هەتا بێژن: چلۆن خودا لە ناوماندا هەر ئەمانەی وەبەر چاکەی خۆی خستووە؟ ئاخۆ خودا لەوان باشتر شوکربژێران ناناسێ؟
(٥٤) هەرگا ئەوانە دێنەلات کە بە نیشانانی ئێمە پروادارن، پیان بێژە: دڵنیابن پەروەرێنتان هەر خۆی لە سەر خۆی نووسیوە بەر بەزەیی خۆیتان بخا؛ دیارە خودا هەر کەسێکی لە ئێوە - لە نەزانی خۆی - کاری خراپی لێ ڕوودا و پاشان پەشیمان بێتەوە و ئاکاری چاک ڕەچاو بکا، لە گوناحەکانی دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٥٥) ئێمە ئاوا نیشانەکانی خۆمانیان تەواو بۆ شی دەکەینەوە و دەمانەوێ ڕێبازی تاوانباران ڕوون ببێتەوە.
(٥٦) بێژە: من ڕێم پێ نەدراوە کە لە خودا بتکەمەوە و ئەو شتانە بپەرستم کە ئێوە دەیانپەرستن. بێژە: قەت من بە ئارەزووی ئێوە ناکەم. ئەگەر بێتوو شوێن ئارەزووی ئێوە کەوم، دیارە ڕێگەم گوم کردووە و لە ڕاستەڕێ وەدەر کەوتووم.
(٥٧) بێژە: وا من لە لایەن پەروەرێنمەوە، بەڵگەی پتەوم لە لایە؛ کەچی ئەوەی لای منتان بە درۆ دانا. ئەوەش ئێوەی بۆ بەلەزن، هیچی لە دەس مندا نییە. فەرمان هەر فەرمانی خوایە و هەر خۆی ڕاستیو بۆ باس دەکا. چاکتر لێک جوداکەرەوەش هەر خۆیەتی.
(٥٨) بێژە: ئەگەر ئەو شتەی داوای دەکەن و بۆی بە پەلەن بە دەس من با، کاری نێوان من و ئێوە هەر لە زوودا دوایی دەهات. هەر خوا باشتر ناهەقیکاران دەناسێ.
(٥٩) هەموو کلیلی نهێنی و بەرپیواران وا لای ئەوە؛ لە خۆی بەدەر هیچ کەسێ ئاگای لێ نییە و هەرچی لە زریا و بەژدایە باش دەیزانێ؛ هیچ گەڵایەک لە هیچ

شوێنێ بێ زانینی ئەو ناوەرێ. هەرچی دەنکە و لە تاریکایی زەویدا و هەرچی تەڕە، یان زوهایە، گشتی لە ناو دەفتەرێکی ئاشکرایە.
(٦٠) هەر خۆیەتی بە شەو هەستوو لێ دەستێنێ و لە ناو ڕۆژا چیتان کردووە. جا بە ڕۆژ ڕاو دەپەڕێنێ، هەتا ماوەی دیاری کراو بە سەر دەچێ. لە پاشان دەچنەوە لای خۆی؛ ئەوسا ئاگادارتان دەکا کە لە پێشدا چوو کردووە.
(٦١) هەر خۆیە دەستەڵاتدار بە سەر عەبدانیا. پاسەوانانێکیشتان بۆ بەڕێ دەکا. هەرگا وەختی مردنوو دێ، پێمێردی خوا لە پێک هێنانی فەرمانی درێغ ناکا.
(٦٢) پاشان دەیانگەڕێننەوە بۆ لای خودا، کە سەروەری ڕاستەقینەی هەموویانە. با بزانن فەرمان هەر بە دەستی ئەوە و زووتر لە هەر حیسابگەرێ بە حیسابی گش ڕادەگا.
(٦٣) بێژە: کێ ڕزگارتان دەکا لە تاریکی بەژ و دەریا؟ کە ئەوساکە بە نهێنی و بە ئاشکرا لە بەری دەپاڕێنەوە: ئەگەر خودا ئەمجارەش ڕزگارمان بکا، هەر شوکرانەی ئەو دەبژێرین.
(٦٤) بێژە: خوا ڕزگاروو دەکا لەو تەنگانە و لە هەموو بەڵایەکی دیش؛ کەچی ئێوە شەریکی بۆ پەیدا دەکەن.
(٦٥) بێژە: خودا توانای هەیە کە لە لای سەرووتانەوە یان لە لای ژێرپاتانەوە ئازارتان بۆ بەڕێ بکا؛ یان بتانکاتە چەند دەستەو تێکتان بەردا و ئازار لە یەکتر بچێژن. دە بڕوانە چۆن ئێمە نیشانەکانمان - جۆرە جۆرە - بەو مەردمە نیشان دەدەین، بەشکوو ئەوانە تێبگەن.
(٦٦) هۆزەکەی تۆ ئەم قورعانی وا ڕاستیشیان پێ درۆیە. بێژە: خۆ من نەبوومە هەمەکارەتان.
(٦٧) زۆر بە زوو ئاگادار دەبن کە هەر باس و خەبەرێک جێگەی خۆی هەیە.
(٦٨) هەرگا ئەوانە دەبینی دەربارەی نیشانەکانمان خراپ دەدوێن، تۆ ڕوویان لێ وەربگێڕە تا باری قسە دەگۆڕن و قسە لە شتێکی تر دەکەن. گەر وا ڕوویدا شەیتان لە بیری بردیەوە، هەرگا وەبیرت هاتەوە ئیتر وەل ناهەقیکاران ڕۆمەنیشە.
(٦٩) ئەوانەی خودێ ترسن و خۆپارێزن، هیچ ئوباڵی ئەوانەیان لەستۆ نییە. بەڵام دەبێ ئامۆژگاری [بۆ نالەبارەکان] بکەن، بەشکوو لە خودا بترسن.
(٧٠) تۆ وازبهێنە لەوانەی دینەکەیان بە گەمە و گاڵتە گرتووە و ژینی دنیا تەواوێک لە خشتەی بردوون. بەم قورئانە بیریان خەوە کە هەر کەسێک بکەوێتە زیندانی بێ دەرەتانی کردەوەی خۆی - لە خوابەدەر - هیچ کەسی دەهانای نایە و هیچ کەسیش تکای بۆ ناکا. هەرچی ماڵی دنیاش هەبێ و لە لای ئەوبێ لە قەرەبووی خۆیدا بیدا، قبووڵ ناکرێ. ئەوان لەسۆنگەی ئەو کارەی کردوویانە و بڕوایان بە خودا نەبووە، لە دوژەهێ دەرناکەون و ئاوی کوڵیو دەخۆنەوە و جەزرەبەی بەژانیان هەیە.
(٧١) بێژە: ئاخۆ گەرەکتانە - لە خوا بەدەر - هاوار بۆ شتانێک بەرین نە زەرەرێکمان لێ دەدەن، نە بەهرەیان بۆمان هەیە و لە پاش ئەوەی شارەزای ڕاستەڕێگە بووین، سەرلە نوێ پاشگەز بینەوە؟ هەر وەک ئەوەمان بە سەردێ کە شەیتان خەڵەتاندوویە و لە سەر زەوی سەرگەردانە. هێندێک هەواڵی وای هەیە کە پێی ئێژن: وەرە لامان لە ڕێگەت شارەزا دەکەین. بێژە: ڕێی ڕاست هەر ڕێگەی ڕووبە خودایە و فەرمان بە ئێمە دراوە خۆ بدەینە دەس ڕاهێنەڕی دنیایە.

(٧٢) فەرمووشیە دەبێ نوێژ بکەن؛ ترسیشوو لە خودا هەبێ؛ کە هەموو لاتان لای ئەو خڕ دەکرێنەوە.
(٧٣) هەر خۆیەتی بۆ ڕاستی، ئەم ئاسمانانە و زەمینەی بەرهەم هێناوە. هەر ڕۆژێکی بۆ دروست بوونی هەر شتێ فەرمان بدا: ببە! دەبێ. قسەی ڕاستە و لاری نییە و ئەوێ ڕۆژێ فوو بە کەڵەشاخدا دەکرێ، تەنیا خۆی دەستەڵات دارە و دیار و بەرپیوار دەزانێ و هەر خۆیەتی لەکارزان و ئاگادارە.
(٧٤) بیر لەو کاتەش بکەرەوە کە ئیبراهیم بە ئازەری ئاپی خۆی گوت: ئەتۆ بۆچی ئەو بتانە دەپەرستی؟ ئەمن تۆشوو گەلەکەشت دەبینم لە ڕێ لاو داوە.
(٧٥) [هەر ئەو دەمەش بوو کە] ئێمە نیشانی ئیبراهیمندا دام و دەزگای ئەم عاسمانان و زەمینە سەر بە کێیە، تا لە ڕێزی باوەڕدارە ڕاستەکان بێ.
(٧٦) کە شەوی بە سەرداهات و تاریک داهات، ئەستێرەیەکی بەدی کرد. گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. هەرکە لە بەر چاو ئاوا بوو، گوتی: هەرچی ئاوا ببێ خۆشم ناوێ.
(٧٧) وەختێ کە دیتی مانگ هەڵات، گوتی: ئەمە پەروەرێنمە. کە ئەویش لە بەر چاو نەما، گوتی: ئەگەر پەروەرێنی ڕاستەقانیم خۆی شارەزاییم پێ نەڵێ، منیش لە گومڕایان دەبم.
(٧٨) کاتێ دیتی وا خۆر لە کەل سەر دەکەوێ، گوتی: ئەمە لەوانی تر مەزنترە، ڕەنگە پەروەرندەکەی من هەر ئەمە بێ. کە خۆریش کەوتە خۆرنشین، گوتی: گەلۆ! من لەو کارە و کە شەریکان بۆ خودانی من دەناسن، تەکیمەوە.
(٧٩) وامن - بە دڵپاکی - ڕووم کردە ئەو کەسە کە ئاسمانان و زەمینی داهێناوە و لەوانە نیم شەریکی بۆ پەیدا دەکەن.
(٨٠) هۆزەکەی لە سەر ئەم باسە شەڕ و کێشەیان پێ فرۆشت. گوتی: ئێوە چۆن دەگەڵ من دەربارەی خوداییکەوە کێشە دەکەن کە خۆی شارەزای کردووم و هیچ ترسێکم لەوانە نییە کە ئێوە دەیانکەنە شەریکی ئەو. هەر شتێکی پەروەرندەم حەزێ بکا هەروا دەبێ و زانستی پەروەرێنی من هەموو شتی داگرتووە. ئاخۆ ئێوە ڕانامێنن؟
(٨١) جا چۆن دەبێ لەو بتانەی - کە ئێوە دەیانپەرستن - ترسم هەبێ؟ کەچی ئێوە ترسوو نییە و ئەو بتانە بە شەریکی خودا دەزانن و هیچ بەڵگەیەکی پتەوتان بۆ نەهاتۆتە خوارەوە. ئەگەر ئێوە لە زانین هیچ بەشتان هەبا، دەتانزانی لە من و لەنگۆ کامەلامان پتر شیاوی نەترسانە.
(٨٢) ئەو کەسانەی پروایان بە خودا هێناوە پرواکەیان تێکەڵی ناحەقی نەکرد، دڵنیایی بۆ ئەوانە و شارەزای ڕای خودا ئەون.
(٨٣) ئەمانە چەند بەڵگەیەک بوون کە دابوومانە ئیبراهیم، کە بەرانبەر بە هۆزی خۆی ڕابووەستێ. هەر کەسێ ئێمە حەز بکەین پلەی ڕێزی باڵا دەبەین؛ بێ گومانە پەروەرندەت لەکارزان و ئاگادارە.
(٨٤) ئێمە ئیسحاق و یەعقووبمان هەر بەو بەخشی و هەموو لامان شارەزای ڕای خۆمان کردوو، لە پێش ئەواندا نووحیشمان بەرەو خۆمان ڕێ نیشاندا و لە ناو زاروزێچی ئەودا داود و سولەیمانیش و ئەییوب و یوسف و مووسا و هاڕوونمان خستە سەر ڕێگا. ئێمە ئاوا پاداشی باش بە کارچاکان دەدەینەوە.
(٨٥) هەروەها زەکەریاش و یەحیا و عیسا، وێڕای ئەلیاس؛ هەموویان لە مێرخاسان بوون.

(٨٦) ئیسماعیل و ئەلیەسەع و یوونس و لووتیش هەروەها؛ سەر لەبەریانمان لە خەڵکی سەر زەمینێ، زێدەتر قەدر لێناوە.
(٨٧) لە باب و کاڵ و عەولاد و برایانیان، پڕێکیانمان سەرخستن و شارەزای ڕای ڕاسمان کردن؛
(٨٨) ئەم شارەزایی کردنە لە لای خودایە. لە هەر کەسێ لە عەبدانی مەیلی لێ بێ، بەرەو خۆی ڕێی نیشان دەدا. خۆ ئەگەر شەریکیان بۆ خوا پەیدا کربا، کردەوەیان سەرپاکی بە فێڕۆ دەچوو.
(٨٩) ئەوانە کەسانێک بوون کە کتێبی خۆمان پێداون و لە کارزانیمان ڕاهێنان و کردمانن بە پێغەمبەر؛ گەر ئەمانە لێیان بکەونە حاشایە، ئێمە ئەو کارە دەدەینە کۆمەڵێ وا کە پروایان پێیان هەبێ و هیچگا حاشایان لێ نەکەن.
(٩٠) ئەوانە کەسانێک بوون کە خودا ڕێنموونی کردن؛ تۆش هەر لە شوێن ئەوان بڕۆ! بێژە: خۆ من هیچ پاداشێکم لێو ناوێ، ئەم قورئانە هەر تەنیا ئامۆژگارییەکە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.
(٩١) ئەو دەمەی وا گوتیان: خودا هیچ شتێکی بۆ هیچ کەسێک نەناردووە، وەک پێویستە خوا بناسرێ، نەیانناسی. بێژە: ئەی کێ ئەو کتێبەی ناردووە کە مووسا هێنای و ڕووناکی و شارەزایی بوو بۆ مەردم؟ کتێبێ کە پەڕەپەڕەی دەکەنەوە و بەشی کەمی نیشانی خەڵکی دەدەن و بەشی زۆری دەشارنەوە! بەو کتێبە شتگەلێکتان پێ فێر کرا کە نە خۆ نە باب و کاڵتان نەو دەزانین. بێژە: هەرخودا ناردوویە. تۆ ئیتر وازیان لێ بێنە با بە گاڵتە کردنەوە خۆ خەریک کەن.
(٩٢) ئەم قورعانەشمان بە خەڵات بۆ تۆ نارد و مەمبارەکە و ئەوانەیشی لە لا ڕاستە کە دەپێشدا ناردراون؛ تا تۆ بە هۆی ئەم قورئانە خەڵکی مەککە و دەوروبەری بترسێنی و ئەو کەسانەی پروایان بە قیامەت هەیە، دیارە باوەڕی پێ دێنن و هۆشیان بە نوێژەکانیشیانەوە هەیە.
(٩٣) کێ لەو کەسە ناهەقترە درۆ بە دەم خواوە بکا؟ یا بێژێ من لە خوداوە فەرمانم پێ ڕاگەیەنراوە؛ کە هەرگیز هیچ فەرمانیشی لە خواوە بۆ نەهاتووە؛ یان بێژێ منیش لە وێنەی ئەوانەی خودا ناردوویە، دەتوانم بۆتان بنێرم؟ بریا وەختی ئاویلکەدان تۆ ناهەقیکارەکانت بدیبا کە فریشتە لێیان ڕاساوە، کە: گیانوو لە قاڵب دەرخەن؛ وا ئەمڕۆ لە تۆڵەی ئەوە کە درۆتان بە دەم خوداوە هەڵدەبەست و لە نیشانەکانی خودا حاشاو دەکرد، ئێوە بە سووکایەتییەوە ئازار دەدرێن.
(٩٤) هەر وەک تاک تاکە و بە تەنیا لە پێشوودا، ئێوەمان وەدی هێناوە، هەرواش هاتوونەوە لامان. هەرچیش ئێمە پێمان دابوون، لە دواتانەوە بەجێ ما. ئەو کەسانەش نابینن کە لاتان وابوو تکاکارن و بە شەریکی خواتان دەزانین. دیارە ئێستا لە یەکتری جیا بوونەوە و چی بە خەیاڵ سازوو دابوو، هەمووتان لێ بە هیچێ چوو.
(٩٥) خودا دانە و دەنکی میوە دەقەڵێشێ. هەر ئەویشە زیندوو لە مردوو دەردەخا و مردوو لە زیندوو دەردێنێ. ئەمە خوایە، دەسا ئێوە چۆن [لە ڕێگا] کلا دەکرێن؟
(٩٦) تێکوڵی شەوگار لا دەدا و سپێدە و بۆ دەخاتە ڕوو. شەوی بۆ ئۆقرە گرتن و خۆر و هەیڤی بۆ ژمارەی ئێوە سازدا. خودای خاوەن دەستەڵاتی زانا ئەم کارەی کردووە.
(٩٧) هەر ئەویشە ئەستێرەی بۆ خستوونە ڕوو؛ تا بەوانە - لە تاریکی بەژ و زریا - ڕێ پەیدا کەن. ئێمە بۆ کەسانێ زانان، نیشانانمان بە ڕوونی شی کردۆتەوە.

(٩٨) هەر ئەویشە هەموو ئێوەی لە تاقەکەسێک خستەوە؛ لە دوای ئەوە لە شوێنێک کۆی کردنەوە و دای مەزراندوون. بۆ ئەو کەسانەی تێ دەگەن، نیشانانمان بە ڕوونی شی کردۆتەوە.
(٩٩) هەر خۆیەتی لە حەواوە ئاوێکی بۆ ئێوە باراند، هەموو ڕووەکمان پێ ڕوواند، هەتا لە سەوزە گیاکەوە دەنک و کەلووی سواری یەک و لە کڵوکی دارخورماوە هێشووی پڕ و شۆڕەوە بۆ دەگەڵ باغاتێک لە ڕەز و زەیتوون و بنەهەناری هاووێنە و لە یەک جیامان بەرهەم هێنا. وەختێ میوەیان پێدەگا سەیری بکەن، کە لەواندا گەلێک نیشانەی خودا هەن بۆ کەسانێ کە بڕوایان بە خوا هەیە.
(١٠٠) لە جنۆکان شەریکیان بۆ خوا پەیدا کرد؛ کە بۆ خۆی دروستی کردوون. لەو نەزانی کە هەیانە، خەیاڵ دەکەن دەبێ کوڕ و کیژی هەبن. خودا پاک و بەرزترە لەو باسانەی ئەوان دەیکەن.
(١٠١) داهێنەری ئاسمانەکان و زەمینە؛ چۆن دەبێ عەولادی هەبێ؟ کە هیچ ژنی نەهێناوە و هەرچی هەیە هەموو دەسکردی خۆیەتی و ئاگای لە هەموو شت هەیە.
(١٠٢) هەر خودایە ئێوەی پەروەردە کردووە و بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ؛ هەموو شتیش ئەو کردوویە. لە سەرتانە عەبدایەتی ئەو بکەن و سەرپەرستی هەموو شت هەر بە خۆیەتی.
(١٠٣) ئەو نایەتە بەر چاوان و هەموو بینەرێک دەبینێ و کارناسک و ئاگادارە.
(١٠٤) ئێوە لە پەروەرندەورا چاوی دڵتان پێدراوە. هەر کەسێکی بە چاوی دڵ شت ببینێ، بە قازانجی تەواو دەبێ. هەر کەسێکیش چاوی دڵی نابینایە، زیانبارە و من کێشک گری ئێوە نیم.
(١٠٥) ئێمە نیشانەکان ئاوا جۆراوجۆر شی دەکەینەوە؛ هەتا لە ئاکاما نەیژن خوەنەواری! هەتا ڕوونیشیان کەینەوە بۆ ئەوانەی کە تێدەگەن.
(١٠٦) هەر فەرمانێ لە پەروەرندەوڕا بۆت دێ، پێکی بێنە؛ بە غەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ ناشێ. تۆ وازت لەوانە بێنە شەریک بۆ خوا پەیدا دەکەن.
(١٠٧) ئەگەر خودا مەیلی لێ با، شەریکیان پەیدا نەدەکرد. ئێمە تۆمان نەکردۆتە پاسەوان بەسەریانەوە و نەبوویتە هەمەکارەیان.
(١٠٨) قسەی خراپ دەربارەی ئەوانە مەکەن کە داوا [ی یارمەتی] لە غەیرەز خوا دەکەن؛ چونکە ئەوانەی نەزانن، لەوانەیە لەبەر دژایەتی خۆیان، خراپ لە مەڕ خودا بدوێن. ئاکاری هەر دەستەیەکمان لە بەرچاو ڕازاندوونەوە و لە ئاکامدا هەر دێنەوە بەر دەستی پەروەرندەیان؛ ئەوسا ئاگاداریان دەکا کە چییان دەکرد.
(١٠٩) بە سوێندەوە ڕەش بوونەوە کە بە خودا هەر تاکە نیشانەیەکیان لە خواوە بۆ بێتە خوارێ، بڕوا دێنن. بووش نیشانان هەر لای خودان؛ کوو دەزانن؟ [من دەزانم] ئەگەر نیشانەشیان بۆ بێ، باوەڕ ناکەن.
(١١٠) هەر ئەوان جاری یەکەم باوەڕیان بە قورئان نەکرد، [ئێمەش] دڵ و دیدەی ئەوان لە کار دەخەین. هەر وەک هەن وازیان لێ دێنین کە هەر بە نافەرمانییەوە سەرگەردان بن.
(١١١) فرشتەشمان بناردایە و مردییەکانیش قسەیان دەگەڵ کردبان و هەموو شتمان لە ڕووبەڕووی ئەوانەوە خڕ کردباوە، هێمان باوەڕیان نەدێنا؛ جا مەگین خوا مەیلی لێ با. بەڵام زۆربەیان نەزان بوون.

(١١٢) ئێمە بۆ هەر پێغەمبەرێک دوژمنێکمان - لە نێو شەیتانەکانی بنیادەم و جندۆکە - دانا. هێندێک لەوان - بۆ فریودان - قسەی ڕازاوە و درۆیان بە هێندێک تر ڕادەگەیاند. پەروەرندەت ئەگەر حەزی بکردایە، ئەو کارەیان بۆ نەدەکرا. لێیان گەڕێ با هەر درۆیان هەڵبەستن.
(١١٣) با ئەوانەی پڕوایان بەو دنیا نییە، بە دڵ گوێ بۆ ڕاگرن و پەسندی کەن و هەر کارێ دەیکەن با بیکەن.
(١١٤) ئاخۆ ڕەوایە غەیرەزخوا داوەرێکی پەیدا بکەم؟ هەر ئەویشە ئەم کتێبەی دوور لە هەموو کەمایەسی بۆ ئێوە نارده خوارەوە. ئەوانەی کتێبمان پێدان، سوور دەزانن کە خەڵاتە و لە پەروەرندەی تۆرایە و گشتی ڕاستە. کە وایە تۆ هەرگیز لە دوودڵان مەبە.
(١١٥) قسەکانی پەروەرندەت - لە بێ لایەنگری و ڕاستیدا - تەواو و بێ کەم و کوورین؛ کەس ناتوانێ بیانگۆڕێ. زۆر بیسەر و هەرە زاناش هەر خۆیەتی.
(١١٦) ئەگەر کەوتییە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانە وا لەم سەرزەوینەدان، لە ڕێگەی خودا لات دەدەن؛ چونکە هەموو بە شوێن خەیاڵدا دەڕۆن و هەر لە پڕوپووچ خەریکن.
(١١٧) پەروەرندەت زۆر لە خۆت باشتر دەزانێ کێن ئەوانەی لە ڕێی خودا لایانداوە و باشتریش لە تۆ دەزانێ کێ ڕێگەی ڕاستی لەبەرە.
(١١٨) دەسا ئێوە ئەگەر پڕواو بە خودا هەیە و نیشانەکانی خوداتان لە لا ڕاستە، لە گۆشتی ئاژەڵێ بخۆن کە دەمی سەر ژێ کردنێ، ناوی خوای لە سەر هاتووە.
(١١٩) بۆچی ئێوە خۆتان لە گۆشتی ئەوانە دەپارێزن کە ناوی خوایان لە سەر دێ؟ کە هەر خوداش بە تەواوی باسی ئەمانەی بۆ کردوون کە خواردنیان ناڕەوایە، - مەگین لە ڕووی ناچاریەوە - زۆر لەوانە هەر بە ئارەزووی خۆیان و لە نەزانی، مەردم لە ڕێگە لا دەدەن. خودا خۆی ئاگادارترە لەو کەسانەی لە ئەندازە دەردەکەون.
(١٢٠) لە تاوانی بە ئاشکرا و نهێنی خۆ بپارێزن؛ ئەوانەوا خۆیان تووشی تاوان دەکەن، سزای تاوانیان دەبینن.
(١٢١) هەر ئاژەڵێ لە کاتی سەر ژێ کردنێ ناوی خودای لە سەر نەیە، نابێ لە گۆشتەکەی بخۆن؛ ئەمە لە ڕێگە لادانە. شەیتانەکان دنەی دۆستانی خۆدەدەن، تا کێشەتان دەگەڵ بکەن. جا ئەگەر بە گوێیان کردن، بێ گومان شەریکتان بۆ خودا داناوە.
(١٢٢) ئاخۆ کەسێ کە مردوو بوو، ئێمە زیندوومان کردەوە و ڕووناکییەکمان خستە پێشی، بە سەربەستی لە ناو خەڵکا بوخلێتەوە، وەک کەسێکە کە لە ناو تاریکیدایە و هیچ دەرەتانێکی نییە؟ ئەو کەسانەی خوانەناسن کارەکانیان لە بەر چاوی خۆیان جوانە.
(١٢٣) هەر وا تاوانکارانی هەر کۆمەڵێکمان کردووتە خاوەن دەستەڵات، تا لەوێدا خەڵک فریودەن. لە ڕاستیشا هەر فێڵ لە خۆیان دەکەن و هەست پێ ناکەن.
(١٢٤) هەرگا بەڵگەیەکیان بۆ بێ، ئێژن: ئێمەش تا وەک پێغەمبەرانی خوا، ئەو بەڵگانەمان بۆ نەیە، نامانکرێ پڕوا بێنین. خودا خۆی باشتر دەزانێ چ کەسێ بۆ پێغەمبەری هەڵبژێرێ. زۆری پێ ناچێ ئەوانەی تاوانباربون - لە بەر فێڵبازی و دەغەڵیان - لە لای خواوە سوکی و ئازارێکی دژواریان تووش دەبێ.

(١٢٥) هەر کەسێ خودا حەزبکا، بۆخۆی ڕێگەی نیشان دەداو بۆیڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ. کێش حەزبکا گومڕای بکا، هێندە نەفەس تەنگی دەکا، وەک بەرەوحەوا سەرکەوێ. خودا ئاوا ئەو کەسانەی ڕوا ناهێنن تووشی ڕسوایی دەکا.
(١٢٦) ئەمە ڕێکەڕێگەی پەروەرندەی تۆیە. بۆ ئەوانەی لە نسیحەت بەهرە دەبەن، نیشانانمان بە باشی ڕوونکردۆتەوە.
(١٢٧) ئەو کەسانە لە پەروەرندەی خۆیانڕا شوێنەکەیان ئەنوای هێمنایەتی دەبێ و لە بەرانبەر کارەکەیان دۆستایەتی ئەویان هەیە.
(١٢٨) لەو ڕۆژەدا کە هەمووان کۆ دەکاتەوە؛ ئەی دەستەوگرۆی جندۆکان! ئێوە زۆرینەی مرۆتان کردبووە پەیڕەوی خۆتان. دۆستەکانیان لە نێوان بەرەی مرۆدا ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ڕێکمان لە ڕێکی تر بەهرەی برد تا گەییشتینە ئەو مۆڵەتەی کە بۆمانت دیاری کرد. گوتی: دەسا جێگەی هەتاهەتاییتان جەهەندەمە؛ مەگین خودا - بە کەیفی خۆی - بۆو بگۆڕێ. پەروەرندەت لەکارزان و ئاگادارە.
(١٢٩) ئاوەهاینە ڕێک لە ناهەقیکاران - لە سۆنگەی ئاکارێ دەیکەن - دەخەینە ژێر دەستەڵاتی ڕێکتریان.
(١٣٠) ئەی گەلی جنۆکە و مرۆ! مەگەر پەیغەمبەرانێکتان هەر لە خۆتان بۆ نەهاتن، کە لە نیشانەکانی من بە سەر ئێوەدا وەخوێنن و لەم ڕۆژەتان بترسێنن؟ گوتیان: بەڵێ، شایەتی لە خۆمان دەدەین. ژینی دنیا فریوی دان شایەتیان لە سەر خۆیان دا، کە خودایان نەناسیوە.
(١٣١) بۆیە ئەمەمان ڕاگەیاند کە بزانن پەروەرندەت لە ناهەقی هیچ شارێکی قڕ نەکردووە و خەڵکەکەی بێ ئاگا بووبێ.
(١٣٢) بۆ هەر کەسێ - بەرانبەر بە ئاکاری خۆی - پلەوپایەگەلێک هەیە و پەروەرێنت لەوەی دەیکەن خافڵ نییە.
(١٣٣) پەروەرندەت بێ نیاز و دلۆڤانە. ئەگەر خۆی ئارەزوو بکا، ناتانهێڵێ و حەزێ بکا، لە پاش ئێوە چینێکی تر لە شوێنی ئێوە دادەنێ؛ هەروەک ئێوەی لە تۆرەمەی کەسانی تر خستۆتەوە.
(١٣٤) هەر ڕیارێ بۆتان درا، شک نییە هەر ئەوە دەبێ و بەسەروو دێ و ناتوانن خوا بێ هێز و دەستەڵات بکەن.
(١٣٥) بێژە: گەلۆ! هەرچی لە دەستی ئێوە دێ، درێغ مەکەن؛ وا منیش هەروا خەریکی کاری خۆمم. لە ئاکامدا تێ دەگەن کە ئەنجامی [باشی] ئەو دنیا بۆ کێ دەبێ. هەر چۆنێک بێ، خوا ناهەقان ڕزگار ناکا.
(١٣٦) لە [بەروبووی ئەو] کێڵگە و وڵساتەی کە خودا بەدی هێناوە، بەشێکیان بۆ خۆی دانا. جا بە خەیاڵ گوتیان: ئەمە بەشی خوایە و ئەمەش هی بتەکانمانە. خۆ بەهرەی بتەکانیشیان، نەدەکەوتە لای بەهرەی خوا؛ بەڵام بەهرەی خوا دەچووە لای بتەکانیان! ناشیرین داوەری دەکەن.
(١٣٧) بتەوانانی شەریک دانەر بۆ خودا، وایانکرد کە زۆرێک لە هاوبیرەکانیان، کوشتنی فرزەندی خۆیان بەلاوە جوان و ڕەوا بێ؛ تاکوو لە بەینیان ببەن و دینەکەیان لێ تێکەڵ و ڕێکەڵ بکەن. ئەگەر خودا کەیفی لێ با، ئەوان ئاوایان نەدەکرد. لێیان گەڕێ هەر بوختانێ دەیکەن بیکەن.
(١٣٨) هەر بە خەیاڵ دەیانگوت کە: ئەم ماڵات و کێڵگە قاخەن. بێ ئیزنی مە هیچکەس نابێ تامیان بکا. ئەم ماڵاتەش کەس نابێ سواری پشتیان بێ.

هێندێک ماڵاتیشیان هەیە، لە وەختی سەر ژێ کردندا ناوی خوای لەسەر ناهێنن و درۆ بە دەم خواوە دەکەن. خودا لەسەر ئەو درۆ هەڵبەستنەیان تووشی جەزرەبەیان دەکا.
(١٣٩) دەشیانگوت کە: چی لە پژدانی ئەو ئاژەڵانەدایە، بۆ نێرینەی فرزەندی ئێمە ڕەوایە و بۆ ژنانمان ناڕەوایە! ئەگەر مردارەوەبووش بێ، هەمووان تێدا شەریک دەبن. بەم زووانە خوا سزای ئەم قسانەیان دەداتەوە. خودا هەر خۆی لەکارزان و زۆر دانایە.
(١٤٠) ئەو کەسانە - وا لەبەر گەوجی و نەزانی - فرزەندانی خۆیانیان کوشت، زیانبار بوون و بە بوختان کردن بۆ خوا، ئەو بژیوەی کە پێدا بوون، حەرامیان کرد؛ دیارە ڕێیان لێ تێک چووە و شارەزا نین.
(١٤١) هەر ئەویشە باغاتی وەدی هێناوە. هێندێک داربەستیان گەرەکە و هێندێکیان داربەستی ناوێ. داری خورما و مەزرا و کێڵگەی بەدی هێنا، کە لە خواردنا لێک جیان. زەیتوون و دارهەناریشی چێ کردووە؛ کە بە ڕواڵەت وەک یەک و لە تام و ڕەنگا جیاوازن. هەرگا میوەیان پێ دەگا، لێی بخۆن و لە ڕۆژی میوەچنیندا، بەشی خوداش جوێ کەنەوە بۆ هەژاران. کارێک مەکەن کە لە ئەندازە بەدەر بێ؛ خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ئەندازە دەردەچن.
(١٤٢) لە ماڵاتیش پرێکی بۆ بارلێنان و پرێکی بۆ کوڵکە و خوری، بەدی هێنا. لەوەی وا خودا کردوویەتە ڕۆزی بۆتان، بخۆن و ڕێ و شوێنی شەیتان مەگرنەبەر؛ چونکە شەیتان بە ئاشکرا دوژمنتانە.
(١٤٣) هەشت سەر ماڵاتی نێر و مێ چێ کردووە: مەڕ و بەران، نێری و بزن. بێژە: ئاخۆ خوا نێرینەکانی حەرام کردووە؟ یان مێوینەکان؟ یان ئەوی وا لە پزدانی مێیەکاندا؟! بەڵگەم نیشان دەن، ئەگەر ئێوە ڕاس ئێژن!
(١٤٤) [چواری دیکەش بریەتین لە:] لۆک و سایە و چێڵ و مانگا. بێژە: ئاخۆ خوا نێرینەکانی حەرام کردووە؟ یان مێوینەکان؟ یان ئەوی وا لە پزدانی مێیەکاندا؟ یان بۆ خۆتان ئاگادار بوون کە خودا وای ڕاسپاردوون؟ سا کێ لەوە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ؛ کە بێ ئەوەی بۆ خۆی زانستێکی هەبێ، تێ بکۆشێ خەڵکی دیکەش گومڕا بکا؟ خودا دەستەی ستەمکاران شارەزای ڕێگەی خۆی ناکا.
(١٤٥) بێژە: لە ناو ئەوانەدا کە وا پێم ڕاگەیێنراوە، شتێکی وا پەیدا ناکەم کە خواردنی لە کەسێک حەرام کرابێ، بێژگە لە مردارەوەبوویان خوێنی ڕژێندراو یان گۆشتی بەراز - کە پیسە - یان ئاژەڵێ کە بە ناوی غەیرەز خودا سەر پڕاوە. هەر کەسێکیش - بە ناچاری بە بێ مەیلی - لەو ناڕەوایانە بخوا و لە ئەندازەی تێربوونی خۆی پتر نەخوا، بێگومان خوا بەخشەندەیە و دلۆڤانە.
(١٤٦) ئێمە هەموو زیندەوەری ناخۆن دار و پیوی گا و پەزمان، لەوانەی بوونە مووسایی، حەرام کرد؛ مەگین پیوێ کە لە سەر پشتی ئەو دووانە جێی گرتووە؛ یان ئەو پیوەی دەگەڵ ڕیخۆڵەکانیانە؛ یان ئەو پیوەی تێکەڵاوی پێشە بووە. بۆیەشمان ئەو سزایە دان، ناهەق بوون و لە ڕێگەی ئێمە دەردەچوون. دیاریشە ئێمە ڕاست ئێژین.
(١٤٧) ئەگەر وتیان: تۆ ئەم قسانەت ڕاست نییە، بێژە: پەروەرندەی ئێوە خێوی دلۆڤانییێکی بەربڵاوە و تاوانباریش لە سزای لانادرێن.
(١٤٨) ئەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دەناسن، ئێژن: خودا مەیلی لێ با، ئێمە و باب و باپیرانمان، بت پەرستیمان نەدەکرد؛ هیچ شتیشمان لە خۆمان حەرام

نەدەکرد. ئەوی بەرلەوانیش هەبوون، هەر بڕوایان بە پێغەمبەران نەهێنا، تا ئەو کاتەی کە جەزرەبەی ئێمەیان چەشت. بێژە: ئەگەر لە زانین شتێک شک دەبەن، بۆمان دەرخەن! بەڵام ئێوە هەر وەشوێن گومان دەکەون و هەر لەخۆوە قسە دەکەن.
(١٤٩) بێژە: بەڵگەی بە قەوەت هەر هی خودایە؛ ئەگەر بۆ خۆی مەیلی لێ با هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێیە.
(١٥٠) بێژە ئەو شایەتانەتان بێنن وا شایەتی دەدەن: خوا ئەمەی حەرام کردووە. ئەگەر ئەو شایەتییەشیان دا، تۆ وەلیان شایەتی مەدە و مەچۆرە سەر ئارەزووی ئەو کەسانەی وا بە نیشانەکانی ئێمە بێ بڕوان و قیامەتیان لە لا درۆیە و هاوتا بۆ پەروەرندەیان پەیدا دەکەن.
(١٥١) بێژە: وەرن ئەو شتانەی پەروەرندەو لێی بە ناڕەوا زانیون، من بۆتانی بخوێنمەوە، کە هیچ شتێک بە شەریکی خوا مەزانن. دەگەڵ دای و بابی خۆشتان چاکە بکەن. لە ترسی لە برسان مردن، فرزەندی خۆتان مەکوژن؛ ئێمە بژیو بە ئێوە و بەوانیش دەدەین. بە ئاشکرا و بە نهێنی خۆ تووشی خراپە مەکەن. کەسیش مەکوژن کە خودا کوشتنی حەرام کردووە؛ مەگین لە ڕووی هەقەوە بێ. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، شایەتا ئێوە تێ بگەن.
(١٥٢) مەچنە قەرەی ماڵ و دارایی هەتیوان؛ مەگین بە چەشنێ کە باشتر [بپارێزرێ]؛ تا کاتێ کە خۆی پێ دەگا. با پێوانە و تەرازووشتان بەرامبەر بێ و کەم وکووڕی تێدا نەبێ. ئێمە لە توانایی بەدەر هیچ ئەرکێ ناخەینە سەر کەس. کاتێ [بۆ ناوبژی یان بۆ شایەتی دان] قسە دەکەن، عەداڵەتتان لەبەر چاو بێ؛ جا با دژی خزمی نزیکی خۆشتان بێ. پەیمانی خواش - بە تەواوی - بە جێ بێنن. خوا ئەمانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، شایەتا هەر لە بیرتان بێ.
(١٥٣) ئەمەیە ڕێگەی ڕاستی من؛ ئێوە هەر بەو ڕێگا بچن و مەچنە سەر ڕێگایانی تر، نەوا لە ڕێگای ئەو دوورتان بخەنەوە. خوا ئەوانەی بە ئێوە ڕاسپاردووە، بەشکوو خۆتان بپارێزن.
(١٥٤) کتێبیشمان دا بە مووسا، هەتا چاکەمان بەرانبەر بەو کەسە وا ڕێگای چاکەی گرتۆتە پێش، بێ کەم و کوڕی و تەواو بێ؛ تا باسی هەموو شتێکیشمان کردبێ و ببێتە هۆی ڕێ شاندان و بەزەیی خوا. شایەتا بە دیداری پەروەرندەیان بڕوا بکەن.
(١٥٥) ئەم کتێبە پیرۆز و پڕ لە پیتەشمان ناردۆتە خوار. گشتوو پەیڕەوی لەو بکەن و ترسیشتان لە خودا هەبێ، بەشکوو بەزەیی پێودا بێ.
(١٥٦) نەچن بێژن کتێب هەر بۆ دوو کۆمەڵی بەر لە ئێمە هاتۆتە خوارەوە و ئێمە هیچ ئاگامان لە زانستی ئەوان نەبووە.
(١٥٧) یاخۆ بێژن: ئەگەر ئێمەش وەکوو ئەوان کتێبمان بۆ بهاتایە، دیارە شارەزاییمان پتر لەوان بوو. ئەوا ئێستا لە لایەن پەروەرندەوڕا بەڵگەیەکی زۆر ئاشکرا و شارەزایی و بەزەییتان بۆ هاتووە. ئەمجار دەبێ کێ لەو کەسە ناهەقتر بێ کە بە نیشانەکانی خوا بڕوا نەکا و لە فەرمانی خۆ ببوێرێ؟ ئەو کەسانەی لەم کتێبە خۆ دەبوێرن و بە نیشانەکانی ئێمە باوەڕ ناکەن، زۆر پێ ناچێ بە توندی سزایان دەدەین.
(١٥٨) ئاخۆ ئەوان چاوەنۆڕی چ شتێک دەکەن بێژگە ئەوە کە فریشتەیان بێتە لا، یان پەروەرێنی تۆ [بۆ خۆی] بێتە لایان، یان پرێ لە نیشانانی پەروەرندەی تۆیان بۆ

بیّ؟ ئەویّ ڕۆژیّ کە ئەم جۆرە نیشانانە بێتە لایان، هەر کەسێکی بەریّ پڕوای نەهێنا بیّ و ئاکاری چاکی نەبوو بیّ، پڕواهێنان تازە بەهرەیان بۆ نادا. بێژە: ئێوە چاوەنۆڕ بن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین.
(١٥٩) ئەو کەسانەی دینەکەیان پەرژوبڵاو کردۆتەوە و دەستەی لێکتر جیاوازیان پێک هێناوە، پێویستە تۆ لەوان نەبی. خودا بە کاریان ڕادەگا و لە دواییدا ئاگاداریان دەکاتەوە لەو کردەوەی کردوویانە.
(١٦٠) هەر کەسیّ چاکەیەک بکا، دە ئەوەندەی چاکە دەگەڵ دەکرێتەوە. کەسێکیش خراپە بکا، بە ئەندازەی خراپەکەی سزادەدریّ و کەس ناهەقی لیّ ناکریّ.
(١٦١) تۆ بێژە: پەروەرندەی من، خستوومیە سەر ڕاستەڕێگە؛ سەر دینیّ کە پایەدارە: دینی ئەو ئیبراهیمە وا لە ناحەق لایداوە و هەرگیز هیچ شەریکێکی بۆ خوا پڕیار نەداوە.
(١٦٢) بێژە: من نمێژکردنم و پێک هێنانی ڕیّ و شوێنی حەج کردنم و ژین و مەرگم، بۆ خودایە؛ کە ڕاهێنەری دنیایە هەر خۆیەتی.
(١٦٣) خودا هیچ شەریکی نییە. فەرمان وا بە من دراوە و من لەڕێزەی موسوڵمانان یەکەمینم.
(١٦٤) بێژە: جاچۆن لە خوا بەدەر کەسێکی تر بە پەروەرندە بزانم؟ کە هەر ئەوە ڕاهێنەری هەموو شتیّ. هەر کەسێکیش هەر کارێکی خراپ بکا، هەر بۆ خۆی سزای دەبینیّ. هیچ کەس باری گرانی هیچ کەسێکی تر ناگرێتە کۆڵ. جێی گەڕانەوەی هەمووتان وا لای پەروەرندەتانە و ئەوسا ئاگادارتان دەکا کە لەسەر چی پێکەوە پێک نەدەهاتن.
(١٦٥) هەر بۆ خۆشی ئێوەی کردە جێنشینانی زەوین و هێندێکانی بەرانبەر بە هێندێکی تر، چەن پلە بردە سەرەوە تا لەو شتانەی پێی داون بە تاقیتان بکاتەوە. پەروەرندەت بە پەلە تۆڵە دەستێنیّ و هەر ئەویشە کە لە گوناهان دەبووریّ و دلۆڤانە.

ئەعراف

وە ناو خودا کە دهەندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم، ڵاد.
(٢) کتێبێکە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە، تا بە هۆی ئەو ترس وەبەر مەردم بنێی و خۆت تووشی دڵتەنگی مەکە لەو بارەوە؛ ئەم کتێبە نسحەتیشە بۆ وانەی پڕوای پیّ دێنن.
(٣) هەرچی لە پەروەرندەتانەوە بۆتان ناردراوەتە خوارەوە، شوێنی کەون و بە غەیرەز ئەو مەکەونە شوێنی سەرپەرستانی دیکە. ئێوە زۆر کەم عیبرەت دەگرن.
(٤) ئێمە خەڵکی چەندین شارمان قڕ تیّ خستن. وەختیّ نیشانەی غەزەبی ئێمەیان بە سەردا دەهات - لە شەودا بوو، یان نیوەڕۆ - دەسانەوە.
(٥) کە دەیاندی ئێمە غەزەبمان لیّ گرتوون، هەر ئەوەندەیان بۆ دەما بێژن: ئێمەین ناهەقیمان لە خۆمان کرد.

(٦) ئێمە بێ سۆ پرسیار دەکەین، هەم لەوانەی پێغەمبەرمان بۆ ناردوون و هەم لەوانەش بە پێغەمبەریی ناردنمان.
(٧) ئەوسا ئێمە - کە دەزانین - نووک و بەدی بۆ هەموو لا باس دەکەین و قەت لێیان بێ ئاگا نەبووین.
(٨) هەڵسەنگاندنی بە ڕاستی، ئەوێ ڕۆژێ دێتە گۆڕێ. ئەو کەسانەی تای تەرازوویان گران بێ، ئەوانە ڕزگارەکانن.
(٩) ئەو کەسانەش کردەوەیان لە هەڵکێشانێدا سووک بێ، زەرەریان لە خۆیان داوە و بە نیشانانی مە غەدریان کردووە.
(١٠) ئێمە ئێوەمان لەم هەردە جێ کردەوە؛ هەر لەوێشدا بژیومان بۆ پریونەوە. کەمتان شوکرانەبژێرن.
(١١) ئێمەین ئێوەمان ساز داوە و لە پاشانا بەو شکڵەمان دەرێناون؛ پاشان بە فریشتانمان گوت: سەر بۆ ئادەم نەوی بکەن. هەموویان سەریان دانەواند ئیبلیس نەبێ؛ ئەو لە کۆڕی کڕنۆش بەران خۆی هەڵاوارد.
(١٢) گوتی: کە فەرمانم پێ دای، لە بەر چی تۆ سوژدەت نەبرد؟ گوتی: من لەو هێژاترم؛ منت لە ئاگر دروس کرد، ئەوت لە حەڕی ساز داوە.
(١٣) گوتی: لێرەوە داگەڕێ؛ لەم شوێنەدا ڕێت ناکەوێ بە سەر کەسدا فیز بنوێنی. سا لەم شوێنەدا مەمێنە، تۆ لە سووک و چرووکانی.
(١٤) گوتی: تا سەڵا ڕادەبێ، ماوەم بدە.
(١٥) گوتی: وا تۆ لە ماوە دراوەکانی.
(١٦) گوتی: چونکە لە ڕێت لا دام، منیش بۆیان ڕۆدەنیشم، ڕاستە ڕێی تۆیان لێ دەگرم.
(١٧) ئەوسا لە پێش و پاشەوە بۆیان دەچم، ڕاست و چەپیشیان لێ دەگرم؛ جا دەبینی زۆرینەیان شوکر ناکەن.
(١٨) گوتی: لێرە ڕۆ دەرێ! ناوزڕاوی تڕۆ کراو! دەبێ وێڕای ئەوانەی شوێن تۆ دەکەون، جەهەندەمتان لێ پڕ بکەم.
(١٩) ئەی ئادەم! تۆش وێڕای ژنت لە بەهەشت بحاوێنەوە، لە هەر کوێدا هەرچی دەخۆن بە ئارەزووی خۆتان بکەن؛ هەر تخونی ئەو داری هانا مەکەون، دەنا ئێوە لە ناهەقیکاران دەبن.
(٢٠) شەیتان کەوتە کڵیشەیان تا ئەو ئەندامەیان - کە پۆشرا بوو - بێنێتە بەرچاویان. گوتی: خودا کە نەیدەهێشت لەو دارە نزیک ببنەوە، هەر بۆیە بوو کە ئێوە نەبنە فرشتە؛ یان هەمیشە هەر لە بەهەشتا بمێنن.
(٢١) سوێندی بۆ هەر دووکانیش خوارد کە: من بە دڵ ئامۆژگاریتان بۆ دەکەم.
(٢٢) بە فریوان ئەوانی خستە تەماوە. لە دوای ئەوەی لە بەری دارەکەیان چەشت، عەیب و عاریان کەوتە دەشت و کۆششیان کرد بە گەڵای بەهەشت داپۆشن. پەروەرندە گازی کردن: ئاخر من بە ئێوەم نەگوت توخنی ئەم دارە مەکەون؟ پێشم ڕانەگەیاندبوون بە ئاشکرا شەیتان دوژمنی ئێوەیە؟
(٢٣) گوتیان: ئەی پەروەرندەمان! ناهەقیمان لە خۆمان کرد. ئەگەر تۆ لێمان نەبووری و بەزەییت پێماندا نەیە، بێ شک لە زیانبارانین.
(٢٤) گوتی: داگەڕێنە خوارێ، ئێوە دوژمنی یەکترین. تا ماوەیەک جێگا و مایەی ژیانتان لە زەوی دەبێ.
(٢٥) گوتی: دەوێدا دەژین و لەوێش دەمرن؛ هەر لەوێش دەوهێننەوە دەر.

(٢٦) ئەی فرزەندەکانی ئادەم! ئێمە جلکی وامان داونێ کە عەیب و عارتان داپۆشێ و جوانیشتان کا؛ چاکتر لەویش پۆشاکی خۆپارازتنە. ئەمەش یەکێ لە نیشانەکانی خوایە شایەتا بیربکەنەوە.
(٢٧) ئەی فرزەندەکانی ئادەم! شەیتان نەتانخەڵەتێنێ، هەر وەک باوک و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن دا و جل و بەرگی لێ داڕنین تا شەرمی خۆیانیان پێیان نیشان بدا. شەیتان و دەستە و بەستەکەی لە لایەکەوە دەتانبینن کە ئێوە ئەوان نابینن. ئێمە شایەتینییەکانمان کردۆتە دۆستی ئەوانەی پروایان بە خودا نییە.
(٢٨) هەرگا کارێ خراپی ئاپرووبەریان لێ ڕوو دەدا، ئێژن: ئێمە باوباپیری خۆمان دیوە کە هەر ئاوایان کردووە و خودا فەرمانی پێ داوین ئاوا بکەین. بێژە: خودا بۆ کاری پیس فەرمان نادا. ئاخۆ ئێوە بە زمانی خوداوە شتێک هەڵدەبەستن کە نایزانن؟!
(٢٩) تۆ بێژە: پەروەرندەم فەرمان بە بەرامبەری دەدا. لە هەر مزگەوتێکا ڕووتان بەرەو خودا بکەن و بە دڵێکی پاک لە بەری بپاڕێنەوە. وەک بەرێ ئێوەی دروست کرد، گشتوو بۆ لای ئەو دەچنەوە.
(٣٠) هێندێکانی شارەزای ڕێگە کردووە و دەستەیێکیش هەر شیاوی گومڕا بوونن، کە ئەوانە لە بری خودا دەگەڵ شەیاتین بوونە دۆست؛ لایان وایە شارەزا هەر بۆ خۆیانن.
(٣١) ئەی فرزەندەکانی ئادەم! هەرگا دەچن بۆ نوێژ کردن، جلکی جوان دەبەر بکەن؛ خواردنێ بخۆن و وەخۆن و لە ئەندازە دەرمەچن. خوا لەوانە خۆشی نایە لە ئەندازە دەردەکەون.
(٣٢) بێژە: کێیە، جلکی جوان و خشڵ و بژیوی پاکژێ - کە خوا بە عەبدەکانی خۆی ڕەوا دیوە - لای وایە کە ناڕەوایە؟ بێژە: ئەمانە شایانی ئەو کەسانەن کە لە ژیانی دنیادا پروایان بە خوا هێناوە و ڕۆژی سەڵاش هەر تایبەتی بە خۆیانە. ئێمە ئاوا نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە زانا بن ڕۆشن دەکەین.
(٣٣) بێژە: پەروەرندەم تەنیا ئەمانەی ناڕەوا دیوە: کاری خراپ بە ئاشکرا و بە نهێنی، بە ناهەق لە ڕێگە لادان، بێ هیچ بەڵگەیەک شەریک دانان بۆ خودا و ئاخافتن دەربارەی خودا، بە بێ زانین.
(٣٤) ل بۆ مەرگی هەر ئۆمەتێ، وەختێ هەیە؛ ئەگەر وەختی مردنیان هات، نە تاوێک دەکرێ پێش کەون، نە تاوێکیش دوا دەکەون.
(٣٥) ئەی فرزەندەکانی ئادەم! هەر کاتێ کە پێغەمبەرانێ لە خۆتان دێنەلاتان تا نیشانەکانی منتان بۆ باس بکەن، ئەوانتانە خۆپارێزن و ئاکاری چاک ڕەچاو دەکەن، نە ترسێکیان لە سەر هەیە و نە خەم دەخۆن.
(٣٦) کەسانێکیش نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا و بە بادیهەوایی ڕوویان لێ وەرگێڕا، ئەوانە یاری ئاگرن و لێی دەرناچن.
(٣٧) کێ لەوانە ناهەقترە کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن؛ یاخۆ بە نیشانەکانی پروا ناکەن؟ ئەوانە چی لە چارەیانا نووسرا بێ، دێتە ڕێیان؛ تا ئەو کاتەی کە فریشتە لە ئێمەوە دێتە لایان بۆ گیان کێشان و دەپرسن: کوان ئەوانەی غەیرەز خودا هاناتان وەبەر دەهێنان؟ ئێژن: خۆیان لێ گوم کردین. ئەوسا هەر خۆیان شایەتی لە خۆ دەدەن کە خودایان نەناسیوە.

(٣٨) ئێژێ: وێرای ئۆمەتگەلێ وا بەر لە ئەنگۆ لە بەین چوون - لە مرۆڤ و لە جندۆکە - پڕۆنە ناو ئاگرەوە. هەر ئۆمەتێک دەچێتە ناو، تووک و نەفرین لە هاو ڕەوشتانی دەکا. وەختێ هەموویان لەوێدا کۆ بوونەوە، پەیڕەوانیان سەبارەت بە ڕێبەرانیان ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەوان سەریان لێ شێواندین؛ دوو ئەوەندە لە ئاگردا ئازاریان دە! ئێژێ: بۆ گشت دوو چەندانە، بەڵام ئێوە پێ نازانن.
(٣٩) ڕێبەرەکان بە پەیڕەوەکانیان ئێژن: ئێوە هیچتان لە ئێمە زیاتر نییە؛ دەبچێژن ئازاری ئەو کارانەی وا کردووتانە!
(٤٠) ئەوانە وا نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا و بە فیزەوە لەوانە ڕوویان وەرگێڕا، دەروازەکانی ئەزمێنیان بۆ ناکرێتەوە و ناچنە ناو بەهەشتەوە هەتا وشتر بە کونی دەرزیدا نەچێ! ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین.
(٤١) ڕایەخەکەیان ئاگرە و هەر هاڵاویش دای پۆشیون. ئەوانەی ناهەقی دەکەن، ئاوایان جەزرەبە دەدەین.
(٤٢) ئەوانەی پڕوایان هێنا و کارگەلی چاکیان ڕەچاو کرد - کە هیچ کەسیش ئەرکی لە وزەبەدەری ناخەینە سەر - دەیانبەینە بەهەشتەوە و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن.
(٤٣) کینەمان لە سینەیانان، داماڵیوە و لە بەهەشتا جۆباریان بە بەردا دەڕوا و ئێژن: سوپاس بۆ خودایێ کە ئێمەی هێنایە ئێرە؛ ئەگەر خودا نەیهێنابایین ئێمە کوا ڕێمان دەر دەکرد؛ بێ گومان پێغەمبەرانی پەروەرێنمان بە هەق هاتن. [لەم کاتەدا] گازی دەکرێن: ئەو بەهەشتە پێو دراوە، پاداشی کارێکە کەوا کردووتانە.
(٤٤) بەهەشتییەکان گازی جەهەندەمیان دەکەن: ئەوا ئێمە ئەو بەڵێنەی پەروەرندەمان پێی داوین جێ بەجێ بوو؛ ئاخۆ ئێوەش - وەک هەڕەشەو لێکرا بوو - هەروا دەرچوو؟ ئێژن: بەڵێ، بە سەرمان هات. ئەوسا یەکێ لەو ناوەدا بانگ ڕادێڵێ: دەک هەرچی ناهەقیکارە بەر نەحلەتی خودا کەوێ؛
(٤٥) ئەو کەسانەی لە ڕای خودا لا دەدەن و وای نیشان دەدەن کە خوارەو بە ڕۆی سەڵا بێ باوەڕن.
(٤٦) پەردەیەکیشیان لە ناودا. پیاوانێک هەن لە سەر ئەعراف ڕاوەستاون، هەموو کەسێ بە تەرح و بیچم دەناسن؛ دەنگ لەو بەهەشتییانە دەکەن - کە هێشتا نەچوونەتە نێو بەهەشتەوە، بەڵام بە تەمان بیچنێ - سڵاوتان لێ بێ.
(٤٧) هەرگا ئاوڕ لەو کەسانە دەدەنەوە کە دۆژەهین، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! لە گرۆی ناهەقیکاران دوورمان بگرە.
(٤٨) ئەوانەی لە سەر ئەعرافن لەو پیاوانە - وا بە بیچم دەیانناسن - بانگ دەکەن: گردەوە کۆیی و فیز و لە خۆبایی بوونتان بەهرەی نەدان.
(٤٩) هەر ئەوانە نین کە ئێوە سوێندوو دەخوارد: بەر بەزەیی خودا ناکەون؟ دەسا پڕۆنە بەهەشت و نە هیچ ترسوو لە سەر هەیە نە خەم دەخۆن.
(٥٠) جەهەندەمی لە بەهەشتییەکان دەخوازن: لەو ئاوە یا لەو ڕۆزیە خوا پێداون شتێکیش بەشی مە بدەن. ئێژن: خودا ئەم شتانەی بەشی بێ دینان نەداوە.
(٥١) ئەو کەسانەی دینەکەیان هەر بە گاڵتە و گەپ دەزانی و ژیانی دنیا فریوی دان، هەر ئەوانە تووش هاتنی ئەمڕۆیان لە بیر بردەوە و لە نیشانەکانی ئێمە حاشایان کرد؛ ئێمەش ئەمڕۆ ئەوان لە بیر دەبەینەوە.
(٥٢) ئێمە بۆ وان کتێبێکمان هاوردووە، کە بە زانستەوە ڕوونمان کردۆتەوە و ڕێنموونی و بەزەییە بۆ کۆمەڵێ کە پڕوا بێنن.

(٥٣) ئاخۆ ئەمان هەر بۆ ئەو ڕۆژە دەڕوانن کە هەرچی لەم کتێبەدا، بە چاوی خۆیان ببینن؟ ئەویٚ ڕۆژێ کە ئاکام ڕوون دەبێتەوە، ئەو کەسانە وا لە پێشا ئەم ڕۆژەیان لە بیرەخۆ بردبووەوە، ئێژن: دیارە هەرچی پێغەمبەرەکانی خودا گوتیان، وەڕاست گەڕا؛ ئاخۆ ئێستە کەس دەبێتە تکاکارمان؟ یاخۆ دیسان بگەڕێینەوە سەر دنیا، خدەی خۆمان بگۆڕین و ئاکاری باشتر ڕەچاو کەین؟ ئەمان خۆیان دۆڕاندووە و ئەو درۆی کە هەڵیان دەبەست - سەر لە بەری - بە فێڕۆ چوو.
(٥٤) ڕاهێنەرتان خودایێکە ئاسمانەکان و زەمینی لە شەش ڕۆژاندا درووس کرد. ئەو جارەکە لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا. ڕۆژێ بە شەوێ دەپۆشێ و ڕۆژیش بەلەز دەکەوێتەوە شوێنی شەوێ. خۆر و مانگ و ئەستێرانی بەدی هێنا و هەر دەژێر فەرمانی ئەودان. ئافراندن و ڕاگەییشتن هەر بۆ ئەوە. زۆر و زەبەندەیە و دمی خودایێ کە ڕاهێنەری گش جیهانە.
(٥٥) بە نهێنی و بە سەرکزی هەر پەروەرندەو لە بیر بێ و لە بەری بپاڕێنەوە. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ کە لە ڕێگەی ئەو لا دەدەن.
(٥٦) خراپەش مەکەن لەم زەمینە دوای باش بوونی. بە ترسەوە و بە هیوای تووشی چاکە بوون لە بەر خودا بپاڕێنەوە. ئەو کەسانەی چاکە کارن، لە بەزەیی خودا نزیکن.
(٥٧) هەر خۆیەتی پێش بارانە - کە بەزەیێکە لە خواوە - بایەکانوو بە مزگێنی بۆ هەڵ دەکا؛ کاتێ ئەو بایانە هەوری بارگرانیان بەرزەوە کرد، بەرەو وڵاتێکی مردوو دەیخەینە ڕێ و ئەوسا ئاوی پێ دەنێرینە خوارەوە و بە ئاوەکەی هەمووو جۆرە بەروبووی زەمین دەڕوێنین. هەر بەم جۆرەش مردوو زیندوو دەکەینەوە؛ شایەت ئێوە بیر لەوانە بکەنەوە.
(٥٨) زەمینی باش - بە ئیزنی ڕاهێنەری خۆی - ڕووەک بە باشی دەڕوێنێ. زەوی خراپ هەر دڕک و داڵی بێکارەی لێ شین دەبێ. بەم تەرزە نیشانەکانمان بۆ ئەو کەسانە باس دەکەین سپاسکارن.
(٥٩) ئێمە نووحن ڕاسپاردە لای هۆزەکەی. گوتی: گەلۆ! دەبێ ئێوە عەبدایەتی خودا بکەن؛ کە غەیرەز ئەم ئێوە خودایەکتان نییە. من لەو ڕۆژەو لێ دەترسم کە ئازار دانی دژواری تێدا هەیە.
(٦٠) پیاوماقووڵانی گەلەکەی [لە پەرسڤی ئەودا] گوتیان: هیچ گومانێکمان نییە تۆ تووشی گومڕایێکی ئاشکرا بووگی.
(٦١) گوتی: گەلۆ! من گومڕا نیم؛ ڕاسپاردەی ڕاهێنەری هەمووو دنیام.
(٦٢) ڕاسپاردەکانی پەروەرندەم بە ئێوە ڕادەگەینم و ئامۆژگاریتان دەکەم و ئەوی سەبارەت بە خودا من دەیزانم، ئێوە ئاگاتان لێ نییە.
(٦٣) ئاخۆ ئێوە پێتان سەیر بوو کە پەندێک لە لای پەروەرندەتانەوە هات بۆ پیاوێک هەر لە خۆتان؛ هەتا بتانترسێنێت و خۆپارێزن؛ بەشکەم بکەونە بەر بەزە؟
(٦٤) چی وتی بە درۆیان دانا و ئەوسا ئێمە خۆی و ئەوانەی وێڕای ئەو چووبوونە ناو گەمیەکەوە، ڕزگار کرد و ئەوانەشمان لە ئاودا بە خنکاندن دا، کە نیشانانی ئێمەیان پێ درۆ بوو. ئەوانە لە دڵدا کوێر بوون.
(٦٥) هوودیشمان کردە پێغەمبەر بۆ هۆزی عادی هاوتیرەی. گوتی: گەلۆ! عەبدایەتی خودا بکەن؛ بە غەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نییە. چیتانە لە خوا ناترسن؟

(٦٦) پیاوماقووڵانی هۆزەکەی - کە خودایان نەدەناسی - گوتیان: ئێمە تۆ بە نەفام دەزانین و پێمان وایە تۆ لە درۆزنەکانی.
(٦٧) گوتی: گەلۆ! نەفام نیم، پێغەمبەرێکم؛ پەروەرندەی هەموو دنیا ڕای سپاردووم.
(٦٨) پەیامگەلی پەروەرێنم بە ئێوە ڕادەگەیێنم. من بۆ ئێوە ئامۆچیارێ درووسکارم.
(٦٩) ئاخۆ ئێوە پێتان سەیر بوو کە پەندێک لە لای پەروەرندەتانەوە هات بۆ پیاوێک هەر لە خۆتان، هەتا وەکوو بووترسێنێ؟ لە بیرتان بێ، پاش هۆزی نووح ئێوەی لە جێ دامەزراندن و قەڵافەتی زۆرتریشی پێتان بەخشی. دەسا ئێوە نابێ ئەو هەموو چاکەیەی خودا دەربارەتانی کرد، لە بیر بکەن؛ بەشکوو بگەنە ڕزگاری.
(٧٠) گوتیان: هاتووی [پێمان بێژی] تەنیا خوا بپەرستین و لەو خودایانە واز بێنین کە باب وباپیرەکانمان پەرستیانن؟ ئەگەر تۆ لە ڕاست بێژانی، بە هەرچیمان دەترسێنی پێکی بێنە.
(٧١) گوتی: بێ سۆ ئێوە تووشی ئازار و توورەیی پەروەرێنتان بووگن. جا چۆن ئێوە بۆ چەند شتێ کە خۆتان و باوانتان ناوتان لێ ناون و هیچ بەڵگەیەکی پتەوتان لە خواوە بۆ نەهاتووە، جوابەجەنگیم دەگەڵ دەکەن؟ چاوەنۆڕ بن؛ ئەوا منیش دەگەڵ ئێوە چاوەنۆڕم.
(٧٢) ئێمە لە چاکە و بەزەیی خۆمانەوە هوود و هاوڕێکانی هوودمان ڕزگار کرد و ئەو کەسانەش کە نیشانانی ئێمەیان بە درۆ دانا و بێ بڕوا بوون، یەک جێ بنەبڕمان کردن.
(٧٣) بۆ لای سەموودیش سالحی برای خۆیانمان بە ڕێ کرد. گوتی: گەلۆ! عەبدایەتی خودا بکەن، بە غەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نییە. ئەوا لە پەروەرندەوڕا ئەم وشترەو بە نیشانە بۆ هاتووە؛ لێ گەڕێن با لە زەوی خوادا بچەرێ، هیچ زیانێکوو بۆی نەبێ؛ دەنا تووشی ئازاری زۆر بەژان دەبن.
(٧٤) لە بیرتان بێ پاش هۆزی عاد ئێوەی کردە جێنشین و لە سەر زەمین دای مەزراندن؛ لە پێ دەشتان کۆشکانتان بەرز کردەوە و لە کێوەکانیشدا خانووتان دەتاشی. نیعمەتی خواتان لە بیر بێ و پێ دامەگرن لە سەر بەدفەڕی لە هەردا.
(٧٥) سەرگەورەکانی هۆزەکەی - ئەوانەی لە خۆ بایی بوون - لای کەم دەست و هەژارەکان و ئەوانەی بڕوایان هێنا بوو گوتیان: داخۆ ئێوە پێتان وایە سالەح لای پەروەرێنیەوە ڕاسپێراوە؟ گوتیان: ئێمە باوەڕیمان پێ هێناوە.
(٧٦) خۆ بە زل زانەکان گوتیان: ئێمە لەوەی کە بڕواتان پێ هێناوە، حاشا دەکەین.
(٧٧) لە فەرمانی خودای خۆیان وازیان هێنا و وشترەکەیان پەل پەل کرد. گوتیان: سالح! ئەگەر ڕاستە پێغەمبەری، چۆنت هەڕەشە لێ کردین بە جێی بێنە.
(٧٨) زۆر بە توندی بوومەلەرزەیەکیان بۆ هات؛ هەر لە ناو ماڵەکانیاندا هەموو مردن.
(٧٩) سالح لەوان دوور کەوتەوە، گوتی: گەلۆ! من پەیامەکانی خودام پێ گەیاندن، زۆریشم نسێحەت کردن؛ بەڵام ئێوە ئامۆچیارانتان خۆش ناوێ.
(٨٠) لووتیشمان نارد. ئەوسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: ئێوە کاری ئەوەندە شوورەیی دەکەن، بەر لە ئێوە کەس لە دنیا نەیکردووە؟
(٨١) ئێوە بۆ خۆ ڕەحەت کردن - لە بری ژنان - پەلاماری پیاوان دەدەن. ڕاستی ئێوە بۆ بەدفەڕی لە ئەندازەو دەرکردووە.

(٨٢) هۆزەکەی لووت وەرامیان هەر ئەوەندە بوو: لە شاری خۆتان دەریان کەن؛ ئەمانە کەسگەلێکن کە دەیانەوێ بە پاک و خاوێنی بژین!
(٨٣) ئیتر خۆی و کەس وکاریمان ڕزگار کرد؛ هەر تەنیا ژنەکەی نەبێ، کە کەوتە تەک بە جێماوان.
(٨٤) بارانێکمان بۆ باراندن ئەمما باران! دە بڕوانە پاشە ڕۆژی ئەو تاوانبارانە چۆن بوو!
(٨٥) بۆ «مەدیەن» یش شوعەیبین نارد، کە ئەویش هەر لە خۆیان بوو. گوتی: گەلۆ! عەبدایەتی خودا بکەن، بە غەیرەز ئەو ئێوە خودایەکتان نییە. نیشانەیەکی ئاشکراتان لای پەروەرندەتانەوە بۆ هاتووە. با پێوانە و تەرازووتان بەرانبەر بێ و لە ماڵی خەڵک مەدزنەوە. لە هەردیشا - دوای ئاوەدان کردنی - بەدفەڕی مەکەن. ئەگر بڕواو بە خوا هەبێ ئەمە بۆ ئێوە باشترە.
(٨٦) لە سەر هەموو ڕێگایەکا دامەنیشن بۆ ترس وەبەرهێنانی ئەو کەسانە وا بڕوایان بە خودا هێناوە؛ بۆ ئەوە کە لە ڕێگەی ئەو لایاندەن و ڕێگای ئەویان بە لار و چەفت نیشان بدەن. لە بیرتان بێ ئێوە کەم بوون، زۆری کردن؛ لێ بڕوانن پاشە ڕۆژی بەدفەڕەکان بە کوێ گەییشت.
(٨٧) ئەگەر هێندێک لە ئێوە بڕوای هێناوە بەو شتانەی کە منی پێ ڕاسپێراوە و هێندێکیشتان بڕوایان نەهێناوە، خۆ ڕابگرن هەتا خودا بۆ خۆی لە بەینی ئێمەدا داوەری کا. خۆشی چاترین داوەرە.
(٨٨) گرەگرەکانی هۆزی - کە لە خۆیان بایی بوو بوون - گوتیان: شوعەیب! ئێمە تۆش و ئەو کەسانەش وەل تۆ باوەڕیان هێناوە، لە شاری خۆمان دەردەکەین؛ یان دێنەوە سەر دینی مە. گوتی: ئەگەر حەزیش نەکەین؟
(٨٩) گوتی: ئەگەر بێینەوە سەر دینی ئێوە، لە پاش ئەوە کە خودا لێی ڕزگار کردین، درۆمان بە دەم خوداوە هەڵبەستووە. ڕەوا نییە ئیتر بگەڕینەوە سەر ئەو ئایینە؛ جا مەگین پەروەرندەمان مەیلی لێ بێ؛ زانستی ئەو هەموو شتی داگرتۆتەوە؛ خۆمان بە خوا سپاردووە. ئەی خودای پەروەرندەمان! تۆ لە نێوان ئێمە و هۆزەکەماندا داوەری بکە؛ چاکترین داوەر هەر خۆتی.
(٩٠) سەرزلەکانی هۆزەکەی - کە وا لە دین لایان دابوو - گوتیان: ئەگەر پەیڕەوی شوعەیبێ بکەن، بێ سۆ تووشی زەرەر دەبن.
(٩١) ئیتر ئەوسا بوومەلەرزەی وا بە تەوژم دای گرتن، کە هەموو لە ماڵی خۆیاندا لە بەین چوون.
(٩٢) ئەو کەسانەی قسەکانی شوعەیبیان بە درۆ دانا، [وا لە بەین چوون] دەتگوت هەر لەوێدا نەبوون. ئەوانە وا قسەکانی شوعەیبیان بە درۆ دانا، هەر بۆ خۆیان زیانبار بوون.
(٩٣) ئەوسا شوعەیب ڕووی لێ وەرگێڕان و گوتی: گەلۆ! من پەیامەکانی پەروەرندەم بە ئێوە ڕاگەیاندووە و ئامۆژگاریشم لێکردن. دەسا چلۆن بۆ ئەوانەی خوانەناس بوون، خەمێ دەخۆم؟
(٩٤) ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان بۆ هەر کۆمەڵێک ناردووە، بە نەخۆشی و ناگوزووری بە تاقیمان کردوونەوە؛ شایەتا بپاڕێنەوە.
(٩٥) جاری دوایی ناخۆشیمان بە خۆشی بۆ گۆڕیونەوە، تا هەموو شتیان زێدە بوو. گوتیان: باب و باپیریشمان تووشی خۆشی و ناخۆشیان بوون. ئیتر لە پڕ - بەبێ ئەوەی هەست پێ بکەن - گرتمانن.

(٩٦) نیشتەجێی ئەو باژێرانە ئەگەر خوایان بناسیبا و خۆپارێز بان، دەروازەی بەرەکەتانمان لە ئاسمان و زەمینەوە بە ڕوویاندا دەکردەوە. بەڵام ئەوان نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی؛ لە سزای ئەم ئاکارەیان گرتمانن.
(٩٧) ئاخۆ خەڵکی ئەو شارانە نەترسا بوون کە لە شەودا، بەڵای ئێمەیان تووش ببێ و ئەوان لە جەنگەی خەودا بن؟
(٩٨) ئەو شارنشینانە داخۆ نەترسا بوون کە لە دەمی چێشتەنگاودا و لە جەنگەی گەمە کردندا، ئێمە تووشی بەڵایان کەین؟
(٩٩) ئاخۆ لەوە دڵنیا بوون لە مەکری خودا ڕزگارن؟ خۆ بە غەیر لە زیانباران، کەس لە مەکری خوا هەستی هێمنی ناکا.
(١٠٠) ئەو کەسانەی ئەم عەرزەیان - پاش نەمانی خەڵکەکەی - بە میرات بۆ دەمێنێتەوە، بەوەندەیان نەزانیوە ئەگەر حەز کەین - بە گوناهانێ کە دەیکەن - تۆڵەیان لێ دەکەینەوە و مۆریان لە سەر دڵ دادەنێین؛ کەهەر نەتوانن ببیسن؟
(١٠١) ئێمە پرێک لە نەقڵی ئەو باژێرانەت بۆ باس دەکەین؛ ڕاست ئەوەیە پێغەمبەریان بە نیشانەی ئاشکراوە هاتەلایان؛ وەک لەپێشدا پروایان بە خودا نەبوو، هەروا بێ باوەڕ مانەوە. ئاوا خودا مۆر دەخاتە سەر دڵی لە دین لادەران.
(١٠٢) زۆربەی ئەوانەمان نەدی کە پەیمانی خۆ پێک بێنن؛ زۆرینەشیان لە ڕیزەی نافەرمانان بوون.
(١٠٣) پاش ئەوان بە چەند نیشانەی ئاشکرا مووسامان ناردە سەر فیرعەون و سەرزلەکانی هۆزەکەی، دژیان وێستان. سا پروانە پاشە ڕۆژی ئەو بەدفەڕانە چلۆن بوو.
(١٠٤) مووسا گوتی: ئەی فیرعەون! من ڕاسپاردەی ئەو کەسەم کە ڕاهێنەری گشت دنیایە.
(١٠٥) وا ڕەوایە لە ڕاست پێوە، دەربارەی خودا هیچ نەڵێم. لە پەروەرندەی ئێوەڕا نیشانەم بۆتان هێناوە. تۆ گەرەکە فرزەندانی ئیسرائیل وێرای من کل کەی.
(١٠٦) گوتی: ئەگەر بە ڕاستیتە و هیچ نیشانەت دەگەڵ خۆتا هێناوە، نیشانی بدە.
(١٠٧) مووسا عاساکەی فڕێ دا؛ کەچی لە پڕ بوو بە مارێک بە ئاشکرا.
(١٠٨) دەستی خۆشی لە باخەڵیەوە وەدەرخست؛ لە بەر چاوی چاوەدێران سپیەکی بێ خەوش دەرکەوت.
(١٠٩) سەرزلانی هۆزی فیرعەون گوتیان: ئەمە جادوگەرێکی زۆر زانە.
(١١٠) وای گەرەکە گشتوو لەم وڵاتە دەرکا، خۆتان بە چی فەرمان دەدەن؟
(١١١) گوتیان: تۆ خۆی و براکەی گل بدەوە؛ دەستەیەکی کۆکەرەوەش بەڕێ بکە بۆ شارەکان.
(١١٢) تا جادووگەرانی زۆر زان بێنن بۆ لات.
(١١٣) جادووگەرەکان لە فیرعەون کۆ بوونەوە. گوتیان: گەر ئێمە سەرکەوتین، تۆ دەبێ خەڵاتمان بکەی.
(١١٤) گوتی: بەڵێ، ئێوە بێ سۆ لە نزیکانی خۆم دەبن.
(١١٥) گوتیان: مووسا! تۆ داوێژی یان ئێمە پێش تۆ بهاوێین؟
(١١٦) گوتی: ئێوە بهاوێژن. ئەوانەی ئەوان هاویتیان، چاوی حەشامەتەکەیان پێ خەڵەتا و لێیان ترسان و جادووی زۆر عاجباتیان کرد.

(١١٧) خستمانە دڵی مووساوە، کە: عاساکەت بهاوێژە. هەر لە جێوە هەموو جادووکارییەکانی ئەوانی ماشی و هەڵ لووشی.
(١١٨) ئیتر کە ڕاستی هاتە ڕوو، پڕوپووچی کردەوەیان چرووک دەرچوو.
(١١٩) هەر لەوێدا تێشکان و بە کزی و زەبوونی دامان.
(١٢٠) هەرچەندی جادوگەر هەبوون، کڕنۆشیان کرد.
(١٢١) گوتیان: وا پڕوامان هێنا بە ڕاهێنەری گش دنیا؛
(١٢٢) ڕاهێنەری مووسا و هاروون.
(١٢٣) فیرعەون وتی: بەر لەوە من ئیزنوو بدەم، ئێوە چۆن پڕواو پێ هێنا؟ ئێوەی فێڵباز ویستووتانە لەم شارەدا فێڵێک بکەن تا خەڵکەکەی لێ وەدەرنێن. سا لە دواییدا دەزانن.
(١٢٤) پێچەوانە دەست و پێیەکانوو دەبڕم. لێشتان ڕوون بێ گشتوو لە قەنارە دەدەم.
(١٢٥) گوتیان: ئێمە دەچینەوە بۆ لای پەروەرندەی خۆمان.
(١٢٦) هەر بۆیە ڕکت لە ئێمە هەستاوەو سزامان دەدەی، چون کاتێ نیشانەکانی پەروەرندەی خۆمان هاتن، تەواو پڕوامان پێ هێنان. ئەی خودای پەروەرندەمان! خۆڕاگریمان بدەیە و بە باوەڕی پاکەوە بمان مرێنە.
(١٢٧) سەرگەورەکانی هۆزەکەی فیرعەون گوتیان: چۆن تۆ لە مووسا و هۆزەکەی واز دەهێنی، وڵاتت لێ بشێوێنن و دەس لە خۆت و پەرستووەکانی تۆ بەردەن؟ گوتی: بەم زوو کورەکانیان دەکوژین و ژنانیشیان [بۆ ڕاژە] دەهێڵینەوە. ئێمە لە سەر ئەوان زاڵین.
(١٢٨) مووسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: هەر پشت بە خوا ببەستن و خۆڕاگر بن؛ ئەم زەمینە هی خودایە؛ بە هەر کەسێ لە عەبدانی خۆی حەز بکا، پێی دەبەخشێ و دواڕۆژیش بۆ ئەوانەیە کە لە خودا ترسیان هەیە.
(١٢٩) گوتیان: بەر لەوە کە تۆ بێی، چەوساینەوە؛ کە تۆش هاتووی، هەروا دەمان چەوسێننەوە. گوتی: دوور نییە ئەو ڕۆژەی پەروەرندەو دوژمنتان لە بەین بەرێ و ئێوە بکاتە جێنشین لەم عەرزەدا و پڕوانێ ئێوە چۆن دەکەن.
(١٣٠) کارێکمان کرد کە لاگیرەکانی فیرعەون بکەونە قاتی و قڕییەوە و داهاتیان کەمتر دەس کەوێ، بەشکە بیر لە خۆ بکەنەوە.
(١٣١) ئەگەر تووشی خۆشی دەبوون، دەیانگوت: کاری خۆمانە. ئەگەر تووشی بەڵا و چورتمیش دەهاتن، دەیانگوت: ئەمە شوومی مووسا و یارانی مووسایە. خۆ دیاریشە ئەگەر چاکە و خراپەیە، لە خواوەیە. بەڵام زۆربەیان نەزان بوون.
(١٣٢) دەیانگوت: هەر نیشانێکمان بە نیازی جادوو لێکردن نیشان بدەی، ئێمە پڕوات پێ ناهێنین.
(١٣٣) ئەو جار ئێمە چەند نیشانەی ئاشکرامان نارده سەریان کە بریەتی لە لافاو و کولله و ئەسپێ و خوێن و بەق بوو. بەڵام ئەوان دەمارزلیان نوان دو گرۆیەکی تاوانبار بوون.
(١٣٤) لە پاش ئەوە کە ئەو بەڵایانەیان دی، گوتیان: مووسا! لە پەروەرندەت وەپاڕێ - وەک پەیمانی بە تۆ داوە - ئەگەر بێتوو بەڵامان لە سەر لابەرێ، شەرتە باوەڕیت پێ بکەین و تۆرەمەی ئیسرائیلیشت ڕەگەڵ بخەین.
(١٣٥) بەڵام کاتێ بەڵامان لە سەر لا بردن - تا ئەو ماوە دیاری کراوە تێپەڕیان کرد - جارێ تر پەیمانەکەیان وەبەر پێ دا.

(١٣٦) جا تۆڵەمان لێکردنەوە و لە دەریادا قوممان کردن. چونکە ئەوان نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا؛ هەر بە لاشیانەوە نەچوون.
(١٣٧) ئەوسا ئێمە خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەو وڵاتەمان - کە بەرەکەتمان پێ دابوو - کردە بەشی ئەوانەی چەوسابوونەوە. بەڵێنی هەرە پیرۆزی پەروەرندەت - بێ کەم و کوری - دەربارەی بەرەی ئیسرائیل هاتە جێ؛ لە باتی خۆڕاگرتنیان.
هەرچی فیرعەون و یارانی دایان ناو بەرزیان کردەوە، هەموومان لێ تێک و پێک دان.
(١٣٨) بەرەبابی ئیسرائیلمان لە دەریایە پەڕاندەوە. ئەوسا تووشی هۆزێک هاتن، هەر خەریکی پەرستنی بتگەلیان بوون. گوتیان: مووسا! خودایەکمان وەکوو خوداکانی ئەوان بۆ پەیداکە! گوتی: ئێوە هۆزێکن کە هیچ نازانن.
(١٣٩) ئەو ئاکارەی ئەوان دەیکەن، بێ بەهرەیە و هەرچی دەیکەن بە فیڕۆیە.
(١٤٠) ئاخۆ ئێوە دەتانەوێ - غەیرەز خودا - پەرستوێکوو بۆ پەیدا کەم! کە هەر بۆ خۆی لە چاو خەڵکی ئەم دنیایە، ئێوەی بەڕێزتر کردووە؟
(١٤١) لە بیر مەکەن کە ئێمە ڕزگارمان کردن لە فیرعەون و دەستەوبەستەی، کە ئێوەیان زۆر بە سەختی سزا دەدان؛ نێرینەکانیان دەکوشت و ژنەکانیان [بە یەخسیری] دەهێشتەوە. ئەو بەڵایە و لە لایەن پەروەرندەوڕا ئەزموونەکی پڕ مەزن بوو.
(١٤٢) دەگەڵ مووسا ژوانی سێ شەوەمان دانا؛ دەی دیکەشمان بۆ خستە سەر. بەم چەشنە ماوەی ژوانی پەروەرندەی، بوو بە چل شەو. بە هاڕوونی برای خۆی گوت: تۆ لە ناو هۆزەکەمدا بە و لە جێی من بەو هەر کاری چاک ڕەچاو بکە و لە دووی خراپکاران مەچۆ.
(١٤٣) کە مووسا گەیشتە ژوانگە بۆ لای ئێمە و پەروەرندەی دەگەڵی کەوتە ئاخافتن، گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئارەزوومە تۆ ببینم. گوتی: ناتوانی بم بینی؛ بەڵام لەم کەژە پڕوانە؛ ئەگەر لە شوێنی خۆی نەبزووت، ئەوسا دەتوانی بم بینی. کە خۆی بۆ کەژەکە دەرخست، هەر بە جارێ کەژەکەی پریش پریش کرد. مووسا بە بێ هۆشی کەوت. وەختێ هاتەوە سەر خۆ، گوتی: پاکی هەر بۆ تۆیە، پەژیوانم؛ من لە خاوەن باوەڕاندا یەکەمینم.
(١٤٤) گوتی: مووسا من تۆم - بە پەیامەکانم و ئاخافتنم - بەرانبەر بە خەڵکی دنیا، خستۆتە سەر؛ چم پێداوی، وەری بگرە و لە شوکرانەبژێران بە.
(١٤٥) دەربارەی هەموو کارێک و ئامۆژگاری بۆ گەلەکەی، هەموو شتمان - بێ کەم و کوری - بۆ نووسی و بۆمان خستە سەر تەتەڵان. مووسا! ئاگات لەوانە بێ و توندیان بگرە و فەرمان بە هۆزەکەت بدە با هەرەچاکیان وەرگرن. من زوو پێتان نیشان دەدەم جێگە و ڕێگەی ئەوانەی سەرپێچی بکەن بەرەو کوێیە.
(١٤٦) بەم زووانە ڕووی ئەوانە وا بە ناحەق لە سەر زەمین فیز دەنوێنن، لە نیشانەکانی خۆم وەردەسوورێنم؛ بە چەشنێک کە هەر نیشانەیەک ببینن، نەیسەلمێنن؛ یا ئەگەر ڕێی ڕاست ببینن پێیدا نەچن؛ بەڵام ئەگەر ڕێگای گومڕایی ببینن، بیگرنە بەر. چون ئەوانە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا و هەرگیز سەرنجیان نەدانێ.
(١٤٧) ئەو کەسانە نیشانەکانی ئێمە و ڕۆژی پەسڵانیان بە درۆ دانا، کارەکانیان ب ەفێڕۆ چوو. ئاخۆ جگە لە بارتەقای کردەی خۆیان سزا دەدرێن؟

(١٤٨) لە پاش مووسا هۆزەکەی ئەو - لە خشڵ و زەنبەری خۆیان - کۆتەڵی گوێرەکەیەکیان درووس کرد کە هەر دەیبۆڕاند! مەر نەیاندی ئەو گوێرەکە قسەیان دەگەڵا ناکا و ڕێگایان پێ نیشان نادا؟ بەڵێ کەوتنە [پەرستنی و] ستەمکار بوون.
(١٤٩) کاتێ تەواو پەژیوانی دایگرتن و دیتیان سەریان لێ شێواوە، گوتیان: ئەگەر پەروەرێنمان بەر بەزەیی خۆیمان نەخا و لە گوناهانمان نەبووری، ئێمە لە زیانبارانین.
(١٥٠) مووسا وەختێ گەڕایەوە ناو هۆزەکەی، بە توورەیی و بە دڵ پڕی تێی ڕاخورین کە: لە دوای من چەند جێنشینی خراپ بوون؛ ئاخر بۆچی ڕانەوەستان تا فەرمانی پەروەرندەتان پێ دەگا؟ تەتەڵەکانی توورهەڵدا و قژی برایەکەی کێشا و بەرەو خۆی برد. گوتی: ئەی دایک براکەم! هۆزەکەم هێزیان لێ سەندم؛ لەوانەش بوو بشم کوژن! دژمنان بە من خۆش مەکە و منیش دەگەڵ ناهەقکارەکان دامەنێ.
(١٥١) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لە خۆم و برام ببوورە و بەر بەزەیی خۆتمان بخە. تۆ لە گش خاوەن بەزەییان دڵسۆزتری.
(١٥٢) ئەو کەسانەی کە بوونە گوێرەکەپەرست، بەر غەزەبی پەروەرندەیان دەکەون و لە ژیانی دنیایە زەلیل دەبن. هەر کەس درۆیان هەڵبەستێ، ئێمە وایان سزا دەدەین.
(١٥٣) ئەو کەسانەش کە ئاکاریان خراپ بووە، پاشان پەژیوان ببنەوە و پروا بێنن، پەروەرندەت لە گوناهانیان دەبووری و دلۆڤانە.
(١٥٤) کاتێ مووسا لە توورەیی هێدی بووە، تەتەڵەکانی چنیەوە؛ کە تێیاندا ڕێ شاندان و بەزەیی بوو بۆ ئەوانەی خودێ ترسن.
(١٥٥) ئەوسا مووسا حەفتا کەسی لە هۆزکەی دەس نیشان کرد کە بێنە دیدەنی ئێمە. کاتێ بوو لەرزە دایگرتن، گوتی: ئەی پەروەرندەکەم! ئەگەر مەیلت لە سەر بایە هەر لە پێشدا دەت مراندین. ئاخۆ دەتەوێ بەو کارەی کە بێ ئاوەزان لە ئێمە کردوویانە، تۆ هەمووومان لە ناو بەری؟ ئەمەش هەر ئەزموونی خۆتە؛ بە مەیلی خۆت کەسانێ گومڕا دەکەیت و هێندێکانیش بەرەو خۆت شارەزا دەکەی. گەورەمان تۆی، بمان بوورە و بەزەت پێماندا بێتەوە. باشترین بەخشێنەر هەرتۆی.
(١٥٦) لە دنیایە و لە قیامەتیش بە چاکە بمانخوێنەوە؛ ئێمە هاتووینەوە لای تۆ. گوتی: هەرکێ ئازار بدەم کەیفی خۆمە. بەزەییشم هەموو شتی داگرتووە. چاکەی ئەوانە دەنووسم لە خراپە خۆپارێزن و زەکات دەدەن؛ ئەو کەسانەش کە پروایان بە خوا هەیە؛
(١٥٧) ئەوانەوا دەکەونە شوێن ئەم پێغەمبەرەی کە ڕاسپاردەی خوایە و نەیخوێندووە و لە تەورات و ئینجیلیش ناوی نووسراوە و هانەی چاکەیان دەدات و ناهێڵێ خراپە بکەن؛ پاکژ بە ڕەوا دەزانێ و گەماری پێ ناڕەوایە و گرانایی زنجیریان لە سەر لا دەبا؛ کە بەوانیان شەتەک دابوون. ئەوانەی پروای پێ دەکەن، بە قەدرەوە لێی دەڕوانن؛ لە یاریدەی دانامێنن و لە دووی ئەو ڕووناکیە دەچن کە وێرای ئەو ناردراوە؛ ئەوانە ڕزگارەکانن.
(١٥٨) بێژە: خەڵکینە! بزانن ئەمن خودا ڕای سپاردوومە لای ئێوە، گش لە گشتوو. ئەو خودایەی موڵکایەتی ئاسمانەکان و ئەم هەردەش هەر بۆ ئەوە؛ لە خۆی بەدەر هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. گیان دەبەخشێ و گیان دەستێنێ. دەسا ئێوە بە خودا و بە پێغەمبەری نەخوێندەوار پروا بکەن؛ کە ئەویش خۆی

باوەڕی بە خودا هەیە و بە هەرچی خودا گوتوویە پیڕوا دەکا. پەیڕەوی بن، شایەت شارەزای ڕێگە بن.
(١٥٩) دەستەیەکیش لە هۆزی مووسادا هەنە، بە ڕاستی ڕێ دەنوێنن و بە ڕاستیش داوەری دەکەن.
(١٦٠) ئەوانەمان بە دوازدە دەستە (دوازدە ئۆمەت) بەش بەش کرد و ئەو کاتەش هۆزەکەی مووسا داوای ئاوی وەخواردنیان لە مووسا کرد، ئێمە مووسامان تێگەیاند کە: بە دارعاساکەی دەستت لەو بەردە دە. دوازدە کانی لە بەردەکەوە هەڵقوڵین؛ هەر دەستەیەی دەراوی خۆی ناسیەوە. هەوریشمان لە لای سەروویان کردە سەیوان؛ گەزۆشمان دەگەڵ شێلاقە بۆ هەناردن: بخۆن لەو شتە پاکانەی کردوومانەتە ڕۆزیتان. هیچ غەدرێکیان لێمان نەکرد؛ بەڵام غەدریان لە خۆیان دەکرد.
(١٦١) [لە بیروو بێ] ئەو کاتەش کە پیان گوترا: لەو شارە نیشتەجێ بن و لە هەر لایەک هەرچی دەتانەوێ بیخۆن. نزا بکەن گوناهوو لێ هەڵبوەرێ و لە دەرگاوە کە دەچنە ژوور، سوژدە بەرن؛ هەر هەڵەیێ کردووتانە دەتانبەخشین. بۆ ئەوانەی ئاکارچاکن، پاداشی زیاتریش دەدەین.
(١٦٢) ئەوسا ناهەقیکارانیان ئەو قسانەی پێیان وترا بوو، گۆڕیانە بارێکی دیکە. ئێمەش لە سەر ئەو ناهەقی کردنەیان، بەڵایەکمان لە ئاسمانەوە بۆ ناردن.
(١٦٣) دەربارەی ئەوباژێرەی وا کەوتبوە قەراخی دەریا لێیان پرسە، کە بە شەممە نافەرمانی خوایان دەکرد. چونکە لە ڕۆژی شەممەدا ماسی گەل سەراو دەکەوتن و ڕۆژێ کە شەممە نەبووایە، دیاریان نەبوو. ئەو کەسانەی لە ڕێگەی خودا لا دەدەن، ئێمە ئاوا دەیان ئەزمووین.
(١٦٤) کە دەستەیەکیش لە خۆیان گوتیان: بۆچی ئێوە دەربارەی کەسانێ خودا گەرەکیە قڕیان کا یان بە توندی ئازاریان دا، بە ئامۆژگاری خەریکن؟ گوتیان: تا لای پەروەرندەتانەوە تووشی شەرمەزاری نەبین و شایەت ئەوانیش بترسن.
(١٦٥) کە ئامۆژگاری کردنیان بەهرەی نەدا، ئەو کەسانەمان ڕزگار کرد کە دژی خراپە وێستان؛ زۆر بە توندی ئازاری ئەوانەشماندا کە ناهەقی پیشە بوون و فەرمانیان بەجێ نەهێنا.
(١٦٦) کاتێ هەر ئەو کارەیان کرد کە پیان گوترا بوو مەیکەن، گوتمان: ببنە مەیموون گەلی تڕۆ کراو!
(١٦٧) ئەو کاتەشوو لە بیر بێ کە پەروەرێنی تۆ ڕایگەیاند: دەیانکەمە بەر فەرمانی کەسانی وا کە تا قیامەت - بە توندی - ئازاریان دەن. پەروەرندەت بە پەلە تۆڵە دەستێنێ و هەر بۆ خۆشی لە گوناهکاران دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٦٨) لە زەمیندا کردمانن بە چەندین دەستەی لێکتر جیا. هێندێ لەوان بەچاک دەرچوون؛ هێندێ تر وەک ئەوان نەبوون؛ بە خۆشیان و بە ناخۆشیانیشمان ئەزموون، سا بەشکوو بگەڕێنەوە.
(١٦٩) ئەوسا جێ نشینانێکی بەدفەڕ هاتنە جێگایان و، کتێبەکە لای ئەوان بە کەلەپوور ما؛ کە هەر بۆ تەماحی دنیا تێ دەکۆشان. دەشیانگوت: ئێمە هەر زۆر زوو عافوو دەکرێین. ئەگەر دیسانیش لە شتێک دەستیان گیر با، وەریان دەگرت. مەر لەو کتێبەدا لەوان پەیمان وەرنەگیرا، لە ڕاستی بەو لاوە دەربارەی خودا نەخێون؟ کە هەرچی تێشیدا هەبوو خوێندبوویان. ماڵی ئەولا بۆ ئەوانەی خۆپارێزن زۆر باشترە، هێشتا ئێوە تێ ناگەیەن؟

(١٧٠) ئەو کەسانەی کە بەرانبەر بە کتێب ڕەفتار دەکەن و نوێژیش دەکەن، ئێمە پاداشی ئەوانەی ئاکارچاکن وندا ناکەین.
(١٧١) ئەو کاتە کە کێوەکەمان وێنەی سەیوان بە سەریاندا ڕاهەنگاوت و لایان وابوو هەر بە سەریاندا دەڕووخێ [وتمان]: ئەوی داومانە پێتان پەیت بیگرن؛ چی تێدایە لە بیرتان بێ؛ دەشقەم خۆتان بپارێزن.
(١٧٢) ئەوساش کە پەروەرندەی تۆ لە پشتی عەولادی ئادەم زاروزیچی بەرهەم هێنا، لە سەر خۆیان شایەتی هەر بە خۆیان دا. گوتی: من پەروەرێنتان نیم؟ گوتیان: بەڵێ، ئێمە لەوە ئاگادارین. نەکا ڕۆژی سەڵا بێژن: نەمانزانی.
(١٧٣) یان نەبێژن: ئەو کەسانە وا لە پێشدا شەریکیان [بۆ خودا] دانا، باب و باپیرانمان بوون و ئێمە بەرەی دوای ئەوانین؛ ئاخۆ ئێستا تۆ گەرەکتە لە سەر ئاکاری ناحەقان ئێمە قڕکەی؟
(١٧٤) نیشانەکان ئاوا ڕۆشن دەکەینەوە، شایەتا بگەڕێنەوە.
(١٧٥) دەنگوباسی ئەو کەسەشیان بۆ وەخوێنە کە نیشانەکانی خۆمان پێ بەخشی بوو، خۆی لێ بوواردن؛ ئەوسا شەیتان وەدووی خۆی دا و کەوتە ناو ڕێزی گومڕایان.
(١٧٦) ئێمە گەر بمان ویستایە لەمانەڕا پایەبەرزیمان دەدایە؛ بەڵام ئەو هەر خۆی بە عەرزەوە چەسپاند و پەیرەوی ئارەزووی خۆی بوو. نەزیلەی ئەو وەکوو نەزیلەی سەگێکە بۆی بچی زمان دەردێنێ و لێشی گەڕێی زوان دەکێشێ. ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی ئەوانەیە کە نیشانانی ئێمەیان بە درۆ دانا. تۆ لەو تەرزە باسانەیان بۆ وەگێڕە، شایەتا بیر بکەنەوە.
(١٧٧) چەن خراپە سەرگوروشتەی ئەو کەسانە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی و لە خۆیان ناهەقیان کرد.
(١٧٨) هەر کەسێکی خودا خۆی شارەزای بکا، ڕێگەی ڕاست دەگرێتە بەرێ و هەر کەسێکیش گومڕا بکا، لە ڕێزەی زیانبارانە.
(١٧٩) ئێمە گەلێک لە جنۆکە و لە مرۆمان بۆ جەهەندەم وەدی هێنا: دڵیان هەیە و پێی تێناگەن؛ چاویان هەیە و پێی نابینن؛ گوێیان هەیە و پێی نابیسن؛ ئەوانە وەکوو ئاژەڵن؛ بگرە لەوان گومڕاترن؛ ئاگایان لە هیچ شت نییە.
(١٨٠) ناوی خودا، هەموویان ڕند و لەبارن؛ هەر بەو ناوانە بانگی کەن. گوێ مەدەنە ئەو کەسانەی ناوەکانی هەر بە ئانقەست بۆ دەگۆڕن. ئەمانە بۆ ئەو کارەیان سزا دەدرێن.
(١٨١) لەوانەدا کە ئێمە دروستن کردوون، دەستەیەک هەن بەرەو لای هەق ڕێشاندەرن و بە هەقیش داوەری دەکەن.
(١٨٢) ئەوانەش کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا، وردەورده - بێ ئەوەی بە خۆ بزانن - بەرەو تێدا چوونیان دەبەین.
(١٨٣) ماوەیەک مۆڵەتیان دەدەین، چونکە تەگبیرم پتەوە.
(١٨٤) ئاخۆ بە بیریاندا نەهات هاورێکەیان تووشی شێت بوون نەهاتووە؟ ئاشکرایە ئەو لە ترس وەبەرهێنەرێک بەدەر نییە.
(١٨٥) ئاخۆ ئەوان لە دام ودەزگای پڕ شکۆی عاسمانەکان و زەمین هەرچی خوا دروستی کردوون، ڕا نەماون؟ وێش دەچێ بەم نزیکانە بە ئاکامی مەرگ بگەن. دەیسا لە پاش ئەم قورعانە بە کام قسە پڕوا دەکەن؟

(١٨٦) خوا ڕێ لە هەر کەس بگۆڕێ، هیچ ڕێبەری دەس ناکەوێ. وازیان لێ دێنێ با هەر وا لە سەر بزێوی خۆیاندا سەرگەردان بن.
(١٨٧) دەربارەی ڕۆژی سەڵاوە لێت دەپرسن: کەی وەدی دێ؟ بێژە: زانینی هەر تەنیا لە لای پەروەرێنی منە؛ بۆ خۆی نەبێ کەس ناتوانێ وەختەکەی ئاشکرا بکا؛ هەڵێنانی بۆ ئەوانەی لە ئاسمانان و زەمیندان، زۆر گرانە و لە نەکاوێک ئەو ڕۆژە ڕووتان تێ دەکا. جۆرێک پرسیارت لێ دەکەن وەک تۆ دەربارەی بزانی. بێژە: تەنیا هەر خودا بۆ خۆی دەیزانێ؛ بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە ئەمە نازانن.
(١٨٨) بێژە: ئەمن خاوەنی سوود و زیانی خودی خۆم نیم؛ جا مەگین خودا حەز بکا. گەر نادیارم زانیبان بەهرەی فرەم گیر دەکەوت و زیانێکم تووش نەدەهات. من تەنیا هەر ترسێنەر و مژدەدەرم بۆ کەسانێ بڕوا دەکەن.
(١٨٩) هەر ئەو ئێوەی لە یەک کەس وەدی هێناوە؛ ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو پێک هێنا، کە لەوڕا بحەسێتەوە. وەختێ [ئادەم] وەل [دایکەوا] سەر جێی کرد، باردار بوو بە بارێکی سووک. ماوەیەک پێەوە گەڕا. کە هەستی بە قورس بوون کرد، هەرتک لە پەروەرندەیان پاڕانەوە: ئەگەر زارۆیێ هێژامان پێ ببەخشی، لە شوکرانەبژێران دەبین.
(١٩٠) کە زارۆی هێژای پێ بەخشین، لەوەی کە خوا پێدا بوون، چەند شەریکیان بۆ پەیدا کرد؛ کە خودا زۆر بەرزترە لەوەی کە شەریکی هەبن.
(١٩١) چۆن ئەوانە دەکەن بە شەریکی خودا کە ناتوانن هیچ شتێ درووست بکەن و خۆیان دەبێ درووست بکرێن.
(١٩٢) توانایان نییە یارمەتی ئەوان بدەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێ.
(١٩٣) ئەگەر ئێوەش بانگیان بکەن کە بێنە سەر ڕاهی خودا، دواو ناکەون. بانگیان بکەن یان دەنگ نەکەن، بۆ ئێوە هەر وەکوو یەکە.
(١٩٤) ئەوانەی کە - بە جێ خودا - ئێوە هانایان پێ دەبەن، عەبدگەلێکن وەک خوەتان. دەسا ئەگەر ئێوە ڕاستن، بانگیان بکەن با وەرامتان بدەنەوە.
(١٩٥) ئاخۆ ئەوان دەتوانن لە سەر پا بڕۆن، یان دەستی ڕاسانیان هەیە، یان چاوی دیتنیان هەیە، یان گوێی بیستنیان پێوەیە؟ بێژە: بانگی ئەو هاوبەشانەتان بکەن، ئەوسا داوی فێڵانم بۆ بێنەوە و ماوەم مەدەن.
(١٩٦) گەورەی من هەر خودایە کە ئەم کتێبەی ناردۆتە خوار؛ هەر بۆ خۆشی سەرپەرستی چاکان دەکا.
(١٩٧) ئەو کەسانەی - بە غەیرەز ئەو - ئێوە هانایان پێ دەبەن، ناشیەن یاریدەتان دەن و یاریدەی خۆشیان پێ نادرێ.
(١٩٨) ئەگەر ئێوە بەرەو ڕێی ڕاستیان بانگ بکەن، لێو نابیستن؛ دەبینی تواشات دەکەن و نەشیان دیتووی.
(١٩٩) چاو بپۆشە و فەرمان بە کاری چاک بدە و لەو نەزانانە واز بێنە.
(٢٠٠) هەرگایەکیش خەیاڵاتێکی خراپت لە شەیتان بە دڵدا بووری، هەر پەنا بە خودا بەرە؛ کە خۆی بیسەر و زانایە.
(٢٠١) ئەو کەسانەی پارێزگارن، هەرگا خەیاڵی خراپیان لە شەیتانەوە تووش دەبێ، گورجێ یادی خوا دەکەن و بەرچاویان ڕوون دەبێتەوە.
(٢٠٢) براکانیشیان بۆ ئەوەی هەر گومڕا بن، تێ دەکۆشن و لە تەقالادانەکەیان کۆتا نایەن.

(٢٠٣) هەرگا هیچ نیشانەیەکیان نیشان نادەی، ئێژن: تۆ بۆ لە خۆتەوە ڕێکی ناخەی؟ بێژە: من هەر لەوانە پەیڕەوی دەکەم کە لە لای پەروەرندەمڕا پێم دەگا. ئەمانە چاوڕۆشن کەرن لە پەروەرندەی ئێوەڕا و ڕێشاندەرن و بەزەیین بۆ ئەو کەسانەی بە باوەڕن.
(٢٠٤) هەرگا قورئان دەخوێندرێ، کڕ بن و گوێ لێ بدێرن؛ شایەت بەر بەزەیی خوا کەون.
(٢٠٥) هەموو بەیانی و ئێواران، بە پاڕانەوە و ترسەوە - بە بێ ئەوە دەنگ هەڵێنی - یادی پەروەرندەت بکە و هەرگیز تۆ لەوانە مەبە کە بە بیریشیاندا نایە.
(٢٠٦) ئەو کەسانەی لای پەروەرندەت پەسندن، بێ فیزن لە پەرستنی و پەسنی پاکی ئەو دەدەن و هەر بەرەو ئەو سوژدە دەبەن.

ئەنفال

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) لەمەڕ دەسکەوتی جەنگەوە لێت دەپرسن، بێژە: تاڵانی دوژمنان بۆ خودا و بۆ پێغەمبەرە. ئەگەر بڕواتان هێناوە، ئێوە ترسوو لە خودا بێ و لە ناو خۆتاندا پێک وەرن و بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بن.
(٢) خاوەن بڕوا ئەو کەسانەن هەر کە ناوی خودا برا، دڵیان ترسی ڕێ دەنیشێ و کەنیشانەکانی ئەویان بۆ وەخوێنن، بڕوایان بە هێزتر دەبێ و دەربەست خۆیان بە پەروەرێنیان دەسپێرن.
(٣) ئەوانەن کە نوێژ دەکەن و لەو بژیوەی بەشمان داون بەشی هەژارانیش دەدەن.
(٤) باوەڕداری بێ کەمایەسی ئەمانەن کە لە پەروەرێنیانەوە پلە و پایە و لێ خۆشبوون و بژیوی پەسندیان هەیە.
(٥) هەروەک ئەوەی پەروەرندەت - بە هەقانەت - تۆی لە ماڵی خۆت هێنادەر؛ هێندێکیش لە باوەڕدارەکان ناڕازی بوون.
(٦) لە پاش ڕاستی ڕوون بوونەوەش، ئەوان کێشەت دەگەڵ دەکەن؛ وەک بە ئاشکرا ببینن کە بەرەو مردنیان داژۆن.
(٧) ئەوسا کە خوا سۆزی پێدان کە یەکێک لەو دوو کۆمەڵە بۆ ئێوەیە، ئێوە هەر ئارەزووتان بوو دەستە بێ دەستەڵاتەکە بۆ ئێوە بن. خوداش ویستی هەر چۆنێ خۆی گوتوویەتی وەڕاست گەڕێ و خوانەناسان بنەبڕ کا.
(٨) تا ڕاستی سەقام گیر بکا و پووچ و چرووک لە ناو بەرێ؛ هەرچەند تاوانبارەکان حەزی لێ نەکەن.
(٩) لەو کاتەشدا کە هاناتان بۆ پەروەرندەتان دەبرد، گوتی: ئەوا بە شوێن یەکدا هەزار فریشتە دەنێرم بۆ یاریتان.
(١٠) خودا ئەو بەڵێنەشی هەر بۆیە پێدان، هەتاکوو موژدەیەک بێتوو دڵگەلتان پێ ئۆقرە بگرێ. یاریدەش هەر لە خواوەیە. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(١١) ئەو دەمەشتان هەر لە بیر بێ وا ئەو سووکەخەوەی لە لای خۆیەوە بۆ هەناردن و بوو بە هۆی دڵنیاییتان. بارانیشی لە حەواوە بۆ باراندن تا خاوێنتان

بکاتەوە و خەیاڵاتی شەیتانوو لێ دوورخاتەوە و دڵگەرمتان کا و مەیدانێ بە جێ نەهێڵن.
(١٢) خوا فریشتەی تێگەیاندن کە: خۆشم دەگەڵ ئێوەدام، غیرەت وەبەر خاوەن باوەڕەکان بێنن، منیش ترس وەبەر خوانەناسان دەنێم. سا ئێوە لە ملیان دەن و هەموو ئەنتگوستەکانیشیان بپەڕێنن.
(١٣) چونکە ئەوان بەرهەڵستی خودا و پێغەمبەری وێستان. هەر کەسانێک دژی خودا و پێغەمبەر بن، خوا بە توندی سزا دەدا.
(١٤) با بیچێژن! خوانەناسان بە ئاگریش ئازار دەدرێن.
(١٥) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەر تووشی خوانەناسان بوون - با زۆریش بن - ئێوە لە بەریان هەڵ مەیەن.
(١٦) هەر کەس لە ڕۆژێکی وادا خۆ لە شەڕێ بدزێتەوە - مەگین بۆ شەڕ کردن لە شوێنێکی کەوە، یان بۆ یاریدەی یارانی - خودا لە خۆ توورە دەکا و جێگەی لە جەهەندەم دەبێ و چارەنووسی زۆر خراپە.
(١٧) ئەوان ئێوە نەتان کوشتن؛ خوا کوشتنی. کە هاویشتت، هاوێژەرەکە تۆ نەبووی؛ خوا هاویشتی. ئەو دەیەویست باوەڕداران بە باشی تاقی کاتەوە. خودا بیسەر و زانایە.
(١٨) بەڵێ، ئاوا خودا فێڵی دین دوژمنان پووچەڵ دەکا.
(١٩) گەر دەتانەویست سەرکەون، وا سەرکەوتن؛ ئەگەر لە شەڕ بەسیش بکەن، قازانجتانە؛ ئەگەریش تێ هەڵ بچنەوە، ئێمەش تێ هەڵ دەچینەوە و با دەستەوبەستەتان زۆر بن، هیچ بەهرە بۆ ئێوە نادا. خودا وەل باوەڕدارانە.
(٢٠) ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری بن و لە هەر شتێ ئەو پێتان ئێژێ و دەیبیسن، خۆ مەبوێرن.
(٢١) ئێوە وەک ئەوانە مەبن، گوتوویانە: گوێمان لێیە، کە چی هەر نەشیان بیستووە.
(٢٢) خراترین زیندەوەران لە لای خودا، ئەو کەڕ و لاڵانەن کەوا هیچ تێ ناگەن.
(٢٣) ئەگەر خودا بیزانیبا خێرێکیان دەباراندایە، کارێکی دەکرد ببیسن. خۆ ئەگەر گوێ بیستنیشی پێ بدابان، هەر ڕوویان لێ وەردەگێرا و خۆیان دەبوارد.
(٢٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا خودا و پێغەمبەر لێو داوا دەکەن کارێ بکەن ئێوەی پێ بژووژێنەوە، گورجێ بیکەن؛ ئێوەی پێ دەبووژێنەوە. بشزانن خوا دەبێتە لەمپەر لە نێوان مرۆ و دڵی؛ هەموو لاشتان لە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە.
(٢٥) لەو بەڵایەش خۆ پارێزن کە تایبەتی ناحەقیکارانتان نییە. بشزانن کە تۆڵەی خودا توند و تیژە.
(٢٦) بیر لەو دەمە بکەنەوە کە ئێوە لەم وڵاتەدا کەمێکی بێ دەستەڵات بوون؛ ترسوو هەبوو خەڵکی تر دەرتان بکەن و بێ جێ و ڕێ بمێننەوە. پەنای دان و یاریدەی دان و سەرکەوتن و ڕۆزی پاک و ڕەوای پێ دان؛ بەشکە شوکرانەبژێر بن.
(٢٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەگەڵ خودا و پێغەمبەر دەغەڵی مەکەن. ئەو شتانەش کە دەزانن ئامانەتن، غەیانەتی تێدا مەکەن.
(٢٨) بشزانن ماڵ و منداڵتان هۆی ئەزموونن؛ پاداشی زۆر لای خودایە.
(٢٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر لە خودا بترسن، ئامێری جیا کردنەوەی پاک و پیستان پێ دەدات و لە خراپەتان دەبووری. خودا زۆر چاکەی لە لایە.

(٣٠) بێتە بیرت ئەوسا خودانەناسەکان ویستیان فێڵێکت لێ بکەن، یان بەندت کەن، یان بتکوژن، یان دەرت کەن. ئەوان فێڵەکەی خۆیان کرد؛ خواش فێڵی کرد. خواش چاترین فێڵەزانە.
(٣١) هەرگا نیشانەی ئێمەیان بۆ وەخوێنن، ئێژن: بیسمان؛ ئەگەر حەزمان بکردایە، ئێمەش وەک ئەمەمان ئەوت؛ لە چەند چیرۆکی کەونارا بەدەر نییە.
(٣٢) ئەوساش گوتیان: ئەی خودایە! ئەگەر بە ڕاستیە و لە لایەن تۆوە هاتووە، لە حەواوە وەبەر تەوەن بارانمان دە، یان ئازارێکی بەژانمان بۆ بنێرە.
(٣٣) هەتا تۆیان لە ناودا بێ، خودا جەزرەبەیان نادا. هەتا داوای بووردن لە گوناهیش بکەن، خودا هەر ئازاریان نادا.
(٣٤) خودا چۆن ئازاریان نەدا، کە ئەوانە ڕێگەی «مسجدالحرام» یان لە زیارەت کەران گرتووە و هەڵیش ناگرن خاوەنی بن؟ خاوەنانی هەر دەبێ ئەو کەسانە بن کە ترسی خودایان هەیە؛ بەڵام زۆربەیان نەزانن.
(٣٥) نوێژیان لە ماڵی خودادا هەر بریەتی لە چەپڵە و فیتووکێشانە. سا لە سزای ئەو پروا نەهێنانەدا، ئەشێ تووشی ئازار ببن.
(٣٦) ئەوانەی خودانەناسن، ماڵی خۆیان خەرج دەکەن ڕێگەی بەرەو خودا بگرن. ئەو ماڵ بەخت کردنەیان دەبێتە کەسەرێک بۆیان و پاشان هەر ژێر دەکەون. خڕوپڕی خوانەناسان لە دۆژەە کۆ دەکرێنەوە.
(٣٧) هەتا خودا پاک و پیس لێک هەڵاوێرێ و پیسەکان لە سەر یەک دانێ و بەتێکڕایی کۆگایان دا و بیانخاتە دۆژەهەوە؛ هەر خۆیان زیانبار بووگن.
(٣٨) بە خوانەناسەکان بێژە: ئێستاش ئەگەر دەس هەڵگرن، هەرچی پێشوو کردووتانە عافوو دەکرێ. ئەگەریش تێ هەڵ بچنەوە بەسەرهاتی پێشینەکان دیارە چ بوو.
(٣٩) وەلیان شەڕ کەن هەتا ئاژاوە نامێنێ و دین گشتی دینی خوا دەبێ. سا ئەگەر تەمێ گرتوو بوون ئەوسا هەر کارێکی بیکەن خوا دەیبینێ.
(٤٠) ئەگەریش ڕوویان وەرگێڕا، با بزانن کە گەورەتان هەر خودایە؛ گەورەی هەرە باشتان هەیە و چاکترین یاریدەرتانە.
(٤١) ئەگەر باوەڕتان بە خودا و باوەڕیتان بەوەش هەیە کە ڕۆژی لێک هەڵاواردن بۆ عەبدی خۆمان ناردەخوار، ئەوێ ڕۆژێ کە دوو کۆمەڵ تووشی یەک بوون؛ دەبێ ئەوەندەش تێ بگەن هەر تاڵانێکوو دەس کەوت، پێنج یەکێکی بەشی خودا و پێغەمبەرە و بۆ خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە. خودا توانای بە سەر هەموو شتدا هەیە.
(٤٢) وەختێ ئێوە لە داوێنەی نزیکتر و ئەوان لە داوێنەی دوورتر دامەزرا بوون، کاروانیش لە خوار ئێوە بوو، ئەگەر کاتی پێک گەیشتنوو دانابا، بێ سۆ لە سەر ژوانگە تووشی کێشە دەبوون؛ بەڵام دەوبو هەرچی خوا پڕیاری دابوو هەر ڕوو بدا. تا مردن و ژینی هەر کەس، بە بەڵگەی ئاشکراوە بێ. خوا دەبیسێ و ئاگادارە.
(٤٣) لە خەوتندا خودا ژمارەی ئەوانی کەم نیشان دای؛ ئەگەر زۆرایی ئەوانی نیشان دابان، لە ترسان زراوتان دەچوو؛ لە ناو خۆدا کێشەتان لێ پەیدا دەبوو. بەڵام خودا ئێوەی پاراست، خۆی لە نهێنی دڵانیش ئاگادارە.
(٤٤) ئەوساش کە تووشی یەک هاتن، لە بەر چاوتان ئەوانی کەمتر نیشان دا و ئێوەشی کەمتر هێنایە بەر چاوی ئەوان. دەبوو خودا کارێ کە پڕیاری درابوو بێنێتە جێ. کاریش هەر دەچنەوە لای ئەو.

(٤٥) ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر دەگەڵ دوژمنان ڕووبەڕوو دەبن، خۆ بگرن و گەلێک یادی خودا بکەن، شایەتا ئێوە سەرکەون.
(٤٦) لە فەرمانی خودا و پێغەمبەر دەرمەچن. نەچن کێشە و لێ پەیدا بێ و سست ببنەوە و هەموو هێز و لە بەین بچێ. خۆراگر بن؛ خوا دەگەڵ خۆراگرانە.
(٤٧) ئێوە وەک ئەوانە مەبن، بۆ خۆبینی و بۆ ڕووبینی لە ناو مەردم لە زێدەکەیان دەرکەوتن؛ دەیانەویست ڕێگەی خودا بەربەست بکەن. خودا لە هەموو کارێکیان ئاگادارە.
(٤٨) شەیتان ئاکاری ئەوانی ئەو کاتە لە بەر جوان کردن، گوتی: ئەمڕۆ هیچ هێزێک دەرۆستوونایە، منیش جێگەی هاناتانم. لە کاتێکا هەر دووک لا لێک وەدەرکەوتن، پێ دزەی کرد و بۆی دەرچوو، گوتی: ئەمن وەل ئێوە نیم؛ من شتی وام دێتە بەرچاو کە بۆ ئێوە نادیارە؛ من لە خودا ترسم هەیە؛ تۆڵەی خودا زۆر دژوارە.
(٤٩) دووڕووان و ئەو کەسانەی دڵی دەغەزداریان هەیە، ئەوسا وتیان: ئەوانە بە دینەکەیان خەڵەتاون. هەر کەسێکی هەر خۆ بە خودا بسپێرێ، خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٥٠) گەر ببینی ئەوسا خودانەناسەکان فریشتە دەیان مرێنن و دیم و پشتیان دەکوتنەوە [پێیان ئێژن]: دەیسا دەردی بە ئاگر سواتان بچێژن.
(٥١) ئەمە سزای ئەو کارانەی کە دەتانکرد؛ خودا هەرگیز غەدر لە عەبدی خۆی ناکا.
(٥٢) [ئاکاریان هەر] وەک ئاکاری داروودەستەی فیرعەون و ئەو کەسانەیە بەرلەوان بوون؛ کە لە نیشانەکانی خوا حاشایان کرد. خواش لە سزای گوناهانیان وەبەر غەزەبی خۆی خستن. خودا بە هێز و توانایە و تۆڵەی ئەو گەلێ دژوارە.
(٥٣) چونکە خودا دەرووی چاکەی لە هەر گەلێ وەکردبێ، هەتا ئەوان بیری خۆیان نەگۆڕیبێ، قەت خودا لێی نەگۆڕیون. خوا بیسەر و زۆر زانایە.
(٥٤) جا ئەوانە - وەک داروودەستەی فیرعەون و پێشینیانیان - بەو دەردە چوون: بە نیشانەی خودای خۆیان باوەڕ نەکرد؛ لە سۆنگەی گوناهەکانیان قڕمان کردن. هەرچی سەر بە فیرعەونیش بوون، بڕیارماندا کە لە ئاوێدا بخنکێن؛ کە سەر لە بەریان ناهەق بوون.
(٥٥) خراترین زیندەوەران لە لای خودا ئەو کەسانەن کە خودایان نەناسیوە و ئیتریش بڕوا ناهێنن.
(٥٦) ئەو کەسانەی پەیمانت دەگەڵ بەستن و لە پاشانا هەموو جاران پەیمانیان هەڵدەوەشێنن و هیچ ترسی خودایان نییە،
(٥٧) جا ئەوانەت کە لە شەڕدا بە گیر هێنان، وێڕای ئەوانەش کە هاتوون پشتیان بگرن، پرەتێنە؛ بەشکوو تەمێ گرتوو بن.
(٥٨) گەر هەستت کرد کۆمەڵێ لەو سوێندخۆرانە غەیان دەرچوون، تۆش وەک ئەوان سوێندیان بە سەردا بدەوە. خودا غەیانی خۆش ناوێن.
(٥٩) خوانەناسان وا بیر نەبەن وەپێش کەوتوون؛ ئەوان ئێمە نابەزێنن.
(٦٠) تا بۆو دەکرێ چەک و جبەخانەی شەڕ و ئەسپی سواری پەیدا بکەن؛ دوژمنی پێ بترسێنن؛ کە دوژمنانی خوداشن. غەیری وانیش دوژمنوو هەن نایان ناسن، بەڵام خودا دەیان ناسێ. هەر ماڵێکی لە ڕاهی خودای بەخت کەن، خودا دەیبژێرێتەوە و هیچ ناهەقیو لێ ناکرێ.

(٦١) ئەگەر داوای شەڕبەسیان کرد، قبوڵی کە و هەر خۆت بە خودا بسپێرە؛ هەر خۆی گوێدێر و زانایە.
(٦٢) گەر ویستیشیان فریوت دەن، بەستە کە خودات دەگەڵە. هەر ئەویش هاتە هاواری خۆت و خاوەن باوەڕان و یاریدەی دان.
(٦٣) بە دڵ وانی کردە هۆگری یەکتری. ئەگەر هەرچی لەم سەرزەمینەدا هەیە، هەمووت بەخت بکردایە، نەت دەتوانی وا لێکیان کۆ بکەیتەوە؛ بەڵام خودا وا لێکی کردوون بە هۆگر؛ هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٦٤) ئەی پێغەمبەر! بۆ تۆ و بۆ باوەڕدارانێ شوێنت کەوتوون، خودا بەسە.
(٦٥) ئەی پێغەمبەر! هانەی باوەڕداران بدە بچنە خەزا؛ ئەگەر ئێوە بیست کەس بن و خۆڕاگر بن، هێزتان بە دوو سەد کەس دەشکێ؛ گەر سەد کەستان خۆڕاگر بن، - بە ئیزنی خوا - دوو هەزار کەس لە خوانەناسان ڕادەنێن؛ چونکە ئەوان کەسانێکی بێ ئاوەزن.
(٦٦) ئێستا خودا کە دەزانێ ورە و تواناتان کەم بووە، کاری بۆ هاسانتر کردن. ئەگەر ئێوە سەد کەس بن و خۆڕاگر بن - بە ئیزنی خوا - دەرۆستی دوو هەزاریان دێن. خوا دەگەڵ خۆڕاگرانە.
(٦٧) بۆ هیچ پێغەمبەرێک نەبووە دیلی هەبن؛ مەگەر وەختێ لە سەر زەمین بە تەواوی بووبێتە خاوەن دەستەڵات. دەتانەوێ ماڵی دنیاتان دەس کەوێ، خوداش پاشەڕۆژی دەوێ. خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٦٨) ئەگەر خودا ئەم ڕووداوەی پێشووتر نەنووسیبایە، لەمەی کە وەدەستوو کەوت ئازاری زۆروو تووش دەهات.
(٦٩) ئەو تاڵانەی گرتووتانە، حەڵاڵ و زەلاڵە بیخۆن؛ ترسیشتان لە خودا هەبێ. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٧٠) ئەی پێغەمبەر! تۆ بەو یەخسیرانە بێژە کە دەبەر دەستی ئێوەدان: ئەگەر خودا ئاگای لێ بێ چاکەیەکتان لە دڵدایە، چاکتر لەوەی لێو سەنراوە، دەوداتەوە و لێو خۆش دەبێ. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٧١) خۆ ئەگەر بە ونیازەش بن کە درۆ دەگەڵ تۆ بکەن، زوو وەل خوداش ناڕاست بوون و ئەتۆی زاڵ کرد بە سەریانا. خودا زانای لەکارزانە.
(٧٢) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و زێدی خۆیان جێ هێشتووە و لە ڕای خودا بە گیان و ماڵ خەزایان کرد، ئەو کەسانەش کە ئەمانیان حاواندەوە و ئاریکار بوون، بوونە کەس و کاری یەکتر. ئەو گرۆی باوەڕدارانەش کە هەر لە شوێنەکەی خۆیان ماونەتەوە و نەهاتنە دەر، هەتا ئەوانیش دەرنەچن، نابێ دۆستایەتییان بکەن. بەڵام گەر ئەوان دەربارەی دینەکەیان یاریدە لەنگۆ بخوازن، لە سەرتانە کە ئێوە کۆمەگیان بکەن؛ مەگین لە دژی ئەوانەی دەگەڵ ئێوە هاوپەیمانن. هەرچی بیکەن خوا دەیبینێ.
(٧٣) بەرەی خودانەناسانیش دۆستی نزیکی یەکترین. گەر ئێوە - وەک من پێم گوتوون - ڕەفتار نەکەن، بشێوێنی و خراپەی زۆر لەم سەرزەمینە ڕوو دەدا.
(٧٤) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و لە وڵات ئاوارە بوون و لە ڕای خودا خەزایان کرد، ئەوانەش پەنایان دان و کۆمەگیان کرد، خاوەن باوەڕی بە ڕاستن. خودا لەوانە خۆش بووە و بژیوی باش بۆ ئەوانە.

(٧٥) ئەو کەسانەش کە پاشان پڕوایان هێنا و بە ئاوارەیی دەرکەوتن و وێرای ئێوە خەزایان کرد، لە خۆتانن. بە گوێرەی کتێبی خودا، خزم بۆ خزم لە نامۆ نزیکترە. خودا لە هەر شت ئاگادارە.

تەوبە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) دەرپڕینی بێزارییە لە خودا و پێغەمبەریەوە، لەو شەریک دانەرانە وا ئێوە بوونە هاوپەیمانیان.) {{{3}}}
(٢) هەتا چوار مانگ ڕێتان هەیە لەم زەمینەدا بگەڕێن؛ دەبێ ئەوەندەش بزانن کە ناتوانن خۆتان لە خودا ڕزگار کەن. خوا هەموو دوژمنانی دین ڕیسوا دەکا.
(٣) خودا و پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی حەجی مەزندا، بە مەردم ڕادەگەیەنن کە خودا و پێغەمبەری خوا لە بتپەرستان بێزارن. ئەگەر پەشیمان ببنەوە، قازانجتانە؛ ئەگەریش قبووڵی نەکەن، لێتان ڕوون بێ کە لە دەس خودا دەرناچن. مژدەش بدە بەوانەی خودانەناسن، بەشیان ئازاری بەژانە.
(٤) غەیرەز بتپەرستانێ کە پەیمانوو دەگەڵ بەستوون و لە سەر پەیمانەکەیان لانەکەوتوون و دژی ئێوە یاریدەی کەسیان نەداوە، هەتا ماوەی پەیمانەکە بەسەر دەچێ، ئێوە پەیمانتان مەشکێنن. خوا پارێزگاری خۆش دەوێن.
(٥) هەرکە مانگەحەرامەکان پڕانەوە، ئەو بتپەرستانەو لە کوێ وەدەس کەوێ، لە گرتن و بەند کردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەژیوان بوونەوە و بوونە نوێژکەر و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لە گونا خۆش دەبێ و دلۆڤانە.
(٦) هەرگا یەکێک لەو کەسانەی بتپەرستن خۆی خستە بەر داڵدەی تۆوە، پەنای بدە؛ با گوتەی خودا ببیسێ. ئەوسا کە بینێرە شوێنێ کە نەترسێ؛ چونکە ئەوانە نەزانن.
(٧) کوا ئەوانەی بتپەرستن، ئەو پەیمانەی بە خوا و پێغەمبەری دەدەن بە جێی دێنن؟ هەر ئەوانە هێشتا لە سەر پەیمان ماون، کە پێکەوە لە پەنا «مسجدالحرام» پەیمانوو بەست؛ تا لە سەر پەیمانەکەمان، ئێوە پەیمان شکێن مەبن. خوا پارێزگاری خۆش دەوێن.
(٨) چۆن پەیمانێک! ئەوان هەر کاتێ بزانن پێو دەوێرن، بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە سوێندخۆری یان خزمایەتی، بە گژوودا دێن؟ هەر بە دەم دڵخۆشتان دەکەن، بەڵام نیازی خراپیان لە دڵدایە؛ زۆربەیان تووش و بەدفەڕن.
(٩) نیشانەکانی خودایان بە نرخێکی هندک فرۆت؛ ئەوسا ڕێگەی خودایان بەست. ئاکاری زۆر خراپ دەکەن.
(١٠) لەمەڕ هیچ خاوەن باوەڕێک، هاوپەیمانی و خزمایەتی ڕەچاو ناکەن؛ ئەمانە هەر دەستدرێژی پیشەیانە.
(١١) سا ئەگەر لە بتپەرستی وازیان هێنا و نوێژیان کرد و زەکاتیان دا، ئیتر برای دینی ئێوەن. ئێمە ئەم نیشانانەمان بۆ خەڵکێ ڕوون دەکەینەوە کە زانا بن.

(١٢) ئەگەر لە دوای پەیمان بەستن سوێندەکەیان هەڵوەشاند و تەوسیان دەدینەکەتان گرت، ئێوە لەیەل گەورەکانی خوانەناسان بە شەڕ وەرن؛ ئەوانن کە بێ پەیمانن، بەشکوو دەستوو لێ هەڵگرن.
(١٣) ئاخۆ ئێوە بە گژ ئەوانەدا ناچن کە لە سوێند پاشگەز بوونەوە و نیازیان وابوو پێغەمبەر لە ناو خۆ دەرکەن؛ دەس پێشکەریش [لە شەڕێدا] ئەوان کردیان؟ بۆ ئێوە لەوان دەترسن، ئەگەر باوەڕوو هێناوە؟ بۆ لێ ترسان، خودا لەوان هێژاترە.
(١٤) ئێوە دەگژیان ڕابچن؛ خودا هەر بە دەستی ئێوە ئەوان تووشی ئازار دەکا و ژێریان دەخاو سەروو دەخا بە سەریاندا و کارێک دەکا کوڵی دڵی باوەڕداران دابمرکێ.
(١٥) ڕکی دڵیان دادەماڵێ و خودا حەز کا، هەر کەسێکی لە گوناهان دەس هەڵگرێ، لێی وەردەگرێ. خودا زانای لەکارزانە.
(١٦) پێتان وایە کەس خۆتان تێ ناگەیەنێ و خواش لەوانەی لە ئێوە چوونە خەزایە و غەیرەز خودا و پێغەمبەر و باوەڕداران هیچ کەسێ ڕازداریان نەبووە، بێ ئاگایە؟ خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(١٧) نوێژگەی خودا ئاوا کردن بۆ بتپەرستان نەشیاوە. خۆیان ئێژن: خوا ناناسین؛ هەرچی دەیکەن بە فیڕۆ دەچێ و هەتا سەر لە دۆژەە دەبن.
(١٨) هەر ئەوانە بۆیان هەیە نوێژگەی خودا ئاوا بکەن، کە باوەڕیان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە و نوێژ درووست و زەکات دەرن و - لە خوا نەبێ - ترسیان لە هیچ کەسێ نییە. لەوانەیە ئەمانە ڕێ زانەکان بن.
(١٩) ئاو لە حەجاج بە شینەوە و سەرپەرشتی ماڵی کابە، پێتان وایە دەگەڵ کاری ئەو کەسانەی بۆ خودا چوونە خەزایە و بڕوایان هەیە بە خودا و ڕۆژی سەڵا، وەکوو یەکە؟ لجەم خودا وەکوو یەک نین. خوا گرۆی ناهەقیکاران ناخاتە سەر ڕاستەڕێگە.
(٢٠) ئەوی بڕوایان هێناوە و تووشی ئاوارەیی بوون و بۆ خودا چوونە خەزایە و دەستیان لە ماڵ و گیانی خۆ هەڵگرتووە، لای خودا زۆر لە پێشترن و بە ئاواتی خۆیان دەگەن.
(٢١) پەروەرێنیان مژدەی بەزە و ڕەزای [خۆی و] باغاتی وایان پێدەدا کە دەوێدا خۆشی پایەداریان دەبێ.
(٢٢) هەتا سەر هەر لەوێ دەبن. خودا پاداشی زۆر گەورەی لە لا هەیە.
(٢٣) ئەی گرۆی خاوەن باوەڕان! ئەگەر باب و برای ئێوە لایان وابوو ناباوەڕی لە باوەڕهێنان باشترە، ئێوە تخونیان مەکەون و خۆشتان نەوێن؛ هەر کەس لەنگۆ خۆشی بوێن، دیارە ناهەقیکارە.
(٢٤) بێژە: ئەگەر باب و کوڕ و برا و ژن و خزمەکانوو ئەو ماڵەی پەیداو کردووە و کەل و پەلی بازرگانی - کە دەترسن لە برەو کەوێ - و خانووبەرەی ڕند و دڵخۆشکەرەی خۆتان، پێ لە خودا و پێغەمبەر و خەزا کردن لە ڕێی خوادا گرینگترە؛ چاوەنۆڕبن تا فەرمان لە خوداوە دێ. ئەوانەی لە ڕێ لادەرن، خودا شارەزایان ناکا.
(٢٥) خودا لەگەلێک شوێناندا دەهاناو هات؛ ڕۆژی حونەینیش هەروەها؛ کە هەرچەندە بە زۆری خۆتان دەنازین، کە چی هیچ بەهرەی بۆ نەدان؛ ئەم زەمینە گوشادەتان لێ تەنگ هەڵات. لە دواییدا هەموو پاشەکشەتان کرد و بەرەو دووا گەڕانەوە.

(٢٦) پاشان خودا دڵنیایی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی و پرواداران بەڕێ کرد و زۆر پێشمەرگەشی دابەزاند کە نەودەدین. خوانەناسانی سزا دا و سزای خودانەناسەکان هەر ئەمەیە.
(٢٧) لە دوای ئەوەش هەرکێ خودا مەیلی لێ بێ پەژیوانی قبووڵ دەکا و خوا دەبووریٚ و دلۆڤانە.
(٢٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەو کەسانەی شەریک بۆ خودا دەناسن ناپاکن، نابێ - پاش ئەمساڵ - لە «مسجدالحرام» خۆ نزیک کەنەوە. ئەگەر لە ئاتاجیش ترسان، خوا بخوازێ لە چاکەی خۆی هەمووتان بێ نیاز دەکا. خودا زانای لەکارزانە.
(٢٩) وەل ئەوانەدا بجەنگەن کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا بێ باوەڕن و هەرچی خوا و پێغەمبەری خوا بە ناڕەوایان زانیوە، ئەمان بە ڕەوای دەزانن و نایەنە سەر دینی ڕاستیش، تا ئەو کاتەی بە زەلیلی و بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن.
(٣٠) جوولەکەکان گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایە. فەلەش گوتیان: مەسیح فرزەندی خودایە. ئەو قسانەی دەمی ئەوان ئەیدرکێنێ، وێنەی قسەی خودانەناسانی پێشوون. خوا بیان کوژێ، چۆنین لە حەقێ لادەدرێن؟
(٣١) لە بری خودا، مەلاکان و ڕەبەنەکانی خۆیان و مەسیحی فرزەندی مەریەمیان کردە خوا؛ فەرمانیشیان پێدرا بوو بێژگە لە خوای تاک وتەنیا نەپەرستن. لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ. خودا بێ عەیبە و بە دوورە لەو شتانەی بە هاوتای ئەوی دەزانن.
(٣٢) دەیانەوێ بە فووی دەمیان، تیشکی ڕۆشنیایی خودا وەکوژێنن؛ خوداش خۆی بڕیاری داوە کە ئەم تیشکەی هەر سەرکەوێ، جا با خودانەناسەکانیش حەز نەکەن.
(٣٣) خودا بۆ ڕێ نیشاندان و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، پێغەمبەری خۆی ناردووە؛ تا گش دینەکانی دیکە بەرخۆی بدا؛ هەرچەند ئەوانەش حەز نەکەن کە شەریک بۆ خودا دادەنێن.
(٣٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەلاچاک و ڕەبەنەکانی ئەوانە، بەشی زۆریان - لە هەوانتە - ماڵی ئەو خەڵکە دەخۆن و ڕێی خوداشیان نیشان نادەن. ئەو کەسانەی زێڕ و زێو کۆ دەکەنەوە و لە ڕای خودا بەختی ناکەن، تۆ لەو ئازارە بەژانەی تووشی دێن ئاگاداریان کە.
(٣٥) ڕۆژێ کە ئەم زێڕ و زێوە بە ئاگری جەهەندەم سوور دەکرێنەوە، تویڵ و کەلەکە و پشتیانی پێ داغ دەکرێ: دەردی ئەو شتانە بچێژن کە بۆ خۆتان سەریەکوونان.
(٣٦) لەو ڕۆژەوە خوا ئاسمانان و زەمینی داهێناوە، نووسیوەتی ژمارەی مانگەکان دوازدەن؛ لە چواریاندا شەڕ دەوەستێ. ئەمە ڕەوشتێکی ڕاستە، لەمانەدا ناهەقی لە خۆتان مەکەن. ئەگەر ئەم بتپەرستانە بە تێکڕایی بە گژوودا دێن، ئێوەش بە گەلەکۆمەگی بە گژ ئەواندا بچنەوە؛ بیشی زانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە.
(٣٧) ڕاگوێزان و ئاڵوگۆڕی ئەو مانگانە، دەبێتە هۆی زێدە بوونی خوانەناسی و خوانەناسەکانی پێ گومڕا دەبن. لە ساڵێکا شەڕ بە ڕەوا دەزانن و لە ساڵێکا بە ناڕەوا؛ تا ژمارەی مانگە ڕەوا و ناڕەواکان ئەوسا بەرانبەر بێنەوە و لە ئاکاما، ئەوەی

خودا ڕەوای نەدیوە، ڕەوای کەن. دیارە شەیتان ئەو کردەوە نالەبارەی بۆ جوان کردوون. خوا ئەوانەی دژی دینن، شارەزای ڕاستەڕێ ناکا.
(٣٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! چیتانە کە پێتان ئێژن: وەدەرکەون بۆ خەزا لە ڕای خودادا، تەمەڵن و لە جێی خۆ نابزوون؟ ئاخۆ ژیانی دنیاتان لە قیامەتێ پێ خۆشترە؟! گوزەرانی سەر دنیایە بەرانبەر بە گوزەرانی ئەو دنیاتان شتێکی زۆر کەم بایەخە.
(٣٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە خواوە تووشی جەزرەبەی بەژان دێن و دەستەیەکی تازە بابەت دەخاتە شوێنەکەی ئێوە و لەم بارەوە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنن. خوا بۆ هەموو شت توانایە.
(٤٠) ئەر ئێوە یاریدەی نادەن، خودا بۆ خۆی دەهانای هات: وەختێ خودانەناسەکان ئەویان دەرکرد، ئەو دەمەش کە لە ئەشکەوتەکەدا بوون و هەر یەکێک بوو لە دوو کەسان، ئەوێ کاتیش بە هەواڵەکەی خۆی دەگوت: خەمت نەبێ! ئێمە خودامان دەگەڵە؛ ئۆقرەی لە خوداوە بۆ هات و چەندین پێشمەرگەشی بۆ نارد یاری بکەن؛ کە ئێوە نەتان دەدیتن. قسەی خودانەناسەکان وەبن کەوت و هەر قسەی خودا لە سەرە. خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٤١) سووکباربن یان گرانبار بن، بۆ خەزایە ڕێ دابگرن و لە گیان و ماڵ بەخت کردن درێغ مەکەن. گەر بزانن هەر بە قازانجی خۆتانە.
(٤٢) ئەگەر دەسکەوتێ بێ ڕەنج و سەفەری سانا لە ڕێ با، هاسان بە دووتدا دەهاتن؛ بەڵام مەودای دوور و سەختیان، لا گران هات. دێن سوێندێ بە خودا دەخۆن کە: ئەگەر بمان توانیبا، ئێمەش دەگەڵتان دەهاتین. [بەو سوێندە] خۆ لە بەین دەبەن. خواش دەزانێ کە ئەمانە درۆ دەکەن.
(٤٣) خوا بت بەخشێ، بۆچ ئیزنت دان؟ ڕاوەستا بای هەتا بۆت ڕۆشن بباوە، کام ڕاستن و درۆزنەکانیش بناسی.
(٤٤) ئەوانەی بڕوایان هەیە بە خودا و بە ڕۆژی سەڵا، نایەن ئیزنت لێ بخوازن تا بە ماڵ و گیان لە ڕێی خوا خەزا بکەن. خوا خۆپارێزان دەناسێ.
(٤٥) هەر ئەوانە دێن کە ئیزنت لێ بخوازن، کە بڕوایان بە خوا و ڕۆژی دوایی نییە و لەو ناوەدا دوودڵ ماون و لە گومانی خۆیاندا هاتوچۆیانە.
(٤٦) ئەگەر بیان ویستایە دەرچن، خۆیان بۆ ئامادە دەکرد؛ بەڵام خودا هاتنیانی پێ خۆش نەبوو؛ ورەی لە دڵیان بردە دەر. پێیان گوتن: ئێوەش وێڕای بە جێ ماوان بە جێ مێنن.
(٤٧) گەر وێڕای ئێوەش هاتبان بۆ خەزایە، کاریان لە ئێوە تێک دەدا و کێشەیان بۆ دەنانەوە و ئاژاوەیان بەرپا دەکرد. هێندێکیشتان لە ناودا بوون قسەکانیان لێ دەبیستن. خودا لە ناهەقیکاران بە ئاگایە.
(٤٨) بەرێش پشێوییان نایەوە و کاری تۆیان بەراوەژوو نیشان دەدا. هەتا کارەکە ڕاست هات و بە کوێرایی چاوی ئەوان فەرمانی خودا هاتە جێ.
(٤٩) هەر لەوانەدا ئی وا هەن، دێن پێت ئێژن: ئیزنمان بدە با نەیەین؛ نەوەک تووشی گوناهان بین. با بزانن کە هەر ئێستا کەوتوونەتە ناو گوناهەوە. ئەوانەی خودانەناسن، دۆژەە دەورەیان لێ دەدا.

(٥٠) ئەگەر چاکەت بێتە ڕێگە، ئەوانە پێیان ناخۆشە؛ ئەگەر تووشی بەڵایەش بی، ئێژن: ئێمە هەر لە پێشدا مشووری خۆمان خواردووە و بە دڵخۆشی خۆت لێ دوورەپەرێز دەگرن.
(٥١) بێژە: بێژگە ئەوەی خودا بۆی نووسیبین تووشمان نایە؛ هەر ئەو سەروەری ئێمەیە و گەرەکە خاوەن باوەڕان هەر خۆ بە خودا بسپێرن.
(٥٢) بێژە: ئاخۆ چاوەنۆڕن جگە لە یەکێ لەو دووانەی - کە هەر دووکیان باشەکانن - شتێکی ترمان تووش ببێ؟ ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین خودا هەر خۆی، یان بە هۆی ئێمە جەزرەبەو بۆ بنێرێ. دەسا ئێوە چاوەنۆڕ بن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین.
(٥٣) بێژە: بە خۆشی خۆتان بێ یان بە زۆری ماڵ بەخت کەن، خودا لێتان قبووڵ ناکا؛ چونکە ئێوە کۆمەڵێ لە ڕێ لادەر بوون.
(٥٤) بۆیەش هەرچی بەختی بکەن، خودا لێتان قبووڵ ناکا، چونکە ئەوان حاشایان کرد لە خودا و پێغەمبەرەکەی، نوێژەکانیان بە تەنبەڵی بە جێ دێنن و ئەو ماڵەش کەوا دەیبەخشن، زۆر بە نابەدڵی دەیدەن.
(٥٥) سەیرت نەیە لە دارایی و زاروزیچێ کە هەیانە؛ خوا دەیەوێ لە دنیادا بەمانە ئازاریان دا و هەر بە خوانەناسی بمرن.
(٥٦) بە سوێندەوە ڕەش دەبنەوە، دەڵێن: ئێمەش لە خۆتانین؛ درۆش دەکەن لە ئێوە نین؛ بەڵام ئەوان گرۆیەکی ترسەنۆکن.
(٥٧) گەر ئەنوایەک یان ڕەهۆڵێک یان ئەشکەوتێکیان شک بربا، بە هەڵەداوان بۆی دەچوون.
(٥٨) هێندێک لەوان لە سەدەقە بەشینەوەت بە گازندەن؛ ئەگەر بەشی خۆیان بدرێ، ڕازی دەبن؛ ئەگەر بەشیان بەر نەکەوێ، توورە دەبن و بۆڵە دەکەن.
(٥٩) ئەگەر ئەوان بەو بەشە ڕازی بوونایە کە خودا و پێغەمبەری خوا دەیانداتێ و بیانگوتا: ئێمە هەر خودامان بەسە و بەم زووانە خودا و پێغەمبەری خوا لە چاکەی خۆ بەشمان دەدەن، چ دەقەوما؟
(٦٠) زەکات هەر دەبێ بدرێتە هەژاران و کەم دەستان و ئەو کەسانەی پێ ڕادەگەن؛ بەختیش بکرێ بۆ هۆگری نەیاران و ڕزگار کردنی کۆیلان و قەرزداران لە ڕای خودا و لە ڕێگا بە جێ ماواندا. بڕیارێکە لە خوداوە؛ خودا زانا و لەکارزانە.
(٦١) لەوانەدا ئی واش هەیە پێغەمبەر ناڕەحەت دەکەن؛ ئێژن: هەموو شت دەبیسێ. بێژە: گوێ لە چاکە دەگرێ کە بە قازانجی ئێوەیە؛ باوەڕی بە خودا هەیە؛ بە باوەڕدارانی تریش بڕوای هەیە و بەزەییشە بۆ ئەوانەی لە ئێوە بڕواو هێناوە. ئەو کەسانەش کە پێغەمبەر عەزیەت دەدەن، تووشی ئازاری بەژان دێن.
(٦٢) سوێندوو بە خودا بۆ دەخۆن، کە ئێوەیان لێ ڕازی بن. با ئەگەر خاوەن باوەڕن، کارێ بکەن خوا و پێغەمبەری خودایان لێ ڕازی بن.
(٦٣) بۆ دەبێ نەیانزانیبێ هەر کەسێکی دژی خودا و پێغەمبەری خوا بووەستێ، تا هەتایە لە ئاگری دۆژەهدایە؛ کە ڕیسوا بوونی گەورەیە؟
(٦٤) ئەوانەی دووڕوون دەترسن سەبارەت بەوان سوورەتێک بێتە خوارێ، هەرچی لە دڵیاندا هەیە ئاشکرای کا. بێژە: ئێوە گاڵتە بکەن، ئەوەی خۆی لێ دەپارێزن خودا هەر ئاشکرای دەکا.
(٦٥) خۆ ئەگەر لێشیان بپرسی: خەریکی چن؟ دەڵێن: ئێمە خەریکی گەپ و گاڵتە بووین. بێژە: ئاخۆ گاڵتەو بە خوا و پێغەمبەری خودا دەکرد؟

(٦٦) داوای لێ بووردنێ مەکەن؛ ئێوە لە پاش پڕواهێنان بوونە دژی ئیسلامەتی؛ ئەگەر ئێمە لە هێندێکانوو خۆش ببین، دەبێ هێندێک ئازار بدرێن؛ لە بەر ئەوەی تاوانبار بوون.
(٦٧) نێر و مێ لەم دووڕووانە وەکوو یەکن؛ فەرمان بە خراپە دەدەن و ڕێگە لە بەر چاکە دەگرن؛ دەستی خۆشیان لە خێرکردن دەقووچێنن؛ خودایان لە بیر بردەوە و خوداش ئەوانی لە بیر کرد. ئەوانەی دووڕوویی دەکەن، هەموویان لە ڕێ لادەرن.
(٦٨) پڕیاری خودا هەر وەک بۆ خودانەناسەکان هەیە، دووڕووانی ژن و پیاویش دەگرێتەوە؛ بە تێکڕایی دەیانخاتە جەهەندەم و تا هەتا هەر تیا دەبن؛ کە ئەمە بۆ ئەوان بەسە؛ بەر نەفرینی خواش کەوتوون و ئازاردانیان بنەی نایە.
(٦٩) وەک ئەوانەی پێش ئێوە بوون، زۆر لە ئێوە بە هێزتر بوون؛ ماڵ و منداڵیشیان پتر. ئەوان لەو بەشەی کە بوویان کەڵکیان وەرگرت؛ ئێوەش وەتر؛ هەر وا ئەوانەی پێش ئێوەش، لەب ەشی خۆ کەڵکیان وەرگرت. ئەنگۆ تووشی پڕوپووچ بوون؛ هەروەک ئەوانە تووشی بوون. ئەوان لە دنیا و سەڵادا کردەوەیان بە فیڕۆ چوو؛ هەر بۆ خۆشیان زیانبار بوون.
(٧٠) ئاخۆ دەنگ و باسی نووح و عادو سەموودو خەڵکی مەدیەن و موئتەفیکەو هاوچەرخانی ئیبڕاهیمیان پێ نەگەیوە، کە لە پێش واندا ژیاون؛ کە پێغەمبەرانی ئەوان بە چەند بەڵگەی ئاشکراوە چوونە ناویان؟ خوا ناهەقی لێ نەکردن؛ هەر بۆ خۆیان ناهەقیان لە خۆیان کرد.
(٧١) ژن و پیاوی باوەڕدار دۆستی یەکترین؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و بەر لە کاری کرێت دەگرن و نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و بەر فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودان. خوا ئەمانە وەبەر بەزەیی خۆی دەخا. خودا خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٧٢) خودا بەڵێنی بە پیاوان و ژنانی بە باوەڕ داوە، باغاتێکیان خەڵات دەکا، جۆباریان بە بەردا دەڕوا و هەر دەوێدا دەمێننەوە. چەندین خانووی هەرە باشی لە ناو باغاتی عەدندا بۆ داناون. ڕەزای خوداش، کە لە گشتی هێژاترە؛ دەسکەوتی مەزن ئەمەیە.
(٧٣) ئەی پێغەمبەر! دەگەڵ خودانەناسان و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن، بە شەڕ وەرە و بە توند و تیژی ڕەفتاریان دەگەڵ بکە. ئەنوای ئەوان جەهەندەمە و دواڕۆژی دژواریان هەیە.
(٧٤) سوێندێ دەخۆن کە بە خودا ئەوەیان نەدرکاندووە؛ کەچی قسەی خودانەناسانەیان کرد. دیارە لە پاش موسوڵمان بوون لە دین پەشیوان بوونەوە؛ خەیاڵیان دابووە سەر شتێ، بۆیان نەلوا پێکی بێنن. هەر بۆیەش ڕکیان بۆتەوە کە خودا و پێغەمبەری خوا بەو چاکەی دەگەڵی کردوون، ناگوزووری بۆ نەهێشتوون. ئەگەر پەشیمان ببنەوە، هەر بە قازانجی خۆیانە و ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێڕا، خودا لەم دنیا و لەو دنیا، ئازاری بەژانیان دەدا و لەم هەردەدا، نە کەس دۆستایەتییان دەکا، نە یاوەریان دەس دەکەوێ.
(٧٥) هێندێک لە ناو ئەوانەدا پەیمانیان دەگەڵ خودا بەست کە: شەرتە ئەگەر خودا لە چاکەی خۆی بەشمان بداتێ، ئێمەش خێر و خێرات دەکەین و دەچینە ڕێزەی پیاوچاکانەوە.
(٧٦) کە خوا کردی و لە چاکەی خۆی زێدەی دانێ، ڕژدایەتییان لە سەر کرد و دیسان پشتیان هەڵکرد و ڕوویان وەرگێڕا.

(٧٧) چونکە ئەوان پەیمانی خوایان شکاند و درۆیان لەیەل خودا کرد، دووڕوویی هەر لە دڵیاندا هێشتۆتەوە، تا ئەو ڕۆژەی دێنە بەر بارەگای خودا.
(٧٨) بۆ نازانن خودا بە ڕازیان دەزانێ و ئاگای لە سرتەشیان هەیە و خۆی لە هەرچی نادیارە، ئاگادارە.
(٧٩) ئەو کەسانە تەوس دەگرنە پڕوادارانێ کە زێدە لە زەکات، خێراتێ دەکەن؛ تانەش دەدەن لەوانە وا هەر ئەوەندەیان دەس دەڕوا کە دەیبەخشن؛ ئەوسا گاڵتەشیان پێ دەکەن. خودا گاڵتە بەمان دەکا و ئازاری بەژانیان دەبێ.
(٨٠) لێ خۆشبوونیان بۆ داوا بکەی یان نەکەی، بێ بەهرەیە. ئەگەر تۆ حەفتا کەڕەتیش نزای بەخشینیان بۆ بکەی، خوا هەرگیز لێیان خۆش نابێ؛ چون ئەوانە لە خودا و پێغەمبەرەکەی حاشا دەکەن؛ خواش گرۆی لە ڕێ لادەران ناخاتە سەر ڕاستەڕێیە.
(٨١) ئەوانەی بەوە دڵخۆشن کە لە ماڵەخۆیان مان و لە هاوڕێ بوون دەگەڵ خودا و پێغەمبەری خۆیان بوارد و نەیانویست کە ماڵ و گیانیان لە ڕاهی خودا بەخت کەن و دەیانگوت: لەم گەرمایەدا دەرمەکەون. بێژە: ئەگەر تێگەیشتنیان هەبوایە، خۆ ئاگری جەحەندەم زۆر گەرمترە.
(٨٢) با کەم بخەنن و زۆر بگرین لە سزای ئەو کارانەدا کە دەیانکرد.
(٨٣) ئەر خوا تۆی لە خەزا گەڕاندەوە بۆ لای هێندێک لەوان و لە تۆیان داوا کرد ئیزنیان بدەی بچنە خەزا؛ بێژە: هەرگیز ناشێ دەگەڵمان دەرکەون قەت دەگەڵ من ناچنە شەڕی هیچ دوژمنێک. ئێوە هەر سەر لە هەوەڵێ خانەنشینیتان نەقاند؛ ئێستاش هەر خانەنشین بن؛ وێرای ئەوانەی مانەوە.
(٨٤) هەر کەسێکیشیان لێ بمرێ، نابێ نوێژی لە سەر بکەی و لە سەر گۆڕی ڕامەوەستە. ئەوان لە خوا و پێغەمبەر حاشایان کرد و کە مردن لە ڕێ لادەر بوون.
(٨٥) داهات و عەولادی زۆریان بەلاتەوە گرینگ نەبێ. خوا دەیەوێ هەر بەمانە لە دنیا جەزرەبەیان دا و بە بێ دینی گیانیان دەرچێ.
(٨٦) هەرگا سوورەتێک دێتەخوار کە باوەڕ بە خوا بهێنن و لە تەک پێغەمبەرەکەیدا بچنە خەزا، خاوەن دەستەڵاتەکانیان دێن ئیزن لە تۆ دەخوازن و ئێژن: واز لە ئێمە بێنە، با ئێمەش لە ماڵ بمێنین؛ وەک خانەنشینانی تر.
(٨٧) بەوە ڕازی بوون وەل بە جێ ماوەکان بن؛ مۆریان بە سەر دڵەوەیە و هیچ تێ ناگەن.
(٨٨) بەڵام پێغەمبەری خودا و ئەوانەی دەگەڵ ئەودان و باوەڕدارن، بە ماڵ و گیان چوونە خەزا؛ خۆشی و چاکی بۆ ئەوانە و ڕزگارەکانیش ئەوانن.
(٨٩) خوا باغاتێکی بۆوان ساز داوە کە جۆباریان بە بەردا دەڕوا و تا هەتایەی تێدا دەبن. ئەمەیە دەسکەوتی گەورە.
(٩٠) عارەبی دەشتەکی هاتوون، پروبەهانە دەتاشن ئیزنیان بدەی [نەچنە خەزا]. ئەو کەسانەش حاشایان لە خوا و پێغەمبەری هەیە، لە ماڵە خۆیان ڕۆنیشتوون. ئەوانە بوونە خوانەناس - بەم زووانە - تووشی ئازاری تووش دەبن.
(٩١) لە سەر ئەوانەی بێ هێز و لەش بە بار و ئەوانەی هێندە شک نابەن خێرات بکەن، سووچێک نییە، ئەگەر ئەوان بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی ئامۆژگاری مەردم بکەن. هیچ گلەیەک لە سەر چاکەکاران نییە. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.

(٩٢) هیچ گلەش لەوانە ناکرێ کە هاتنە لات هەڵیانگری و گوتت: چارەوای وام نییە هەڵتانگرێ. لە خەمباری فرمێسکیان دەچاوان تزا و گەڕانەوە؛ چونکە هیچی وایان نەبوو بەختی بکەن.
(٩٣) ڕێی گازندە هەر لە سەر ئەو کەسانەیە کە بوودەن و مەرەخەسیت لێ دەخوازن؛ بەمە ڕازین دەگەڵ بە جێ ماوەکان بن؛ خودا مۆری بە سەر دڵیانەوە ناوە و هیچ تێ ناگەن.
(٩٤) کاتێ ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ لایان، عوزرخوابیتان لێ دەکەن. بێژە: هیچ عوزری پێ ناوێ، ئێمە بڕواتان پێ ناکەین؛ لەمەڕ ئێوە خودا خەبەری پێ داوین. خودا و پێغەمبەری خودا کردەوەکانتان دەبینن و لە ئاکاما دەبرێنەوە بۆ لای ئەوەی کە لە خویا و بەرێیواران ئاگادارە؛ ئەوسا خەبەردارتان دەکا کە چۆن کارێکتان کردووە.
(٩٥) هەرگا ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ لایان، دێن و بە خواتان سوێند دەدەن کە خۆیان تێنەگەیەنن. ئێوە واز لەوانە بێنن، چونکە ئەوانە گەمارن و لە سزای کردەوەکانیان جەهەندەمە جێگایان.
(٩٦) ملتان بۆ لە سوێندان دەنێن کە ئێوە لەخۆڕازی کەن؛ گەر ئێوەش لێیان ڕازی بن، خوا لە گرۆی لە ڕێ لادەر ڕازی نابێ.
(٩٧) عارەبەکانی دەشتەکی لەمەڕ خودانەناسین و دووڕوویی، بێ ڕەزاترن و بۆ سنوور پێ نەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری ناردووە، کۆڵی ترن. خودا زانای لەکارزانە.
(٩٨) هێندێک هەر لەو دەشتەکیانە، هەرچی بیدەن وای دەزانن کە خاوەیان لێ سەنراوە؛ لێو دەخەفتێن کە بەڵایەکتان بە سەر بێ؛ بەڵا هەر بە سەر خۆیان بێ. خودا بیسەر و زانایە.
(٩٩) هەر لە ناو ئەو دەشتەکیانەش ئی وا هەیە بڕوای بە خوا و بە ڕۆژی قیامەتێ هەیە و هەرچی لەمڕێیەدا دەیدا، بۆ نزیکی لە خودایە و بۆ ئەمەیە کە پێغەمبەر بە نزا لە بیریان نەکا با بزانن کە هەربینا نزیک دەبنەوە لە خودا و دەیانخاتە بەر بەزەیی خۆی. خودا دیارە گوناه بەخش و دلۆڤانە.
(١٠٠) خوا لەوانەی هەر پێشوو ئاوارە بوون و لەوانەش کە یاریدەر بوون، لەوانەش کە لە چاکەدا دایانە سەر شۆپی ئەوان، ڕازی بووە و ئەوانیش لە خوا ڕازین و باغاتێکی بۆ ساز داون جۆباریان بە بەردا دەڕوا و تا هەتایە تێدا دەبن و ئەمەیە دەسکەوتی گرینگ.
(١٠١) لەو عەرەبە دەشتەکیانەی - کە لە دەوروبەری ئێوەن - هێندێکیان و هێندێکیش لە خەڵکی مەدینە دووڕوون و هەر بۆ دووڕوویی ڕاهاتوون؛ ئەتۆ ئەوانە ناناسی، ئێمە زۆر باشیان دەناسین. دوو جار ئازاریان دەدەین و لە دواییدا دەیانخەینە بەر جەزرەبەی هەرە دژوار.
(١٠٢) هی تریش هەن دانیان ناوە بە گوناهەکانی خۆیاندا، کارێ باش و یەکێ خراپیان تێکەڵ کرد؛ شایەت خودا تۆبەیان لێ قبووڵ بکا. خودا لە گوناه دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٠٣) لە داراییەکی هەیانە سەدەقەیان لێ وەرگرە، تا بەوە پاک و خاوێنیان بکەیتەوە. نزای باشیان دەرهەق بکە، نزای تۆ ئۆقرەیە بۆ وان. خودا بیسەر و زانایە.
(١٠٤) چۆن دەبێ نەیانزانیبێ خودا تۆبە لە عەبدی خۆی قبووڵ دەکا و سەدەقەشیان لێ وەردەگرێ و خودا تۆبە قبووڵ کار و دلۆڤانە؟

(١٠٥) بێژە: دەسا وەکار کەون، کاری ئێوە بە زوویەکی زوو لە لای خودا و پێغەمبەری خاوەن باوەڕان دیار ئەدا و بەو زووانە دەبرێنەوە بۆ لای زانا بە نادیاری و دیاران؛ ئەوسا ئاگاداروو دەکا کە چۆن کارێکتان کردووە.
(١٠٦) هێندێکیشیان چاوەڕێی فەرمانی خودان. جا یان جەزرەبەیان دەدا، یان تۆبەیان لێ وەردەگرێ. خودا زانای لەکارزانە.
(١٠٧) ئەوانەش وا مزگەوتێکیان چێ کردووە تا هۆی زیان و خوانەناسی و پژگ و بڵاوی نێوان باوەڕدارەکان بێ و تا ڕوانگە بێ بۆ ئەوانەی لە پێشوودا دژی خودا و پێغەمبەری ڕاوەستا بوون، سوێندیش دەخۆن کە: جگە لە چاکە کردن نیازێکی ترمان نەبووگە؛ خوا شایەتە کە ئەوانە درۆزنن.
(١٠٨) هەرگیز لەوێدا نوێژ مەکە. ئەو مزگەوتەی ڕۆژی بەرێ لە سەر هەستی خوداترسی دامەزرا بێ، هێژاترە کە تۆ نوێژی تێدا بکەی. لەوێندەرێ پیاوی وا هەن حەز دەکەن بە پاکی بژین؛ خوداش لە پاکان خۆشی دێ.
(١٠٩) ئاخۆ کەسێ کە هیمی مزگەوتەکەی خۆی لە سەر هەستی خواپەرستی و ڕەزای خودا داڕشتبێ هێژاترە، یان ئەو کەسەی کە بناغەی مزگەوتەکەی لە سەر لێواری کەندالی فشەڵە و ڕووخەک داناوە و دەگەڵ ئەودا دەکەوێتە ناو ئاگر و کڵپەی دۆژەە؟ خودا دەستەی ستەمکاران شارەزای ڕاستەڕێ ناکا.
(١١٠) ئەو خانووەی سازیان داوە، هەر مایەی دڵخورتیانە؛ جا مەگین ئەو دڵانەیان کوت کوت ببێ. خوداش زانای لەکارزانە.
(١١١) خودا گیان و سامانی باوەڕدارانی کڕیوە و لە باتیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە. باوەڕدارانیش ئەوانەن کە لە ڕای خوا شەڕ دەکەن و دەکوژن و دەشیانکوژن. لە تەورات و لە ئینجیل و قورئانیشدا بەڵێنی وەها دراوە. سا کێ لە خوا بۆ پێک هێنانی بەڵێنی درووسترە؟ دەسا ئێوە بەو سەودایەو مزگێنی بە یەکتر بدەن، کە دەسکەوتێکی زۆر گەورەو دەس کەوتووە.
(١١٢) تۆبەکاران، خواپەرستن، هەر پەسندی خودا دەدەن؛ ڕۆژووگرن، بە کڕنۆش و سوژدەبەرن، هانەی کاری چاک دەدەن و بەر لە ناڕەوا دەگرن و سنووری خوا دەپارێزن. مژدە بدە بەوانەی خاوەن باوەڕن.
(١١٣) ڕەوا نییە بۆ پێغەمبەر و ئەوانەی باوەڕدارن، داوای بووردن بۆ بتپەرستەکان بکەن - جا با خزمی نزیکیش بن - لە پاش ئەوەی سوور دەزانن کە جەحەندەم جێگەیانە.
(١١٤) کە ئیبراهیم داوای عافوو کردنی بۆ ئاپی خۆی کرد، تەنیا بۆ بەجێ هێنانی بەڵێنێک بوو کە پێی دابوو. بەڵام کاتێ کە سوور زانی دژی خوایە، ئیتر خۆی تێ نەگەیاند. بێ گومان ئیبراهیم گەلێک لە خواترس و لەسەرخۆ بوو.
(١١٥) پاش ئەوەی خوا کۆمەڵێکی خستە سەر ڕێ، ئیتر هەتا دیاری نەکا دەبێ لە چی بەپارێز بن، لە ڕاستەڕێیان دەرناخا. خودا هەموو شت دەزانێ.
(١١٦) خاوەن موڵکی عاسمانەکان و زەمینێ هەر خودایە. گیان وەبەر دێنێ و دەمرێنێ و جیا لە خودا، دۆست و یاریدەرتان نییە.
(١١٧) خودا لە پێغەمبەر و ئەوانەی دەربەدەرن و ئەوانەی یاریدەدەرن و لە جەنگەی تەنگانەدا هەر پەیڕەوی ئەو بوون، خۆش بووە. لە پاش ئەوەی هێندێک لەوان وەختا بوو دڵیان گومڕا بێ، دیسان خوا عافووی کردن. خودا دڵسۆزی ئەوانە و دەگەڵیانا میهرەوانە.

(١١٨) دەربارەی ئەو سێ کەسانەش خۆیان لە خەزا دزیەوە، تا وای لێهات ئەم زەمینە هەراوەیان لێ وەتەنگ هات؛ خۆشیان تەنگانەیان هاتێ و تێگەییشتن هیچ پەنایەکیان نەماوە، مەگین هەر پەنا بەو بەرن. پاشان ئەوانیشی بەخشی کە بەرەو خودا وەگەڕێن. خودا تۆبە قبووڵ دەکا و دلۆڤانە.
(١١٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! با ترسوو لە خودا هەبێ و لە ڕیزی ڕاستاندا بژین.
(١٢٠) مەدینەیی و ئە وعارەبە دەشتەکیانەی لە دەوریانن، نەدەبووایە پێغەمبەری خودایان وەلا بنایە و خۆیان لەو هەڵواردایە؛ چونکوو هەرچی لە تینگی و لە مانگی و لە برسییەتی - کە لە ڕای خودا تووشیان دێ - و هەر هەنگاوێکی دەیهاوێن، خوانەناسان توورە دەکا و هەر زەربەتێ لە دوژمنی دەوەشێنن، گشتی خودا بە چاکەیان بۆ دەنووسێ. خوا پاداشی چاکەکاران وندا ناکا.
(١٢١) هەرچەندە ماڵ بەخت دەکەن، کەم و زۆری و لە هەرگەڵیەک دەرباز دەبن، خودا بۆیانی دەنووسێ، تا پاداشی لەوە چاکتریان بداتێ.
(١٢٢) نە پێویستە باوەڕداران هەموو تێکڕا وەدەرکەون؛ با لە ناو هەر کۆمەڵگایەک دەستەیەکیان بچنە دەرێ، تا لە دین شارەزا دەبن و کە گەڕانەوە ناو هۆزیان بیانترسێنن. بەشکوو خۆیان بپارێزن.
(١٢٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەگەڵ ئەو خوانەناسانەی هاوساتانن بەشەڕ وەرن؛ با زەبر و زەنگوو ببینن. بیشیزانن خوا دەگەڵ خۆپارێزانە.
(١٢٤) ئی وایان دەناودا هەیە، تا سوورەتێک دێتە خوارێ، ئێژێ: کێتان پڕوای پێ پتەوتر بووە؟ جا ئەوانەی پڕوایان بە خوا هێناوە باوەڕیان بەهێزتر دەبێ و کەیفێ دەکەن.
(١٢٥) ئەوی دڵیشیان ساغ نییە، حاشا دێتە سەر حاشایان و بە خوانەناسی دەمرن.
(١٢٦) ئاخۆ ئەمانە نابینن کە ساڵانە کەڕەتێک یان دوو کەڕەتان دەکەونە بەر تاقیکاری؟ لە ئاکامدا نە تووشی پەژیوانی دێن نە پێی تەمێ گرتوو دەبن.
(١٢٧) هەرگا سوورەتێک دێتە خوار، هێندێک دەڕوانن هێندێکان: ئاخۆ کەس ئێوە دەبینێ؟ لە پاشان دەگەڕێنەوە. خوا دڵیانی وەرگێراوە؛ چونکە ئەمان لە دەستەی بێ ئاوەزانن.
(١٢٨) پێغەمبەرێک هاتە لاتان، لە خۆتانە؛ هەر بەڵایە بە سەرتان بێ، لای گرانە؛ زۆری دڵ لە سەر ئێوەیە؛ دڵسۆزی باوەڕدارانە و دلۆڤانە.
(١٢٩) ئەگەر هەر ڕوویان وەرگێرا، بێژە: من هەر خودام بەسە، بە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ کاری خۆم داوەتە دەست ئەو، هەر ئەویشە خودانی تەختی مەزنە.

یوونوس

وە ناوخودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، ڕا، ئەمە چەند نیشانەیەکن لە کتێبی لەکارزانی و دوور لە گۆڕان.

(٢) ئاخۆ مەردم سەیر ماون، پیاوێکمان هەر لە ناو خۆیان ڕاسپاردووە کە: ترسێ وەبەر مەردم نێ و مژدە بدا بەوانەی خاوەن باوەڕن: پلەی بەرزیان لە لای پەروەرێنیان هەیە؟ خودانەناسەکان گوتیان: ئەم کابرایە ئاشکرایە جادووگەرە.
(٣) پەروەرێنتان خودایەکە بە شەش ڕۆژان ئەم ئاسمانانە و زەمینەی چێ کردووە و ئەوسا لە سەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراوە و بەکاروباری ڕادەگا. کێ دەتوانێ لای ئەو ببێتە تکاکار، مەگین بۆ خۆی ئیزنی بدا؟ هەر ئەو خودایە پەروەرندەی ئێوەیە؛ دەسا عەبدایەتی بکەن. ئاخۆ ئێوە هیچ بیری لێ ناکەنەوە؟
(٤) بەڵێنی خودا دروستە، ئێوە گشتوو بەرەو ئەو دەگەڕێنەوە. ئەو لە پێشدا دەئافرێنێ و پاشان دەیگەڕێنێتەوە؛ تا ئەوانەی باوەڕدارن و کردەوەی ڕەوایان بووە - بێ جیاوازی - پاداشی خۆیان بداتێ؛ ئەوانەش کە خودانەناس بوون - لە سزای ناسوپاسیدا - ئاوی زۆر گەرم وەخۆن و جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.
(٥) ئەو خۆیەتی خۆری کردە تیشکدەر و هەیڤی کردە تریفەدار و چەند قۆناغی بۆ دیاری کرد؛ تا هەژماری ساڵەکان و حیسابتانی پێ بزانن. خوا بەڕاستی ئەمانەی وەدی هێناوە. بەڵگەکان شی دەکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە زانان.
(٦) لە هاموشۆی شەو و ڕۆژ و ئەوەی کە لەم عاسمانان و زەمینەدا ئافراندوونی، زۆر بەڵگە هەن بۆ ئەوانەی لە خواترسن.
(٧) ئەو کەسانەی دیداری ئێمەیان ناوێ و بە ژینی دنیا ڕازین و لەو بارەوە خاترجەمن، ئەوانەش لە بەڵگەکانمان هایان نییە،
(٨) لە سوێنگەی کردەوەکانیان ئاگر دەبێتە جێگەیان.
(٩) ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاکن، بە باوەڕەی کە هەیانە خوا ڕێگەیان نیشان دەدا و دەیانباتە ناو باغاتێک پڕ لە خۆشی و جۆباریان بە بەردا دەڕوا.
(١٠) نزایان لە بەهەشتێدا هەر ئەمەیە: خودایە! پاکی بۆ تۆیە و خۆش و بێشیان هەر سڵاوە. دوامین نزایان هەر ئەمەس: سپاس بۆ خوای ڕاهێنەری گش دنیایە.
(١١) ئەگەر هەر وەک مەردم لە خۆشی بەلەزن، خوداش بۆ زیان لێدانیان بەلەز بایە، دیارە دەمێک بوو نەدەمان. ئێمە لەوانە واز دێنین کە حەز بە دیدارمان ناکەن؛ با هەر لە سەرکێشی خۆیاندا سەرگەردان بمێننەوە.
(١٢) مرۆ ئەگەر بەڵایەک پێسیری دەگرێ - لە سەر تەنیشت یا بە ڕاکشان یان بە پێوە - لەبەرمان دەپاڕێتەوە. کاتێ بەڵان لەسەر لادان، وەها دەڕوا هەر وەک هیچ لەبەرمان نەپاڕابێتەوە، بۆ بەڵایەک تووشی بووە! ئا بەم جۆرە کردەوەمان بۆ ئەوانەی هەڵەڕۆن، ڕازاندۆتەوە.
(١٣) گەلێک بەرەمان - لە پێشوودا - لەبەین برد؛ کاتێ کە ناهەقیان کرد. پێغەمبەران بە نیشانانی دیارییەوە هاتنە لایان، هەر باوەڕیان پێ نەهێنان. ئێمە ئاوا تاوانباران سزا دەدەین.
(١٤) لە پاش ئەوان ئێوەمان لەم سەرزەمینە جێنشین کرد؛ کە ببینین کردەوەی ئێوە چۆن دەبێ.
(١٥) کاتێ بەڵگە ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە، ئەو کەسانەی بە ئاواتی چاوپێکەوتنی ئێمە نین، دەڵێن: قورئانێکی ترمان - بەغەیرەز ئەمە - بۆ بێرە، یان بیگۆڕە. بێژە: لە وزەمدا نییە کە لە خۆمەوە بیگۆڕم. من هەرچی لە خواوە بۆم بێ، هەر لەوە پەیڕەوی دەکەم؛ ئەگەر ئەمن لە فەرمانی پەروەرندەی خۆم دەربچم ترسم هەیە لە جەزرەبەی ڕۆژا مەزن.

(١٦) بێژە: گەر خوا بیویستایە، بۆتانم نەدەخوێندەوە و هەر فێریشی نەدەکردن. من بەرلەوەش تەمەنێکم لە ناو ئێوەدا ڕابوارد، دەی سا چۆنە کە تێناگەن؟
(١٧) کێ لەوە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ، یان نیشانەکانی خودای بە درۆ زانی؟ بێگومانە تاوانباران ڕزگار نابن.
(١٨) غەیرەز خودا شتانێ وا دەپەرستن، نە زیانێکیان لێ دەدەن نە بەهرەیان بۆیان هەیە؛ دەشڵێن ئەمانە لای خودا بۆمان دەبن بە تکاکار. بێژە: ئاخۆ گەرەکتانە خوا لە شتێک ئاگادار بکەن کە لە ناو ئاسمانەکان و زەمیندا پێی نەزانیون؟ خودا پاکە و بەرزترە لەو شتانەی ئەوان دەیکەن بە شەریکی.
(١٩) هەموو مرۆ، یەک تیرە بوون؛ پاشان لێک جیابوونەوە. گەر لە پێشدا گفتی پەروەرندەت نەبا، ئەوەی کە مایەی کێشەیە لە ناویاندا، ئێستە یەکالا کرابوو.
(٢٠) دەشڵێن: بۆچی پەرجوێکی لە لای پەروەرندەیەوە بۆ نەهاتۆتە خوارەوە؟ بێژە: زانستی نەدیاری بۆ خودایە. دەسا ئێوە چاوەنۆڕ بن، ئەوا منیش دەگەڵ ئێوە لە ڕیزەی چاوەنواڕانم.
(٢١) هەرگا لە پاش زیان دیتن - کە ئەو مەردمە تووشی دێن - لە ئێمەوە تامی بەزەیی دەچێژن، بەلای ئەوان لە نیشانانی ئێمەدا گزی هەیە. بێژە: خودا لەسەر گزی بەلەزترە و هەر گزەیەکی ئێوە دەیکەن، ئەسپاردەکانمان دەینووسن.
(٢٢) هەر خۆیەتی لە ناو دەریا و لەسەر بەژا دەتانگێڕێ. هەرگا لە ناو کەشتی دان و بە بای لەبەر تەڤگەڕیانە، پێی دڵخۆشن؛ تا بای زۆر بەتوند هەڵدەکا و لە گش لاوە پێلیان بۆ دێ و باش دەزانن کە هەموو دەوریان گیراوە؛ بەوپەڕی پرِوای پاکەوە لە خودا دەپاڕێنەوە: گەر تۆ لەمەمان ڕزگار کەی، لە سپاسگوزاران دەبین.
(٢٣) هەرگا خودا نەجاتی دان - بە ناهەقی - لەسەر زەوی یاغی دەبن. خەڵکینە! ئەم ناهەقییانە هەر زیانی بۆ خۆتانە و بۆ خۆشی ژیان لە دنیایە؛ پاشان دێنەوە لای ئێمە و ئەوسا ئاگادارتان دەکەین کە چوو دەکەرد.
(٢٤) هەڵبەت ژیانی ئەو دنیایە هەر وەکوو ئەو ئاوە وایە کە لە حەوا دەیبارێنین و ڕووەکی جوراوجۆری ئەم سەرزەمینەی پێ دەڕوێ؛ ئەو شتانەی کە مرۆڤ و ئاژەڵ دەیخۆن. تا ئەو کاتەی زەمین ڕەنگاوڕەنگ دەبێت و خۆ جوان دەکا و خێوی زەوی لایان وایە لە دەستەلاتی واندایە. هەتا کاتێ فەرمانی ئێمەی دێتە سەر - جا بە شەو یان لە ڕۆژێدا - ئاوا وەکوو درەوکراوی لێ دەکەین، هەر وەک دوێنێ هەر نەبووبێ! ئێمە ئاوا نیشانان شی دەکەینەوە بۆ وانەی بیر دەکەنەوە.
(٢٥) خودا بۆ ماڵی هێمنی گازی دەکا و هەر کەسێ ئەو خۆی حەز بکا، ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا.
(٢٦) بۆ ئەوانەی چاکە دەکەن، چاکەی دەکەین و زیاتریش؛ تۆزی ڕەش و سووکایەتی نانیشێتە سەر ڕوخساریان. ئەوانە بەهەشتییەکانن؛ تاهەتایە تیا دەبن.
(٢٧) ئەو کەسانەش کاری خراپیان کردووە، سزایان خراپەیەکی وەکوو ئەوە و سووکایەتییش سەرباریانە و کەس لە خوایان ناپارێزێ؛ ئێژی ڕوویان چەند بەتلێک لەتاریکەشەو داپۆشیون. ئەمانە یاری ئاگرن؛ تا هەتایە تیادەبن.
(٢٨) لەو ڕۆژەدا کە هەمووان کۆ دەکەینەوە، پاشان بەو کەسانە ئێژین کە، شەریکیان بۆ خوا زانی: ئێوە دەگەڵ شەریکانوو لە جێ مەبزوون! ئەوسا لێکیان هەڵداوێرین. شەریکەکان دەیاندوێنن: ئێوە هەرگیز ئێمەتان نەپەرستووە.

(٢٩) لە نێوان ئێمە و ئێوەدا خودامان شایەت بێ بەسە؛ ئێمە هیچ ئاگان لێ نەبووە کە ئێوە پەرستووتانین.
(٣٠) هەر لەو جێیە هەموو کەسێک بە ئەزموونا تێدەپەڕێ؛ هەر کارێکی کە لە پێشدا کردوویەتی دێتەوە ڕوو. دەیانبەینەوە لای خودای گەورەی بەڕاستی هەموویان؛ هەر درۆی هەڵیان بەستبوو بەفیڕۆ چوو.
(٣١) بێژە: کێیە لە ئاسمان و زەمینەوە ڕۆزیو دەدا؟ یان خاوەنی ئەم گوێ و چاوانەتان کێیە؟ چ کەسێکیش زیندوو لە مردوو دەردەخا. مردوو لە زیندوو دەردێنێ و کێیە بە کاران ڕادەگا؟ زوو ئێژن: خوا. بێژە: دەی بۆ لێی ناترسن؟
(٣٢) بەڵێ، هەر خوا پەروەرندەی ڕاستیتانە؛ لە پاش ڕاستی چ هەیە غەیرەز گومڕایی؟ دەی چۆن لە ڕاستی لادەدرێن؟!
(٣٣) ئا بەم جۆرە وتاری پەروەرندەی تۆ لە سەر لەڕێ لادەرەکان وەڕاست گەڕا؛ کە ئەوان بڕوا ناهێنن.
(٣٤) بێژە: ئاخۆ لە ناو ئەو شەریکانەودا ئی وا هەیە کە لە نوێ شتێک چێ بکا و لە پاشان زیندووی کاتەوە؟ بێژە: خودا پێشوو بوونەوەر چێ دەکا و دوایەش زیندووی دەکاتەوە. دەی چۆن لە ڕاستی لادەدرێن؟
(٣٥) بێژە: ئاخۆ لە ناو ئەو شەریکانەودا ئی وا هەیە، کە ڕێبەری ڕاستەڕێ بێ؟ بێژە: خودا بەرەو ڕاست شارەزا دەکا. دەسا کەسێک کە ڕێبەری ڕاستەڕێیە، هێژاترە شوێنی کەون، یان کەسێکی بۆ خۆی بە ڕێگە نازانێ، مەگین ڕێگەی پێ نیشان دەن؟ چیتانە، چۆن پێ ڕادەگەن؟
(٣٦) زۆرینەیان هەر لە شوێن خەیاڵ وێڵ دەبن؛ خۆ خەیاڵیش لە حاند ڕاستی چ ناهێنێ. خودا لە ئاکارەکانیان ئاگادارە.
(٣٧) ناگونجێ ئەم قورئانە هی خودا نەبێ و هەڵبەسترابێ. ئەم قورئانە باوەڕ دەکا بەو کتێبەی کەوا لە پێشدا هاتووە و ئێستا لەبەردەستی دایە و ڕۆشنیشی دەکاتەوە؛ هیچ گومانی تێدا نییە لەلایەن پەروەرێنی گش جیهان ڕایە.
(٣٨) یا ئێژن: خۆی هەڵیبەستووە. بێژە: گەر بەڕاستیتانە خۆتان و هەر کەسێکی تر - کە دەتوانن غەیرەز خودا گازی بکەن - تاقە سوورەتێکی وەک ئەم وەدی بێنن.
(٣٩) نەخێر ئەوان شتێک بە درۆ دەزانن، کە هیچی لێ تێنەگەیون و بۆشیان لێک نەدراوەتەوە. ئەوانەی پێش ئەمانەش بوون، بەو دەردە چوون. سا بڕوانە دواڕۆژی ناهەقیکاران بە کوێ گەیشت.
(٤٠) لەوانیشدا ئی وا هەیە بڕوای پێیە و هەشیانە بڕوای پێ نییە و پەروەرندەت بەدفەڕان باشتر دەناسێ.
(٤١) ئەگەر ئێژن: تۆ درۆیان دەکەی، بێژە: ئاکاری من سەربەمنە و کردەی ئێوە سەربەخۆتان؛ ئێوە لە کارم تەریکن و منیش تەریکم لەو کارەی ئێوە دەیکەن.
(٤٢) لە ناویاندا ئی واش هەیە گوێت لێدەگرن؛ ئاخۆ ئەگەر هیچ تێنەگەن، تۆ دەتوانی گوێ نەبیستان تێبگەیەنی؟
(٤٣) تێشیاندایە لێت دەڕوانێ؛ ئاخۆ تۆ گەرەکتە - کوێران کە چاوی دیتنیان نییە - شارەزاکەی؟
(٤٤) دیارە خودا - بە هیچ ئاوا - ناهەقی لە مەردم ناکا؛ بەڵام مەردم ناهەقی لە خۆیان دەکەن.

(٤٥) ڕۆژێ کۆیان دەکاتەوە - هەر وەک تاوێک لە ڕۆژێکا مابێتنەوە - خۆ بەیەکتر دەناسێنن. بێ گومانە زیانبارن ئەو کەسانەی کە پڕوایان بە دیداری خودا نەبووە و شارەزای ڕێگەش نەبووگن.
(٤٦) ئەر ئێمە هێندێک لەمانەی بەڵێنمان پێیان داوە، شانت بدەین، یان بۆ خۆشت ببەینەوە، ئەوان هەر دێنەوە لامان؛ ئەوسا خودا شایەتە لە سەر ئاکاریان.
(٤٧) هەر تیرەیەک لە بنیادەم پێغەمبەری خۆیان هەبوو. کاتێ پێغەمبەرەکەیان هاتە ناوپان، بێ جیاوازی کاریان بۆ بەڕێوەچووە و هیچ ناهەقیان لێ نەکراوە.
(٤٨) دەڵێن: ئەگەر قسەو ڕاستن، کەی ئەم بەڵێنە بە جێ دێ؟
(٤٩) بێژە: مەگین خودا حەز کا، دەنا من خۆم لە قازانج و زیانی خۆشم نازانم. هەر کەسێ لە هەر تیرەیەک مەودایەکی دیاردەی بۆ دیاری کراوە؛ ئەگەر مەودایان تێپەڕێ، بۆ ساتێکیش دوا ناکەفن و پێش ناکەون.
(٥٠) بێژە: ئەگەر لە شەوێک یان ڕۆژێکدا بەڵاو لە خوداوە بۆ بێ، تاوانکار پەلەی چی دەکەن؟
(٥١) ئەگەر دواجار دەناو بەڵای خودا کەوتن - کە زۆر پەلەتان بۆ دەکرد - ئەوسا پڕوا بە خودا دێنن؟
(٥٢) ئەوسا بەوانە دەبێژن کە بەناهەق جووڵانەوە: دە بچێژن ئازاری لەبنەنەهاتوو؛ ئاخۆ جیا بۆ کارانێکی دەتانکرد، سزا دەدرێن؟
(٥٣) لێت دەپرسن: داخۆ ڕاستە؟ بێژە: بەڵێ، سوێند بە پەروەرندەکەم تەواو ڕاستە و ناتوانن لەبەری ڕاکەن.
(٥٤) هەرکێ ناهەقی کردبێ، گەر هەرچی لە زەمیندایە ماڵی ئەوبا، لە بارتەقای خۆیا دەیدا. کاتێک چاویان بە ئازار کەوت، پۆشمانی خۆیان وەشێرن. بە یەکسانی بە ناویاندا ڕادەگەن و هیچ ناهەقییان لێ ناکرێ.
(٥٥) باش بزانن هەرچی لە ناو عاسمانەکان و زەویدان، گش هی خودان. لێشتان ڕوون بێ کە بەڵێنی خودا ڕاستە؛ بەڵام زۆربەیان نازانن.
(٥٦) خۆی ژین دەدا و گیان دەستێنێ و هەر بەرەو خۆی دەوگێڕنەوە.
(٥٧) ئەی خەڵکینە! لەلایەن پەروەرندەوڕا ئامۆژگاریەکوو بۆ گەیشت؛ چارەی دەردی دڵانیشە و ڕێشاندەرە و بەزەییە بۆ باوەڕداران.
(٥٨) بێژە: لەو چاکە و بەزەییە - کە خوا دەربارەی ئێوەی کرد - کەیف خۆش بن؛ کە ئەمە لە هەر شتێکی وەکۆی دەکەن هێژاترە.
(٥٩) بێژە: ئاخۆ لەو بژیوەی کە خودا بۆی بەڕێ کردوون، نۆریوتانە؟ کە بەڕەوا و ناڕەوا دابەشووکردن؟ بێژە: خودا ئیزنی پێدان یان بۆ خودای هەڵدەبەستن؟
(٦٠) ئەو کەسانەی درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستن، بە گومانیان دەبێ ڕۆژی قیامەت چۆن بێ؟ دیارە خودا خاوەن چاکەیە بۆ مەردم؛ بەڵام بەشی هەرە زۆریان ناسوپاسن.
(٦١) ئەتۆ لە هەر بارێکدا بی و هەرچی لە قورئان بخوێنی و هەر کارێکی ئێوە بیکەن، ئێمە لێتان ئاگادارین، کاتێ خەریکی ئەو کارەن. هەرچی هەیە لە زەمین و لە عاسمانا - با لە سەنگی مێرووڵەی هەرە وردیلەش یان ورتر یان درشتتر بێ - هیچیان لە پەروەرێنی تۆ پێوار نابێ و وا لە کتێبی دیاری دەردا.
(٦٢) با تێبگەن کە ئەوانەی دۆستی خودان، هیچ ترسێکیان لەسەر نییە و خەمیش ناخۆن.
(٦٣) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و خۆ لەگواناه دەپارێزن،

(٦٤) مژده بۆ وان که له دنیا و له قیامەتێ گفتی خودا گۆڕانی بەسەردا نایە؛ ئەمەیە دەسکەوتی مەزن.
(٦٥) قسەیان خەمگینت نەکا؛ هەموو دەستەڵات بە خوایە و هەر خۆی بیسەر و زانایە.
(٦٦) با بزانن هەرکێ لە ناو ئاسمانان و زەمیندایە، بۆ خودایە. کەسانێکیش کە هانایان- جگە لە خوا - دەبەنە بەر شەریکانی، وەدووی ئەوانە نەکەوتوون؛ وەدووی خەیاڵی خاو کەوتوون و لە گومان نەترازاون.
(٦٧) هەر خۆیەتی، شەوی بۆ ئێوە هێناوە کە تێیدا بحەسێنەوە و ڕووناکیشی دا بە ڕۆژێ؛ کە لەمەدا بەڵگە زۆرن بۆ ئەو کەسانەی ئەژنەون.
(٦٨) گوتیان: خودا فرزەندی هەڵبژاردووە! خوا لەو تۆمەتانە پاکە و بێ نیازە. هی خۆیەتی هەرچی لە ناو ئاسمانان و زەمیندایە و ئێوە هیچ بەڵگەتان بۆ ئەم قسە نییە؛ چۆن شتێکی کە نایزانن دەربارەی خودا دەبێژن؟
(٦٩) بڵێ: ئەوی درۆ بۆ خوا هەڵدەبستن، ڕزگار نابن.
(٧٠) ڕابواردنێکی هندکە لە دنیایە؛ لە دواییدا دەگەڕێنەوە بۆ لامان لە پاش ئەوە، لە سزای حاشاکردنیان بەتوندی ئازاریان دەدەین.
(٧١) تۆ بەسەرهاتەکەی نووحیان بۆ وەخوێنە، کە وا بە هۆزەکەی خۆی گوت: گەلۆ! ئەگەر مانەوەم و بیر هێنانی نیشانانی خوا لە منڕا لاو گران دێ، من خۆم بە خودا سپارد و ئێوەش دەگەڵ شەریکانوو کاری خۆتان بکەنە یەک و کارسازییەکی وەها بکەن هیچ دوودڵی تێدا نەبێ. ئەوسا پەلامارم دەن و ماوەم مەدەن.
(٧٢) ئەگەر نەشهاتنە ڕەدایە، من داوای هیچ پاداشتێکم لێ نەکردوون؛ پاداشم لە خوداڕایە. من فەرمانم پێدراوە ملکەچی بەر بارەگای بم.
(٧٣) هەر بە درۆزنیان دەرێنا، ئەوسا خۆی و ئەوانەی کە دەگەڵیا بوون - لە گەمیەدا - نەجاتمان دان و کردمانن بە جێنشین لەسەر زەمین. ئەوانەشمان وەژێر ئاو خست کە نیشانانی ئێمەیان باوەڕ نەکرد. دە یروانە ئەوانەی ترسێندرا بوون، چییان بەسەرهات.
(٧٤) لە پاش ئەویش فریەمان لە پێغەمبەران بە نیشانانی دیاریەوە نارده لای گەلانی خۆیان؛ بەڵام نەهاتنە سەر یروا بەو شتانەی کە لە کۆندا یروایان پێ نەهێنابوو. ئێمە ئاوا مۆر دەخەینە سەردڵی دەسدرێژکەران.
(٧٥) لە پاش ئەوان مووسا و هاڕوونمان بەڕێ کرد وێڕای نیشانانی خۆمان، بۆ فیرعەون و سەرزلەکانی دیوانی. خۆیان گەلێک بەزل زانی و تاوانکار بوون.
(٧٦) کاتێ ڕاستیان لە لای ئێمەوە پێ گەیشت، گوتیان: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادووە.
(٧٧) مووسا گوتی: وەختێ ئەم ڕاستە و پێگەیوە، ئاخۆ بەمە ئێژن جادوو؟ کە جادووگەر ڕزگار نابن.
(٧٨) گوتیان: ئاخۆ هەر بۆ ئەوە هاتییە لامان، کە لەوانەی باب و کاڵمان لەسەری بوون، وەرمان گێڕی و ئاغایەتی ئەم زەمینە بۆ ئێوە بێ؟ بەڵام ئێمە باوەڕیمان پێتان نییە.
(٧٩) فیرعەون گوتی: هەموو جادووگەرەکانی فرەزانم لێ کۆوەکەن.
(٨٠) کە جادووگەرەکان هاتن، مووسا گوتی: چیتان گەرەکە باوێژن، بیهاوێژن.

(٨١) که ئاویتیان، مووسا گوتی: هەرچی ئێوە هاوردووتانە جادووە و خوا لێتانی پووچەڵ دەکا. خودا کاری خراپکاران ڕاست ناهێنێ.
(٨٢) خودا هەر وەڕاست گەڕانی بەڵێنەکانی شان دەدا؛ جا با تاوانباریش حەزی لێ نەکەن.
(٨٣) بەغەیرەز چەند تازەلاوێک لە هۆزەکەی، هیچ کەسی تر- لە ترسی ڕک لێ هەستانی فیرعەون و پایەبەرزانی دیوانی ئەو- نەیانوێرا پروایە بە مووسا بێنن. فیرعەون لەو سەرزەمینەدا جێ بەرزێک و لە ڕیزی هەڵەڕۆیان بوو.
(٨٤) مووسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: گەلۆ! ئەگەر باوەڕیتان بە خوا هەیە و ملکەچی فەرمانی ئەون، سا پشتوو هەر بەو بسپێرن.
(٨٥) گوتیان: خۆمان بە خوا سپارد. ئەی پەروەرندەی هەمووومان! مەمانخەرە بەر ئازار و بێگاری ناهەقییکاران.
(٨٦) لە سۆنگەی بەزەیی خۆترا، ڕزگارمان کە، لە کۆمەڵی خوانەناسان.
(٨٧) مووساو برایمان تێگەیاند، کە: ئێوە بۆ هۆزی خۆتان - لە میسردا - چەند ماڵێک بکەن بە ئەنوا و ماڵانتان بکەن بە ڕوگە و نوێژ بکەن و مژدە دە بە باوەڕداران.
(٨٨) مووسا گوتی: ئەی پەروەرندەی گلامان! تۆ لە ژینی دنیایەدا مایەی خەمڵ و ماڵی دنیاتدا بە فیرعەون و پیاوانی دیوەخانی. خودانێ مە! هەر تا ڕێگەی تۆ وندا کەن. خودانێ مە! ماڵیان لێ تەرت و توونا کە و دڵیان پتر ڕەق و ڕەش کە بڵا باوەڕی نەهێنن؛ هەتا جەزرەبەی بەژان بە چاوی خۆیان دەبینن.
(٨٩) گوتی: نزاتان قبووڵ بوو، ئێوە لە مەیدان دەرمەچن و مەکەونە شوێن ئەو کەسانەی کە نەزانن.
(٩٠) وەچەو بەرەی ئیسرائیلمان لە دەریایە پەڕاندەوە. فیرعەون و لەشکرەکەشی - بۆ ناهەقی و دەستدرێژی - شوێنیان کەوتن؛ تا ئەوسا کە هات بخێنکێ، گوتی: من باوەڕیم هێنا؛ هیچ کەس بۆ پەرستن ناشێ، مەگین ئەوەی کە تۆرەمەی ئیسرائیل باوەڕیان پێیە؛ منیش لە تەسلیم بووگانم.
(٩١) جا تازە؟ تۆیەک لە پێشدا یاغی بووی و لە ڕێزەی خراپکاران بووی؟
(٩٢) ئەمڕۆ لاشت - بە زرێتەوە - ڕزگار دەکەین، تا بۆ وانەی لە پاشە تۆ دێن، پەندێک بێ؛ چونکە زۆری ئەم مەردمە لە نیشانەکانی ئێمە ئاگادار نین.
(٩٣) ئیتر ئەوسا ئێمە بەرەی ئیسرائیلمان لە شوێنێک خۆش دامەزراند و ڕۆزی پاک و چاکمان دانێ. هەتا زانستیان هاتە لا، کێشەیان لێ پەیدا نەبوو؛ خودانی تۆ ڕۆژی سەڵا پێ ڕادەگا کە لەسەرچی کێشەیان بوو.
(٩٤) گەر تۆ لەوەی بۆمان ناردوویەتە خوارێ بەگومانی، سا بپرسە لەو کەسانەی بەرلە تۆ کتێبیان دەخوێند. هەرچی لە پەروەرندەترا بۆت هاتووە، بێ شک ڕاستە و لە ڕێزەی دوودڵان مەبە.
(٩٥) هەرگیز ناشێ لەوانەش بی کە نیشانانی خودایان بە درۆ دانا، ئەوساکە تۆش دەچییە ڕێزی زیانباران.
(٩٦) ئەو کەسانەی گفتی پەروەرندەی تۆیان لێ هاتە دی، ئیتر باوەڕی ناهێنن.
(٩٧) جا با هەموو نیشانەیەکیشیان بۆ بێ، هەتاکوو ئازاری بەژان بە چاوی خۆیان دەبینن.
(٩٨) بۆچی هیچ شارێک نەبوو کە خەڵکەکەی پروا بێنن تا ئەو دەمەی کە پرواکەیان بەهرەیان پێ بگەیێنێ، بێژگە لە هۆزەکەی یوونوس؟ کە کاتێ پروایان

هێنا، ئازاری ئاپرووبەرەمان، لەسەر دنیا لێ لادان و وان کرد کە هەتا ماوەیەک خۆش ڕابوێرن.
(٩٩) ئەگەر خودا کەیفی لێ با، دیارە هەرکێ لەم زەمینەن، تێکڕا باوەڕیان دەهێنا. ئاخۆ تۆ دەتەوێ بە زۆر ئەم مەردمە پڕوا بێنن؟
(١٠٠) هیچ کەس نەبووە پڕوا بێنێ، مەگین هەر بە ئیزنی خودا. خوا کرێتی بۆ ئەوانە پڕیار داوە کە تێ ناگەن.
(١٠١) بێژە: بەری خۆ بدەنێ لە ئاسمانان و زەمیندا چها هەیە؛ کەچی ئەم هەموو نیشانە و ترساندنە کار ناکاتە سەر گرۆی پڕوا نەهێنان.
(١٠٢) ئاخۆ نە هەر چاوەنۆڕی ڕۆژانێکن هەر وەک ڕۆژانی ئەوانە کە بەر لەوان بوون و نەمان؟ بێژە: دەسا چاوەنۆڕ بن، ئەوا منیش وێڕای ئێوە چاوەنۆڕم.
(١٠٣) پاشان پێغەمبەرانمان و ئەوانەی پڕوایان هەیە، ڕزگار دەکەین؛ چون ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە باوەڕداران ڕزگار کەین.
(١٠٤) بێژە: خەڵکینە! گەر ئێوە لە دینی من بە گومانن، من ئەوانەی غەیرەز خودان و ئێوە دەیانپەرستن، ناپەرستم. بەڵام ئەمن ئەو خودایەی دەپەرستم، دەومرێنێ و فەرمانیش بە من دراوە لە ڕێزەی باوەڕداران بم.
(١٠٥) ڕووش هەر کە ڕەوشتی خوداپەرستی و هەرگیز نەکەی لە ڕێزی بتپەرستان بێ.
(١٠٦) جگە لە خوا هانا بۆ شتێ وا مەبە کە نە بەهرەی بۆ تۆ هەیە و نە زیانی لێ دەبینی. ئەگەر کردت، ئەوساکە لە ناهەقانی.
(١٠٧) خوداش ئەگەر تووشی زیانێکت بکا - بێژگە لە خۆی - هیچ کەسێ نییە لای بدا. ئەگەر چاکەشتی گەرەک بێ، کەس پێش بە چاکەی ناگرێ و هەر عەبدێکی ئەو حەز بکا، تووشی دەکا. هەر خۆی لە گوناھ دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٠٨) بێژە: خەڵکینە! وا ڕاستیو لەلایەن پەروەرندەتانەوە بۆ هات. هەرکێ ڕێگەی ڕاست بەدی کا، شارەزا بوون بۆ خۆیەسی؛ هەر کەسێکیش گومڕا ببێ، گومڕایی دژی خۆیەسی. من بریکاری کەستان نیم.
(١٠٩) هەر فەرمانێ بۆت دەنێرین، شوێنی کەوە و خۆڕابگرە، هەتا خودا پێ ڕادەگا و خودا باشترین داوەرە.

هوود

وە ناو خودا کە دەهەندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، ڕا. کتێبێکە بەڵگەکانی پتەو کراون و لە پاشان لەلایەن کارزانی زانا شی کراون.
(٢) کە نابێ هیچ بپەرستن غەیرەز خودا؛ من لە خوداوە بۆ ئێوە ترسێنەر و موژدەدەرم.
(٣) لە پەروەرندەی خۆتانیش داوا بکەن، لێو ببوورێ و بشگەڕێنەوە بۆ لای ئەو، تا ماوەیەکی ناونراو ژیانی خۆشتان بۆ دابین کا و دەگەڵ خاوەن هەر چاکەیەک چاکەی بکا. ئەگەر پشتیشوو هەڵ بکەن، ترسم هەیە ڕۆژا مەزن سزاو بدرێ.
(٤) بەرەو خودا دەگەڕێنەوە و خۆی هەموو شتی پێ دەکرێ.

(٥) تۆ بزانە ئەوانە سنگی خۆ خوار دەکەنەوە تا لە خوداوە دیار نەبن؛ تۆ بزانە لەو کاتەدا خۆ بە جلکیان دادەپۆشن، ئەو دەزانێ چیپە لەمەڕچی دەکەن و چی بە ئاشکرا دەبێژن؛ خۆی لە ڕازی هەموو دڵان ئاگادارە.
(٦) لەم زەمینە هەر شتێ دەجووڵێتەوە گشتی ڕۆزی لەسەر خوایە؛ دەزانێ بنکەی لە کوێیە و لە کوێدا خۆی حەشار دەدا؛ سەرلەبەری لە نووسراوی دیاریدایە.
(٧) هەر ئەویشە کە ئاسمانان و زەمینی لە شەش ڕۆژا دروست کرد و تەختی فەرمانڕەوایی ئەو لە سەر ئاو بوو؛ تا بەتاقیتان کاتەوە، کاموو ئاکاروو چاکترە. گەر وتیشت: لە پاش مردن ئێوە زیندوو دەکرێنەوە، دیارە خودانەناسەکان ئێژن: ئەمە هەر بە ئاشکرا جادووە.
(٨) ئەگەر بۆ ماوەیێ کەمیش ئازاریان لێ وەدوا بخەین، ئێژن: چی ڕێ پێ نەداوە؟ بزانن ڕۆژێ ئازاریان بگاتە لا، ئیتر لێان ناوەگەڕێ، ئەوی گەمەیان پێدەهات دەوریان دەدا.
(٩) گەر تامی خۆشییمان بە مرۆ چێژاند و پاشان لێمان ئەستاندەوە، بێ گومان لە ناهومێدی مل لە ناسوپاسی دەنێ.
(١٠) ئەگەر پاشی لێ قەومانیش شادمانیمان پێ تاماند، هەڵبەت ئێژێ: قۆرتەکانم لێ ڕەویون. بە کەیفە و بە خۆی هەڵدەلێ.
(١١) مەگین ئەوی خۆراگر و ئاکارچاک بوون؛ بەشی ئەوان بووردن و پاداشی هەرە مەزن دەبێ.
(١٢) وێدەچێ لە هێندێ فەرمان - کە بۆ تۆ دێ - خۆ ببوێری و ببێتە مایەی دڵتەنگیت، کە پێت ئێژن: چما گەنجێ لە باڵاوە بۆی نەهاتۆتە خوارەوە؛ یان لانی کەم، فرشتێکی دەگەڵ نەهات؟ تۆ تەنیا ترسێنەرێکی و هەر خودایە کە چاودێری هەموو شتە.
(١٣) یان ئێژن: هەڵیبەستگە. بێژە: ئەگەر قسەو ڕاستە، دەسا ئێوە بەیارمەتی هەر کەسێ دەستوو دەکەوێ - غەیرەز خودا - دەسوورەتی هەڵبەستە هەر وەک ئەم بێنن.
(١٤) ئەگەر لە پەرسڤتان دامان، سا بزانن قورعان لە زانستی خواوە ناردراوەتە خوارەوە؛ کە هیچ شتیش شیاوی پەرستنێ نییە، مەگین هەر خۆی. ئاخۆ ئێوە دەیسەلمێنن؟
(١٥) هەرکێ ژینی ئەم دنیایە و زەرق و بەرقی ئەوی دەوێ، ئێمە مزەی کردەوەیان - بە تەواوی هەر لەم دنیایە دەدەینێ و چیشیان لێ کەمەوە ناکرێ.
(١٦) ئەوانە هەر ئەو کەسانەن ڕۆژی سەڵا، غەیرەز ئاگر، بەشیان نییە و هەرچی لە زەمین کردیان بەفێڕۆ چوو.
(١٧) ئاخۆ کەسێ لە پەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەی ڕوونی پێدراوە و شایەتێکیش لە خواوە بە شوێنیا هاتووە و کتێبی مووساش - کە بەرلەو پێشەوا و جێ بەزەیی بوو - باسی دەکا، [وەل ئەوانەی کە بێ بەڵگەن وەکوو یەکن؟ ئەوانە بەڵگەیان هەیە] بەو قورئانە بڕوا دەکەن. هەر کەسیش لەو کۆمەڵانە حاشای لێ بکا، جێی لە ئاگر خۆش کراوە. سا تۆ لێی بەگومان مەبە، ئەمە ڕاستە و لە پەروەرندەی تۆرایە؛ بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە باوەڕ ناکەن.
(١٨) کێ لەو کەسە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵ ببەبەستێ؟ گش ئەمانە لە بەرانبەر پەروەرێنیان ڕادەنێن و شایەتان شایەتی دەدەن کە ئەمانە بە دەم

پەروەرندەی خۆیان ئەو درۆیانەیان هەڵبەست. دەبا ناهەقیکارەکان بەر نەحلەتی خودا کەون.
(١٩) هەر ئەمانەن ڕێی بەرەو خوا دەبەستن و مەردمی پێ لاڕێ دەکەن و خۆشیان بە ڕۆژی قیامەتێ بێ بڕوان.
(٢٠) ئەمانە لەم سەرزەمینە ناتوانن لە خودا ڕاکەن؛ لە خوداش پێوە کەسیان بۆ دۆست دەست ناکەوێ. ئەو کەسانە دووسەرە ئازاریان هەیە و نە توانیویانە ببیسن، نە توانیویانە ببینن.
(٢١) ئەوانەن کە خۆیان دۆڕاند؛ هەر درۆیەکیش هەڵیان بەست، بەفێڕۆ چوو.
(٢٢) هیچ گومان لەوەدا نییە کە لەو دنیا لە هەموو کەس دۆڕاوترن.
(٢٣) ئەوانەی خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بوون و دڵیان بە پەروەرێنیان داسەکناوە، ئەوانەن دەچنە بەهەشت و تاهەتایەی تێدا دەبن.
(٢٤) نەزیلەی ئەم دوو تاقمە وەک نەزیلەی کوێر و کەڕ و چاوساغ و ژنەوەندەیە؛ ئاخۆ ئەمانە چون یەکن؟ دەی بۆچی پەند وەرناگرن؟
(٢٥) نووحمان شاندە لای هۆزەکەی، کە: من بۆتان ترسێنەرێکی ئاشکرام.
(٢٦) جگە لە خوا مەپەرستن؛ نیگەرانم نەوەک ڕۆژێ ئازاری بەژانوو تووش بێ.
(٢٧) گرەگرەی هۆزەکەی - کە خوانەناس بوون - گوتیان: وەک ئێمە دەت بینین، تۆش مرۆیەکی وەک خۆمان؛ ئەمانەش کە شوێن تۆ کەوتوون، ڕووتەوپووتەی بێ ئاوەزن؛ نەشمان دیوە شتێکتان لەمە زیاتر بێ؛ بەڵکوو ئێمە پێمان وایە درۆ دەکەن.
(٢٨) گوتی: گەلۆ! ئەگەر بێژم پەروەرندەم بەزەیی بە مندا هات و خوێندومیەوە و نیشانەی ئەوم لەلایە و ئێوە ئاگاتان لێ نییە، چۆن دەبینن؟ ئاخۆ گەر خۆتان حەز نەکەن، دەکرێ ئێمە بەسەرتاندا بسەپێنین؟
(٢٩) گەلۆ! ئەوەندەش بزانن هیچ مزم لە ئێوە ناوێ؛ پاداشی من لەسەر خوایە و ئەوانەی خاوەن باوەڕن دەریان ناکەم؛ بێ سۆ ئەوان دەگەڵ پەروەرێنی خۆیان دیدار دەکەن. بەڵام من دەبینم ئێوە کۆمەڵێکی بێ ئاوەزن.
(٣٠) گەلۆ! ئەگەر من لەلای خۆمیان دەربکەم، کێ لە خوا ڕزگارم دەکا؟ ئاخۆ هیچ بیر ناکەنەوە؟
(٣١) پێشوو ناڵێم من گەنجینەداری خودام؛ بە پیوارانیش نازانم؛ ناش بێژم فرشتەیێکم؛ ناشڵێم ئەوانەی کە ئێوە بە سووکی لێیان دەڕوانن، خوا چاکەیان دەگەڵ ناکا. خوا چاکتر دەزانێ چییان لە دڵدایە. ئەگەر وابم، ئەوسا یەک لە ناهەقانم.
(٣٢) گوتیان: ئەی نووح! دەم بەدەمەت وەل کردین و جوابەجەنگیت فرەی خایاند؛ گەر ڕاست ئەکەی، هەرچی ئێژی بەسەرتان دێ، پێن بنوێنە.
(٣٣) گوتی: خودا ئەگەر حەز کا، پێو دەنوێنێ و ناکرێ لەبەری پرەون.
(٣٤) هەر ئامۆژگاریەکتان بکەم بەهرە نادا؛ ئەگەر خودا پریار بدا گومڕاو بکا. خۆی خودانی هەمووتانە و هەر بۆ لای ئەویش دەچنەوە.
(٣٥) یان دەبێژن: خۆی هەڵیبەست. بێژە: ئەر هەڵمبەستووە، تاوانەکەی لەسەر خۆمە؛ منیش لە تاوانی ئێوە بەرکەنارم.
(٣٦) بە نووح ڕاگەیاندرابوو، کە: لە ناو هۆزەکەی تۆدا، جگە لەوانەی تا ئێستا باوەڕیان بە خوا هێناوە، کەسی تر پرواناهێنێ و لەو ئاکارەی کە هەیانە غەمگین مەبە.

(٣٧) له ژێر چاوەدێری ئێمه و هانای ئێمه، گەمیه ساز که و لەمەڕ ئەوانه مەمدوێنه که ناهەق بوون، ئەوان دەبێ ژێر ئاو کەون.
(٣٨) خەریکی گەمیه سازکردن بوو؛ هەر چەند خاوەن پایه و مایه له هۆزەکەی بەلایدا ڕاببردنایه، حەنەکی خۆیان پێدەکرد. گوتی: ئەگەر ئێوه گاڵتەمان پێ دەکەن، بەم زووانه هەر وەک ئێوه گاڵته دەکەن، ئێمەش گاڵتەتان پێ دەکەین.
(٣٩) لەمه بەو لاوه تێ دەگەن، کێ تووشی ئازاری وا دێ ئابڕووی بچێ و جەزرەبەی له بنەنەهاتووی بەسەردا بێ.
(٤٠) تا ئەو کاتەی که فەرمانی ئێمه گەیی و تەندوور به ئاوا ناکام زایەوە؛ گوتمان: له گش نێر و مێوێ دووان هەڵگرە؛ دەگەڵ کەس و کارەکەت و هەرکێ باوەڕی هێناوە؛ مەگین ئەوی بەرێ بڕیاری بۆ دراوە؛ که هەموویان بێ باوەڕ بوون، مەگین کەمیان.
(٤١) گوتی: له ناویدا سوار بن! ڕەوانەبوونی و لەنگەری، به ناو خوایه؛ خودانی من بەبوورینه و دلۆڤانه.
(٤٢) گەمیەکه ئەوانی دەبرد، به ناو پێلی وادا دەچوو وەک چیایان. نووح گاسی کرده کوڕێ خۆ - که له شوێنێکی چەپەک بوو -: کوریژگەکەم! وەل ئێمەدا سوار به و دەگەڵ خوانەناسان مەبه.
(٤٣) گوتی: ئەمن پەنا به چیایەک دەبەم که له ئاوم دەپارێزێ. گوتی: ئەمڕۆ هیچ پارازتن له فەرمانی خودا نییه؛ مەگین کەسێ خۆی بەزەیی پێدا بێتەوە. شەپۆل کەوته نێوانیان و خرایه ڕێزی خنکاوان.
(٤٤) ئەوجا گوترا: زەمین! ئاوت هەڵقوڕێنه؛ بەرزایی! بەس ببارێنه. ئاو ڕۆچوو به ناخی ئاخا و کار سەری گرت؛ لەسەر جوودی لەنگەری گرت. وترا: تارن، ئەوانەی ناهەقیکارن.
(٤٥) نووحیش لەبەر پەروەرندەی پاڕایەوە، گوتی: ئەی پەروەرێنی من! کوڕم کەسوکاری منه؛ بەڵێنی تۆش هەر دێته جێ و تۆ له گش فەرمانڕەوایەک لێزانتری.
(٤٦) گوتی: ئەی نووح ئەم کوڕەت کەسی تۆ نییه؛ ئاکاری ناپەسندی هەس؛ هەر شتێ چی لێ نەزانی، داوا مەکه؛ من ئامۆژگاریت لێدەکەم که نەچییه ڕێزەی نەزانان.
(٤٧) گوتی: ئەی پەروەرندەکەم! هەر خۆ به تۆ دەپارێزم؛ داوای شتێکت لێ بکەم که نایزانم؛ ئەگەر بەزەت پێمدا نەیه و لێم نەبووری، یەکێکم له زیانباران.
(٤٨) وترا: ئەی نووح! به سڵامەتی و بەو پیتەوە - که داومانه به تۆ و به هاوسەفەرانت - دابووەزە؛ چین و بەرەکانی دوایەش، تا ماوەیەک مەودای ژیانیان ئەدەینێ و پاشان تووشی ئازاری بەژانیان دەکەین.
(٤٩) ئەمانه لەو هەواڵانەی بەرپێوارن - که به تۆی ڕادەگەیەنین - لەمەوبەر نه تۆ دەت زانین نه هۆزەکەت. خۆڕاگر به، دواڕۆژ بۆ خودێ ترسانه.
(٥٠) بۆ لای عادیش هوودمان نارد - که برایان بوو - گوتی: گەلۆ! پەرستندەی خودای تاک بن؛ بەغەیرەز ئەو ئێوه خودایەکتان نییه؛ ئێوه تەنیا هەر درۆیان دەنەخشێنن.
(٥١) گەلۆ! بۆ ئەم کاره مزێکم لێو ناوێ؛ پاداشی من لەسەر داهێنەری منه. ئاخۆ بۆ دەبێ تێنەگەن؟

(٥٢) گەلۆ! داوای لێ بووردنیش هەر لەو بکەن و بەرەو ئەو بگەڕێنەوە؛ کە لەو بەرزەوە بە ڕێژنە بارانتان بۆ بنێرێ و پێزێ تر بدا بە هێزتان. هەروا بە تاوانباری ڕوو وەرمەگێڕن.
(٥٣) گوتیان: ئەی هوود! تۆ هیچ بەڵگەت لە خوداوە بۆ نەهێناین؛ هەر بە قسەی تۆش، مە لە پەرستیوەکانمان دەس بەرنادەین؛ پڕوایەش بە تۆ ناهێنین.
(٥٤) ئێمە هەر ئەوەندە ئێژین: ڕەنگە هێندێک لەوانەی دەیانپەرستین، تووشی تووشیەکیان کردبی. گوتی: خوا بە شایەت دەگرم، ئێوەش هەروەها شایەت بن لەوی ئێوە دەیپەرستن بەرکەنارم؛
(٥٥) لە غەیرەز خوا. سا هەمووتان فێڵانم لێ بدۆزنەوە و مەودام مەدەن.
(٥٦) من خۆم سپارد بەو خودایە کە منی پەروەراندووە و پەروەرندەی ئێوەش ئەوە. هەر شتێ دەجووڵێتەوە، ژی و ژیاری لەسەر ئەوە و دیارە ڕێگەی پەروەرندەم ڕاستەڕێیە.
(٥٧) ئەگەر نەیێنە ڕەدایەش، من بە هەرچی ڕاسپێراوم پێم گەیاندن؛ خودانی من مەردمێ تر لە شوێنی ئێوە دادەنێ و هیچ زیانیشی لێ نادەن. پەروەرندەم چاوەدێری هەموو شتە.
(٥٨) کاتێ فەرمانی ئێمە هات - لە بەزەیی خۆمانەوە - هوود و ئەوانەی دەگەڵ ئەو هاوباوەڕ بوون، لە جەزرەبەی هەرە سەخت نەجاتمان دان.
(٥٩) ئەوەش عاشیرەتی عاد بوو، کە سەبارەت بە نیشانەی پەروەرێنیان حاشایان کرد و لە فەرمانی پێغەمبەرەکانی خۆیان لایاندا. هەر کەسێکی بلەوەز و لاسار بوو شوێنی دەکەوتن.
(٦٠) لەم دنیایە و لە ڕۆژی هەستانەوەشدا، نەفرینیان هەر بە شوێنەوە. ئاگادار بن کە هۆزی عاد لەمەڕ پەروەرندەی خۆیان بە حاشا بوون. با بتارێن عادەکان کە هۆزی هوود بوون.
(٦١) بۆ لای سەموودیش برایانساڵحمان نارد. گوتی: گەلۆ! هەر خودای تاک بپەرستن؛ ئێوە بەغەیری ئەو خودایەکتان نییە؛ ئەو لەم خاکەی وەدی هێنان و ویستی ئاوەدانی بکەن؛ لێبووردنی لێ بخوازن؛ پاشان بەرەو خۆی وەگەڕێن. پەروەرندەی من نزیکە و دەفریاودێ.
(٦٢) گوتیان: ساڵح! بەرلە ئێستێ جێگەی هومێدی ئێمە بووی؛ ئاخۆ ڕێ نادەی ئەوانەی باب و کاڵمان دەیانپەرست، بیانپەرستین؟ ئێمە لەوەی کە تۆ ئێمەی بۆ بانگ دەکەی، بەگومانین و دوودڵین.
(٦٣) گوتی: گەلۆ! ئەر من لە پەروەرندەمڕا بەڵگەی ئاشکرام هێنابێ و وەبەر بەزەیی ئەو کەوتبم، ئەگەر لە فەرمانی دەرچم، کێ هەیە بە فریام بگا؟ لەنگۆش هیچم نایەتەبەر غەیرەز زەرەر.
(٦٤) گەلۆ! ئەمە وشتر خوایە و نیشانەیەکە بۆ ئێوە؛ بەڕەڵدای کەن لە زەوی خودا بچەرێ و بە خراپ دەستی بۆ مەبەن؛ دەنا ئازارێکی نزیک دەتانگرێ.
(٦٥) کەچی لەت و پەتیشیان کرد. گوتی: سێ ڕۆژ لە ماڵ خۆتانا ڕایبوێرن؛ ئەمە بەڵێنی [خودایە و] بێ درۆیە.
(٦٦) هەر کە فەرمانی ئێمە هات، لە بەزەیی خۆمانەوە ساڵح و ئەو چەند کەسانەی دەگەڵ ئەوا هاوباوەڕ بوون، لە ڕیسوا بوونی ئەو ڕۆژە نەجاتمان دان. پەروەرندەت خێوی هێز و دەستەڵاتە.

(٦٧) ئەوانەش کە ناهەقییان کرد، نارەتەیێ وایان بۆ هات، لە ناو ماڵانی خۆیاندا دەمەوڕووو هەستیان لێ بڕا؛
(٦٨) دەتگوت هەر لەوێ نەژیاون. بزانن کە هۆزی سەموود لە پەروەرندەی [مەزنیان] حاشایان کرد؛ هەی لەوەش بەولاوەتر چن.
(٦٩) ڕاسپاردەکانی ئێمەش مژدەیان دا بە ئیبراهیم؛ گوتیان: سەلام. وتی: سەلام. زۆر پێ نەچوو گۆلکێکی بریانی هاورد.
(٧٠) وەختێ دیتی دەستیانی بۆ درێژ ناکەن، کارەکەیانی پێ بەڵاجەوی هات و ترسی ڕێ نیشت. گوتیان: تۆ ئەندێشت نەبێ؛ ئێمە بۆ لای هۆزی لووت بەڕێ کراوین.
(٧١) ژنەکەی - کە هەڵوێستابوو - کەنی هاتێ. ئەوسا مزگێنیمان پێ دا بە ئیسحاق و سەرەڕای ئیسحاق بە یەعقووب.
(٧٢) ژنە گوتی: های لە منێ! ئاخۆ منی پیرێژن مناڵم دەبێ و ئەم شووەشم پیرەمێرە؟ بەڕاستی شتێکی سەیرە!
(٧٣) گوتیان: ئاخۆ فەرمانی خودات پێ سەیرە؟ خێزانی ئەمماڵە! بەزە و پیتی خوداتان نسیو بێ. پایەبەرزی و پێ هەڵگوتن هەر لە خۆی دەوەشێتەوە.
(٧٤) ئیبراهیم - کە ترسی شکا و مزگێنییەکەشی پێ گەیشت - لەسەر هۆزی لووت سکاڵای دەگەڵ کردین.
(٧٥) کە ئیبراهیم لە سەرەخۆ و دڵنەرم و بەرەو خودا بوو.
(٧٦) ئیبراهیم لەمە واز بێنە، فەرمانی خودات هاتگە و بێ گومانە بەڵایەکی بێ گەڕانەوەیان بۆ دێ.
(٧٧) کاتێ ڕاسپاردەکانمان گەینە لای لووت، بە گەیشتنیان دژداما و پێیان کەوتە تەنگانەوە و گوتی: ئەمڕۆ کار دژوارە.
(٧٨) هۆزەکەی بە هەڵەداوان لێی وەکۆ بوون؛ دەڕێشیشدا هەر کاریان بێ ناموسی بوو. گوتی: گەلۆ! ئەم کیژانەم بۆ ئێوە بن، پاکژترن؛ ترستان لە خودا هەبێ و شەرمەزاری میوانەکانی خۆم مەکەن. ئاخۆ پیاگێ ئاکارباشتان تێدا نییە؟
(٧٩) گوتیان: خۆت ئەمەت زانیوە، هیچ کارێکمان بە کیژەکانی تۆ نییە؛ دیارە بۆ خۆشت دەزانی چیمان دەوێ؟
(٨٠) گوتی: بریا هێزم بە ئێوە بشکایە؛ یاخۆ پەنام ببردایە بە جێ پەنایەکی حەستەم.
(٨١) گوتیان: ئەی لووت! ئێمە ڕاسپاردەی خوداتین؛ دەستی ئەمانەت پێ ناگا. تۆ دەگەڵ ماڵ و خێزانت - لە چەند بەتلێکی شەوێدا - بکەونە ڕێ؛ کەستان ئاوڕ نەداتەوە؛ غەیری ژنت، کە هەرچی تووشی ئەوان بێ، تووشی ویش دێ. ژوانیشیان بەری بەیانە؛ ئاخۆ بەیان نزیک نییە؟
(٨٢) کە فەرمانی ئێمە گەییشت، ئەو جێمان سەرەونخوون کرد. گزمووڵەقوری بەرداسان بە بێ ناوبڕ بۆ باراندن.
(٨٣) بە دروشمی پەروەرندەت هەموو نیشانە کرابوون. بەڵای ئاوا دەربارەی ناهەقیکاران هیچ دوور نییە.
(٨٤) بۆ مەدیەنیش شوعەیبی برایانمان [نارد]. گوتی: گەلۆ! خودای تەنیا بپەرستن؛ لە غەیری ئەو هیچ پەرستوویەکتان نییە. لە کێشان و پێوانەدا گزی مەکەن. خۆش گوزەرانوو دەبینم و من لەو ڕۆژە ترسم هەیە ئازاری داگرتان بۆ بێ.

(٨٥) گەلۆ! کێشانە و پێوانە و بەرانبەر بێ؛ شتیش کەم مەدەن بە خەڵک و لە دنیا لەسەر بەدفەڕی، پێ دامەگرن.
(٨٦) ئەگەر پرواتان بە خوا بێ، هەرچی ئەو بۆو بێڵێتەوە بۆتان چاکە و چاوەدێریو بە من نییە.
(٨٧) گوتیان: شوعەیب! مەر نوێژەکەت هانەت دەدا ئێمە واز لەو شتە بێنین کە باب و باپیرانی مە دەیانپەرست، یان وەک خۆمان دەمانەوێ لە دارایی خۆماندا دەسکاری نەکەین؟ بەڕاستی کە تۆ پیاوێکی لەسەرەخۆ و بە سەلیقەی.
(٨٨) گوتی: گەلۆ! ئەگەر بێژم بەڵگەیەکی بەهێزم لە پەروەرندەڕا لەلایە و هەر ئەویشە بژیوی باشی پێداوم، چۆن دەبینن؟ ئەگەر دژوو دەوێستم و ئێژم فڵان کارە مەکەن، خۆ نیازم ئەوە نییە کە خۆم بیکەم. نیازی من هەر ئەوەیە - تا دەتوانم- [کاروبارتان] سامان بدەم. بە ئاوات گەیشتنیشم هەر بە خوایە و ژینی خۆم بەو سپاردووە و بەرەو خۆی دەگەڕێمەوە.
(٨٩) گەلۆ! دژوێستانی ئێوە لە حاندی من تووشی تاوانێکتان نەکا کە ئەو بەڵای هۆزی نووح و هۆزی هوود و هۆزی ساڵح بەسەریان هات، بەسەروو بێ. بەسەرهاتی هۆزی لووتیش لەمێژ نییە.
(٩٠) ئێوە لە پەروەرندەتان داوا بکەن، لێو ببوورێ؛ پاشان بەرەو خۆی وەگەڕێن. پەروەرندەم دلۆڤان و میهرەوانە.
(٩١) وتیان: شوعەیب! زۆر لەو شتانە تێناگەین کە تۆ ئێژی؛ لە ناو خۆمان بێ دەستەڵاتت دەبینین. ئەگەر لەبەر خاتری خزمانت نەبا، بەردەبارانمان دەکردی؛ تۆ دەرۆستی ئێمە نایەی.
(٩٢) گوتی: گەلۆ! ئاخۆ خزمەکانی منتان پێ لە خودا گرینگترە، کە خوداتان خستۆتە پشت گوێتانەوە؟ هەر کارێکی ئێوە دەیکەن، پەروەرندەم دەورەی داوە.
(٩٣) گەلۆ! ئێوە ئەوەی لە دەستوو دێ بیکەن؛ منیش وا خەریکی کارم. لەوە بەولاوە دەزانن کێ ئازاری ئاپڕووبەرەی دێتە سەر و کێ بە درۆزن دەردەچێ. چاوەنۆڕ بن؛ ئەوا منیش دەگەڵ ئێوە چاوەنۆڕم.
(٩٤) کە فەرمانی ئێمە گەییشت، لە بەزەیی خۆمانەوە شوعەیب و هەواڵەکانی باوەڕداریمان نەجات دا؛ ناهەقیکارانیش نەعرەتێک وای تاساندن کە هەموویان دەمەوڕوو پشوویان پڕا؛
(٩٥) دەتگوت هەر لەوێشدا نەبوون. با بتارێن خەڵکی مەدیەن؛ وەکوو هۆزی سەموود تاران.
(٩٦) هەروا ئێمە مووسامان بە چەندین نیشانەی خۆمان و بەڵگەیەکی ئاشکرا نارد،
(٩٧) بەرەو فیرعەون و پیاوانی دیوانی. ئەویش هەر گوێ بەفەرمانی فیرعەون بوون؛ کە فەرمانی فیرعەونیش دژی ڕاستی بوو.
(٩٨) ڕۆژی سەڵا وەپێش دەستەی خۆی دەکەوێ و هەمووان دەباتە ناو ئاگر. چەند خراپە ئەو جێی ئەوانە دەیچنێ!
(٩٩) لەم دنیا و لە ڕۆژی دواییش، نەحلەتیان بە شوێنەوەیە. ئای لەو خەڵاتە دزێوە!
(١٠٠) ئەمانە چەند هەواڵێک بوون لەو شارانە کە بۆ تۆی دەگێڕینەوە؛ هێندێک لەوانە هەر هەن و هێندێکیشیان لەبەین چووگن.

(١٠١) ناهەقییمان لێ نەکردن؛ بەڵام ئەوان ناهەقییان دەربارەی خۆ کرد. کاتێ فەرمان لە پەروەرندەی تۆرا هات، ئەوانەی پەرستیویان بوون - جگە لە خوا - هیچ کارێکیان بۆ نەکردن و - جیا لە زیان - هیچ شتیان بۆ زیاد نەکردن.
(١٠٢) ئاواینەیە غەزەبی پەروەرندەی تۆ، کاتێ شارانێ دادەگرێ کە خەڵکەکەیان ناحەقن. ئەو ئازارەی خودا دەیدا، زۆر بەژان و زۆر دژوارە.
(١٠٣) لەمانەدا بۆ ئەوانەی لە ئازاری ڕۆژی پەسڵانێ بترسن، پەندێ هەیە؛ کە ڕۆژێکە هەموو مەردم گش لەوێ کۆ دەکرێنەوە؛ ڕۆژێکی دیار و بەرچاوە.
(١٠٤) ئەو ڕۆژە وەدرەنگی ناخەین، مەگین بۆ ماوەیەکی کەم.
(١٠٥) ڕۆژێ کە دێ، هیچ کەس بە بێ ئیزنی خودا متەق ناکا؛ لە ناویاندا قەرەبەخت و بەختەوەر هەن.
(١٠٦) سا ئەوانەی قەرەبەختن، لە ئاگران بە ئاخ و هەنیسک دانن.
(١٠٧) هەر دەوێدا دەمێننەوە، هەتاکوو ئەم عاسمانانە و زەمینە هەن؛ جا مەگین پەروەردگارت مەیلی لێ بێ. پەروەرندەت هەرچی خۆی بیەوێ دەیکا.
(١٠٨) ئەوانەش کە بەختەوەرن، هەر لە بەهەشتێدا دەبن، هەتا ئەم ئاسمانانە و ئەم زەمینە هەن؛ مەگین ئەوەی پەروەرندەت مەیلی لێ بێ. بەخششێکە ناپڕێتەوە.
(١٠٩) سا تۆ سەبارەت بەوەی وان دەیپەرستن، دڕدۆنگ مەبە. هەر ئەوانە دەپەرستن کە باب و کاڵی پێشوویان پەرستیانن. ئێمەش بە بێ کەمایەسی بەشی خۆیانیان دەدەینێ.
(١١٠) مە کتێبمان دا بە مووسا و کێشەی لەسەر هەڵاییسا. خۆ ئەگەر پەروەرندەی تۆ ئەوسا بڕیاری نەدابا، زوو کێشەیان دەبڕایەوە؛ کە ئێستاش سەبارەت بەم، هەر دوودڵ و بەگومانن.
(١١١) بێگومانە پەروەرندەت قەرەبووی کردەی هەموویان بە تەواوی دەداتەوە و هەر خۆی لە هەر کارێ دەیکەن، ئاگادارە.
(١١٢) وەک فەرمانت پێدراوە، خۆڕاگرە! ئەوانەش کە لەتەک تۆدا بەرەو خودا وەگەڕاون، با هەروا بن؛ سەرپێچیش لە فەرمان مەکەن! هەرچی بیکەن خودا دەیبینێ.
(١١٣) ڕموودەی ئەوانە مەبن غەدرێ دەکەن! دەنا بە ئاگر دەسووتێن. غەیرەز خوداش هیچ کەس دۆستایەتیو ناکا و ئیتر کەسیش پاشان یاریدەتان نادا.
(١١٤) لە هەر دووک ئالی ڕۆژێدا و چەن بەتڵی سەرەتای شەوێ، نوێژێ بکە؛ چونکە چاکە خراپەیە لەبەین دەبەن. ئەمە پەندە بۆ ئەوانەی پەندگر بن.
(١١٥) هەر خۆبگرە؛ بێسۆ خودا پاداشی چاکەکارەکان وندا ناکا.
(١١٦) ئەم هەموو بەرەو چینانەی بەرلە ئێوە هاتن و چوون، چۆنە کەسێ وایان نەبوون، ڕێگا نەدەن لە زەمیندا خراپە بەڕێوە بچێ؟ مەگین کەمێک لەوانەی ڕزگارمان کردن لە نێویانا. ناهەقییکارەکانیش هەر کەوتنە شوێنی خۆشگوزەرانی خۆیان و تاوانبار بوون.
(١١٧) پەروەرندەت - بە ناهەقی - چ جار قڕانی نەخستە ئەو شارانەی ئاکارچاک بوون.
(١١٨) پەروەرندەت ئەگەر حەزی بکردایە، خەڵکی دنیای گشتی دەکردە یەک ئاین؛ بەڵام بە ناتەبایی هەر دەمێننەوە؛

(١١٩) [جا] مەگین پەروەرندەی تۆ بەزەیی پێیاندابێتەوە؛ کە هەر بۆیەی دروس کردوون. بڕیاری پەروەرندەشت هەر دێتە جێ، کە: جەهەندەم، لە جندۆکە و بنیادەم - هەموو - پڕ دەکەم.
(١٢٠) ئەم حەمکە دەنگوباسانەی پێغەمبەرانت بۆ دەکەین، کە دڵداریت بدەینەوە. هەرچی لەمەدا بۆ تۆ هات، ڕاستی ڕستە و بۆ گەلی خاوەن باوەڕان ئامۆژگاری و بیرەوەری تێدا هەیە.
(١٢١) بەو کەسانەش کە باوەڕیان نییە، بێژە: هەرچی لە دەستوو دێ بیکەن؛ وا ئێمەش کاری خۆ دەکەین.
(١٢٢) چەمەڕاش بن، ئەوا ئێمەش چاوەنۆڕین.
(١٢٣) هەر شتێکی بەرپێوارە - لە ئاسمانان و زەمیندا - گش بۆ خودان؛ هەموو کارێک هەر سەربەوە. سا تۆ هەر ئەو بپەرستە و چارەنووست بەو بسپێرە. هەر کارێ کە ئێوە دەیکەن، پەروەرندەت لە هیچی بێ ئاگا نییە.

یووسوف

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، ڕا. ئەمانە چەندین نیشانەن لە کتێبی دیاری دەرەوە.
(٢) قورئانێکە بە عارەبی ئێمە ناردمانە خوارەوە، شایەتا ئێوە تێبگەن.
(٣) ئێمە وێڕای ئەم قورعانەی کە بەتۆن ڕاگەیاندووە، شیرین ترین چیرۆکت بۆ وەدەگێڕین؛ کە دەپێشدا تۆ هەر ئاگاشت لێ نەبووە.
(٤) وەختێ یووسف بە باوکی گوت: بابۆ! من یازدە ئەستێرە و خۆر و هەیڤم بە خەو دیتن، کە سەر بۆ من دەچەمێنن.
(٥) گوتی: ئەی کوڕێژگەکەی خۆم! ئەو خەونەت لە لای براکانت مەگێڕەوە، نەوەک گەڕێکت پێ بکەن؛ چونکە شەیتان بۆبنیادەم دوژمنێکی ئاشکرایە.
(٦) ئەمە دیارە پەروەرندەت ویستوویە هەڵت بژێرێ و فێرت بکا مانای خەونان لێک دەیەوە و دەربارەی تۆ و هەموو خانەدانی یەعقووب، چاکەی بێ کەمایەسی بکا؛ وەک ئەو چاکەی سەبارەت بە ئیبڕاهیم و ئیسحاقی باوانی تۆی کرد. دیارە پەروەرندەی تۆ هەرە زانای لەکارزانە.
(٧) لە ڕابوردەی ناو یووسف و برایانی، پەندی زۆر هەن بۆ ئەو کەسانەی دەپرسن.
(٨) کاتێ گوتیان: دیارە یووسف و براکەی لای باوەمان لە ئێمە خۆشەویستترن؛ خۆ ئێمەش دەستەپیاوێکین. بێ گومانە بابی ئێمە بە ئاشکرا گومڕا بووە.
(٩) یووسف بوگژن، یان لە شوێنێکا فڕێی دەن؛ هەتا باوک بێتە تایبەت بە خۆتان. لە پاش ئەویش ئێوە ببن بە کۆمەڵێکی بەرکەتی.
(١٠) یەکێ لەوان هەڵیدایە: ئەگەر کارەکەی هەر دەکەن؛ لە یووسف کوشتن گەڕێن و بیخەنە بن بیرەکەوە؛ کاروانچی هەڵیگرنەوە.
(١١) گوتیان: بابۆ! چۆنە کە تۆ لەمەڕ یووسف لە ئێمە ئارخەیان نابی؟ خۆ ئێمە خۆشمان گەرەکە.

(١٢) سوو دەگەڵ ئێمەی بنێرە، گەشت بکات و گەپ بدات و خۆمان پارێزگاری دەبین.
(١٣) گوتی: ئەگەر بیبەنە دەر، تووشی کوڵ و کەسەر دەبم؛ ترسیشم هەس گورگ بیخوا و ئێوە ئاگاتان لێ نەبێ.
(١٤) گوتیان: ئەگەر گورگ بخواردی – کە دە خۆرتین و پێکەوەین - دیارە ئێمە زیانبارین.
(١٥) کاتێ کە بردیانە دەرێ و بە گەلەکۆمەگی ویستیان بیخەنە بن بیرەکەوە، [ئیتر کاریان تەواو کرد و] ئێمەش ئەومان تێگەیاند کە: تۆ لەم کارە ئاگاداریان دەکەیەوە؛ کە خۆیان هەستی پێ ناکەن.
(١٦) ئێوارێ لە تاریکاندا، بۆ لای بابیان - بە گریانەوە - وەگەڕان.
(١٧) گوتیان: بابۆ! چووبووین غارغارێنێ بکەین و یووسفیشمان لای کەل و پەلمان بە جێهێشت؛ گورگ خواردی. هەر چەند ڕاستیشت پێ دەڵێین، پروایە بە ئێمە ناکەی.
(١٨) کراسەکەشیان هێنابوو؛ خوێنە درۆزنەی پێوە بوو. گوتی: دیارە دڵی خۆتان کارێکی لەبەر خەملاندوون. خۆڕاگری بێ ناشوکری [چاری منە]؛ لەمەڕ ئەوانەش کە ئێژن، خودا دەهانامەوە دێ.
(١٩) کاروانێ هات، ئاوکێشیان نارد، دۆڵچەی داهێشت: مژدە ئەمە کوریژگەیە. وەکوو کاڵا تاقەتیان کرد؛ خوا لە کاریان بە ئاگا بوو.
(٢٠) بە نرخێ کەم، بە چەند درەم فرۆتیان و نەشیان دەویست.
(٢١) ئەو کەسەی لە میسر سەندی، بە ژنێ خۆی وت: قەدری بگرە بەشکوو قازانجی لێ بکەین؛ یان بیکەینە زارۆی خۆمان. بەم ئاوایە لەو هەردەدا یووسفمان زۆر باش دامەزراند؛ تا ئێمە فێریشی بکەین چۆن خەونان لێک بداتەوە. خوا لەسەر کاری خۆی زاڵە؛ بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە لێ نەزانن.
(٢٢) وەختێ بوو بە پیاوی تەواو، سەلیقە و زانستمان پێدا. ئێمە ئاوا پاداش بە کارچاکان ئەدەین.
(٢٣) ئەو ژنە وا یووسف لە ماڵی ئەوا بوو، تەمای تێکرد. دەرگاکانی لێ گاڵە دا و گوتی: بەلەز ئامادەیە. گوتی: ئەی پەنا بە خودا؛ ئەو ئاغامە، قەدری گرتووم، [بێ ئەمەگانی داوێنپیس] کە ناهەقن، ناخەلەسێن.
(٢٤) وێ پەلاماری ئەمی دا و ئەمیش گەر بەڵگەی پەروەرندەی نەدیبا، ئاوقای دەبوو. بۆ ئەمە بوو کە خراپە و شوورەیی لێ وەپرینگێنین؛ ئەم یەکێ بوو لە عەبدە دڵپاکەکانمان.
(٢٥) بە کێبەرکێ هەر دوو گەینە لای دەرگاکە؛ گجی یووسفی لای پشتەوە دادڕی و لە بەردەری، تووشی سەروەری وێ هاتن. گوتی: سزای کەسێ چییە دەگەڵ ماڵ و خێزانی تۆ، تەماداری شوورەیی بێ؛ غەیر لە زینان یا جەزرەبەیەکی بەژان؟
(٢٦) پەرسڤی دا: وێ تەمای دەمن کردبوو. یەکێ لە خزمەکانی وێ هەڵیدایە: گەر گجی ئەم لە لای پێشەوە دڕاوە، وێ ڕاست ئەکا و ئەم ڤڕۆیە؛
(٢٧) گەر گجیشی لە پشتەوە دادڕاوە، وێ درۆی کرد، ئەو ڕاست دەکا.
(٢٨) وەختێ دیتی کراسەکەی لە پشتەوە دادڕاوە، وتی: ئەمە لە هێندێک فێڵی ئێوەیە؛ فێڵی ئێوەش زۆر گەورەیە.

(٢٩) یووسف! واز لەم باسە بێنە. حورمێ! تۆش بووردن لە خەتات داوا بکە؛ کە تۆ لە خەتاکارانی.
(٣٠) ژنانی شار قاویان داخست: ژنا عەزیز حەز لە خولامێ خۆ دەکا؛ لە دڵداریدا سووتاوە؛ وا دیارە تەواو لە ڕێگە دەرچووە.
(٣١) لە پاش ئەوەی تیزوتانەی ئەوانی بیست، لە دووی ناردن؛ گەلێ باڵگە و [خواردەمەنی] لا دانان و هەر یەکەی چەقۆیەکیشی پێ سپاردن. گوتی: بۆیان وەرە دەرێ. هەر کە دیتیان حەپەسان و دەستەکانی خۆیان ڕِی و گوتیان: ئەی نامەخوا! ئەمە مرۆ نییە و بێ سۆ فرشتەیێ خۆشەویستە.
(٣٢) وێ گوت: ئەمە ئەو کەسەیە کە لەسەر ئەو سەردەنشی منتان دەکرد؛ ویستم بێتە دۆستم و دەستم دەگەڵ تێکەڵ بکا، خۆی ڕاگرت و بۆم تاو نەکرا؛ ئەگەر ئەوەی لەوم دەوێ بیکا، نەیکا، دەبێ بچێتە زیندانێ و وەک ئێسیرانی ڕابوێرێ.
(٣٣) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! زیندانەکەم پێ خۆشترە لەوەی ئەوان لێم دەخوازن؛ ئەگەر تۆ گەڕی ئەوانەم لێ لا نەدەی، دڵم دەچێ بۆ لایان و یەکێک دەبم لە نەزانان.
(٣٤) خودا نزای قبووڵ کرد و گەڕی ئەوانی لێ لا دا، کە خۆی بیسەر و زانایە.
(٣٥) پاشان وایان بە باش زانی - دوای ئەو هەموو نیشانانەش - تا ماوەیەک زیندانی بێ.
(٣٦) دوو خولامیش دەگەڵ ئەو چوونە زیندانێ. یەکیان گوتی: من خەونم دیت ترێ دەوشم. ئەو دی گوتی: من لە خەوما نانم بەسەر سەرەوەیە، مەل لێی دەخۆن. خەونەکەمان بۆ لێکدەوە؛ ئێمە دەتۆ ڕادەبینین کە لە خێرەومەندەکان بی.
(٣٧) گوتی: بەرلە ژەمە نانێ کە بۆتان دێ و پێش خواردنی، مانای خەونەکەو پێدەڵێم؛ کە ئەمەش لەو بەهرانەیە پەروەرندەم فێری کردووم. من ئاینی ئەو کەسانەم وەلانایە، کە نە پروایان بە خوایە و لاشیان وایە قیامەت نایە.
(٣٨) من شوێن دینی باوانی خۆم، ئیبڕاهیم و ئیسحاق و یەعقووب کەفتگم؛ بەڕەوامان نەزانیگە هیچ شتێکی بە شەریکی خوا بزانین. ئەمەش لە چاکەی خواوەیە کە دەربارەی ئێمە و مەردمی کردگە؛ بەڵام بەشی زۆر لە مەردم هەر ناشکورن.
(٣٩) ئەرێ ئێوەی دوو هاوبەندم! ئاخۆ چەندین پەروەرندەو پێ باشترە، یا خۆ خودای تاک و تەنیای زاڵ بەسەر هەموو شتێکا؟
(٤٠) ئەوانەی دەیانپەرستن، چەند شتێکی غەیرەز خودان، کە خۆتان و باب و کاڵتان - سەربەخۆ - ناوتان لێ ناون؛ هیچ بەڵگەیەکی پتەوتان لە خواوە لە دەستا نییە. فەرمانیش هەر هی خودایە و هەر ئەویش فەرمانی داوە کە غەیرەز ئەو مەپەرستن. دینێ کە ڕاست و دروستە هەر ئەمەیە، بەڵام زۆربەی خەڵکی دنیایە نازانن.
(٤١) ئەی هەر دووی هاوبەندیخانەم! یەک لە ئێوە دەبێتە مەیگێڕی خێوی؛ ئەوەکەی تر لە دار دەدرێ، ئەوسا مەلان چینەی لە سەریدا دەکەن. کارێکی کە دەتانەویست لە ئەنجامەکەی بپرسن، وا زاندرا و هەر وەدیش دێ.
(٤٢) بە یەکێک لەو دوو کەسانەی بۆی دانابوو ڕزگار دەبێ، وتی: کە دەچیە لای ئاغات، باسم بکە. شەیتان نەیهێشت لە بیری بێ، لە لای ئاغای باسی بکا؛ تا چەند ساڵێک لە گرتووخانە مایەوە.

(٤٣) شا گوتی: له خەوما دیتم، حەو گای قەڵەو حەو چێڵی لەڕ دەیانخواردن؛ حەو گوڵەدەخڵی شینیش و حەوتی دیکەی وشکەڵاتوو. ئەی دیوەخان نشینەکان! ئەم خەونەم بۆ لێکدەنەوە، ئەگەر لێکدەرەوەی خەونن.
(٤٤) گوتیان: هەر خەونە درۆزنەن؛ ئێمە لەم تەرزە خەونانە سەر دەرناکەین.
(٤٥) لەو دوو کەسە ئەوەی کە ڕزگار کرابوو - بە دێروژوان - تازە وەبیری هاتەوە، گوتی: ئەمن بۆتانی لێکدەدەمەوە؛ سا بمنێرن.
(٤٦) یووسف! مێری هەمیشە ڕاست! حەو گای قەڵەو حەو چێڵی لەجەر ئەیانخۆن، حەوت وشووی هێشتا هەر شین و حەوتی دیکەش وشکەڵاتوون. ئەم خەونەمان بۆ لێکدەوە؛ کە من دەچمەوە لای مەردم، بەشکوو ئەوانیش تێبگەن.
(٤٧) وتی: حەو ساڵ لە کشت وکاڵ وچان نادەن؛ هەرچییەکی درووتانەوە - کەمێک نەبێ کە لێی دەخۆن - لە وشووی خۆیا بێڵنەوە.
(٤٨) لە پاش ئەمە حەوتی قاتی و قڕی دادێ؛ هەرچی پێشوو بۆ ئەمانەتان هێشتۆتەوە، هەمووی دەخۆن؛ مەگین کەمێ لەوەی قایم هەڵیدەگرن.
(٤٩) لە دوای ئەمە ئەمجارە شاڵێکی وا دێ، بۆ هەموو کەس باران و ڕووەک مشەیە و لەودا مل لە گوشین دەنین.
(٥٠) شا گوتی: بۆم بهێنن. کاتێ ڕاسپاردەکە هات، گوتی: وەگەڕێ لای ئاغات و لێی پرسە، ئەو ژنانەی کە دەستی خۆیانیان بڕی، نیازیان چ بوو؟ پەروەرندەم لە دەهۆیان ئاگادارە.
(٥١) وتی: بۆچی گەرەکتان بوو یووسف بۆ خۆو دەستەمۆکەن؟ گوتیان: خوا بەو ڕۆژە نەکا، ئێمە کاری شوورەییمان لێ نەدیوە. ژنا عەزیز هەڵیدایە: ئێستە ڕاستی ئاشکرا بوو؛ من تەماحم دەو کردبوو؛ هەرچی ئەو گوتوویە ڕاستە.
(٥٢) [یووسف گوتی:] ئەمەش بۆیە بوو بزانی، پاشەملەش غەیانەتم پێ نەکرد و خودا دەهۆی دەغەڵبازان ناخاتە ڕێ.
(٥٣) منیش هەرگیز هیچ پاکانە بۆ خۆم ناکەم. نەوس هەموو خراپەیەک بە پیاو دەکا؛ مەگین ئەوی پەروەرندەم بەزەیی پێدا بێتەوە. پەروەرندەم خەتابەخش و دلۆڤانە.
(٥٤) شا گوتی: بیهێننە لای من، وا دەکەم هەر سەر بە من بێ. کاتێ دواندی، گوتی: تۆ هەر لەمڕۆکەوە لە لای ئێمە بەڕێزی و جێگای باوەڕی.
(٥٥) گوتی: بمکە بە سەرکاری نەغدینە و بەروبووی وڵات؛ چاوەدێری لێدەکەم و لێزانیشم.
(٥٦) ئا بەم جۆرە یووسفمان لەم سەرزەمینە [بە ڕێزەوە] جێ کردەوە؛ [خۆش نشینێک بوو] لە هەر جێ خۆی ویستبای لەوێ دەژیا. هەرکێ ئێمە بمانەوێ بەر بەزەییمانی دەخەین؛ پاداشی چاکەکارانیش وندا ناکەین.
(٥٧) خۆ دیارە پاداشی ئەو لاش هێژاترە بۆ ئەوانەی باوەڕدار و خۆپارێزن.
(٥٨) برایانی یووسف هاتن؛ بۆ دیتنی وەژوور کەوتن؛ ناسینیەوە، ئەوان ئەمیان نەدەناسی.
(٥٩) دوای ئەمە باری بارکردن، گوتی: ئێوە برایەکی باوکیتان هەس، بۆمی بێرن؛ ئەی نەتاندی من خانەخوێی چاکم و پێوانەکەشم تەواوە؟
(٦٠) ئەگەر ئەوم بۆ نەهێنن، پێوانەو لەلای من نییە و لێشم نزیک مەکەونەوە.
(٦١) گوتیان: بە فێڵ ئەو لە بابی دەستێنین و بێ خەم بە، ئەم کارە دەکەین.

(٦٢) خوڵامانی خۆی تێگەیاند: ئەو دراوەی کە داویانە، بیخەنە ناوبارەکانیان؛ شایەت ئەگەر گەڕانەوە ماڵی خۆیان، بیناسنەوە؛ بەشکوو ئەمجارەش بێنەوە.
(٦٣) کە چوونەوە لای باوەیان، گوتیان: باڤۆ! لە پێوانە بێ بەش کراین؛ سا تۆ بران وێرای ئێمە ڕەوانەکە؛ دەشپێوین و ئاگاداریشی لێدەکەین.
(٦٤) گوتی: هەروەک جاری پێشوو براکەیم پێتان سپارد، ئەویش بسپێرم بە ئێوە؟ چاکتر پارێزەر خودایە و هەر خۆی لە هەموو دڵسۆزان دڵسۆزترە.
(٦٥) کە بارەکانیان کردەوە، دراڤەکەیان دەسکەوتەوە کە بۆیان ناردرابۆوە. گوتیان: باڤۆ! چمان دەوی؟ ئەمە دەزمایەکەمانە کە بۆمان ناردراوەتەوە. بژیوی خێزانمان دێنین؛ براکەشمان دەپارێزین؛ پێوانەی پشت وشترێکیش زێدە دێنین؛ ئەم پێوانەیە هندکە.
(٦٦) گوتی: ڕەگەڵتانی ناخەم تا پەیمانم بە ناوی خودا نەدەنێ، کە هەر دەبێ بۆم بێننەوە؛ مەگین گش دەرەتانێکوو لێگیرا بێ. کاتێ کە پەیمانیان دایە، گوتی: خودا لەم بنارە ئاگادارە.
(٦٧) گوتی: ئەی فرزەندەکانم! لە یەک درگاوە مەچنە ناو، لە دەروازەی جیاجیاوە بچنە ژوور؛ ئەمن ناتوانم هیچ شتێک لە قەزای خوا لە ئێوە دوور بخەمەوە؛ فەرمان هەر بۆ خودایە و بەس؛ خۆم هەر بە وی دەسپێرم و کەسانێکیش کە ئەو بە کارساز دەزانن، با خۆیان هەر بەو بسپێرن.
(٦٨) کاتێ لەو جێی - کە بابیان ڕای سپاردبوون - چوونە ژوورێ، ئەم کارەیان هیچ شتێکی لە ئەوان دوور نەخستەوە، تەنیا هەر بۆ نیازێک بوو کە لە دڵی یاقووبدا بوو پێکی هێنا؛ ئەویش بۆ خۆی لەو شتانەی کە فێرمان کرد زانایەک بوو؛ بەڵام زۆربەی زۆری مەردم لێی نازانن.
(٦٩) کاتێ لە ماڵەکەی یووسف چوونە هوندور، براکەی خستە لای خۆی و گوتی: من برایەکەی تۆم؛ لەوەی کە ئەوان وایان کرد خەمگین مەبە.
(٧٠) گاڤا باری بۆ بار کردن؛ زەرکا ئاوێی خستە دورباری برکەی؛ پاشان جاڕچیک جاڕی ڕاهێشت: کاروانینە! ئێوە دزیتان کردووە.
(٧١) ڕوویان تێکردن و گوتیان: ئێوە چیتان لێ گوم بووە؟
(٧٢) گوتیان: شەربەی ئاوی شامان لێ گوم بووە و هەر کەسێ بی هێنێتەوە، بارە حوشترێکی هەیە؛ منیش دەستەبەری دەبم.
(٧٣) گوتیان: سوێندەکە بە خودا - خۆو دەزانن - ئێمە بۆیە نەهاتگین لەم هەردە بەدفەڕی بکەین و دزی لە مە ڕووی نەداوە.
(٧٤) گوتیان: ئەگەر درۆو لە سەر سوورەوە بوو، سزاو چییە؟
(٧٥) وتیان: هەرکێ لە باریدا پەیدا کرا، هەر بۆ خۆی سزای خۆیەتی، کە سزادانی ناهەقان هەر ئەمەیە.
(٧٦) ئەوسا پێش باری براکەی باری ئەوانی پشکنی؛ پاشان لە باری براکەی هێنایەدەر. ئاوا فێڵمان بۆ یووسف کرد. لە یاسای ئەو پادشایەدا نەدەبووایە براکەی گل بدرایەوە؛ مەگین خودا وا حەز بکا. هەر کەسێکی ئێمە حەز کەین پلەپلە باڵای دەبەین. لە بان هەموو زانایێ زاناترێک هەس.
(٧٧) گوتیان: ئەگەر ئەو ئێستاکە دزی دەکا، لە پێشووشدا برایەکی ئەو دزی کرد. یووسف ئەوەی دەدڵ گرت و لەوانی ئاشکرا نەکرد. گوتی: حاڵی ئێوە لەوان خراترە؛ ئەو باسەش کە ئێوە دەکەن، خوا لەنگۆی چاتر دەزانێ.

(٧٨) وتیان: ئەی عەزیز! باوکێکی زورهانی هەس؛ لە جێگەی ئەو یەکێ لە ئێمە گل دەوە؛ تۆ دەبینین لە ڕێزەی خێرەومەندانی.
(٧٩) گوتی: ئەی پەنا بە خودا ئەگەر ئێمە غەیرەز کەسێ کاڵای خۆمان لە لای ئەو دۆزیوەتەوە، گل دەینەوە. گەر وەبکەین، ئەوسا لە ناهەقییکارانین.
(٨٠) کاتێ کە لێی ناهومێد بوون، بۆسرتە چوونە کەنارێک. گەورەکەیان هەڵیدایە: بۆ ئێوە نەتانزانیوە کە باوکتان پەیمانێکی بە ناوی خودا لێ ساندن؛ لەوە پێشیش خراپەو لە ڕادەبەدەر دەربارەی یووسف کردووە؟ سا لەم هەردە دەرناکەوم هەتا بابم ئیزنم دەدا، یان خوا پڕیارم بۆ دەدا؛ ئەو خۆی چاکتر لە هەر کەسێ پێ ڕادەگا.
(٨١) ئێوە بچنە لای بابتان؛ بێژن: بابۆ! کوڕەکەت دزی کردووە؛ شایەتیشمان نەدا مەگەر لەسەر ئەوەی کە زانیمان؛ ئاگاشمان لە نەدیار نەبوو.
(٨٢) لە مەردمی ئەو شارە کە ئێمەی لێ بووین لەو کاروانەش کە دەگەڵیان هاتینەوە، پرسیار بکە؛ ئێمە بێسۆ ڕاست دەبێژین.
(٨٣) گوتی: نەخێر، هەوای دڵتان کارەکەی لە بەر خەمڵاندوون. [دیسانەکە] خۆڕاگری بێ ناشکوری؛ ئەوە خوایە بەشکوو گشتیان بهێنێتەوە بۆ لای من. خودا بۆ خۆی ئاگادار و لەکارزانە.
(٨٤) ئیتر ڕووی لەوان وەرگێڕا و گوتی: ئەی داخم بۆ یووسف و لە سۆی یانی تانە پەڕیە سەرچاوانی و هەروا پیشی دەخواردەوە.
(٨٥) گوتیان: بە خودا سوێندەکە، تۆ قەت یووسف لە بیر ناکەی؛ لەوانەیە نەخۆشت خا یان بتکوژێ.
(٨٦) گوتی: گازندە و دڵمەندیم هەر بۆ خودا ئەدرکێنم و من لە خواوە گەلێ شتی وا دەزانم کە ئێوە لێی ئاگادار نین.
(٨٧) ڕۆڵەکانم! بڕۆن، بەڵکە سۆراغێکی یووسف و براکەی بکەن؛ ناهومێدیش مەبن لە بەزەیی خودا؛ هەر ئەوانەی خوانەناسن، لە بەزەیی خوا ناهومێدن.
(٨٨) لە دوای ئەوەی گەیشتنە لای، گوتیان: ئەی عەزیز! هەم خۆمان هەم خێزانمان لە بێ بژیوی کەلەلاین؛ کەمێکمان دراو هێناوە، بیکە سەدەقەی سەری خۆت، پێوانەی تەواومان دەیە؛ خوا پاداشی خێرەومەندان لە بیر ناکا.
(٨٩) گوتی: ئاخۆ پێو زانیوە چیتان بە سەر یووسف و براکەی هێنا؟ ئێوە بەڕاستی نەزان بوون.
(٩٠) گوتیان: ئا تو خوا بەڕاستە! یووسف خۆتی؟ وتی: بەڵێ، خۆم یووسفم و براکەشم ئەوەتانێ. خودا بەر منەتی کردین؛ چونکوو هەرکێ خۆپارێز و خۆڕاگر بێ، دیارە خودا پاداشی ئاکار پەسندان وندا ناکا.
(٩١) گوتیان: وەخودا سوێندەکە، خوا تۆی - بەرانبەر بە ئێمە – سەرخستووە و ئێمە لە خەتاکاران بووین.
(٩٢) گوتی: ئەمڕۆ گازندە و لەسەر نەماوە؛ خودا خەتاتان دەپۆشێ و هەر خۆی لە گش بە بەزەییەک دڵسۆزترە.
(٩٣) ئەم کراسەی من بەرنەوە، بیخەنە سەر دیمی بابەم؛ چاوەکانی چا دەبنەوە. هەموو کەس و کارێکیشتانم بۆ بێنن.
(٩٤) وەختێ کاروان ڕەوانە بوو، بابیان گوتی: ئەگەر نەیژن هاتەران پاتەرانی وت، من بۆنی یووسفم بۆ دێ.
(٩٥) گوتیان: بە خوا، تۆ هەر لەسەر ڕێ نەزانینی پێشووتی.

(٩٦) که مزگێنیدەر هاتە بەر، هاویتیە سەر دەموچاوی؛ چاوەکانی چاک بوونەوە. گوتی: من نەواتم پێتان، ئەوی من لە خوای دەزانم، لە زانستی ئێوە دوورە؟
(٩٧) وتیان: باقۆ! ئێمە لە ڕێ لامان داوە، لە پەروەرێنت داوا کە لێمان خۆش بێ.
(٩٨) گوتی: هەر زوو داوا لە پەروەرێنی خۆم دەکەم کە عافووتان بکا و هەر خۆی لە گوناھ دەبووری و دلۆڤانە.
(٩٩) وەختێ گەهانە جەم یووسف، داک و بابی بردە نک خۆو گوتی: ئێوە وەرنە میسر و - خودا یار بێ - هیچ ناڕەحەتیو تووش نابێ.
(١٠٠) دای و بابی وەبان تەختەوە نیشاند و هەموویان کڕنۆشیان بۆ کرد. گوتی: باقۆ! ئەمە خەونەکەی پێشوومە؛ پەروەرێنم ئاکامەکەی وەدی هێنا و لە پاش ئەوەی شەیتان لە نێوانی من و براکانم بەدفەڕی کرد، زۆر چاکەی دەربارە کردووم؛ لە زیندانی دەرهێنام و هنگۆشی لەو سارایەوە هاوردەوە. پەروەرێنم، بۆ هەر کەسێکی خۆی حەز کا دڵاوایە و بۆ خۆی زانای لەکارزانە.
(١٠١) ئەی خودانم! لەم وڵاتە تۆ دەستەڵاتت پێداوم و فێرت کردم چلۆن خەونان لێکدەمەوە. وەدی هێنی ئاسمانەکان و زەمینی! هەر تۆی لە دنیا و لە قیامەت گەورەی منی. لەسەر پرەوای تەواو بە خۆت، بم مرێنە و بمگەیەنەوە بە پیاوچاکان.
(١٠٢) ئەمانە ئەو دەنگوباسانەی نادیارن کە بە تۆی ڕادەگەیێنین؛ ئەوسا ئەوان کاکەوبرالەی خۆیان کرد فێڵێ بکەن، تۆ هەر ئاگاشت لێ نەبووە.
(١٠٣) هەر چەندە زۆریش پاپابی، ئەم مەردمە زۆربەیان پروا ناهێنن.
(١٠٤) خۆ تۆ هەرگیز [بۆ ئەم کارە] پاداشێکت لەوان ناوێ و ئەمە تەنیا پەندێکە بۆ خەڵکی دنیا.
(١٠٥) چەندە زەحفن نیشانەگەل لە عاسمانان و زەمیندا؛ بەلایاندا ڕادەبرن و گوێی پێ نادەن.
(١٠٦) بەشی زۆریان پروا بە خوا ناهێنن و هەر گەرەکیانە کە شەریکی بۆوەدۆزن.
(١٠٧) ئاخۆ ئەوان ئارخەیانن کە جەزرەبەی داپۆشەری خوایان بۆ نایا؟ یان گوزوگوممەت سەڵایان لێ ڕانابێ؛ کە هەر هەستیشی پێ نەکەن؟
(١٠٨) بێژە: ئەمە ڕێگای منە؛ هەم خۆم هەم ئەو کەسانەش شوێنم کەفتوون - بە بەڵگەوە - بۆ خواناسی، گاسی دەکەم. خواش هەمیشە پاکە و تاکە و لەوانە نیم کە شەریکی بۆ پەیدا کەم.
(١٠٩) پێشتر لە تۆش، هەر پیاوانێ لە خەڵکی باژێڕەکانمان - لەلایەن خۆمان - تێگەیاند. بۆچی نەچوون لەم زەمینە گەشتێ بکەن، تا ببینن چارەنووسی پێشینەکانیان چۆن بووگە؟ بۆ ئەوانەی خودێ ترسن،ماڵی ئەو دنیا خاسترە. دەی سا بۆچە هەر تێ ناگەن؟
(١١٠) تا ئەوسا کە پێغەمبەران ناهومێد بوون، مەردمیش وایان دەزانی کە درۆیان دەگەڵ کردوون؛ یارمەتی ئێمەیان بۆ هات. ئەوانەش وا حەزمان کرد، ڕزگار کران و توند و تیژیشمان لە هەمبەر تاوانباران ناوەگەڕێ.
(١١١) لە سەرگوروشتەی ئەمانە، پەند هەیە بۆ بەئاوەزان. واتەیەکی هەڵبەستە نییە؛ بەڵکوو [ڕاستە] باوەڕ دەکا بەوەی لە بەر دەستیدایە و شی کەرەوەی هەموو شتە و ڕێشاندەرە و بەزەییە بۆ ئەو کەسانەی بەباوەڕن.

ڕەعد

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم، ڕا. ئەمانە چەند نیشانێکی ئەم کتێبەن. ئەوەی لە پەروەرێنتەوە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە، دیارە ڕاستە؛ بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە پڕوا ناکەن.
(٢) خوداییێکە ئاسمانەکانی بەرزۆ کرد،، بێ هەستوندەک، کە لێو دیارن؛ جا ئەوساکە نیشتە سەر تەخت. خۆر و هەیڤیشی خستە کار؛ هەر یەکەیان بۆ ماوەیەکی دیارکراو دێن و دەچن. خۆی بە کاروبار ڕادەگا و نیشانان شی دەکاتەوە؛ بەشکوو ئێوە لە دیداری پەروەرندەو بێ گومان بن.
(٣) هەر ئەمیشە ئەم زەمینەی ڕاخستووە و گەلێ کێوات و ڕووباری لێ ئافراند و ئەوگ ش بەروبووە زۆرەشی - کە هەمووی کردوونە جووتە - لەوێدا بەدی هێناوە؛ شەو بەسەر ڕۆژ هەڵدەکێشێ. ئەمانە گشتی نیشانەن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.
(٤) لەم هەردەدا گەلێک پارچە بە پەنا یەکترییەوە هەن. هەروەها باغاتی ڕەز و زەوی و زار و دارخورمای لفی یەکتر و لێک جودا؛ گش لە یەک ئاو پاراو دەبن؛ [بەڵام] تام و چێژەی پرێکیان بەرانبەر بە پرێکی تر وەسەر دەخەین.
(٥) ئەگەر تۆ سەیر دەمێنی، سەیر وا لە قسەکانیاندا کە دەبێژن: ئاخۆ ئەگەر دەبینە ئاخ، سەرلەنوێ ساز دەکرێینەوە؟ ئا ئەمانەن لە پەروەرندەکەی خۆیان حاشا دەکەن؛ ئەوانە تۆقی ئاسنیان لە ملدایە و ئەوانە یاری ئاگرن و تاهەتایەی تێدا دەبن.
(٦) بەر لەوە پاداش و چاکەت لێ بخوازن، بە هەڵپە و لەز، ئازارت لێ داوا دەکەن. بەرلەوانیش زۆری وا بوون تووشی جەزرەبە کراون؛ گەرچی مەردم ستەمکار بن پەروەرندەت بەخشەندەیە و لە تۆڵەشدا توند و تیژە.
(٧) خودانەناسەکان ئێژن: ئەدی بۆچی لە پەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەیەکی پتەوی بۆ نەهاتگە؟ تۆ هەر تەنیا ترسێنەرێکی و هیچی تر؛ بۆ هەر گەلێک لە گەلانیش ئەشێ ڕێشاندەرێک هەبێ.
(٨) لە تۆلی هەر مێچکەیەکدا هەرچی هەیە خوا دەیزانێ و دەزانێ چی دێتەسەرێ و چیشی لێ کەم دەبێتەوە. هەموو شتێک لە لای ئەو ئەندازەی هەیە.
(٩) لە نەدیاران و لە دیاران ئاگادارە و جێ بەرزی هەرە مەزنە.
(١٠) هەرکێ لەنگۆ پەنامەکی قسە بکا و دەنگ هەڵبڕێ، یان لە شەودا خۆپەنا دا و لە ناو ڕۆژی ئاشکرادا بێت و بچێ، لای ئەم گشتی وەکوو یەکە.
(١١) لە پێشیەوە و لە دوایەوە، فریە پەیجۆری وای هەیە کە بەپێی فەرمانی خودا دەیپارێزن. خوا لە هیچ گەلێک ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن. ئەگەر خودا گەرەکی بێ تیرەیەک تووشی بەڵا بن، هیچ لەمپەری نایەتە بەر و خواش نەبێ، هیچ کەس دۆستایەتییان ناکا.
(١٢) هەر خۆیەتی - بۆ ترسان و تەماداری - برووسکەتان بەرچاو دێنێ و هەوری پڕ دادەوەستێنێ.

(١٣) هەورەکان و فرشتەکان - لە سامی ئەم - هەمیشە هەر پەسن دەدەن. هەورەتریشقەش دەنێرێ، کێ حەز بکا تووشی دەکا؛ کەچی ئەوان لەمەڕ خودا کێشەیانە و خوا لە جزیادانا گەلێ توندوتیژە.
(١٤) نزای هەقیش هەر بۆ ئەوە [تەنها هاوار لە خوا بکەن]. ئەو کەسانەی گاسی غەیرەز خودا دەکەن، کەسیان بە دەنگەوە نایە. وەک کەسی وان کە هەر لە دوور دەستی بۆ ئاو ڕابدێرێ و حەز بکا بێتە دەمیەوە و ناشیگاتێ. نزای خودانەناسەکان گش پووچە و بەفیڕۆ دەچێ.
(١٥) هەرچییەک هەیە لە نێوانی ئەم عاسمانانە و زەوینە - خوانەخوایی - خۆیان و سێبەرەکانیان هەموو بەیانی و ئێواران، گشتیان سوژدە بۆ خوا دەبەن.
(١٦) بێژە: کێیە ڕاهێنەری ئەم عاسمانان و زەوینە؟ بێژە: خودا. بێژە: ئاخۆ گەورەگەلێکتان بۆ خۆتان نەقاندووە، کە قازانج و زیانی خۆشیان بە دەس نییە؟ بێژە: ئاخۆ کوێر و بینا بەرانبەرن؟ یاخۆ تاریکی و ڕووناکی سەربەسەرن؟ یان ئەوانە شتی وایان بە شەریکی خوا داناوە کە وەکوو ئەو چێکراویان چێ کردووە و، وەک ئەوەیە کە خودا دروستی دەکا و تیا سەریان لێ شێواوە؟ بێژە: هەر شتێکی هەیە، گشتی دەسکاری خودایە و هەر ئەمیش تاک و تەنیایە و بە سەر هەموو شتدا زاڵە.
(١٧) لەو حەوایە ئاوێکی داڕژاندوە، پراوپری بارستایی نەواڵان دێ؛ لەهی کەفێکی بڵندی هاتەسەر، هەروەک ئەو کەفەی بەهۆی ئاگر دەماندنێ، دێتە سەر کەرستەی خشڵ و ئەسپابی تر. ئا بەم تەرزە خوداش باسی ڕاست و دەغەڵ دەخاتە ڕوو. جا کەفەکە لە ناو دەچێ و هەر ئەو شتەی کە بۆ مەردم بەهرەی هەس دەمێنێتەوە. خودا ئاوا نموونە دەهێنێتەوە.
(١٨) ئەو کەسانەی بە دەنگی خوداوە هاتوون، چاکەیان دەربارە دەکرێ. ئەو کەسانەش کە بە دەنگیەوە نەهاتوون، ئەگەر هەرچی لەم هەردەدا هی ئەوان بێ و هێندەی دیش و لەباتی خۆیانی بدەن، زۆر بە سەختی دەکەونە بەر پرسینەوە و هەر جەهەندەمیان جێگایە؛ کە خراپترین ئەنوایە.
(١٩) ئاخۆ کەسێ بڕوای وابێ ئەوەی لە پەروەرێنتەوە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە هەمووڕاستە، وەک ئەوەیە کە لەم بارە کوت و کوێرە؟ ئەمڕامانە هەر بۆ خاوەن ئاوەزانە.
(٢٠) ئەو کەسانەی پەیمانی خوا پێک دێنن و تازە لێی پاشگەز نابنەوە؛
(٢١) ئەو کەسانەش کە هەودای نێوانی خۆیان دەگەڵ خودا - وەک خودا فەرمانی داوە - قوت ناکەن و لە پەروەرێنیان دەترسن و لە حیساب کێشانی دژوار نیگەرانن؛
(٢٢) ئەو کەسانەش کە لە ڕاهی ڕەزای خودا خۆیان گرت و - بە نهێنی بە ئاشکرا - لەو بەشەی ئێمە پێمان دان، خێر دەکەن و بە چاکە خراپەکانیان دەشۆنەوە؛ دواڕۆژی خۆش بۆ ئەوانە.
(٢٣) خۆیان و باب و کاڵیان و ژنەکان و تۆرەمەشیان - ئەوانەی خوداپەسند بن - لە باغاتی دوور لە نەمان، دەچنەژوور و فرشتە لە هەموو لاوە دەچنە لایان.
(٢٤) هەر لەسای هێمنی دابن، چونکە ئێوە خۆراگر بوون؛ پیرۆزتان بێ دواڕۆژی ڕوون.

(٢٥) ئەو کەسانە کە پەیمانیان دا بە خودا و لە پاشان پاشگەز بوونەوە و هەودای نێوان خۆ و خودانی خۆیان پساند - کە خۆی فەرمانی پێدابوون نەیپسێنن - و لە هەردا بەدفەڕی دەکەن، لە بەهرەی خودا بێ بەشن و دواڕۆژی دژواریان هەیە.
(٢٦) هەر خودایە - چ زۆر چ کەم - بە هەر کەسێ خۆی حەز بکا، ڕۆزی دەدا. ئەوان بە ژینی سەردنیا دڵیان خۆشە؛ ژینی دنیاش لەچاو ژیانی ئەو دنیا ڕابواردنێکی هندکە.
(٢٧) ئەوانەی خودانەناسن، ئێژن: بووچە بەڵگەیەکی لە خواوە بۆ نەهاتگە؟ بێژە: خودا هەر کەسێکی خۆی حەز بکا گومڕای ئەکا و هەر کەسێکیش بەرەو ئەو بگەڕێتەوە، شارەزای ڕاستەڕێی دەکا.
(٢٨) ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خوا هەیە و بە یادی خوا دڵیان ئارام دەبێتەوە، باش بزانن کە یادی خوا ئۆقرە و ئارامی دڵانە.
(٢٩) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، خۆشی لەوان؛ کە دواڕۆژی باشیان هەیە.
(٣٠) ئاوا تۆمان ڕاسپاردە ناو ئەو گەلە، کە بەرلەوان زۆر گەلی تر هاتوون و چوون؛ کە هەر شتێ لە ئێمەوە بە تۆ گەیوە، بۆ ئەوانی بخوێنیەوە؛ کەچی ئەوان لە خوای ڕۆزی دەری خۆیان حاشا دەکەن. بێژە: ئەو پەروەرندەمە و بەغەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ و من خۆم هەر بەو سپاردووە و هەر بۆ لای ئەویش دەچمەوە.
(٣١) ئەگەر قورئانێ واش هەبا کەژی لە جێ لابردبان، یان زەوی پێ لەت کرابا، یان مردووی وەقسە هێنابان، [هێمان باوەڕیان نەدێنا.] هەموو کار هەر بە دەس خودان. بۆچی خاوەن باوەڕان ئەوە نازانن، ئەگەر خودا حەزی لێ با، گش مەردمی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد؟ خودانەناسەکانیش هەر - لەبەر کاروکردەوەیان - گرفتاری بەڵایەکی دژوار دەبن؛ یان هەر لە پەنا ماڵ خۆیان ئەو بەڵایە دێتەسەریان؛ تا ئەو کاتەی بەڵێنی خودا دێتە جێ. دیارە خوداش بەڵێنی خۆی ناداتە پاش.
(٣٢) بە پێغەمبەرانی پێش تۆش گاڵتە کرا. ئەو کەسانەم مۆڵەت دا کە خوانەناس بوون؛ تا لە ئاکاما گرتمن؛ چۆن تۆڵەیەکم لێ ساندن!
(٣٣) ئاخۆ ئەوی چاودێری کاروکردەوەی هەموو کەسە [وەک ئەوەیە کە خەبەری لە هیچ نییە]؟ شەریک گەلێکیان بۆ خودا بڕیار داوە. بێژە دەسا ناویان هەڵدەن. یاخۆ ئێوە نیازوو وایە ئەو لە شتێک - لەم زەمینە - ئاگادار کەن، کەنایزانێ؟! یا نە ئەمە وتەیەکی پڕوپووچە؟ نەخێر، ئەو خوانەناسانە گزی خۆیان لە لا خەملاوە و لە ڕێ ڕاستیش لادراون. هەرکەش خودا گومڕای بکا، هیچ کەسێ شارەزای ناکا.
(٣٤) هەتا لەسەر دنیا دەژین، هەر تووشی ئازارێ دەبن. دیارە جەزرەبەی دواڕۆژیش دژوارترە و کەس ناتوانێ لە خودایان بپارێزێ.
(٣٥) ئەو بەهەشتەی بەڵێن وایە بەر خودێ ترسان بکەوێ، جۆباری بە بەردا دەڕۆن، خواردەمەنی دوایی نایە و هەمیشە سێبەریش هەیە. ئا ئەمەیە ئاکامی لە خوداترسان؛ پاشەڕۆژی خوانەناسانیش ئاگرە.
(٣٦) ئەو کەسانەی ئێمە کتاومان پێداون، بەوەی کە بۆ تۆ هاتووە، دڵیان خۆشە. پڕێکیشیان بڕوا بە بازێکی ناکەن. بێژە: فەرمانم پێدراوە کە خودا بپەرستم و کەسی لێ نەکەم بە شەریک؛ هاوار هەر بە ئەو دەبەم و بەرەو خۆی دەگەڕێمەوە.

(٣٧) ئێمە ئەم فەرمانەی خۆمان بە عەرەبی بۆ تۆ هەنارد. ئەگەر لە دوای ئەو زانستەی بۆت هاتگە، شوێن ئارەزووی ئەمان کەوی، ئیتر نەخودا یارتە و نە ئەویش پارێزگارتە.
(٣٨) هەڵبەت پێش تۆش پێغەمبەرانمان هەناردوون؛ ڕێگەشمان دان ژن و نەتەوەشیان هەبن. هیچ یەک لەو پێغەمبەرانەش نەیانتوانیوە هیچ بەڵگەیەک نیشان بدا، مەگین خودا ئیزنی دابێ و بۆ هەر کارێک وەختێکی تایبەتی هەیە کە نووسراوە.
(٣٩) لە ناودان و هێڵانەوە، بەستە بە ویستی خودایە و ماکی هەموو کتێبانیش وا لای ئەوە.
(٤٠) یان هێندێکت لەوەی بۆمان پڕیار داون نیشان دەدەین، یان بۆ خۆنت دەبەینەوە. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ڕاگەیێنی و بە حیساب ڕاگەیشتنیش لە عۆدەی مە.
(٤١) چۆن هێشتا نەیانزانیوە ئێمە دین و ئەم زەمینە - لە گش لا - کەم دەکەینەوە و فەرمانڕەوا هەر خودایە و کەس ناتوانێ دەس دەکاری خودا بدا و زۆر زوو بە حیساب ڕادەگا؟
(٤٢) ئەوانی بەرلەمانەش بوون، گەلێک فێڵیان دەدیتەوە؛ فێڵیش هەموو هی خودایە. خۆی دەزانێ هەر کەسێ چ کارێک دەکا و هەر بینا خوانەناسەکان تێگەیشتن کە دواڕۆژ کێ دەیباتەوە.
(٤٣) ئەوانەی خودانەناسن، پێت ئێژن: تۆ پێغەمبەر نیت. بێژە: خودا و کەسێ کە زانستی کتاوی لەلایە، بۆ شایەتی نێوان من و ئێوە بەسە.

ئیبراهیم

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، ڕا. کتێبێکە بۆ تۆمان نارده خوارەوە، هەتا خەڵکی - بە ئیزنی پەروەرندەیان - لە تاریکی بەرەو ڕووناکی وەگوێزێ؛ ڕێگەی خاوەن دەستەڵاتی شایانی هەموو پەسنێکیان نیشان بدەی.
(٢) ئەو خودایەی هەرچی لە عاسمانەکان و زەمیندان، گش هی ئەون. واوەیلا بۆ خوانەناسان لە جەزرەبەی زۆر توندوتیژ.
(٣) ئەوانەی ژینی دنیایان لە هین ئەولا پێ باشترە، دەبنە لەمپەر لە ڕای خودا و گەرەکیانە خواروخێچ بێ؛ ئەوانە لە گومڕاییدا زۆر پێوە چوون.
(٤) هیچ پێغەمبەرێکمان نەنارد، مەگین بە زوان گەلەکەی خۆی؛ تا هەقیان بۆ ڕوون کاتەوە. خودا هەر کەسێ حەز بکا گومڕای دەکا و کێشی بوێ شارەزای ڕاستەڕێی دەکا و هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٥) مووساشمان وێڕای چەند بەڵگەی لە خۆمانەوە ڕائەسپارد، کە: هۆزی خۆت لە تاریکایی ڕزگار کە و بەرەو ڕووناکایی بەرە؛ ڕۆژەکانی خودایان وەبیر بێنەوە؛ کە ئەم کارە بۆ هەموو خۆڕاگرێکی سوپاسگوزار زۆر پەندی باشی تێدایە.
(٦) ئەوسا مووسا بە هۆزەکەی خۆی ڕاگەیاند: ئەو چاکەیەی خودا دەربارەی ئێوەی کرد، لە بیر مەکەن؛ کە لە دەستی فیرعەون و دارودەستەکەی دەری

هێنان؛ زۆر خراپ ئازاریان دەدان، کوڕەکانیان لێ سەر دەبڕین، ژنەکانیان بە زیندوویی دەهێشتەوە و ئەمەش ئەزموونێ گەورە بوو لەلایەن پەروەرندەوڕا.
(٧) پەروەرندەتان ڕای گەیاند: ئەگەر شوکرانە بژێربن، بۆو زیاد دەکەم؛ خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەن، جەزرەبەم زۆر توندوتیژە.
(٨) مووسا گوتی: جا ئەگەر ئێوە و هەر کەسێ لەم عەردەیە ناسوپاس بن، خوا نیازی بە کەس نییە و هەر شیاوی تاریف کردنە.
(٩) ئاخۆ ئێوە دەنگوباسی ئەوانەتان نەبیستووە کە بەرلە ئێوە ژیاون؟ وەک هۆزی نووح و هۆزی عاد و سەموود و ئەوانەی لە دووی ئەوان بوون؛ کە خوا نەبێ، هیچ کەسی تر نایانزانێ. پێغەمبەرەکانی ئەوان بە بەڵگەی زۆر ئاشکراوە هاتنە لایان. گشتیان دەسیان خستە ناو دەمی خۆیان و گوتیان: ئێمە بەو شتانەی ڕاسپێراون باوەڕ ناکەین؛ لەوەش ئێمەی بۆ بانگ دەکەن، زۆر بە گومانین.
(١٠) پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئاخۆ ئێوە لە داهێنی عەرز و عاسمانان بە شکن؟ بانگتان دەکا تا لە گوناحانوو خۆش بێ و تا ماوەیەکی دیارکراو لێو ڕاوەستێ. گوتیان: ئێوە هەر بنیادەمە خۆمانەن؛ گەرەکتانە لەوانەی کە باب و کاڵمان دەیانپەرست، وەرمانگێڕن؟ سا هەر بەڵگەیێ پتەوتان لە جانتادا، پێن بنوێنن.
(١١) پێغەمبەرەکانیان وتیان: ئارێ ئێمەش بنیادەمێکین وەک ئێوە؛ بەڵام خودا لە هەر عەبدێکی خۆی حەز کا، بە چاکە دەیخوێنێتەوە؛ بۆ مە ناشێ هیچ بەڵگەیەکتان بۆ بێنین، مەگین خۆی ئیزنی لەسەر بێ. با هەرچی خاوەن باوەڕن، خۆیان بدەنە دەس خودا.
(١٢) جا چۆن ئێمە خۆمان بە خودا ناسپێرین، کە هەر بۆ خۆی ڕێگەی ڕاستی نیشان داوین؟ هەر ئازارێکیشمان بدەن، خۆڕادەگرین. با ئەوانەش خوا بە پشتیوان دەزانن، خۆیان بدەنە دەس خودا.
(١٣) ئەوانەی دژی خودا بوون، بە پێغەمبەرەکانیان گوت: ئێمە دیارە لەم سەرزەمینەی خۆمانتان وەدەر دەنێین، یان دێنەوە سەر ئایینەکەی خۆمان. پەروەرێنیان تێیگەیاندن: ئێمە ناهەقییکارەکان گەرەک قڕ کەین.
(١٤) لە پاش ئەوان لەم عەرزەدا ئێوەی لێ دادەمەزرێنین؛ ئەمەش لەمەڕ کەسانێکە کە لە پایەبەرزی من و لە هەڕەشەی من دەترسن.
(١٥) داوایان کرد خودا دەروێکیان لێ وەکا. هەر کەسێکیش کە ملهوڕ و لاسارێک بوو، ناهومێد بوو؛
(١٦) لە دواشیەوە جەهەندەمە و ئەشێ زووخاو بخواتەوە.
(١٧) فڕی دەکا بەڵام بە قێز و بێزەوە و لە گش لاوە مەرگی بۆ دێ کە ناشمرێ و جەزرەبەی هەرە بەژانیش بە دوایەوە.
(١٨) ئەوکەسانەی لە پەروەرێنەکەی خۆیان حاشادەکەن، نەقڵیان نەقڵی ئەو بوڵەیە کە لەرۆژی ڕەشەبادا بای لێ هەڵکا. لەوەش بەدەسیان هێناوە، ناتوانن بەهرەیەک ببەن. ئەمەیە لە ڕێ لادانێ کە زۆر لە ڕێ وەلا کەوتوون.
(١٩) تۆ نابینی خودای مەزن عاسمانەکان و زەمینی هەر بۆ ڕاستی چێ کردووە؟ ئەگەر خۆی مەیلی لەسەر بێ، ئێوە دەبا و سەرلەنوێ ئی تر چێ دەکا.
(٢٠) کە ئەم کارەش لەبەر خودا گران نییە.
(٢١) گشت لە گشتیان لە لای خودا کۆ دەبنەوە. کەم دەستەکان بە باغرەکانیان ئێژن: ئێمە پەیرەوی ئێوە بووین؛ ئاخۆ ئێوە پێتان دەکرێ لە سزادانی خودامان بپارێزن؟ ئێژن: ئەگەر خودا ئێمەی شارەزای ڕێ بکردایە، دیارە ئێمەش ئێوەمان

ڕەگەڵ خۆ دەخست. ئێستا بۆ هەموو لایەکمان - لەسەرخۆ بین یا بیکەین بە دادوهاوار - هیچ دەرەتانێک نەماوە.
(٢٢) لە پاش کارلەکارترازان، شەیتان دەڵێ: خوا بەڵێنی ڕاستی پێدان، منیش بەڵێنی خۆم پێدان؛ بەڵام درۆم دەگەڵ کردن. هیچ زۆرێکیشم بەسەرتانەوە نەبوو؛ غەیرەز ئەوە گازیم کردن، ئێوە بە دەنگمەوە هاتن. ئێوە سەرکۆنەی من مەکەن، سەرزەنشتی خۆتان بکەن؛ ناشتوانم دەفریاتان بێم؛ هەر وەک ئێوە ناتوانن بە فریام بگەن. لەمەش کە لە پێشوودا منتان بە شەریکی خوا زانی، حاشام هەیە. بێگومانە ئەوانەی ناهەقییکارن، ئازاری بەژانیان دەبێ.
(٢٣) ئەو کەسانەش کە پڕوایان بە خوا هەیە و ئاکارچاک بوون، بە ئیزنی پەروەرندەیان دەبرێنە ناوەند باغاتێک ڕووباریان بە بەردا دەڕوا و تاهەتایە لەوێ دەبن و هەر بە سەلام، خۆشی و بێشی لێکتر دەکەن.
(٢٤) نەودی خودا چلۆن مەسەل دێنێتەوە؟ قسەیەکی بە ڕێ و جێ، بە شەنگەدارێک دەشبهێ، ڕەگی قایم داکوتاوە و لقی لە تەشقی ئاسمانە.
(٢٥) بە ئیزنی ڕاهێنەرەکەی خۆی چوار فەسڵە میوەی دەبێ. خوا نەزیلان بۆ ئەوخەڵکە دێنێتەوە، بەشکوو پەندی لێ وەرگرن.
(٢٦) نەزیلەی قسەی نابەجێش وەکوو پنجێکی ناجسنە، کە لە زەمین هەڵکەنرا بێ و هەر خۆی نەگرێ.
(٢٧) خودا لە دنیا و سەڵادا، بە قسەی پتەو پڕواداران توندوقایم دەکاتەوە. ناهەقیکارانیش لە رێگە لا دەدا. خودا چۆنی بوێ دەیکا.
(٢٨) ئەدی نەت دی ئەو کەسانەی ناشوکریان لە بەرانبەر چاکەی خودادا کردەوە و گەلی خۆیان بەرەو هەڵدێری زۆر هەتەر ڕەتاندووە،
(٢٩) لە دۆژەها هەڵدەچۆقێن؛ پیسترین بنکەیان هەیە؟
(٣٠) هاوتاشیان بۆ خوا پڕیاردا، تا [خەڵکی] لە ڕێی کلا کەن. بێژە: جارێ خۆش ڕابوێرن! چارەنووستان ئاگر دەبێ.
(٣١) تۆ بە عەبدە باوەڕدارەکانم بێژە نوێژ بکەن و لەو بژیوەی بەشمان داون - پەنامەکی و بە ئاشکرا - خێرێ بکەن؛ بەرلەوە ئەو ڕۆژە دابێ کە نە کڕین و فرۆشتنێ لە گۆڕێیە و نە دۆستایەتی و هەواڵێ.
(٣٢) ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمینی داهێناوە و لە حەواوە ئاوێکی داباراندووە، بەروبووی بژیوی ئێوەی پێ دەڕوێنێ؛ گەمیەشی داوەتە دەستوو - کە هەر بە پێی فەرمانی ئەو - لە زەریادا بێت و بچێ و ئەم هەموو ڕووبارانەشی بۆ ڕام کردوون.
(٣٣) خۆر و هەیڤی بۆ ئێوە خستۆتە بەرکار؛ وەستان و وچانیان نییە. ئەم شەوگار و ڕۆژگارەشی هەر بۆ ئێوە دەستەمۆ کرد.
(٣٤) هەرچی لێتان خواستووە، پێی ڕەوا دیون. ئەگەر بێنە سەر ژماری چاکەی خودا، لە ژماردن دادەمێنن. بەڕاستی کە مرۆ گەلێ ناهەقییکار و سپڵەیە.
(٣٥) کاتێ کە ئیبراهیم گوتی: پەروەرندەم! هێمنایی بدە بەم شارە و من و زاروڵەکانیشم لە بتپەرستی دوورخەوە.
(٣٦) پەروەرندەم! ئەو بتانە خەڵکێ زۆریان لە ڕێ لادا؛ سا هەر کەسێ شوێن من کەوت، ئەو لە خۆمە؛ هەر کەسێکیش لێم یاخی بوو، ئەوسا ئەتۆ خەتا بەخشێ دلۆڤانی.

(٣٧) پەروەرندەی هەموو لامان! من لە ناو شیوێکی قاقڕ، لە پەنا ماڵی پیرۆزت، یەکێ لە زارۆڵەکانم جێ کردەوە. پەروەرێنمان! بۆ ئەوە کە نوێژان بکەن. دەسا تۆش کارێ وا بکە خەڵک بە دڵ خۆشی بوێن و لە بژیویش بەشیان بدە؛ شایەتا شوکری تۆ بکەن.
(٣٨) پەروەرێنمان! هەرچی نهێنی و ئاشکرای ئێمە هەبێ، تۆ دەیزانی و هەرچییەک هەیە - چ لە عەرز چ لە عاسمان - هیچی لە خودا گوم نابێ.
(٣٩) شوکرانە بۆ ئەو خودایە کە - بە پیری - ئیسماعیل و ئیسحاقی بە من بەخشیوە. پەروەرندەم نزای نزاکار دەبیسێ.
(٤٠) پەروەرندەم! کارێ بکە منیش و فرزەندانیشم سوور بین لە سەر نوێژ خوێندنێ. پەروەرێنمان! دوعایەکەم قبووڵ بکە.
(٤١) پەروەرێنمان! ڕۆژی ژمار کە دامەزرا، لە منیش و دای و بابم و هەموو خاوەن باوەڕانی دیکەش خۆش بە.
(٤٢) پێت وانەبێ خودا لە کردەی زاڵمان بێ ئاگایە؛ بەڵام دەیانهێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە لەویدا هەموو چاو مۆلەق دەوەستن.
(٤٣) لە ترسانا بەلەز دەچن؛ سەروگەردنیان ڕەق بووە؛ چاوەکانیان ناترووکێنن و دڵیان بەتاڵ و حەتاڵە.
(٤٤) هەڕەشە لەو خەڵکە بکە، لەو ڕۆژە کە جزیا دەدرێن. ناهەقکاران ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! تۆ هەر کەمێک مۆڵەتن دە هەتا بە دەنگتەوە بین و وەشوێن پێغەمبەران کەوین. ئاخر هەر بۆ خۆتان نەبوون کە لە پێشوو سوێندوو دەخوارد، کە هەرگیز لە بەین ناچن؟
(٤٥) هەر چوونە جێگەی ئەوانەش کە ناهەقییان لەخۆ دەکرد و تێش گەیشتن کە چیمان بەسەر وان هێنا و زۆر نەزیلەشمان بۆ گوتوون.
(٤٦) مەکری خۆیان دەکار هێنا و مەکرەکەشیان لە خواوە بوو؛ هەر چەند ئەو مەکرەی ئەو کردیان، چیاشیان پێ هەڵدەتەکان.
(٤٧) پێت وانەبێ خوا لەو بەڵێنانەی کە بە پێغەمبەرانی خۆی داوە، هیچگا پاشگەز دەبێتەوە. خودا خاوەن دەستەڵاتی تۆڵەستێنە.
(٤٨) ڕۆژێ زەمین دەگۆڕدرێت و دەبێتە زەمینێکی تر؛ ئاسمانەکانیش هەروەها؛ ئەوسا هەموو دێنە بەر بارەگای خودای تاک و تەنیا و زاڵ بەسەر هەموو شتێکا.
(٤٩) ئەوێ ڕۆژێ تاوانبارەکان دەبینی بە زەنجیر جەلە کراون.
(٥٠) پۆشاکیان قەترانی ڕەشە و ڕوویان ئاگر دای پۆشیوە.
(٥١) هەتا خودا هەر کەسێکی - بە گوێرەی ئاکارێ کردی - جزیا بدا. خودا - بەلەز - بە گش حیسابان ڕادەگا.
(٥٢) ئەمە جارێکە بۆ مەردم تا بەو بۆنەوە بترسن و بیشیزانن کە ئەو خوایەکی یەکتایە و تا خاوەن ئاوەزەکانیش ئامۆژگاری لێ وەرگرن.

حیجر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، ڕا. ئەمانە بەڵگە و نیشانەی ئەم کتێبەن کە قورئانە و چاک و خراپ نیشان دەدا.
(٢) هیچ دوور نییە ئەوانەی خودانەناسن، ڕۆژێ بێژن: خۆزی موسوڵمان بووینایە.
(٣) لێیان گەڕێ بخۆن و خۆش ڕابوێرن و ئارەزوو سەرگەرمیان بکا؛ زۆر ناخایەنێ دەزانن.
(٤) ئێمە خەڵکی هیچ شارێکمان تیوونا نەکرد، مەگین پێشان دیاردەیەکیان بۆ نووسرابێ.
(٥) هیچ تیرەیەک بەر لە رۆژی خۆی نامرێ و هەرگیز وەپاشیش ناخرێ.
(٦) وتیشیان: کاورای کە ئەوشی «ئەم قورعانە بۆ من بە خەڵات هاتووە»، بەڕاستی تۆ پیاوێ لیوەی.
(٧) ئەگەر قسەکانت ڕاستن، دەی بۆ فریشتەکان ناهێنی بۆ لامان؟
(٨) ئێمە فریشتە نانێرین مەگین بە هەق؛ جا ئیتریش قان نادرێن.
(٩) مە خۆمان ئەم قورعانەمان ناردۆتە خوار، هەر ئێمەشین دەیپارێزین.
(١٠) بەرلە تۆش پێغەمبەرانمان ناردۆتە ناو کۆمەڵەکانی پێشوونە.
(١١) هیچ پێغەمبەرێک نەهات بۆ لایان مەگەر، دایانە بەر گاڵتە و تەشەر.
(١٢) ئەمەش ئێمەین کە دەیخەینە دڵی تاوانبارانەوە.
(١٣) بڕوایە بە مە ناهێنن و شێوەی پێشینەکانیشیان هەر وابووگە.
(١٤) تەنانەت ئەگەر دەرکێکیان لەم ئاسمانە بۆ بکەینەوە و خەریکی سەرکەوتنێ بن،
(١٥) بێ شک ئێژن: ئێمە چاومان بەستراوە و دیارە جادوومان لێکراوە.
(١٦) لەم ئاسمانە چەند برجێکمان هەڵناوە و خەملاندوومانە بۆ ئەوانەی سەیرێ دەکەن.
(١٧) ئەوانەشمان لە گش شەیتانێکی تڕۆکراو پاراست.
(١٨) مەگین ئەوەی کوڵە دەکا؛ کە ئاگرێکی ڕووناک ڕاوی دەنێ.
(١٩) زەویشمان کردە ڕایەخ و کێواتیشمان هاویشتە ناو. هەموو جۆرە ڕووەکێکمان بە تەکووزی تیا ڕرواند.
(٢٠) مایەی گوزەرانی ئێوە و بوونەوەرانی جیا لەنگۆ - کە ئێوە بژیویان نادەن - لەوێدا پێکمان هێناوە.
(٢١) گەنجینەی هەموو شتێکیش لای ئێمەیە و ئەوەشمان هەر بە ئەندازەی دیاری کراو ناردۆتە خوار.
(٢٢) بامان ناردن ئاوس بکەن؛ لەو هەواشە ئاومان هەنارد و ئێوەمان پێ تێراو کرد. ناشتوانن ئەو ئاوە لە لای خۆ ڕاگرن.
(٢٣) هەرخۆمانین گیان بەخشین و گیان ئەستێنین؛ ئێمەش میراتبەری هەمووین.
(٢٤) ئاگادارین لەوانەی بەرلە ئێوە بوون. دەشزانین کێن ئەوانی لە دوای ئێوە دێن.
(٢٥) پەروەرندەت هەموویان کۆ دەکاتەوە، هەر خۆی کارزان و زانایە.
(٢٦) ئێمە مرۆمان دروست کرد، لە قوڕە ڕەشەی بۆگەنیوی ڕەق هەڵاتوو.

(٢٧) لەمەوبەریش جنۆکەمان ئافراندووە، لە ئاگرێکی بەهاڵاو.
(٢٨) کاتێ پەروەرندەت بە فریشتانی گوت: وا من مرۆم لە قورە ڕەشەی بۆگەنیوی وشکەڵاتوو چێ کردووە؛
(٢٩) هەرگا ڕێک و پێکم کرد و لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد، ئێوە بۆ سوژدە بۆ بردن داوەرنەوە و دەمەوڕوو بن.
(٣٠) فریشتە گش سوژدەیان برد؛
(٣١) مەگین ئیبلیس، ملی نەدا دەگەڵ سوژدەبەرەکان بێ.
(٣٢) گوتی: ئەی ئیبلیس! تۆ چیتە، دەگەڵ ئەم سوژدەبەرانە سوژدە نابەی؟
(٣٣) گوتی: من چۆن سوژدە دەبەم بۆ مرۆیەک، لە قورە ڕەشەی بۆگەنیوی ڕەق هەڵاتووت چێ کردووە؟
(٣٤) گوتی: سا لێرە دەرکەوە، تۆ [لە لای من] دەرکراوی.
(٣٥) نفرەی خودا لەسەر تۆیە، تا ڕۆژی پێ ڕاگەیشتن.
(٣٦) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! مەودام بدە تا ڕۆژێ زیندوو دەبنەوە.
(٣٧) گوتی: بڕۆ، تۆ لە مۆڵەت دراوانی؛
(٣٨) هەتا وەختی دیاری کراو.
(٣٩) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! هەر چونکە تۆ گومڕات کردم، لە ڕووی زەمین خراپەیان وەها لەبەر دەخەملێنم، گشتیان لە ڕێ هەڵە دەکەم؛
(٤٠) مەگین عەبدە دڵ و دەروون پاکەکانت.
(٤١) گوتی: ئەمە ڕێگەی ڕاسی بەرەو منە.
(٤٢) عەبدانی من - جیا لەوانەی شوێن تۆ کەوتوون و گومڕا بوون - لەوانە نین تۆ بتوانی دەرۆستیان بێی.
(٤٣) جەحەندەمیش جێژوانێکی هەمووانییەو،
(٤٤) حەو درگای هەس. بۆ هەر درگایەک لەمانە پاژێکی لێ بەش کراوە.
(٤٥) پارێزگاران لە باغات و کانیاوانن.
(٤٦) بچنە ژوورە و بە هێمنی و خاترجەمی.
(٤٧) هەر کینەیەک لە سینەیان بوو، دان ماڵی. دەبنە براو لە بان تەختان هەموویان هەمبەر بە یەکن.
(٤٨) لەوێدا نەماندوو بوونە و نە هەرگیز لێی دەردەکەون.
(٤٩) خەوەر بدە بە عەبدانم، کە هەر خۆمم لە گوناهان دەبوورم و دلۆڤانم.
(٥٠) جەزرەبەشم زۆر بەژانە.
(٥١) باس و خواسی میوانانی ئیبڕاهیمیشیان بۆ بێژە.
(٥٢) کاتێ لێی چوونە ژوورەوە و گوتیان: سەلام. گوتی مە لێتان دەترسین.
(٥٣) گوتیان: ترست ڕێ نەنیشێ؛ ئێمە مزگێنیت ئەدەینێ تۆ کوڕی زۆر زانت دەبێ.
(٥٤) گوتی: منێکی هێندە پیر، بە چیم مزگێنی دەدەنێ؟
(٥٥) گوتیان: ئەو مژدەی پێماندای، ڕاستە و دەبێ و لە هەیڤی بڕاوان مەبە.
(٥٦) گوتی: کێ لە بەزەیی خودا بێ هومێدە، مەگین لە ڕێ لادەرەکان؟
(٥٧) گوتی: ئێوە ڕاسپاردەکان! کارتان چییە؟
(٥٨) گوتیان: ئێمە بۆ سەر گەلێکی تاوانبار ناردراوین.
(٥٩) مەگین خاوخێزانی لووت، کە هەمویان ڕزگار دەکەین.
(٦٠) غەیرەز ژنی، کە بڕیارمان داوە دەبێ جێ بمێنێ.

(٦١) کاتێ کە ڕاسپاردەکان بوونە میوانی ماڵی لووت،
(٦٢) گوتی: ئێوە کەسانێکن ناتان ناسین.
(٦٣) گوتیان: بەڵام ئێمە شتێکمان هێناوە، کە ئەوانە لێی دوودڵ بوون.
(٦٤) ڕاستیمان بۆ تۆ هێناوە و ئێمە دیارە درۆ ناکەین.
(٦٥) کە چەند بەتلێک لە شەو بووری، تۆ خاوخێزانت بەرە و، خۆت لە دوایان وەڕێ کەوە. کەسیش ئاوڕ نەداتەوە، بۆ کوێتان ڕێ نیشان دەدرێ، بۆ وێ بچن.
(٦٦) نووک و بەدی کارەکەمان لە پێش دانا؛ کە لە دەمی بەیان بەر بوون ئەمانە دواپراو دەبن.
(٦٧) خەڵکی شاریش - وەهەلهەلە کێشانەوە - پەیایان بوو.
(٦٨) گوتی: ئەوانە میوانمن، ڕوو زەردی ئەوانەم مەکەن.
(٦٩) ترستان لە خودا هەبێ و ئاپڕووم مەبەن.
(٧٠) گوتیان: ئەدی پێن نەوتووی نابێ کەس تخوونت کەوێ؟
(٧١) گوتی: ئەوا کیژەکانم، چیتان دەوێ وەرن دەگەڵ وانی بکەن.
(٧٢) دەبەگیانی خۆت سوێندە کە، ئەوانە لەبەر سەرخۆشی، سەرگەردان بوون.
(٧٣) دەگەڵ گزینگی هەتاوێ شریخە و گرمە گرتنی.
(٧٤) هەمووما ژێروروو کرد و بارانێکمان لە کەستەکێ - کە ببووە بەرد - لەسەر ئەمانە داباراند.
(٧٥) بەراستی لەم ڕوووداوەدا زۆر بەڵگە هەن بۆ ئەوانەی کە وشیارن.
(٧٦) ئێستاش شوێنەواری ئەوان لەسەر ڕێکی ئاوەدانە.
(٧٧) ئا لەمەدا نیشان زۆرن بۆ ئەوانەی بەباوەڕن.
(٧٨) خاوەنانی بێشە و داریش هەروا لەسەر ناهەقی بوون.
(٧٩) تۆڵەن لەوانیش کردەوە؛ کە هەر دووکیان وان لەسەر کاروانەڕێیە.
(٨٠) خەڵکی «حیجر» یش پێغەمبەرەکانی خۆیان بە درۆزن لە قەڵەم دا.
(٨١) نیشانەی خۆشمان بۆ ناردن، کە هیچیان لێ نەسەلماندن.
(٨٢) لە کاواندا خانووگەلێکیان دەتاشی، هەتا لێیان ئارخەیان بن.
(٨٣) تا لەبەرە بەیانێکدا شریخە و گرمە گرتنی.
(٨٤) هەرچی پەیدایان کردبوو هیچ بەهرەیەکی بۆ نەدان.
(٨٥) ئاسمانەکان و زەوین و هەرچی لە ناو ئەو دووانەیە، بۆ ڕاستیمان وەدی هێنان. ڕۆژی قیامەتیش هەر دادێ؛ سا تۆ گەرەک چاوپۆشی بکە بە پیشە و چاوپۆشیت بێ گازندە بێ.
(٨٦) بێ گومان بە، هەر پەروەرندەت وەدی هێنی زانایە.
(٨٧) ئێمە حەو نیشانەکانی فاتیحامان داوە بە تۆ و قورئانی گەورەش هەروەتر.
(٨٨) چاوت مەدە سەر ئەو شتەی کە داومانە بە دەستەگەلێ لەوانە و خەمیان مەخۆ؛ تۆ هەر باوەڕدارەکان بخە ژێر باڵت.
(٨٩) بێژە: من ترسێنەری ڕوون کەرەوەم.
(٩٠) هەروەک ئەوەی هەناردمان بۆ بەشکەرەکان؛
(٩١) ئەو کەسانەی قورئانیان دابەش دابەش کرد.
(٩٢) سوێندەکە بە پەروەرندەت، لە هەمووان دەپرسینەوە.
(٩٣) بۆ ئەو کارانەی دەیانکرد.
(٩٤) هەر فەرمانێک بە تۆ دەدرێ، ئاشکرای کە و لە بتپەرستان واز بێنە.
(٩٥) ئەو کەسانەی گاڵتەی خۆیان بە تۆ دەکرد، ئێمە لێخەتمان کردنەوە.

(٩٦) ئەو کەسانەی - وێڕای خودا - شتی تریش دەپەرستن، لە دواییدا لێی تێدەگەن.
(٩٧) ئێمە ئاگامان لێ هەیە کە تۆ لە گفتی ئەمانە دڵتەنگ دەبی.
(٩٨) سا هەر شوکری پەروەرندەی خۆت لە بیر بێ و لە ڕێزەی سوژدەبەران بە.
(٩٩) پەروەرندەت بپەرستە تا ئەو کاتەی کە شتە بێ گومانەکەت لێ ڕوودەدا.

نەحل

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەوا فەرمانی خودا هات، پەلەی مەکەن. خودا پاکە و گەلێک لەوە بەرزترە کە بێژن هاوکاری هەیە.
(٢) فرشتەکان وێڕای وەڵامەکانی ئەو - بەپێی فەرمانێ کە ئەیدا - دەنێرێتە خوارێ بۆ لای هەر کەسێ لە عەبدەکانی کە خۆی حەز کا؛ گەفان لە خەڵکەکە بکەن کە: هیچ شتێ شیاوی پەرستنێ نییە جگە لە خۆم؛ دەبێ هەر لە خۆم بترسن.
(٣) ئەم عاسمانانە و زەوینەی هەر بۆ ڕاستی داهێناوە. بەرزترە و دوورە لەوەی ئەوان دەیکەن بە شەریکی.
(٤) بنیادەمی لە تنۆکێک بەرهەم هێنا؛ کەچی بۆتە دوژمنێکی بە ئاشکرا.
(٥) وڵساتیشی هەر بۆ ئێوە بەرهەم هێنا، کە گەرمایی و بەهرەیان بۆ ئێوە تێدا و لێشیان دەخۆن.
(٦) لاتان جوان و ڕازاوەن، کاتێک دەیانبەن بۆ لەوەڕ و کاتێکیش دەیانهێننەوە.
(٧) گرانبارتان ڕادەگوێزێ بۆجێگەی وا کە بۆ ئێوە زۆر دژوار دەبوو بیگەنێ.
پەروەرندەت زۆر دڵسۆز و دلۆڤانە.
(٨) ئەسپ و ئێستر و کەریشی، هەم بۆ سواری هەم بۆ خۆ بە جوان ڕانانی ئێوە چێ کرد. شتی وەهاش دروس دەکا کە نایزانن.
(٩) خودا هەر هێندەی لەسەرە ڕێگەی ڕاست دەست نیشان بکا. ڕێگەی خێچ و خواریش هەیە. ئەگەر بۆ خۆی بیویستبا، هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستەڕێیە.
(١٠) هەر خۆیەسی لەم حەوایە ئاوێکی بۆ داباراندن کە ئێوە لێی ڤەدەخۆن و ڕووەکیشی پێ شین دەبێ و لەو ڕووەکە، وڵساتەکانوو دەچەرن.
(١١) هەر بەو ئاوە چاندەمەنی و زەیتوون و ڕەز و دارخورماو بۆ دەڕوێنێ و گش بەروبۆتان پێدەدا. ئەمە زۆر بەڵگەی تێدایە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.
(١٢) شەو و ڕۆژی بۆ ڕام کردن؛ هەیڤ و خۆر و گش هەسارەش ملکەچی فەرمانی ئەون. لەمەشدا زۆر نیشانە هەن بۆ کەسانێ کە تێدەگەن.
(١٣) لەم زەمینەش گەلێ شتی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ئێوە وەدی هێناوە؛ لەمەدا نیشانە هەیە بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.
(١٤) هەر ئەویشە زەریای خستۆتە بەردەستوو کە گۆشتی تازەی لێ بخۆن؛ خشڵیشی لێی بێننە دەرێ و بە خۆتانیەوە هەڵواسن. ئەوا دەبینی کە گەمیەش سنگی دەریا دەقەڵێشن؛ تا چاکەی ئەوتان دەس کەوێ و بەشکوو شوکرانە بژێر بن.

(١٥) کێوە هەڵەمووتەکانی لەم زەمینە کردە لەنگەر، هەتا ئێوە نەلەرزێنێ و چۆم و ڕێبازیشی شاندان، تا ئێوە ڕێو بدۆزنەوە.
(١٦) نیشانەگەل دیکەش هەن و بە ئەستێرەش ڕێ دەردەکەن.
(١٧) ئاخۆ کەسێ لە چێ کردنێ وەستایە، چلۆن وەک ئەو کەسە وایە، لەو بارە چی لە دەس نایە؟ ئاخۆ ئێوە پەند ناگرن؟
(١٨) ئەگەر هەرچی چاکەی خودایە بژمێرن، لە ژماردن دواییو نایە. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٩) هەر شتێکی وەیشێرن و هەرچی ئاشکراشی بکەن، خودا دەیزانێ.
(٢٠) ئەو شتانەش کە هانایان پێ دەبەن و غەیرەز خودان، لیان نایە هیچ دروس کەن؛ هەر بۆ خۆشیان دروس دەکرێن.
(٢١) مردووێکن گیانیان بە بەردا نەکراوە؛ هەستیش ناکەن کەنگێ زیندوو دەکرێنەوە.
(٢٢) خودای ئێوە هەر یەکێکە. ئەو کەسانەی پڕوایان بە دواڕۆژ نییە، دڵەکانیان دژباوەڕن و خۆشیان هەر بە زل دەزانن.
(٢٣) بێ گومانە خوا دەزانێ چی لە خودا دەشارنەوە و چی دەردەخەن. خودا لە خۆبەزل زانان خۆشی نایە.
(٢٤) هەرگایەکی لێیان پرسی: پەروەرێنتان کام مەبەستی ناردۆتە خوار؟ ئێژن: چیرۆکی پێشینان.
(٢٥) دەسا با ڕۆژی قیامەت باری تاوانی خۆیان و ئەو کەسانەش هەڵگرن کە بە بێ زانست، ئەوان لە ڕێان لا دەدەن؛ ئای چەند بارێ نالەبارە!
(٢٦) ڕاستت دەوێ ئەوی ئەوی لە پێش ئەمانەش بوون، دەهۆباز بوون. خودا دام و دەزگایانی لە هیمەوە هەڵتەکاند و میچیشیان بەسەردا ڕما و لە شوێنێکەوە ئازاریان بۆ داباری، کە هەر هەستیشیان پێ نەکرد.
(٢٧) پاشان لە ڕۆژی سەڵاشدا ئاپرویان پێوەناهێڵێ و دەڵێ: لەکوێن ئەو شەریکانەم کە ئێوە کێشەتان لەسەردەکردن؟ ئەوانەی ئەهلی زانستن، ئێژن: ئەمرۆ ئاپرووچوون و بەدبەختی خوانەناسانە.
(٢٨) ئەو کەسانەی کە پێ مێردی خودا گیانیان لێ دەستێنێ و ستەمیان لە خۆ کردووە، مل ڕادەکێشن و ئێژن: چی خراپن نەکردووە؛ بەڵێ، خودا خۆی دەزانێ کە ئێوە ئاکاروو چۆن بوو.
(٢٩) سا لە دەرگای دۆژەهەوە بچنە ئەودیو، تاهەتایە هەر لەوێ بن. ئای کە جێی بادی هەوایان ناهەموارە.
(٣٠) لە پارێزگاران دەپرسن: پەروەرندەو چی بە خەڵات نارده خوارێ؟ ئێژن: هەرچی هەرە باشە. بۆ ئەوانەی لە دنیا خاوەن چاکە بوون، چاکە هەیە و دیارە بارەگای ئەو دنیاش باشترە و ئای کە ماڵی لە خوداترسان چەند خۆشە!
(٣١) دەڕۆنە ناو باغاتێکی وا کە هەرگیز لە بەین ناچێ؛ جۆباریان بەبەردا دەڕوا؛ چی ئارەزوو کەن تیایە. خودا ئاواینە پاداشی خۆپارێزان دەداتەوە.
(٣٢) ئەو کەسانەی فرشتە گیانیان دەکێشێ و چاک و پاک لە دنیا دەڕۆن؛ ئێژن: سڵامی خواو لێ بێ و لەباتی کردەوەکانتان دە بچنە ناو بەهەشتەوە.
(٣٣) ئاخۆ ئەو خوانەناسانە غەیرەز ئەوە کە فریشتان بێنە لایان، یان فەرمانی پەروەرندەتیان پێ بگا، چاوەنۆڕێکی تریان هەس؟ پێشینەکانی ئەمانەش هەر ئەم

ئاکارەیان هەبوو. خوا ناهەقیی لێ نەکردن؛ بەڵام هەر خۆیان ناهەقییان لە خۆیان کرد.
(٣٤) سزای ئاکاری خراپیان هاتە ڕێیان؛ ئەو شتەی گاڵتەجاریان بوو ئابلۆقەی دان.
(٣٥) ئەو کەسانەی شەریکیان بۆ خوا پەیدا کرد، گوتیان: ئەر خوا مەیلی لێ با، نە ئێمە و نە باب و کاڵمان، غەیرەز خۆی چن نەدەپەرست؛ هیچمان بێ فەرمانی ئەومان بە ناڕەوا نەدەزانی. ڕابردووەکانی ئەوانەش هەر ولۆبوون. پێغەمبەران جگە لە ڕاگەیاندنی بە ئاشکرا، چی دیکەیان لەسەر هەیە؟
(٣٦) بۆ ناو هەموو کۆمەڵەیەک پێغەمبەرێکمان بەڕێ کرد، کە خودا بپەرستن و لە شەیتان دوورەپەرێز بن. بازێ لەوان خودا خۆی شارەزای کردن؛ هێندێکیشیان گومڕایی بە بەژنیان بڕا. دە لەسەر ئەرز بگەڕێن و تواشا کەن چارەنووسی پێغەمبەر بە درۆزن زانان بە کوێ گەیشت.
(٣٧) هەرچەندە هەوڵ بۆ شارەزابوونیان بدەی، گومڕایەکان، خوا ڕێگەیان نیشان نادا و کەسیش دەهانایان نایە.
(٣٨) بە سوێندەوە ڕەش بوونەوە، کە: وەخودا، خودا کەسێکی کە دەمرێ، تازە زیندووی ناکاتەوە. هەر بەڵێنێ خودا بیدا، هەر دێتە جێ؛ بەڵام زۆربەی ئەو مەردمە دەوەناگەن.
(٣٩) تاکوو خودا ئەو شتەی وا ئەوان کێشەیان لەسەر کرد، ئاشکرا کا و با خوانەناسان تێبگەن کەئەوان درۆیان دەکرد.
(٤٠) مە هەرچییەک بمانەوێ پەیدا ببێ، هەر هێندەیە کە پێی بێژین: ببە؛ دەبێ.
(٤١) ئەو کەسانەی لەبەر زوڵمێ تەرەبوون و ئاوارەی ڕاهی خودا بوون، لەم دنیایە جێگەیێ باشیان ئەدەینێ و ئەگەر بۆ خۆیان بیزانن، پاداشی ئەولاش باشترە.
(٤٢) ئەو کەسانەی خۆڕاگر بوون و خۆیان هەر بە خودا ئەسپارد.
(٤٣) لە پێش تۆشدا هەر کەسێکمان بە پێغەمبەری ناردووە - ئیللان و بیللان - پیاو بووە و بە فرشتەدا فەرمانی خۆمان بۆ ناردوون. ئەگەر ئێوە نەوزانیوە، سا لەو کەسانە بپرسن، کە کتێبیان خوێندۆتەوە.
(٤٤) بە بەڵگە و نیشانانەوە و بە پەڕەنووسراوانەوە [ئەوانمان نارد]. وا بۆ تۆش ئەم کتێبەن نارد. تا خەڵکی لێ تێبگەیێنی شایەتا بیر بکەنەوە.
(٤٥) ئاخۆ ئەوانەی بە فێڵبازی خەریکی بەدفەڕی بوون، ئارخەیانن کە خوا نوقمی عەرزیان ناکا، یان لە شوێنێکەوە - کە هەر بیریشی لێ ناکەنەوە - ئازارێکیان بۆ نابارێ؟
(٤٦) یان لە ڕێی هاتوچۆیاندا دەگیریان خا و نەتوانن خۆیان دەرباز کەن؟
(٤٧) یان کاتێ کە تووشی ترسن، بیانگرێ؟ سا هەر پەروەرندەی تۆیە وا دڵسۆز و دلۆڤانە.
(٤٨) داخوم بە چاو نەیاندیگە، کە هەرچێ خوا دایهاوردگە، سێوەریان بە ڕاس و چەپا - بە ملکەچی - سوژدە بەرەو خوا ئەوەن؟
(٤٩) هەرچی لە ناو ئاسمانان و هەرچی لە ناو زەویندا بزاوی هەیە و فریشتانیش، سوژدە بۆ خودا دەبەن و باغریش نین.
(٥٠) ترسیان هەیە لە پەروەرندەی بان سەریان؛ هەر فەرمانێکی بۆیان بێ، بە جێی دێنن.

(٥١) خوا وتوویە: با دوو پەرستووتان نەبێ، پەرستوو تەنیا یەکێکە و ئەشێ هەر لە من بترسن.
(٥٢) هەرچیش لە ئاسمانەکان و زەویندا هەن، هەر هی ئەون و دینی هەمیشەییش هەر تایبەتی ئەوە. ئاخۆ دەبێ لە غەیرەز خودا بترسن؟
(٥٣) هەر بەهرەیەک ڕوو تێدەکا لە خواوەیە؛ پاشان ئەگەر چورتمێکیشتان بەسەر دێ، بەرەو ئەو دەلالێنەوە.
(٥٤) لە دوای ئەوە بەڵاشی لەسەر لابردن، هێشتا کۆمەڵێک لە ئێوە شەریک بۆ پەروەرندەی خۆ پەیدا دەکەن.
(٥٥) هەر تا هەرچی پێمان داون حاشای لێ بکەن. سا ڕای بوێرن، زۆر ناخایەنێ تێدەگەن.
(٥٦) لەو بژیوەش کەپێمان دان، بەشێکی دەدەن بەوانەی کە هیچ قازانج و زیانیان لێ نابینن. سوێند بە خودا، لەسەر درۆ هەڵبەستنوو لێ پرسینەوەتان دەبێ.
(٥٧) کیژان بۆ خودا دادەنێن - کە ئەو لەو شتانە پاکە - بۆ خۆشیان چی ئارەزوو کەن.
(٥٨) هەر کاتێکیش مژدەی کچێ بۆ یەکێک لەمانە بچێ، ڕوخساری ڕەش هەڵدەگەڕێ و لەبەر خۆی پیش دەخواتەوە.
(٥٩) لە مەینەتی ئەو هەواڵەی پێیدراوە، لە هۆزی خۆی تەرە دەبێ؛ ئاخۆ بە سووکایەتی بە خێوی بکا، یان دەناخی ئاخی ڕاکا؟ ئای چەند خراپ پێ ڕادەگەن!
(٦٠) ئەم کردەوە خراپانە هی وانەیە، کە باوەڕیان بە ڕۆژی سەلایە نییە. نموونەی باشترین ئاکار، لای خودایە و هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٦١) ئەگەر مەردم لەسەر ناهەقی کردنیان خوداگیر بان، لەم سەرهەدە جووقەواریان لێ پرا بوو؛ بەڵام دەیانهێڵێتەوە هەتا ڕۆژی دیاری کراو؛ ئەگەر ئەو دەمەش وەختی هات، نە تاوێک وەپێشیان دەخا، نە دەشکرێ بمێننەوە.
(٦٢) هەر شتێ پەسندی ناکەن، لایان وایە هی خودایە؛ زمانی فێرە درۆشیان چاکەی دەداتە پاڵ خۆیان. بێ گومانە بەشی ئەمانە ئاگرە و بۆ لای ئەوەش دەدرێنە بەر.
(٦٣) سوێند بە خودا، بەرلە تۆش پێغەمبەرانمان بۆ سەر گەلان بەڕێ کردن. شەیتان کردەوەکانیانی بۆ خەملاندن؛ کەوا ئەمرۆش دۆستی نزیکی ئەمانە، هەر شەیتانە و بەشیان ئازاری بەژانە.
(٦٤) هەر بۆیە ئەم کتێبەمان ئەڕای تۆ هەناردە بەرۆ، کە بەکێشەی نێوان ئەمانە ڕابگەی و ڕێشاندەر و بەزەیی بێ بۆ کەسانی خاوەن باوەڕ.
(٦٥) خوا ئاوی لە حەوایەوە داباراند؛ زەوی مردووی پێ ژیاندەوە. کە لەمەدا بۆ ئەوانەی گوێ بیس دەبن، نیشانەیە.
(٦٦) لە وڵساتیشا بۆ ئێوە پەندێک هەیە: لە ناو سکیان، لە نێوانی ڕیخ و خوێنڕا، شیرێکی پاک و ڕەوانوو دەرخوارد ئەدەین، بۆ ئەوانەی وەخۆرەوەن گۆارایە.
(٦٧) لە بەرهەمی دارەخورما و ڕەزەکانیش، سەرخۆش کەرە و بژیوی باش ڕەنێو دێنن. لەمەشدا نیشانە هەیە بۆ ئەو کەسانەی تێدەگەن.
(٦٨) خوا مێشەنگوینی ڕائەسپارد، کە: لە کاوان و داران و ئەو شوێنی هەڵیدەبەستن، شوێنی ژینی خۆت هەڵبەستە.

(٦٩) پاشان لە گش بەروبوو بژیوت بمژە؛ ئیتر - بە ملکەچی - ڕێگەی ڕاهێنەری خۆت بگرەبەر. لە دەروونی تراوێکی هەمەڕەنگە دێتە دەرێ؛ مفای بۆ مەردم تێدایە؛ کە لەمەشدا بۆ کەسانێ ڕادەمێنن، نیشانەیە.
(٧٠) خودا ئێوەی هەر لە نەبوو دروس کرد و پاشان گیانوو لێ دەستێنێ. تێتاندایە دەبێتە پیری زەمینگیر، تا لەپاش زانینی زۆر شت هیچ شتی لە بیر نەمێنێ. خودا زانایە و توانایە.
(٧١) خودا ڕۆزی هێندێکتانی لە هێندێکان پتر داوە. ئەوی پتریان پێدراوە، بەشی ژێردەستانی خۆیان نادەنەوە؛ کە لەوەشدا وەکوو یەکن. ئاخۆ ئێوە لە بەهرەی خوا حاشا دەکەن؟
(٧٢) خودا هەر لە جسنی خۆتان جووتەی دانێ؛ لە هاوجووتان کوڕ و نەوەی پێ بەخشیون و ڕۆزی پەسندی پێداون. چۆن پڕوایان بەو هیچ و پووچانە هەیە و لە بەهرەی خوا حاشا دەکەن؟
(٧٣) غەیرەز خودا، شتی وەها دەپەرستن کە لە ناو عەرز و عاسماندا هیچ بژیوێ شک نابەن کە بیاندەنێ و هەر ناشتوانن.
(٧٤) ئێوە نەزیلان بۆ خودا مەهێننەوە؛ خودا هەموو شت دەزانێ و ئێوەن کە هیچێک نەزانن.
(٧٥) خوا نەزیلێک دێنێتەوە: بەنیەک هەیە هیچ کارێکی لە دەس نایە؛ کەسێکیش هەس بژیوی باشمان داوەتێ، بە نهێنی و بە ئاشکرا بەختی دەکا؛ ئاخۆ وەکوو یەک دێنەوە؟ سوپاس هەر شایانی خوایە؛ بەڵام زۆربەیان نەزانن.
(٧٦) ئەمەش بە نەزیلە دێنێ: دوو مرۆ هەن؛ یەکیان لاڵە و هیچ کارێکی لە دەس نایە و سەرباری ئاغای خۆیەتی و بۆ هەر کوێەکی بینێرێ، هیچ بەهرە ناهێنێتەوە؛ لەل ئەو کەسەی فەرمان بۆ یەکسانی دەدا و خۆیشی لەسەر ڕاستەڕێیە، چۆن چون یەکن؟
(٧٧) هەر پیوارێ لە ئەرز و ئاسماناندایە، بۆ خودایە. هاتنی ڕۆژی سەڵایەش وەک چاوترووکانێ وایە؛ یا نزیکتر. خوا هێزی بەسەر هەموو شتدا دەشکێ.
(٧٨) خودا ئێوەی لە پزدانی دایکتانەوە وەدەرخست؛ کەچی هیچوو نەدەزانی. چاو و گوێچکە و دڵی دانێ، بەشکوو شوکرانەبژێر بن.
(٧٩) ئاخۆ پەلەوەر نابینن، کە لە تەشقی عاسمانێ ڕام کراون؟ غەیرەز خوا کێ ڕایاندەگرێ؟ کە لەمەدا نیشانەن بۆ باوەڕداران.
(٨٠) خودا خانووی بۆ چێ کردوون کە تێاندا بسێنەوە. ئەنواشی لە پێستی وڵسات بۆ ساز داون کە لە ڕۆژی کۆچ کردنا و لە کاتی مانەوەشتانا، سووک بێ بۆتان. لە هریش و لواو موویان، کەل پەلی پێویستی ماڵ و کاڵا هەیە لە ماوەی گوزەرانوودا.
(٨١) خوا لەوەی خوڵقاندوویەتی، نسێ زۆری بۆ ئێوە وەدی هێناوە و لە کێوانیش پەسیوی بۆ چێ کردوون و جل و بەرگێکیشی بۆتان ساز داوە کە لە کاتی شەڕ و گەرمادا دەوپارێزێ. ئاوا خودا بەهرەگەلی خۆی بۆ ئێوە تەواو دەکا؛ بەڵکوو گوێ بە فەرمانی بن.
(٨٢) ئەگەر هەر ڕوویان وەرچەرخاند، ڕاگەیاندنی ئاشکرا، لەسەر تۆیە و هیچی تر نا.
(٨٣) بە بەهرەی خودا دەزانن؛ کەچی حاشای لێ دەکەن و زۆربەیان ئەمەگ نەناسن.

(٨٤) ڕۆژێ کە لە هەر کۆمەڵێک یەکێ بۆ شایەتی دێنین، ئەوسا ئیزنی [ئاخافتن] بە خودانەناسان نادرێ و عوزریشیان لێ ناپەزێرن.
(٨٥) هەرگا ئەوانەی ناهەق بوون، ئازار و جەزرەوەیان دی؛ نە لێیان سڤکتر ئەکرێ و نە هیچ وچانیان پێ دەدرێ.
(٨٦) ئەو کەسانەی دەیانوت: خوا شەریکی هەن، هەرکە چاویان بە هاوبەشەکانیان کەوت، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەمانەن هاوبەشەکانمان کە جیا لە تۆ هانامان ئەبردە بەریان. ئەمانە لە جواویانا ئێژن: ئێوە دەرەوان دەبێژن.
(٨٧) ئیتر هەر لەوێ ڕۆژێدا ناچار دەبن ملکەچی فەرمانی خوا بن. ئەوەش کەوا هەڵیان دەبەست، هەموو بەفیڕۆ دەردەچێ.
(٨٨) ئەوانەی خوایان نەناسی و ڕێگەی خوایان بەربەست ئەکرد، لە جەزای ئەو بەدفەڕیەدا کە دەیانکرد - قات لەبان قات - هەر ئازاریان پتر دەکەین.
(٨٩) ڕۆژێ کە لە ناو هەر گەلێ یەک لە خۆیان بە شایەت ڕاست دەکەینەوە، تۆ شایەتی ئێمەی بە سەر ئەمانەوە. ئەم کتێبەشمان بۆ ناردووی، هەموو شت ڕوون دەکاتەوە و ڕێنوێنی و دلۆڤانی و مژدەیە بۆ موسوڵمانان.
(٩٠) خوا بە عەداڵەت و چاکە و بەخشین بە خزم و کەسوکار، فەرمان دەدا و ڕێ نادا بە ئاکاری پیس و خراپە و دەسدرێژی. ئامۆژگاریتان لێدەکا بەشکوو پەندی لێ وەرگرن.
(٩١) ئەو پەیمانەش کە دەگەڵ خودای دەبەستن، بە جێ بێنن. سوێندەکانیشوو مەشکێنن؛ پاش ئەوەی کە لێ پڕاون پێکیان بێنن و خوداتان بە چاودێری خۆتان داناوە. دیارە خودا های لە کردەوەتان هەیە.
(٩٢) نەچن وەک ژنەکە بکەن، کە ڕیسەکەی - لە پاش کرژی - خاو کردەوە و پس پسی کرد، سوێندەکەتان بکەنە هۆی فریودانێ؛ بەو بەهانەی فلانەگەل لە گەلێ تر باوخۆشترن. دیارە خودا بەمە تاقیو دەکاتەوە؛ تا لە ڕۆژی قیامەتیشدا بۆتانی ڕۆشن بکاتەو، لەسەرچی پێک نەدەهاتن.
(٩٣) ئەگەر خودا کەیفی لێ با، گش دەیکردن بە هاو ئایین؛ بەڵام کەسێ خۆی حەز بکا، گومڕای دەکا و لە کێش حەز کا، دەیخاتە سەر ڕاستەڕێیە. دیاریشە لێتان دەپرسن کە ئێوە چیتان کردووە.
(٩٤) بە سوێندانوو یەکتری لە خشتە مەبەن؛ نەکا پاتان پاش پتەو بوونی بخلیسکێ و لەبەر ڕێگەی بەرەو خودا بەستنیشتان، تامی بەڵا بچێژن و جەزرەبەی زۆروو لەسەر بێ.
(٩٥) پەیمانی خوا بە نرخی هندک مەفرۆشن؛ گەر تێبگەن، ئەوی لە جەم خوا هەیە زۆر باشترە.
(٩٦) ئەوەی ئێوە لە لاتانە لە بەین دەچێ؛ ئەوی لە لای خودا هەیە، هەر دەمێنێ و ئەو کەسانەی خۆڕاگر بوون، لە بەرانبەر کردەوەیان - بە زیادەوە - بۆیان تێهەڵدێنینەوە.
(٩٧) هەر کەسێ کرداری باشە و بەباوەڕە - چ نێر، چ مێ - هەتا دەژی وادەکەین بە خۆشی بژی؛ دیاریشە باشتر لەوەی وا کردوویانە، ئێمە پاداشیان دەدەینێ.
(٩٨) کاتێ قورئانێ دەخوێنی، هەر پەنا بە خودا بەرە لە شەیتانی تڕۆکراو.
(٩٩) ئەو هیچ زۆرێکی نییە بەسەر وانەوە کە بوونە خاوەن باوەڕ و خۆیان بە پەروەرندەیان ئەسپاردووە.

(١٠٠) ئەو هەر بەسەر ئەوانەدا دەستی دەڕوا، کە خۆیان کردۆتە دۆستی و شەریک بۆ خودا پەیدا دەکەن.
(١٠١) هەرگا ئێمە بەڵگەیەکمان بە بەڵگەیێ تر وەگۆڕی - خوداش خۆی چاکتر دەزانێ چی دەنێرێ - ئێژن: خۆت هەڵت بەستووە. نا وا نییە! ئەوان زۆربەیان نازانن.
(١٠٢) بێژە: گیانە پیرۆزەکە، بەڕاستی لە پەروەرندەتڕا هێناویە؛ هەتا خاوەن باوەڕەکان دڵنیا کا و ڕێشاندەر و مژدە بێ بۆ ئەو کەسانەی موسوڵمانن.
(١٠٣) ئێمە ئەوە باش دەزانین ئەوان ئێژن: بنیادەمێ فێری دەکا. ئەو کەسەی ئەو نیازیانە لە عارەبیدا کۆڵیە و ئاشکراشە کە زمانی ئەم قورئانە بە عارەبییەکی ڕەوانە.
(١٠٤) ئەو کەسانەی بە بەڵگەکانی خودایی باوەڕ ناکەن، خودا شارەزایان ناکا و جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.
(١٠٥) هەر ئەوانە درۆ بە دەم خواوە دەکەن، کە بە بەڵگەکانی خودا باوەڕ ناکەن. هەر بۆ خۆشیان درۆزنن.
(١٠٦) هەر کەس پڕوای بە خودا بووبێ و لە پاشان حاشای لێ بکا، [سزا دەدرێ] مەگین کەسێ ناچار کرێ و لە باوەڕی دڵنیا بێ. بەڵام کەسێ بە حاشاکەی دڵی خۆش بێ، بەر تووڕەیی خوا کەوتوون و ئازاری زۆر دژوار دەدرێن.
(١٠٧) چون ئەمانە گوزەرانی سەر دنیایان لە دواڕۆژ پتر خۆش دەوێ؛ دیارە خوداش گرۆی خودانەناسان شارەزا ناکا.
(١٠٨) ئەمانە هەر ئەو کەسانەن خودا مۆری بەسەر دڵیانەوە ناوە و چاوی بێ سۆ و گوێی کپ کردوون؛ ئەمانەن بێ ئاگایەکان.
(١٠٩) دیاریشە لە قیامەتێدا هەر ئەوانن زیانبارن.
(١١٠) جا ئەوسا کە پەروەرندەت، لەوانە وا پاش ئەو ئەزموونە سەختانە، زێدی خۆیان بە جێهێشت و چوونە خەزا و خۆڕاگر بوون، پەروەرندەت - پاش ئەمانە - دیارە لەوانە دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١١١) لەو ڕۆژەدا کە هەر کەسێک هەر تەنیا کێشەی خۆیەتی و هەر کەس بە پێی کردەوەی خۆی، پاداشی تەواو وەردەگرێ و هیچ ناهەقیان لێ ناکرێ.
(١١٢) خوا شارێکی نەزیلە هێناوەتەوە، کە زۆر هێمن و بێوەی بوون؛ لە هەموو ئاقارێکەوە فرە بژیویان بۆ دەهات؛ کەچی لەم هەموو چاکەیەی کە خودا دەربارەی کردن، حاشایان کرد. لە بارتەقای ئەو کردارەی کە دەیانکرد، خودا دەبەرگی برسێتی و ترسی پێچان.
(١١٣) پێغەمبەرێک هەر لە خۆیان هاتە لایان، هەموو بە درۆزنیان زانی. جا چونکە هێندە ناهەق بوون، هەموو تووشی تووشی هاتن.
(١١٤) لەو بژیوەی خوا پێی داون، بخۆن، حەڵاڵ و زەڵاڵە و هەر شوکرانە بژێری بەهرەکانی بن؛ ئەگەر هەر ئەو دەپەرستن.
(١١٥) خودا تەنیا هەر پارێزی بۆ داناون لە مردار و گۆشت بەراز و خوێن و هەرچی ناوی غەیرەز خوای لێ دێنن. کێش ناچار بوو، هەر ئەوەندەی تێری بکا و ئیتر دەست درێژی نەکا؛ ئەوسا خودا گونابەخش و دلۆڤانە.
(١١٦) بە درۆ زمانوو نەگەڕێ؛ کە ئەم ڕەوا و ئەم ناڕەواس؛ هەر بۆ ئەوە بە دەم خواوە ڤڕ هەڵبەستن. ئەو کەسانەی درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن ڕزگار نابن؛
(١١٧) گوزەرانێکی هندک و ئازاری بەژانیان هەیە.

(١١٨) بۆ ئەوانەی جوولەکەشن، ئەو پارێزەمان داناوە کە دەپێشدا بە تۆمان گوت. ئێمە هیچ گا ناهەقییمان لەوان نەکرد؛ ئەوان خۆیان ناهەقی لە خۆیان دەکەن.
(١١٩) بۆ ئەوانەی لە نەزانی خراپەیان لێ ڕوو دەدا و لە پاشان دەپرینگێنەوە و دەبنە پیاوچاک، پەروەرندەت - پاش ئەمانە - گونابەخش و دلۆڤانە.
(١٢٠) ئیبڕاهیم پێشەوایێکی بەرەو هەق چووگ و بەرفەرمانی خودا بوو؛ نە لە ڕێزەی ئەوانە بوو شەریک بۆ خودا دەناسن.
(١٢١) چاکەی خودا و لە چاودا بوو؛ خواش بۆ خۆی هەڵیبژارد و شارەزای ڕێگەی ڕاستی کرد.
(١٢٢) لە دنیا بەهرەمان دایەو لەو دنیاش لە بەرکەتیانە.
(١٢٣) پاشان بە تۆمان ڕاگەیاند، کە: پەیڕەوی ئایینی ئیبڕاهیمی بەرەو هەق چووگ بە؛ ئەو وێڕای ئەوانە نەبوو کە شەریک بۆ خوا دادەنێن.
(١٢٤) ڕێزگرتنی ڕۆژی شەممە بۆ ئەوانە بڕیار درا کە کێشەیان لەسەر دەکرد. پەروەرندەت ڕۆژی سەڵا دیارە بەو کێشە ڕادەگا کە لە ناو ئەواندا ڕووی دا.
(١٢٥) بەکارزانی وئامۆژگاری پەسند، مەردم بەرەو ڕێگەی پەروەرندەت گازی بکە و بە چاکترین شێوە لەگەڵیانا بدوێ. پەروەرندەت لەو کەسانەی لە ڕێگەی ئەو لایانداوە - لە گش کەس - ئاگادارترە و هەر خۆیشی باشتر دەزانێ کێیە لەسەر ڕاستەڕێیە.
(١٢٦) ئەگەر تۆڵە دەستێننەوە، داربەدار بێ و پتر نەبێ؛ خۆ ئەگەر خۆڕاگریش بن، دیارە بۆ خۆڕاگرەکان زۆر باشترە.
(١٢٧) خۆڕاگر بە! دیارە خۆڕاگرتنیشت هەر بە خوایە و خەمیان مەخۆ و لەو گزی و فێڵانەش دەیکەن، دڵتەنگ مەبە.
(١٢٨) بێ سۆ خودا وێڕای خۆپارێزان و چاکەکارانە.

ئیسراء

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) پاکی و بێ عەیبی بۆ کەسێ لە شەوێکدا شەوڕۆیی بە عەبدی خۆی کرد؛ لە «مسجدالحرام»ەوە تا «مسجدالاقصیٰ» (مزگەوتەکەی ئەولاتر)؛ ئەو مزگەوتەی ئێمە پیت و پیرۆزیمان داوە بە دەوروبەرەکەی؛ بەو نیازەی کە هێندێک بەڵگەی خۆمانی پیشان بدەین. هەر خۆی بیسەر و بینایە.
(٢) کتێبیشمان دا وەمووسا و کردمانە ڕێنوێنێک بۆ بەرە و هەزی ئیسڕائیل، کە: غەیرەز من با بریکارێکتان نەبێ.
(٣) ئەی تۆرەمەی ئەوانەی کە دەگەڵ نووحا هەڵمان گرتن! بەڕاستی ئەو عەبدێ شوکرانەبژێر بوو.
(٤) هەر لە ناو کتێبەکەدا ئاگاییمان بە تۆرەمەی ئیسرائیل دا، کە: ئێوە لەم سەرزەمینە - لە دوو هەلدا - مل لە بەدفەڕی دەنێن و زۆر بە توندی بادی هەوایی دەنوێنن.
(٥) هەرگا ئێکەم لەم دوو هەلانە هاتەبەر، چەند عەبدێکی هەرە ئازای خۆن ناردنە سەر، گش وڵاتیان لێ ئاژنین. ئەم بڕیارەش جێ بەجێ بوو.

(٦) لە پاشان کارێ وامان کرد، ئێوە لەوان بەهێزتر بن؛ هەژماریشتان فرەتر بێ و بە دارایی و زاروزیچیش یارمەتیمان پێ گەیاندن.
(٧) ئەگەر ئێوە چاکە بکەن، چاکەی دەگەڵ خۆتان دەکەن؛ ئەگەریش خراپەتان کرد، لە خۆتانە. هەر کاتێکی بەڵێنی پاشین هاتە جێ، دیسان دەنێرینە سەرتان، واتان لێکەن پەژارە و خەم لە ڕوخسارتانا دیار بێ و تا بشچنە مزگەوتەوە - وەک جاری پێشووشی چوونێ - و هەر چێکیشیان دەسکەوێ تەفروتووناى کەن.
(٨) بەشکوو پەروەرندەی خۆتان بتانخاتە بەر بەزەیی. ئەگەریش تێهەڵچنەوە، ئێمەش تێهەڵدەچینەوە و، دۆژەهیشمان کردە زیندان بۆ گرۆی خودانەناسان.
(٩) بێ گومانە ئەم قورعانە ڕێگایەکی پیشان دەدا لە گش ڕێیان سەرراسترە. بەو پرواداراننەش کە وا ئاکارچاکن، موژدە دەدا: پاداشێکی گەورەیان هەس.
(١٠) ئەو کەسانەش کە باوەڕ بە دواڕۆژ ناکەن، ئازارێکی زۆر بەژانمان بۆ ساز کردوون.
(١١) مرۆ چۆن دەبوو بخوازێ چاکی بۆ بێ، ئاواش دەیەوێ خراپی لێ بقەومێ. مرۆ هەروا بەلەز بووە.
(١٢) شەو و ڕۆژمان بە دوو نیشانە نیشاندان: نیشانی شەومان داکوژاند، نیشانی ڕۆژیشمان کردە هۆی دیتنێ؛ تا بگەڕێن بە شوێن ڕۆزی کە پەروەرندەتان دەیدا و لە ژماری ساڵەکان و ژماردنێ سەروو دەرچێ؛ هەموو شتمان بە وردی شی کردۆتەوە.
(١٣) نامەی ئاکاری هەر کەسمان - وەک تۆق - لە ئەستۆی کردووە و ڕۆژی سەڵا بە نووسراوی سەرئاواڵە، شانی دەدەین.
(١٤) نامەی خۆت بخوێنەرەوە! ئەمرۆ ئیتر هەر خۆت حەسێوگەری خۆتی.
(١٥) کەسێکی شارەزای ڕێ بێ، شارەزایی بۆ خۆیەتی؛ هەر کەسێکیش لە ڕێ دەرچێ، هەڵە بو ن لە دژی خۆیە. کەس گرانایی کەسێ تر ناگرێتە مل. تا پێغەمبەریش نەنێرین، جەزرەبە لەمەڕا نییە.
(١٦) هەرکە ویستمان شارێک قڕ کەین، دەوڵەتمەنە خۆشگوزەرانەکانی وان، دنەدەدەین بۆ بەدفەڕی و خراپکاری و لە ئاکاما ئازاریان بۆ واجۆ دەبێ؛ ئەوساکە تێکی دەهاڕین.
(١٧) زۆر بەرەشمان لە پاش نووح لەناوبردوە. بۆ تۆ ئەوەندە بەسە کە پەروەرندەت لە گوناحانی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ.
(١٨) هەر کەسێکی خۆشی هەر لە دنیا دەوێ، ئەگەر ئێمە بمانەوێ، ئاواتەکەی زوو پێک دێنین، پاشان بە ئاپڕوو نەماوی دەرکراوی دۆژەهێکمان بۆ داناوە، دەیبرژێنێ.
(١٩) کێش خۆشی ئەو دنیای دەوێ و - بە پێی توانا - بۆی دەکۆشێ و باوەڕدارە، کۆششیان بەفیڕۆ ناچێ و لە بەرچاوە.
(٢٠) هەموو لایان - چ ئەوان و چ ئەمانە - لە خەڵاتی پەروەرندەت بێ بەش ناکەین. خەڵاتی پەروەرندەی تۆ هیچ لەمپەری لەبەر نییە.
(٢١) دەڕوانە، چۆن بازێکمان لە چاو بازێک سەرخستووە؛ دیارە کە لە دواڕۆژیشدا پلەوپایە و سەرخستن لەمە زۆرترە.
(٢٢) دەگەڵ خودا هیچ شتێ تر مەپەرستە، دەنا ئەوسا بە وەبەر تەشەر دراوی و دەرکراوی ڕۆدەنیشی.

(٢٣) پەروەرێنت فەرمانی دا کە غەیرەز وی مەپەرستن؛ سەبارەت بە دای و بابیش چاکە بکەن. هەرگا یەکیان یان هەردووکیان - تا لە لای تۆن - تووشی تەمەنی پیری بوون، هەرگیز ئۆفیشیان پێ مەڵێ و تێان مەخوڕە و بە زمانی خۆشیان بدوێنە.
(٢٤) بە بێ فیزی بیانخە ژێر باڵی بەزەیی و بێژە: ئەی پەروەرندەی من! وەکوو ئەمان منیان بە شلکی پێگەیاند، تۆش وەبەر بەزەیی خۆتیانخە.
(٢٥) خودانێ وە، لە خۆتان چێتر دەزانێ چیتان بە دڵدا دەبوورێ؛ ئەگەر کردەوەتان چاک بێ، بۆ ئەوانەی لە گوناە دەپرینگێنەوە، بە بووردنە.
(٢٦) خزمت بەشی خۆی بدەرێ؛ هەژار و لە ڕێدا ماویش بێ بەش مەکە؛ تەواویش دەس بڵاو مەبە.
(٢٧) ئەو کەسانەی هەڵەخەرجن، دەگەڵ شەیتان دەبنە برا؛ شەیتانیش بۆ پەروەرندەی، بێ ئەمەگ و سپڵە دەرچوو.
(٢٨) ئەر نەشتبوو بەشیان دەی و چاوەنۆڕ بووی خودا لە بەزەیی خۆیەوە دەرووێکت لێ بکاتەوە، بە زمانێکی نەرم و نیان بیاندوێنە.
(٢٩) دەستەکانت دەگەردنت وەرمەهێنە و تەواویش پانیان مەکەوە، کە بە سەرکۆنەکراوی و عەزرەتەوە دەمێنیەوە.
(٣٠) پەروەرندەت بە پانەوە و بە دەستندە ڕۆزی بە هەر کەسێ بدا بەستە بە مەیلی خۆیەتی؛ هەر خۆیەتی لە عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ.
(٣١) زارۆی خۆتان لە ترسی لە برسان مردن لە ناو مەبەن. ئێمەین ڕۆزی ئەوانیش و ئێوەش دەدەین. کوشتنی وان، هەڵە کارییەکی مەزنە.
(٣٢) تخونی زیناح مەکەون؛ داوێنپیسی ئاکاری زۆر نالەبارە و ڕێبازێکی ناهەموارە.
(٣٣) بنیادەمێ کە کوشتنی بە ناڕەوا زاندراوە، مەکوژن مەگین لەسەر هەق. هەر کەسێکی بە ناهەقی بێتە کوشتن، دەسەڵاتمان داوەتە دەس خوێنگرەکەی؛ ناشێ لە تۆڵەساندنا هەڵەڕۆ بێ و لەو بارەوە ئاریکاری بۆ کراوە.
(٣٤) نەچن تخوون ماڵی هەتیوان بکەون، مەگین جۆرێ کە باشتر بێ؛ هەتا پێدەگا وتێدەگا. پەیمانیشتان بەرنە سەرێ؛ پەیمان، پرسینەوەی هەیە.
(٣٥) ئەگەر پێوانە دەپێون، با تەکووز بێ. کێشانەشتان بە تەرازوی بەرانبەر بێ؛ وا هەم بۆ ئێوە باشترە، هەم ئاکامی پەسندترە.
(٣٦) مەکەوە شوێن شتێکی وا کە نازانی چییە و چۆنە، چونکە گوێچکە و چاو و دڵیش، گشتیان پرسیاریان لەسەرە.
(٣٧) بە فیزەوە هەنگاو بەسەر هەردا مەنێ؛ تۆ ناتانی ئەم زەمینە بقەڵێشی و لە درێژیشدا هەرگیز ناگەیە بەندەنان.
(٣٨) گش ئەمانە - خراوەکانیان - بە لای پەروەرندەی تۆوە ناپەسندن.
(٣٩) ئەمانەش بەشێکن لەو کارزانییانە، کە پەروەرندەت بە تۆی ڕاگەیاندووە. وێرای خودا پەرستووی تر مەپەرستە؛ کە ئەوسا بە لۆمەکراوی و ڕاونراوی توور ئەدرێیتە دوو جەهەندەم.
(٤٠) ئاخۆ پەروەرندەی ئێوە، بە تایبەتی کوری بە ئێوە بەخشیون و فرشتە مێوینەکانیشی بۆ خۆی دانا؟ قسەیەکی زۆر زل دەکەن.
(٤١) ئێمە لە ناو ئەم قورئانە زۆر شتمان شی کردۆتەوە هەتا ئەمان پەند وەرگرن، کەچی هەر ڕەوینەوەیان پتر دەکا.

(٤٢) بێژە: ئەگەر - بەو جۆرە ئەوان دەیێژن - وێڕای خودا خوایانێکی تر ببوونا، ئەوسا پەیجۆر دەبوون کە ڕێی چوونەلای خاوەنی تەختیان وەدۆزیبا.
(٤٣) خوا لە کەمایەسییان دوورە و زۆر بەرزترە لەوانەی کە ئەوانە باسی لێدەکەن.
(٤٤) حەوت ئاسمانان و زەوین و هەرچی لە ناو ئەواندایە، هەر پاکانەی خودا دەکەن. هەموو شتێک - بە پەسن دانەوە - پاکانەی ئەو دەکا؛ بەڵام ئێوە پاکانەی ئەوان نابیسن. ئەو لەسەر خۆو بە بووردنە.
(٤٥) دەمێ کە قورعان دەخوێنی، ئێمە لە نێو تۆو ئەوانەی بە دواڕۆژ پروایان نییە، پەردەیەکی داپۆشێنەر ڕادەنگێوین.
(٤٦) سەرپۆش گەلێکی وامان نایە بان دڵیان کە تێی نەگەن؛ گوهەکانیشیان کپ دەبن. هەرگا لە قورئانەکەدا ناوی پەروەرندەی تاکت بە دەمدا دێ، بە قینەوە پشت هەڵدەکەن.
(٤٧) ئێمە باشتر دەزانین گوێ لە چی دەگرن، لەو دەمەدا کە گوێ بۆ تۆ ڕادەدێرن، ئەو کاتەش کە خەریکی سرتە کردنن. کاتێ ناهەقان دەیێژن: ئێوە هەر دەکەونە شوێنی مێرێکی جادوو لێکراو.
(٤٨) دەپروانە چۆن مەزموودەت لێ دەخوێنن، ئەوانە وا لە ڕێ کلان، کە تازە ڕێگە دەرناکەن.
(٤٩) دەشڵێن: ئاخۆ ئەگەر ئێسک و پرووسکیش بین، ژنۆ دروست دەبینەوە؟
(٥٠) بێژە: کوچک یان ئاسن بن،
(٥١) یان چێ بووێک کە لە خەیاڵی ئێوەدا زل دەنوێنێ. ئەوسا ئێژن: کێ زیندوومان دەکاتەوە؟ بێژە: ئەوی یەکەم جار دروستی کردن. ئەوسا سەر دەلەقێنن و ئێژن: کەنگێ؟ بێژە: شایەت بەم زووانە.
(٥٢) ڕۆژێ کە بانگوو لێدەکا و ئێوە بە پەسن دانەوە و سوپاسەوە پەرسڤی لێ وەگەڕێنن و وا تێدەگەن - کەمێک نەبێ - لەسەر دنیا نەماونەوە.
(٥٣) تۆ بە عەبدانی من بێژە چی باشترە ئەوە بێژن؛ چونکە شەیتان سۆدرەیو لە نێودا دەکا. ئەو شەیتانە بە ئاشکرا دوژمنی جسنی عینسانە.
(٥٤) پەروەرندەت بە ئێوە ئاگادارترە. ئەگەر حەز کا بەر بەزەیی خۆیتان دەخا؛ حەزیش بکا تووشی جەزرەبەتان دەکا؛ تۆشمان نەناردۆتە لایان بریکار بی.
(٥٥) پەروەرندەت بەو شتانەی لە ئاسمانان و زەمیندان، زاناترە. لە ناو پێغەمبەرەکانیش هێندێکمان لە هێندێکی دی بەڕێزتر گرت، زەبووریشمان دا بە داوود.
(٥٦) بێژە: هانا بەرن بۆ ئەو کەسانە وا - بە جێ خودا - بە پەرستووتان دەزانین؛ کە ناتوانن بەڵاو لەسەر لابەرن، پێشیان ناکرێ بۆ یەکی تری بنێرن.
(٥٧) ئەو کەسانەی ئەوان هانایان پێ دەبەن، کامانیانە نزیکترن، بە دووی هۆدا دەگەڕێن کە بگەن بە پەروەرێنیان و هیوای بەزەیی ئەویانە و لە جەزرەبەشی دەترسن. جەزرەبەی پەروەرندەی تۆ هێژایە لێی بەپارێز بن.
(٥٨) پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت، هیچ ئاوەدانی نامێنێ تێکی نەدەین یان خەڵکەکەی تووش ئازار نەکەین؛ کە هەر ئەمەش لە کتێبەکەدا نووسراوە.
(٥٩) ئێمە کە نیشانەکانمان نەدەناردن، هەر بۆیە بوو پێشینەکان بە درۆیان لە قەڵەم دەدان. ئاروانیشمان بە ئاشکرا دا بە سەموود؛ کەچی ناهەقییان دەگەڵ کرد. ئێمە هەر بۆ ترس وەبەرنان، نیشانەکان بەڕێ دەکەین.

(٦٠) ئەو حەلەش کە بە تۆمان وت: پەروەرێنی تۆ دەورەی لە مەردم داوە؛
خەونێکیش کە پێمان دیتی و ئەو دارە نەحلەتییە کە لە قورعاندا باسی کراوە؛
گش بۆ ئەزموونی مەردم بوو. ئێمە ئەوان دەترسێنین؛ کەچی ئەوان هەر پتر
ملهوڕی دەکەن.
(٦١) کاتێ وتمانە فریشتان: سوژدە لەبەر ئادەم بەرن، سوژدەیان برد ئیبلیس
نەبێ. گوتی: چۆن من سوژدە دەبەمە بەر کەسێ کە لە حەڕیت چێ کردووە؟
(٦٢) گوتی: بە من بێژە ئەم تەرح و دیدارەت، لە من بەزلتر زانیوە؟ ئەگەر هەتا
ڕۆژی سەڵا بەرم بۆ بەرهەڵا بکەی، تۆرەمەکەی - کەمێک نەبێ - سەرلەبەری،
دەبێ بخەمە ژێر چنگم.
(٦٣) گوتی: پڕۆ! سا هەر کەسێ لەوان وەشوێن تو بکەوێ، سزای هەمووتان
دۆژەهە و سزایەکی پڕبەپڕە.
(٦٤) هەر کامێ تۆ پێی دەوێری، بانگی بکە و دنەی بدە و بە سوار و پیادەی
خۆتەوە بگە سەری و ببە هاوبەش لە ماڵ و زارۆڵەکانیان، سۆز بدە وان؛ سۆزی
شەیتان تەنیا هەر خەڵەتاندنە.
(٦٥) تۆ بەسەر عەبدانی مندا هیچ دەستەڵاتێکت نییە؛ پەروەرندەت بریکاریانە،
بەسیانە.
(٦٦) پەروەرندەو لە حاند ئێوە دلۆڤانە. گەمیەتان لە زەریایەدا دەخاتە گەڕ تا لە
سۆنگەی، بژیوی خۆتان دەس کەوێ.
(٦٧) هەرگا لە ناو دەریایەدا تووشی فەرتەنەیەک هاتن، هانا بۆ هەر کەسێک
بەرن، بەر پێوارە، بەغەیرەز ئەو. هەرکە ڕزگاری کردن و چوونە سەر بەژ، ئاوریشی
لێ نادەنەوە؛ مرۆ زۆر ئەمەگ نەناسە.
(٦٨) ئاخۆ لەوە ئارخەیانن کە لە بەژەکە ڕۆناچن یان باهۆزتان لێ هەڵ ناکا،
ئەوسا کەستان گیر نەکەوێ فریاو کەوێ؟
(٦٩) یاخۆ لەوە ئارخەیان بوون جارێکی تر ڕێتان دەوێ ناخاتەوە، ئەوسا بایەکی
بەهێزتان لێ هەڵ بکا و لە تۆڵەی پێ نەزانیتان نوقموو بکا؟ لە پاشانیش
هیچکەستان بۆ پەیدا نەبێ کە لە بەرانبەر ئێمەوە یاریدەو دا؟
(٧٠) ئێمە ڕێزمان لە تۆرەمەی ئادەم گرت و لە وشکانی و لە زەریادا هەڵمان
گرتن؛ ڕۆزی پاکژمان پێداون؛ لە چاو زۆر لە کردەی خۆمان زۆر پتر قەدرمان گرتوون.
(٧١) لەو ڕۆژەدا کە هەر تیرەیەک لە مەردم - وێڕای نامەی کردەوەیان - گاسی
دەکەین؛ هەرکێ نامەی دەدەستی ڕاستی نراوە، ئەمانە نامەکەی خۆیان
دەخوێننەوە و بەقەی داوی زراوی ناو ناوکە خورماش هەقیان لێ زەوت ناکرێ.
(٧٢) هەرکێش لەم دنیایە کوێرە ، لە دواڕۆژیشدا کۆرەیە و پتریش ڕێگەی لێ گوم
دەبێ.
(٧٣) هێندەی نەمابوو ئەمانە لەو فەرمانەی - کە ئێمە پێن ڕاگەیاندووی - کلات
کەن و شتێکی تریان بۆ بێنی و درۆ بە زاری ئێمەوە هەڵ ببەستی؛ کە ئەوسا
دەبوونە دۆستت.
(٧٤) ئەگەر خۆمان تۆمان توند ڕانەگرتایە، لەوانەبوو کەمێک بە لای ئەواندا بێی.
(٧٥) ئەگەر واش با، سوور بزانە هەر لە ژیندا دوو قات جەزرەبەمان دەدای؛ لە
مەرگیشدا ئازارەکەت دوو سەرە بوو. ئەوسا کەسی واشت نەبوو - دەسەر مەڕا -
بێتە هانات.

(٧٦) هێندەی نەمابوو ئەوانە لەو سەرزەمینە بتخەنە تەنگانەوە، تاکوو لەوێ وەدەرت نێن. ئەگەر واش با، بە شوێن تۆدا - دەمێک نەبێ - [ئەوانیش] تێدا نەدەمان.
(٧٧) پێودانێکە [لە ئێمەوە]، کە بۆ ئەو پێغەمبەرانەی بەرلە تۆش بوون، ناردوومانن؛ یاسای ئێمە گۆڕانی بەسەردا نایە.
(٧٨) لەو ماوەی خۆر کلا دەبێ هەتا تاریکانی شەوێ نوێژ بکە و نوێژ خوێندنی سپێدەشت هەر لەسەرە. نوێژخوێندنی سپێدە بەهەڕمەیە.
(٧٩) لە شەویشدا بۆی هەستەوە؛ ئەمە زیادە نوێژی تۆ بێ. بەشکێکم پەروەرندەی تۆ بتنێرێتە جێگایەکی پەسند کراو.
(٨٠) بشپاڕێوە کە: ئەی پەروەرندەکەی من! ڕێگەم بەرەو ڕاستی بەرەو بەرەوراستیم بە ڕێ بکە؛ هێزێکی ئاریکاریشم بۆدیاری کە.
(٨١) بێژە: ئەوا ڕاستی هات و چرووک نەما؛ دیارە چرووک لە نەمانە.
(٨٢) ئێمە وێرای ئەم قورعانە، شتی واو بۆ بەڕێ دەکەین کە مفا و بەزەیی تێدایە بۆ خاوەن باوەڕەکان و ناهەقانیش پتر پێی زیانبار دەبن.
(٨٣) مرۆ هەرگا ئێمە بەهرەیەکی دەدەینێ، پشت تێدەکا و بادی هەوایی دەنوێنێ؛ هەرگا بەڵاشی بەسەر هات، تووشی ناهومێدی دەبێ.
(٨٤) بێژە: ڕەفتاری هەر کەسێ بەپێی ئاکاری خۆیەتی. پەروەرندەت زاناترە، کێ لە ئێوە لە ڕێگە شارەزاترە.
(٨٥) لە تۆ دەپرسن: گیان چییە؟ بێژە: گیان هەر لەوانەیە کە پەروەرندەم دەیزانێ؛ ئێوە کەمێکتان لە زانست پێدراوە.
(٨٦) ئەگەر ئێمە کەیفن لێ بێ، هەرچییەکمان پێ ڕاگەیاندووی دەیبەینەوە؛ کەسیش نییە دژی ئێمە لەمەدا ئاریکارت بێ.
(٨٧) جا مەگین پەروەرندەی تۆ بەزەیی پێتا بێتەوە، کە زۆری چاکە لەسەرتە.
(٨٨) بێژە: ئەگەر مرۆ و جن، گش وەکۆ بن، وێنەی ئەم قورئانە بێنن، لە شبی ئەو دادەمێنن؛ با هەمووشیان پشتیوانی یەکتری بن.
(٨٩) ئێمە لە هەر بارێکەوە لە قورئاندا نەزیلەمان بۆ مەردم هێناوەتەوە، بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە - حاشا نەبێ - هیچ نازانن.
(٩٠) گوتیان: پڕوات پێ ناهێنین تا لەم عەرزە کانییەکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی؛
(٩١) یان باغێکی خورما و ڕەزت هەبێ و کارێکی وا بکەی کە جۆباران لە ناویانا فڕکەیان بێ؛
(٩٢) یان - وەک خۆت خەیاڵت دەکرد - پاژپاژی ئەم عاسمانەمان بەسەردا دابوەرێنە؛ یا خودا و چەند فرشتەیەک بێنە و ڕووبەڕوومان بکە؛
(٩٣) یان ماڵێکت لە زێڕ هەبێ؛ یان بە ئاسماندا هەڵبچی و سەریش کەوی، باوەڕ ناکەین؛ تا کتێبێکمان دەگەڵ خۆت بۆ دێنی و دەیخوێنینەوە. بێژە: پاکی هەر بۆ پەروەرندەکەمە، ئاخۆ من چیم بل لە مرۆیێ پێغەمبەر؟
(٩٤) تەنیا بیانووی ئەم مەردمە - کە شارەزاییشیان بۆ هات و پڕوایان پێ نەکرد - ئەمەیە ئێژن: جا چۆن خودا مرۆیەکی بە پێغەمبەر ناودێر دەکا؟
(٩٥) بێژە: ئەگەر فرشتە بە ئارخەیانی لەم هەردەدا ڕۆیشتبان، دیارە ئێمە لە ئاسمانۆ پێغەمبەرێ فرشتەمان بۆ دەناردن.
(٩٦) بێژە: خودا بەسە بۆ شایەت لە نێوان ئێمە و ئێوە؛ هەر ئەو دەربارەی عەبدانی ئاگادارە و دەیانبینێ.

(٩٧) کەسێ خودا ڕێی نیشان دا، شارەزایە؛ گومڕاشی کا، غەیرەز خود ا تۆ دۆستیان بۆ پەیدا ناکەی. ڕۆژی سەڵاش بە دەمەورووی و کوێرەیی و لاڵی و کەڕی، هەموویان کۆ دەکەینەوە. ئەنوایان جەحەندەم دەبێ. هەتا ئاگر دێ دامرکێ، کڵەکە پتر نێڵ دەدەین.

(٩٨) با ئەمە گۆڕی گیانیان بێ؛ چونکە ئەوان لە نیشانەکانی مە حاشایان کرد و گوتیان: ئاخۆ ئەگەر ئێسک و پرووسکیش بووین، دیسان زیندوو دەکرێینەوە؟

(٩٩) ئاخۆ ئەوەندە نارانن، ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمینی داهێناوە، دەتوانێ هی وەک ئەوانیش دروس بکا؛ ماوەیشی بۆ دیاری کردوون کە بێ گومانە هەر دەگا؟ بەڵام ناهەقییکارەکان هەر حاشا کردن دەزانن.

(١٠٠) بێژە: ئەگەر ئێوە خێوی گەنجینەکانی بەزەیی پەروەرندەی من بوونایە، هێمان دەس ڕژدیتان دەکرد. مرۆ چکووس و قڕنیسە.

(١٠١) نۆ نیشانەی ئاشکرامان دا بە مووسا؛ لە بەرەی ئیسڕائیل پرسە، [ئەو دەزانن.] کاتێ گەیشتە بەرەو، فیرعەون پێی وت: مووسا! من وا خەیاڵ دەکەم ئەتۆ جادووت لێکراوە.

(١٠٢) گوتی: تۆ خۆت سوور دەزانی ئەم شتانە کەوا زەق لەبەر چاوانن، هەر داهێنەری زەوین و عاسمانەکان ناردوونیە خوار. فیرعەون! منیش لام وایە تۆ تێدا دەچی.

(١٠٣) ویستی گەڕیان تێهاڵێنێ و لەو سەرزەمینە دەریان کا، ئێمەش ئەم و خڕ ئەوانەی دەگەڵیا بوون، نوقمن کردن.

(١٠٤) لە پاش ئەویش بە بەرەی ئیسڕائیلمان گوت: نیشتەجێ بن لەم وڵاتە و هەر دەمێکیش سەڵا ڕابوو، ئەوسا گشتوو پێکەوە کۆ دەکەینەوە.

(١٠٥) ئەمەمان بەڕاستی نارد و بەڕاستیش هاتە خوارەوە؛ ئێمە تۆمان هەر بۆیە نارد مژدەدەر و ترسێنەر بی.

(١٠٦) قورئانێکە بە جیاجیا ناردوومانە؛ تا هێدیکا بۆ مەردمی بخوێنیەوە و بەرانبەر بە پێویستی ڕۆژ بەڕێمان کرد.

(١٠٧) بێژە: ئێوە پڕواتان پێ بێ یا نەبێ، ئەو کەسانەی لە پێشوودا [لەمە] ئاگادار کرابوون، هەرگا بۆیان دەخوێننەوە ئەرزینگ دەخەنە سەر زەوی و سوژدە دەبەن.

(١٠٨) ئەشڵێن: پاکی بۆ پەروەرندەی ئێمەیە، بەڵێنی پەروەرندەمان وا وەدی هات.

(١٠٩) دەمەورووو خۆ تخێڵ دەکەن و دەگرین و ئەمەش خۆ بەکەم زانینیان پتر دەکا.

(١١٠) بێژە: هاوار لە خوا بکەن یان هانا بە ڕەحمان بەرن، هەر یەکێکە؛ ئەو ناوی زۆر پیرۆزی هەن. لە نۆژتدا مەقڕێنە و مەش ورتێنە! شێوەیەکی ناونجی بۆ خۆت ڕەچاو کە.

(١١١) بێژە: سوپاس بۆ خودایێ کە هیچ فرزەندێکی بۆ خۆی هەڵنەبژارد و لە موڵکیدا هیچ برابەشێکی نەبووە و بە ناچاری هانای بە کەس نەبردووە و تاریفی گەورەیی بکە؛ تاریفێ کە هێژای ئەوە.

کەهف

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) شوکرانە بۆ ئەو خودایەی ئەم کتێبەی بۆ عەبدی خۆی ناردە خوارێ و هیچ نالەباری تێ نەخست.
(٢) [کتێبێکی] زۆر پتەوە، تا لە سزای توندوتیژی - کە بینوێنێ - ترسی وەبەر مەردم بنێ و بە ئەو خاوەن باوەڕانەی ئاکارچاکن مژدە بدا کە پاداشی باشیان دەبێ؛
(٣) پاداشێ هەتاهەتایی.
(٤) هەتا ئەوانەش بترسێنی کە وتیان: خودا فرزەندی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.
(٥) نە خۆیان چییان لێ زانیوە نە باب و باپیرانیشیان؛ قسێکی یەگجار زەلامیان لە دەم دەرچوو. هەرچی ئێژن لە ڤڕ پڕوە، چی تر نییە.
(٦) ڕەنگە تۆ بۆ ئەو کەسانەی پڕوا بەم کتێبە ناکەن، خەمێ وا بخوی، تێ بچی.
(٧) هەرچی لەم سەرزەمینەیە ئێمە کردن بە زەنبەری تا بیان ئەزمووین کامەیان کارچاکتر دەبن.
(٨) ئێمە ئەوەی وا لە ڕووی ئەم زەمینەیە دەکەینە بیاوانێکی وشکارۆی قاقڕ.
(٩) تۆ پێت وابوو کە یارانی غار و ڕەقیم، لە نێوانی نیشانەکانی ئێمەدا سەمەرەیە؟
(١٠) کاتێ لاوەکان پەنایان بۆ غارەکە برد و گوتیان: ئەی پەروەرێنی هەمووومان! تۆ بەر بەزەیی خۆتمان بخە و کارەکەمان بۆ مەیسەرکە.
(١١) لەو غارەدا هەتا چەند ساڵ و زەمانان، گوێی هەموویانمان ئاخنی و [دەخەورا چوون].
(١٢) پاشان وەخەبەرمان هێنان تا بزانین کام لە دوولا - هەر بە هەژمار - ساڵەکانی ئەم مانەوەیان لە بیرە.
(١٣) ئێمە سەرگوروشتەی ڕاستی ئەمانت بۆ وەدەگێڕین: چەند خورتێک بوون کە بەڕاستی بەهوەڕیان بە پەروەرندەی خۆیان هەبوو؛ ئێمەش پتر شارەزاییمان دابوونێ.
(١٤) ئازاییشمان خستە دڵیان، کە ڕاپەڕێن. ئەوسا وتیان: پەروەرێنمان، پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەوینە. ئەگەر بێژگە لە ئەو هانا بۆ هەر پەرستووێک بەرین، دیارە ئێمە لە ڕاستی گوتن لانداوە.
(١٥) ئەوانەی لە هۆزی ئێمەن، بەغەیرەز ئەو چەند پەرستووی تریشیان هەس. ئەدی چۆنە بەڵگەیەکی ئاشکرایان بۆ ناهێنن؟ سا کێ لەوە ناهەقترە کە بوختانێ بە خوا دەکا؟
(١٦) ئەگەر ئێوە لەوان و لەو چتگەلەی وا - غەیرەز خوا - دەیانپەرستن، هەڵبڕاون، سا بەم غارە پەنا بەرن؛ پەروەرێنوو وەبەر بەزەیی خۆیتان دەخا و هۆیەکی واش دەڕەخسێنێ بە ئاواتوو بگەهێنێ.
(١٧) کە خۆر هەڵدێ، پروانی لە ئالی ڕاستی ئەشکەوتەکەیانی داوە؛ لە دەمی زەردەپەڕیشدا، بەرەو چەپ لێان لادەدا و ئەوان لە گۆڕاییەکەدان. هەر کەس خوا شارەزای بکا، ئەو شارەزا دەبێت و هەر کەسیش گومڕا بکا، دۆستێکی ڕێنمای بۆ نادۆزرێتەوە.

(١٨) تۆ پێت وایە کە بێدارن، کەچی خەوتوون. ئێمە بە ڕاستە و چۆپەدا هەڵگێڕوەرگێڕیان پێ دەکەین. سەیەکەشیان لە لای ڕێسمەی دەرگاکەوە وەرکەوتبوو. تۆ ئەگەر چووبای بت دیبان، بە قاچاندن بەرەو دووا دەگەڕایەوە و سەرتاپات ترس دای دەگرت.
(١٩) ئاواش وەخەبەرمان هێنان تا لەگەڵ یەکترا بدوێن. یەکیان وتی: چەند مانەوە؟ گوتیان: ڕۆژێک یان پاژە ڕۆژێک ماینەوە. گوتیان: پەروەرندەی ئێوە لە خۆتان چاتر دەزانیٚ چەند مانەوە. دە یەکێکی بەم دراوە و بنێرنە شار با ببینیٚ کام خواردەمەنی پاکترە، بژیوێکتان لەو بۆ بێنیٚ و بەزیتی ببزوێتەوە و هیچ کەسیش پێتان نەزانیٚ.
(٢٠) چونکوو ئەگەر دەستیان کەون، یا بەردەبارانوو دەکەن، یا دەتانبەنەوە سەر دینی خۆیان و هەرگیز ڕزگاریتان نایە.
(٢١) هەر بەم جۆرە وامان کرد پێیان بزانن کە بەڵێنی خودا ڕاستە و ڕۆژی سەڵاش بیٚ گومانە. دەربارەیان لە ناو خۆدا ملیان لە ڕاوێژ کردن نا؛ گوتیان: چاوەخانوێکیان لەسەر دروس کەن، پەروەرێنیان لەنگۆیان چاتر دەناسیٚ. ئەوانەی دەربارەی ئەمان قسەیان زۆرتر دەڕۆیی، گوتیان: دەبیٚ مزگەوتێکیان لەسەر بکەین.
(٢٢) دبێن: سێن و بە بەشدارەکەوە چارن؛ ئەشڵێن: پەنجن، بە سپلۆتەکەڕا شەشن. لە نەدیو خەیاڵات دەکەن تەنانەت بازێکیش ئێژن: حەوتن وێرای سەیەکەیان دەبن بە هەشت. بێژە پێیان: پەروەرندەم چاتر دەزانیٚ چقاسن. کەمێکیان نەبیٚ بۆی نەچوون، تۆ لەو بارە [بنارەکەیان ببیسە و] زۆر لەسەر باسەکە مەڕۆ؛ سەبارەت بەوانیش لە کەسیان مەپرسە.
(٢٣) هەرگیز مەیژە: من سۆزی ئەم کارە ئەکەم؛
(٢٤) مەگین خواحەز کای دەگەڵ بیٚ. ئەگەر لە بیریشت نەما، یادی پەروەرندەت بکە و بێژە: بەشکوو پەروەرندەم ڕێگایەکی نزیکتر لەمەم نیشان با.
(٢٥) سێسەد ساڵان لە ئەشکەوتەکە مانەوە و نۆ ساڵیشیان لیٚ زێدە کرد.
(٢٦) بێژە: خوا باشتر دەزانیٚ چەند مانەوە؛ بەرپیواری ئەم عاسمانانە و زەمینە لەوڕا دیارە. پەک چ بیسەر و بینایە! بەغەیرەز ئەو کەسیان بە دۆست دەس ناکەویٚ و کەس ناکا بە شەریک لە فەرمانی خۆیدا.
(٢٧) ئەوەی بۆت هاتگە خوارە و لە کتێبی پەروەرندەت، بخوێنەوە. ناشیٚ هیچ کەس وتاری خودا بگۆڕیٚ و لەغەیرەز ئەو هیچ کەسیٚ دەهانات نایە.
(٢٨) تۆ هەر دەگەڵ ئەوانە بە کە سبەینان و ئێواران بۆ دیداری پەروەرندەیان بە نزان و تەنیا ڕەدای ئەویان دەویٚ و چاو لەوانە هەڵمەبوێرە بۆ ژینی پڕ زەرق و بەرقی ئەم دنیایە و گویٚ لە مستی کەسیٚ مەبە کە نەمانهێشت دڵی یادی ئێمە بکا و هەر لە شوێن ئارەزووی خۆیە و کاری لە ڕادە دەرچووە.
(٢٩) بێژە: ئەمەیە بە ڕاستی لە پەروەرندەتان ڕایە؛ کیٚ پرواى پێدەکا، بیکا و کێش پروا ناکا هەر نەیکا. ئێمە بۆ ناهەقییکاران کڵێکی وامان نێڵ داوە، کە بڵێسەی هەر وەکوو کۆن دەورەی گرتوون؛ تا هاواری چارە دەکەن ئاوێکیان دەفریا دەخەن وەک مسی تاواوە وایە؛ دەم و چاویان دەبرژێنیٚ و وەخواردنێکی کرێتە و ژیگەیٚ زۆر نالەبارە.
(٣٠) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، [با بزانن] ئێمە پاداشی کارچاکان وندا ناکەین.

(٣١) بۆ نشیمەن دەیانبەینە ناو باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا. پارچەی سەوزی تەنک و ستووری ئاوریشم دەبەر دەکەن و لەوێدا بە بازنەی زێڕ دەخەملێن و لەسەر تەختان پاڵ ئەکەفن؛ ئای چەند پاداشێکی باشە و شوێنەکەیان چەند لەبارە!
(٣٢) تۆ نەزیلەی دوو مرۆڤیان بۆ وەگێڕە: دوو ڕەزمان بە یەکێکیان دا و بە دارخورما دەورەن گرتن و ناویشیانمان کردە مەزرا.
(٣٣) ئەو دوو ڕەزە بەری خۆیان بە بێ کەمایەسی دەدا و لە ناو هەرکان شەقە جۆیەکمان ڕاکێشا.
(٣٤) دارایی دیکەشی زۆر بوو؛ کاتێ دەگەڵ هەواڵەکەیدا خەریکی گفتوگۆی بوو، گوتی: ئەمن لە تۆ دراوم زۆرترە و دەست و پێوەندیشم پتر.
(٣٥) بە نێو باغەکەیدا گەڕا و بۆ خۆی ناهەقی لە خۆ کرد. گوتی: هەرگیز پێم وا نییە ئەمەم لەدەستی دەرب‌چێ.
(٣٦) باوەڕ ناکەم سەڵاش ڕا بێ. گەر هەر براشمەوە بۆ لای پەروەرندەم، دەزانم لەمە چاکترم دەس دەکەوێ.
(٣٧) هەواڵەکەی - کە خەریکی گفتوگۆ بوو دەگەڵ ئەودا - پێگوت: ئەرێ چۆن تۆ حاشات کرد لەو کەسەی تۆی لە ئاخێ دروس کرد و پاشان هەر لە دڵۆپێک و دوایی کردووتی بە پیاوێ؟
(٣٨) بەڵام من هەر [دەبێژم] کە ئەو خودایە و پەروەرندەمە و کەس ناکەم بە شەریک بۆ پەروەرندەم.
(٣٩) وەختێ چوویە ناو باغەکەت، بۆچی نەتگوت: ئەمە بە مەیلی خودایە؛ توانابیش هەر بە خودایە؟ ئەگەر ئێستە تۆ دەمبینی کە بە ماڵ و زارۆڵە لە تۆ کەمترم،
(٤٠) نابێ بە دووری بزانی، پەروەرندەم لە باغی تۆم باشتریش بۆ پرەخسێنێ و بەڵایەکیش لە حەواوە بەسەر باغەکەی تۆ بێنێ و لێت ببێتە دەشتێکی بێرووتی قاقڕ.
(٤١) یان ئاوەکەی بە ناخی ئاخدا ڕۆ بچێ و نەتوانی تازە پەیدای کەی.
(٤٢) هەموو بەروبووی هەڵوەری و دارەکانی گشتی بەسەریەکا هاتن؛ کە بەیانی هاتە ناوی، هەر دەستی خۆی دەشکاندەوە بۆ ئەو ماڵەی لێی بەخت کرد. دەیگوت: بریا هیچ کەسێکم بە شەریکی پەروەرندەم نەزانیبا.
(٤٣) لە خوا بەدەر، هیچ دەستەیەکی وا نەبوو بێنە یاری و بە بێ یاریدەدەر مایەوە.
(٤٤) لە وێندەرێ یاریدەدەر هەر خودای هەقە؛ پاداشی باشتر دەدات و سەرنجامەکەش باشترە.
(٤٥) نەزیلەیەکیان لە ژینی سەر دنیایە بۆ بێنەوە؛ وەک ئاوێکە لە حەواوە دامان باراند، هەموو تەرزە ڕووەکێکی تەڤ لەهەڤی بەرهەم هێنا، سەرەنجامیش بوو بە پووش و با پژگاندی. خوا بەسەر هەموو شتاندا توانی هەیە.
(٤٦) ماڵ و مناڵ زەنبەری ژینی دنیان و ئەو کارە چاکانەش کەوا دەمێننەوە، پاداشەکەیان لە لای پەروەرێنتەوە هێژاترە و بێتریش جێگەی هومێدن.
(٤٧) ڕۆژێ کە ژان دەخەینە ڕێ و تەختی بنیان بە ئاشکرایە دەبینی و هەموویان کۆ دەکەینەوە، بێ ئەوە کەسیان وەمێنێ.

(٤٨) له به‌رانبه‌ر په‌روه‌رنده‌ت له‌ ڕیز ده‌درێن؛ وه‌ک یه‌که‌مجارمان چێ کردن، هه‌ر ئاوا هاتوونه‌لامان، لاشتان وابوو له‌ ژوانێکوو وه‌کۆ ناکه‌ین.
(٤٩) ده‌فته‌ره‌که‌ دێته‌ گۆڕێ؛ ده‌بینی تاوانباره‌کان - له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌ تیایه‌ - ترسی زۆریان ڕێ نیشتووه‌؛ ده‌ڵێن: هاواره‌ له‌ ئێمه‌، ئه‌مه‌ چ تۆده‌فته‌رێکه‌! هه‌موو شتێک - ورد و درشت - سه‌رله‌به‌ر تیا نووسراوه‌. ئه‌وسا کرده‌وه‌ی خۆیانی تیا ده‌بینن. په‌روه‌رنده‌ت ناهه‌قی له‌ هیچ که‌س ناکا.
(٥٠) ئه‌وسا به‌ فریشته‌کانمان گوت: سوژده‌ وه‌به‌ر ئاده‌م به‌رن. سوژده‌یان برد ئیبلیس نه‌بێ؛ بنه‌جن بوو، له‌ فه‌رمانی په‌روه‌رێنی سه‌رپێچی کرد. ئاخۆ ئێوه‌ توخمی شه‌یتان و تۆره‌مه‌ی، بێ من ده‌که‌ن به‌ دۆستی خۆ، که‌ ئاشکرا دوژمنتانن؟ خوانه‌ناس له‌و یاربه‌یاره‌ پیس تێشکاون.
(٥١) ئێمه‌ له‌ چێ کردنی ئه‌م ئاسمانان و زه‌وینه‌دا، هیچ پرسێکمان به‌وان نه‌کرد؛ ته‌نانه‌ت بۆ چێ کردنی خودی خۆشیان. هه‌رگیز ئه‌وی ڕێگه‌ له‌ مه‌ردم تێک ده‌ده‌ن، نه‌م کردوون به‌ یاریده‌رم.
(٥٢) ڕۆژێ ئێژێ: ده‌سا بانگ له‌وانه‌ بکه‌ن که‌ به‌ خه‌یاڵ پێتان وابوو شه‌ریک منن؛ بانگیان ده‌که‌ن؛ که‌نداڵێکی هه‌راومان کرده‌ نێوانیان، هه‌ر جوابیشیان نه‌دانه‌وه‌.
(٥٣) تاوانباران ئاگریان به‌ چاوی خۆ دی؛ زانیان هه‌ر تێی ده‌که‌ون و هیچ ده‌ره‌تانێکیان نییه‌.
(٥٤) ئێمه‌ له‌ ناو ئه‌م قورئانه‌ هه‌موو جۆره‌ نه‌زیله‌مان بۆ مه‌ردم هێناوه‌ته‌وه‌؛ مرۆش له‌ هه‌ر شتێ پتر، وازی له‌ گێره‌ کردنه‌.
(٥٥) ئه‌وه‌ی نه‌یهێشت که‌ ئه‌و خه‌ڵکه‌ - پاش هاتنی ڕێ نیشانده‌ر - پروا بێنن و داوای بووردن له‌ په‌روه‌رنده‌یان بکه‌ن، ئه‌وه‌ بوو که‌: [چاوه‌نۆڕ بوون] یا به‌ ده‌ردی ئه‌وانی پێشوویان بچن، یان ڕووبه‌ڕوو جه‌زره‌به‌ به‌ گژیاندا بێ.
(٥٦) که‌ پێغه‌مبه‌ران ده‌نێرین، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یان له‌سه‌ره‌ مژده‌ده‌ر و ترسێنه‌ر بن. خوانه‌ناسان هه‌ر به‌ ناهه‌ق چه‌قه‌ ده‌که‌ن، تا هه‌قی پێ له‌ به‌ین به‌رن. ئه‌وان نیشانه‌کانی مه‌ و ئه‌و کتێبه‌ که‌وا ترسی وه‌به‌ر ناون، هه‌ر به‌ گاڵته‌ و گه‌پ ده‌زانن.
(٥٧) کێ له‌و که‌سه‌ ناهه‌قتره‌ چه‌ند نیشانه‌ی په‌روه‌رێنی بۆ وه‌خوێندراو گوێ نه‌دایه‌ و ئه‌وه‌شی له‌ بیر برده‌وه‌ که‌ ده‌پێشدا کردوویه‌تی. ئێمه‌ په‌رده‌ن به‌سه‌ر دڵیان هه‌ڵکێشاوه‌ که‌ نێنه‌گه‌ن؛ گوێشمان هێنده‌ گران کردوون که‌ نه‌بیسن. چه‌ند بکۆشی شاره‌زای ڕێگه‌یان بکه‌ی، هه‌رگیز بۆت ناکه‌ونه‌ سه‌ر ڕێ.
(٥٨) په‌روه‌رنده‌ت گوناح به‌خش و دلۆڤانه‌. ئه‌گه‌ر هه‌ر کێ کاری خراپی کردبا و ئه‌ویش بۆ لێ پرسینه‌وه‌ بیگرتبا، ده‌بوایه‌ هه‌ر گوز و گوممه‌ت سزای دابان. به‌ڵام خستوویه‌ته‌ ده‌می دیاری کراو؛ که‌ ئه‌و ده‌مه‌ش هات، ناتوانن خۆ خه‌لاس که‌ن.
(٥٩) ئه‌و شارانه‌ش هه‌رگا ملیان له‌ زوڵم نا، قڕمان تێخستن و بۆ له‌ به‌ین بردنیان، قه‌یرانێکمان ل بۆ دانان.
(٦٠) جارێ مووسا، به‌ لاوی به‌رده‌ستی خۆی گوت: من لێ پراوم سه‌فه‌ر بکه‌م تا ده‌گه‌مه‌ جه‌مسه‌ری هه‌ر دوو ده‌ریاکان؛ یان له‌وێش وێوه‌تر بچم.
(٦١) وه‌ختێ گه‌یینه‌ ئه‌و جه‌مسه‌ره‌، ماساوه‌که‌یان له‌ بیر کرد؛ ئه‌ویش به‌ هه‌ڵبزۆقینێ خۆی گه‌یانده‌وه‌ ده‌ریاکه‌.
(٦٢) که‌ ده‌رباز بوون مووسا به‌ به‌رده‌سته‌که‌ی گوت: له‌و سه‌فه‌ره‌ زۆر شه‌که‌ت بووین، کانێ تاشتیا مه‌، وه‌رێنه‌.

(٦٣) گوتی: ئەوسا کە لە پەنا بەردەکەدا دەساینەوە، دیتت چلۆن من ماساوەکەم لە بیر چوو؟ دیارە شەیتان نەیهێشت وەبیرم بێتەوە. ئەمیش وەک شتی سەمەرە ڕێگەی دەریای گرتە بەرێ.
(٦٤) گوتی: ئێمەش هەر شتێکی وامان دەویست. ئیتر بە شوێپی خۆیاندا بە چاوگێران، گەڕانەوە.
(٦٥) ئەوسا تووشیان هات بەتووشی عەبدێک لە عەبدانی ئێمە کە بەر بەزەیی خۆن خستبوو زانیاریشمان لە خۆمانەوە پێدابوو.
(٦٦) مووسا پێی وت: ئاخۆ دەتوانم دوات کەوم و لەو زانستەی فێر کراوی منیش وەکوو خۆت ڕابێنی؟
(٦٧) گوتی: تۆ هەرگیز ناتانی دەگەڵ منا دەری بەری.
(٦٨) نەمازە گەر ئاگاداری کاریش نەبی، چۆن دەردەبەی؟
(٦٩) گوتی: ئەگەر خودا حەز کا، بە خۆراگرم دەبینی و هیچ نافەرمانییەکت ناکەم.
(٧٠) گوتی: ئەگەر شوێنم کەوتی، هیچ شتێکم لێ مەپرسە هەتا بۆ خۆم دەربارەی باست بۆ دەکەم.
(٧١) سا ڕۆیشتن تا هەر دوو سواری گەمیە بوون؛ کونی تێکرد. گوتی: هەر بۆیە کونت کرد خەڵکەکەی لە ئاوا قوم کەی؟ کارێکی ناشیرینت کرد.
(٧٢) گوتی: ئاخر بە تۆم نەگوت تۆ ناتوانی لەگەڵ منا خۆرابگری؟
(٧٣) گوتی: لەمەی لە بیرم چوو لێم ببوورە و گەلێکم سەخت لێ مەگرە.
(٧٤) وەڕێ کەوتن، تووشی کوریژگەیەک هاتن، کوشتی. گوتی: چۆن گیانی پاکت زایە کرد کە بێ ئەوەی کەسی کوشتبێ؟ کارێکی زۆر نابەجێت کرد.
(٧٥) گوتی: نەمگوت ناتوانی لەگەڵ منا هەڵکەی؟
(٧٦) گوتی: ئەگەر پاش ئەمجارە هیچ شتێکم لە تۆ پرسی، هاورێم مەبە و هیچ گلەییشت لێ ناکەم.
(٧٧) دیسان ڕۆیین، هەتا گەیینە خەڵکی شارێ. زەوادیان لێ داوا کردن؛ ڕازی نەبوون ڕایانگرن. دیوارێکیان لەوێندەرێ چاو پێ کەوت، خەریک بوو بەلادا دەهات؛ ڕاستی کردەوە. گوتی: ئەگەر بتویستبا کرای ئەم کارەت وەردەگرت.
(٧٨) گوتی: ئەوا لە یەکتر جیا دەبینەوە؛ وا ئێستەکێ نهێنی ئەو ڕووداوانەت بۆ باس دەکەم، کە نەت دەتوانی خۆ بگری.
(٧٩) گەمیەکە بۆ هەژارانێک بوو، لە دەریا کاریان دەکرد؛ ویستم زەدەداری بکەم، کە لەم لایان پاشایەک بوو هەموو گەمیەکی زەوت دەکرد.
(٨٠) کوڕیژگەکەش دای و بابی باوەڕدار بوون. ترسم بوو ناچاریان بکا لە فەرمانی خوا دەرچن و کافر ببن.
(٨١) ئێمە ویستن پەروەرندەی دای و بابی، بە ڕۆڵەیەکی دڵ پاک و بەزەدارتر بۆیان تێهەڵێنێتەوە.
(٨٢) دیوارەکەش بۆ دوو کوریژگەی سێوی بوو لەم بازێرە؛ لە ژێریدا گەنجێ هەبوو سەربەوان بوو. باوکیشیان لە مێرخاسان بوو. پەروەرندەت ویستی ئەم دووانە پێ بگەن و گەنجینەی خۆیان دەرێنن؛ کە بەزەیەک بوو لە لای پەروەرێنتەوە و من هیچم لە خۆوە نەکرد. ئەمە بوو کە تۆ نەت تانی خۆراگر بی تا دەزانی.
(٨٣) لێت دەپرسن: ئەدی زیل قەڕنەین چۆن بووە؟ بێژە: وا دەربارەی ئەویش شتێکتان بۆ دەخوێنمەوە.
(٨٤) وامان کرد لەم زەمینەدا دەستی ڕوا و گش هۆیەکیشمان بۆ ڕەخساند.

(٨٥) سا بە شوێن مەبەستیدا چوو،
(٨٦) تا گەیشتە لای خۆرنشین؛ لای وابوو لە ناو کانییەکی قوڕە ڕەشە ئاوا دەبێ. لەو ئالی تووشی هەزێک بوو. گوتمان: زیل قەڕنەین! دەتوانی ئازار بدەی و بۆشت هەیە چاکەیان لەگەڵا بکەی.
(٨٧) وتی: بەڵام هەر کەسێ ناهەقی بکا - لە دواڕۆژا - ئێمە ئازاری دەدەین و پاشانیش دەبرێتەوە لای پەروەرندەی؛ ئەوسا ئەویش بەتوندی ئازاری دەدا.
(٨٨) هەر کەسیش باوەڕی هێنا و ئاکارچاک بوو، پاداشی چاک بەشی دەبێ و کاری لەسەر هاسان دەکەین.
(٨٩) دیسانیش ڕێگەی گرتەبەر.
(٩٠) هەتا گەیشتە خۆرهەڵات. دیتی تیشکی بەسەر گەلێکدا دەبارێ کە جیا لەو هیچ ستارێکمان نەدانێ.
(٩١) تا بەم جۆرە هەرچی ئەو بیری بۆی دەچوو، دەمانزانی.
(٩٢) دیسانیش ڕێگەی گرتەبەر.
(٩٣) تا گەیشتە ناو دوو چیا. لە پەنا دوو کەژەکەدا هۆزێکی دی، کە لەوانە نەبوون لە هیچ زمانێکی حاڵی ببن.
(٩٤) دواندیان، کە: ئەی زیل قەڕنەین! عاجوج و ماجوج لەم وڵاتەدا بەدفەڕن؛ ئاخۆ باجێکت پێ بدەین کە لە نێوان ئێمە و ئەوان بەربەستێکمان بۆ چێ بکەی؟
(٩٥) گوتی: ئەوەی پەروەرندەم بۆی ڕەخساندووم، هێژاترە؛ سا ئێوە بە هێز [ی خۆتان] یاریم بکەن، تا لە نێو ئێوە و ئەوانا بەربەندێکی وەدی بێنم.
(٩٦) پاژەئاسنم بۆ بێنن. وەختێ هەر دوو لاشانەکەی پڕ کردەوە، گوتی: ئێوە بیدەمێنن؛ هەتاوەکوو کردیە ئاگر. گوتی: ئەمجا پاقری تواوەم بۆ بێنن، تا بەسەریا دابرێژم.
(٩٧) ئیتر تازە بۆیان نەلوا سەری کەون و نەشیان دەتوانی کونی کەن.
(٩٨) گوتی: ئەمە بەزەییەکە لەلایان پەروەرندەمڕا؛ جا هەرگا پەروەرندەی من بەڵێنەکەی بە جێگەیشت، گشتی دەکاتە گۆڕایی و بەڵێنی پەروەرندەی من هەر وەدی دێ.
(٩٩) ئەوێ ڕۆژێ وادەکەین لە ناو یەکترا پێل بدەن دەکەڵەشاخ دەمێندرێ و گشتیان لێک کۆ دەکەینەوە.
(١٠٠) هەر ئەو ڕۆژە دۆژەە لە بەر خوانەناسەکان ڕادەنێین؛ چ ڕانانێ!
(١٠١) ئەوانەی چاویان لە یادی من قووچاو بوو نەشیان دەتوانی ببیسن.
(١٠٢) ئاخۆ خودانەناسەکان پێیان وایە – لەباتی من - عەبدەکانم بکەن بە سەروەری خۆیان [هیچ قازانجێکیان دەداتێ]؟ ئێمە دۆژەهمان بۆ پەزێرایی لەو خوانەناسانە ساز کردووە.
(١٠٣) بێژە: ئاخۆ دەتانەوێ پێتان بڵێم، کێن ئەوانەی لە کردەوەکانی خۆیان زیاتر زیانیان پێدەگا؟
(١٠٤) ئەو کەسانەی تەقالایان لە ژیانی سەر دنیایەدا فێڕۆچووە و لاشیان وایە کارێکی چاکیان کردووە.
(١٠٥) ئەوانە کەسگەلێکن کە لە نیشانان و دیداری پەروەرێنیان حاشایان کرد، ئیتر هەر کارێکی کردیان پووچەڵ بووگە و ڕۆژی سەڵاش هیچ سەنگێکیان بۆ دانانێین.

(١٠٦) بەهۆی ئەو حاشا کردنە و گەمەیان بە پێغەمبەر و نیشانانم جەهەندەم گۆڕی گیانیان بێ.
(١٠٧) ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بوون، جێ پەزێراییان باغاتی فیردەوسە.
(١٠٨) هەمیشە هەر تیا دەبن و نایانەوێ جێ بگۆڕن.
(١٠٩) بێژە: ئەگەر بۆ نووسینی وتاری پەروەرندەی من دەریا هەموو مەرەکەف بێ، بەرلە دوایی پێ هێنانی وتاری پەروەرندەی من، بێ شک دەریا هەڵدەچۆڕێ؛ تەنانەت گەر هێندەی دیشی دەفریا خەین.
(١١٠) بێژە: منیش هەر مرۆیەکم وەک ئێوە؛ لە خواوە فەرمانم بۆ دێ کە: خودای ئێوە هەر یەکە. هەرکێ لەنگۆ بۆ دیداری پەروەرندەی بە ئاواتە، با کاری چاک ڕەچاو بکا و لەغەیرەز پەروەرندەی خۆی هیچ کەسێکی نەپەرستێ.

مەریەم

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) کاف، ها، یا، عەین، ساد.
(٢) باسی چاکەی پەروەرێنتە سەبارەت بە زەکەریای خوڵامی خۆی.
(٣) ئەو کاتە کە هانای بۆ پەروەرندەی برد بە دەنگێکی نزم و نەوی.
(٤) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! من ئەوا پێشەم سیس بوون و سەرم لەبەر [دەردی] پیری ترووسکەی دێ. پەروەرندەم! تا لەبەرت پاڕاومەوە هەرگیز لێت ناهومێ نەبووم.
(٥) من لە پاش خۆم لە خزمەکانم نیگەرانم؛ کەیوانووەکەشم نەزۆکە. سا تۆ لەلایەن خۆتەوە فرزەندێکم پێ ببەخشە؛
(٦) با میراتی من و خانەدانی یاقووب بەر ئەو کەوێ. پەروەرندەم! هێڤیمە تۆش پەسندی کەی.
(٧) ئەی زەکەریا! ئێمە مزگێنی مناڵێک بە تۆ ئەدەین، وە ناو یەحیا؛ کە پێشتر لەم، کەسن نەکردە هاوناوی.
(٨) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! جا کوا من مناڵم دەبێ! لەبەر پیری کەلەلام و خێزانەکەشم نەزۆکە.
(٩) گوتی: [فەرمان] هەر ئەمەیە و پەروەرندەکەی تۆ ئێژێ: ئەمە لەلای من هاسانە؛ ئاخر تۆشم لە بەرێدا هەر لە نەبوورا درووس کرد.
(١٠) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! نیشانێکم بۆ دابنێ. گوتی: نیشان بەو نیشانەی تا سێ شەوان - بێ وەی هیچ وەیێکت هەبێ - قسەی دەگەڵ مەردم ناکەی.
(١١) ئەوسا لە میحرابەکەوە ڕۆویشتە لای هۆزەکەی و بە هیمایە تێی گەیاندن کە بەیانیان و ئێواران هەر پاکانەی خودا بکەن.
(١٢) ئەی یەحیا! کتێب توند بگرە. هەر لە زارۆکایەتیشدا لەکارزانیمان پێ بەخشی.

(١٣) دەگەڵ دڵسۆزی و بێ گەردی - لەلایەنی خۆمانەوە - کەسێکی خۆپارێزیش بوو.
(١٤) لەیەل دای و بابیشیدا خۆشڕەفتار بوو؛ سەربزێوی و لاساری نەبوە پیشەی.
(١٥) سڵامی لێ بێ، ڕۆژێ کە لە دایک بووە و ڕۆژێ دەمرێ و ڕۆژێ زیندوو دەکرێتەوە.
(١٦) لەم کتێبە باسی مەریەمیش بێنە گۆڕ؛ کاتێ دوور لە کەسوکاری، شوێنێکی خۆرەڵاتی بۆ خۆی هەڵبژارد.
(١٧) لە نێوان خۆی و ئەماندا پەردەیەکی ڕاهەنگاوت. ئێمە ڕووحی خۆمان بۆ نارد؛ بنیادەمێکی تەواوی هاتە بەرچاو.
(١٨) وێ گوت: ئەمن پەنا دەبەمە بەر خودا لە دەستی تۆ [سا] ئەگەر تۆ خۆپارێزی [لێم مەیە پێش].
(١٩) ئەو گوت: ئەمن لە پەروەرندەی تۆوە ڕاسپێراوم فرزەندێکی پاک و خاوێنت پێ ببەخشم.
(٢٠) وێ گوت: چۆن منالم دەبێ، کە هیچ مرۆیەک لە پێشدا منی بە دەست نەگرتووە و هەرگیز داوێن تەڕیش نەبووم.
(٢١) گوتی: فەرمان هەر ئەمەیە و پەروەرندەی تۆ وتوویە. ئەوە لە لای من هاسانە و دەمانەوێ چاکەیەک بێ لە ئێمەوە و نیشانەیەک بێ بۆ مەردم. ئەم فەرمانەش هەر دێتە جێ.
(٢٢) دەناو تۆلی وێدا گوورا و بەو زگەوە خۆی گەیاندە شوێنێکی دوور.
(٢٣) ژانی زانی، وێ بردە لای دار خورمایێ. گوتی: خۆزیا هەر بەر لە ئێستا دەمردم و یەک جێ لە بیر دەچوومەوە.
(٢٤) لە خواروی وێڕا بانگی کرد: خەمت نەبێ، پەروەرندەت لە ژێر تۆڕا جۆگە ئاوێکی پێک هێنا.
(٢٥) کۆتەرەی ئەو دارخورمایەش بهەژێنە، خورمای تازە پێ گەیشتووت بەسەردا دادەوەرێنێ.
(٢٦) بە چاوی ڕوون بخۆ و وەخۆ؛ هەر کەسێکیشت لە مرۆ چاو پێ کەوت بێژە پێی: لە خۆم گرتووە لە ڕای خودا لە ئاخافتن بتەکمەوە و ئیتر ئەمڕۆ هیچ مرۆیەکی نەدوێنم.
(٢٧) هاتەوە ناو کەسوکاری و منالێک بە باوەشەوە. گوتیان: مریەم! قەت دەتۆمان وا ڕانەدیت ئەم سەمەرەت لێ ڕوو بدا.
(٢٨) خوشکی هاڕوون! تۆ نە باوکت پیاو خرا بوو، نە دایکیشت داوێن تەڕ بوو.
(٢٩) هیمای بۆ منالەکە کرد. وتیان: جا چۆن دەگەڵ ساوای سەر بێشکەدا بئاخێوین.
(٣٠) [مندالەکە] وتی: من خولامی خودام؛ کتێبی بە خەڵات دامێ و منی کردۆتە پێغەمبەر.
(٣١) لە هەر کوێش بم، پێ و قەدەمم پیرۆز دەکا و ڕای سپاردووم - هەتا زیندووم - نوێژ بکەم و زەکات بدەم.
(٣٢) گوێ لە مستی دایکیشم بم؛ نەشیکردووم بە ملهورێکی سەربزێو.
(٣٣) سڵامم لێ بێ ڕۆژێ کە لە دایک بووم و ئەوێ ڕۆژێ کە دەمرم و ئەوێ ڕۆژێش کە زیندوو ڕادەکرێمەوە.

(٣٤) قسەی دروست لەمەڕ عیسای کوڕی مەریەم، هەر ئەمەیە؛ کە ئەمان تیا دوودڵن.
(٣٥) لە خودا ناوەشێتەوە زارۆی هەبێ؛ پاکی و بێ عەیبی بۆ ئەوە. هەرگا ویستی کارێک ببێ، هەر پێی بێژێ: ببە! دەبێ.
(٣٦) هەر خودایە پەروەرندەی من و ئێوە؛ سا هەر دەبێ بیپەرستن؛ ئەمە ڕاگەیەکی سەرڕاستە.
(٣٧) هێندێ لەو دەستەوبەستانە لە ناو خۆدا، دەستیان کردە کێشە و هەرا. جا واوەیلا بۆ ئەو خودانەناسە، لە کاتی دیتنی ڕۆژە دژوارەکە.
(٣٨) ڕۆژێ کە دێنە لای ئێمە گەلێک چاوزیت و گوێ سووکن؛ بەڵام ئەوڕۆ ناهەقەکان بە ئاشکرا لە ڕێگەی ڕاست لایانداوە.
(٣٩) لەو ڕۆژی داخ و کەسەریان بترسێنە؛ کاتێ کار لە کار دەترازێ؛ کەچی ئەوان هەر بە خۆیان نەزانیوە و خۆیان لە باوەڕ بواردووە.
(٤٠) ئەم زەمینە و هەرچی وا بەسەریەوەیە لە دواجاردا هەر بۆ ئێمە ئەمێنێت و سەرلەبەریان دەهێننەوە بۆ لای خۆمان.
(٤١) لەم کتێبە باسی ئیبراهیمیش بکە، کە [لە کار و وتاریدا] هەر ڕاست و پێغەمبەریش بوو.
(٤٢) ئەو چاخە بە ئاپی خۆی گوت: ئاپۆ! تۆ بۆ شتێکی وا دەپەرستی، نە دەبیسێ و نە دەبینێ و هیچ بەهرەیەک بە تۆ نادا.
(٤٣) ئاپۆ! ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانی؛ شوێنم کەوی، شارەزای ڕاستەڕێت دەکەم.
(٤٤) ئاپۆ! شەیتان پەرست مەبە. شەیتان لە فەرمانی خودا سەرپێچی کرد.
(٤٥) ئاپۆ! من لەوە دەترسم، لە خواوە تووشی ئازار بی و ببی بە دۆستی شەیتانێ.
(٤٦) [گوتی:] ئاخۆ ئەی ئیبراهیم! تۆ بە بێزی لەوانەی من دەیانپەرستم؟ ئەگەر دەست لەمە هەڵنەگری، بەردەبارانت دەکەم و تا ماوەیەکی درێژیش لە لام بڕۆ.
(٤٧) گوتی: سڵام لەسەر تۆ بێ؛ لە پەروەرێنم دەخوازم لێت ببوورێ و ئەو دەگەڵە من بەڤیانە.
(٤٨) من لە ئێوە و لەوانەش بەغەیرەز خودا لەبەریان دەپاڕێنەوە، دوور ئەگرم و گازی پەروەرندەم دەکەم؛ بەشکوو لە گازی کردنی پەروەرندەم، تووشی قەرەبەختی نەبم.
(٤٨) جا کە ئەوانەی وەلا نا و وازی لەو شتانە هێنا کە ئەوان - بەغەیرەز خودا - دەیانپەرست، ئیسحاق و یاقووبمان دایە و گشمان کردن بە پێغەمبەر.
(٥٠) وەبەر بەزەیی خۆشمان خستن و واشمان کرد کە زۆر بە چاکە ناویان دەرچێ.
(٥١) باسی مووساش هەر لەم کتێبەدا بکە؛ کە بێ سۆ هەڵبژاردە و ڕاسپاردەیەکی پێغەمبەر بوو.
(٥٢) لە لای ڕاستی چیای تووریش گازیمان کرد، لە خۆشمان نزیک کردەوە کە بە نهێنی حاڵی کەین.
(٥٣) هەر لە چاکەی خۆشمانەوە هاڕوونی برایمان پێ بەخشی؛ کە ئەویش هەر پێغەمبەر بوو.

(٥٤) لەم کتێبە باسی ئیسماعیلیش بکە؛ ئەو ڕاست بوو لە بەڵێنیدا و پێغەمبەرێ ڕاسپاردە بوو.
(٥٥) کەسوکاری بۆ نوێژ کردن و خێرکردن هەڵدەپێچا و جێگەی ڕەزامەندی پەروەرێنی خۆی بوو.
(٥٦) هەروەها لەم کتێبەدا لەمەڕ ئیدریسیش باخێوە؛ کە ئەو هەرە ڕاست بێژێکی پێغەمبەر بوو؛
(٥٧) بە پایەی بەرزیشمان گەیاند.
(٥٨) ئەوانە لەو پێغەمبەرانەن کە بەر چاکەی خوا کەوتن؛ لە ڕەگەزی بابەدەم بوون و لەوانەش دەگەڵ نووحا هەڵن گرتن و لە تۆرەمەی ئیبڕاهیم و ئیسڕائیل و لەو کەسانەی خۆمان شارەزان کردن و بۆ خۆمان هەڵمان بژاردن. هەرگا نیشانانی خوایان بەسەردا دەخوێنرایەوە، دەمەوروو دەکەوتنە زەوی بۆ سوژدە و بە کوڵ دەگریان.
(٥٩) لە دوای ئەوان کەسانێ بوونە جێگریان، بەلای نوێژدا نەچوون و شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتن؛ ئەوانە بەم زووانە تووشی ئازار و خوسار دەبن؛
(٦٠) مەگین ئەوی بڕوا بێنێ و لە گوناه بپرینگێتەوە و ئاکارچاک بێ؛ ئەوانە دەچنە بەهەشت و هیچ ناهەقییان لێ ناکرێ.
(٦١) باغاتێ هەمیشە خۆشە و لە نەدیتە خوا بەڵێنی بە عەبدەکانی خۆی داوە و بەڵێنی ئەو هەر دێتە جێ.
(٦٢) چەڵتەی لابەلا نابیسن و هەر سڵاوە و هەموو بەیانی و ئێواران ژەمیان هەیە.
(٦٣) ئا ئەمەیە ئەو بەهەشتەی کە دەیبەخشین بە عەبدانی خۆپارێزمان.
(٦٤) بە فەرمانی پەروەرندەی تۆ نەبێ ئێمە هەر داناوەزینەخوار، هەرچی ئێستا لە لامانە و هەرچی لە دوامانەوەیە و هەرچی لەم ناوەدا هەیە هەر بۆ ئەوە و پەروەرندەی تۆ هیچ شتی لە بیر نەچووە.
(٦٥) ڕاهێنەری عاسمانەکان و زەمینە و هەرچی لە ناویاندا هەیە. سا تۆش هەر ئەو بپەرستە و دەبێ بۆ پەرستنی ئەو خۆڕاگر بی. ئاخۆ ئاگات لێیە هاوناوێکی هەبێ؟
(٦٦) مرۆ ئێژێ: ئەگەر مردم، ئاخۆ وەک زیندوو بووم بەرێ، هەروا دەم هێننەوە دەرێ؟
(٦٧) ئەو مرۆیە بۆ هیچ بیرێک ناکاتەوە، کە سەرەتا ئێمە ئەومان دروس کرد و هیچیش نەبوو؟
(٦٨) سوێندەکە بە پەروەرێنت، هەر دەبێ دەگەڵ شەیاتین پێکەوە کۆیان کەینەوە و دەوراندەور لە جەهەندەم چۆک دابدەن.
(٦٩) پاشان لە ناو هەرگرۆیەک، ئەوی پتر دژی خودای ڕەحمان بووگن، ئێمە جوێیان دەکەینەوە.
(٧٠) دواجار دیارە هەر خۆمان باشتر دەزانین کامەیان بۆ چوونە دۆژەه هێژاترن.
(٧١) هەموو کەستان – ئیللا و بیللا – هەر دەبێ بچنە جەحەندەم، بڕیارێکە پەروەرندەی تۆ داویەتی و هەر دەبێ جێ بەجێ ببێ.
(٧٢) پاشان لە خوداترسەکان ڕزگار دەکەین. ناهەقانیش – دەستەوئەژنۆ- لە ناویدا دێڵینەوە.

(٧٣) هەر کاتێکی نیشانانی دیاریدەری ئێمەیان بۆ وەخوێندرێ، خوانەناسان بە خاوەن باوەڕان ئێژن: کامەلا ماڵی خۆشترە و دیوەخانی لەبارترە؟
(٧٤) ئای کە چەند بەرەن پێش ئەوان لە ناو بردوون، کە لەوانە کەل پەلی ناوماڵ ڕێکتر و بە دیمەن لەمان جوانتر بوون.
(٧٥) بێژە: کەسێ لە گومڕاییدا تل دەدا، با خوا پەتی بۆ شل بکا و وێڵی بکا؛ تا ئەو ساتە کە دەبینن قەیرانێ بۆیان داناون سەر وەختی هات؛ یان ئازاردانە یان سەڵا. لەوە بەولاوە تێدەگەن کێ ماڵەکەی ناخۆشترە و کێ یاریدەری کەمترە.
(٧٦) ئەو کەسانەی خودا شارەزای کردگن پتر شارەزایان دەکا؛ پەروەرندەت بۆ خێرێ دەمێنێتەوە پاداشی باشتری هەیە و سەرەنجامیشی باشترە.
(٧٧) کاوراکەت دی، حاشای هەبوو لە نیشانانمان و گوتی: لێم ڕوونە ماڵ و منالم هەر دەدەنێ؟
(٧٨) ئاخۆ نهێنی دەزانێ یان لە خواوە بەڵێنێکی پێدراوە؟
(٧٩) نەخێر، هەرچی ئەو دەیڵێ ئێمە دەینووسین و ماوەی جەزرەبەدانی پتر دەکەین.
(٨٠) هەرچی ئێژێ لە لای ئێمە دەمێنێتەوە و خۆی بە تەنیا دێتە لامان.
(٨١) بەدەر لە خوا، ئەوان پەرستیوانێکی تریان دەپرست، تا ببنە هۆی سەربەرزییان.
(٨٢) نەخێر، حاشا لە پەرستنیان دەکەن و لە دژیشیان ڕادەوەستن.
(٨٣) تۆ نەتزانی ئێمە شەیاتینیەکانمان ناردۆتە سەر خوانەناسان ختووکە و هانەیان دەدەن؟
(٨٤) هیچ پەلەیەکیان لێ مەکە، ئەوا ئێمە بە ژماردن لەسەر ئەوانی دەژمێرین.
(٨٥) تاوانبارانیش بۆ دۆزەق [وەکوو گاگەل بۆ سەراو]، دەم تینگ ڕەپێچەک دەدەین.
(٨٧) ئەوانە دەستەڵاتی تکایان نییە، مەگین ئەوی لە خوا پەیمانی ساندبێ.
(٨٨) وتووشیانە: خودا بویتە خاوەن فرزەند.
(٨٩) ئای کە قسەی ڕەقتان بە دەمدا هاتووە!
(٩٠) لەوانەیە لەو [قسەیە] ئاسمانەکان هەڵتەکێن و زەمین شەق با و کێوەکان لەبەریەک بچن؛
(٩١) لەبەر ئەوە گوتیان خودا فرزەندی هەس.
(٩٢) لە خودا ناوەشێتەوە کە هیچ فرزەندێکی هەبێ.
(٩٣) هەرچی لە ناو ئەم عاسمانان و زەمینەن – گش لە گشتی – بە خوڵامەتی دێنە لای خودا.
(٩٤) سەر حیسابی هەموویانە و هەر بە هەژمار ژماردوونی.
(٩٥) سەرلەبەریان ڕۆژی سەڵا، تاک و تەنیا، دێنە لای ئەو.
(٩٦) ئەوانەی باوەڕیان هەیە و ئاکارچاکن، خودا دەیانکاتە خۆشەویست.
(٩٧) ئێمە بۆیە ئەم قورئانەن بە زوانی خۆتی هێسانی ڕەوانە کرد، تا تۆ بەوی پارێزگاران دڵخۆش کەی و گەلی دوژمنی سەرسەخت، بترسێنی.
(٩٨) چەندین بەرەن بەرلەمانەش قڕ تێخستوون؛ ئاخۆ هەست بە هیچیان دەکەی، یان نووزەشیان لێ دەبیسی؟

تاها

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) تا، ها.
(٢) ئەم قورعانەن بۆ نەناردی تووشی چەوسانەوە بی.
(٣) تەنها بیرهێنانەوەیە بۆ کەسێ کە ترسی هەیە.
(٤) لەلایەنی داهێنەری ئەم زەمین و ئاسمانە بڵندانەوە هاتۆتەخوار.
(٥) ئەو خودایەی لەسەر تەختی خۆی دامەزرا.
(٦) هەرچی هەیە لە ئاسمانان و زەمیندا و هەرچییەکیان لە نێواندایە، گش بۆ ئەوە و هەرچی لە ژێر خاکیشدایە.
(٧) ئەگەر دەنگیشت هەڵبڕی، ئەو بە ڕاز و هێدیکاتریش دەزانێ.
(٨) خوداییکە لەغەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ؛ ناوە هەرە پیرۆزەکان هەر بۆ ئەون.
(٩) ئاخۆ سەرگوروشتەی مووسات بۆ هاتووە؟
(١٠) ئەو کاتە ئاگرێکی دی و بە ماڵ و خێزانەکەی گوت: لێرە مەبزوون، من ئاگرێکم بە دی کرد؛ بەشکوو لەوێ خەتیرەیەکتان بۆ بێرم؛ یان کەسێکم - بۆ شارەزا – هەر لەوێ وەدەس بکەوێ.
(١١) دەمێ گەیشتە بەر ئێگر، گاسی لێکرا: ئەی مووسا!
(١٢) من، منم پەروەرندەی تۆم. شەکالەکانت باوێژە. تۆ وای لە ناو شیوی پیرۆزی «توا» دا.
(١٣) هەر خۆمم تۆم دەس نیشان کرد؛ سا گوێدێری ڕاسپێری بە.
(١٤) ئەمن خوام، جگە لە من خوای تر نییە؛ سا تۆ هەر من بپەرستە و نوێژێ بکە تا وەبیر خۆتم خەیتەوە.
(١٥) ڕۆژی سەڵا ها لە ڕێدا؛ من دەمەوێ کە جارێ ئاشکرا نەبێ و بیشێرمەوە، تا هەر کەسێ بەرەی کۆششی دەس کەوێ.
(١٦) ئەوی باوەڕی پێی نییە و شوێن ئارەزووی خۆی کەوتووە، نەکا تۆی لێ وەپرینگێنێ و بەڵای بەلاتەت تووش بوێ.
(١٧) ئەی مووسا! ئەی ئەمە چییە کە لە دەستی ڕاستت دایە؟
(١٨) گوتی: ئەمە عاساکەمە، وەبەر پشتی خۆ دەدەم و گەڵای پێ دادەوەرێنم بۆ ڕانەکەم، چەند ئیشی دیشی پێدەکەم.
(١٩) گوتی: مووسا بیهاوێژە!
(٢٠) کە هاویشتی، لەپڕ دیتی وا مارێکە و دشێڵەهێ.
(٢١) گوتی: بیگرە و ترست نەبێ؛ هەر ئێستاکە دەیخەینەوە تەرحی پێشووی.
(٢٢) دەستیشت بخە باخەڵت – بە بێ ئازار – دێتە دەرێ وەک چۆری شیر؛ [ئەمیش] نیشانێکی ترە.
(٢٣) تا ئێمە لە نیشانانی هەرە گرینگی خۆمانت نیشان بدەین.
(٢٤) ڕێکەوە بۆ لای فیرعەون، یەکجار شووی لێ هەڵکێشاوە.
(٢٥) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! پشوو درێژترم بکە.
(٢٦) کاریشم لێ سانا بکە.
(٢٧) گیریەکم لە زماندایە، بۆم ڕەها کە.

(٢٨) تا دەئاخافتنم بگەن.
(٢٩) لە خزمانم ئاریکارێکم بۆ دانێ.
(٣٠) [مەبەست] هاڕوونی برامە.
(٣١) پشتی منی پێ پتەو کە.
(٣٢) بیشیکە شەریک لە کارم.
(٣٣) تا ئێمە، زێدە پەسنی پاکی تۆ بدەین.
(٣٤) گەلێکیش یادی تۆ بکەین.
(٣٥) تۆ چاوەدێریت لێ کردووین.
(٣٦) گوتی: مووسا! هەرچی تۆ ویستت پێت درا.
(٣٧) جارێ تریش تۆمان وەبەر چاکەی خۆ خست.
(٣٨) کاتێ ئەوەی کە پێویست بوو ئاویتمانە دڵی داکت؛
(٣٩) کە: بیخەرە داربەستەوە و بیهاوێژەرە ناو زێوە؛ با زێش بیخاتە کەنارێ و دژێکی من – کە دوژمنێکی ئەویشە – بیگرێتەوە. ڤیانی خۆم خستە سەر تۆ، تا لە ژێر چاوەدێری خۆم بپەروەرێی.
(٤٠) کاتێ خوشکت دەچوو دەیگوت: گەرەکتانە کەسێکتان بۆ بدۆزمەوە کە بۆتانی بە خێو بکا؟ تا بەم جۆرە هێنامانیەوە لای داکت، کە چاوی پێت ڕوون بێتەوە و خەمێ نەخوا. ئەی مووسا! ئەمەش دەزانی یەکیش بە دەستت زایە بوو؛ لەو خەمەش ڕزگارمان کردی، چەند جاری دیش ئەزموومانی. چەند ساڵێکیش لە ناو خەڵکی مەدیەنا مای؛ پاشان لە سەر بڕیاری خۆن ئەوا هاتی.
(٤١) من تۆم کردە تایبەتی خۆم.
(٤٢) بە نیشانەگەل منەوە لەل براکەتا ڕێکەوە و لە وەبیر هێنانەوەی من سستی مەکەن.
(٤٣) هەردووک هەڕنە نک فیرعەون، ئەو لە ڕادەی دەرکردووە.
(٤٤) نەرم و نیانی بدوێنن، شایەتا بیر بکاتەوە، یان بترسێ.
(٤٥) وتیان: پەروەرندەی ئێمە! ترسن هەیە لێن دەرهەڵبێ و یان تەواو لە شۆری دەرکا.
(٤٦) گوتی: هیچ ترسێکوو نەبێ، من لەل ئێوەم. ئەبیەم، چاویشیم تێوەیە.
(٤٧) سا بچنە لای و پێی بێژن: ئێمە هەرتک ڕاسپاردەی پەروەرندەی تۆین؛ تۆ تۆرەمەی ئیسڕائیلمان ڕەگەڵ بخە و [چیتر] مەیان چەوسێنەوە. وا بەڵگەشن لە ئالی پەروەرندەتڕا بۆ هێناوی؛ درووود لەسەر ئەو کەسانەش بێ، لە ڕاستەڕێ، لانەکەوێ.
(٤٨) بە ئێمە ڕاگەیەنراوە کە هەر کەسێ بڕوا نەکا و پشتی تێکا، ئازار دەرێ.
(٤٩) گوتی: مووسا! پەروەرندەی ئێوە کێیە؟
(٥٠) گوتی: پەروەرندەی ئێمە ئەو کەسەیە کە بە هەموو دەسکردی خۆی هەموو پێداویستی داوە، پاشانیش ڕێی نیشان داوە.
(٥١) گوتی: بەرەو چینەکانی پێشوو چۆن بوون؟
(٥٢) گوتی: لە دەفتەرێکدایە لە لای پەروەرندەمەوە و ئەو دەیزانێ. پەروەرندەم نە هیچ شتی لێ گوم دەبێ و نە هیچیشی لە بیر دەچێ.
(٥٣) کەسێکە زەوی بۆ کردن بە ڕایەخ و ڕێبازگەلێکی بۆ ئێوە تێهەڵکێشاو، ئاوێکیشی لە حەوایەوە داباراند، کە زۆر جووتەی جۆراوجۆری ڕووەکانمان پێ دەرهێنا.

(٥٤) بخۆن و وڵساتەکەشتان بچەرێنن؛ کە لەمەدا زۆر نیشانە بۆ خاوەن ئاوەزان هەیە.
(٥٥) لە زەویمان بەرهەم هێنان، دیسان دەتانخەینە ناوی و جارێکی تر لەوێتان دەردەخەینەوە.
(٥٦) ئێمە هەموو نیشانەکانمان نیشان دا؛ ئەو هەر پڕوای پێ نەکرد و گوێی پێ نەدا.
(٥٧) گوتی: ئەی مووسا! ئاخۆ تۆ هاتیە لامان، تا بە جادووت لە عەرزی خۆمان دەرمانکەی؟
(٥٨) مەرجە ئێمەش جادووی وەک ئەمەت بۆ بێنین. سا خۆت بۆ ئێمە و بۆ خۆشتان جێ ژوانێکی لەتەختانێ ڕەچاو بکە؛ نە مە و نە تۆ، هیچمان تەنەخی لێ نەکەین.
(٥٩) گوتی: جێ ژوان لە ڕۆژی ڕازانەوە بێ، لە وەختی چێشتەنگاوێدا کە مەردم خڕ دەکرێنەوە.
(٦٠) فیرعەون [جڤاتی] جێهێشت و فێڵی خۆی [گشت] کۆ کردەوە و گەڕایەوە.
(٦١) مووسا بە فێڵبازانی گوت: نەچن بە دەم خوداوە درۆ هەڵبەستن؛ بە جەزرەبە گشتوو تەرت و توونا دەکا. کێ بوختانێ بە خوا بکا، دەم لە پووشە.
(٦٢) لێیان بوو بە مقۆمقۆ و ملیان لە سرتەکردن نا.
(٦٣) گوتیان: دیارە ئەوانە دوو جادووگەرن، دەیانەوێ بە جادوویان لە هەردی خۆتان دەرکەن و نەریتە هەرە باشەکەو لە ناو بەرن.
(٦٤) فێڵی خۆتان کۆ کەنەوە و پاشان هەموو بەڕێز وەرن. ئەمڕۆ هەر کەسێ سەرکەوێ، ڕزگار دەبێ.
(٦٥) گوتیان: ئەی مووسا! یان باوێ، یان ئێمە پێش تۆ داوێژین؟
(٦٦) گوتی: نا ئێوە باوێژن. لەپڕ مووسا – لە جادووی وان – وای گومان برد پەتەکان و عاساکانیان دێن و دەچن.
(٦٧) مووسا ئەوسا لە دڵی خۆیا کەمێک ترسا.
(٦٨) گوتن: هیچ ترسێکت نەبێ، تۆ سەرتری.
(٦٩) ئەوی لە دەستی ڕاستتدا بیهاوێژە، هەرچی ئەمان کردوویانە قویتی دەدا. ئەوانەی ئەو کردوویانە، تەڵەکەی جادووگەرانە؛ جادووگەران لە هەر کوێ بن سەرناکەون.
(٧٠) جادووگەر سوژدەیان برد و گوتیان: پڕوان بەوە هێنا مووسا و هاڕوونی پەروەراند.
(٧١) گوتی: بەر لەوە ڕێو بدەم، ئێوە پڕواتان پێ هێنا. دەرکەوت ئەو مەزنتانە و درزی جادووگەری دادان. سوور بزانن هەموو دەست و پایەکانتان بە پێچەوانە دەپڕم و بە کۆتەرەی دارخورمایانوو دادەکەم؛ سا تێدەگەن ئێشاندنی کێ توندتر و پڕ کێشترە.
(٧٢) گوتیان: لە دوای ئەو نیشانانەی دیومانە، سوێند بەو کەسەی کە ئێمەی دروس کردووە، هەرگیز بۆ تۆ دەسمان پێ لەو هەڵناگیرێ؛ سا هەرچییەکی لە دەستت دێ دریغ مەکە؛ تۆ هەر تەنیا لە ژینی ئەم دنیایەدا دەستت دەڕوا.
(٧٣) ئێمە پڕوان بە پەروەرندەن هێناوە؛ هەتا وەکوو لە هەڵەکانمان ببوورێ و لەو جادووگەرییەشمان خۆش بێ؛ کە تۆ بەسەرتا سەپاندین. خوا چاترە و هەر دەشمێنێ.

(٧٤) هەر کەسێ بە تاوانباری بچێتە لای پەروەرندەی، دیارە بەشی جەهەندەمە و – نەمر، نەژی – تیا دەبێ.
(٧٥) هەر کەسیش خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بێ و بچێتە لای، ئەنوای ئەوان وان لە پلە بەرزەکانا.
(٧٦) نشیمەنیان باغاتێکە جۆباریان بە بەردا دەڕوا و تاهەتایە تیا دەبن. ئەمەیە پاداشی پاکان.
(٧٧) ئیتر بە مووسان ڕاگەیاند، کە وێرای عەبدەکانی من بە شەو پڕۆ، ڕێیەکی وشک و برینگیان لە دەریا بۆ ڕەچاو بکە؛ نە نیگەرانی گرتن بەو نە بترسە.
(٧٨) فیرعەون بە خۆو لە شکرەوە کەوتە دوویان. پێلی دەریا هاتە سەریان و دای پۆشین.
(٧٩) فیرعەونیش ڕێی لە گەلەکەی هەڵە کرد و نەیکرا شارەزایان کا.
(٨٠) ئەی وەچ و بەرەی ئیسڕائیل! لەبەر چەنگی دوژمنوو ڕزگارن کردن؛ بۆشمان دانان – لەلای ڕاستی چیای توورێ – بگەنە لام؛ گەزۆ و مەلی شێلاقەشمان بۆ ناردنە خوار.
(٨١) لەو بژیوە پاکانەی پێمان دان، بخۆن؛ بەڵام هەڵەڕۆیی مەکەن؛ نەوەکا لێتان توورە بم. هەر کەس تووشی توورەییم بێ، هەڵدێراوە؛
(٨٢) هەر کەسێکیش تۆبەکار و باوەردار و ئاکارچاک و شارەزای ڕاستەڕێگە بێ، من دەیبەخشم.
(٨٣) ئەی مووسا! ئەوە چۆنە لە هۆزەکەت بەلەزتر بووی؟
(٨٤) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! پەلەم بوو زوو بگەم بە تۆ، هەتاوەکوو لێم ڕازی بی؛ وا ئەوانیش هان لە دووی من.
(٨٥) گوتی: پاش تۆ ئێمە هۆزەکەتمان ئەزموو. سامری لە ڕێی دەرکردن.
(٨٦) ئەوسا مووسا – بە توورەیی و داخ لە دڵی – هاتەوە بۆ ناو هۆزەکەی.
گوتی: گەلۆ! ئاخۆ پەروەرێنی ئێوە بەڵێنی باشی پێ نەدان؟ بۆچی من زۆرم پێ چووە، یان هەر ویستوو بەر توورەیی پەروەرندەتان بکەون، وا پەیمانی منتان شکاند؟
(٨٧) گوتیان: ئێمە بە خۆشی خۆ پەیمانەکەی تۆمان نەشکاند. چەند بار خشڵی گەلەکەیان لە کۆڵ نابووین، ناچار ئاویتنە ناو بۆتە؛ هەروا سامریش تێی هاویشت.
(٨٨) ئیتر کۆتەڵی گۆلکێکی بۆ دەرخستن کە ئەیبۆراند. ئەوسا وتیان: ئەمەیە خودای ئێوەیە و خوای مووساشە؛ [جا مووسا ئەمە] لە بیر چوو.
(٨٩) ئاخۆ ئەمانە نابینن، نە جوابێکیان دەداتەوە و نە زیانێکی بۆیان هەیە و نە قازانجێ؟
(٩٠) هاڕوونیش بەرێ پێی وتن: گەلۆ! هۆن بڤی گۆلکێ خاپێنراون؛ پەروەرێنتان دەهندەکەی ڕۆزیتانە. دەوەرن وەدووی من کەون و فەرمانی من بە جێ بێنن.
(٩١) گوتیان: لێی وەلا ناکەوین، هەتا مووسا دەگەڕێتەوە بۆ لامان.
(٩٢) گوتی: هاڕوون! ئەگەر دیتت ئەوانە لە ڕێ لاکەوتن، چی نەیهێشت تۆ،
(٩٣) شوێنم کەوی؟ ئاخۆ تۆش لە فەرمانی من سەرپێچیت کرد؟
(٩٤) گوتی: ئەی دایک براکەم! ڕیشم بەردە و قژم مەگرە. من لەوە ترسام کە بێژی: تۆ جوداییت خستە نێوان من و بەرەی ئیسڕائیل و لەسەر قسەم ڕانەوەستای.
(٩٥) گوتی: سامری! ئەم کارە چ بوو کردت؟

(٩٦) گوتی: شتێکم بەدی کرد، کە ئەوانی دی نەیاندی: لە دەوسی ڕاسپاردەکەدا لاوێچەخۆڵێکم هەڵگرت، ئەویشم هاویشتە ناوی. ئاوەهاینە نەفسم ئەوەی بۆ خەملاندم.
(٩٧) گوتی: دەسا پڕۆ گوم بە! ئەشێ هەتا ژینت ماوە، هەر بێژی توخنم مەکەون؛ چارەنووسێکیشت هەیە هەر دێتە ڕێت. دەبش نۆڕە، ئەو شتەی تۆ دەت پەرست و دەت گوت: قەت بە جێی ناهێڵم، چتۆ ئاگری دەدەین و خۆڵەکەشی لە دەریایە دەپڕژێنین، بە پڕژاندن.
(٩٨) پەرستیو هەر خودایە کە هەموو شتێک دەزانێ و هیچ شتی تر – لە غەیرەز ئەو – هێژای پەرستنێ نییە.
(٩٩) ئا بەم جۆرە سەرگوروشتەی پێشینەکانت بۆ ئێژین. هەروەها ئەم قورعانەشمان لە خۆمانڕا داوە بە تۆ.
(١٠٠) هەر کەسێ خۆی لێ نەبان کا، ڕۆژی سەڵا بارێکی گران هەڵدەگرێ.
(١٠١) هەرگیز لە ژێری دەرناچی. ئای کە لە ڕۆژی قیامەتا بۆ ئەوانە چەند بارێکی نالەبارە.
(١٠٢) ئەو ڕۆژە وا فوو بە کەڵەشاخدا دەکرێ، ئەوێ ڕۆژێ تاوانباران کۆ دەکەینە و؛ کۆرن و شین هەڵگەڕاون.
(١٠٣) هێدیکا بە یەکتر دەڵێن: دە ڕۆژ نەبێ، نەماونەوە.
(١٠٤) لەو شتەی ئەوان لێی دەدوێن، ئێمە پتر ئاگادارین. لە گشتیان هێژاتر ئێژێ: تەنیا هەر ڕۆژێک ماونەوە.
(١٠٥) لەمەڕ کێوان لێت دەپرسن. بێژە: پەروەرندەکەی من هەر بە هاڕین دەیانهاڕێ؛
(١٠٦) دەیانکاتە دەشتێکی کاکی بە کاکی؛
(١٠٧) نە هیچ کەندی تیا دەبینی و نە هیچ کۆسپێ.
(١٠٨) لەو ڕۆژەدا وەدەنگ کەسێکەوە دەچن، کە بە هیچ بارا خوار نییە. لەبەر خودا هەموو دەنگێک نەوی دەبێ؛ چپەچپ نەبێ نابیسی.
(١٠٩) ئەوێ ڕۆژێ تکا [بۆ کەس] بەهرە نادا، مەگین کەسێ خودا ئیزنی تکای بدا و قسەکەشی پەسند بکا.
(١١٠) ئەو دەزانێ چییان بەسەر هات یان بەسەر دێ؛ هەر ئەمانن کە لەمەڕ ئەو هیچ نازانن.
(١١١) هەموو مەردم لارەملی ئەو کەسەن کە هەر نامرێ و پایەدارە؛ کێ ناهەقێکی کردووە، ناهومێدە.
(١١٢) هەر کەسیش خاوەن باوەڕ و ئاکارچاکە، ناترسێ کە پاداشەکەی زەوت کرێ یا کەمتر بێ.
(١١٣) هەر بەم تەرزەش قورئانێ بە عەرەبیمان نارده خوارێ، گەلێک مایەی ترساندنێن تێخستووە، بەشکوو پێی بپرینگێنەوە یان خۆیان وەبیر بێننەوە.
(١١٤) پایەبەرزە ئەو خودایە کە پاوشای ڕاستەقینەیە. تۆش بەرلەوەی ئێمە پێتی ڕاگەیێنین، دبۆ [خوێندنی] ئەم قورئانە پەلەت نەبێ و بێژە: ئەی پەروەرندەی من! گەشە بە زانستم بدە.
(١١٥) بەرلە ئێستاش دەگەڵ ئادەم پەیمانن بەست؛ لە بیری کرد و پێی نەکرا پێکی بێنێ.

(١١٦) ئەوساش بە فرشتانمان وت: سوژدە لەبەر ئادەم بەرن. هەموویان سوژدەیان بۆ برد مەگین ئیبلیس؛ ئەو لە فەرمان سەرپێچی کرد.
(١١٧) گوتمان: ئادەم! ئەمە هەم نەیاری تۆیە، هەم نەیاری ژنەکەتە؛ لەم بەهەشتەتان دەر نەکا و تووشی قەرەبەختی ببی.
(١١٨) [هەتا لێرەی] نە قەت ڕووتی ڕووت تێدەکا، نە برسێتی؛
(١١٩) نە قەت تێیدا توونی دەبی، نە تاوان گاز.
(١٢٠) شەیتان دنەی خراپەی دا. گوتی: ئادەم! گەرەکتە داری هەرمانت پێ بڵێم و ئەوی هەتە دوایی نەیە؟
(١٢١) ئەوسا هەر دووک لەبەری دارەکەیان خوارد. شەرمی خۆیان بۆ دەرکەوت؛ خەریک بوون بە گەڵای بەهەشت خۆ داپۆشن. ئادەم لە فەرمانی پەروەرندەی لای دا و، لە ڕێ دەرچوو.
(١٢٢) پاشان پەروەرندەی، ئەوی هەڵبژارد و پەژیوانی قبووڵ کرد و ڕێی نیشان دا.
(١٢٣) گوتی: هەرتکوو سەربەرەژێر داخۆزنە ژێر؛ سەرلەبەر دژی یەکترین؛ ئەر لە منڕا ڕێنوێنیتان هاتە لا، ئەوسا هەر کەس ڕێگەی منی گرتەبەرێ، ئیتر نە ڕێ هەڵە دەکا، نە تووشی نەگبەتی دەبێ.
(١٢٤) هەر کەسێکیش بە ئامۆژگاری من نەکا، ژینی لە تەنگانەدایە و ڕۆژی سەڵاش کۆرە لە گۆری دەردەخەین.
(١٢٥) ئێژێ: ئەی پەروەرندەی من! بۆچی منت بە کوێری زیندوو کردەوە؟ خۆ من ئەوسا چاوم ساغ بوون.
(١٢٦) ئێژێ: هەروەک تۆ نیشانەگەل ئێمەت بۆهات و لە بیرە خۆتت بردەوە، ئەمڕۆش تۆ لە بیر دەچییەوە.
(١٢٧) هەر کەسێکی بە نیشانەگەل پەروەرندەی پڕوا نەکا و لە ئەندازەی خۆی لابدا، ئەشێ ئەم دەردەی بدەینێ. دیارە جەزرەبەی دواڕۆژیش توندتر و بە مەوداترە.
(١٢٨) مەگەر بۆیان دەرنەکەوتووە – بەرلەوان – هەر لەو شوێنەی ئەوان پیا دێن و دەچن، چەند بەرەمان لە ناو بردن. هەر لەمەدا بۆ ئەوانەی بە ئاوەزن، زۆر بەڵگە هەن.
(١٢٩) گەر بەڵێنێک بەرلە ئێستا لە پەۆەرندەتڕا نەبا، وەختێکیش دیاری نەکرابا، جەزرەبەیان بەسەر دەهات.
(١٣٠) لەسەر هەرچی ئەوان ئێژن، خۆراگر بە. [هەموو دەمان] – پێش تاوهەڵات، پێش خۆراوا – هەر پەسنی پاکی ئەو بدە و لە بەتڵەکانی شەوێدا و لە هەر دوو ئالی ڕۆژێدا سەرگەرمی سوپاسی ئەو بە، بەشکوو بە ئاواتت بگەی.
(١٣١) چاوت مەدە سەر ئەو شتەی کە داومانە بە دەستەگەلێ لەوانە، کە ئەمە هەر خۆشی ژیانی دنیایە و هەر ویستوومانە بییان ئەزموین. بژیوی پەروەرندەی تۆ چاتر و بەردەوامترە.
(١٣٢) بە کەسوکاری خۆت بێژە نوێژان بکەن؛ خۆشت وازی لێ مەهێنە. ئێمە ڕۆزین لە تۆ ناوێ؛ خۆمان بژیو بە تۆ دەدەین. لە دواییشدا پارێزگاری بەهرە دەدا.
(١٣٣) وتیان: ئەی بۆچ بەڵگەیەکی پەروەرندەن بۆ ناهێنی؟ ئەدی بەڵگەی ئاشکرایان لە نووسراوانی پێشوودا نەهاتە لا؟

(١٣٤) ئەگەر ئێمە بەرلەم قورئانە ئەوانمان بە ئازارێک لە ناو بردبا، دەیانگوت: ئەی پەروەرێنمان! تۆ بەرلەوە وا بێچارە و ڕیسوا ببین، بۆچی پێغەمبەرێکی خۆت بۆ نەناردین، تا بە گوێرەی نیشانەکانی تۆ بکەین؟
(١٣٥) بێژە: هەموو چاوەنۆڕن، سا ئێوەش چاوەنۆڕ بن، هەربینا لێتان حاڵی بوو: کێ ڕێگەی ڕاستی لەبەرە و بۆ شارەزایی لە سەرە.

ئەنبیاء

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) خەڵک ئاگایان لێ نییە، ڕۆژی ژماریان نزیکە و هەر باوەڕیش ناکەن هەبێ.
(٢) هەر پەندێکی تازەیان لە پەروەرێنیانەوە بۆ بێ، دەی بیسن و گورجێ دەیکەنە گاڵتەجاڕ؛
(٣) دڵ خافڵن. ئەوانەش ناهەقییان کرد، بە سرتەوە گوتیان: ئاخۆ ئەمەش مرۆیەک وەک خۆتان نییە؟ دەی چۆن ئێوە بە جادوو دەسخەرۆ دەبن کە بە چاوی خۆ دەبینن؟
(٤) گوتی: پەروەرندەکەی من، لە هەر قسێ لە عەرز و عاسمانان بکرێ، ئاگادارە و هەر خۆی بیسەر و زانایە.
(٥) گوتیان: خەونە درۆزنەیە؛ نەخێر خۆی هەڵیبەستووە؛ دەشبێ هەر خۆی شاعیرێک بێ. دەسا با نیشانەیێکمان نیشان بدا، وەک پێغەمبەرانی پێشوو.
(٦) بەرلەوانیش ئەو شارانەی قڕمان کردن، هەر پڕوایان نەهێنا بوو؛ ئاخۆ ئەمان پڕوا دەکەن؟
(٧) ئەو مێرانەی بەرلە تۆش ڕامان سپاردوون – هەر وەکوو تۆ – ئێمە وڵاممان بۆ ناردن. سا ئەگەر ئێوە نازانن، لە خاوەن کتێبان پرسن.
(٨) هیچ لەشی واشن پێ نەدان کە هیچ نەخۆن و نەمر بن.
(٩) پاشان هەموو بەڵێنێکی – کە پێن دابوون – بە جێن هێنا؛ کە ئەوانیش و هەر کەسیش خۆمان ویستمان نەجاتن دان؛ هەڵەڕۆشمان قڕان تێخست.
(١٠) ئەوا ئێمە کتێبێکمان بۆ ئێوە ناردۆتە خوارێ، باسی ئێوەشی تێدایە. چیتانە کە هەر تێناگەن؟
(١١) چەند باژێریشمان وێران کرد؛ چونکە ئەوانەی تیا بوون، ستەمکار بوون؛ لە پاش ئەوان خەڵکی ترمان لێ دامەزراند.
(١٢) هەر پێ حەسیان کە ئێمە بە گژیان دادێین، لەپڕێکدا لە ئاوایی ڕایان دەکرد.
(١٣) ئێوە ڕامەکەن و بگەڕێنەوە سەر خۆشگوزەرانی خۆتان و ماڵەکانتان؛ بەڵکوو پرسیارتان لێ بکرێ.
(١٤) وتیان: هەی ماڵ وێران خۆمان! دیارە کە ئێمە ناهەق بووین.
(١٥) هەر دەربارەی ئەمە دەدوان، تا بە دەردی ساقەتەی دووراومان بردن و دان مرکاندن.
(١٦) ئێمە ئاسمان و زەوین و هەرچی لە ناو ئەوانەدایە بۆ لەیستۆک دروس نەکرد.

(١٧) ئەگەر ئێمە گەرەکمان با لەیستۆکێک هەڵبژێرین، هەر لای خۆمان هەڵمان دەبژارد. ئەگەر بمانویستایە ئەو کارە بکەین [هەر دەمانکرد.]
(١٨) نەخێر، ئێمە گەرەکمانە پڕوپووچ لە بەین بچێت و ڕاستی جێگەی بگرێتەوە. واوەیلا هەر بۆ ئێوەیە لەو باسی خوداکردنەو.
(١٩) هەرچی لە عاسمانەکان و زەوی دایە، سەربە خوایە؛ ئەوانەش کە لە لای ئەون، لە پەرستنی بە فیز نین؛ فلیش نابن.
(٢٠) بە شەو و ڕۆژ هەر پاکانەی خودا دەکەن؛ سستی نازانن.
(٢١) ئاخۆ ئەوان خواگەلێکیان لەم سەر هەردە دەسکەوتووە، مریان لە گۆران وەژیەنێن؟
(٢٢) ئەر لە ئاسمان و زەویدا - بێژگە لە خوا - خواگەلێکی تر بوونایا، بێ شک هەر دووکیان تێک دەچوون. خودای پەروەرێنی تەخت، زۆر پاکترە لە هەرچی ئەوان بۆی دەڵێن.
(٢٣) چی ئەو بیکا ناشێ پرسیاری لێ بکرێ و ئەوانن کە بەرپرسیارن.
(٢٤) ئاخۆ ئەوان - لەغەیرەز خوا - خوداگەلێکیان بۆ خۆیان دیوەتەوە؟ بێژە: بەڵگەی خۆتان بێنن؛ ئەمە پەندە بۆ ئەوانەی دەگەڵ مندان؛ بۆ ئەوانەش کە پێش من بوون. بەڵام ئەوان - زۆربەی زۆریان - لە ڕاستی سەریان دەرناچێ و لێی نەبانن.
(٢٥) بەرلە تۆش ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان نارد، ڕامان سپارد، کە: هیچ پەرستووێک بەغەیرەز من نییە و هەر تەنیا من بپەرستن.
(٢٦) وتیشیان: خودا ڕۆڵەی هەس. نەخێر؛ ئەوانە عەبدانی ڕێزگیراون، خودا لەو شتانە پاکە.
(٢٧) لە قسە پێشی ناکەون و هەر بە پێ فەرمانی ئەویش دەجوڵنەوە.
(٢٨) لەوەی کە ئێستا دەیکەن و لەوەش کەوا کردوویانە، ئاگادارە و هەر کەسێ خۆی ڕەزای نەبێ، ناتوانن تکای بۆ بکەن؛ وای لێ دەترسن، دەلەرزن.
(٢٩) هەرکێ لەوان بێژێ: منیش خودایەکم بەغەیرەز ئەو؛ سزای ئەو کەسە دۆژەهە و هەر بەم جۆرەش خوانەناسان سزا دەدەین.
(٣٠) ئاخۆ خودانەناسان ئەمە نازانن، کە عاسمانەکان و زەمین یەکپارچە بوون، ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن. هەر جانەوەرێکیش هەیە، لە ئاومان بەرهەم هێناوە؟ ئاخۆ هێشتا باوەڕ ناکەن؟
(٣١) لەسەر زەویش کەژوکۆمان وەدی هێنا، نەوەکا وەیان لەرزێنێ و چەند ڕێبازمان لێ پێک هێنا بەڵکوو ئەوان شارەزا بن.
(٣٢) ئاسمانیشمان کردە میچێکی پارێزراو، کەچی ئەوان لەو گش نیشانانەی تێیدان، خۆ دەبوێرن.
(٣٣) هەر خۆیەتی شەو و ڕۆژ و خۆر و هەیڤی دروست کرد و هەر یەک لە شوێنی خۆیاندا مەلە دەکەن.
(٣٤) وامان نەکرد هیچ مرۆیەک بەر لە تۆ هەبێ و نەمر بێ. ئاخر چۆن ئەگەر تۆ بمری، ئەوانە تا سەر دەمێنن؟
(٣٥) هەموو گیانێک تامی مردن هەر دەچێژێ. بە خراپە و بە چاکە بێ، بە تاقیتان دەکەینەوە و هەر دەوهێننەوە لای خۆمان.
(٣٦) هەر کاتێ خوانەناسەکان تۆ دەبینن، گاڵتەی خۆیان بە تۆ دەکەن: ئاخۆ ئەمە باسی بتەکانوو دەکا؟ کەچی خۆشیان لە یادی [خودای] دەهندە حاشا دەکەن.

(٣٧) مرۆ لە پەلە چێ بووە. هەربینا زوو نیشانانی خۆم نیشان دان؛ ئیتر هیچ پەلەم لێ مەکەن.
(٣٨) ئێژن: ئەگەر بە ڕاستانە، دەی کەی ئەم بەڵێنەو پێک دێ؟
(٣٩) ئەگەر ئەو خوانەناسانە ئاگادار بان لەو ڕۆژەی کە قەت ناتوانن ئاگر لەسەر سەروچاویان و لە پشتیان وەلادەن و کەسیش دەهانایان نایە، [ئیتر ئاوایان نەدەکرد].
(٤٠) لەپڕ تێیان هەڵدەگەڕێ و تووشی واق و وڕمانیان دەکا؛ ناتوانن خۆی لێ لادەن و هیچ مۆڵەتیشیان پێ نادەن.
(٤١) ئەو گاڵتانە بە پێغەمبەرانی بەرلە تۆش هەر کراوە. جا ئەوسا گاڵتەجاڕەکان، سزای ئەو گاڵتەی دەیانکرد، دەوری گرتن.
(٤٢) بێژە: کێیە - بە شەو و ڕۆژ - ئێوە لە [ئازاری] خودا بپارێزێ؟ نەخێر، ئەوان لە یادی پەروەرندەیان خۆ دەبوێرن.
(٤٣) یاخۆ ئەوان - غەیرەز ئێمە - خواگەلێکی تریان هەیە، لە بەڵایان بپارێزن؟! [ئەو خواگەلە] یاریدەی خۆشیان پێ نادرێ و ئێمەش پەنایان پێ نادەین.
(٤٤) بەڵکوو ئێمە کارێکمان کرد کە ئەوان و باب و باپیرانی وانیش ڕای ببوێرن، هەتاوەکوو تەمەنی زۆریان بردەسەر. ئەدی ئەوەندە نازانن ئێمە دێین و ئەم زەمینە - لە هەموو لا - هەروا لێی کەم دەکەینەوە؟ ئاخۆ هەر خۆیان لە سەرن؟
(٤٥) بێژە: من هەر بەو فەرمانەی بۆم هاتووە، دەوترسێنم. بەڵام بانگ بە گوێی کەڕاندا و ترساندنیان بەهرەی نییە.
(٤٦) خۆ ئەگەر هەر سۆزەیەکیان لە ئازاری پەروەرندەت وەلەش کەوێ، ئێژن: ئەی هاوار لەمە، ئێمە هەر لەسەر ناهەق بووین.
(٤٧) ڕۆژی قیامەت چەندین تەرازووی بەرانبەر وەکار دەخەین. ئەوسا بە قەد سەنگی تۆمی وردیلەی دانە خەردەلیش دەخەینە ڕوو ناهەقی لە کەس ناکرێ. ئەوسا بەسە کە هەر خۆمان پێ ڕادەگەین.
(٤٨) دیارە ئێمە هۆی هەڵاواردنمان دا بە مووسا و هاڕوون؛ کە ڕۆشنی و بیرەوەری تێدایە بۆ خۆپارێزان.
(٤٩) ئەو کەسانەی کە بە نهێنی لە پەروەرندەی خۆیان دەترسن و لە سەڵا ڕابوون دەلەرزن.
(٥٠) ئەمەش پەندێکی پیرۆزە کە ناردوومانەتە خوارێ. ئاخۆ ئێوە خۆتانی لێ نەبان دەکەن؟
(٥١) لەمەوبەریش ئیبراهیم مان لە کاران شارەزا کرد و هەمیشە لێی بە ئاگا بووین.
(٥٢) لەو دەمەدا کە بە ئاپی و هۆزەکەی گوت: ئەم کۆتەڵانە چ کارەن کە ئێوە دەیانپەرستن؟
(٥٣) گوتیان: باڤ و کاڵی ئێمەش هەر ئەمانەیان دەپەرست.
(٥٤) گوتی: ئەگەر ڕاستوو دەوێ، دیارە باب و کاڵی ئێوەش هەر وەکوو خۆتان گومڕا بوون.
(٥٥) گوتیان: ئاخۆ ڕاستێکت بۆ هاوردگین، یان هەر گاڵتەمان پێ دەکەی؟
(٥٦) گوتی: پەروەرندەی ئێوە، پەروەرندەی ئاسمانەکان و زەمینە؛ کە خۆی دروستی کردوون و منیش وێڕای شایەتانم.

(٥٧) سوێند بە خودا، هەر ئێوە پشت بکەنەوە و لێرە لاچن، دەبێ گەڕێک دەو بتانەو بهاڵێنم.
(٥٨) گشتی تیکەتیکە کردن، بتە مەزنەکەیان نەبێ؛ بەشکوو بێنەوە بۆ لای ئەو.
(٥٩) گوتیان: ئاخۆ کێ ئەم کارەی بەسەر خواکانمان هێناوە؟ دیارە لە ناهەقان بووە.
(٦٠) گوتیان: ئێمە بیستوومانە لاوێک دەربارەیان دەدوا؛ کە ناویشی ئیبڕاهیمە.
(٦١) گوتیان: بیهێنن با خەڵکیش چاویان لێ بێ، شایەت ئەوانیش شایەت بن.
(٦٢) گوتیان: ئاخۆ ئەی ئیبڕاهیم! تۆ ئەم کارەت دەربارەی بتەکانمان کرد؟
(٦٣) گوتی: نەخێر، گەورەکەیان ئەو کارەی کرد؛ دە ئەوەتانێ لێی پرسن، ئەگەر دەتوانن پەرسڤتان بدەنەوە.
(٦٤) زۆر بە خۆدا شکانەوە و ئەوسا گوتیان: دیارە خۆتان ستەمکارن.
(٦٥) پاشان سەری خۆیان داخست: خۆت دەتزانی کە ئەمانە قسە ناکەن.
(٦٦) گوتی: ئاخۆ - غەیرەز خودا - ئێوە شتێ دەپەرستن کە نە هیچ بەهرەو پێ دەدەن، نە زیانیشوو لێ دەدەن؟
(٦٧) بێزم لە ئێوە هەستاوەو لەوشتانەش کە بەغەیرەزخودان و دەیانپەرستن. بۆ تێناگەن؟
(٦٨) گوتیان: ئەگەر لە دەستوو دێ، بیسووتێنن و خوداکانوو یاری بدەن.
(٦٩) گوتمان: ئاگر! دەبێ سارد و بێ زیان بی بۆ ئیبڕاهیم.
(٧٠) ویستیان تەشقەڵێکی پێ بکەن، زۆر زیانبارترمان کردن.
(٧١) ئێمە ئەویش و «لووت» یشمان بەرەو ئەو عەرزە نەجات دا کە بۆ هەموو خەڵکی دنیا پیت و پیرۆزیمان پێدا.
(٧٢) ئیسحاقیشمان هەر پێ بەخشی و یەعقووبیش زێدە بەشی بێ و هەموومان کردن بە مێرخاس.
(٧٣) کردیشمانن بە پێشەوا - کە هەر بە فەرمانی ئێمە - شارەزایی مەردم بکەن و بە هەمووشیانمان ڕاگەیاند لە کاری چاک نەوێستن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن و، گشتیان ئێمەیان دەپەرست.
(٧٤) «لووت» یشمان فێری کارزانی و زانستی کرد. ڕزگاریشمان کرد لەو شارەی بێ ناموسی تێدا دەکرا. خەڵکی ئەوێ کۆمەڵێکی خراپی لە ڕێلادەر بوون.
(٧٥) وەبەر بەزەیی خۆشمان خست. ئەو یەکێ لە پیاوچاکان بوو.
(٧٦) «نووح» یش هەر وەبیر بێنەوە کە لەوەپێش گازی کردین، ئێمە بە دەنگیەوە هاتین؛ خۆی و کەسوکارەکەیمان لە بەڵای گەورە نەجات دا.
(٧٧) لە بەرانبەر هۆزەکەیدا - کە نیشانانی ئێمەیان بە درۆ ژمارد - فریای کەوتین. گەلێکی گەلێک بەدفەڕ بوون؛ هەموومان بە ئاو خنکاندن.
(٧٨) لە داوود و سولەیمانیش باسێک بکە، کە بەسەر کێشەی کێڵگەیەک ڕاگەیشتن، ئەوسا کە ئاژەڵی گەلێک - کاتی شەوێ - پێی وەربوون. ئێمە ئاگان لە پێ ڕاگەینەکەیان بوو.
(٧٩) سولەیمانمان تێگەیاند کە دەبێ چ بکا؛ بە هەر دووکان کارزانی و زانستیمان دا و کێوەکان و مەلانیشمان کەوی کرد کە وێرای داوود، هەر پەسندی خودا بدەن؛ ئەم کارەش لە ئێمە ڕابوو.
(٨٠) فێریشمان کرد زرێتان بۆ دروس بکا، تا لە شەڕدا بووپارێزێ. ئاخۆ ئێوە شوکرێ دەکەن؟

(٨١) بۆ سولەیمان بای بەهێزمان دەستەمۆ کرد، کە بە فەرمانی بگاتە ئەو زەمینەی ئێمە پیتمان تێخستووە و ئێمە لەمەڕ هەموو شتێک ئاگادار بووین.
(٨٢) لە شایەتینیش بازێکیان بۆ ئەو دەچوونە بن ئاوێ و کاری تریشیان بۆ دەکرد. هەر ئێمەش دەمانپاراستن.
(٨٣) یادێ لە ئەییوبیش بکە؛ کاتێ کە گازی لە پەروەرندەی خۆی کرد، کە: تووشی مەینەتێ هاتووم، ئەتۆش لە هەموو دڵسۆزان دڵسۆزتری.
(٨٤) نزامان لێ قبووڵ کرد و وەزەنمان لەسەر لابرد و خێزانەکەیمان پێداوە و هێندەی تریش وێرای ئەوان. بەزەیی بێ لە ئێمەوە و پەندێکیش بێ بۆ ئەوانەی کە هەر ئێمە دەپەرستن.
(٨٥) [یادیش بکە لە] ئیسماعیل و [لە] ئیدریس و زەلکیفل؛ کە هەموویان لە دەستەی خۆڕاگران بوون.
(٨٦) وەبەر بەزەیی خۆمان خستن، کە ئەوان لە پیاوچاکان بوون.
(٨٧) ماخۆی ماسیش بێنەوە بیر؛ ئەوسا بە تووڕەیی ڕۆیی و هەر پێی وابوو ئێمە دەرۆستی ئەو نایەین؛ تا لە ناو تاریکاییدا هاواری کرد: لەغەیرەز تۆ هیچ خودایەکی شک نابەم، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە، من لە ڕێزەی ناهەقان بووم.
(٨٨) سا دەهانای ئەویش هاتین، لە خەمەکەمان ڕزگار کرد. ئێمە ئاوا باوەڕداران ڕزگار دەکەین.
(٨٩) باسێکی زەکەریاش بکە، کە هاواری بردە بەر پەروەرندەی خۆی: پەروەرندەم! هەر بە تەنێم مەهێڵەوە و تۆ باشترین کەسێکی کە هەر دەمێنی.
(٩٠) نزامان لێ قبووڵ کرد و یەحیامان بە بەخشش دایە و ژنەکەیمان چاک کردەوە. ئەمان لە کاری چاکەدا بە هەڵپە بوون؛ بە هومێد و بە ترسەوە لەبەرمان دەپاڕانەوە و لە حاند ئێمە لارەمل بوون.
(٩١) ئەو پیرەکەش کە وا شەرمی خۆی دەپاراست، ئێمە بەهۆی ڕووحی خۆمان فوومان تێکرد؛ خۆی و کورەکەی ئەویشمان کردە نیشانەی ئاشکرا بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.
(٩٢) ئەمە ئایینی ئێوەیە و یەک ئایینە. منیش پەروەرندەی ئێوەم، ئەشێ هەر من بپەرستن.
(٩٣) ئەمانە کارەکەی خۆیان لە ناو خۆیاندا بەش بەش کرد. سەرلەبەریشیان بۆ لای مە وەدەگەڕێن.
(٩٤) هەر کەسێکی لە کاری چاکە خەریک بێ و بەباوەڕ بێ، تەقالای بەفیڕۆ ناچێ و دیارە ئێمە بۆی دەنووسین.
(٩٥) هەر شارێ کە قڕمان تێخست، تازە ناشێ بەرەو دووا بگەڕێنەوە.
(٩٦) هەتا ئەوسا درگا لە ئاجووج باجووجان دەکرێتەوە و لە هەموو شوێنی بەرزەوە دادەگەڕێن.
(٩٧) بەڵێنە ڕاستەکەش نزیک ببێتەوە، ئەوسا - لە پڕ - چاوی خودانەناسەکان دەردەپەڕێ و ئێژن: واوەیلا لە خۆمان، ئێمە لەوە بێ ئاگا بووین؛ نەخێر [ئاگاشیان پێ دابووین] بەڵام خۆمان ناهەقییمان لە خۆمان کرد.
(٩٨) ئێوە وێڕای ئەوانەی - لەغەیرەز خودا - دەپەرستن، گش ئێزنگی جەهەندەمن و هەر دەبێ بچنە ناویەوە.
(٩٩) ئەگەر ئەو پەرستیوانە [وەک خۆیان ئێژن] خوا بوونا، دیارە نەدەچوونە ناوی. ئێستا هەموو - تاهەتایە - هەر لەوێدان.

(١٠٠) لەوێ هەنیسکان دەدەن و هیچ نابیسن.
(١٠١) ئەو کەسانەی لە پێشوودا بڕیارن دا کە چاکەیان دەگەڵ دەکەین، ئەوان لەدۆزەە بەدوورن.
(١٠٢) کڵپەی کڵی جەهەندەمیان گوێ لێ نابێ و هەرچی ئارەزووی دڵیانە - هەتاهەتا - هەر هەیانە.
(١٠٣) ترسە هەرە گەورەکە خەمباریان ناکا. فرشتانیش تووشیان دەبن: ئەوا ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێدرابوو.
(١٠٤) ڕۆژێ کە ئێمە ئاسمانێ لە چەشنی تۆماری قاقەز بۆ نووسینێ، هەڵدەپێچین. هەر وەک پێشوو دروسمان کرد، دیسان سازی دەکەینەوە. بەڵێنێکە لە ئێمەوە و هەر دەشی کەین.
(١٠٥) لە زەبووردا، - کە لە پاش تەورات بوو - نووسین: ئەم زەمینە هەر بۆ عەبدە هێژاکانی مە دەمێنێ.
(١٠٦) دیارە لەمانەدا بانگەوازێک هەیە بۆ گەلی خوداپەرستان.
(١٠٧) ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە بەزەیی و چاکەیەک بی بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.
(١٠٨) بێژە: من هەر پێم ڕادەگەینرێ بێژم خواتان یەکە. ئاخۆ ئێوە دەی سەلمێنن.
(١٠٩) ئەگەر ڕوویان لێ وەرگێرای، بێژە: وا من بە گشتانم ڕاگەیاند، بە بێ جیاوازی؛ ناشیزانم ئەوی بەڵێنوو پێدراوە، زوو دێتە جێ یان ماوەیەک دەخایەنێ.
(١١٠) هەر قسێکی بە ئاشکرا بیدرکێنن یا وەیشێرن، ئەو دەیزانێ.
(١١١) ناشیزانم، شایەت ئەمە لەمەڕ ئێوە ئەزموونێک بێ و هەتا ماوەی دیاری کراو ڕای ببوێرن.
(١١٢) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! تۆ چۆن ڕاستە [بە کاری ئێمە] ڕابگە و، پەروەرێنمان خودای ڕۆزی دەهندەیە و دەربارەی وتاری ئێوەش هەر لەو یارمەتی دەخوازین.

حەج

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی خەڵکینە لە پەروەرندەو بترسن، بوومەلەرزەی ڕۆژی سەڵا ڕووداوێکی زۆر گرینگە.
(٢) ڕۆژێ چاوتان پێ دەکەوێ، گ شیردەرێک شیرەخۆرەی لە بیر دەچێ و هەرچی تۆلی لە زگدایە بەرداوێژێ. وادەزانن هەموو ئەو خەڵکە سەرخۆشن؛ خۆ مەستیش نین، بەڵام ئازار لە خوداوە زۆر دژوارە.
(٣) هێندێ کەس هەن، بە بێ ئەوە هیچ تێگەیبن کێشەی لەمەڕ خوا دەکەون و دەکەونە دووی هەموو شەیتانێکی بەدفەڕ.
(٤) بۆ شەیتان بڕیار دراوە و بۆی نووسراوە، کە هەر کەس ببێتە دۆستی، دیارە ئەو لە ڕێ لای دەدا و بەرەو ئازاری ئاگری بەڕێ دەکا.
(٥) ئەی خەڵکینە! ئەگەر لە زیندووبونەوە بەگومانن، سا بزانن ئێمە ئێوەمان دروس کرد، هەوەڵ لە ئاخ، پاشان لە تنۆکەیەک و پاشان لە جەڵتەخوێنێک و

پاشان لە پلە گۆشتێکی بیچم پێدراو، یان پێ نەدراو، تا پێتانی بسەلمێنن. چیمان بوێ تا ماوەیەک دەخەینە ناو پزدانەوە و پاشان بە ساوایی دەوهێنینە دەرێ؛ ئەوسا [ماوەتان پێدەدەین] هەتا دەگەنە توانایی. هێندێ لە ئێوە دەمرن و هێندێکتان دەخرێنە پیری و کەلەلایی، هەتا هەرچی دەیزانێ لە بیری بکا. ئەم زەمینەش دەبینی - بێ هەست و خوستە - هەرگا بارانمان لێ باراند، بە خۆدا دێ و گەشە دەکا و هەموو جووتێکی دیمەن جوان، ڕووەک لە خۆیدا دەڕوێنێ.
(٦) ئەمە بەڵگەس کە بەڕاستی خودا هەقە و ئەمیشە مریان زیندوو دەکاتەوە و هەر ئەویشە لەسەر هەر شتێ توانایە.
(٧) ڕۆژی قیامەتیش بێ گومان هەر وەدی دێ و هەر خودا خۆی ئەو کەسانەی لەگڵکۆدان - هەموویان - دەردەخاتەوە.
(٨) لە ناو خەڵکا هی واهەیە، لەمەڕ خودا کێشە دەکا، بێ ئەوەی چی لێ بزانێ؛ نە هیچ شارەزایی هەیە و نە کتێبێ کە بۆی ڕۆشن بکاتەوە.
(٩) بە فیز مل بەلاوە دەنێ، تا خەڵکی لە ڕێگەی خودا کلا بکا. لە دنیادا بەشی هەر سووکایەتییە و ڕۆژی سەڵاش لە ئێمەوە ژانی سووتانێ دەچێژێ.
(١٠) ئەمە سزای ئاکار و کردارەکەتە؛ خوداش هەرگیز ناهەقی لە عەبدان ناکا.
(١١) هەر لەم خەڵکەدا ئی واهەن، بە دوودڵی خواپەرستە؛ ئەگەر چاکەیەکی تووش هات، بەوە لە خوا دڵنیایە؛ ئەگەر بەڵاشی بەسەر دێ، بەرەو پاش دەگەڕێتەوە. دنیاش و قیامەتیشی چوو، دووسەرە زەرەر ئەمەیە.
(١٢) لەغەیرەز خوا، هانا بۆ شتێ وا دەبا، کە نە زیانی لێ دەدا نە قازانجیشی پێ دەدا. ئەوەیە لە ڕێ هەتڵە بوون.
(١٣) هانا بۆ کەسێ وادەبا، زیانەکەی لە قازانجی نزیکترە. ئای چ یارێکی بەدکارە و چ هاودەمێ نالەبارە.
(١٤) ئەوانەی خاوەن باوەڕ و ئاکارچاکن، خوا دەیانباتە باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا. دیارە خودا هەرچۆنێکی بوێ دەیکا.
(١٥) کێ پێی وایە کە خوا لە دنیا و قیامەتیش دەهانای [پێغەمبەر] نایە، با بە پەتێک خۆی هەڵواسێ تا دەخنکێ؛ دەبا بزانێ بەم فێڵە ئۆخەی دڵی دێ؟
(١٦) بەو ئاوایەش ئەو قورئانەمان نارده خوار، کە نیشانەگەلێکی ڕۆشن کەرەوەن. هەر کەسێکیش خوا بیەوێ، شارەزای بەرەو خۆی دەکا.
(١٧) ئەوانەی پڕوایان هێنا و ئەوانەی بوونە جوولەکە و سوببی و مەسیحی و مەجووسی و ئەو کەسانەش شەریک بۆ خودا دەناسن، دیارە خودا ڕۆژی سەڵا بە کاری هەمووان ڕادەگا. دیارە خودا لە هەموو شت ئاگادارە.
(١٨) تۆ نابینی ئەو کەسانەی وا لە ناو عاسمانەکان و ئەوانەی لە زەمیندان و خۆر و هەیڤ و ئەستێرەکان و کۆسار و درەختان و جانەوەر و زۆر لە مەردم سوژدە هەر بۆ خودا دەبەن؟ زۆرێکیش ئازاریان بۆ پڕیاردراوە. خودا هەرکێ تووشی سووکایەتی بکا، تازە کەس ڕێزی لێ نانێ. دیارە خودا هەرچی ئارەزووی بێ دەیکا.
(١٩) ئەم دووانە لەسەر پەروەرندەی خۆیان کێشەیانە: ئەوانەی بوونە خوانەناس، کراسێکی ئاگریان بە بەژنی پڕا؛ ئاوی گەرمی داتوڵێنیان لەسەڕرا بەسەردا دەکرێ.
(٢٠) هەر بەو ئاوە قژکوڵاوە، هەناویان بە پێستیانەوە دادەبەڵۆخێ.
(٢١) بەر گورزی ئاسنیش دەدرێن.

(٢٢) تا گەرەکیان بێ لە مەینەت ڕزگار ببن، هەس دەدرێنەوە بۆ ناوی: دەی ژانی ئاگر بچێژن!
(٢٣) ئەوەی باوەڕیان هێناوە و ئاکارچاکن، خوا دەیانباتە باغاتێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا. خشڵیان بازنەی لە زێڕ و مرواریيە و بەرگی بەریان هەورەمیشە.
(٢٤) بەرەو وتاری پاکژ و بەرەو ڕێگەی خوداپەسند، ڕێگەیان دراوە.
(٢٥) ئەوانەی خودانەناسن و دەبنە لەمپەر لە ڕای خودا و ئەو «مسجدالحرام»ەی کە کردوومانەتە [پەرسگە] بۆ هەموو خەڵک - چ نیشتەجێ و چ غەوارە - [تووشی سزای دژوار دەبن]. هەر کەسێکیش لەوێ دەسدرێژی بکاو لە ڕێ لادا، ئازارێکی زۆر بەژانی پێ دەچێژین.
(٢٦) ئەوحانە کە ئیبراهیم مان لە جێ ئەم ماڵە ئەنوادا، کە: نەکەی کەس بکەی بە شەریکی من و ماڵی من خاوێن کەرەوە، بۆ دەورەدەر و وێستاو و کڕنۆشکەر و سوژدەبەران.
(٢٧) بانگەوازی خەڵک بکە بێنە زیارەت؛ با بە پیادەیی و بە سواری، تەنانەت لەسەر چارەوێی لە جەریشڕا، لە ڕێی دوور و درێژیشڕا، بە تۆ بگەن.
(٢٨) با بێنە بەهرە بردنێ بۆ خۆیان و لە چەند ڕۆژی دیاری کراو، لەسەر وڵساتێ پێی داون، یادی ناوی خودا بکەن. خۆتان لە گۆشتیان بخۆن و با ئەو کەسانەش لێی بخۆن کە تامەزرۆن و هەژارن.
(٢٩) لە پاش ئەوە گەمار لە خۆ دوورخەنەوە و نەدرەکانیان پێک بێنن و با خول بخۆن بە دەوری ماڵی کەونارا.
(٣٠) ئا بەم جۆرە و هەر کەس دەستووراتی خودا بەڕێز بگرێ، لە لای پەروەرندەیەوە بۆی چاترە. پاتاڵیشتان بۆ ڕەوایە؛ مەگین ئەوی کە پێتان ڕادەگەیەنرێ. لە گەماری بتەکان دوورەپەرێز بن؛ لە درۆش خۆبپارێزن.
(٣١) بە دڵی پاک بۆ خودا بن؛ شەریکی بۆ پەیدا مەکەن؛ هەر کەسێکی شەریک بۆ خودا بناسێ، وەک ئەوەیە لە حەواوە هەڵدێراوە و مەل تێی ڕۆبێن، یان بایەک هەڵیداشتبێ بۆ شوێنێکی دووری چەپەک.
(٣٢) دیارە هەر کەس ئەو پێودانەی خوا دایناوە ڕێز لێ بگرێ، نیشانەیە، کە بە دڵ لە خودا دەترسێ.
(٣٣) تا ماوەیێ ناودێر کراو بەهرەی وڵساتوو پێدەگا، ئەوسا جێی سەرژێ کردنیان لای ماڵە کەوناراکەیە.
(٣٤) بۆ هەموو خاوەن ئاینان یاسای قوربانی کردنمان دیاری کرد؛ تاوەکوو لەسەر وڵساتێ کە بۆ ڕۆزی پێمان داون، ئەوان ناوی خودا بێنن. خوای ئێوە تاک و تەنیایە؛ خۆتان بدەنە دەست ئەم و مژدە بەو کەسانە بدە کە خۆیان بە کەم دەزانن.
(٣٥) ئەو کەسانەی هەتا ناوی خودا دەبیەن، دڵیان ترسی ڕێ دەنیشێ و هەرگا بەڵایان بەسەر دێ، خۆڕاگرن و نوێژ دەکەن و لەو ڕۆزی ئێمە پێن داون، لە ڕای خودای بەخت دەکەن.
(٣٦) بۆمان دانان، کە وشتری قوربانی لەوانەیە کە بەر یاسای خودا دەکەوێ؛ ئێوەش بەهرەیان لێ دەبەن. تا بە پێوەن، ناوی خوایان لەسەر بێنن. هەرگا لەسەر تەنیشت کەوتن و سەرژێ کران، لێیان بخۆن؛ تامەزرۆی شەرمێونیش و پارسەکی لێ بێ بەش مەکەن. ئێمە ئەوانەن بۆ ئێوە دەستەمۆکرد، بەشکوو شوکرانەبژێر بن.

(٣٧) گۆشت و خوێنی ئەوانە بۆ خودا ناچێ؛ تەنیا هەستی ترسوو لە خوایە بەو دەگا. ئەوانەی ئاوەهاینە بۆ ئێوە ڕام کرد؛ هەتا باسی مەزنایەتی و سوپاسی خودای خۆ بکەن؛ کە ئەم ڕێگەی نیشان داون. مژدەش بە کارچاکان بدە.
(٣٨) خودا لەسەر ئەو کەسانە دەکاتەوە کە باوەڕیان پێ هێناوە؛ چونکە خودا گش خەیانی پێ نەزانی ناخۆش دەوێن.
(٣٩) ئەو کەسانەی شەڕیان بەسەردا سەپاندوون، چونکە ناهەقییان لێکراوە، دەتوانن تۆڵەی خۆوەکەن. خوداش دەتوانێ سەریان خا.
(٤٠) ئەوانەی هەر لە ناهەقی لە زێدی خۆیان دەرکران، گوناهیان هەر ئەوەندە بوو کە دەیان وت: خودا پەروەرندەمانە. ئەگەر خودا هێندێکانی بە هێندێکان ڕاو نەنابا، دێر و کلیسا و کەنشت و مزگەوتەکان - کە لەواندا فرە ناوی خودا دەبرێ - وێران دەکران. خوا دەهانای ئەوانە دێ کە یاریدەی خودا دەدەن؛ دیاریشە خوا زۆر بەهێز و دەستەڵاتە.
(٤١) ئەوانەی وا ئەگەر لەم زەوینەدا دایانمەزرێنین، نمێژکەر و زەکات دەرن و فەرمان بە چاکە دەدەن و بەر لە کاری خراپ دەگرن. سەرئەنجامی هەموو کاریش هەر بۆ خوایە.
(٤٢) گەر ئەمانە ئەتۆ بە درۆزن دەزانن، پێش ئەمانەش هۆزی نووح و عاد و سەموود، هەر ئەمە پیشەیان بووە.
(٤٣) دیسان هۆزی ئیبراهیم و هۆزی لووتیش.
(٤٤) خەڵکی مەدیەنیش هەروەها. مووساش بە درۆزن زاندرا. ئەوسا تا ماوەیەک وازمان لەو خوانەناسانە هێنا، پاشان غەزەبم لێ گرتن، بەڵام چۆن غەزەب گرتنێک!
(٤٥) ئای کە ڕمان دەچەند شاری ناهەقان خست؛ داریان بەسەر بەردا درا؛ دەوری چاڵاویان چۆڵ کرا؛ کۆشکی پتەویان تێک درا.
(٤٦) ئاخۆ هێشتا بە زەویدا نەگەڕاون، تا ببنە خاوەن دڵان و گوێچکەگەلێ کە پێ تێبگەن و ببیسن؟ لە ڕاستیدا چاو کوێر نابن؛ ئەو دڵانە کوێر دەبن کە جێیان لە ناو سێنەکانە.
(٤٧) بۆ ئازارێت لێ بە پەلەن؛ خوداش هەرگیز لە بەڵێنی پاشگەز نابێ. تاقە ڕۆژێک لە کن پەروەرندەت، بە قەد هەزار ساڵە کە ئێوە حیسابی دەکەن.
(٤٨) بە زۆر شاران - کە ناهەق بوون - مۆڵەتم دا و لە پاشانا وەبەر توورەیی خۆم خستن.
(٤٩) بێژە: مەردم! ئەمن بۆ ئێوە تەنیا هەر ترسێنەرێکی ئاشکرام.
(٥٠) ئەوانەی پروایان هێنا و ئاکاری چاکیان ڕەچاو کرد، لێ خۆش بوون و بژیوێکی باشیان دەبێ.
(٥١) ئەو کەسانەش کۆششیان کرد کە نیشانەکانی ئێمە گەشە نەکەن، پێشیان وابوو کە دەتوانن دەستەڵاتمان لێ بستێنن، ئەوانە یاری دۆژەهن.
(٥٢) لە پێش تۆشدا ئێمە هەرچەند پێغەمبەر و ڕاسپاردەمان ناردووە و لە نیشانەکانی ئێمەی بە مەردم ڕاگەیاندووە - ئیللان و بیللان - شەیتان [بە هەلی زانیوە و لە خۆیەوە] شتێکی دەپاڵ ئاخنیوە. ئەوسا خودا فەند و فێڵەکەی شەیتانی پووچ کردەوە و؛ لە دوا جاردا نیشانەکانی خۆی پتەو کردۆتەوە. خودا زانای لەکارزانە.

(٥٣) هەتا وەبکا ئەوەی شەیتان هاویشتوویەتە ناویەوە، ببتە مێمڵ بۆ ئەوانەی دڵی دەغەزداریان هەیە و دڵیان ڕەقە. ناهەقان بۆ دژایەتی زۆر چوونەپێش.
(٥٤) تا زاناکانیش بزانن، ئەمە ڕاستە [و] لە پەروەرندەی تۆرایە؛ ئیتر پڕوای پێ بکەن و دڵیشیان پێ دابمەزرێ. هەرکێ باوەڕیان پێی هەیە، بێ سۆ خودا شارەزای ڕاستەڕێی کردوون.
(٥٥) ئەوانەی خودانەناسن هەتا ئێستاش لێ دوودڵن، تا - گوز و گوممەت - سەڵایان لێ ڕادەبێ؛ یان بە ڕۆژێکی هومێدبڕ دەکەونە ناو ئازارەوە.
(٥٦) ئەوێ ڕۆژێ هەر خودا فەرمانڕەوایە و بە کاری گشتان ڕادەگا. ئەوسا ئەوی خاوەن پڕوا و ئاکارچاک بوون، لە باغاتی پڕ خێروبێر دادەمەزرێن.
(٥٧) ئەوانەی خوانەناس بوون و نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی، بەشیان جەزرەبەدانێکی ئاوڕووبەرە.
(٥٨) ئەو کەسانەش لە ڕای خودا ئاوارە بوون، پاشان کوژراون یان مردوون، خودێ ڕۆزیکە گەلەک ڕند دەداتە وان. دیارە خودا دڵاواتر لە هەموو ڕۆزی دەرێکە.
(٥٩) هەر دەیانباتە ئەو شوێنەی کە خۆیان حەزی لێ کەن. خودا زانای لە سەرخۆیە.
(٦٠) ئەگەر ناهەقی لێکراوێک بۆ تۆڵەی خۆی دەس ببزێوێ و دیسان ناهەقی لێ بکرێ، بێ گومانە خودا کۆمەکی پێدەکا. خوا لێبوردە و گونا بەخشە.
(٦١) چونکە خودا شەو دەڕۆژێ هەڵدەکێشێ و ڕۆژیش دەخاتە ناو شەوێ و هەر خۆی ئەبینێ و ئەژنەوێ.
(٦٢) چونکوو هەر خودایە ڕاستە و، هەر شتێکی بەدەر لەو هانای بۆ دەبەن، لە پڕوپووچ بەدەر نییە و باڵادەستی هەرە مەزن هەر خودایە.
(٦٣) ئەی نەت دیوە خوا بارانی لەو حەوایەوە باراند و زەوی پێ کەسک هەڵگێڕا؟ دیارە خودا لە هەموو وردەکارییەک ئاگادارە.
(٦٤) هەرچی لەو عاسمانانەیە و هەرچی لە زەمیندا هەیە، ماڵی ئەوە و خودا بۆ خۆی بێ نیازە و هەر دەبێ تاریفی بکرێ.
(٦٥) ئەی نەت دیوە، هەرچی لە زەمیندا هەیە بۆ ئێوەی کەوی کردووە و گەمیەش هەر بە فەرمانی ئەو [لە دوڕ] دەریادا ڕەوانە و، ئەم عاسمانەی ڕاگرتووە کە بەسەر عەرزا نەکەوێ، مەگین خۆی ئیزنی لەسەر بێ؟ بێ سۆ خودا بۆ ئەم خەڵکە، زۆر دڵسۆز و دلۆڤانە.
(٦٦) هەر ئەویشە ژی پێدان و لە پاشان دەتانمرێنێ، پاشان ژیو پێدەداتەوە. ڕاستی مرۆ ناسپاسە.
(٦٧) هەر کۆمەڵێک ڕێوشوێنێکمان بۆ داناوە، کە هەر بەو پێودانە پڕوا. سا نابێ لەسەر ئەم کارە ئەوان کێشەت دەگەڵ بکەن. تۆ هەر بەرەو پەروەرندەت گازی بکە و سوور بزانە کە تۆ لەسەر ڕێگەی ڕاستی.
(٦٨) ئەگەر کێشەشیان پێکردی، بێژە: خودا ئاگادارترە لەو کارەی ئێوە دەیکەن.
(٦٩) خودا لە ڕۆژی قیامەتا، ئەو شتانەو بۆ یەکاڵا دەکاتەوە کە لەسەریان کێشەتان بوو.
(٧٠) مەرتۆ نەت زانیوە هەرچی لە ئاسمان و زەویدایە خوا دەیزانێ؟ ئەمە گش لە دەفتەردایە و ئەم کارە بۆ خوا هاسانە.

(٧١) شتی وەهای غەیرەز خودا دەپەرستن کە بەڵگەیەکی پتەوی بۆ نەناردۆتەخوارەوە و، خۆشیان هیچی لێ نازانن و ناهەقانیش هیچ یاریدەدەریان نییە.
(٧٢) کاتێ نیشانە ئاشکراکانی مەشیان بە سەردا دەخوێنرێتەوە، لە چڕوچاوی خودانەناسەکاندا، نیشانەی حاشا دەبینی و لەوانەیە هێرش بەرنە سەر ئەوانەی کە نیشانانی ئێمەیان بە سەردا دەخوێننەوە. بێژە: ئاخۆ پێتان بێژم کەچی لەمە خراترە؟ ئەو ئاورەی کە خوا بەڵێنی داوە بە بێ باوەڕان؛ پەک لەو ئاکامە خراوە!
(٧٣) هۆ خەڵکنۆ! مەسەلێک هێنراوەتەوە گوێ بۆ بگرن: لە خوابەدەر، ئەوانەی هانای پێ دەبەن، ئەگەر هەموویان وەکۆ بن، ناتانن مێشێ ساز بدەن. ئەگەر مێشیش شتێکیان لێ بقاپێنێ، ناتوانن لێی بستێننەوە. داواکار و داواکراو چەند زەبوونن.
(٧٤) خوایان - وەک هێژای ناسین بێ - نەناسیوە. خودا یەکجار توانا و بەدەستەڵاتە.
(٧٥) خودا لە ناو فرشتەکان پەیام نێری هەڵدەبژێرێ و لە نێو مرۆشدا هەروەتر. خودا بیسەر و بینایە.
(٧٦) لەوەی کە ئێستا دەیکەن و لەوەش کەوا کردوویانە، ئاگادارە و هەموو کاریش هەر دەچنەوە بەردەستی خوا.
(٧٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! پەروەرندەو بپەرستن، کڕنۆش و سوژدەی بۆ بەرن، چاکەش بکەن؛ لەوانەیە ڕزگار ببن.
(٧٨) بە دڵ و داو - وەک پێویستە - لە ڕای خودا بچنە خەزا. ئەو هەر خۆی ئێوەی هەڵبژارد؛ لەم دینەشدا تووشی زەحمەتی نەکردوون؛ هەر ئاینی ئیبراهیمی باوەتانە؛ لە پێشدا و لەم قورئانەشدا، هەر ئەو ناوی نان موسوڵمان؛ تا پێغەمبەر بە شایەت بێ لەسەر ئێوە و ئێوەش شایەت بن لەسەر خەڵک. سا نوێژ کەن و زەکات دەن و پشتوو هەر بە خودا ببەستن؛ ئای چەن گەورە و یاریدەرێکی هێژایە.

موئمینوون

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە
(١) بێ گومانە باوەڕداران، ڕزگارانن.
(٢) ئەو کەسانەی لە نوێژاندا خۆیان بەگەورە نازانن؛
(٣) ئەوانەش کە لە قسەی پووچ دووری دەکەن؛
(٤) ئەوانەش کە زەکات دەدەن؛
(٥) هەر ئەوانەش کە شەرمی خۆ دەپارێزن؛
(٦) مەگین لە هاوسەری خۆیان، یان ئەوی مڵکی خۆیانن؛ کە نابێ سەرکۆ نەبکرێن.
(٧) هەرکێش جیا لەمانەی بووێ، ئەو لە ئەندازە لادەرە.
(٨) ئەوانەش [لە ڕزگارانن] کە ئامانەت و بەڵێنیان دەپارێزن؛
(٩) ئەوانەش کە لەسەر نۆژخۆندنێ سوورن؛
(١٠) ئەمانە گشتیان بەشبەرن.
(١١) ئەو کەسانەی کە بەشبەری بەهەشتن و تاهەتا هەر تیا دەبن.

(١٢) ئێمەین مرۆن لە قورێکی خۆشکراو دروست کردووە.
(١٣) ئەوسا کردمانە تنۆکێک، لە بنکەیەکی پتەودا.
(١٤) پاشان هەر لەو تنۆکەوە، خوێنی پندرمان پێک هێنا و لەو خوێنەوە پلە گۆشتێکمان ساز کرد و ئەوسا لە پلە گۆشتەکە هەستین چێ کرد؛
هەستییەکەشمان خستە ناو پۆشەنێ لە گۆشت. لە پاشانا کرمانە چێ کراوێکی تر. دەسڕەنگینی هەر بۆ خوایە؛ کە هیچ وەستایە پێی ناگا.
(١٥) لە ئاکامدا تووشی مردن دەبن.
(١٦) ڕۆژی سەڵاش سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە.
(١٧) ئێمەین کە ئەم حەوت نهۆمەن لە ژوور ئێوەڕا پێک هێنا و لە هەرچی دروستی دەکەین ئاگادارین.
(١٨) لەو حەوایە بە ئەندازە ئاومان [بۆتان] داباراند و جێگەمان لە زەمین پێدا و هەر ئێمەشین کە دەتوانین لە بەین بەرین.
(١٩) سا بەو ئاوە هەر بۆ ئێوە باغاتێکمان لە دارخورما و لە ڕەزان بەرهەم هێناوە، زۆر میوەجاتوو دەداتێ و لێیان دەخۆن.
(٢٠) دارێکیش هەر [لە سۆنگەی ئەو] لە تووری سینایە دەڕوێ، کە ڕۆنێ بەرهەم دێنێت و پێخۆریشە بۆ خۆرایان.
(٢١) دیارە وڵساتیش بۆ ئێوە هەر دەرسێکە: لەوەی کە وا لە دەرونیاندایە، پێتان دەنۆشێنین. لێان دەخۆن و زۆریش بەهرەیان بۆوهەیە.
(٢٢) لەسەریان و لەسەر گەمی هەڵدەگیرێن.
(٢٣) هەروەها نووحیشمان نارده لای هۆزەکەی. گوتی: گەلۆ! تەنیا خودا بپەرستن؛ بەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ دەسا بۆ هیچ ترسوو نییە؟
(٢٤) گرەگرەی هۆزەکەی ئەو - کە خودایان نەدەناسی - گوتیان: ئەمە هەر بنیادەمە خۆمانەس؛ نیازی وایە خۆتان بەسەردا زاڵ بکا. گەر خودا مەیلی لێ بووایە، فرشتێکی دەنارده خوار؛ ئێمە لە باب و کاڵانیش شتی وامان نەبیستووە.
(٢٥) ئەم پیاوە دیارە لێوەیە، تا ماوەیەک وا باشە چاوێری بکرێ.
(٢٦) گوتی: ئەی پەروەرندەی خۆم! وا بە درۆزنم دەزانن، هەر بۆ خۆت دەهانام وەرە.
(٢٧) ئیتر خۆمان نێمان گەیاند، کە: لە ژێر چاوەدێری و فەرمانی ئێمە، گەمیە ساز دە. جا کاتێ فەرمانمان هات و ئاو لە تەندووردا زایەوە؛ لە هەر جسنەی جووتەیەکی بخە ناوی. وێڕای خێزانەکەی خۆشت؛ مەگین ئەوی پڕیاری لەسەر دراوە و لەمەڕ ئەوانەم مەدوێنە کە ناهەقییان کردووە؛ چونکە لە خنکاوەکانن.
(٢٨) هەرگا خۆت و هاورێکانت لەسەر گەمیەکە جێتان گرت، بێژە: سوپاس بۆ خودایێ کە لە کێشەی ناهەقان ڕزگاری کردین.
(٢٩) بشڵێ: ئەی پەروەرندەی خۆم! لە شوێنێکی بە پیتم دابەزێنە و؛ تۆ لە هەموو میوانداران باشتر میوان بەخێو دەکەی.
(٣٠) لەمەشدا چەند نیشانە بوون. دیارە ئێمەش ویستمان بە تاقی کەینەوە.
(٣١) لە پاش ئەوان چینێ ترمان بەدی هێنا.
(٣٢) هەر لە خۆیان پێغەمبەرێکمان بۆ ناردن، کە: تەنیا خوا بپەرستن؛ کەسی تری واتان نییە کە بۆ پەرستن هێژا بێ. مەر ناترسن؟

(٣٣) پیاوماقووڵانی هۆزەکەی - کە خودایان نەدەناسی و دیداری ڕۆژی سەڵایان پێ درۆ بوو؛ لە ژینی سەر دنیایەشدا خۆشگوزەرانین پێدا بوون - گوتیان: ئەمە مرۆیەکی لە خۆتانە و بۆ وەخواردن و خواردنیش وەک خۆتانە.
(٣٤) ئەگەر وەشوێن مرۆیێ وەک خۆتان کەون، لێتان ڕوون بێ زیانبارن.
(٣٥) چۆن دەتوانێ بەڵێن بدا، هەرگا مردن و لاشەتان بوو بە خۆڵ و چەند پێشەیەک، سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە؟
(٣٦) با واش بڵێ چۆن ئاوەز قبووڵی دەکا؟
(٣٧) ژین لەوە پتر نییە، لەسەر دنیایە هەمانە. ئێمە هەر دەمرین و دەژین؛ [هەر کە مردین] تازە زیندوو نابینەوە.
(٣٨) ئەم کاورایە پەیدا بووە درۆ بە ناو خواوە دەکا؛ ئێمەش باوەڕی پێ ناکەین.
(٣٩) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! وا بە درۆزنم دەزانن، هەر بۆ خۆت دەهانام وەرە.
(٤٠) گوتی: هەر زۆر بەزووێکی زوو، یانە پەشیمان دەبنەوە.
(٤١) ئەوسا - وەک هێژای خۆیان بوو - نارەتە دایانی گرت و وەکوو ئاومالْکن لێکردن. ناهەقان تەرت و تونا بن!
(٤٢) لە پاش ئەوان چەند بەرەی ترمان پێک هێنا.
(٤٣) هەر کۆمەڵێ لە بنیادەم - کە دێتە وەختی مردنیان - نە وەپێش دەخرێن نە وەپاش.
(٤٤) بۆ هەر کۆمەڵێک لەوانە پێغەمبەرمان بەڕێ کردوون، کە باوەڕیان پێ نەکردوون؛ بە شوێن یەکا بە دەردێکی وامان بردوون کە بە چیرۆک بیانگێڕنەوە. با دوورکەون ئەوانەی پروا ناهێنن.
(٤٥) لە پاش ئەوان، مووسا و هاڕوونی برایمان وێڕای نیشانەکانمان و بەڵگەیەکی ئاشکرا نارد،
(٤٦) بۆ لای فیرعەون و سەرزلانی هۆزەکەی؛ [بەڵام] خۆیان بە زل زانی و کۆمەڵێکی بە دەعیە بوون.
(٤٧) گوتیان: جا چۆن بە دوو مرۆی وەکە خۆن پروا دەکەین و هۆزەکەیان [بە گشتی] کۆیلەی خۆمانن؟
(٤٨) هەر بە درۆزنیان زانین و بوو بە مایەی لە ناو چوونیان.
(٤٩) کتێبیشمان دا بە مووسا، بەشکێکم شارەزا ببن.
(٥٠) کوڕی مریەم و دایکیشی لە ئێمەوە کران بە نیشانەیەک و لای گردێک دامان مەزراندن؛ کە جێ حەسانەوە و کانیاوێکی لێ بوو.
(٥١) ئەی کۆمەڵی پێغەمبەران! بژیوی پاکژ بخۆن و ئاکارچاک بن؛ لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن ئاگادارم.
(٥٢) دیارە ئەمە دینی وەیە و هەر دینێکی یەکپارچەیە و ئەمن پەروەرێنی ئێوەم؛ سا هەر لە خۆم ترسوو هەبێ.
(٥٣) دینەکەیان لە ناو خۆدا لەتوپار کرد. هەر کۆمەڵێکیش لەوانە، بەو پشکەی ئێستا هەیانە، دڵی خۆشە.
(٥٤) لێیان گەڕێ تا ماوەیەک لە زەلکاوی نەزانی خۆدا ڕۆبچن.
(٥٥) ئاخۆ ئەوان پێیان وایە کە ئێمە بە ماڵ و کوران یارمەتییان دەدەین، هەر بۆ ئەوەیە کە:
(٥٦) پەلەمانە لە چاکە دەگەڵ کردنیان؟ نەخێر، ئەمانە نەزانن.

(٥٧) ئەوانە کە لە ترسی پەروەرندەیان تووشی لێوەلەرزێ دەبن،
(٥٨) ئەوانەش کە بە هەموو نیشانەکانی پەروەرێنیان باوەڕ دەکەن،
(٥٩) ئەوانەش کە هیچ شەریکێ پەیدا ناکەن بۆ پەروەرندەکەی خۆیان،
(٦٠) ئەوانەش کە هەچی لە ڕای خودا داویانە، هەر دەیدەن؛ کەچی لە سامی گەڕانەوەیان بۆ لای پەروەرێنیان، دڵەکوتەیان تووش دەبێ؛
(٦١) ئەوانەن کە لە چاکەدا لەز دەکەن و بۆ ئاکاری چاک لە پێشن.
(٦٢) ئەرکی پتر لە توانا ناخەینە سەر کەس. کتێبێکیشمان لەلایە، هەرچی دەوێدایە ڕاستە و هیچ ناهەقییان لێ ناکرێ.
(٦٣) بەڵام ئەمان دڵیان ئاگای لەمە نییە و خجڵی کارگەلی ترن.
(٦٤) تا ئەو دەمەی کە خۆشگوزەرانەکانیان گرفتاری ئازار دەکەین؛ لەپڕ دەست دەکەن بە هاوار.
(٦٥) ئەمڕۆ ئیتر هاوار و دادی پێ ناوێ؛ ئێمە دەفریاتان نایەین.
(٦٦) نیشانەکانی ئێمەتان بەسەردا دەخوێندرایەوە، هەمووتان پێ دزەتان بوو.
(٦٧) خۆتان زۆر بەزل دەزانی و لەشەونشینی خۆتاندا، هاتەران پاتەرانتان بوو.
(٦٨) ئاخۆ ئەوان لەم وتەیە ڕانەماون، یان ئەوی بۆ وان هاتووە، بۆ باب و کاڵی پێشوویان نەهاتبوو.
(٦٩) یان پێغەمبەرەکەی خۆیان نەناسیبوو، کە وا حاشایان لێدەکرد؟
(٧٠) یان دەبێژن: جن دەستی لێ وەشاندووە. نەخێر، کە ئەو ڕاستی بۆ ئەوان هێناوە؛ کەچی زۆربەیان خۆشیان لە ڕاستی نایە.
(٧١) ئەگەر ڕاستی شوێن ئارەزووی وان کەوتبا، بێ گومانە ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی دەناو ئەواندایە، خرا دەبوون. بەڵکوو ئێمە ئامۆژگاریمان بۆ ناردن؛ ئەوان لە ئامۆژگاری خۆ دەتەکنەوە.
(٧٢) یان تۆ مزت لەوان دەوێ؟ خۆ مزی پەروەرندەی خۆت زۆر باشترە و باشترین ڕۆزی دەر ئەوە.
(٧٣) تۆ هەر گەرەکتە بیانخەیە سەر ڕاستەڕێ.
(٧٤) ئەو کەسانەش کە باوەڕیان بە ڕۆژی سەڵایە نییە، هەر لە ڕاستەڕێ لا دەدەن.
(٧٥) ئەگەر بەر بەزەیی خۆشمان بخستنایە و ئەو بەڵایەشمان لادایە کە بەسەریاندا هاتووە، ئەوانە هەر بە لاساری و سەرگەردانی دەمانەوە.
(٧٦) تووشی ئازاریشمان کردن؛ کەچی لە حاند پەروەرێنیان نە لە فیز داوەزین و نە ملیان لە پاڕانەوە نا.
(٧٧) تا ئەو کاتەی بە توندی جەزرەبەمان دان؛ ئەوسا زانیان هومێد نەما.
(٧٨) ئەو کەسێکە چاو و دڵ و گوێی بۆ ئێوە قەرار داوە. کەم شوکرانەبژێری دەکن.
(٧٩) هەر ئەویشە کە ئێوەی لەم زەمینەدا چێ کردووە و هەر لای ئەو کۆ دەکرێنەوە.
(٨٠) هەر ئەویشە ژین دەبەخشێ و دەشمرێنێ؛ ئاڵوگۆری شەو و ڕۆژیش بە دەس ئەوە. دەی ئاخر تا کەی تێناگەن؟
(٨١) نەخێر، ئەویش وەک ئەمانەی پێشوو ئێژن.
(٨٢) ئێژن: ئاخۆ ئەر مردین و بووینە ئاخ و ئێسک و پرووسکێک، دیسان زیندوو دەبینەوە.

(٨٣) ئێمە و باب و کاڵمان - بەرێ - ئەم بەڵێنەمان پێدرا؛ ئەم قسانە گش چیرۆکی پێشوونانن.
(٨٤) بێژە: ئەگەر هیچ دەزانن، ئەم زەمینەو هەرچی لە ناویدا هەیە، سەر بە کێیە؟
(٨٥) هەموو دەڵێن: سەر بە خوایە. بێژە: هیچ بیر ناکەنەوە؟
(٨٦) بێژە: ڕاهێنەری حەو عاسمانەکان و ڕاهێنەری تەختی هەرە مەزن کێیە؟
(٨٧) ئێژن: گش دەسکاری خوایە. بێژە: بۆ هیچ ترسوو نییە؟
(٨٨) بێژە: دەستەڵاتی هەر شت بە دەس کێیە و ئەر دەزانن کێیە، پەنای پەنابەرە و دژی ئەو پەنا نادرێ؟
(٨٩) ئێژن: ئەمە هەر خودایە. بێژە: دەی چۆن دەخەڵەتێن؟
(٩٠) بەڵکوو ئێمەین کە ڕاستیمان بۆ هێناون و دیارە ئەوان درۆزنن.
(٩١) خوا هەرگیز ڕۆڵەی بۆ خۆ پەیدا نەکرد و هیچ خێویشی دەگەڵ نییە. دەنا ئەوسا هەر خێوێ هەرچی خۆی دروستی دەکرد، بۆ خۆی دەبرد و هێندێک بە سەر هێندێکانیاندا زاڵ دەبوون. ئەو بە دوورە لەو شتانەی ئەوان ئێژن.
(٩٢) ئەو لە پیوار و ئاشکرا ئاگادارە؛ بەرزترە لەوەی دەیکەنە شەریکی.
(٩٣) بێژە: ئەی پەروەرێنی من! ئەگەر ئەوەی کەوا بڕیاریان پێ دەدرێ هەر نیشانی منی دەدەی،
(٩٤) پەروەرندەم! ڕەگەڵ ناهەقانم مەخە.
(٩٥) ئێمە هەرچی بۆ ئەوانی بڕیار دەدەین، دەتوانین نیشانتی بدەین.
(٩٦) تۆ وەرامی خراپە بە چاکە بدە؛ ئێمە باشتر دەزانین ئەوان چ ئێژن.
(٩٧) تۆ بێژە: ئەی پەروەرندەم! هانام بە تۆ، لە دنەدانی شەیتانان.
(٩٨) هەر هاناش دەبەمە بەر تۆ؛ کە ئەوان دێن بەلامەوە.
(٩٩) [ئەوان هەروان] تا کاتێ کە مردن دێتە سەر یەکێکیان، ئەوسا دەڵێ: ئەی پەروەرندەم! وەم گێرە.
(١٠٠) بەشکوو ئەو ئاکارە چاکەی لێی نەبان بووم ئەوجار بیکەم. نەخێر، قسە بۆ خۆی دەکا؛ تازە تا ڕۆژی قیامەتێ لەمپەرێکی زۆر گەورەیان لە پێشدایە و [گەڕانەوەیان بۆ نییە].
(١٠١) هەرگایەکیش دەکەڵەشاخ دەمێندرا، نە خزمایەتی لە نێوانیان دەمێنێ و نە کەسیان لە کەس دەپرسێ.
(١٠٢) هەر کەسێکی کێشانەی گرانتری بێ، ئەو دیارە لە ڕێزی ڕزگارەکانە.
(١٠٣) هەر کەسێکیش لە کێشانە کەمی هێنا، ئەوانە دۆڕاوەکانن و لە دۆژەهدا دەمێننەوە.
(١٠٤) دەم و چاویان بە ئاگر هەڵدەپرووزێت و لێوەکانیان هەڵدەچرچێ.
(١٠٥) مەر نیشانانی مەتان بەسەردا نەدەخوێنرایەوە و هەر بە درۆتان دەژماردن؟
(١٠٦) ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! نەگبەت پرستی بڕین و ئێمە خەڵکێکی گومڕا بووین.
(١٠٧) ئەی پەروەرندەی گلامان! لێرەمان بهێنە دەرێ؛ ئەگەر ئەمجاریش هەر وابووین، دیارە لە ناهەقان دەبین.
(١٠٨) ئێژێ: ناشێ من بدوێنن، تا لەوێشدان نابێ هەر فزەتان لێ بێ.

(١٠٩) هێندێکیش لە عەبدەکانم هەر دەیانگوت: پەروەرێنمان! ئێمە باوەڕیمان هێنا، تۆش بەزەییت پێماندا بێ و لە گوناهەکانمان ببوورە؛ تۆ لە گش کەس دڵسۆزتری.
(١١٠) ئێوە هەر گاڵتەو پێ دەکرد؛ هەتا ئەوان یادی منیان لە بیری ئێوە بردەوە و ئێوە بەوان پێ دەکەنین.
(١١١) وا من ئەمڕۆ پاداش ئەو خۆڕاگرتنەم پێ بەخشیون؛ کە هەر ئەوان ڕزگار دەبن.
(١١٢) پێیان ئێژێ: چەند ساڵ لە زەمین مانەوە؟
(١١٣) ئێژن: ئێمە هەر ڕۆژێک یان هێندێک لە ڕۆژێ ماینەوە؛ لە حیسابگەران بپرسە.
(١١٤) ئێژێ: ئەگەر بووزانیبا، کەمێک نەبێ نەمانەوە.
(١١٥) ئاخۆ ئێوە پێتان وابوو بە گەمە دروستن کردوون، ناشووهێننەوە لای خۆمان؟
(١١٦) پایەبەرزی بۆ خودایە، کە پاشای ڕاستەقینەیە؛ هیچ پەرستیوێکیش بێژگە لە ئەو نییە؛ هەر خۆیەتی پەروەرێنی تەختی هێژا.
(١١٧) هەر کەسێکیش - وێرای خودا - هانا بۆ کەسێ تر بەرێ و بەڵگەشی لە دەستا نەبێ، پەروەرندەی دەیکێشێتە پای حەساب و ئەو پێ نەزانانە هەرگیز ڕزگار نابن.
(١١٨) بێژە: ئەی پەروەرندەکەم! تۆ بم بەخشە و بەزەییت پێمدا بێتەوە، تۆ چاکترین دلۆڤانی.

نوور

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سووڕەتێکە ناردوومانەتە خوارەوە و [مەبەستەکانمان] کردۆتە ئەرکی پێویست؛ چەن نیشانەی ئاشکراشمان تێدا ناردۆتە خوارەوە، بەشکێکوو پەند [ی پێ] بگرن.
(٢) ئەگەر ئێوە باوەڕیتان بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە، داوێنپیسانی مێر و ژن - هەریەکەیان - بە لێدانی سەد تازیانە تەمێ کەن. لە ئایینی سەر بە خودا، بەزەیی هاتن بێ جێیە. با چەند کەسیش لەوانەی خاوەن باوەڕن، لەو لێدانە ئاگادار بن.
(٣) مێری داوێنپیس هەر دەبێ ژنی داوێن تەڕ بخوازێ؛ یان ژنی بتپەرست بێ. ژنی داوێن تەڕیش هەروا: یان مێرد بە داوێنپیس بکا، یان مێری بتپەرست بێ و لە بۆ خاوەن باوەڕانیش ئەم کارە بەربەست کراوە.
(٤) ئەو کەسانەش کە بوختانێ بۆ ژنی داوێن پاک دەکەن، چوار شایەتیش ناهێنن، هەشتا شەلاقیان لێ بدەن. هەرگیز نابێ بە شایەتییان قبووڵ بکەن؛ ئەوانەن کە لە ڕێی خودا لایان داوە.
(٥) مەگین ئەوی پاش ئەم کارە پەژیوانی دەردەبڕن و ئاکاری خۆیان چاک دەکەن. دیاریشە کە خوا لێ بوردەی دلۆڤانە.

(٦) ئەو کەسانەش کە بوختانی داوێنتەڕی بە ژنانی خۆ دەکەن و غەیری خۆیان چەن شایەتی [تریان] نییە، هەر کامێکیان دەبێ چوار جار خودای لێ بە شایەت بگرێ کە لەم بارە درۆ ناکا.
(٧) با بۆ جاری پێنجەم بێژێ: ئەگەر ئەم قسەم درۆیە، بەر نەفرینی خودا کەوم.
(٨) ژنەکەش لە ئازار دانێ ڕزگار دەبێ، کە ئەویش هەتا چوار کەڕەت خوا بە شایەت بێنێتەوە کە مێردەکەی درۆ دەکا.
(٩) با بۆ جاری پێنجەمین بێژێ: ئەگەر قسەی کابرا ڕاست بێ، بەر غەزەبی خودا کەوم.
(١٠) ئەگەر چاکە و دلۆڤانی و لەکارزانی و تۆبەپەزێری خوداتان نەبووبایە، [ئێوە چتان بەسەر دەهات؟].
(١١) ئەوانەی ئەو بوختانەیان هەڵبەستبوو، دەستەیەک هەر لە خۆتان بوون. پێتان وانەبێ بۆ ئێوە خراپ دەبێ، بەڵکوو قازانجە بۆ ئێوە و هەرکێش لەوان چەند لەم تاوانە بەشدارە، تاوانی لە سەر نووسراوە. ئەو کەسەش کە بەشی زۆری ئەو گوناهەی وەئەستۆ گرت، جەزرەبەی دژواری هەیە.
(١٢) ژن و پیاگی خاوەن باوەڕ، بۆچی هەرگا ئەم دەنگۆیە و بە گوێ گەیشت، بە چاکیان لێک نەدایەوە بۆ خۆیان و نەیانگوت کە ئاشکرایە ئەمە درۆی هەڵبەستەیە.
(١٣) ئەدی بۆچی چوارشایەتیان بۆ نەهێنا؟ کە هەر شایەتیان نەهێنان؛ ئەوانە بەلای خوداوە درۆزنن.
(١٤) ئەگەر خودا بەزەیی پێتاندا نەهاتبا و چاکەی دەربارە نەکردبان، ئێوە لە دنیا و قیامەتێ لەسەر درۆیە سازتان کرد - سوور بزانن - ئازارێکی یەکجار گەورەتان تووش دەبوو.
(١٥) کاتێ لە یەکتان دەبیست و هیچیشوو لێ نەدەزانی، هەر بەدەموودا دەهات و بە زمانوو دەتانقۆزتەوە و لاتان وابوو زۆر هاسانە؛ کە ئەم کارە لجەم خودا زۆر گەورە بوو.
(١٦) بۆچی وەختێ ئەوەتان بیست، نەتانگوت کە: ئێمە چیمان بەسەر ئەم قسانە داوە؛ پاکی وبێ عەیبی بۆ تۆیە؛ ئەمە تۆمەتی گەورەیە.
(١٧) خودا نسیحەتوو دەکا؛ ئەگەر یڕواتان پێی هەیە، جارێکی تر بوختانی وا هەڵنەبەستن.
(١٨) خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە؛ خودا زانای لەکارزانە.
(١٩) ئەو کەسانەی حەزێ دەکەن باسی کاری بێ ناموسی لە ناو باوەڕدارەکاندا بێتە قاو، لە دنیا و لە قیامەتیشا جەزرەبەی بەژانیان دەبێ و خوا دەیزانێ و ئێوە ئاگاتان لێ نییە.
(٢٠) ئەگەر چاکە و بەزەیی خودا و میهرەوانی و دلۆڤانی ئەوتان نەبا، [دیارە تووشی ئازار دەبوون].
(٢١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەدەنە سەر شۆپی شەیتان. هەر کەسێ گاڤ لەجێ گاڤی شەیتان دانێ، با بزانێ شەیتان هەر فەرمان بە کاری ناشیرین و کرێت دەدا. ئەگەر چاکە و بەزەیی خوداو لەسەر نەبا، هیچ کەسێکتان هەرگیز پاک نەدەبوونەوە؛ بەڵام خودا - لە هەر کەسێکی حەز بکا - گەماری لەسەر لادەبا و خودا بیسەر و زانایە.
(٢٢) با ئەوانەی لە ناوتاندا دەوڵەمەندن، سوێندێ نەخۆن کە خزمان و هەژاران و ئاوارەکانی ڕای خودا بێ بەش دەکەن. بڵا چاویان لێ بپۆشن و لە هەڵەکانیان

ببوورن؛ مەگەر ئێوە حەز ناکەن خوا لە گوناهانوو ببووری؟ خودا لە گونا دەبووری و دلۆڤانە.
(٢٣) ئەو کەسانەی بۆ ژنانی باوەڕداری داوێنپاکی دووره ئاگا [سەربەخۆ] بوختان ڕێک دەخەن، لە دنیاش و لە سەڵاشا، بەر نەحلەتن؛ جەزرەبەشیان زۆر دژوارە.
(٢٤) ڕۆژێ دەبێ کە زمان و دەست و پایان، لەسەر هەر کاری دەیانکرد دەبنە شایەت.
(٢٥) ئەوێ ڕۆژێ چی لیان دەوەشێتەوە، خودا دەگەڵیانی دەکا. سا دەزانن خودا هەقی ئاشکرایە.
(٢٦) کێ ناپاکن بۆ ناپاکان. یا پاکیشن بۆ پاکانن. ئەمانە دوورن لەوانەی قسەیان بۆ هەڵبەستن؛ [خودا] ئەوانەی بەخشیوە و بژیوی باشیان دەداتێ.
(٢٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! جیا لەوەماڵی خۆتان بێ، سەر بە هیچ ماڵاندا مەکەن هەتا ئیزنێ نەخوازن و سڵاو بۆ خەڵکەکەی دانەخەن. ئەمە بۆ ئێوە باشترە و شایەت پەندی لێ وەربگرن.
(٢٨) ئەگەر کەسوو تێدا نەدیت، مەچنە ژووری تا خاوەنی ئیزنوو دەدا. ئەگەر گوتیشیان: وەگەڕێن، پێویستە بگەڕێنەوە. ئەمە بۆ ئێوە باشترە. خودا لە هەر کاری دەیکەن ئاگادارە.
(٢٩) هیچ سەرکۆنەو لەسەر نییە بچنە ماڵێک کە هیچ کەسی تێدا نییە و کەل پەلی ئێوەی تێدایە. هەرچی ئێوە دەیشێرنەوە و خۆیای دەکەن خوا دەیزانێ.
(٣٠) تۆ بە باوەڕداران بێژە؛ چاو داخەن و شوورەیی خۆ بپارێزن. ئەمە بۆ ئەوان باشترە و خوداش ئاگای لە هەموو ئاکاریان هەیە.
(٣١) بە ژنانی باوەڕداریش بێژە با چاویان داخەن و شەرمی خۆیان بپارێزن و خشڵی خۆیان وەدەر نەخەن؛ مەگین ئەوانەی لە دەرێن. با سەرپۆشیان تا سەر پێسیر داپۆشێ و خەمڵی خۆیان نیشان نەدەن، مەگین بە مێرد، یان بابۆیان، یا خەزوریان، یان فرزەندی نێری خۆیان، یان زرکوریان، یان برا، یان برازایان، یان کورانی خوشکەکانیان، یان ژنانی هاوباوەڕیان، یان ئەو نێری خوڵامیانن، یان ئەو پیاوی سەربەوانن و هەر نیازیان بە ژن نییە، یان منداڵانی نەگەیونە ئەو تەمەنەی وازیان بچێتە مێوینە. پاشیان بە زەویدا نەدەن، کە بزانرێ چۆن خشڵێکیان وەشاردووە. هەموو لاتان بگەڕێنەوە لای خودا، ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەشکوو گشتوو ڕزگار ببن.
(٣٢) مێوینەی بێ مێردی خۆتان بە شوو بدەن. عەبد و کەنیزی هێژاشتان بزەوجێنن. ئەگەر لە هەژارانیش بن، خودا بە دڵاوایی خۆی هەموو لا بێ نیاز دەکا. بەخشینی خودا هەراوە و ئاگادارە.
(٣٣) با ئەوانەی توانای زەماوەندیان نییە، خۆرا بگرن هەتا خودا - لە چاکەی خۆی - دەرووێکیان لێ دەکاتەوە [و کارەکەیان مەیسەر دەکا]. ئەوانەش ماڵی ئێوەن و دەیانەوێ پسوولەیان بۆ بنووسرێ، ئەگەر خێرێکتان تێدا دین، با پسوولەو لە ناودا بێ و شتێکیشیان لەو ماڵەی خودا پێی داون، پێ ببەخشن. نەچن کەنیزەکانیشتان - کە گەرەکیانە پاک بژین - ناچار بکەن خۆ بفرۆشن؛ هەر هەتا ماڵی دنیاتان وەدەس کەوێ. هەر کەسیش ناچاریان کا، خودا پاش ناچار کردنیان، گونابەخش و دلۆڤانە.
(٣٤) ئەوا ئێمە چەند نیشانەی نیشاندەرمان بۆ ئێوە نارد، وێرای چەندین سەرگوروشتەی ڕابردووەکانی پێش ئێوە و پەندێکیش بۆ پارێزگاران.

(٣٥) خوا ڕووناکی ئاسمانەکان و زەمینە. ڕووناکی ئەو وەک تاقێکە چرای تێدا هەڵکرا بێ، چراکە لە جامێکدا بێ، جامەکە وەک ئەستێرەیەک ترووسکەی بێ و ماکی چرا لە زەیتوونێکی ممبارەک دەس کەوتبێ؛ کە دارەکەی نە هەمیشە بەرەو ڕۆژە و نە هەمیشە لە نزارە. تۆ ئێژی ڕۆنی چراکە - بە بێ ئاگر تخوون کەوتن - تیشک دەدا؛ ڕووناکی لە بان ڕووناکی. خودا هەر کەسێ حەز بکا، ڕووناکی خۆی نیشان دەدا. خودا بۆ مەردم نەزیلان دێنێتەوە. خوا بە هەموو شت دەزانێ.
(٣٦) لە ناو ماڵانێکدا خودا ئیزنی داوە، کە دەستی ڕێزیان لەسەر بێ و ناوی ئەویان تیا ببرێ، هەموو بەیانی و ئێواران هەر پەسنی پاکی ئەو دەدەن:
(٣٧) پیاوانێ کە نە بازرگانی نە سەودا، یادی خودا و نوێژ کردن و زەکات دانیان، لە بیر نابا؛ ترسی ئەو ڕۆژەیان هەیە، کە لەوێدا دڵ و چاو گش وەردەچەرخێن.
(٣٨) بۆ ئەوەی خوا لە بارتەقای کردەوەیان باشتر پاداشیان بداتێ و بە چاکەی خۆی لێشیان زیاد کا. خودا هەر کەسێ حەز بکا، بە بێ هەژمار ڕۆزی دەدا.
(٣٩) ئەوانەی خودانەناس بوون، کردەوەیان وەک ئەو تراویلکە وایە کە لە بیاواندا هەیە. تینوو وا دەزانێ ئاوە و کە دەیگاتێ، ئەوسا دەزانێ هیچ نییە. بەڵام خودا لە نزیکی خۆی دەبینێ و حیسابی ئەنێتە مستی. خوا زوو بە حیساب ڕادەگا.
(٤٠) یان وەک لە تاریکستانێ، لە زەریایەکی بێ پەیدا، پێل لەسەر پێل دای پۆشن و لە لای ژووروویشی هەور بێ؛ تاریکایی و هەرگا دەستی خۆی دەربخا، لەوانەیە هەر نەیبینێ. هەر کەسێکی خوا ڕووناکی نیان نەدا، هیچ ڕووناکایی شک نابا.
(٤١) تۆ نەت دیوە کە هەر شتێ لە ئاسمانان و زەمیندان، ئەو مەلانەش کە لە حەوا لەنگەر دەگرن، پەسنی پاکی خودا دەدەن؟ گشتیان نزا و پەسنی خۆیان دەزانن و خوا لە کاریان ئاگادارە.
(٤٢) موڵکایەتی عاسمانان و زەمینیش هەر هی خودایە و گەڕانەوەش بۆ لای خوداس.
(٤٣) ئەتۆ نەت دیوە خودا هەورێک لە سەرەخۆ دەئاژوێ؛ پاشان چەند پارچەی لێک دەدا و دەیانکا بە هەورێکی پڕ؟ ئەوسا تۆ دەبینی دڵۆپەی بارانی لێ دێتە دەر؛ [هەر خوداشە] لەو حەوایە و لەو کێوانە - کە لەوێدان - تەیرۆکان دادەبارێنێ؛ هەر کەسێ ئەو مەیلی لێ بێ، بەری دەدا و کێش حەز کا بەری ناکەوێ؛ برووسکەکەی لەوانەیە سۆما لە چاوان بڕفێنێ.
(٤٤) ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژان خودا دەیکا. کە لەمەشدا پەندێک هەیە بۆ هەر کێ خاوەن ئاوەزە.
(٤٥) خودا هەموو جانەوەری هەر لە ئاو بەرهەم هێناوە. هەیە زگەخشکێ دەکا و، هەیە لەسەر دوو پێ دەڕوا و هەیە لەسەر چوار پەلانە. خوا هەر شتێ حەزێ بکا سازی ئەدا. خودا بەسەر هەموو شتدا توانای هەیە.
(٤٦) دیارە ئێمە چەن نیشانەی نیشاندەرمان ناردە خوارێ. خودا هەر کەسێکی حەز کا، شارەزای ڕاستەڕێی دەکا.
(٤٧) ئەشڵێن: ئێمە باوەڕیمان بە خوا و پێغەمبەر هێناوە و بەر فەرمانین. لە دوای ئەمەش بڕێکیان ڕۆ وەردەگێرن؛ ئەوانە هەر بڕوادار نین.
(٤٨) هەرگایەکیش بەرەو خودا و ڕاسپاردەی بانگیان دەکەن، کە خۆی بە کاریان ڕابگا؛ کەچی دەستەیەکیان هەر خۆی لێ دەبوێرن.

(٤٩) ئەگەر لە قازانجی وان بێ، دێنە لای و دەی سەلمێنن.
(٥٠) ئاخۆ ئەمانە دەغەزیان لە دڵدایە، یان دەترسن خودا و پێغەمبەری خودا ناهەقییەکیان لێ بکەن؟ نا، ئەوان خۆیان ناهەقن.
(٥١) بەڵام ئەوی باوەڕدارن، هەر کاتێ بانگ دەکرێن کە بێن بەرەو خودا و ڕاسپاردەی، هەتا بە کاریان ڕابگا؛ گورجێ دەڵێن: بیستمان و بەر فەرمانین. ئەوانە دیارە ڕزگارن.
(٥٢) هەر کەسێکی بەر فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بێ و ترس و شەرمی لە خوا هەبێ، ئەوان بردوویانەتەوە.
(٥٣) بە سوێندان ڕەش بوونەتەوە، کە: بە خودا، هەرگا فەرمانیان پێ بدەی بچنە خەزا، خۆ ناگرن. بێژە: هیچ سوێندی پێ ناوێ؛ فەرمانبەردارێکی خاس بن. هەر کارێکی ئێوە دەیکەن، خوا دەیزانێ.
(٥٤) بێژە: بەر فەرمانی خودا و بەر فەرمانی پێغەمبەر بن. جا کە هەر خۆشیان وەپاش دا، ئەو هەر ئەرکی خۆی لەسەرەو ئێوەش ئەرکی خۆتان هەیە. خۆ ئەگەر بە قسەی ئەو بکەن، شارەزاییەکە بۆ خۆتان. پێغەمبەریش لە ڕاگەیاندن بەولاوە هیچی تری لەسەر نییە.
(٥٥) خوا بەوانەی لە ئێوە پروایان هەیە و ئاکارچاکن، بەڵێنی دا: لەم زەمینە دەیانکاتە جێگەنشین؛ هەر وەکوو چۆن ئەوانەی بەر لەوانی کردە جێنشین. دینەکەشیان - کە خۆی پەسندی کردووە - هەر بۆیان دادەمەزرێنێ و ترسەکەشیان بۆ دەکاتە دڵنیایی [تا] تەنیا من بپەرستن؛ هیچ شتێکیش بە شەریکی من نەزانن. هەر کەسێکیش لەمە بەولا سپڵەیی بکاتە پیشە، لە ڕێزەی سەر چەوتەکانە.
(٥٦) نوێژەکەتانیش بخوێنن و زەکات بەن و بەرفەرمانی پێغەمبەربن؛ بەشکوو بەر بەزەی خواکەون.
(٥٧) وامەزانن ئەوکەسانەی خوانەناسان، دەتوانن لەم زەمینە لەدەستن ڕاکەن؛ جێگەی ئەوانە ئاگرەو سەرئەنجامیان زۆرخراپە.
(٥٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! با ئەوانەی خوڵام و کەنیزی ئێوەن، ئەو کەسانەش لە ئێوە کە بلووق نەبوون، سێ جار ئیزنوو لێ بخوازن: لە پێش نوێژی بەیانی و نیمەڕۆیان، کاتێ شمەکان دادەنێن و لە پاش نوێژی خەوتنانیش؛ کە ئەم سێ کاتە وەختی تەنیایی ئێوەس. لە پاش ئەوە، نە بۆ ئێوە قەیدێ دەکا، نە بۆ ئەوان، کە بە دەوروبەرتاندا بێن؛ ئێوە پێکەوە تێکەڵن. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ئاشکرا دەکا. خودا زانای لەکارزانە.
(٥٩) هەر کاتێ منداڵەکانوو بلووقیان بوو - ئەویش وەک ئەوانی بەرێ - گەرەکە ئیزن بخوازن. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ئاشکرا دەکا. خودا زانای لەکارزانە.
(٦٠) ئەو ژنانەی وەختی شوویان بەسەر چووە، هیچ تاوانیان لەسەر نییە کە سەرپۆش لەسەر فڕێ دەن؛ بەڵام نابێ خشڵی خۆیان نیشان بدەن. بۆ ئەوان وەها باشترە پاک و شەرمێون بمێنن. خودا ئەژنەوێ و زانایە.
(٦١) شەل و کوێران، لەش بەبار و بناوبوێران، خودی خۆشتان، هیچ تاوانوو لەسەر نییە لە ماڵ خۆتان یان باوکانتان، یان دایکانتان، یان لە ماڵی برایانتان، یان ماڵی سەربە خوشکانوو، یا ماڵی ئاپ و پلکانوو، یان لە ماڵانی خاڵانوو، یان میمانوو، یان ئەو ماڵەی کلیلەکەی لای ئێوەیە، یان لە ماڵی دۆستی چاکوو،

خواردن بخۆن. هیچ گوناهیشتان ناگاتێ هەمووتان پێکەوە بخۆن؛ یان هەر کەس بە تەنیا بخوا. هەرگاش دەچنە ماڵانەوە، سڵامی یەکتری بکەن؛ سڵامێکی پاک و پیرۆز لە لای خواوە. ئا بەم جۆرە خودا نیشانەکانی خۆی بۆ ئێوە ڕوون دەکاتەوە، شایەتا ئێوە تێبگەن.
(٦٢) باوەڕدار هەر ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە خوا و پێغەمبەری هێنا و هەر کاتێکی بۆ کارێکی بە کۆمەڵ ڕەگەڵی کەون، لا ناکەون، هەتا ئیزنی لێ دەخوازن. ئەو کەسانە لێت دەخوازن ئیزنیان بدەی، ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەرەکەی هاوردووە. هەرگا بۆ کارێکی خۆیان هاتن ئیزنت لێ بخوازن، هەر کامێکیان ئیزن دەدەی، کەیفی خۆتە و بۆیان لە خوا داوای لێ بووردنێ بکە. کە خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٦٣) گازی لە پێغەمبەر کردن وەک گازی کردن لە خۆتان حەسێب مەکەن. هەر کەسیش خۆی پەنا دەدا و پێ دزەی دەرباز بوونیەتی، خوا دەیزانێ. با ئەوانەی کە خۆیان لە فەرمانی ئەو دەدزنەوە، ترسیان هەبێ کە بەڵایەکیان بەسەر بێ؛ یان وەبەر جەزرەبەیەکی بەژان کەون.
(٦٤) باش بزانن، هەرچی لە ناو عاسمانان و زەویدایە، بۆ خودایە. خودا هەم لە ئێستەی ئێوە و هەم لەو ڕۆژەش کە دەبرێنەوە بۆ لای ئەو، ئاگادارە. ئەوساش ئاگاداریان دەکا لەو شتەی واکردوویانە و خودا هەموو شت دەزانێ.

## فورقان

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) مەزنایەتی بۆ خودایێ ئەم فورقانەی بۆ عەبدی خۆی ناردە خوارێ، تا ببێتە هۆی ترسانێ بۆ هەموو خەڵکی جیهانێ.
(٢) ئەو خودایەی فەرمانڕەوای ئاسمانەکان و زەمینە و کەسی نەکردە ڕۆڵەی خۆی؛ لە فەرمانڕەواییشدا شەریکی نەبووە و هەموو شتی لە ڕادەی خۆی دروست کرد و ئەندازەی گرت.
(٣) بە جێگەی چتگەلێکیان کردە خودا، کە ناتوانن شتێک چێ کەن؛ بۆ خۆشیان هەر چێ کراون. تەنانەتی قازانج و زەرەری خۆشیان بە دەس نییە؛ نە مردنیشیان بە دەستە و نە ژیان و نە ژینەوەی لە پاش مردن.
(٤) خودانەناسەکان وتیان: ئەمە هەمووی درۆی هەڵبەستەی خۆیەسی و کەسانێ تر لەمەدا یارییان داوە. ئاشکرایە هەرچی وتیان درۆیە و ناهەقی دەکەن.
(٥) گوتیان: ئەمانە چیرۆکی پێشینانن؛ هەموو بەیانی و ئێواران بۆی دەڵێن و لە بەری دەنووسێتەوە.
(٦) بێژە: کەسێکە ناردوویە، لە نهێنی عاسمانەکان و زەمینێ ئاگادارە؛ ئەویش لە گوناح دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٧) گوتووشیانە: ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە خۆراک دەخوا و بە بازاڕاندا دەگەڕێ؟ ئەدی چۆنە فرشتێکی دەگەڵ نەهات، کە وێڕای ئەو ترس وەبەر مەردم بێنێ؟
(٨) یان گەنجێکی بۆ هاویژرابایە خوارێ، یان باغێکی هەبووایە لێی بخواردایە. ناهەقیکارانیش گوتیان: ئێوە هەر شوێن پیاوێ کەوتوون سیعر و جادووی لێکراوە.

(٩) دەبڕوانە چلۆن نەزیلەیان بۆ تۆ هێناوە و لە ڕێی لایاندا و هەرچی دەکەن ڕێ دەرناکەن.
(١٠) مەزنایەتی هەر بۆ کەسێ ئەگەر حەز کا لەوە چاترت دەداتێ. باغاتێکت پێ دەبەخشێ جۆباریان بە بەردا دەڕوا و چەند کۆشکیشت بۆ دادەنێ.
(١١) دیارە ئەوان قیامەتیان بە درۆ ژمارد؛ ئێمەش کڵی جەهەندەممان ساز داوە بۆ هەر کەسێ کە قیامەت بە درۆ دەزانێ؛
(١٢) کە لە شوێنێکی دوورەوە دەیانبینێ، لرفە و نێڵەی کڵی ئاگریان دێتە گوێ.
(١٣) هەرگایەکیش شەتەک درا و داوێژرێنە ناو جێگەی تەنگەبەرایی دۆژەهەوە، منە بۆ مردنێ دەکەن.
(١٤) ئەمڕۆ ئیتر هەر مردنێ داوا مەکەن؛ داوای گەلێ مردن بکەن.
(١٥) بێژە: ئاخۆ ئەمە باشە، یان بەهەشتی هەمیشەیی؛ کە بەڵێنی بە خودێ ترسان دراوە، کە: پاداش و دواڕۆژیانە؟
(١٦) چی بخوازن لەوێ هەیە و هەروهەر تێدا دەمێنن. ئەم بەڵێنە لە پەروەرندەی تۆرایە و هەر دێتەجێ.
(١٧) لەو ڕۆژەدا کەئەمانە و ئەوانەی - لە غەیرەز خودا - دەیانپەرست، لە جێیەک کۆ دەکاتەوە، دەپرسێ: ئاخۆ ئێوە بوون ئەم عەبدانەموو لاڕێ کرد، یان خۆیان لە ڕێ کلا بوون؟
(١٨) ئێژن: پاکانەی تۆ دەکەین؛ ئێمە کەی ڕێمان دەکەوێ - بەدەرلە تۆ - کەسێ بکەینە دۆستی خۆ؛ بەڵام هەر خۆت بۆ ئەوان و باب و کاڵانی ئەوانیش ئەوەندەت بەر بەرەڵدا کرد، کە یادی تۆیان لە بیر چوو، بوونە گەلێکی وا بێ خێر.
(١٩) ئەوانە بۆ ئەو قسانەتان، ئێوەیان وەدرۆ خستەوە. خۆ ئێستا ئیتر ناتانن [ئازار لە خۆتان] لابدەن؛ یان هانادەرێ پەیاکەن؛ هەر کامیشتان ناهەقی کا، ئێمە ئازاردانی گەورەی پێ دەچێژین.
(٢٠) لە پێش تۆشا هەر کەسێکمان بۆ پێغەمبەری ناردووە، هەموو خواردنیان خواردووە و لە ناو بازاڕان گەڕاون؛ هێندێکیشتانمان کردۆتە مایەی ئەزموونی هێندێ تر. ئاخۆ ئێوە خۆ ڕادەگرن؟ وا پەروەرندەت دەبینێ.
(٢١) ئەوانەی کە بە هیوا نین بە دیداری ئێمە بگەن، گوتیان: بۆچی فرشتەمان نەهاتە لا؟ یان پەروەرندەی خۆن نەدی؟ ئەوانە لە پاڵ خۆیاندا خۆیان بە زل دەزانن و سەربزێوی و فیزێکیان لێ پەیدا بووە کە ئەو سەری دیاری نەبێ.
(٢٢) ئەو ڕۆژەی ئەوان فرشتان بە چاوی خۆیان دەبینن، کە فرشتە دەنگیان دەدەن: هەیدێ گوم بن! هیچ مژدەیەکمان لانییە کە بیدەین بە تاوانباران؛ پێشیان دەڵێن: مژدە لە ئێوە حەرامە.
(٢٣) هەر کارێکی کردوویانە ڕای دەنێین و هەروەکوو تۆزی بابردەڵەی پێدەکەین.
(٢٤) ئەوێ ڕۆژێ ئەنوا و جێگەی حەسانەوەی بەهەشتییەکان باشترینە.
(٢٥) ئەوێ ڕۆژێش ئەزمان بە هەور دەقەڵشێ و فریشتەکان - بە هەڕەمە - بەرەو زەمین بەڕێ دەکرێن.
(٢٦) ئەوێ ڕۆژێ فەرمانڕەوایی بەڕاستی بۆ خودایە و، بۆ گەلی خودانەناسان ڕۆژێکی پڕ تەنگانەیە.
(٢٧) لەو ڕۆژەشدا کە ناهەقکار بە دەستی خۆیدا دەنووسێ و ئێژێ: ئەی کاشکایە منیش وەل پێغەمبەر چووبامە ڕێ.
(٢٨) ئەی مخابن، خۆزی هەرگیز نەبووبام بە دۆستی فڵان.

(٢٩) له‌ پاش ئه‌وه‌ی كه‌ ئه‌م قورعانه‌م پێ گه‌یشت، هه‌ر ئه‌و منی لێ كلا كرد؛ شه‌یتان هه‌میشه‌ مرۆ به‌ره‌ڵا ده‌كا.
(٣٠) پێغه‌مبه‌ریش ئێژێ: ئه‌ی په‌روه‌رنده‌كه‌م! هۆزه‌كه‌م ئه‌م قورئانه‌یان وه‌پشت گوێ خست.
(٣١) هه‌رواش بووه‌؛ ئێمه‌ بۆ هه‌ر پێغه‌مبه‌رێک دژمنێكمان - له‌ تاوانباران - بۆ دانان. په‌روه‌رنده‌ت بۆ شاره‌زایی كردن و هاریكاری به‌سی تۆیه‌.
(٣٢) خوانه‌ناسه‌كان دیێژن: بۆچی خودا به‌ تێكڕایی ئه‌م قورئانه‌ی بۆ نه‌ناردۆته‌ خواره‌وه‌؟ هه‌ر بۆ ئه‌مه‌ بوو كه‌ ئێمه‌ دڵتی پێ دامه‌زرێنین و به‌ته‌كووزی و هێدیكا بۆتی وه‌خوێنین.
(٣٣) ئه‌گه‌ر ئه‌وان نه‌زیلانت بۆ دێننه‌وه‌، ئێمه‌ ڕاستیت بۆ دێنین و [نه‌زیله‌یه‌كی] پڕ ماناتر له‌ ئی ئه‌وان.
(٣٤) كه‌سگه‌لێ كه‌ ده‌مه‌وروو ڕاده‌كێشرێن بۆ جه‌هه‌نده‌م و هه‌ر له‌وێ كۆ ده‌كرێنه‌وه‌، خراپترین جێیان هه‌یه‌ و به‌ ته‌واوی له‌ ڕێ كلان.
(٣٥) كتێبیشمان دا به‌ مووسا و هاڕوونی براشیمان كرد به‌ وه‌زیری.
(٣٦) ئه‌وسا گوتمان: بڕۆن بۆ لای ئه‌و هۆزه‌ كه‌ نیشانه‌كانی ئێمه‌یان به‌ درۆ ژمارد؛ ڤێگاڤێ تێكمان شكاندن.
(٣٧) هۆزی نووحیش - كاتی به‌ پێغه‌مبه‌ران باوه‌ڕیان نه‌كرد - نوقمی بناومان كردن و كردمانن به‌ نیشانه‌ بۆ مه‌ردم و ئازارێكی به‌ژانیشمان ساز داوه‌ بۆ ناهه‌قه‌كان.
(٣٨) عاد و سه‌موود و خاوه‌نی چاڵاوه‌كانیش و گه‌لی به‌ره‌وچینی نێوانیان [هه‌ر به‌و ده‌رده‌ چوون].
(٣٩) بۆ هه‌مووانیان چه‌ند نه‌زیله‌مان هێناوه‌ و له‌ ئاكامدا ونجڕبه‌ونجڕمان كردن.
(٤٠) خۆ ئه‌وانه‌ به‌و شاره‌دا ڕابردوون كه‌ بارانه‌ی به‌ڵامان بۆ باراندن؛ مه‌گه‌ر به‌ چاوی خۆیان ئه‌وه‌یان نه‌دی؟ به‌ڵام به‌ هیوای زیندوو بوونه‌وه‌ نه‌بوون.
(٤١) هه‌ر كه‌تۆیان چاو پێ كه‌وت، ده‌تكه‌نه‌ گه‌پجاڕی خۆیان: هه‌ر ئه‌مه‌یه‌ كه‌ خودا ڕای سپاردووه‌؟!
(٤٢) له‌وانه‌ بوو له‌ په‌رستیوه‌كانی خۆن لامان بدا، ئه‌گه‌ر خۆمان له‌سه‌ریان ڕانه‌گرتایه‌. دواجار - كه‌ ئازار ده‌بینن - پێده‌زانن كه‌ كێ پتر له‌ ڕێگه‌ی ڕاست هه‌ڵه‌ بووه‌.
(٤٣) تۆ ئه‌و كه‌سه‌ت دی كه‌ هه‌رچی خۆی حه‌ز بكا ده‌یكاته‌ په‌رستیوی خۆی؟ ئاخۆ ئه‌تۆ بۆ ئه‌میش هه‌ر ده‌سته‌به‌ری؟
(٤٤) یان پێت وایه‌ كه‌ زۆربه‌یان گوێ شل ده‌كه‌ن و تێده‌گه‌ن؟ ئه‌وانه‌ وێنه‌ی وڵساتن، بگره‌ له‌ویش گومڕاترن.
(٤٥) بۆ نه‌ت دیوه‌ په‌روه‌رنده‌ت درێژه‌ به‌ سێبه‌ر ده‌دا؟ ئه‌گه‌ر خۆی حه‌زی كردبا، وای ده‌كرد له‌ جێ نه‌بزووێ. خۆریشمان كردۆته‌ به‌ڵگه‌ی.
(٤٦) له‌ ئاكامدا - كه‌مه‌كه‌مه‌ - به‌ره‌و خوونی ده‌به‌ینه‌وه‌.
(٤٧) هه‌ر خۆیه‌تی كه‌ بۆ ئێوه‌ شه‌وی كردۆته‌ پۆشاک و خه‌وی بۆ سانه‌وه‌ [تان] و ڕۆژیشی بۆ هه‌ڵسانه‌وه‌ [تان] داناوه‌.
(٤٨) هه‌ر ئه‌ویشه‌ باكانی نارد، كه‌ مزگێنی به‌زه‌یی ئه‌وتان بۆ بێنن؛ جا ئه‌وسا له‌ حه‌وایه‌وه‌ بارانێكی پاک و خاوێنمان نارده‌ خوار؛
(٤٩) تا زه‌مینی هێز لێ بڕاو - به‌ هۆی ئه‌م - زیندوو كه‌ینه‌وه‌ و وڵسات و زۆر له‌و خه‌ڵكانه‌ی - كه‌خۆمان دروستن كردوون - تێراو بكه‌ین.

(٥٠) ئەوەشمان هەر جۆرەجۆرە لە نێوانیانا دابەش کرد، تا پەند بگرن؛ بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە هەر فێرن ناشکوری بکەن.
(٥١) ئەگەر بۆ خۆن کەیفن لێ با بۆ هەر شارێ کەسێکی وامان ڕادەسپارد بیان ترسێنێ.
(٥٢) سا تۆ هەرگیز بە قسەی خوانەناسان مەکە و بە هەموو هێز و تواناوە هەر بە گژیاندا وەرەوە.
(٥٣) خوا کەسێکە کە دوو زەریای بەیەک گەیاند؛ یەکێ شیرن، یەکێ شۆری ئاماڵ تاڵە و لەمپەرێک و بەرگرێگی زۆر ئەستووری لە نێوانیان بەدی هێنا [کە تخوونی یەکتر نەبن].
(٥٤) هەر خۆیەتی لە [تنۆکێ] ئاو، مرۆیەکی وەدی هێنا و کردیە ماکی تۆرەمە و خزم پەیدا بوون. پەروەرندەت هەموو کارێکی پێدەکرێ.
(٥٥) غەیرەز خودا شتی وەها دەپەرستن کە نە بەهرەیان پێدەدا، نە زیانیشیان لێدەدا. خوانەناسان خۆ دەکەنە پشتیوانی دژی پەروەرندەی خۆیان.
(٥٦) ئێمە تۆمان تەنیا بۆ ئەوە ناردووە، مژدەدەر و ترسێنەر بی.
(٥٧) بێژە: من بۆ ئەو کارە هیچ پاداشێکم لەنگۆ ناوێ، غەیرەز ئەوە: کێ پێ خۆش بێ، بەرەو لای پەروەرندەی خۆی ڕێ دەربکا.
(٥٨) سا تۆ خۆت بدە دەس کەسێ کە هەر زیندووە و نامرێ و بۆ شوکرانەی، پێی هەڵبڵێ و هەر ئەو بەسە کە لە گوناهی عەبدانی ئاگادارە.
(٥٩) ئەو خودایەی عاسمانانەکان و زەمین و هەرچی لە ناویاندا هەیە، بە شەش ڕۆژی داهێناوە. پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراوە؛ هەر ئەویشە خودای ڕەحمان. سا تۆ لەوانەش بپرسە کە چازانن.
(٦٠) هەرگا پێیان بوترێ کە: بەرەو ڕەحمان سوژدە بەرن، ئێژن: ڕەحمان چ کەسێکە؟ دەتەوێ هەرکێ تۆ بێژی، ئێمە کڕنۆشی بۆ بەرین؟ سڵ بوونیشیان پتر دەکا.
(٦١) سەروەری بۆ ئەو کەسەیە چەند قۆناغی لە عاسمانا دامەزراند و لە ناو ئەمدا چرایەک و هەیڤێکی تریفەداری جێ کردەوە.
(٦٢) هەر ئەویشە نۆرە بە شەو و ڕۆژ دەکا، هەتا کەسێ گەرەکی بێ بیر کاتەوە یان بیەوێ سوپاسکار بێ.
(٦٣) عەبدە ڕاستەکانی ڕەحمان ئەو کەسانەن کە بێ دەعیە دەچنە ڕێوە و هەر کاتێکیش نەزانەکان بیاندوێنن، پەرسڤی نەرم و نیانیان دەدەنەوە.
(٦٤) ئەوانەشن کە شەو تا ڕۆژ، ڕووەو پەروەرندەی خۆیان سوژدە دەبەن و وێستاون.
(٦٥) ئەوانەشن کەوا ئێژن: ئەی پەروەرندەی هەموومان! جەزرەبەدانی دۆزەخمان لێ دوورخەوە؛ چونکە جەزرەبەی جەهەندەم دوایی نایە.
(٦٦) کە بەڕاستی زۆر شوێنێکی نالەبار و زۆر ئەنوایەکی خراپە.
(٦٧) ئەوانەشن کە لە کاتی ماڵ بەخشینا، نە یەکجاری دەس بڵاون، نە تەواویش دەس قووچاون؛ هەر لەو ناوەندەدا، ماون.
(٦٨) ئەوانەشن کە وێڕای خوا، هیچ شتی تر ناپەرستن؛ کەسێکیش ناگوژن کە خوا ڕژتنی خوێنی بە ناڕەوا زانیوە؛ مەگین بە هەق؛ تووشی داوێنپیسیش نابن. هەرکێ ئەم کارانە بکا، تاوانی خۆی دێتەوە ڕێی.
(٦٩) ڕۆژی سەڵا دوو چەندانە ئازار دەدرێ و بە سووکایەتی هەر لەوێدا دەمێنێ؛

(٧٠) مەگین ئەوی تۆبە دەکا و باوەڕ دێنێ و ئاکاری چاک ڕەچاو دەکا؛ کە خودا خراپەکانیان بە چاکە بۆ وەدەگۆڕێ و خوا لێبووردەی دلۆڤانە.
(٧١) هەر کەسێکی تۆبە بکا و ئاکاری چاک ڕەچاو بکا، بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا.
(٧٢) ئەوانەشن کە بە درۆ، شایەتی نادەن و هەرگا بە لای کاری نالەباردا ڕادەبوورن، مەردانە خۆی لێ لا دەدەن.
(٧٣) ئەوانەشن کە هەرکاتێ نیشانەکانی پەروەرندەیان وەبیر دەخرێتەوە، وەک کەڕ و کوێر ناوێستن [و گوێ پێدەدەن].
(٧٤) ئەوانەشن کە ئێژن: ئەی پەڕوەرێنمان! ژن و منالانی وامان پێ ببەخشە، ببنە مایەی چاوڕونیمان؛ بشمانکە پێشەوا بۆخۆپارێزەکان.
(٧٥) جا ئەوانە لە پاداشی خۆڕاگرتنیان، ئۆدە [کانی بەهەشت] یان پێ دەدرێت و لەوێدا هەر بە درووود و سەلامەوە تەکیانا ڕووبەڕوو دەبن.
(٧٦) هەر لەوێدا دەمێننەوە؛ کە زۆر بنکەیەکی باشە و زۆر نشیمەنێکی خۆشە.
(٧٧) ئەتۆ بێژە: پەروەرندەم هیچ هەواڵتان لێ ناپرسێ، ئەر لە بری نەپاڕێنەوە و نەپەرستن. ئەوا ئێوەش باوەڕیتان بەو نەهێنا و بەم زووانە گرفتاری سزا دەبن و هەر لێتان جوێ نابێتەوە.

شوعەراء

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) تا، سین، میم.
(٢) ئەمانە نیشانەکانی ئەم کتێبە دیاری دەرەن.
(٣) لەوانەیە بەو خەمە خۆت لە بەین بەری، کە ئەوانە نایانەوێ بڕوا بێنن.
(٤) ئەگەر ئێمە حەزێ بکەین نیشانێکیان لە حەواوە بۆ دەنێرین، کە ملیانی لەبەر کەچ کەن.
(٥) هەر قسێکی تازە بابەت لە ڕەحمانەوە بۆیان دێ، ڕوویانی لێ وەردەگێڕن.
(٦) [ئەوان] باوەڕیان نەهێنا؛ بەم زووانەش هەر دەنگوباسی ئەوەیان پێدەگەیێ، کە گاڵتە و گەپیان پێدەکرد.
(٧) ئاخۆ زەمینیان نەدیوە، کە چەند جووتەی ڕووەکی پڕ لە بەهرەمان تێدا ڕوواند.
(٨) لەمەدا دەرسێ [باش] هەیە؛ بەڵام بەشی هەرە زۆریان بەڕوا نین.
(٩) خۆ دیارە پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
(١٠) [بێنەوە بیر] ئەو کاتە کە پەروەرندەت بانگاوازی لە مووسا کرد، کە: بچۆ لای کۆمەڵەی ناهەقییکاران؛
(١١) بۆ لای دارودەستەی فیرعەون. ئاخۆ ئەوانە ناترسن؟
(١٢) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ترسم هەیە کە بە ڤڕ بێژم بزانن.
(١٣) دڵم تەنگ دەبێت و زمانم گۆ ناکا؛ ڕاسپێرە بۆ لای هاڕوون.
(١٤) ئەوانە تاوانێکیان لەسەر من هەیە، دەترسم هەر بشم کوژن.
(١٥) گوتی: نەخێر، قەت وا نییە. سا ئێوە نیشانەکانی ئێمە بەرن؛ ئێمەش دەگەڵ ئێوەدا هەین و دەبیسین.

(١٦) سا بگەنە نک فیرعەون و بێژن: ئێمە پێغەمبەری پەروەرندەی گش جیهانین.
(١٧) تۆرەمەی ئیسڕائیلێمان ڕەگەڵ بخە.
(١٨) [فیرعەون] گوتی: تۆ هەر منداڵەکە نەبووی کە ئێمە پەروەردەن کردی و چەند ساڵێکیش لە ناومان مای؟
(١٩) ئەوک ارەشت کرد کە کردت؛ دیارە ئەتۆ لە ڕێزەی ناسوپاسانی .
(٢٠) گوتی: ئەوەم لە دەس قەوم و ئەوسا کە لە گومڕایان بووم.
(٢١) لە ترسی ئێوە بازم دا؛ دوایە پەروەرندەی من، لەکارزانی پێ بەخشیم و منی خستە ڕێزەی پێغەمبەرانەوە.
(٢٢) تۆ منەتی ئەو چاکەیەم لەسەر دەنێی، کە تۆرەمەی ئیسرائیلت - هەموو - کردۆتە عەبدی خۆت؟!
(٢٣) فیرعەون گوتی: پەروەرندەی هەموو جیهان وەچەئێژن؟
(٢٤) گوتی: ئەگەر بیسەلمێنن، ڕاهێنەری ئاسمانەکان و زەمینە و هەرچی لە ناویاندا هەیە.
(٢٥) لە دەوروبەری خۆی پرسی: گوێتان لێیە؟
(٢٦) گوتی: پەروەرندەی ئێوە و پەروەرندەی باب و کاڵی پێشووتانە.
(٢٧) گوتی: دیارە پێغەمبەرێ کە بۆ ئێوە ناردراوە، جن دەستی لێ وەشاندووە.
(٢٨) گوتی: گەر ئاوەزتان هەبێ، ڕاهێنەری خۆرهەڵات و خۆراوا و نێوانی وانە.
(٢٩) گوتی: ئەگەر بەدەر لە من بپەرستی، خاترجەم دەبەندێت دەکەم.
(٣٠) گوتی: ئەگەر نیشانێکی بە ئاشکرام بۆ هێنابی؟
(٣١) گوتی: ئەگەر لە ڕاستانی ، کوا؟ بیهێنە.
(٣٢) عاساکەی دەستی فڕێدا؛ ئاشکرا بوو بە حەزیایەک.
(٣٣) دەستیشی دەرخست، بۆ وانەی لێیان ڕووانی سپی دەچوو.
(٣٤) بەسەر گەورەکانی دەوروبەر خۆی گوت: دیارە ئەمە جادووگەرێکی زانایە.
(٣٥) گەرەکیەتی بە جادووی خۆی، لە زێدی خۆتان دەرتان کا؛ ئێوە لەو بارە دەڵێن چی؟
(٣٦) گوتیان: خۆی و براکەی لێرە بمێنن؛ تۆ بنێرە لە شاران خەڵکی وەکۆ کەن.
(٣٧) هەم جادووگەری زانات بهێننە لا.
(٣٨) ئەوساکە جادووگەرەکان لە ڕۆژێکی دیاری کراو کۆ کرانەوە.
(٣٩) بە مەردمیشیان ڕاگەیاند: ئاخۆ ئێوەش کۆ دەبنەوە؟
(٤٠) ئەگەر ئەم جادووگەرانە بیبەنەوە، لەوانەیە ئێمەش وەشوێن ئەوان کەوین.
(٤١) جادووگەران - کە هاتن - بە فیرعەونیان گوت: ئەگەر ئێمە بیبەینەوە چین دەدەیەی؟
(٤٢) گوتی: دیارە ئەوسا ئێوە لە نزیکانی خۆم دەبن.
(٤٣) مووسا بەوانی ڕاگەیاند: چیتان ئامادە کردووە بۆ هاویشتن، بیهاوێژن.
(٤٤) جا ئەوساکە پەت و داردەستەکانیان فڕێ دا و گوتیان: سوێندا بە گەورەیی فیرعەون، هەر بۆ خۆمان دەیبەینەوە.
(٤٥) ئەوسا مووساش داردەستەکەی خۆی فڕێ دا. گوزوگوممەت، هەموو فێڵی جادووگەرانی چنیەوە.
(٤٦) جادووگەران [بە پانەوە] کڕنۆشیان برد.
(٤٧) گوتیان: ئێمە پڕوامان کرد بە پەروەرندەی جیهانێ.
(٤٨) پەروەرندەی مووسا و هاڕوون.

(٤٩) گوتی: بەر لەوە ڕێو بدەم، ئێوە پڕاواتان پێ هێنا؟ دیارە هەر ئەو گەورەتانە و خۆی فێری جادووی کردگن. دوایی تێتان دەگەیەنم؛ دەستولاقوو بە پێچەوانە دەبڕم و سەرلەبەرروو لە دار دەدەم.
(٥٠) گوتیان: منەتت بە پووشێک؛ ئەوسا بەرەو پەروەرێنمان دەچینەوە.
(٥١) هیوان وایە پەروەرندەن لە گوناهەکانن ببووریٚ؛ کە بەرلە گش ئێمە باوەڕیمان هێنا.
(٥٢) ئێمە مووساما‌ن تێگەیاند: عەبدەکانم لە شەوێدا وەڕێ بخە، کە دیارە بە دووتاندا دێن.
(٥٣) فیرعەون وەکۆکەرانی نارد بۆ شارەکان.
(٥٤) [وتی:] ئەوان کۆمەڵەیەکی هێندکن.
(٥٥) بەڕاستی کە ئێمەیان توورە کردووە.
(٥٦) ئێمە هەموو وریایانین.
(٥٧) ئیتر باغات و کانیاون پێ جێهێشتن.
(٥٨) وێڕای هەموو گەنجینە و خانووە خۆشەکان.
(٥٩) هەر بەو جۆرە ئەم هەمووەشمان دا بە تۆرەمەی ئیسڕائیل.
(٦٠) هەر گزینگ لە سەرانی دا، دوایان کەوتن.
(٦١) ئەو کاتە کە هەر دوو کۆمەڵ یەکتریان دی؛ هاورێیانی مووسا گوتیان: پیس پێوە بووین.
(٦٢) گوتی: نابێ لە هیچ بترسن، چون پەروەرندەم دەگەڵە و بەم زووانە دەروێکم لێ دەکاتەوە.
(٦٣) ئەوسا مووساما‌ن تێگەیاند: بە عاساکەت لە زەریا دە؛ زەریا قەڵشی و هەر لایەکی وەک چیایەکی مەزن بوو.
(٦٤) وامان کرد ئەوانی تریش هەر لەوێ نزیک بنەوە.
(٦٥) مووسا و هەرکێ دەگەڵی بوون، نەجاتن دان.
(٦٦) پاشان ئەوانی دیکەمان بە خنکان دا.
(٦٧) ئەم ڕووداوە بەڵگەیەک بوو؛ زۆربەی زۆریش هێشتا باوەڕیان نەهێنا.
(٦٨) خۆ دیاریشە پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
(٦٩) ڕووداوی ئیبڕاهیمیشیان بۆ وەخوێنە.
(٧٠) ئەو سەردەمەی کە بە ئاپ و هۆزی خۆی گوت: ئەمە چییە دەیپەرستن؟
(٧١) گوتیان: ئێمە بتانێک دەپەرستین و هەر وازیشیان لێ ناهێنین.
(٧٢) گوتی: ئاخۆ ئەگەر هانایان بۆ دەبەن، لێو دەبیسن؟
(٧٣) یاخۆ هیچ بەهرەو پێ دەدەن؟ یان هیچ زیانوو لێدەدەن؟
(٧٤) گوتیان: نەخێر، بەڵکوو باب و کاڵی ئێمەش هەر ئەمانەیان دەپەرست.
(٧٥) گوتی: ئاخۆ زانیوتانە چیو دەپەرست؟
(٧٦) خۆتان وێڕای باب و کاڵانی پێشووتان؟
(٧٧) هەموویان دوژمنی منن؛ جگە لە ڕاهێنەری حەموو دنیایە.
(٧٨) ئەوی منی دروس کرد و هەر ئەویش شارەزام دەکا.
(٧٩) هەر ئەویشە خواردەمەنیم پێدەدات و ئاویشم دەفریا دەخا.
(٨٠) ئەگەر تووشی نەساغیش بم، هەر خۆی چاکم دەکاتەوە.
(٨١) هەر ئەویشە دەم مرێنێ و پاشان زیندووم دەکاتەوە.
(٨٢) ئەو کەسەیە کە بە هیوام ڕۆژی سەڵا لە هەڵەکانم بووریٚ.

(٨٣) پەروەرندەم! خۆت فێری کارزانیم بکە و بمگەیەنە بە پیاوچاکان.
(٨٤) وەبکە لە ناو چینە دواییینەکانیشا ناوم بە چاکە دەربچێ.
(٨٥) وابکە من لە بەشبەرانی بەهەشتی پڕ لە خۆشی بم.
(٨٦) لە ئاپی منیش ببوورە؛ کە ڕێگەی هەڵە کردبوو.
(٨٧) لە ڕۆژی زیندووبونەوەش ڕیسوام مەکە.
(٨٨) ئەو ڕۆژە کە ماڵ و مناڵ بە کار نایە.
(٨٩) مەگین ئەوەی وەل دڵی پاک، بچێتە بارەگای خودا.
(٩٠) کە بەهەشتیش بۆ خۆپارێزان نزیکە.
(٩١) جەهەندەمیش دەخرێتە ڕوو بۆ گومڕایان.
(٩٢) [کە ئەو ڕۆژە] پێیان ئێژن: لە کوێن ئەوی دەوپەرستن،
(٩٣) لەغەیرەز خوا؟ ئاخۆ ئەو دێنە هاناتان، یان ئەوان هانا دەخوازن؟
(٩٤) سا دەمەوروو ئەوانیش و گومڕاکانیش دەوێ دەخرێن.
(٩٥) لەشکرەکانی شەیتانیش - بە تێکڕایی -
(٩٦) هەر لەوێدا - بە کێشە - دێن و دبێژن:
(٩٧) سوێند بە خودا ئێمە ئاشکرا لاڕێ بووین؛
(٩٨) کە ئێوەمان دەگەڵ داهێنەری جیهان بەرانبەر کرد؛
(٩٩) تاوانبارانیش ئێمەیان لە ڕێ لادا؛
(١٠٠) ئێستاش نە تکاکارمان هەن،
(١٠١) نە هەواڵێکی دڵسۆزیش.
(١٠٢) خۆزی جارێ وەگەڕاباین، ئەوسا باوەڕیمان دێنا.
(١٠٣) ئا لەمەدا نیشانێکی [بەهێز] هەیە و بەشی زۆریان بێ باوەڕ بوون.
(١٠٤) دیاریشە پەروەرندەی تۆ هەر خۆی خاوەن دەستەڵاتە و دلۆڤانە.
(١٠٥) هۆزی نووحیش بە وتەی پێغەمبەرانیان پڕوا نەکرد.
(١٠٦) کاتێ نووحی برای خۆیان گوتی: ئێوە مەر ناترسن؟
(١٠٧) من بۆتان پێغەمبەرێکی جێ باوەڕم.
(١٠٨) دەسا لە خوا بترسن و بە فەرمانی منیش بکەن.
(١٠٩) پاداشێکم - بۆ ئەم کارە - لێتان ناوێ؛ پاداشی من پەروەرندەی جیهان دەیدا،
(١١٠) ئیتر هەر ترسوو لە خوا بێ و بە گوێم بکەن.
(١١١) گوتیان: چۆن پڕوات پێدەکەین؟ تۆ هەر ڕووتەوپووتەت لە دوون!
(١١٢) گوتی: ئەمن چووزانم کە ئەوان بەرێ چییان دەکرد؟
(١١٣) ئەر تێبگەن، پەروەرێنم دەبێ بە کاریان ڕابگا.
(١١٤) لەوانە نیم - بە هیچ ئاوا - باوەڕداران وەدەربنێم.
(١١٥) من هەر تەنیا ترسێنەرێکی ئاشکرام.
(١١٦) گوتیان: ئەی نووح! ئەگەر لەم کارەت بەس نەکەی، ئەشێ سەنگەسارت بکەین.
(١١٧) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! هۆزەکەی من هەر پڕوایان پێ نەکردم.
(١١٨) سا تۆ لە نێو من و ئەوان ڕێگەیەکمان بۆ بکەوە و من و ئەو باوەڕدارانەی دەگەڵ منن، ڕزگار بکە.
(١١٩) ئەوسا خۆی و ئەو کەسانەی دەگەڵی بوون، لە کەشتییە تژی کەدا نەجاتن دا.

(١٢٠) ئەوانی تریش لە پاشان ئاوەوئاو چوون و توونا بوون.
(١٢١) لەمەشدا بەڵگەیەک هەیە؛ [بەڵام] زۆربەیان هەر بڕوایان نەهێنا.
(١٢٢) پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
(١٢٣) هۆزی عادیش بە پێغەمبەرەکان بڕوایان نەهێنا.
(١٢٤) کاتێ کە هوودی برایان پێیانی گوت: چۆنە هیچ ترسێکونیە؟
(١٢٥) من بۆ ئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
(١٢٦) ترسوو لە خودا هەبێت و لە فەرمانی من دەرمەچن.
(١٢٧) [بۆ ئەم کارە] من هیچ پاداشم لێو ناوێ؛ پاداشی من پەروەرندەی جیهان دەیدا.
(١٢٨) ئاخۆ ئێوە لە هەر جێگایەکی بەرز، کۆشکی تەرز دروس دەکەن، کە هەر خەریکی کارگەلی پڕوپووچ بن؟
(١٢٩) کۆشک و قەڵای زۆر پتەویش دادەڕێژن، لاتان وایە هەر دەمێنن؟
(١٣٠) هەرگا پەلاماریش دەدەن، ملهوڕانە هێرش دەبەن.
(١٣١) سا لە خودا بترسن و بە گوێم بکەن.
(١٣٢) با ترسوو لەو کەسە بێ کە لەو شتانەی دەیزانن، یاری کردوون.
(١٣٣) وڵسات و کوڕگەلی داونێ.
(١٣٤) دەگەڵ باغات و کانیاویش.
(١٣٥) ئەمن هەر لێو نیگەرانم، بۆ ئازاری ڕۆژی مەزن.
(١٣٦) گوتیان: ئەگەر ئامۆژگاریمان بکەی و هیچ ئامۆژگاریشمان نەکەی، لای ئێمە هەر وەکوو یەکە.
(١٣٧) ئەمانە گش پڕوپووچی پێشینییانە.
(١٣٨) کەس ئازاری ئێمە نادا.
(١٣٩) ئەو هەر بڕوایان پێ نەکرد؛ ئەوسا ئێمەش قڕمان کردن. لەمەشدا بەڵگەیەک هەبوو؛ [بەڵام] زۆری ئەوانە بڕوایان نەبوو.
(١٤٠) پەروەرندەت هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
(١٤١) هۆزی سەموود بڕوایان بە پێغەمبەرەکان نەهێنا.
(١٤٢) وەختێ ساڵحی برایان پێیانی گوت: چۆنە هیچ ترسێکتان نییە؟
(١٤٣) من بۆ ئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
(١٤٤) سا لە خودا بترسن و بە گوێم بکەن.
(١٤٥) من پاداشی کاری خۆم لە ئێوە ناوێ؛ پەروەرندەی هەموو جیهان، بۆ خۆی پاداشی من دەدا.
(١٤٦) ئاخۆ هەروا لێو دەگەڕێن، هەر لێرە دڵنیا بژین؟
(١٤٧) لە باغات و لە کانیاوان؟
(١٤٨) کێڵگەکان و دارەخورمای خاوەن شکۆفەی نەرم و نۆڵ؟
(١٤٩) هەر بە خۆشی و شادمانی ماڵان لە کاوان دەتاشن.
(١٥٠) سا لە خودا بترسن و بە گوێم بکەن.
(١٥١) گوێش مەدەنە فەرمانی هەڵەڕۆیەکان؛
(١٥٢) ئەوانەی لەم زەمینەدا هەر خەریکی خراپەن و کاری چاکیان لە دەس نایە.
(١٥٣) گوتیان: ببێ و نەبێ، جادووت لێکراوە.
(١٥٤) تۆش هەر مرۆی وەکوو خۆمان. سا ئەگەر تۆ بە ڕاستیتە، دە نیشانێکمان نیشان دە.

(١٥٥) گوتی: ئەمە وشترێکە، کە نۆرەئاوێکی هەیە و ئێوەش نۆرەئاوێکتان هەس؛ لە ڕۆژێکی دیاری کراوا.
(١٥٦) هیچ وەزەنیشتان بۆی نەبێ، دەنا تووشی جەزرەبەی ڕۆژی مەزن دێن.
(١٥٧) پەیان کرد و سەریان بڕی و دوایە پەشیمان بوونەوە.
(١٥٨) ئازار هەموو لای لێ گرتن. لەمەدا نیشانە هەبوو؛ کەچی زۆریان بێ باوەڕ بوون.
(١٥٩) پەروەرندەت خۆی خاوەنی دەستەڵاتە و دلۆڤانە.
(١٦٠) هۆزی لووتیش قسەی پێغەمبەرەکانیان، بە درۆ ژمارد.
(١٦١) کاتێ کە لووتی برایان پێیانی گوت: ئێوە بۆ هیچ ترسوو نییە؟
(١٦٢) من بۆ ئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
(١٦٣) سا ترسوو لە خودا هەبێ و بە گوێم بکەن.
(١٦٤) بۆ ئەم کارە من هیچ پاداشم لێو ناوێ؛ پاداشی من پەروەرندەی جیهان دەیدا.
(١٦٥) ئێوە بۆچی لە ناو هەموو خەڵکی دنیا پەلاماری نێران دەدەن؟
(١٦٦) لە ژنەکانیشوو واز دێنن، کە خوا بۆ ئێوەی چێ کردوون؟ ئێوە هۆزێکی لە ئەندازە لادەرن.
(١٦٧) گوتیان: ئەی لووت! گەر لەم قسانە بەس نەکەی، سوور بزانە دەرت دەکەین.
(١٦٨) گوتی: لەو ئاکارەی ئێوە یەکجار قەڵسم.
(١٦٩) پەروەرندەم! لەو کارانەی ئەوان دەیکەن، من و خێزانم ڕزگار کە.
(١٧٠) سا ئەویش و هەموو خاووخێزانیشیمان ڕزگار کرد.
(١٧١) مەگین تاقە پیرێژنێک لە ناو ئەوانا مایەوە.
(١٧٢) پاشان ئەوەکانی ترمان قڕان تێخست.
(١٧٣) بارانێکی [بەڵا] مان بۆ داباراندن. چەند بە زەڕ بوو بارانی ترسێنراوەکان.
(١٧٤) ئا لەمەشدا بەڵگە هەبوو؛ کەچی زۆریان بێ باوەڕ بوون.
(١٧٥) پەروەرندەت هەر خاوەنی دەستەڵاتە و دلۆڤانە.
(١٧٦) خاوەن دەحلان قسەی پێغەمبەرەکانیان بە درۆ ژمارد.
(١٧٧) کاتێ شوعەیب پێیانی گوت: چۆنە هیچ ترسێکوو نییە؟
(١٧٨) سا لە خودا ترسوو هەبێ و بە گوێم بکەن.
(١٧٩) من بۆ ئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
(١٨٠) بۆ ئەم کارە من هیچ پاداشێکم لێو ناوێ؛ پاداشی من پەروەرندەی دنیا دەیدا.
(١٨١) ڕاست بن لە پێوانەپێوان و زیان بە کەس مەگەیەنن.
(١٨٢) کێشانەشتان بە تەرازووی بەرانبەر بێ.
(١٨٣) شت لە مەردم مەدزنەوە و پا دامەگرن لە سەر بەدفەڕی لە هەردا.
(١٨٤) دەبێ بترسن لەو کەسەی ئێوە و کۆمەڵانی پێشووی بەدی هێنا.
(١٨٥) گوتیان: ببێ و نەبێ، جادووت لێکراوە.
(١٨٦) تۆش هەر ئەوا مرۆیەکی وەکوو ئێمە و پێمان وایە تۆش هەر لە ڤڕیێژەکانی.
(١٨٧) دەسا ئەگەر تۆ ڕاست ئێژی، چەند پاژێکمان - لە ئاسمان - بەسەردا باوێژە خوارێ.
(١٨٨) گوتی: پەروەرندەم پتر ئاگای لە ئاکاروو هەیە.

(١٨٩) ئیتر باوەڕیان نەهێنا، تا لە ڕۆژێکی هەوردا، گڕەبامان لێ هەڵکردن؛ لەو ڕۆژەدا ئەو بەڵایە زۆر مەزن بوو.
(١٩٠) لەمەشدا نیشانە هەبوو؛ کەچی زۆریان بێ باوەڕ بوون.
(١٩١) پەروەرندەت هەر خاوەنی دەستەڵاتە و دلۆڤانە.
(١٩٢) ڕاهێنەری گش جیهانە؛ ئەم قورئانەی ناردۆتە خوار.
(١٩٣) «ڕوح الامین» هێنایە خوار.
(١٩٤) بۆ سەر دڵت؛ تا تۆ لە ترسێنەران بی.
(١٩٥) بە زووانێکی عەرەبی ڕەوان و هاسان.
(١٩٦) لە کتێبەکانی پێشووشدا باسی هەیە.
(١٩٧) داخۆ ئەمە بۆ ئەوان بەڵگەیەک نییە؟ کە زاناکانی تۆرەمەی ئیسرائیلیش، هەر لەوە ئاگایان هەیە.
(١٩٨) خۆ ئەگەر بمان ناردایە بۆ لای عارەبی نەزانێک،
(١٩٩) بۆ ئەوانەی وەخوێندبا، قەت باوەڕیان پێ نەدێنا.
(٢٠٠) هەروەهاینە قورئانیشمان خستە دڵی تاوانباران.
(٢٠١) هەر پڕواشی پێ ناهێنن، هەتا ئازاری زۆر بەژان بە چاوی خۆیان ببینن.
(٢٠٢) لەنەکاویش دێتە لایان، کە هەر هەستیشی پێ ناکەن.
(٢٠٣) ئەوساش ئێژن: ئاخۆ مۆڵەتمان پێدەدەرێ؟
(٢٠٤) بۆ لە ئازار دانی ئێمە، پەلە دەکەن؟
(٢٠٥) تۆ پێم بێژە ئەر بێڵین چەن ساڵ ڕابوێرن،
(٢٠٦) ئەمجار ئەو ئازارەی کە لێ ترسێنرا بوون، بێتەلایان؛
(٢٠٧) ئەو ماوەیەی کە ڕای دەبوێرن، چ بەهرەیەکیان بۆ دەدا؟
(٢٠٨) هەر شارێکمان قڕ کردبێ، سوور بزانە ترسێنەرانێکی بووە؛
(٢٠٩) کە ئامۆژگاری وەرگرن و، ناهەقییمان نەکردووە.
(٢١٠) شایەتینیش نەیانهێناوەتە خوارێ.
(٢١١) نە لێیان دەوەشێتەوە و نە دەشتوانن.
(٢١٢) دیارە ئەوان لە بیستن بێ بەش کراون.
(٢١٣) تۆ وێڕای خوا، هیچ شتی تر مەپەرستە؛ دەنا لەوانە دەبی کە ئازار دەدرێن.
(٢١٤) نزیکترین خزمی خۆشت بترسێنە.
(٢١٥) باڵت شۆڕ کە بۆ ئەو پڕوادارانەی کە شوێنت کەوتوون.
(٢١٦) جا ئەر بە گوێیان نەکردی، بێژە: من بێزارم لەوەی ئێوە دەیکەن.
(٢١٧) هەر خۆشت بە خاوەن دەستەڵاتی دلۆڤان بسپێرە؛
(٢١٨) ئەو کەسەی کە تۆ دەیبینی، وا بە پێوە هەڵدەوەستی.
(٢١٩) هاتوچووشت دەگەڵ سوژدەبەرەکاندا [لەبەر چاویە].
(٢٢٠) بیسەر و زاناش هەر ئەوە.
(٢٢١) دەوهەوێ ئاگاداروو کەم شایەتینی دێنە لای کێ؟
(٢٢٢) ئەوان لە لای درۆ نەخشینی تاوانبار دادەبەزن.
(٢٢٣) گوێ دەگرن و زۆریان درۆزنن.
(٢٢٤) شاعیرانیش، کێ لە دوویان دەچێ گومڕان.
(٢٢٥) مەر نەت دیوە - بە شێواوی - سەر بە هەر شیوێکدا دەکەن؟
(٢٢٦) ئەوان شتێ دەبێژن کە خۆیان نایکەن.

(٢٢٧) مەگین ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هەیە و ئاکارچاکن و زۆر یادی خوایان کردووە و پاش ئەوەی چەوسێنرانەوە، هەر تۆڵەی خۆیان کردەوە. ناهەقانیش زۆر پێ ناچێ دەوە دەگەن کە سەرەنجام کێوە دەچن.

نەمل

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) تا، سین. ئەمانە نیشانەکانی قورعانێن و کتێبێکی دیاری دەرە.
(٢) ڕێشاندەرە و مژدەدەرە بۆ گرۆی خاوەن باوەڕان.
(٣) ئەوانەی نوێژان دەکەن و زەکات دەرن و بە تەواوی پڕوایان بەو دنیا هەیە.
(٤) ئەو کەسانەی پڕوایان بەو دنیانە بێ، کردەیانمان لە بەر چاو ڕازاندوونەوە و بە سەر لێ شێواوی ماون.
(٥) بەش ئەوانە هەر ئازاردانی بەژانە و لەو دنیاشا زیانی زۆر بۆ ئەوانە.
(٦) تۆ ئەم قورئانەت هەر لە لای کارزانێکی زۆر زاناوە، پێ فێر دەکرێ.
(٧) [بێنەوە بیر] ئەو کاتەش کە مووسا بە خێزانی خۆی گوت: من ئاگرێکم لێ دیارە؛ ئەوا دەچم خەبەرێکوو بۆ دێنمەوە؛ یان بزووتێکی لێ دێنم؛ بەشکوو گەرمتان بێتەوە.
(٨) وەختێ لێی نزیک کەوتەوە، بانگ کرا: پیت و پیرۆزە ئەو کەسەی کە لەوێدایە و ئەوی لە دەورەی ئەویشە و پاکی و بێ عەیبی بۆ خوایە؛ کە خودانی گش دنیایە.
(٩) ئەی مووسا! ئەوە منم، خوای بە دەستەڵاتی لەکارزان.
(١٠) چۆ دەسەکەشت باوێژە! کاتێ دیتی هەروەکوو مارێک شێڵەها، هەڵات بێ ئاوڕدانەوە. مووسا! ترست ڕێ نەنیشێ، پێغەمبەران نابێ لە لای من بترسن.
(١١) مەگین کەسێ کە وا ناهەقی کردووە؛ ئەگەر ئەویش خراپەکەی بە چاکە گۆڕیبێتەوە، دیارە کە من لێبووردە و دلۆڤانم.
(١٢) دەسیشت بخە باخەڵت [و دەریخەوە]؛ بە سپیەکی [وەک چۆری شیر] بە بێ زیان دیاری دەدا. وەل نۆ بەڵگە، بچۆ بۆ لای فیرعەون و دار و دەستەکەی؛ کە ئەوانە کۆمەڵێکی نافەرمانن.
(١٣) جا وەختێکیش نیشانە ڕوون کەرەوەکانی ئێمەیان گەییشتە لا، گوتیان: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە.
(١٤) هەرچەند لە دڵی خۆیاندا هەموویان بە ڕاست دەزانی، خۆبەزل زانی و ناهەقی، بوونە هۆی حاشا کردنیان. جا پڕوانە پاشەڕۆژی بەدفەڕەکان بە کوێ گەیشت!
(١٥) هەر ئێمەش بووین کە زانستمان دا بە سولەیمان و داوود. گوتیان: شوکور بۆ خودایێ ئێمەی لە چاو زۆرێ لە عەبدە باوەڕدارەکانی خۆی، بەڕێزتر گرت.
(١٦) لە پاش داوود، سولەیمان بوو بە جێنشین. بانگەوازی کرد: خەڵکینە! ئێمە فێری زمانی مەلان کراوین؛ هەموو شتێکیان پێداوین؛ دیارە ئەمەش چاکەیەکی ئاشکرایە.

(١٧) سوپای سولەیمان - تێکەڵاو لە جندۆکە و مرۆ و مەلان - دەنگ درابوون، هەموو بە ڕیز دەرۆیشتن؛
(١٨) تا گەینە بوهلی مێروولان. مرۆچەیەک دەنگی مێروولەکانی دا: بچنەوە ناو کونەکانوو! تا سولەیمان و لەشکری - بە بێ ئەوە پێ بحەسێن - دەبەر پێیانوو نەبەن.
(١٩) ئیتر کە ئەو ئەمانەی گوت، بزەی هاتێ. گوتی: ئەی پەروەرندەی من! وام ڕابێنە سوپاسی چاکەی تۆ بکەم کە دەربارەی من و داک و بابمت کرد؛ ئاکاری چاکی واشم بێ، پەسندی کەی؛ هەر لە بەزەیی خۆشتەوە بمخە ڕێزی عەبدە کارچاکەکانتەوە.
(٢٠) چاوی بەمەلاندا گێرا، گوتی: چۆنە پەپووسێمانە نابینم، ئاخۆ خۆی دزیوەتەوە؟
(٢١) لەسەر ئەمە ئەشێ سزای زۆری بدەم؛ یان ملی هەڵدەقرتێنم، یان بەڵگەیەکی ئاشکرا بۆ من بێنێ.
(٢٢) ماوەیێ زۆری نەخایاند، هات و وتی: من شتێکم دەس کەوتووە کە دەستەتۆ نەکەوتبوو؛ وا من لە سەباوە هاتووم، دەنگوباسی دروستم بۆ هێناوی.
(٢٣) من لەوێ ژنێکم دیوە پاشایە بە سەریانەوە و خاوەنی هەموو شتێکە و تەختێکی زۆر گەورەی هەیە.
(٢٤) دیتم کە خۆی و هۆزەکەی - بە جێ خودا - سوژدە دەبەنە بەرخۆر و شەیتان کردەوەکانی بۆ خەملاندوون و ڕێگەی هەڵەی نیشان داون و ڕێ دەرناکەن.
(٢٥) [وەی کردووە] سوژدە بۆ خودایەک نەبەن کە پێواری ناو ئاسمانەکان و زەوی خۆیا دەکا و، چی وەیشێرن و هەرچێکی ئاشکرای بکەن، ئەو دەیزانێ.
(٢٦) ئەو خودایەی کە لەو بەدەر هیچ شت بۆ پەرستن نابێ و ئەو پەروەرێنی تەختی هەرە مەزنە.
(٢٧) گوتی: بەم زووانە دەڕوانین تا بزانین بەڕاستت بوو، یان تۆش هەر لە ڤڕ بێژانی.
(٢٨) ئەم نامەیەم بۆ بەرە و بۆیان باوێژە و ئەوسا تۆزێک دوورەوەکەوە و بنواڕە پەرسڤیان چییە؟
(٢٩) وێ گوت: ئەی پیاوماقووڵەکان! نامەیەکیان بۆ هاویشتووم زۆر گرینگە؛
(٣٠) کە لە سولەیمانەوەیە و بە ناوی خودای دەهندە و دلۆڤانە.
(٣١) نابێ خۆتان لە من بە زلتر بزانن، وەرنە لام و خۆتان بە دەستەوە بدەن.
(٣٢) وێ گوت: ئەی پیاوماقووڵەکان! ئێوە دەربارەی ئەم کارەم، بێژن چ بکەم؟ هەتا ئێوە کۆ نەبنەوە، بڕیاری هیچ کارێ نادەم.
(٣٣) گوتیان: ئێمە هەم بەهێزین هەم زۆر بوێر، فەرمانیش هەر بە دەس خۆتە، تۆ بۆ خۆت بڕوانە چ فەرمانێک دەدەی؟
(٣٤) وێ گوت: گەلی پادشایان بچنە ناو هەر شارێکەوە، تێکی دەدەن؛ خەڵکەکەی - هەر کام بە گەورە ناوی هەبێ - سووکایەتی بەسەر دێنن و ئەو تەرزە کارانە دەکەن.
(٣٥) ئەوا من دیارییەکیان بۆ دەنێرم؛ چاوەڕێم کە ڕاسپاردەکان بە چییەوە دەگەڕێنەوە.

(٣٦) وەختێ هاتە لای سولەیمان؛ گوتی: ئێوە دەتانەوێ بە ماڵ یارمەتی بکەن؟ ئەوی خودا داویە بە من، لەوەی کە بە ئێوەی داوە هێژاترە؛ بەڵام وادیارە کە ئێوە بە دیاری خۆتان دڵخۆشن.
(٣٧) وەگەڕێ بچۆوە لایان، وا مە بە لەشکرێکەوە دێنە سەریان؛ کە ئەوان دەرۆستی نایەن. بە زەلیلی و سووکایەتییش لەوێندەرێ دەریان دەکەین.
(٣٨) گوتی: ئەی گەلی دیوانێ! - بەر لەوە بێنە ئامانێ - کێو دەتوانێ تەختی ئەو ژنەم بۆ بێنێ؟
(٣٩) لۆزندەرێک لە جنەکان گوتی: ئەمن بەر لەوە لە جێی خۆت هەستی بۆتی دێنم؛ توانام بە سەریدا هەیە و دەسپاکیشم.
(٤٠) ئەوی کە لە کتێب شتێکی دەزانی، هەڵیدایە: هێندەی چاوت بتروکێنی بۆتی دێنم. کە لێ مەیزاند، وا لایەتی گوتی: ئەمەش چاکەی پەروەرندەی منە، ویستی تاقیم بکاتەوە؛ ئاخۆ شوکرانە بژێرم یان پێ نەزان. هەر کەسێکی شوکر بکا بۆ خۆی دەکا و کێش سپڵە بێ، ئەوسایە پەروەرندەی من بێ نیاز و دڵاوایە.
(٤١) گوتی: تەختەکەی بگۆڕن؛ تا بزانین دەتوانێ بیناسێتەوە یان بەسەری ناکاتەوە.
(٤٢) کاتێ گەییشتە بەرەوە، وتیان: تەختەکەی تۆ وابوو؟ گوتی: هەر ئێژی خۆیەسی؛ لە بەریشەوە دەتزانی و ئێمە هەر گوێ بە فەرمان بووین.
(٤٣) ئەوەی کە وێ - غەیرە لە خودایە - دەیپەرست، ئەوی [لەباوەڕی هێنان] گێڕابۆوە، چونکە پێشو لەڕێزەی خوانەناسان بوو.
(٤٤) پێی وترا: وەرە ناو کۆشک. کە لێی ڕووانی، هەر پێی وابوو ئاوێکی زۆر و زەبەندە و [داوەستاوە و] لنگی هەڵکرد. پێی وت: ئەم کۆشکە لە شووشەی ڕوون و حولی داڕژاوە. گوتی: خودانی ژیانم! من تا ئێستا ناهەقییم لە خۆم کردووە و لە ئێستاوە - وەل سولەیمان - خۆم دەدەمە دەس ڕاهێنەری گش جیهان.
(٤٥) سالحیشمان ڕاسپاردە هۆزی سەموود؛ کە هاوەگەزی خۆیان بوو. کە: دەبێ خوداپەرست بن. کەچی ئەوان بوونە دوو دەستەی دژی یەک.
(٤٦) وتی: گەلۆ! بەر لەوە تووشی چاکە بن بۆ بەرەوخراپە دەچن؟ بۆ لە خودا داوا ناکەن عافووتان کا؟ بەڵکوو بەزەیی پێتاندا بێ.
(٤٧) وتیان: ئێمە تۆش و ئەوی لەگەڵ تۆشن، بە شووم و بێ فەڕ دەزانین. گوتی: چارەنووسی ئێوە بە دەس خوایە؛ بەڵام ئێوە هۆزێکن کە کەوتوونە بەر ئەزموونەوە.
(٤٨) لەو شارەدا نۆ دەستەی [نەگونجاو] هەبوون، کە وڵاتەکەیان تێک دەدا و بۆ لابردنی بەدفەڕی هیچ تەقالایان نەدەدا.
(٤٩) گوتیان: ئێوە سوێند بخۆن، ئێمە ئەمشەو خۆی و ماڵ و منداڵیشی لە ناو دەبەین؛ بە خوێنگرانیشی ئێژین: کە ئەو خێزانە کوژراون، ئێمە ئاگامان لێ نەبووە و ڕاستیش دەکەین.
(٥٠) خەریک بوون کەتنێ بگێرن؛ ئێمەش کەتنی خۆن پێ کردن، بێ ئەوە هەستی پێبکەن.
(٥١) سا بنۆڕە، سەرەنجامی کەتنەکەیان بە کوێ گەیشت: بەوانەوە کۆمەڵەکەی ئەوانیشمان لە بەین برد.
(٥٢) ئێستا [جێ] ماڵەکانی وان - لەسەر ناهەقی کردنیان - چۆل و هۆڵە و دەرسێکیشە بۆ ئەوانەی کە دەزانن.

(٥٣) ئەو کەسانەشمان ڕزگار کرد کە ببوونە خوداناس و لێی دەترسان.
(٥٤) لووتیشیان وەبیر بخەوە، کە وا بە هۆزەکەی خۆی وت: ئێوە چلۆن کاری بێ ناموسی دەکەن، کەچی دەشزانن خراپە؟
(٥٥) لە ژنان وازوو هێناوە و پەلاماری پیاوان دەدەن؛ دیارە ئێوە زۆر کۆمەڵێکی نەزانن.
(٥٦) تەنیا وەرامی هۆزەکەی هەر ئەمە بوو: خێزانی لووت لە شاری خۆتان دەربکەن؛ چونکە ئەوان چاویان لە داوێن پاکییە.
(٥٧) سا ئەویش و خێزانیشیمان ڕزگار کرد؛ مەر ژنەکەی، کە بڕیارمان دا بمێنێ.
(٥٨) بارانێکمان بۆ باراندن ئەمما باران؛ بارانی ترسێنراوەکان چەن خرا بوو!
(٥٩) بێژە: شوکرانە بۆ خودا و درووود لەسەر عەبدە هەڵبژاردەکانی. ئاخۆ خودا چاترە یا ئەوی دەیکەنە شەریکی؟
(٦٠) یا ئەو کەسەی چاترە کە عاسمانەکان و زەمینی وەدی هێنا و لە حەواوە ئاوی بۆ ئێوە ناردووە؟ گەلێک باخچەی بە دیمەنمان بە ئاوەکەی شین کردووە، کە خۆتان نەتان دەتوانی دارەکانی بەرهەم بێنن؛ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ نەخێر دیارە گەلێکی لە هەق لادەرن.
(٦١) یا ئەو کەسەی چاترە کە زەوی کردە جێی سانەوە و ئەو گش جۆبار و ڕووبارەی تێدا کێشا و کەژ و کۆی لێ بەرهەم هێنا و لە نێوان دوو دەریادا بەرزەکەی دانا؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ نەخێر دیارە زۆربەی ئەوان نەزانن.
(٦٢) یا ئەو کەسەی چاترە کە هەر وەختێ هومێد بڕاوێک لە بەری بپاڕێتەوە، دەهانای دێ و لە چۆرتم ڕزگار [ی] دەکا و دەتانکاتە جێنشین لەم سەرزەمینە؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ ئەمانە کەم پەند وەردەگرن.
(٦٣) یا ئەو کەسەی چاترە کە لە تاریکی بەژ و دەریا، لە ڕێ شارەزاتان دەکا و هەر ئەویشە ئەو بایانە بەڕێ دەکا کە مزگێنی خێروبێری ئەویان پێیە؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ خوا زۆر لەوەی بەرزترە کە دەیکەنە شەریکی ئەو.
(٦٤) یا ئەو کەسەی چاترە کە بوونەوەر وەدی دێنێت و لە دواییدا دەیباتەوە؟ ئەدی کێیە لە ئاسمان و زەمینەوە بژیوتان بۆ بەڕێ دەکا؟ ئاخۆ هیچ پەرستیوێکی وەل خوا هەیە؟ سا ئەگەر پێو وایە ڕاستن، بەڵگەی خۆتان نیشان بدەن.
(٦٥) بێژە: ئەوانە وا لە ئاسمانەکان و زەمیندا هەن - لە خوا بەدەر - لەبەر پێوار بێ خەبەرن. هەستیش ناکەن زیندوو دەکرێنەوە.
(٦٦) زانستەکەیان پڕ ناکا سەڵا ڕابێ، دوودڵن دەبێ یان نابێ؟ ئەم چاوی دینەیان نییە.
(٦٧) خودانەناسەکان وتیان: ئاخۆ وەختێ ئێمە و باب و باپیرانمان بووینە خۆڵێک [بە زیندوویی لە گۆڕ] دەمانهێننە دەرێ؟
(٦٨) ئەو بەڵێنەی بەمەی دەدەن، لەوەپێشیش بە باب و کاڵن دراوە؛ ئەمانە گش چیرۆکی پێشینەکانن.
(٦٩) بێژە: گەشتێ بەم سەرزەمینەدا بکەن، تا ببینن سەرەنجامی تاوانباران بە کوێ گەیوە.
(٧٠) خەمیان مەخوە و لەبەر گزیکاری ئەوان دڵتەنگ مەبە!
(٧١) ئێژن: دەسا ئەگەر ڕاستن، ئەم بەڵێنەو کەی دێتە جێ؟

(٧٢) بێژە: ڕەنگە ئەو بەڵێنەی - کە ئێوە پەلەی لێ دەکەن - زۆر لێتانەوە نزیک بێ.
(٧٣) پەروەرندەت چاکەی زۆری بەسەر ئەو خەڵکەوە هەیە؛ بەڵام زۆربەیان ناشکورن.
(٧٤) پەروەرندەت لە هەر شتێ لە دڵیاندا و نهێنیە و لە هەر شتێ دەیدرکێنن، ئاگادارە.
(٧٥) هەر پێوارێ لە عاسمانان و زەمیندایە - گش لە گشتی - لە کتێبێکی ڕوون کەرەوەدا نووسراوە.
(٧٦) ئەو قورئانە بۆ تۆرەمەی ئیسرائیلێ - لەمەڕ زۆربەی ئەو شتانە کە لەسەریان هەرایانە - قسە دەکا.
(٧٧) بێ سۆ بۆ خاوەن باوەڕان، ڕێشاندەر و بەزەییە.
(٧٨) بێگومانە پەروەرندەت بەرانبەر بە فەرمانی خۆی، بە نێو ئەوانە ڕادەگا. کۆڵ نەدەر و هەرە زاناش هەر خۆیەتی.
(٧٩) دەسا خۆت بە خوا بسپێرە؛ بەڕاستی تۆ وا لەسەر حەقی ئاشکرای.
(٨٠) بانگەوازت بۆ ئەوانەی کە ڕوو لە تۆ وەردەگێرن، وەک ئەوەیە مردووی گۆڕستان بدوێنی؛ یان بە گوێی کەڕدا بخوێنی؛ کە لە وزەی تۆدا نییە.
(٨١) تۆ ناتکرێ کوێران لە گومڕاییەکەیان ڕزگار کەی و بیانخەیە سەر ڕاستەڕێیە. تۆ هەر دەتوانی دەنگی خۆت بە ئەوانە بگەیەنی کە بە نیشانانی ئێمە بەیروان و ملکەچی فەرمانی خودان.
(٨٢) هەر دەمێکیش بەڵێن [مان] بۆیان هاتە جێ، دەحبایەکیان لەم زەمینە بۆ دەردەخەین، کە دەگڵیان قسە دەکا [و پێیان ئێژێ:] مەردم بە دڵ نیشانەکانی ئێمەیان نەدەسەلماند.
(٨٣) ئەوێ ڕۆژێ مە لە ناو هەر تیرەیەکدا، تاقمێک لەو کەسانە وا باوەڕیان بە نیشانانمان نەدەهێنا کۆ دەکەین و ، جا ئەو کاتە ڕیز دەکرێن و بەڕێ دەکرێن.
(٨٤) هەتا دەگەنە بەرەوە، ئێژێ: ئێوە نیشانەکانی ئێمەتان - بێ ئەوە چییان لێ بزانن - بە درۆ زانی؟ ڕاستی ئێوە چیتان دەکرد؟
(٨٥) هەر بە سزای ئەوە کە ناهەقییکار بوون، وەبەر بەڵێنەکە کەوتن، هەر متەقیشیان لێ نایە.
(٨٦) بۆ ئەوانە نەیان دەدی ئێمە شەومان داهێناوە، ئەوانی تێدا وەحەسێن؛ ڕۆژیش هەموو شت ببینن؟ لەمەشدا زۆر نیشانە هەن بۆ ئەوانەی یروا دێنن.
(٨٧) ئەوێ ڕۆژێ دەکەلەشاخ دەمێندرێ، هەر کەس لە عاسمانەکان و زەمیندایە - گلا - ترسیان ڕێ دەنیشێ و بە زەلیلی دێنە بەر بارەگای خودا؛ مەگین کەسێ کە بەر مەیلی خودا کەوێ.
(٨٨) کێویشت وا دێنە بەرچاو، کە هە رنابزوون؛ کەچی وەک ڕەوینەوەی هەور دەڕەونەوە. ئەمەش کری خودایێکە هەموو شتی زۆر بە چاکی چێ کردووە. هەر ئەویشە لە کردەتان شارەزایە.
(٨٩) هەر کەسێ چاکەیەک بکا، لەو چاتری دێتەوە ڕێ و لەمە ترسی ئەوێ ڕۆژێ ئارخەیانن.
(٩٠) هەر کەسێکیش کاری خراپی لێ ڕوو دا، لەپەوڕوو دەخرێتە ئاگر. ئاخۆ زیاتر لە قەرەبووی کارەکەتان ئازاروو بۆ دەپرێتەوە؟

(٩١) به من هەر فەرمان دراوە کە خودانی ئەم باژێرە - کە بۆ خۆی ڕێزی لێ ناوە - بپەرستم. هەموو شتێکیش لەوڕایە و فەرمانیشم پێدراوە لە ڕێزەی موسوڵمانان بم؛
(٩٢) هەروا، قورعانیش بخوێنم. جا کێ شارەزای ڕێگە بوو، هەر بە قازانجی خۆیەتی و هەر کەش لە ڕێگە کلا بوو، بێژە: من هەر یەکێکم لە ترسێنەران.
(٩٣) بێژە: سوپاس بۆ خودایە و بەم زووانە ئەو نیشانەکانی خۆیتان نیشان دەدا و دەیانناسن. پەروەرندەت ئاگاداری هەموو کردەوەیەکتانە.

قەسەس

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) تا، سین، میم.
(٢) ئەمانە نیشانەکانی کتێبی ڕۆشنکەرەوەن.
(٣) ئێمە بۆ تۆ، بۆ [ئاگاداری] ئەوانەی بڕوا دێنن، باسی مووسا و فیرعەون دەخوێنینەوە.
(٤) بێ سۆ فیرعەون لەو زەمینا باڵادەس بوو؛ خەڵکی ئەوێ کردبوونە چەند دەستەیەک؛ هێندێکی هەر زەبوون دەکرد، کوڕەکانی سەر دەبڕین و ژنەکانی ڕادەگرتن. لە بەدفەڕ و بەزەڕان بوو.
(٥) بڕیارن دا ئەوانەی لەو زەمینەدا زەبوون کران، بە چاکە وەیان خوێنین و بیانکەینە پێشەوا [ی خەڵک]؛ لە دواییشدا بۆ خۆیان بمێنێتەوە.
(٦) لەو عەرزەدا جێگایان بۆ خۆش بکەین و بە فیرعەون و هامان و لەشکرەکانیان ئەو شتانە نیشان بدەین، کە ئەوان لێیان دەترسان.
(٧) بە دایە مووسان ڕاگەیاند: شیری دەیە و، هەر وەختێ لێی نیگەران بووی، بیهاوێژە ناو دەریاوە و هیچ مەترسە و خەمیش مەخۆ؛ ئێمە بۆتی دێنینەوە و دەشیکەینە یەکێ لە پێغەمبەرەکان.
(٨) دەستەوبەستەی فیرعەون ئەویان هەڵگرتەوە، تا ببێتە دوژمنیان و هۆی مەینەتیان. دیارە فیرعەون و هامان و دەس و پێوەندەکانیشیان بە خەڵەت چوون.
(٩) پیرەکا فیرعەون گوتی: بۆ من و تۆ دەبێتە مایەی چاوڕوونی؛ واز لە کوشتنی بهێنن، بەشکوو سوودی بۆمان هەبێ، یان بیکەینە کوری خۆمان. کەچی هیچ ئاگاشیان نەبوو.
(١٠) ئیتر ئەوسا دایکی مووسا هیچ هۆشی لە دڵدا نەما و لەوانە بوو کە ئەو ڕازە بدرکێنێ؛ کە هەر ئێمەش دڵی ئەومان وا پتەو کرد تا لە خاوەن باوەڕان بێ.
(١١) بە خۆشکی گوت: شوێنی کەوە! بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، کارێکی کرد دووراودوور چاوی پێ بکەوێ.
(١٢) هەر لە پێشدا وان بۆ دانا مەمکی هیچ تایەنێک نەمژێ. وێ گۆ: ئاخۆ دەتانەوێ ماڵێکتان بۆ بدۆزمەوە کە بۆتانی بەخێو بکا و زۆر باشیشی پێ ڕابگا؟
(١٣) ناردمانەوە لای دایکی، تا چاوی پێ ڕوون بێتەوە و خەمێ نەخوا؛ تا بشزانێ کە بەڵێنی خودا ڕاستە؛ بەڵام زۆربەیان نازانن.

(١٤) وەختێ گەییە تافی جوانی و پیاوێ تەواوی لێ دەرچوو، زانست و کارزانین دایە و ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.
(١٥) [جارێ] ڕووی کردە شارەوە، بێ ئەوەی خەڵکەکەی ئاگایان لێ ببێ. لەوێ تووشی دوو پیاوان هات، پێکەوە مشت و مڕیان بوو؛ یەکیان لە ڕەگەزی خۆی و ئەوی تریان سەر بە دوژمنەکانی بوو. ئەوی هاوڕەگەزی خۆی بوو، دژی کاورا نەیارەکە هانای پێ برد؛ مووسا مستێکی تێ سرەواند، مرخەی پڕی. گوتی: ئەو کارە دیارە شەیتان پێمی کرد؛ کە ئاشکرا دوژمنە و ڕێگا دەگۆڕێ.
(١٦) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! ئەمن ناهەقیم لە خۆم کرد، عافووم بکە. ئیتر خودا خەتای بەخشی؛ کە ئەو لە خەتا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٧) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لە بەرانبەر ئەو چاکەی دەگەڵ منت کرد، بڕیار ئەدەم هەرگیز نەبمە پشتیوانی تاوانباران.
(١٨) لەو شارەدا بە ترسەوە شەوی بووری و چاوەنۆڕ بوو. هەر ئەو کەسەی دوێنێ هانای پێ بردبوو، دیسان هاواری بۆ هێنا. مووسا گوتی: دیارە تۆ لە ڕێگە دەرچووی.
(١٩) کاتێ بەرەو ئەو کەسە چوو کە دوژمنی هەر دووکیان بوو، گوتی: مووسا! هەر وەک دوێنێ یەکێکت کوشت، دەتەوێ منیش بکوژی؟ تۆ گەرەکتە لەم هەردە ببیە ملهوڕ و ناتەوێ لەوانە بی وا کاروباران سامان دەدەن.
(٢٠) پیاوێک لەوپەڕی شارەوە بە هەڵەداوان گەیشتێ، وات: ئەی مووسا! سەرگەورەکان دەربارەی تۆ ڕاوێژ دەکەن؛ گەرەکیانە تۆ بکوژن. زوو دەرکەوە، ئەمەت بە چاکە پێ دەڵێم.
(٢١) بە ترسەوە لەوێ ڕۆیی و بە نیگەرانی دەیڕوانی. گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لەم کۆمەڵە ستەمکارە ڕزگارم کە.
(٢٢) کاتێ بەرەو مەدیەن دەچوو، گوتی: بەشکوو پەروەرندەم شارەزای ڕاستەڕێم بکا.
(٢٣) کە هاتە سەر ئاوی مەدیەن، کۆمەڵێ لە خەڵکەکەی دیت ئاو هەڵدێنجن. لەو لای ئەوان دوو ژنی دین [پەزێ خۆ] دوور دەخەنەوە. گوتی: ئێوە خەریکی چن؟ گوتیان: هەتا شڤانەکان پەزەکانیان لە ئاودانێ نەهێننەوە، ئێمە پەزێ خۆ ئاو نادەین؛ باوکی ئێمەش ئیختیارێکی زورهانە.
(٢٤) ئەوسا ئاوی بۆ هەڵێنجان؛ پاشان خۆی گەیاندە سێبەر. گوتی: ئەی پەروەرندەی من! من ئاتاجی ئەو خێرەم کە بۆم دەنێری.
(٢٥) یەک لەو دووانە - کە بە شەرمەوە ڕێ دەچوو - هاتە لای و گوتی: باوکم بانگت دەکا تا بۆ ئاوێ کە بۆ ئێمەت هەڵێنجاوە، کرێت داتێ. وەختێ هاتوو ڕووداوەکەی بۆ گێڕاوە، گوتی: ئیتر ترست نەبێ، لە کۆمەڵی ستەمکاران ڕزگارت بوو.
(٢٦) یەکێ لەوان گوتی: باوە! بە کرێی بگرە؛ چاترین ڕەنجبەر ئەوەیە بە تاقەت و جێ باوەڕ بێ.
(٢٧) گوتی: من خەیاڵم وایە یەکێ لەو دوو کیژانەی خۆم بدەم بە تۆ؛ بەو مەرجە هەتا هەشت ساڵان ڕەنجبەرم بی. ئەگەر دە ساڵت بردە سەر، کەیفی خۆتە و نامەوێ زۆریت بۆ بێنم. گەر خوا حەز کا زوو دەزانی کە لە پیاوە باشەکانم.
(٢٨) گوتی: ئەمە بڕیارێک بێ لە نێوانی من و تۆدا؛ هەر کام لەو دوو ماوەم پەڕاند، نابێ ناهەقیم لێ بکرێ؛ خوداش لەسەر هەرچی ئێژین، بریکارە.

(٢٩) مووسا کە ماوەکەی پەڕاند و خێزانی برد و ڕۆیی، ئاگرێکی لە ئالی تووری بەدی کرد. بە ماڵ و منداڵی خۆی گوت: ڕابووەستن، من ئاگرێکم بەدی کرد؛ بەشکوو لەوێ خەبەرێکوو بۆ بهێنم؛ یان چۆڵێکوو لەو ئاگرە بۆ بێنمەوە؛ بەڵکوو خۆ گەرم کەنەوە.
(٣٠) وەختێ گەیشتە لای ئاگر، لای دەستی ڕاستی دۆڵەوە - لە شوێنە پیرۆزەکەدا - لە دارەکەوە بان کرا: ئەی مووسا! من هەر خودی خۆم، ئەو خودایەم کە ڕاهێنەری جیهانم.
(٣١) عاساکەشت فڕێ بدە! وەختێ دیتی لە چەشنی مارێ دەبزوێ، هەڵات و هیچ ئاورێکی نەدایەوە. ئەی مووسا لێی وەرە پێش و ترست نەبێ، هیچ زیانێکت پێ ناگا.
(٣٢) دەستیشت بخە باخەڵت، چەرمووی بێ زەرەر دێتە دەر؛ بۆ ئەوەش ترست نەمێنێ، دەستت بنە ژێری باڵت. ئەم دووانە دوو بەڵگەی ڕوونن، لە پەروەرندەتڕا بۆ لای فیرعەون و دارودەستەکەی؛ ئەوان گەلێ نافەرمانن.
(٣٣) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! من یەکم لەوان کوشتووە؛ لەوە دەترسم بمکوژن.
(٣٤) برام هاڕوون، لە من زمان ڕەوانترە؛ سا ئەویشم دەگەڵ کل کە، یاوەرم بێ و قسەکانم بسەلمێنێ. من ترسم هەس پێم بێژن: تۆ درۆزنی.
(٣٥) گوتی: وا دەکەین براکەت پشتت بگرێ؛ بە نیشانەکانی خۆشمان دەستەڵاتێکوو دەدەینێ، دەستیان بە ئێوە ڕانەگا؛ ئێوە دووان و ئەوانی لە دووی ئێوە بن سەردەکەون.
(٣٦) کاتێ مووسا وەل بەڵگە ئاشکراکانمان هاتە لایان، گوتیان: ئەمە بل ژ جادوو شتێ نییە و لە خۆوە ڕێکی خستووە؛ کە لە باوانی پێشووشمان ئەم شتەمان نەبیستووە.
(٣٧) مووسا گوتی: پەروەرندەم لە هەر کەس چاتر دەزانێ کێ لجەم ئەو ڕێنوێنی هاوردووە و کێ پاشەڕۆژ تووشی بەختەوەری دەبێ. بێ سۆ ناهەقیکارەکان ڕزگار نابن.
(٣٨) فیرعەون گوتی: ئەی دیوەخان نشینەکان! وا نازانم غەیر لە من خوایەکتان هەبێ؛ سا هامان! تۆ خشتی کاڵم لە کلدا بۆ بخارێنە، قەڵایەکم بۆ دروس کە، تا لەوێرا پروانمە خواکەی مووسا؛ کەمن تەواو لە ڤڕ بێژانی دەزانم.
(٣٩) فیرعەون و لەشکرەکەکانی لەو زەمینە، هەر بە ناهەق خۆیان بە زلتر دەزانی و لایان وابوو ناگەڕێنەوە لای ئێمە.
(٤٠) سا فیرعەون و لەشکریمان وەگیر هێنا و هەڵمانداشتنە دەریاوە. دەسا پروانە ئاکامی ناهەقیکاران چلۆن بوو.
(٤١) کردیشمانن بە پێشەوایانێک کە وا بانگ بۆ ئاگر ڕادەهێڵن و ڕۆژی سەڵاش هیچ کەس دەهانایان نایە.
(٤٢) هەر لەم دنیایە نەحلەتمان وەشوێن خستن و ڕۆژی سەڵاش [ڕوورەش و] بیچم کرێتن.
(٤٣) لە پاش ئەوەی چین و بەرەکانی پێشوون ڤڕ تێ خستن، ئەو کتێبەن دا بە مووسا کە بۆ مەردم ببێتە هۆی ڕۆشن بینی و بەزەیی و شارەزای ڕێ بوون؛ بەشکوو بیر لە خۆ کەنەوە.

(٤٤) ئەو سەردەمەی کە ئێمە ئەم کارەی خۆمان بە ئەرکێک دانا بۆ مووسا، نە تۆ لە لای خۆراواکەی [توور] ەوە بووی، نە هیچ ئاگاشت لێ بووە.
(٤٥) بەڵام ئێمە زۆر بەرەمان هێنایە ڕوو؛ تەمەنیشیان زۆر درێژ بوو. تۆ ئەو کاتە لە ناو خەڵکی مەدیەن نەبووی، کە نیشانەکانی مەیان بۆ وەخوێنی؛ بەڵام ئێمە هەر پێغەمبەرن دەناردن.
(٤٦) لەو دەمەشدا کە ئێمە گازی مووسان کرد، تۆ لە نزیک تووری نەبووی؛ بەڵام ئەمە بەزەییەکە لەلایەن پەروەرندەتڕا، کە ئەوانەی بەر لە تۆ کەسی وا نەبووە ترسێکیان وەبەر بهێنی؛ ئەتۆ ترسیان وەبەر بێنی، بیر لە خۆ کەنەوە.
(٤٧) ئەگەر لەبەر ئەوە نەبا کە کاتێکی - لە سۆنگەی ئاکارەکانیان - تووشی بەڵایە بن، بێژن: پەروەرێنمان! تۆ بۆچی پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین، تا پەیڕەوی لە نیشانانی تۆبکەین و لە ڕێزی بەباوەڕان بین، [سزادانمان پێش دەخستن].
(٤٨) بەڵام وەختێ ئەم ڕاستەیان لەلایەن ئێمەوە بۆ هات، گوتیان: بۆچی ئەوی بۆ مووسا هاتووە بۆ ئەم نەهات؟ ئەدی ئەوی لەوە پێش بە مووسا درا، ئەمان حاشایان لێ نەکرد؟ گوتیان: ئەمە دوو جادوون کە پشتی یەکتریان گرتووە و گوتیشیان: ئێمە لە هەر کان حاشامانە.
(٤٩) بێژە: ئەگەر ئێوە ڕاستن، نووسراوێک لە خواوە بێنن کە لە هەر دووکانیان پتر ڕاستەڕێگە نیشان بدا؛ هەتا من شوێنی بکەوم.
(٥٠) گەر پەرسڤیان نەدایەوە، سا بزانە کە ئەوانە پەیڕەوی ئارەزوویانن؛ کێش خوا شارەزای نەکا و پەیڕەوی ئەلهای دڵی بێ، کەسی لێ گومڕاتر نییە. خواش ناهەقان لە ڕێگە شارەزا ناکا.
(٥١) لە پەستا ئەو وتارەمان بۆ هەناردن، بەشکوو پەند [ی لێ] وەربگرن.
(٥٢) ئەو کەسانەی کە بەر لە هاتنی قورعان، ئێمە کتێبمان پێداون، باوەڕیان بە قورعان هەیە.
(٥٣) هەتا بۆیان وەدەخوێنن، ئێژن: پڕوامان پێ هێنا و بێ سۆ ڕاستە و لە پەروەرندەمان ڕایە. بەر لەوەش بێتە خوارەوە ئێمە قبووڵن کردبوو.
(٥٤) ئەوانە چوون خۆڕاگر بوون، دوو جار پاداشیان پێ دەدرێ. کاری خراپیش بە چاکە دەسڕنەوە و لەو بژیوەی پێمان داون، خێران دەکەن.
(٥٥) هەر کە وتاری هەرزەشیان بە گوێ دەگا، لە گوێی خۆیانی دەرداوێن و ئێژن کە: ئێمە کاری خۆ دەکەین و ئێوەش ئاکاری خۆو هەیە، لە ئێمەوە بێ وەزەنن؛ کەیفن بەنەزانان نایە.
(٥٦) تۆ ناتانی کەسێ بۆ خۆت خۆشت بوێ شارەزای کەی؛ بەڵام خودا کێ بخوازێ ڕێگەی ڕاستی نیشان دەدا. هەر خۆشی چاتر دەزانێ کێ هێژای ئەم ڕێبازەیە.
(٥٧) ئێژن: ئەر دەگەڵ تۆ بین و پەیڕەوی دینەکەی تۆ بین، لە زێدی خۆن تەرەن دەکەن. ئەدی ئێمە لە شوێنێکی هێمنمان دانەمەزراندوون، کە هەموو جۆرە بەروبووی بۆ دەنێرن و ئەم بژیوە لەمەڕایە؟ بەڵام زۆربەیان نەزانن.
(٥٨) چەندە شاریشمان قڕ کردن [کە خەڵکەکەی] بە خۆشگوزەرانی خۆیان سەرخۆش ببوون. ئەمەش ماڵەکانیانە کە لە دوای ئەوان - کەمێک نەبێ - کەسیان لێ نیشتەجێ نەبووە و هەر بۆ خۆمان ماونەتەوە.

(٥٩) پەروەرندەت ئەو شارانەی قڕ نەکردن، تا لە ناوەندی ئەوانا پێغەمبەری بۆ هەناردن، نیشانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنێتەوە. هەرگیز ئێمە هیچ شارێکمان بە قڕ نەدا، مەر خەڵکەکەی ناهەق بوو بن.
(٦٠) ئەوی بە ئێوە دراوە هەر مایەی گوزەرانتانە لە دنیادا و زەمبەریەتی. ئەوەش کە لجەم خودایە، چاترە و زۆرتر دەمێنێ؛ ئاخۆ لەوەندەش تێ ناگەن؟
(٦١) ئاخۆ کەسێ بەڵێنی باشمان پێداوە و بۆشی پێک دێ، دەگەڵ کەسێ هەر لە دنیادا ژیاندوومانە، وەکوو یەکن؟ کە ئەمەشیان ڕۆژی سەڵا دەهێنین بۆ جابدانەوە؟
(٦٢) ئەوێ ڕۆژێ بانگیان دەکا و، ئێژێ: کوا شەریکەکانم، وەک ئێوە خەیاڵتان دەکرد؟
(٦٣) ئەوانەی وەبەر بڕیاری ئێمە کەوتوون، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! ئەمانە هەرئەوانەن کە ئێمە لە ڕێگەمان لادان؛ بۆیەش لە ڕێگەمان لادان کە بۆ خۆن ڕێن لێ تێکچوو بوو. وا لە لای خۆت ئێمە حاشایان لێ دەکەین. ئەوانە هەرگیز ئێمەیان نەدەپەرست.
(٦٤) پێشیان ئێژن: شەریکەکانتان بانگ بکەن. بانگیان دەکەن؛ هیچ وەرامیان نادەنەوە. هەست بە جەزرەبەدان دەکەن، ئێژن: خۆزیا لە شارەزایان بووینایە.
(٦٥) هەر ئەو ڕۆژە بانگیان ئەکا و پێیان ئێژێ: چلۆن وەدەنگ پێغەمبەرەکانەوە چوون؟
(٦٦) ئەوێ ڕۆژێ لە هەواڵان زەین کوێر دەبن. لەو ڕۆژەدا نایانکرێ پرسێ بە یەکتریش بکەن.
(٦٧) بەڵام ئەوی کە پەژیوان بۆتەوە و بڕوای بە خودا هێناوە و ڕووی دەکاری چاک کردووە، لەوانەیە لە دەستەی ڕزگارەکان بن.
(٦٨) پەروەرندەت هەر شتێکی مەیلی لێ بێ وەدی دێنێ و هەڵدەبژێرێ [بەڵام] ئەوان هەقی بژاردنیان نییە. لەو شەریک بۆ دۆزینەوەشیان، خودا پاکە و بەرزترە.
(٦٩) هەر پەروەرندەت دەزانێ چییان لە دڵدا پەنا داوە و چیش ئاشکرا ئەدرکێنن.
(٧٠) خوا هەر ئەوە و لەغەیرەز ئەو هێژای پەرستنێک نییە. لە دنیاش و لە قیامەتیش سوپاس هەر تایبەتی ئەوە؛ فەرمان هەر فەرمانی ئەوە و بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە.
(٧١) بێژە: چۆن بیر دەکەنەوە ئەر خوا شەوتان هێندە لێ درێژ کاتەوە، کە تا قیامەت نەبڕێتەوە؟ غەیرەز خودا کام شیاوی پەرستنێ هەس ڕووناکیتان بۆ بێنێ؟ مەر نابیسن؟!
(٧٢) بێژە: چۆن بیر دەبەن ئەر خوا ڕۆژتان هێندە لێ درێژ کاتەوە هەتا قیامەت بخایەنێ؟ غەیرەز خودا چ پەرستیوێ دەتوانێ شەوێکتان بۆ دابێنێ کە ئێوە تێیدا هەدا بدەن؟ مەر نابینن؟!
(٧٣) لە بەزەیی خوداوەیە، کە شەوی بۆ هەدادان و ڕۆژی بۆ پەیدا کردنی ئەو ڕۆزییەی ئەو دەتاندانێ، بۆ دانان؛ بەشکەم ئێوە شوکرێ بکەن.
(٧٤) ئەو ڕۆژە کە بانگیان دەکا و ئێژێ: کوا شەریکەکانم کە بە خەیاڵوودا دەهات؟
(٧٥) وەختێ لە ناو هەر کۆمەڵێک یەکیان لێ دەکەینە شایەت، ئەوسا ئێژین: کوانێ؟ بەڵگەی خۆتان بێنن؛ جا تێ دەگەن ڕاست هەر ئەوەیە لای خوایە و هەرچی کە هەڵیان دەبەست لە دەسیان دەچێ.

(٧٦) قاڕوون لە هۆزی مووسا بوو، کە دەستی کرد بە ناهەقی کردن لێیان. هێندن گەنجینە دابوویە، هەرتەنیا کلیلەکانیان گرۆیەکی زۆر بەهێزی شەکەت دەکرد. کاتێ هۆزەکەی پێیان گوت: غللوور مەبە! خودا پیاوی لە خۆ دەرچووگی خۆش ناوێن؛
(٧٧) بەوەی خودا بە تۆی داوە، بە شوێن ماڵی سەڵاوە بە! بەشی خۆشت لەم دنیایە لە بیر مەکە! وەک خوا چاکەی دەگەڵ کردووی، چاکەی بکە و لەم عەرزەشدا مەکەوە شوێنی بەدفەڕی! خودا بەدفەڕی خۆش ناوێن.
(٧٨) گوتی: ئەوەی کە من هەمە، گشت لە زانستی خۆم ڕایە. بۆچ ئەوەندەی نەزانیبوو کە پێش ئەویش خودا چەن چینی بە قڕدا؛ کە لەویش زۆر بەهێزتر و بەدەست و پێوەندتریش بوون؟ لەو تاوانبارانە - لەمەڕ تاوانگەلیان - ناپرسنەوە.
(٧٩) بە تەنتەنە و سەنسەنەوە [ڕۆژێ] هاتە ناو هۆزەکەی. ئەوانەی هەر بە ئارەزووی ژینی دنیان، گوتیان: خۆزی مەش وەک قاڕوون دەوڵەمەن باین؛ ئای لەو بەختەی ئەو هەیەتی!
(٨٠) هۆزانەکانیش دەیانگوت: هەی ماڵ وێران! هەر کەسێ باوەڕی بە خودا هەبێت و ئاکارچاک بێ، ئەو خەڵاتی خوا دەیداتێ، زۆر چاکترە و ئەو خەڵاتەش هەر بەشی خۆڕاگرانە.
(٨١) سا قاڕوونمان بە ماڵیەوە ڕۆبرد بە ناخی زەمیندا. هیچ دەستەیەکیشی نەبوو کە لە خودای بپارێزێ و خۆشی یاریدەی خۆی نەدا.
(٨٢) ئەو کەسانەی دوێنێ خۆزگەیان پێ دەخواست، ڕۆژی دوایی دەیانگوت: پەکوو لەو سەیرە! وا دیارە کە ڕۆزی عەبدان - زۆر بێ یان کەم - بەستە بە مەیلی خودایە و ئەر خوا چاکەی بۆ نەکردباین، ئێمەشی هەر لە ناخی زەمین ڕۆ دەبرد. وا دیارە خودانەناسان ڕزگار نابن.
(٨٣) ئێمە ماڵەکەی دواڕۆژن هەر بۆ ئەوانە دادەنێین، کە لەم عەرزە نایانەوێ خۆ بە زلتر بزانن و بەدفەڕی کەن. پاشەڕۆژیش هەر بۆ خۆپارێزەکانە.
(٨٤) هەرکێ کارێکی چاک بکا، چاکتر لەوی دێتەوە ڕێ؛ هەرکێش ئاکاری خرا بن، هەر بەرانبەر بە کردەخراپەکانیان جزیا دەدرێن.
(٨٥) ئەو کەسەی کە ئەم قورعانەی کردە ئەرکی سەرشانی تۆ، خاتر جەم بە دەتباتەوە ئەو شوێنەی بەڵێنی پێدای. بێژە: هەر پەروەرندەی من زاناترە کە کێ لە ڕاستەڕێ دەڕوا و کێ بە ئاشکرا لە ناو گومڕایی دایە.
(٨٦) خۆ ئەر بەزەیی پەروەرێنت نەبووایە، تۆ هەر بە هیوا نەبووی کە ئەم کتێبەت بۆ کل کرێ؛ سا تۆش هەرگیز پشتیوانی لە خودانەناسان مەکە!
(٨٧) لە دوای ئەوەش کە نیشانەکانی خودات بۆ کل کرا، هەرگیز نابێ تۆ لەوانە هەڵە بکەی. هەر بەرەو پەروەرندەی خۆ گازی بکە و هیچ گا دەگەڵ ئەو بتپەرستانە مەبە.
(٨٨) دەگەڵ خودا هانا بۆ هیچ پەرستیوێکی تر مەبە. بەغەیرەز ئەو پەرستیوێکی تر نییە. بەغەیرەز ئەو هەموو شتێ لە بەین دەچێ. فەرمان هەر فەرمانی ئەوەو هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە.

عەنکەبووت

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم.
(٢) ئاخۆ مەردم لایان وایە هەر کە بێژن: ئێمە باوەڕمان هێناوە، ئیتر وازیان لێ دەهێنرێ و تووشی هیچ ئەزموونێ نابن؟
(٣) ئێمە ئەوانەی بەرلەمانیشمان بە تاقی کردەوە. بێ گومانە خوا ئەوانەی کە ڕاسیان گوت، ئەوانەش کە درۆزنن، دیاری دەکا.
(٤) ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ناکەونە بەر قەمچی ئێمەوە؟ خراپیان لێک داوەتەوە.
(٥) هەر کەسێ هومێدی وایە بگا بە دیداری خودا، وەختێ کە خودا دایناوە، هەربینا هات. بیسەر و زاناش هەر ئەوە.
(٦) هەر کەس دەچێتە خەزایە، خەباتێکە بۆ خۆی دەکا. دیارە خودا لە هەموو کەس بێ نیازە.
(٧) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، خراپەکانیان دەسڕینەوە و باشتر لەوی کردوویانە، ئێمە پاداشیان پێ دەدەین.
(٨) ئێمە مرۆمان ڕاسپارد کە دەگەڵ داک وباوکی خۆی چاکە بکا. هەرگا ئەوان هەڵیان پێچای، هەر لە ڕووی نەزانیتەوە شەریک بۆ من بڕیار بدەی، تۆ نابێ بە قسەیان بکەی. هەموو لاتان هەر دەگەڕێنەوە لای خۆم؛ ئەوسا خۆم حاڵیتان دەکەم، ئێوە چ کارێکتان دەکرد.
(٩) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، ڕەگەڵ پیاوچاکانیان دەخەین.
(١٠) لە مەردمدا ئی واش هەیە، ئێژێ: ئێمە باوەڕیمان بە خوا هەیە؛ هەرگاش لەسەر خوداناسین ئازار درا، وا دەزانێ ئازاری خەڵک وەکوو سزای خودا وایە. ئەگەریش لە پەروەرندەت یارییێک بێ، ئێژن: ئێمەشتان دەگەڵ بووین. مەر خوا لەوەی کە لە سینەی خەڵکی دنیادایە، ئاگادارتر نییە؟
(١١) خوا ڕوادارەکان باش دەناسێت و دووڕازانیش باش دەناسێ.
(١٢) خوانەناسان بە خاوەن باوەڕان دەڵێن: کەونە شوێنی ڕێگای ئێمە، ئۆباڵی گوناهەکانتان وەمل دەگرین؛ کە ناشکرێ هیچ ئۆباڵی گوناهانیان وەستۆ بگرن؛ بێ گومانە کە ئەوانە درۆزنن.
(١٣) باری گرانی خۆیان و باری گرانی خەڵکی دیش - وەل باری گرانی خۆیان - هەڵدەگرن و ڕۆژی قیامەت لەسەر ئەو بوختان کردنە، دەکەونە بەر پرسیارەوە.
(١٤) ئێمە نووحمان ڕاسپاردە لای هۆزەکەی؛ هەزار ساڵی پەنجا ساڵ کەمیان لە ناوما؛ چونکە هەر لەسەر ناهەق بوون، تۆفان ئەوانی ڕاماڵی.
(١٥) ئێمە خۆی و هەرکێ لە گەمیەکەدا بوون، نەجاتن دان. ئەمەشمان کردە بەڵگەیەک بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.
(١٦) ئیبراهیمیش وەبیر بێنە؛ کاتێ بە هۆزەکەی خۆی گوت: ئێوە خواپەرستن و لەو بترسن؛ ئەگەر بیزانن ئەم کارە هەر بە قازانجی خۆتانە.
(١٧) لە بری ئەوەی ئێوە خودا بپەرستن ، بت گەلێک دەپەرستن و درۆی گەورەش هەڵدەبەستن. ئەوی دەیانپەرستن و غەیرەز خودان، خۆ ناتوانن ڕۆزیو بدەن. ڕۆزی

له خودا داوا کەن و بیپەرستن و شوکری بکەن. هەموو لاتان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.
(١٨) ئەگەر باوەڕ بە من نەکەن، کۆمەڵانی بەر لە ئێوەش هەبوون کە باوەڕیان نەکرد. ڕاسپاردە جگە لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەی - بە ئاشکرا - هیچی تری لەسەر نییە.
(١٩) ئاخۆ هێندە ڕانەماون کە بزانن خودا چۆن شت وەدی دێنێ و پاش نەمان دەیهێنێتەوە؟ ئەمە لای خودا هاسانە.
(٢٠) بێژە: گەشتێ لەم سەرزەمینە بدەن و تماشا کەن، چێ کردنی چۆن دەس پێ کرد؟ پاشان [هەر] خوا ئافراندنی؛ پاشینیش وەدی دەهێنێ. خودا توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە.
(٢١) بە مەیلی خۆی، هەرکێ ئازار بدا دەیدا و، هەر کەسێکیش خۆی حەز بکا وەبەر بەزەیی خۆی دەخا و، هەر دەوهێننەوە بۆ لای خۆی.
(٢٢) لە عەرز و لە عاسمانێ بن، ناتوانن خۆ ڕزگار بکەن؛ غەیرەز خوداش هیچ هانا و یاریکاروو نین.
(٢٣) ئەو کەسانەی باوەڕیان نەکرد بە نیشانانی خودا و بە دیداری، ناهومێد بوون لە بەزەم و جەزرەبەی بەژان بەشیانە.
(٢٤) تەنیا وەرامی هۆزەکەی هەر ئەمە بوو، کە: بە کوشتن بیکوژن یان بیسووتێنن. خودا لە ئاگری پاراست. ئەم ڕووداوە بۆ ئەوانەی خاوەن یڕوان، زۆر نیشانەی تێدا هەیە.
(٢٥) گوتی: ئێوە لە بری خودا بۆیە بوتان دەپەرستن، کە لە ژینی دنیاییدا ئێوە یەکترتان خۆش دەوێ؛ پاشان لە ڕۆژی قیامەتا حاشا لە یەکتر دەکەن و نەفرین بۆ یەکتر دەنێرن؛ جێشتان لە ئاگردا دەبێ و کەسیش یاریدەتان نادا.
(٢٦) ئیتر لووت یڕوای پێ هێنا. گوتی: ئەوا من کۆچ دەکەم بەرەو لای پەروەرندەی خۆم. هەر ئەو خاوەن دەستەڵاتە و لەکارزانە.
(٢٧) ئێمە ئیسحاق و یەعقووبمان بە وی بەخشی و پێغەمبەری و کتێبیشمان کردە بەشی نەتەوەی ئەو؛ لە دنیادا پاداشی ئێمەی پێ گەیشت و لە قیامەتیش ئەو لە پیاوەچاکەکانە.
(٢٨) باسی «لووت» یشیان بۆ بکە، ئەوسا کە بە هۆزەکەی گوت: ئێوە کاری ئەوندە شوورەیی دەکەن، لە دنیادا کەس بەر لە ئێوە وای نەکرد.
(٢٩) ئێوە سواری پیاوان دەبن و ڕێگریو کردۆتە پیشە و لە دیوەخانی خۆتاندا ئاکاری ناشیرین دەکەن؟ تەنیا وەرامی هۆزەکەی هەر ئەمە بوو: ئەگەر قسەکانت ڕاستن، ئازاری خوامان بۆ بێنە.
(٣٠) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! لەسەر ئەو هۆزە بەدفەڕە، یاریدە لە تۆ دەخوازم.
(٣١) ئەوساش کە ڕاسپاردەکانمان مژدەیان برد بۆ ئیبراهیم، گوتیان: دەبێ خەڵکی ئەم شارە قڕ بکەین، چونکە خەڵکەکەی ناهەقن.
(٣٢) گوتی: «لووت» یش هەر لەوێە. گوتیان: ئێمە باشتر دەزانین کێی لێیە، خۆی و خاوخێزانی - جگە لە ژنەکەی - ڕزگار دەکەین کە ئەو لە بە جێ ماوانە.
(٣٣) وەختێ کە ڕاسپاردەکانمان چوونە جەم لووت، بە دیتنیان شڵەژا و تەنگانەی هاتێ. گوتیان: مەتر سە و خەم مەخۆ؛ ئێمە تۆش و خێزانەکەت - غەیری ژنت - ڕزگار دەکەین، کە ئەو لە بە جێ ماوانە.

(٣٤) ئێمە بۆ سەر خەڵکی ئەم شارە بەڵایەک - لە حەواوە - دەبارێنین، سزای لە ڕێ لادانیان بێ.
(٣٥) نیشانێکی ئاشکرامان لێ بە جێ هێشت؛ بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.
(٣٦) بۆ مەدیەنیش شوعەیبی برای ئەوانمان ناردە لایان. گوتی: گەلۆ! ئەشێ خودا بپەرستن؛ بەتەماش بن ڕۆژی سەڵا و لێ ڕادەبێ؛ لەم عەرزەشدا مل لە خراپکاری مەنێن.
(٣٧) ئەوان پڕوایان پێ نەکرد. ئەوسا لەرزە وای داگرتن، کە لە ماڵی خۆیاندا هەستیان لێ بڕا.
(٣٨) هۆزی عاد و سەموودیشمان هەر بەقڕ دان؛ کە لە شوێنەوارەکانیان ئەمەتان بۆ دەرکەوتووە. شەیتان کارەکانیانی جوان نیشان دان و ڕێی لێ گرتن، دەشیان زانی [هەق لە ناهەق هەڵاوێرن].
(٣٩) قاڕوونیش و فیرعەونیش و هامانیش [هەر بەو دەردە چوون]. دیارە مووسا گەلێ نیشانەی ئاشکرای بۆیان هێنا؛ بەڵام خۆیان - لەم زەمینە - لە خەڵکی بە زلتر زانی. نەشیان توانی بە دەس ئێمەوە دەربچن.
(٤٠) ئێمە هەریەک لەوانەمان بە تاوانەکەی خۆیان گرت. جا هێندیکیان بای زۆر توندی پڕ لە چەومان ناردە سەریان، هێندێکیشان نارەتەی زل دای گرتن و هێندێکیشمان بە ناخی زەویدا ڕۆ برد؛ هێندێکیشیانمان لە ئاودا نوقم کردن. خوا ناهەقی لێ نەکردن؛ بەڵام خۆیان ناهەقییان لە خۆیان کرد.
(٤١) ئەو کەسانەی غەیرەز خودا دۆسگەلێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە - گەر بزانن - وەکوو کاکڵەمووشانیان بەسەر هاتووە، کە خانووی بۆ خۆی تەنیوە. دیارە خانووی کاکڵەمووشان لە هەموو ماڵان سس ترە.
(٤٢) خوا دەزانێ چین ئەوانەی غەیرەز خۆی؛ کە ئەوان هانایان پێ دەبەن. هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٤٣) ئەو نەزیلانە بۆ خەڵک دێنینەوە و زانایان نەبێ، تێی ناگەن.
(٤٤) خوا ئاسمانان و زەمینی بە هەقانەت چێ کردوون. بێ گومانە ئەمە پەندە بۆ ئەوانەی پڕوادارن.
(٤٥) ئەوی بۆت بەڕێ کراوە - لەم کتێبە - بیخوێنەوە و نوێژی بکە؛ نمێژ خوێندن [مرۆ] لە کاری ناشیرین و ناڕەوا دەپارێزێ. یادی خودا هێژاترە و خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(٤٦) ئەگەر دەگەڵ ئەهلی کتێب دەکەونە وتووێژەوە، بەو پەڕی نەرم و نیانی قسەیان لەتەکا بکەن؛ مەگین لەتەک ئەوانەیان کە ناهەقییان کردووە. ئێوە بێژن: بەو قورعانە کە بۆ ئێمە هاتە خوار و بەو کتێبەی بۆ ئێوە هاتۆتە خوارێ، پڕوا دەکەین؛ خودای ئێمە و خودای ئێوە هەر یەکێکە، ئێمە خۆمان بەو دەسپێرین.
(٤٧) هەروەها ئەم کتێبەشمان هەنارد بۆ تۆ؛ جا کەسانێ ئێمە کتێبمان پێداون، دەیسەلمێنن. لەوانیشدا [خەڵکی مەککە] ئی وا هەن پڕوای پێ دێنن. غەیرەز خودانەناسانیش، هیچ کەس نییە بە نیشانەکانی ئێمە پڕوای نەبێ.
(٤٨) تۆ بەر لەوە قورعانت بۆ بێتە خوارێ، نەت دەتوانی هیچ کتێبێکی وەخوێنی یان بە دەستی خۆت بینووسی؛ ئەگەر وابا، دڵ چەپەڵان گومانیان لێ پەیدا دەبوو.

(٤٩) بەڵکوو قورعان نیشانەگەلی ئاشکراس لە سینەی ئەو کەسانەدا، کە زانستیان پێ دراوە. غەیر لە ناهەقییکارانیش، هیچ کەس نییە بە نیشانەکانی ئێمە پڕوای نەبێ.
(٥٠) گوتیشیان: بۆ لە پەروەرندەی خۆیەوە نیشان گەلی [تایبەتی] بۆ نایەتە خوار؟ بێژە: نیشانەگەلی وا لای خودایە، من هەر تەنیا ترسێنەری نیشاندەرم، نەهیچی تر.
(٥١) بۆیان ئەوەندە بەس نییە کە ئێمە ئەم کتێبەمان بۆ تۆ ناردۆتە خوارەوە و کە بۆیان دەخوێنرێتەوە؟ بێ گومانە کە لەمەدا - بۆ ئەوانەی پڕوا دێنن - بزی و ئامۆژگاری هەیە.
(٥٢) بێژە: کە خوا ئاگادارە لە من و لە ئێوە، بەسە. هەرچی هەیە لە ناو ئاسمانان و زەمین، ئەو دەیزانێ؛ ئەوانەی پڕوایان بە پروپووچ هێنا و، لە خودایە حاشایان کرد، هەر زیانیان لە خۆ داوە.
(٥٣) داوات لێ دەکەن کە زۆر زوو وا بکەی بەڵایان بەسەر بێ. ئەگەر وەخت و سەحاتی دیاری نەکرابا، ئازاریان بۆ دادەباری. هەربینا لە نەکاوێکدا تووشیان هات و پێش ناحەسن.
(٥٤) وا بە پەلە ئازاردانت لێ دەخوازن، کەچی بێ سۆ دۆژەە دەورەی لەخودانەناسان داوە.
(٥٥) ئەوێ ڕۆژێ لە بان سەر و لە ژێر پاوە ئازار دایان دەپۆشێت و پێیان ئێژێ: دەسا سزای کردەوەی خۆتان بچێژن.
(٥٦) ئەی ئەوانەی خاوەن پڕوان و خۆ بە عەدەم دەزانن! زەمینی من بەرفڕەهە، هەر تەنیا من بپەرستن.
(٥٧) هەموو کەسێک [تاڵاوی] مەرگ دەچێژێ؛ لە پاشانا دەتان هێننەوە لای خۆمان.
(٥٨) ئەوی خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بوو بن، لە بەهەشتا دەیانبەینە ناو ژوورگەلێک جۆباریان بە بەردا دەڕوا و تا هەتا هەر لەوێ دەبن. ئای چەن چاکە پاداشی خەباتکارەکان!
(٥٩) ئەوانەی خۆڕاگر بوون و تەواو خۆیان داوەتە دەس پەروەرێنیان.
(٦٠) ئای کە زۆرن تیرەی ئەو جانەوەرانە، بژیو بۆ خۆ پەنا نادەن. خودا بەوان و بە ئێوەش ڕۆزی دەدا؛ بۆ خۆی بیسەر و زانایە.
(٦١) ئەگەر تۆ لەمانە پرسی: کێ عاسمانان و زەمینی وەدی هێنا و خۆر و هەیڤی دەستەمۆ کرد؟ بێ گومان دەبێژن: خودا. دەسا چلۆن [لە ڕێگەی هەق] کلا دەکرێن؟
(٦٢) خودا هەر چۆنی گەرەک بێ، ڕۆزی هەر کام لە عەبدەکانی خۆی کەم و زیاد دەکا. خودا بۆ هەموو شت زانایە.
(٦٣) ئەگەر لەمانە بپرسی: کێیە وا لەو حەوایەوە بارانە دادەبارێنێ و هەر بەو ئاوە زەوی زیندوو دەکاتەوە پاش مردنی؟ بێ گومان دەبێژن: خودا. شوکرانە بۆ خودا. بەڵام زۆربەی ئەوانە دەوانە ناگەن.
(٦٤) ئەم ژیانەی سەر دنیایە هەموو هەر گەپ و گاڵتەیە و چی تر نییە؛ ژیانی ڕاستەقینە هەر لەو دنیایە؛ ئەگەر ئەوانە بیزانن.
(٦٥) هەرگا سواری گەمیە دەبن، بە دڵی پاک لەبەر خوا دەپاڕێنەوە. ئەگەر خوا نەجاتی دان و گەیاندنیە سەر وشکانی، دەڵێن: خودا شەریکی هەن.

(٦٦) با لەو چاکەی ئێمە دەربارەمان کردوون، حاشا بکەن؛ با ڕای ببوێرن و خۆش بژین، لە پاشەڕۆژا تێدەگەن.
(٦٧) ئاخۆ نابینن مەککەمان بۆ کردووە شوێنی هێمن، کە خەڵکی دەوروبەریشیان دەڕفێندرێن؟ چۆن ئەوانە بە پووچ پروایان هێناوە و چاکەی خودا لە بیر دەکەن؟
(٦٨) کێ لەو کەسە ناهەقترە درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستێ، یان ئەگەر ڕاستیشی بۆ دێ پێی درۆیە؟ ئاخۆ بۆ خودانەناسان جێ لە جەهەندەم نەماوە؟
(٦٩) ئەوانەی لە ڕای ئێمەدا چوونە خەزا، ئێمەش ئەوان بە ڕێگەی خۆماندا دەبەین. دیارە خودا لایانگری کارچاکانە.

ڕووم

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم.
(٢) ڕۆمی شکان.
(٣) لە نزیکتر کەوشەنی ئەم سەرزەمینە. لە دوای ئەم ژێرکەوتنەیان جارێ تر سەردەکەونەوە؛
(٤) لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵ. پێش ئەو شکانە و لە دوایەش، هەموو کار کاری خودایە و ئەوێ ڕۆژێ باوەڕداران کەیفێ دەکەن،
(٥) بە یاریدە لە خوداوە. خودا حەز کا یاریدە بە هەر کەس دەدا. هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
(٦) خودایە بەڵێنی داوە و لێی پەشیمان نایێتەوە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن.
(٧) لە ڕواڵەتی ژینی دنیا ئاگادارن و هیچ ئاگاشیان لە پاشەڕۆژەکە نییە.
(٨) ئاخۆ ئەوانە تا وێستا خۆیان بە بیردا نەهات کە ئاسمانان و زەمین و هەرچی لە ناو ئەواندایە، هەر بەڕاستی خودا بەرهەمی هێناون و ئاکامی بۆ دیاری کردوون؟ کەچی زۆربەی ئەم مەردمە باوەڕ ناکەن کە دەگەڵ پەروەرندەیان هەر ڕووبەڕوو دەکرێنەوە.
(٩) ئاخۆ هیچ گەشت و گوزاریان لەم زەمینە نەکردووە، تا پروانن پێشینەکانی ڕابردوو - کە لەمان تواناتر بوون و زەوییان کێڵاو ئاوەدان تریشیان کرد و پێغەمبەرانیشیان بە نیشانەگەلی ئاشکراوە هاتنە لایان - چییان بەسەر هات؟ خودا غەدری لێ نەکردن؛ بەڵام خۆیان هەر غەدریان لە خۆیان کرد.
(١٠) لە ئاکاما ئەوانەی خراپەیان کرد، خراپتریان تووش هاتەوە؛ کە نیشانەکانی خوایان بە درۆ زانی و حەنەکی خۆیان پێ دەکرد.
(١١) خوا ئەو خەڵکە دروس دەکا و دواجاریش دەیهێنێتەوە. سەرەنجامیش هەمووان بۆ لای ئەو دێنەوە.
(١٢) ئەو ڕۆژە سەڵا ڕادەبێ، تاوانباران دژ داماون و متەقیان لە بەر دەرنایە.
(١٣) ئەو شتانەش بە شەریکی خوایان زانین، نایەن تکایان بۆ بکەن؛ لەو شەریکانەشیان هەر حاشایە دەکەن.
(١٤) ڕۆژێ کە قیامەت هاتە ڕوو، ئەو ڕۆژە بەش بەش دەبنەوە.

(١٥) جا ئەوانەی ئەوسا خاوەن پڕوا بوون و ئاکاری پەسندیان بوو بێ، جێگەیان لە ناو باخچەیە و کەیف سازن.
(١٦) ئەوی خواشیان نەناسیوە و بە نیشانەکانی ئێمە و ڕووبەڕوو بوونی قیامەت بێ پڕوا بوون، دەیان هێننە پێش بۆ ئازار.
(١٧) هەموو بەرەبەیانان و سەر لەنگۆڕیش پەسنی پاکی خودا بدەن.
(١٨) سوپاس بۆ ئەو لە ئاسمانان و لە زەمین، شەوانەش و دەمی نیوەڕۆش هەر وەتر.
(١٩) زیندی لە مردوو دەردەخا و مردوو لە زیندوو دەردێنێ؛ زەویش دوای ئەوەی مردووە، گیانی وەبەر دێنێتەوە، ئێوەش هەروا دێننە دەرێ.
(٢٠) لە نیشانەکانی ئەوە، کە ئێوەی لە خۆڵ چێ کرد و ئەوسا ناکاو بوونە مرۆ و لە دنیا بڵاو بوونەوە.
(٢١) هەر لە نیشانانی ئەوە کە لە خۆتان، ئاوجووتی بۆ بەرهەم هێنان؛ کە پێیان بحەسێنەوە و خۆشەویستی و ئەوینی خستۆتە ناوتان. لەمەدا بۆ کەسانێ کە بە وردی سەرنج بدەن، بەڵگە زۆرن.
(٢٢) هەر لە نیشانانی ئەوە داهێنانی ئەم عاسمانان و زەمینە و وێک نەچوونی زمانی پێ ئاخافتن و ڕەنگ و ڕووتان؛ کە لەمەدا بەڵگە زۆرن بۆ زانایان.
(٢٣) هەر لە نیشانەکانیەتی: خەوی شەوان و ڕۆژانتان، گەڕانتان بۆ دەس خستنی ڕسق و ڕۆزی؛ کە هەر لە سایەی ئەورایە. لەمەدا بەڵگەی زۆر هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەبیسن.
(٢٤) هەر لە نیشانەکانیەتی: برووسکەتان پیشان دەدا ترس و هومێدی پێوەیە؛ لەو حەوایەش بارانوو بۆ بەڕێ دەکا، تا زەمینی مردووی پێ زیندوو کاتەوە. لەمەدا نیشانە زۆرن بۆ ئەو کەسانەی تێدەگەن.
(٢٥) هەر لە نیشانەکانیەتی کە ئەم عاسمان و زەمینە، بە فەرمانی ڕاوەستاون. پاشان هەرگا - تەنیا یەک جار - لەم زەمینە بانگوو دەکا، ئێوە لەپڕ دەردەکەون.
(٢٦) هەرکێ هەیە لە ئاسمانان و زەمیندا، کری ئەون؛ گشتی بۆ ئەو بەر فەرمانە.
(٢٧) خۆی ئەو خەڵکەی وەدی دێنێ و دواجاریش دەیهێنێتەوە، کە بۆ ئەو هاسانتریشە. لە ئاسمانان و زەمیندا نموونەی باشترین ئاکار لای خودایە. هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٢٨) مەسەلێکی لە خۆتان بۆ هێناونەوە: ئاخۆ ئێوە لەو بژیوەی لە ئێمەوە پێو گەییوە، بەنیەکانوو دەکەنە هاوبەشی خۆتان؟ هەر دوو لا وەکوو یەک دەبن؟ هەروەک ئێوە ترستان لە یەکتر هەیە، ئاواش ترسوو لەمان هەیە؟ ئێمە ئاوا نیشانەکان - پوخت وپاراو - بۆ ئەو کەسانەی تێدەگەن، دەخەینە ڕوو.
(٢٩) بەڵام ئەوانەی ناهەقن، هەرچی ئارەزووی خۆیانە لە دووی دەچن؛ چش نازانن. هەر کەسێکیش خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێ، کێ دەتوانێ شارەزای کا؟ کەسیشیان دەهانا نایە.
(٣٠) تۆ هەر ڕوو لەم دینە بکە و هەر بەرەو هەق هەنگاو بنێ؛ دینێکی بنەڕەتییە و لە سروشتا خوا ئەو خەڵکەی هەر بۆ یەکتاپەرستی وەدی هێناوە. کاری خوداش گۆڕانی بەسەردا نایە. دینی پتەو و پایەدار هەر ئەمەیە؛ بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی مەردم نەزانن.

(٣١) بگەڕێنەوە بۆ لای و لێی بترسن و نوێژ بکەن و لە ڕێزەی ئەوانە مەبن شەریکی بۆ پەیدا دەکەن.
(٣٢) ئەوانە کە دینی خۆیان لە یەک جودا کردۆتەوە و دەستەدەستە بوونەتەوە، هەر دەستەیەک بە بیروباوەڕی خۆیان دڵیان خۆشە.
(٣٣) ئەم مەردمە گەر بەڵایەکیان بەسەر دێ، هانا دەبەن بۆ پەروەرندەی خۆیان و بەرەو ئەو دەگەڕێنەوە. ئەگەر دوایە تووشی بەختەوەری کردن، ناکاو هێندێک [لەو خۆشیەدا] شەریک بۆ پەروەرندەیان پەیدا دەکەن.
(٣٤) دەبا ئەو چاکەی لە بیر کەن کە ئێمە دەربارەن کردوون. بە ئارەزوو ڕای ببوێرن، زۆر ناخایەنێ دەزانن.
(٣٥) ئاخۆ ئێمە بەڵگەیەکمان بۆ ئەمانە ناردۆتە خوار کە دەربارەی ئەو شتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکم، قسە بکا؟
(٣٦) هەرگا ئێمە بەو مەردمە تامی بەختەوەرییمان چەشت، پێی شاد دەبن. ئەگەر لە سزای کرداری خراپیاندا تووشی نالەباری هاتن، هیچ هومێدێکیان نامێنێ.
(٣٧) ئاخۆ ئەوانە نازانن کە ناردنی بژیو بە مەیلی خودایە؛ بۆ یەکێ زۆر بەڕێ دەکا و بۆ یەکێ کەم؟ بۆ ئەوانەی بە باوەڕن، لەمەدا زۆر نیشانە هەن.
(٣٨) کەوایە تۆ بەشی خزم و هەژار و ڕێبواری ئاتاج، وەلا بنێ و هەر کەس بەشی خۆی بدەیە. ئەم ئاکارە پەسنترە بۆ ئەوانەی ڕەزای خودایان گەرەکە و ئەوانە ڕزگارەکانن.
(٣٩) ئەوەی بە ناوی سوو ئەیدەن کە لە ناو ماڵی خەڵکدا زێدە ببێ، لجەم خودا زێدە نابێ. [بەڵام] ئەو ماڵی کە بە زەکات دەیدەن و دەتانەوێ خودا لە خۆتان ڕازی کەن، زۆرترتان پێ دەگاتەوە.
(٤٠) خودا هەر ئەو کەسەیە کە ئێوەی دروس کرد و ئەوسا ڕۆزی پێدان؛ لە پاشان دەتانمرێنێ و دیسان دەتانخاتەوە ژین. ئاخۆ ئەوانەی کە ئێوە کردووتانن بە شەریکی، ئەو کارانەیان پێدەکرێ؟ خوا بێ عەیبە و لەوە پایەبەرزترە کە بڵێن: شەریکی هەیە.
(٤١) گەندەکاری ئەم مەردمە - لە بەژ و دەریا - خۆی نوواند. دەبا سزای هێندێک لە ئاکارەکانیان پێ بچێژێ؛ شایەتا بگەڕێنەوە.
(٤٢) بێژە: بە عەرزا بگەڕێن، سا بڕوانن؛ ئەوانەی بەر لە ئێوە بوون، چییان بەسەر هات؟ بەشی زۆریان شەریکیان بۆ خوا دەزانی.
(٤٣) دەسا تۆ ڕوو کە لەو دینە پایەدارە، بەر لەو ڕۆژەی کە خودا بڕیاری داوە و هەر وەدی دێ. ئەوێ ڕۆژێ بڵاوەی دەکەن.
(٤٤) هەرکێ خودای نەناسیوە، هەر زیانی لە خۆی داوە؛ کێش ئاکاری چاکی بووە، جێگەی خۆیان خۆش کردووە.
(٤٥) هەتا وەکوو لە چاکەی خۆی، پاداشی بڕواداران و ئاکارچاکان بداتەوە. خودا خۆشی لە ناشکوری کەران نایە.
(٤٦) یەکێک لە نیشانەکانی ئەو ئەمەیە کە بایانی مزگێنی دەر بە ڕێ دەکا تا لە بزی خۆی بە ئێوە بچێژنێ. گەمیەش هەر بە فەرمانی ئەو بێن و بچن و لە سایەی دەهندەیی ئەو، ڕۆزی خۆتان پەیدا بکەن؛ بەشکوو شوکرانەبژێر بن.

(٤٧) بەر لە تۆش زۆر پێغەمبەرمان ناردە سەر گەلانی خۆیان و گەلێ بەڵگەی پتەویان بردە لایان. جا ئەوانەی دژیان وێستان، وەبەر تۆڵەی ئێمە کەوتن؛ ئەوی پرواشیان پێکردن، هەر خۆمان یارمەتیمان دان.
(٤٨) هەر خودایە ئەو بایانە بە ڕێ دەکا، ئەوانیش هەور دەبزوێنن؛ ئەوسا هەر چۆنی گەرەک بێ، ئەو هەورانە لە ئەزمانا پرژوبڵاو دەکاتەوە و گەواڵ گەواڵیشیان دەکا. کە دەبینی لەوانەوە دڵۆپە دێتە خوارەوە، مەیلی بێنی و بۆ هەر کامێ لە عەبدانی خۆی بنێرێ، دڵخۆش دەبن.
(٤٩) کەچی بەر لەوە بارانیان بۆ بباری، ناهومێد بوون.
(٥٠) دەپروانە بەزەیی خودا چی کردووە! زەوی مردوو لە نوێ زیندوو دەکاتەوە. زیندوو کردنەوەی مریانیش کاری ئەوە. هەر خۆی توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە.
(٥١) خۆ ئەگەر بایەک بنێرین بەرهەمیان زەرد هەڵبگێرێ، بە شوێنیدا گازندە و ناشکوری دەکەن.
(٥٢) تۆ ناتانی کارێک بکەی ئەم مریانە گوێت پێ بدەن. ئەگەر خۆ لە تۆ کەڕ بکەن، هەرچەندە بانگیشیان بکەی، لێت نابیسن.
(٥٣) ڕێشاندەری کوێرانیش نیت، لە گومڕایی وەیانگێری. هەر ئەوانە لێت دەبیسن، بە نیشانانی ئێمە پروا دەکەن و چییان پێ بڵێی لارەملن.
(٥٤) خودا کە ئێوەی دروس کرد، لە سەرەتادا بێ هێز بوون؛ پاش بێ هێزی، گوری پێدان؛ لە پاشانا هێزوگوری لێ ستاندن و پیری کردن. بە مەیلی خۆی دەئافرێنێ، زانا و توانا هەر خۆیەتی.
(٥٥) ڕۆژێ کە سەڵا ڕادەبێ، تاوانباران سوێندێ دەخۆن جیا لە ساتێک نەمانەوە. ئاوا هەر شوێن درۆ کەوتن.
(٥٦) ئەو کەسانە بە زانست و باوەڕدارن، پێیان ئێژن: هەر وەکوو خودا نووسیویە، تا ڕۆژی سەڵا ماونەوە؛ سا ئەمە ڕۆژی سەڵایە؛ بەڵام ئێوە نەوزانیوە.
(٥٧) لەو ڕۆژەدا ئەو کەسانەی کەوا غەدریان کردووە، بەهانەیان قازانجیان پێ ناگەیەنێ و ڕێشیان نادرێ داوای لێ خۆشبوونێ بکەن.
(٥٨) وا ئێمە لەم قورئانەدا هەموو جۆرە نەزیلەیان بۆ ئەو خەڵکە هێنایەوە. کەچی هەرگا نیشانەیەکیان بۆ بێنی، بێ سۆ خودانەناسەکان، ئێژن: ئێوە لە قسەی پووچ بەو لاوە چی ترتان نییە.
(٥٩) ئاوا خودا مۆر دەخاتە سەر دڵی ئەو کەسانەوە کە نایانەوێ بزانن.
(٦٠) سا خۆت بگرە، بەڵێنی خودا دێتە جێ؛ نەکا ئەوانەی دڕدۆنگن، تۆ لە ڕێی هەق بترازێنن.

لوقمان

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم.
(٢) ئەمانە نیشانەکانی کتێبی پڕ لە کارزانین؛
(٣) ڕێشاندەر و بەزەیین بۆ ئەو کەسانەی چاکە دەکەن؛

(٤) ئەوانەی نوێژدەکەن و زەکات دەدەن و ڕۆژی سەڵا دەسەلمێنن؛
(٥) ئەوانە پەروەرندەیان ڕێگەی ڕاستی وەبەر ناون؛ ڕزگارانن؛
(٦) لەم خەڵکەدا ئی وا هەیە کڕیاری قسەی بێتامە و لە نەزانی، دەیەوێ خەڵک لە ڕێگەی خوا کلا بکا و دەیکاتە گاڵتەجاڕی خۆی. ئەوانەی ئەوکارە دەکەن، ئەشێ زۆر بە سووکایەتی ئازار بدرێن.
(٧) هەرگا نیشانەکانمانی لەڕوودا دەخوێنرێنەوە، بە فیزەوە پشتی ئەکاتە ئەولاوە و لە گوێن کەسێ کە هەردوو گوێی گران بوو بن، وەکوو نەیبیستبێ وایە. سا تۆ مژدەی ئازارێکی ژاناوی بەو کەسە بدە.
(٨) ئەوانەی پروایان هێنا و ئاکاری چاکیان ڕەچاو کرد، بەشی ئەوان باغاتی پڕ خێروبێرە.
(٩) هەتاسەر هەرلەوێ دەبن. بەڵێنی خوا هەر دێتەجێ؛ هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و لە کارزانە.
(١٠) ئاسمانەکانی لەوبەرزە وەدی هێنا، بەبێ ئەمەی هیچ ئەستوندەکێ ببینن. کێواتی خستە سەرزەمین کە لەرزە بە ئێوە نەکا؛ هەموو جۆرە جانەوەری دەوێدا بڵاو کردەوە. ئاوێکیشمان لە حەواوە بۆ ڕژاندن، کە لەوێدا جووتەی گش جۆرە ڕووەکی بە بەهرەمان شین کردەوە.
(١١) ئەمە کارەکانی خودا؛ دەسا ئێوە نیشانم دەن غەیرە خودا چییان کردووە. ئەوانەی لە دووی ناهەقین، بە ئاشکرا ڕێ لە خۆیان هەڵە دەکەن.
(١٢) لوقمانیشمان لە کارزانیدا ڕاهێنا، کە: لەسەرتە هەر شوکرانەی خودا بکەی؛ هەر کەسێکی شوکرێ دەکا، شوکرەکەی هەر بۆ خۆی دەکا؛ هەر کەسێکیش پێ نەزان بێ [با بزانێ] خودا لە بێ نیازیدا شایانی تاریف کردنە.
(١٣) کاتێ لوقمان - کە خەریکی ئامۆژگاری کورەکەی بوو - پێگوت: ڕۆڵەم! کەس مەکە شەریک بۆ خودا، شەریک بۆ خودا پڕیاردان، ناهەقییەکی زۆر مەزنە.
(١٤) ئامۆژگاری مرۆمان کرد سەبارەت بەدای و بابی. دایکی کە بەو ئاوس بووە، چەندی کوێرەوەری دیوە؛ لە مەمک پڕینەوەشی دوو ساڵ وەختی خایاندووە. کە: تۆ سپاسی من بکە و سوپاسی دایک و بابت کە، دواجار دێنەوە بۆ لای من.
(١٥) ئەگەریش دنەی تۆیان دا، شتێ بکەی بە شەریکم - کە خۆت هیچی لێ نازانی - فەرمانیان بە جێ مەهێنە؛ لە دنیادا بەخۆشی دەگەڵیان بژی و هەر لە شوێن ئەوانە پڕۆ کە بەرەومن گەڕانەوە. لەئاکاما هەر دەگەڕێنەوە لای من، ئەوسا تێتان دەگەیەنم چوو کردووە.
(١٦) کوڕیژگەی خۆم! کردەی بەقاس تۆمی خەردەل لەسەر زەمین لە ناو بەردێک، یان لە تەشقی عاسمانان بێ، خودا دەیهێنێتە گۆڕێ. خوا هەموو شتی لێ دیارە و ئاگادارە.
(١٧) کوڕیژگەی خۆم! نوێژێ بکە و هانای کاری چاکە بدە و بەر لە کاری خراپ بگرە و چت بەسەرهات، خۆڕاگر بە؛ ئەمە لەو کارانەیە خوا ویستوویەتی.
(١٨) بە فیزەوە ڕوو لە خەڵک وەرمەگێڕە؛ بە لووت بەرزی لەڕێ مەڕۆ. خودا ئەوانەی خۆش ناوێ لە ڕێگە خۆیان بادەدەن؛ شایی بەخۆن.
(١٩) شێنەیی بەڕێدا پڕۆ و بە دەنگی نزم بپەیوە؛ چنکە دەنگی هەرە ناخۆش لە کەرانەوە دەردەچێ.
(٢٠) ئاخۆ ئێوە نەتاندیوە خوا هەرشتێ لە ئاسمانان و زەمیندان، بۆ ئێوەی کەوی کردووە و بە ئاشکرا و بە نهێنی بەهرەگەلی بەسەرتانا ڕژاندووە؟ هەر لەو

خەڵکەش کەسی وا هەن لە سەر خودا کێشە دەکەن، بێ ئەوەی چی لێ بزانن، یان خۆیان شارەزا بوو بن، یان کتێبێک بۆیان ڕۆشن بکاتەوە.
(٢١) ئەگەر بەوانە بگوترێ: ئەوی خودا ناردییە خوارێ ئێوە پەیڕەوی لێ بکەن؛ ئێژن: ئێمە هەر پەیڕەوی ئەو شتانەین کە باوانمانی لەسەر بوون. با شەیتانیش بانگیان بکا بۆسەر ئازاری بە ئاگر.
(٢٢) هەر کەسێک بەدڵێکی پاک ڕووی لە خوا بێ و ئاکار چاک بێ، دیارە ئاڵقەی هەرە پتەو ئەو گرتوویە و ئاکامی هەموو کارێکیش بەرەو خوایە.
(٢٣) ئەو کەسانەی حاشا دەکەن، حاشایان غەمبارت نەکا. هەموو دێنەوە لای خۆمان؛ ئەوسا خەبەریان پێ دەدەین کە چییان دەکرد. خودا لەڕازی دڵانیش ئاگای هەیە.
(٢٤) وا دەکەین کەمێ ڕای بوێرن، پاشان ناچار بەرەو ئازاری دژواریان ڕادەکێشین.
(٢٥) ئەگەر لەوانە بپرسی: کێ عاسمانان و زەمینی وەدی هێنا؟ ئێژن: خودا. تۆبێژە: شوکر بۆ خودا؛ بەڵام زۆربەیان نەزانن.
(٢٦) هەرشتێکی لە عاسمانان و زەمیندان، گش هی خودان. خوا لەگشتان بێ نیازەو شایانی تاریف کردنە.
(٢٧) هەرچی دار لەم زەمینە هەن ببنە قەڵەم، مەرکەفیان لەبەحر بێ و حەوت بەحری دیش بێنە پاڵی، هێشتا قسەکانی خودا دووایی نایە. خودا خاوەن دەستەڵاتی لە کارزانە.
(٢٨) ئافراندن و مراندن و ژیاندن لە یەک نەفەر پتر نییە، خودا دەبیسێ و دەبینێ.
(٢٩) بۆ نەتدیوە خوا شەو دەڕۆژ هەڵدەکێشێ و ڕۆژیش دەشەو هەڵدەکێشێ؛ خۆرو هەیڤیشی کەوی کرد؟ هەر یەکەیان تا ماوەیێ دیاری کراو لە تەڤگەڕدان. خودا لە هەر کارێ بیکەن ئاگادارە.
(٣٠) هەر دەبێ بەمە بزانن خودا ڕاستە و هانا بۆ هەرشتێ بەرن - لە غەیرەز ئەو - کارێ پووچە. پایەبەرزی هەرەمەزن، هەرخودایە.
(٣١) تۆ نەتدیوە لەسۆنگەی چاکەی خوداوە گەمیە لەدوڕ دەریادا لە گەڕاندایە؛ تا نیشانەکانی خۆیتان نیشان بدا؟ هەر لەمەدا زۆر بەڵگە هەن بۆ هەموو خۆڕاگرانی شوکربژێر.
(٣٢) هەر کاتێکیش پێلی زلی وەک هەوری پڕ، خۆیان بەسەر هەڵدەکێشن، بە دڵپاکی و پڕوای بێ غەش لەبەر خودا دەپاڕێنەوە. وەختێ ڕزگاری کردن و گەینە سەربەژ، هێندێ لەوان مام ناونجین. هیچ کەس لە نیشانەکانمان حاشای نییە، مەگین گەلی فریوبازانی پێ نەزان.
(٣٣) ئەی خەڵکینە! دەبێ لە پەروەرندەتان ترسوو هەبێ؛ ترسی ئەو ڕۆژەشتان هەبێ کە هیچ باوکێک ئوباڵی فرزەندی خۆشی لەسەر نییە و هیچ فرزەندێکیش بۆ بابی سوودی نابێ. بەڵێنی خودا هەر ڕاستە و نابێ هەرگیز ژینی سەر دنیا فریوتان دا. نەشچن شەیتان بە بەخشندەیی خودا فریوتان بدا.
(٣٤) زانستی ڕۆژی سەڵایە لای خودایە؛ بارانەش ئەو دەیبارێنێ و دەشزانێ تۆلی زگ پڕان چی تێدایە. کەس نازانێ کاری سبەی ڕۆژی چییە و کەس نازانێ لە کامە سەرزەمین دەمرێ. خودا زانا و ئاگادارە.

سەجدە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەلیف، لام، میم.
(٢) ئەم کتێبە لە ڕاهێنەری دنیاوە نارد‌راوە و بێ گومانە.
(٣) ئاخۆ ئێژن: هەر لەخۆوە ئەم درۆیەی هەڵبەستووە؟ بەڵکوو ڕاستە و لە پەروەرندەی تۆرایە؛ تا بە هۆی ئەم، ترس وەبەر هۆزێک بێنی، کە بەرلە تۆ کەس ترسی وەبەر نەناون؛ بەشکوو بەڕێی ڕاست بزانن.
(٤) ئەوخودایەی ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی لە ناو ئەو دووەدا بە شەش ڕۆژ وەدی هێناوە؛ پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزراوە. غەیرەز ئەو، گەورە و تکاکارێکتان نییە. دەسا بۆ بیر ناکەنەوە؟
(٥) هەرچی کارە لەم ئاسمان و زەمینەدا پێکی دێنێ و لە ڕۆژێکدا هەڵدەکشێتەوە بۆ لای؛ کەبەپێی ژمارەی ئێوە هەزار ساڵە.
(٦) ئەوە زانا بە نادیار و دیاران و هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و دلۆڤانە.
(٧) ئەو کەسێکە هەموو شتی- بەوپەڕی ڕێکی و لەباری - دروس کرد و مرۆشی - لە سەرەتادا - لە ماکی قوڕ وەدی هێنا.
(٨) لەپاشان نەتەوەی ئەمی لەپاڵاوتەی چۆرەئاوێکی کەم بایەخ وەدی هێنا.
(٩) ئەوسا ڕاستەوپاستەی کرد و لە گیانی خۆی فووی پێدا کرد؛ گوێچکە و چاو و دڵیشی داوە بە ئێوە. کەمتان شوکرانە بژێرن.
(١٠) گوتیشیان: ئەگەر لە ناخی هەردا گوم بووین، ئاخۆ دیسان دەژینەوە و لەنوێ دەبینەوە مرۆ؟ دیارە ئەوان لەڕووبەڕوو بوونەوەیان دەگەڵ پەروەرندەی خۆیان حاشا دەکەن.
(١١) بێژە: ئەو فرشتەی پێمێرد - کە ئێوەی دراوەتە دەست - دەومرێنێ و پاشان دەبرێنەوە بۆ لای پەروەرندەو.
(١٢) کاتێ تۆ تاوانبارەکان بە سەرشۆڕی ببینیەوە، کە لای پەروەرندەیانن: ئەی پەروەرندەی گلامان! دیتمان و بیستمان و تەواو باوەڕمان هێناوە؛ سا تۆ بمانگەڕێنەوە؛ ئەمجارە کاری چاک دەکەین.
(١٣) ئەگەر حەزمان بکردایە، هەموو کەسمان بەرەوخۆ شارەزا دەکرد؛ بەڵام من بەڵێنم داوە کە جەهەندەم - لەخێڵی جنۆکەو مرۆ - تژی دەکەم.
(١٤) دەبچێژن! لە بیرتان چوو کە تووشی ئەم ڕۆژە دەبن؛ ئێمەش ئێوە لە بیر دەکەین و لە سۆنگەی ئەو کارانەدا دەتان کرد، تا سەر هەر ئازار بچێژن.
(١٥) هەر ئەوانە بەن یشانەکانی ئێمە پڕوا دەکەن، کە هەرگا ئەو نیشانەگەلیانە وەبیر بهێننەوە، خۆ دەخەنە سەر سوژدەوە و بەسوپاسەوە پەسنی پاکی پەروەرندەی خۆیان ئەدەن و خۆیان بە زل نازانن؛
(١٦) برکیان لە پێ خەفەکانیان جاڕز دەبێ و بە ترس و بە هومێدەوە هانا وەبەر پەروەرندەی خۆ دەبەن و، لەو بژیوەی پێمان داون خێرێ دەکەن.
(١٧) کەس نازانێ لە بارتەقای ئەوکارانەی کردوویانە چ پاداشێکی چاوڕۆشنەوکەریان بۆ تاقەت کراوە.
(١٨) چۆن کەسێ پڕوای هێناوە، وەک ئەوەیە کە لەڕای خودا لای داوە؟ وەک یەکترنین.

(١٩) بەڵام ئەوانەی وا خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بووگن، لە پاداشی ئەو کارانەی کردوویانە، ئەنوایان لە دوڕباغاتە.
(٢٠) ئەوکەسانەش کە لە ڕێگە لایانداوە، بڵێسەی ئاگر شوێنیانە و تا بخوازن لێی دەربچن، دەیانهێننەوە ناو ئاگر. پێشیان ئێژن: دەبچێژن ژانی بە ئاگر سووتانێ، کە ئێوە بە درۆتان زانی.
(٢١) بێ گومانە ئێمە بە جگە ئازارە هەرە گەورەکە، ئازاری ئەم دنیایەشیان پێ دەچێژین؛ شایەتا بگەڕێنەوە.
(٢٢) کێ لەوکەسە ناهەقترە، کە نیشانەکانی پەروەرندەی وەبیر بهێننەوە، پاشان وازی لێ بهێنێ؟ تۆڵە لەو تاوانبارانە دەکەینەوە.
(٢٣) کتێبمان بەمووساش داوە؛ کردیشمانە ڕێ نیشاندەر بۆ زاروزێچی ئیسرائیل. سا تۆش لە ڕووبەڕوو بوونی ئەم [قورئانە] بێ گومان بە.
(٢٤) لەوانیشدا چەند کەسێکمان کردە ڕێبەر، کە هەر بە فەرمانی خۆمان ڕێنوێنی مەردم بکەن؛ چونکە توانی خۆڕاگرتنیان تێدابوو؛ بە تەواوی باوەڕیشیان بە نیشانانمان هێنا بوو.
(٢٥) دیاریشە پەروەرندەی تۆ - ڕۆژی سەڵا - خۆی بەو کارانە ڕادەگا کە ئەوانە لەسەریان پێک نەدەهاتن.
(٢٦) ئەو چەندین بەرەی مرۆیەی کە لە ناو ماڵەکانیاندا دەخولانەوە و ئێمە هەمووماں قڕ کردن، ئاخۆ ڕاستەقینەی بۆ ئەوان دەرخست؟ لەمەدا زۆر نیشانە هەن، مەر نابیسن؟!
(٢٧) ئاخۆ ئەمانە نابینن کە ئێمە بۆ زەوی قاقڕ ئاو دەنێرین، ڕووەکی وای پێ شین دەکەین، تێرەخۆرەی خۆیان و ماڵاتیشیانە؟ مەر نابینن؟!
(٢٨) ئێژن: ئەگەر قسەو ڕاستە، ئەو سەرکەوتنە کەی دەبێ؟
(٢٩) بێژە: ڕۆژی سەرکەوتنێ، خوانەناسان بڕواکەیان قازانجێکی بۆیان نابێ؛ هیچ مۆڵەتیشیان نادرێ.
(٣٠) سا تۆ واز لەوانە بێنە و چاوەنۆڕ بە؛ ئەوانیشە چاوەنۆڕن.

ئەحزاب

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی پێغەمبەر! تۆ ترست هەر لە خودا بێ و مەچۆ سەر قسەی ئەوانەی خوا ناناسن و ئەوانەی دووڕوویی دەکەن. خودا زانا و لە کارزانە.
(٢) هەر ئەو فەرمانە پێک بێنە، کە لجەم پەروەرێنەوە بۆت دێتە خوار. خودا لە هەر کارێ دەیکەن، ئاگادارە.
(٣) هەرخۆت بە خودا بسپێرە، خوا بریکارت بێ، بەسە.
(٤) خوا بۆ هەناوی هیچ پیاوێ، جووتێ دڵی دانەناوە. ژنانیشتان کە بانگ دەکەن: «ئەتۆ وەکوو دایکی خۆمی» نەیکردوون بە دایکی ئێوە. ئەو زڕکوڕەکانیشتانی نەکردۆتە کوڕی ئێوە و ئەمە هەر قسەی خۆتانە و هەر لە زاری خۆتانەوە داکەوتووە. خودا ئەوی ڕاستە دەیڵێ و هەر خۆی ڕێگە نیشان دەدا.

(٥) هەر بە ناوی باوکی خۆیان بانگیان بکەن؛ وا لە بارترە لای خودا. ئەگەر بابیشیان ناناسن، برای دینی و دۆستی ئێوەن. ئەگەر پێشووش لەمەدا بە هەڵەچوبن، گوناهێکتان لەسەر نابێ. بەڵام ئەگەر لە دڵەوە و بە ئانقەس بێ، [بەرپرس ئەبن]. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٦) پێغەمبەر بۆ موسوڵمانان لە خۆیانیش فەڕزترە و؛ ژنەکانی پێغەمبەریش دایکی موسوڵمانەکانن. وەک لە نوسراوی خوادایە، خوێش و خزمان [بۆ میرات بردن لە یەکتر] شیاوترن لەوانەی خاوەن باوەڕن و لەوانەش کە ئاوارە بوون؛ جا مەگین هەر بتانەوێ چاکە دەگەڵ یەکێ لەدۆستانوو بکەن. ئەمەش لەنووسراوەکەدا خەت دراوە.
(٧) [بێننەوە بیر] ئەوێ کاتێ کە پەیمانمان لە پێغەمبەرەکان ئەستاند. لەتۆ و نووح و ئیبراهیم و مووسا و عیسای کوڕی مەریەم و لە هەموویان پەیمانی زۆر پتەومان ساند.
(٨) تا لە ڕاستان - سەبارەت بە ڕاستیەکەیان - پرسیار بکا؛ بۆ خودانەناسەکانیش ئازارێکی زۆر بەژانی ساز کردووە.
(٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە بیر مەکەن چۆن چاکەیەک خودا دەربارەی ئێوەی کرد؛ لەشکرگەلێکتان هاتە سەر؛ ئێمە بامان وێڕای چەند لەشکر بۆ ناردن؛ کە ئێوە نەتان دەدیتن. هەرچی ئێوە دەیکەن، خودا باش دەیبینێ.
(١٠) لەو دەمەدا کە لە ژوور و لە ژێرەوە بۆتان هاتن، چاوتان ڕەشکەوپێشکەی دەکرد؛ [دڵتان وەتەپەتەپ کەوت و] گەییشتە قوڕقوڕاگەتان؛ زۆر خەیاڵی جۆراوجۆرتان لە خودا بە دڵدا دەهات.
(١١) لەوشوێنەدا ئەزموونی خاوەن باوەڕان هاتەگۆڕێ و بە لەرزینێکی زۆر بە هێز، دڵی هەمووان کەوتە لەرزە.
(١٢) لەو عانەشدا ئەو کەسانەی دووڕوو بوون و ئەوانەش کە دەغەزێکیان لەدڵدا بوو، هەر دەیانگوت: ئەوبەڵێنەی خودا و پێغەمبەر دەیاندا هەر بۆ فریوی ئێمە بوو.
(١٣) هێندێک لەوان گازی دەکرد: ئەی دانیشتوانی مەدینە! ئێرە جێگای ئێوە نییە، دەی وەگەڕێن. هێندێکیشیان دەهاتن ئیزنیان لە پێغەمبەر دەخواست: کەسمان لەسەر ماڵەکانمان دانەناوە ئاگای لێ بێ. ماڵیان بێ پارێزگار نەبوو، هەر نیازی ڕاکردنیان بوو.
(١٤) ئەگەر دەوری ماڵەکانیان لێ گیرابا و بیان گوتایە: لە دین پەژیوان ببنەوە؛ هێندە زۆری نەدەخایاند، لە دین پاشگەز دەبوونەوە.
(١٥) ئەوان پێشتر پەیمانیان دابوو بە خودا، کە لەبەر دوژمن نابەزن؛ دیارە پەیمان بە خوداداان لێ پرسینەوەشی هەیە.
(١٦) بێژە: ڕاکردن لەمردن یان لە کوشتن، هیچ دادێکی ئێوە نادا؛ ئەوساکەش هەر کەمێکی تر لە دنیادا ڕایدەبوێرن.
(١٧) بێژە: گەر خودا بخوازێ بەڵایەکتان بەسەر بێنێ، یان چاکە و دەربارە بکا، کێ دەستی وەبەردەهێنێ و دەوپارێزێ؟ غەیرەز خودا نە سەروەریان دەس دەکەوێ و نە کەس یاریدەیان دەدا.
(١٨) دیارە خودا خۆی دەزانێ چ کەسانێ لەنگۆ دەبوونە لەمپەر و کێش بوون دەنگی براکانی خۆیان دەدا: «وەرنە لامان». کەمتریشیان لەم شەڕەدا بەشدار دەبوون.

(١٩) لەحاند ئێوە چاوچنۆکن؛ هەرگا ترسێ دێتەپێشێ، دەیانبینی هەر زەق لە تۆ دەڕوانن و چاویان سپی هەڵدەگەڕێ؛ وەک یەکێ لە ترسی مردن بێ هۆش بوو بێ. وەختێ ترسیش بەسەر دەچێ، گەزارەتان لێ دەکێشن؛ دەست بەزمان شڕی دەکەن و چاونەزێری تاڵانەکەن. ئەوانە هەرگیز باوەڕیان نەهێناوە؛ هەموو کاریان لای خودا بە فیڕۆچووە و ئەمەش لای خودا هاسانە.
(٢٠) وا ئەزانن کە دوژمنە هاودەسەکان نەڕۆیشتوون. خۆ ئەگەریش ئەو هاودەسانە بێنەوە، ئەمانە ئاوات ئەخوازن وەل عارەوە چۆڵنشینەکاندا بان و هەر دەنگوباسی ئێوەیان بپرسیبا. ئەگەر لە ناوتانیش مابان - کەمیان نەبێ - لە شەڕدا بەشدار نەدەبوون.
(٢١) بێ سۆ پێغەمبەری خودا سەرمەشقی چاکە بۆ ئێوە و بۆ هەر کەسێ کە بە خودا و ڕۆژی سەڵا هیواداره و هەر خەریکی یادی خوایە.
(٢٢) کاتێ کە خاوەن باوەڕان چاویان کەوتە ئەو دوژمنە هاودەسانە، گوتیان: ئەمە هەر هەمانە کە خودا و پێغەمبەرەکەی بەڵێنیان بە ئێمە داوە و هەر بەڵێنێ خودا و پێغەمبەری بیدەن، ڕاست دەردەچێ و ئیتر پڕوا و هەستی فەرمان بردنیان پتر گەشەی کرد.
(٢٣) پیاوی وا هەن لە ناو خاوەن باوەڕاندا، ئەو پەیمانی بەخوایان دا، پێکیان هێنا؛ جا لەوانە هەیانە گیانی بەخشیوە و هێندێکیشیان چاوەنۆڕن و تۆزقاڵێکیش [سۆزی خۆیان] نەگۆڕیوە.
(٢٤) تاکوو خودا چاکەی ئەوکەسانەی ڕاست بوون بداتەوە؛ ئەوکەسانەش کە دووڕوو بوون - گەر حەز بکا - ئازاریان دا، یان تۆبەیان لێ قبووڵ کا. خودا لە گونا دەبووری و دلۆڤانە.
(٢٥) خودا دین دوژمنەکانی - وێڕای ئەو ڕکەی کە بوویان - کشاندەوە و هیچ بەهرەشیان دەس نەکەوت. لە جەنگدا خاوەن باوەڕان خودایان لایە، بەسیانە. خوا توانای بە دەستەڵاتە.
(٢٦) ئەهلی کتێبیش، ئەوانەی پشتیوانی دوژمنان بوون، لە قەڵای هێنانە خوارێ و ترسی خستە دڵیانەوە و هێندێ لەوان بە دەستی ئێوە کوژران و هێندێکیشتان بە دیل گرتن.
(٢٧) زەوییەکان و خانووەکان و سامانیان و ئەو زەمینەش کە پاتان پێدا نەنابوو، خودا گشتی دابە ئێوە. خودا توانای بەسەر هەموو شتدا هەیە.
(٢٨) ئەی پێغەمبەر! ژنەکانی خۆت بدوێنە: ئەگەر ژین و زەمبەری دنیاتان دەوێ، دەسا وەرن تا هەقی خۆتان بدەمێ و بە بێ گازندە و بە خۆشی ڕاهیتان کەم.
(٢٩) ئەگەریش خوا و پێغەمبەر و ماڵی دواڕۆژتان گەرەکە، خودا بۆ کارچاکەکانتان پاداشی گەورەی داناوە.
(٣٠) ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر! هەر کەس لەنگۆ خراپەیەکی ئاشکرای لێ ڕووبدا، دووسەرە جەزرەبەی دەدرێ؛ ئەمەش لای خودا هاسانە.
(٣١) هەرکامیشتان بەر فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بێ و ئاکارچاک بێ، پاداشەکەی بەدووچەندان پێ دەدەین و بژیوێکی هەرە باشمان بۆ داناوە.
(٣٢) ئەی هاوسەرانی پێغەمبەر! ئێوە وەک ژنانی تر نین؛ ئەگەر خۆتان ئەپارێزن، زۆر بە خاوی قسە مەکەن؛ نەوەک کەسێ غەرەزێکی لە دڵدا بێ، قرمی خۆش کا؛ هەر چۆن پەسندە بپەیڤن.

(٣٣) له ماڵ خۆتان دەرمەکەون و وەک دەورانی زەمانی نەزانی پێشوو، خەمڵی خۆتان نیشان مەدەن. نوێژبکەن و زەکات بدەن؛ له فەرمانی خودا و پێغەمبەر دەرمەچن. ئێوه که خەڵکی ئەم ماڵەن، خوا گەرەکیە چەپەڵیتان لەسەر لابا و پاک و خاوێنتان ڕاگرێ.
(٣٤) هەرچی له نیشانانی خوا و له کارزانی له ماڵتاندا بۆ ئێوه دەخوێنرێتەوە، فێری بن و بیڵێنەوە. خوا هەموو شتی لێ دیاره و ئاگاداره.
(٣٥) پیاگ و ژنی موسوڵمان و مێر و پیرەکی بەباوەڕ، پیاگ و ژنی فەرمانبەر و پیاو و ژنی قسەڕاست و پیاو و ژنێ بێ فیز و خۆبەزل نەزان، پیاو و ژنی سەدەقەدەر و پیاو و ژنی ڕۆچەوان و پیاو و ژنی ناماووس پارێز و ژن و پیاوێ که زۆر یادی خودا دەکەن، له خوداوه لێخۆشبوون و پاداشێکی گەورەیان بۆ داندراوە.
(٣٦) ئەگەر خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان به هەر کارێک دا، هیچ پیاوێک و هیچ ژنێکی خاوەن باوەڕ ناتوانن پەسندی نەکەن. هەر کەسێکیش له فەرمانی خودا و پێغەمبەری دەرچێ، ڕێگەی زۆر هەڵە کردووە.
(٣٧) ئەوسا ئەوی خودا چاکەی دەگەڵ کرد و تۆش چاکەت دەگەڵ کردووە، تۆ پێت ئەوت: دەس لەژنێ خۆ بەرمەدە و دەبێ له خودا بترسی. شتێکیشت له دڵی خۆدا دەشاردەوە، که خوا هەر ئاشکرای دەکرد. هەر له مەردمیش دەترسای؛ کەچی خودا شیاوتر بوو لێ بترسی. جا کاتێ زەید له هاوجووتەکەی خۆی به ئارەزوو گەبیشت، ئەومان کرده هاوجووتی تۆ؛ هەتا خاوەن باوەڕەکان له خواستنی ژنی زڕکوڕانی خۆیان - له دوای ئەوه تەڵاقیان دان - لۆمه نەکرێن، هەرفەرمانێ خودا بیدا، دەبێ پێک بێ.
(٣٨) بۆ پێغەمبەر قەیدی نییه کارێک بکا که خوا بۆی بریاری داوه. ڕەفتاری خودا دەگەڵ پێغەمبەرانی ڕابردوشدا هەروا بووە. خوا به هەرچی فەرمان بدا - بێ زیاد و کەم - دەبێ بکرێ.
(٣٩) ئەو کەسانەی هەر فەرمانەکانی خودا دەگەیێنن و لەو دەترسن؛ غەیرەز خوداش له هیچ کەسی تر ناترسن. خودا حەسێبگەر بێ، بەسە.
(٤٠) محەممەد بابی هیچ پیاوێک له پیاوانی ئێوه نییه. بەڵام ڕاسپاردەی خوایه و ئاخری پێغەمبەرانه و خودا هەموو شت دەزانێ.
(٤١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! فره یادی خوا بکەن [و له یادی ئەو ڕامەوەستن].
(٤٢) هەموو بەیانی ئێواران له پاکی و بێ عەیبی خودا تاریف بکەن.
(٤٣) ئەو کەسێکه دروود بۆ ئێوه دەنێرێ؛ هەروەهاش فرشتەکانی؛ هەتاوەکوو له تاریکی دەرتانبێنێ و بەرەو ڕووناکیتان بەرێ. خودا بۆخاوەن باوەڕان دلۆڤانه.
(٤٤) ئەوێ ڕۆژێ کەدێنەبەر بارەگای ئەو، وه سەلام بەخێریان دێنێ و پاداشێکی پربایەخی بۆداناون.
(٤٥) ئەی پێغەمبەر! ئێمه بۆیه ناردومانی، شایەت و مزگێنی دەر و ترسێنەر بی.
(٤٦) به ئیزنی ئەو، خەڵک بۆ خوداپەرستی گازی بکەی و چرایەکی تیشکدەر بی.
(٤٧) بەوانەی خاوەن باوەڕن مزدەش بده، که له لای خواوه به چاکەی زۆر گەورەوه ئەخوێنرێنەوە.
(٤٨) ئەوی خودانەناسەکان و دورازەکان گەرەکیانه بیکەی، مەیکه؛ گوێ به ئازاریشیان مەده. هەر خۆت به خودا بسپێرەو خودا بریکار بێ بەسە.

(٤٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ژنی باوەڕدارتان مارەکرد و بەر لەوەی دەگەڵیان بنوون تەڵاقتان دان، نابێ تا ماوەیەکی دیاری کراو قەتیسیان کەن؛ بەشەکەی خۆیان بدەنێ و بە ڕووخۆشی ئازادیان کەن.
(٥٠) ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئەو ژنانەتمان بۆ ڕەوا دیوی، کە مارەییت پێگەیاندوون؛ ئەوانەش کە لە تاڵانێ دەس کەوتوون و خودا کردوونییە پشکی تۆ. هەروەها دۆت مامەکانت و دۆت پلکانت و دۆت خاڵانت و کیژەکانی خوشکی خاڵت، کە دەگەڵ تۆ ئاوارە بوون، بە تۆ دەشێن. هەر ژنێکی باوەڕداریش - بەو مەرجە خۆی ببەخشێ بەپێغەمبەر و پێغەمبەریش گەرەکی بێ مارەی بکا - ئەمەش هەر تایبەتی تۆیە؛ نەک بۆ باوەڕدارانی تر. ئێمە خۆمان زانیومانە کە دەربارەی ئەو ژنانەی بەوان ڕەوان و ئەوانەی دەبنە کەنیزیان، چلۆن بڕیارێکمان داوە، تا هیچ گیروگرفتێک بۆ تۆ ڕوو نەدا. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٥١) تۆ سەرجێی هەرکامیان وەدوا بخەی و کامیان بانگ بکەیە لای خۆت، کەیفی خۆتە. ژنی تەخسیر کراویشت ئاشت کەیەوە، گوناهێکت نایەتە سەر. ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە دڵخۆش بن و خەم نەخۆن و هەموویان ڕازی بن بەوەی کە پێت داون. خودا دەزانێ ئێوە چیتان بە دڵدادێ. خودا زانا و لەسەرخۆیە.
(٥٢) دوای ئەمانەی - کە خودا پێی ڕەوا دیوی - ژنانی ترت پێ ناشێن؛ بۆشت نییە ئەو ژنانەت بە ژنی تر بگۆڕیەوە؛ با دەلای و جوانییەکەشیان دڵی تۆی بۆ خۆی کێشابێ؛ مەگین ئەوانەی لە تاڵان بەرتۆ کەوتوون. خودا بە سەر هەموو شتدا چاوەدێرە.
(٥٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لەماڵەکانی پێغەمبەر مەچنە ژوورێ، مەگین بۆ جەمێکی خواردن بان کرابن؛ ئەگەر چووشن، نابێ وەختێکی وابچن کە ئەو جەمە خۆراکە ئامادە نەبووە. هەر کە ژەمە نانەکە و خوارد، بڵاوەکەن و خۆ بە قسەوە خەریک مەکەن. ئەم کارەتان پێغەمبەری ئازار دەدا و لەبەر ئێوە شەرم دەکا دەنگوبدا. خودا لە قسەی ڕاست گوتن شەرم ناکا. هەر کاتێکیش داوای شتێک لەژنەکانی ناوماڵ دەکەن، لە پشت پەردەوە بخوازن؛ ئەم کارە لە دڵپاکی ئێوە و ئەوانیش نزیکترە. نابێ پێغەمبەری خودا لە ئێوە ئازار ببینێ؛ ناشبێ دوای ئەو - تاهەتایە - ژنەکانی مارە بکەن؛ کە ئەم کارە لە لای خودا گوناهێکی زۆر گەورەیە.
(٥٤) هەرشتێ ئاشکرای بکەن، یان وەیشێرن، خوا دەیزانێ.
(٥٥) ئەگەر ژنان لە ڕووی باوک و کوڕانیان و برا و برازایەکان و خوشکەزاکانی خۆیان و لەدیتنی ئەوژنانەی کە لەسەر دینی خۆیانن و هەروەها کەنیزەکانیان ڕوونەپۆشن، قەیدی نییە. ئەشێ لە خودا بترسن، خودا بۆ خۆی لە هەموو شت ئاگادارە.
(٥٦) خودا و فرشتەکانی خوا، پەسنی پێغەمبەرێ دەدەن؛ ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! سا ئێوەش پەسنی بدەن و بەدڵ و گیان سڵاوی خودای لێ بکەن.
(٥٧) ئەو کەسانەی خودا و پێغەمبەری خودا ئازار دەدەن، بەر نەحلەتی خودا کەوتوون، لە دنیاش و لە قیامەتێ، ئازاری پرسووکایەتی بۆ داناون.
(٥٨) کەسانێکی پیاو و ژنی خاوەن باوەڕ - بەبێ ئەوەی کارێکی خراپیان کردبێ - دەڕەنجێنن، بێ سۆ تووشی بوختان و تاوانێکی ئاشکرا بووگن.

(٥٩) ئەی پێغەمبەر! ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی خاوەن باوەڕان حاڵی بکە، با خۆیان بە چارشێوەکانیان داپۆشن؛ ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوە کە بناسرێن و ئازار نەدرێن. خودا لە خەتا دەبووریّ و دلۆڤانە.
(٦٠) خۆ ئەگەر دوڕازەکان و ئەو کەسانەش غەرەزێکیان لە دڵدایە و ئەو کەسانەی لە ناو شاری مەدینەدا [لە دژی دین] دەنگۆ بڵاو دەکەنەوە، دەس هەڵنەگرن، دەیانخەینە بەردەستی تۆ و لە ئاکامدا - بێجگە ماوەیەکی هندک - لەو شارەدا ناتوانن ببن بە هاوسات.
(٦١) نەحلەت لەوانە کراوەو لە هەر کوێکا وەگیر کەون، دەگیرێن و هەر بە یەکجاری دەکوژرێن.
(٦٢) شێوەی کاری خوا لە ناو پێشینەکانی ڕابردووشا هەروا بووە و شێوەی کاروباری خودا گۆڕانی بەسەردا نایە.
(٦٣) مەردم دەربارەی قیامەتت لیّ دەپرسن؛ بێژە: هەر خودا دەیزانیّ. تۆ چووزانی؟ وێدەچیّ بەم زووانەبیّ.
(٦٤) خودا نەحلەت لەو دین دوژمنانە دەکا و ئازاری لە جەهەندەمدا بۆ داناون.
(٦٥) تاهەتا لەوێدا دەبن و کەسیش نابیّ بەدۆست و یارمەتی دەریان.
(٦٦) ئەویّ ڕۆژیّ دەم وچاویان لە ئاگردا ئەم دیو ئەودیوی پێدەکریّ، ئێژن: خۆزی بەفەرمانی خوامان کربا و بەرفەرمانی پێغەمبەر باین.
(٦٧) دەشڵێن: ئەی پەروەرندەمان! ئێمە وەدووی ئاغاکان و گەورەکانی خۆمان کەوتین؛ ئەوان ئێمەیان گومڕا کرد.
(٦٨) ئەی پەروەرێنی هەمووومان! دووسەرە ئازاریان بدە و فرە بەنەحلەتیان بکە.
(٦٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئێوە وەک ئەوانە مەبن کە ئازاری مووسایان دا؛ ئەوسا خودا لەو بوختانەی بۆیان دەکرد، پاکانەی کرد؛ لای خوداش پیاویّ لەڕوو بوو.
(٧٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر لە خودا بترسن و قسەی ڕاست و پتەو بکەن؛
(٧١) تا خودا کاروو ڕاست بێنیّ و لە گوناهتان ببووریّ. هەر کەسێکی بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری خوا بیّ، بە سەرکەوتنێکی گەورە گەیشتووە.
(٧٢) ئێمە ئەم ئامانەتییەمان لە بەرانبەر ئاسمانان و زەمین و ئەو هەموو کێوانە ڕانا، هیچیان دەخۆیان ڕانەدی بچنە ژێری و لێی دەترسان. پاشان مرۆ وەستۆی خۆی گرت، کە نەیزانی و سەبارەت بە خۆی غەدری کرد.
(٧٣) هەتا خودا پیاگ و ژنە دوڕازەکان و ئەوانەی شەریکان بۆ خوا دەناسن - نێرومێویان - ئازار بدا و پەژیوانی هەموو کەسی باوەڕداریش - پیاو بن یان ژن - قبووڵ بکا. خودا لەگونا دەبووریّ و دلۆڤانە.

سەبەء

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) پەسن و سوپاس بۆ خودایێ کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان هەر بۆ ئەوە و لەو دنیاش سپاس و پەسن هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. هەر بۆ خۆشی لە کارزان و ئاگادارە.
(٢) هەرچی دەچێتە ناو زەوی و هەرچی لە زەوی دەرکەوێ و هەرچی لە عاسمان داکەوێ و هەرچی لێیەوە سەرکەوێ، ئەو دەیزانێ و هەر بۆ خۆشی دلۆڤانە و خەتابەخشە.
(٣) ئەوانەی خودا ناناسن، گوتیان: هەرگیز ڕۆژی سەڵا بۆ مە نایە. بێژە: سوێندم بەو خودایەی کەوا منی ڕاهێناوە و زانای هەمووو نهێنیەکە، بێ شک سەڵا و لێ ڕادەبێ. هەرشتێکی بە قورسایی مێروولە وردیلەیەک بێ، یان لە وچوکتر یان مەزنتر لە نێوانی ئەم عاسمانانە و زەمیندان، تاقی لە لای ئەو گوم نابێ؛ گشتی لە ناو نووسراوەیەکی ڕوون کەرەوە هەڵگیراوە.
(٤) تا هەرکێ خاوەن باوەڕ و ئاکارچاک بوون، پاداشیان بۆ دیاری بکا. بۆ ئەوانە لێ خۆشبوون و ڕسق و ڕۆزی پاکژ دەبێ.
(٥) ئەوانەی کە تێدەکۆشن بە نیشانەکانی ئێمە باوەڕ نەکرێ و خۆیان لە ئێمە ببوێرن، بەشی ئەوان جەزرەبەدانێ بەژانە.
(٦) ئەوکەسانەش کە لە زانین بەش دراون، سوور دەزانن ئەوی بۆ تۆ ناردراوە ڕاستە و ڕێگەی بەرەو خاوەن دەستەڵاتی پەسن دارو نیشان دەدا.
(٧) خوانەناسەکانیش ئێژن: ئاخۆ ئێوە گەرەکتانە پیاوێکتان بۆ دەس نیشان کەین، پێتان ئێژێ: ئەگەر ئێسک و پرووسکیشتان بەرباد ببێ، سەرلەنوێ زیندوو دەبنەوە؟
(٨) ئاخۆ درۆی بە دەم خواوە هەڵبەستووە، یان شێت بووە؟ نەخێر، ئەوان کە پڕوایان بەڕۆژی قیامەتێ نییە، لە ئازاردا دەتلێنەوە و زۆر لەڕێ دوورکەوتوونەوە.
(٩) ئاخۆ ئەمان لە پێشەوە و پاشەوەی خۆیان نەڕوانی، لەم عاسمان و زەمینەدا؟ ئەگەر ئێمە بمانەوێ وا دەکەین زەمین قووتیاندا، یان چەند کوتێکی ئاسمانیان بەسەردا دەخەینەخوارێ. لەمەدا بەڵگەیەک هەیە بۆ هەر عەبدێ دەخوازێ بگەڕێتەوە.
(١٠) ئێمە زێدە بەشێکمان دابوو بە داوود: ئەی کێوەکان و باڵداران! ئێوەش وەل ئەو پەسنی پاکی خودا بدەن. ئاسنیشمان بۆ نەرم کرد.
(١١) کە تۆ باڵاپۆش لە ئاسن دروس بکە؛ گەوچن لە ئەندازەدا بن، با کارەکانتان هێژا بن؛ خۆم کاری ئێوە دەبینم.
(١٢) سولەیمانیش بامان بۆ کەوی کردبوو؛ تەنیا لە دانی بەیانی سی ڕۆژەڕێ و سەرلەنگۆرەش سی ڕۆژەڕێ ڕێگەی دەبڕی. بۆ ئەو، کانی مسیشمان تاواندبۆوە: چەند جنۆکەش - بەفەرمانی پەروەرندەی - لەبەر دەستی کاریان دەکرد، هەرکێ لەوان خۆی بواردبا و لە فەرمانی مە دەرچووبا، ئێمە ئازاری ئاگرمان پێ دەچەشاند.

(١٣) چی دەویست ئەوەیان دەکرد. هەر لە کۆشک و تەلارەوە، تا کۆتەڵ و بۆتی زلی وێنەحەوز و چەندین تیانی دابەستراو. ئەیماڵ و خێزانی داوود! شوکرێ بکەن؛ لە عەبدەکانم کەمتریان شوکرێ دەکەن.
(١٤) لەوکاتەشدا کە مردنمان بۆ پڕیاردا، ئەگەر مۆرانە نەبوایە و دارعەساکەی نەخواردایە، کەس بە مەرگی نەدەزانی. کاتێ ڕەتی برد و کەوت، بۆ جنۆکەکان دەرکەوت، گەر پێواریان بزانیبا، لەم ئازارە پڕسووکایەتییە دەرچووبوون.
(١٥) جێگا و شوێنی خەڵکی سەبا نموونە بوون؛ دوو ڕیزەباغ لە لای ڕاست و لای چەپەوە. لەم بژیوەی پەروەرندەتان پێداون، بە شوکرانەوە لێی بخۆن؛ وڵاتێکی هێندە خۆش و پەروەرندەی وا خەتاپۆش!
(١٦) نافەرمانی خودایان کرد؛ ئەوسا ئێمەش لافاوی ئاوی بەندیمان بەردا سەریان؛ لە جێی دوو ڕیزەباخەکان، میوەی داری دارسیواک و گەزیچار و کەمێ کنارمان بۆ هێشتن.
(١٧) ئەوان سپڵەی پێنەزان بوون، ئەم بەڵایەمان بۆ ناردن؛ ئاخۆ ئێمە بۆ کەسانێ سپڵە نەبن، هیچ بەڵایان بەسەر دێنین؟
(١٨) لە ناو ئەوان و گوندانێ پیتی خۆمان تێخستبوون، چەند دێیەکمان لە پاڵ یەکتر ئاواکرد و مەودای نێوانیانمان بە ئەندازە دانا. دەسا بە شەوان و ڕۆژان - بەبێ ترس - بە ناویاندا دەرباز ببن.
(١٩) گوتیان: ئەی پەروەرندەمان! مەودای مزڵ تا مزڵمان - لە سەفەردا - بۆ دوورتر کە؛ کە غەدرێک بوو لە خۆیان کرد. ئەوسا گشتمان وەها لە یەکتر داپڕی، بوونە پەندی ڕووی زەمانە؛ کە ئەمەش چەند بەڵگەیەک بوو بۆ هەموو خۆڕاگرێکی سوپاسگوزار.
(٢٠) شەیتان دی کە گومانی سەبارەت بەوان وەڕاست گەڕا، شوێنی کەوتن؛ هەردەستەیەک لە باوەڕدارەکانیان مان.
(٢١) نەیدەتوانی شەیتان بەسەریاندا زاڵ بێ؛ تەنیا بۆیە بوو بزانین کێ پڕوای بەقیامەت هەیە و کێش لەواندا لێی دوودڵە. پەروەرندەت لە هەموو شت چاوەدێرە.
(٢٢) بێژە: ئێوە هاوار لەو شتانەی غەیرەز خودا بکەن کە بە خەیاڵ بە پەرستووتان دەزانین؛ ئەوانە سەنگی مێرووله وردیلەیەک، دەستیان ناڕوا و لە سازدانی ئەم عاسمانانە و زەمینە بەشیان نەبووە و یارمەتی خوایان نەداوە.
(٢٣) تکاش لای ئەو بەهرەنادا؛ مەر بۆ کەسێک ئیزنی بدا. جا ئەو دەمەی ترسی دڵیان دادەمرکێ، پێیان ئێژن: پەروەرندەی ئێوە چی وت؟ ئێژن: ڕاستی و هەر ئەویشە هەرە پایەبەرزی مەزن.
(٢٤) بێژە: ئەی کێ لە ئاسمانان و عەرزەوە بژیو بە ئێوە ئەگەیێنێ؟ بێژە: خودا؛ ئێمە و ئێوەش یان بەرەو خودا شارەزاین، یان ئاشکرا لە ڕێی خودا لامان داوە.
(٢٥) بێژە: هەر گوناحێ بیکەین، کەس لەنگۆ ناپرسێتەوە؛ ئێوەش هەر کارێکی دەیکەن، کەس لە مە ناپرسێتەوە.
(٢٦) تۆ بێژە: پەروەرندەمان لێکترمان کۆدەکاتەوە؛ پاشان هەر چلۆنێ ڕاستە، ئاوا بە ناومان ڕادەگا. خۆی زانایە و هەر ئەو بەکاران ڕادەگا.
(٢٧) بێژە: ئەوانەم نیشاندەن کە بە شەریکتان زانی، هەرگیز خوا شەریکی نەبووە؛ بەڵکوو هەرخوا خۆی خاوەنی دەستەڵات و لە کارزانە.

(٢٨) ئێمە تۆمان هەر بۆیە نارد کە بۆ گش خەڵکی سەرزەمین مژدەدەر و ترسێنەر بی؛ بەڵام زۆربەی ئاپۆرەی مەردم نازانن.
(٢٩) دەشڵێن: ئەگەر ئێوە ڕاستن، ئەم بەڵێنە کەی دێتە جیێ؟
(٣٠) بێژە: ڕۆژێ کە بڕیارە لەوێدا بە یەکتر بگەن، نە تاوێکتان وەدوا دەخەن، نە تاوێکتان زووتر دەبەن.
(٣١) خودانەناسەکان وتیان: ئێمە نە بەم قورعانە بڕوا دەکەین و نە بەوانە کە بەرلەو بەرێ کراون. گەر تۆئەو ناهەق پیشانەت بدیتایە کە لە هەمبەر پەروەرندەی خۆیانەوە ڕاگیراون، هێندێ ئاوڕ وەهێندێکیان دەدەنەوە و دەئاخێون. ئەوانەی بێ دەستەڵات بوون، بەدەستەڵات دارەکانی خۆیان ئێژن: ئەگەر ئێوە نەبوونایە ئێمە بڕوامان دەهێنا.
(٣٢) خاوەن دەستەڵاتەکانیش بە بێ دەستەلاتان ئێژن: ئاخۆ ئێمە بووین نەمانهێشت ئێوە بەڕێی ڕاستا بڕۆن، پاش ئەوەی کە ڕێ نیشاندەرتان هاتە لا؟ هەر بۆ خۆتان تاوانبار بوون.
(٣٣) ئەوسا بێ دەستەڵاتەکان لە وەرامی ئەوانەدا - کە خاوەن دەستەڵات بووگن - ئێژن: ئێوە بەشەووڕۆژ هەر گەڕتان تێدەهاڵاندین کە دەبێ خوانەناسین و چەندین هاوتای بۆ پەیدا کەین. کاتێ دیتیان بۆ ئازاردان، ئێمە خودانەناسەکان - زنجیر لە مل - ڕادەکێشینە پای حەساو، بەدڵ پەشیمان دەبنەوە. دیارە هەر کەس هەر بەرانبەر کردەوەی خۆی سزا دەدرێ.
(٣٤) هەتا ئێستا هەر کەسێکمان لە پێغەمبەرانی خۆمان ناردۆتە هەر ئاوەدانییەک، لە ئێمەیان بترسێنێ، هەر ئەوانەی لەوپەڕی خۆشیدا ژیاون، گوتوویانە: بەو شتانەی ئێوە پێی ڕاسپێراون باوەڕ ناکەین.
(٣٥) گوتووشیانە: ئێمە لەمەڕ ماڵی دنیا و عەولادەوە لە ئێوە پترمان هەیە و هەرگیز تووشی ئازار نابین.
(٣٦) بێژە: ڕۆزی، پەروەرندەی من دەینێرێ؛ زۆر و کەمی بەستە بە مەیلی خۆیەتی؛ بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکە ئەمە نازانن.
(٣٧) سامانیش و عەولادی زۆر لەوانە نین لە ئێمە و نزیک کاتەوە، مەگین کەسێ بڕوای بە ئێمە هێنابێ و ئاکاری چاک ڕەچاو بکا؛ کە لە بەرانبەر کردەیان دووسەرە پاداش ئەگرن و بێ دەغدەغە لە ئۆدەکانی بەهەشتا دەسێنەوە.
(٣٨) ئەوکەسانەش کە بۆ بێ بایەخ کردنی نیشانەکانی ئێمە کۆشش دەکەن و دەیانەوێ بە دەس ئێمەوە دەربچن، ئەشێ لە ناو جەزرەبەدا بتلێنەوە.
(٣٩) تۆ بێژە: پەروەرندەی من بژیوی عەبدانی دەدا، زۆر و کەمی بەستە بە مەیلی خۆیەتی و هەرچی لێشی بەخێر بدەن، بۆتان تێهەڵدێنێتەوە و چاکترین ڕۆزی دەر ئەوە.
(٤٠) لەوڕۆژەدا کە هەموان کۆدەکاتەوە، ئەوسا بەفریشتان ئێژێ: ئاخۆ ئەمانە ئێوەیان پەرستوە؟
(٤١) ئێژن: هەرتۆی هیچ کەمایەسییەکت نەبێ؛ هەرخۆت گەورەی هەمووموانی؛ ئێمە ئەوانە ناناسین؛ بەڵکوو ئەوان جندۆکەیان دەپەرست و بەشی زۆریان باوەڕیان بەمان هێنابوو.
(٤٢) جا ئەو ڕۆژە ئێوە دەربارەی یەکتری نە هیچ بەهرەیەکتان هەیە و نە هیچ زیانێک. بەوانەش کە غەدریان کردووە، ئێژین: بچێژن ئازاری ئاگر، کە بە درۆتان دەزانی.

(٤٣) که نیشانەی ئاشکرامان بۆ ئەوان دەخوێنرایەوە، هەر دەیانگوت: بیێ و نەبێ ئەم پیاوە گەرەکیەتی لەو شتانەی باب و کاڵتان دەیانپەرست پێشیان بگرێ؛ گوتیشیان ئەمە درۆیە و ڕێکخراوە. ئەو کەسانەی کە خودایان نەناسیوە، وەختێ ئەم ڕاستەیان بۆهات، وتیان: ئەمە - بیێ و نەبێ - جادوێکی ئاشکرایە.
(٤٤) ئێمە کتێبگەلێکیشمان نەدابوونێ بیانخوێنن؛ بەرلە تۆش هیچ پێغەمبەرمان بۆ نەناردوون کە ترسێکیان وەبەربێنێ.
(٤٥) پێشینەکانی ئەمانەش - وەک ئەمانە - بێ باوەڕ بوون؛ دەیەکی ئەو شتانەشیان پێ نەگەیوە کە ئەوسا بەوانمان دابوو و بەڵێ، حاشایان کرد لە پێغەمبەرانم. سا من چۆن دەردێکم پێدان!
(٤٦) بێژە: من هەر ئامۆژگاریەکتان دەکەم: لەبەر خودا یەکەیەکە و دوان دوان ڕاوەستن و پێکەوە بیر کەنەوە؛ هەواڵەکەتان هیچ شێتی تێدا نییە؛ ئەو هەر تەنیا گەرەکیەتی لە هاتنی ئازارێکی زۆر بە ژانتان بترسێنێ.
(٤٧) بێژە: من هیچ پاداشێکم لێتان ناوێ؛ ئەوی دەبوو بیدەن بە منیش بۆ خۆتان، پاداشی من لەسەر خوایە و هەر ئەو - بۆ خۆی - لە هەمووشت ئاگادارە.
(٤٨) بێژە: بێ سۆ پەروەرندەم هەق دەنێرێ. [هەر بۆ خۆشی] چازانی نهێنیەکانە.
(٤٩) بێژە: ڕاستی جێی پروپوچی گرتووە و چروک هیچ باوێکی نەما و تازە قەت ناگەڕێتەوە.
(٥٠) بێژە: ئەگەر لە رێگەی ڕاست کلا بووبم، وەباڵی دێتە ئەستۆی خۆم؛ ئەگەر شارەزاش بووبێتم، هۆیەکەی ئەو فەرمانەیە کە پەروەرندەم بۆی ناردووم؛ ئەوە دەبیسێ و نزیکە.
(٥١) بریا [ئەوانەت] بدیبا، وەختێ ترسیان ڕێ نیشتووە و هیچ دەرەتانێکیان نییە و لە پەناوە دەگیر هاتوون.
(٥٢) ئەوسا ئێژن: ئەوا باوەڕمان پێ هێنا. کەی تازە لەو جێ دوورەوە بەوە ڕادەگەن؟
(٥٣) کە دەپێشدا باوەڕیان پێ نەهێناوە و لە دوورەوە و - لە نەدیتە - هەر بوختانیان بۆ دەهاویشت.
(٥٤) ئەوانە دوور دەخرێنەوە لەوەی وا ئارەزووی دەکەن؛ هەروا کە هاوڕێیەکانیان - بەرلە ئەوان - بەو دەردە چوون. ئەوان تووشی گومانێکی زۆر دژوار بوون.

فاتیر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) شوکرانە هەر بۆ خودایە کە عاسمانان و زەمینی داهێناوە و فریشتانی دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵی کردووتە ڕاسپاردە. هەر چۆنی بۆ خۆی حەز بکا، لە بەرهەمی زێدە دەکا. خودا لەسەر هەموو شتێک توانای هەیە.
(٢) هەرگا خودا دەروی خێرێ لە ڕووی مەردم بکاتەوە، کەس ناتوانێ گاڵەی بدا و، ئەگەر ئەویش گاڵەی بدا - بەدەر لە خۆی - کەس ناتوانێ بیکاتەوە. هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و لە کارزانە.

(٣) ئەی خەڵکینە! لە بیرتان بێ خودا چەندی چاکە لەسەر ئێوە هەیە؛ ئاخۆ غەیرەز خودا، وەدی هێنێک هەیە کە لە ئەزمان و زەوینا بژیوی ئێوە دابین کا؟ بە غەیرەز خۆی هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ؛ چلۆن لە ڕێ کلا دەکرێن؟
(٤) ئەگەر بە تۆ ڕوا ناکەن، پێغەمبەرانی بەرلە تۆش هەر بە درۆزن دانران. هەموو کاریش هەر بۆ لای خوا دەبرێنەوە.
(٥) ئەی خەڵکینە! بێ سۆ بەڵێنی خوا ڕاستە؛ ژیانی دنیا نەکا بتانخەڵەتێنێ و نەکا شەیتان بە بەخشەندەیی خوداتان فریو بدا.
(٦) شەیتان دوژمنی ئێوەیە، سا ئێوەش ببنە دوژمنی؛ ئەو هەر بۆیە دارودەستەی گازی دەکا، تا لە یارانی ئاگر بن.
(٧) ئەوانەی خودانەناس بوون، ئازارێکی توندیان دەبێ. ئەوی باوەڕیشیان هێنا و ئاکاری چاکیان ڕەچاو کرد، لە گوناه عافوو دەکرێن و پاداشی هێژایان هەیە.
(٨) ئاخۆ کەسێ خراپەی بۆجوان کراوە و بۆ خۆی پەسندی کردووە [وەکوو کەسێکە وا نەبێ؟] خوا حەز بکا، هەر کەسێ گومڕا دەکات و حەزیش بکا، شارەزای بەرەو خۆی دەکا. نەکا لەبەر خەمی ئەوان، تێدا بچی؛ خوا دەزانێ ئەوانە چ کارێک دەکەن.
(٩) هەر خودایە ئەو بایانە بەڕێ دەکا و ئەوانیش هەور دەبزوێنن؛ ئەوسا هەور دەئاژوێن بەرەو سەرزەمینێکی مردوو؛ زەوی مردوو بەوە زیندوودەکەینەوە؛ وەژیاندنی پاشەڕۆژیش هەر ئاوایە.
(١٠) کەسێ قەدر و ڕێزی دەوێ، ڕێز و قەدر گشتی لە دەست خودادایە. وتەی باش هەر بەرەو ئەو بەرەژوور دەچێ و ئاکاری چاکیش هەر بەرزی دەکاتەوە. ئەو کەسانەش کە فێڵ بۆ خراپە دەکەن، بە توندی سزا دەدرێن و فێڵەکانیان بە هیچ دەچێ.
(١١) خودا ئێوەی هەوەڵ لە گڵ، پاشانیش لە تنۆکەیەک وەدی هێنا؛ پاشان جووتەی لێ پێک هێنان. چی لە تۆلی مێوینەدا و هەرچی لە مێوینە دەزێ، ئەو دەیزانێ. کێ عومری درێژی دەبێ و کێ تەمەنی کورتی دەبێ، هەموو لەدەفتەر نووسراوە؛ ئەمە بۆ خودا هاسانە.
(١٢) دوو دەریا هەن وەکوو یەک نین: ئەم شیرینە و تینووایەتی ئەشکێنێت و ڤەخارنی گۆارایە، ئەو شۆرێکی تاڵ و تفتە؛ لە هەرکانیش گۆشتی تازە بۆ خارنێ پەیدا دەکەن؛ زەمبەریشیان دەقەڵێشن تا ئێوە لە سایەی ئەودا ڕۆزی بۆ خۆ پەیدا کەن و شوکرانەی لەسەر بژێرن.
(١٣) شەو دەخاتە ناو ڕۆژەوە و ڕۆژیش دەشەوێ ڕادەکا؛ خۆر و هەیڤیشی کەوی کرد؛ هەرکامی تا کاتی دیاردە دێن و دەچن. ئێوەی پەروەردە کردووە و پادشاهیش هەر لە ئەو دەوەشێتەوە. ئەو شتانەی - غەیرەز خودا - ئێوە هانایان پێدەبەن، تەنانەتی تۆخڵی تەنکی دەنکی خورمایە شک نابەن.
(١٤) گەر هاواریشیان بۆبەرن، هاوارەکەتان نابیسن؛ بیشی بیسن، ناشێن بە دەنگتانەوە بێن؛ ڕۆژی سەڵاش حاشا دەکەن کە ئێوە پەرستووتانن. غەیرەز خودا - کە هەموو شتێک دەزانێ - کەس ناتانێ [لەوانە] ئاگادارت کا.
(١٥) ئەی خەڵکینە! ئێوە بە خودا ئاتاجن؛ هەر خودایە بێ نیازە و هێژایە پەسندی بدرێ.
(١٦) ئەگەر حەزکا، هەمووتان لە بەین دەبات و سەرلە نوێ، دەستەیەکی تر پەیدا دەکا؛

(١٧) ئەمەش لای خوا دژوار نیە.
(١٨) هیچ کەس باری گوناهی کەس وەستۆ ناگرێ. ئەگەر بێتوو گران بارێک لەبەر یەکی تر وەپاڕێ: شان بداتە بەر بارەکەی - با خزمی نزیکیشی بێ - خۆ ناخاتە ژێر باری ئەو. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ئەو کەسانە بترسێنی کە نەدیتە لە پەروەرندەکەی خۆیان دەترسن و نمێژ دەکەن. کێش دەیەوێ بەپاکژی بژی، هەر خۆی لەو پاکییە بەهرە دەبا و چارەنووسی هەموو شیان هەر لای خودایە.
(١٩) کوێر و چاوساغ وەکوو یەک نین.
(٢٠) تاریکایی و ڕووناکاییش وەکوو یەک نین.
(٢١) بەرسێبەر و گەرمای تاویش وەکوو یەک نین.
(٢٢) گیان لەبەران و بێ گیانیش هاووێنە نین. خودا حەز کا، وا دەکا هەرکەس ببیسێ. تۆ ناتانی دەنگت بەوانە ڕابگا کە خراونە ناو گۆڕەوە.
(٢٣) تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە ترس وەبەر خەڵکی بێنی.
(٢٤) ئێمە بەڕاستی تۆمان نارد مژدەدەر و ترسێنەر بی. هیچ کۆمەڵتەیەکیش نەبووە کە ترس وەبەرهێنەریان بۆ نەچووبێ.
(٢٥) گەر ئەمانە تۆ وەدرۆ دەخەنەوە، پێشینەکانی ئەمانەش پێغەمبەرانی خۆیانیان هەر بە درۆزن ژمێرا؛ گەرچی ئەوان بەنیشانەگەل پتەو و بەسیپارە و کتێبی ڕووناکی دەرەوە هاتنە لایان.
(٢٦) ئەوسا خودانەناسانم بە غەزەب گرت. دەسا سزای من چلۆن بوو؟
(٢٧) ئاخۆ نەت دی، خودا ئاوی لەو بەرزەوە باراندووە، میوەجاتی هەمەڕەنگەمان پێ ڕوواند؟ لە کێوانیش ڕێگەوبانی سپی و سووری جۆراوجۆری بەڕەنگ جیای وەدی هێنان؟ ڕەشی وەک قەلەڕەشەشیان تێدا هەیە.
(٢٨) لە مەردم و جانەوەر و پاتاڵیشدا، هەر وەهایە؛ ڕەنگیان لە یەکتر جودایە. لە ناو عەبدانی خودادا هەر ئەوانەی فرەزانان لێی دەترسن. خودا خاوەن دەستەڵاتی خەتا پۆشە.
(٢٩) ئەو کەسانەی کتێبی خوا دەخوێننەوە و نوێژ دەکەن و لەو بژیوەی پێمان داون - بەنهێنی و بە ئاشکرایی - خێر دەکەن، بە هومێدی سەودایەکن هەرگیز لە برەو ناکەوێ.
(٣٠) تا بەرانبەر بە کۆششیان پاداشی خۆیان پێ بدا و لە چاکەی خۆی زێدەشیان بۆ وەسەر بخا. بێ گومانە ئەو خەتاپۆش و پێ زانە.
(٣١) هەرچی لە ناو ئەم کتێبە بە تۆمان ڕاگەیاندووە، ڕاستە و پڕوای بەو کتێبانەش هەیە کە لە خوداوە ناردراون. خودا لە عەبدەکانی خۆی ئاگادار و چاوەدێرە.
(٣٢) جا ئەوسا ئەم کتێبەمان کردە میرات بۆ ئەو عەبدانەمان کە هەڵمان بژاردن. لە ناو ئەوانیشدا کەسانێک هەن غەدرێ لە خۆ دەکەن؛ پرێکیشیان مام ناونجین. هەر لەوانیش کەسانێک هەن - بە ئیزنی خوا - سەبارەت بەکاری چاکە پێشەپڕێ لە هەواڵان دەپڕنەوە؛ کە ئەمە زێدە بەشێکی زۆر هێژایە.
(٣٣) دەچنەناوباغاتێکەوە کە نافەوتێن؛ لەوێ دەیانڕازێننەوە و بازووبەندیان لە زێر و مرواری دەبێ و پۆشاکیشیان لەوێدا لە هەڤرەمیشە.
(٣٤) ئەوسا ئێژن: شوکرانە بۆ ئەو خودایەی کە سەری لە سەر نەهێشتین؛ بەڕاستی پەروەرندەمان زۆر خەتاپۆش و پێ زانە.

(٣٥) ئەوخودایە لەچاکەی خۆی ئێمەی لە ماڵی هەرماندا نیشتەجێ کرد. نە ڕەنجێ لێرا دەکێشین، نە تووشی ماندوویی دەبین.
(٣٦) بۆ ئەوانەش کە لە خودا حاشایان کرد، ئاگری جەهەندەم هەیە؛ نە ڕێی مردنیان پێدەدەن، نە جەزرەبەی دۆژەهیان لە سەر سووک دەکرێ. هەر کەسانێ بە چاکەی خودا نەزانن، ئێمە وایان سزا دەدەین.
(٣٧) بە زۆرەزۆر لەوێدا دەپاڕێنەوە: پەروەرێنمان! لە دۆژەە بمانهێنەدەر؛ لە ئاکاری پێشوو پەشیمان بووینەوە؛ ئەم جارە کاری چاک دەکەین. ئەدی ئێمە تەمەنی وا درێژمان بە ئێوە نەدا کە هەر کەسێ بیویستایە، دەیتوانی پەندی لێ بگرێ؟ ترسێنەریشتان هاتە لا! دە ئەم ئازارە بچێژن. هەر کەسێ کە ناهەقی کرد، هیچ کەسی دەهانا نایە.
(٣٨) خوا نهێنی ئەرز و ئاسمانان ئەزانێ و لە ڕازی دڵی هەموو کەس ئاگادارە.
(٣٩) هەر ئەو ئێوەی لە جێگەی پێشینەکانتان - لەم زەمینە - جێ کردەوە. ناسوپاسی ناسپاسان، هەر توورەیی پەروەرێنیان پتر دەکا و بێ ئەمەگی بێ ئەمەگان، هەر زیانیان زێدە دەکا.
(٤٠) بێژە: ئەوانە - لە جێی خوا - پێتان، شەریکی خودا بوون، نیشانم دەن؛ لەم زەمینە کامەشتیان وەدی هێنا؟ یان لە وەدی هێنانی عاسمانەکاندا، کەنگێ هەمکاری خودا بوون؟ یا خود ئەمانە کتێبیان لای ئێمەوە بۆ هاتووە و بەڵگەیە بە دەستیانەوە؟ نەخێر، ئەوانەی ناهەقن هەر بەڵێنی خڵەتاندن بە یەک دەدەن.
(٤١) خودایە کە ئەم عاسمانان و زەوینەی ڕاگرتووە کە ناکەون؛ ئەگەر کەوتن - لەو بەدەر - کەسی وا نییە ڕاگیریان کا. ئەو کاری بە شێنەیین و خەتاپۆشە.
(٤٢) بە توندی سوێندیان دەخواردن، کە: بە خودا سوێندەکەمان، ئەگەر ئێمە ترسێنەرێک لە خوداوە بێتە لامان، پتر لە هەر کۆمەڵی تر ڕێگەی خودا دەگرینەبەر. کەچی وەختێ ترسێنەرێک هاتە لایان، فرەتر لە خوا دوورەو کەفتن؛
(٤٣) هەر لەبەر خۆبەزل زانین لە زەمین دا و بۆ فڕوفێڵ؛ فڕوفێڵیش هەر یەخەی خاوەنی دەگرێ. ئاخۆ بێژگە چارەنووسی پێشینەکان، چاوەنۆڕی شتێک تر هەن؟ ئەمە ڕێگەوشوێنی خوایە و قەت نابینی ڕێ و شوێنی خوا بگۆردرێ و جێ بەجێ بێ.
(٤٤) ئاخۆ ئەوان لە زەمیندا نەگەڕاون، تا ببینن پێشینەکان - کە لەوانەش بەهێزتر بوون - چییان بەسەر هات؟ هیچ کەس لە ناو عاسمانەکان و زەمیندا پەیدا نابێ کە هێز لە خودا بستێنێ؛ زانا و توانا هەر خۆیەتی.
(٤٥) ئەگەر خودا ئەم مەردمەی - بە هۆی ئەو کارانەی دەیکەن - بگرتبا، لە سەر پشتی ئەم زەمینە جوقەوارێکیش نەدەما؛ بەڵام خودا مەودای داوە تا ماوەیێ دیاری کراو بمێننەوە؛ کەنگێ ئەو ماوە بەسەر چوو، خۆی دەزانێ عەبدەکانی چییان کردووە.

یاسین

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) یا، سین.
(٢) سوێند بە قورئان، کە سەر لەبەر کارزانییە.
(٣) تۆ یەک لە پێغەمبەرانی.
(٤) کەوتوویە سەر ڕاستەڕێگە.
(٥) ئەم قورعانە هەرە خاوەن دەستەڵاتی دلۆڤان ناردوویەتە خوار.
(٦) تا بە هۆی ئەو ترس وەبەر گەلێک بێنی کە باب و کاڵی پێشوویان کەس لە خوای نەترساندوون و بێ ئاگا بوون.
(٧) بەڵێنی خوا زۆرینەیان دەگرێتەوە؛ سا ئەوان پروا ناهێنن.
(٨) ئێمە ملیان دەخەینە ناو زنجیرەوە و تا چەنە شەتەکیان دەدەین، کە ناتوانن بۆهیچ لایەک سەرببزێون؛ چاوگەلیشیان داشۆریاگە.
(٩) لەمپەرێکمان لەپێشیانەوە داناوە و لەمپەرێک لە پشتیانەوە؛ تارماییشمان هاویشتە سەر گلێنەیان کە نابینن.
(١٠) بۆ ئەوانە چ ترسیان وەبەر بهێنی، چ نەهێنی، وەکوو یەکە. هەر نابن بە خاوەن باوەڕ.
(١١) ترس وەبەر هێنانەکەت هەر بۆ کەسێک باوی هەیە، پەیرەوی ئەم قورعانەیە و لە نەدیتە ترسی خودای لە دڵدایە. سا تۆ مزگێنی پێ بدە عافوو دەکرێ و پاداشی باشیشی هەیە.
(١٢) ئێمە خۆمان مریان زیندوو دەکەینەوە و هەر کارێکی بە زیندوویی کردوویانە و شوێنەواریان، گش دەنووسین. هەموو شتمان لە کتێبێکی ڕوون کەرەوە - هەر بە هەژمار - هەژماردووە.
(١٣) بەسەرهاتی خەڵکی ناو ئاواییەکەیان بۆ وێنە بۆ بگێرەوە، کە پێغەمبەر چوونە لایان.
(١٤) ئەو دەمەی کە دوو کەسمان بۆ بەڕێ کردن، کەسیان پروای پێ نەکردن. پێغەمبەری سێهەمیشمان ناردە لایان، یارمەتی ئەو دووانە بدا. گوتیان: ئێمە بێ گومانە، بۆ لای ئێوە نێردراوین.
(١٥) گوتیان: ئێوە هەر مرۆیەکن وەک خۆمان؛ خوا هیچی نەناردۆتە خوار؛ ئێوە کارتان درۆ دانە.
(١٦) گوتیان: پەروەرندەی ئێمە خۆی دەزانێ کە ئێمە بۆ لای ئێوە ڕاسپێراوین.
(١٧) گوتیان: ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە، پەیامی ئەو - بە ئاشکرا - بەنگۆ بڵێین؛ نە هیچی تر.
(١٨) گوتیان: پێوقەدەمی ئێوە بۆ مە شوومە؛ دەس هەڵ نەگرن، بەردەبارانتان دەکەین و سەخت جەزرەبەتان دەدەین.
(١٩) گوتیان: شوميو لە خۆتانە، ئاخۆ ئەگەر ئێوە ئامۆژگاری بکرێن [ئاوا دەکەن]؟ بەڵکوو ئێوە کۆمەڵێکن لە ئەندازەی خۆ دەرکەوتوون.
(٢٠) پیاگێک لەو سەری شارەوە بە غار دەهات، گوتی: گەلۆ! بدنە شوێن ئەو کەسانە ڕاسپێراون.

(٢١) پەیڕەوی ئەمانە بکەن کە بۆ خۆیان شارەزای ڕێگەی خودان و هیچ پاداشیان لێتان ناوێ.
(٢٢) من بۆ دەبێ ئەو کەسەی منی دروس کرد، نەیپەرستم؛ گشتوو بۆ لای ئەو دەچنەوە؟
(٢٣) چۆن من دەچم - غەیرەز خودا - ئەو شتانە دەپەرستم؛ هەرگا خودا گەرەکی بێ بەڵایەکم بەسەر بێنێ، تکای ئەوان هیچ بەهرەیەکم بۆ نادا و ناتوانن ڕزگارم بکەن؟
(٢٤) ئەگەر وا بێ، ئەوسا کە من بە ئاشکرا گومڕا بووگم.
(٢٥) من بە پەروەرندەی ئێوە بڕوام هێنا؛ سا بژنەون.
(٢٦) وترا: وەرە بەهەشتەوە. گوتی: بریا هۆزەکەشم بیزانیبا،
(٢٧) کە ئەو کەسەی منی پەروەردە کردووە، لێم خۆش بووە و خستوومیە ڕێزی بەڕێزان.
(٢٨) دوای ئەو ئێمە هیچ لەشکرمان - لە عاسمانڕا - نەنارده سەر هۆزەکەی ئەو، [بەرلەمەش] هەر نەمان دەنارد.
(٢٩) هەر تەنیا نەعرەتەیەک بوو، کە لە ناکاو گش دامرکان.
(٣٠) مخابن بۆ ئەو عەبدانە، هەر پێغەمبەرێکیان بۆ هات، هەر گاڵتەوگەپیان پێکردوون.
(٣١) چۆن ئەمانە نەیاندیووە کە چەندین چین لە مرۆمان - لە پێش ئەمان - قڕ کردووە و تازە نایەنەوە لایان.
(٣٢) بێ گومانە هەموو لاشیان هەر دەهێننەوە لای خۆمان.
(٣٣) هەر لە زەوی ڕابمێنن، نیشانەی بۆ ئەوان تێدا؛ بە مردوویی ئێمە زیندوومان کردەوە و دەنکمان لێ بەرهەم هێنا؛ کە خۆراکە بۆ ئەمانە.
(٣٤) هەر لە زەویش چەندین باغی خورمابن و ڕەزی زۆرمان وەدی هێنا و چەند کانیاومان لێ هەڵقوڵاند.
(٣٥) هەتاکوو لە میوەی خودا و لە دەسڕەنجی خۆیان بخۆن. ئاخۆ هێشتا شوکر ناکەن؟
(٣٦) هەر خودا پاک و بێ عەیبە، کە جووتەی هەموو شتێکی وەدی هێنا؛ چ لەوانەی لەم سەرزەمینە دەڕوێن و چ لە خۆیان، چ لەوانەش کە نایزانن.
(٣٧) بۆ ئەو، شەویش یەک لە نیشانانە؛ ئێمە ڕۆژی لێ دادەڕنین و لە ناکاو تاریکانیان بەسەردا دێ.
(٣٨) خۆریش بەرەو بنەی خۆی لە گەڕاندایە؛ کە لە خاوەن دەستەڵاتی زاناوەیە، ئەو فەرمانەی پێدراوە.
(٣٩) هەیڤیش ئێمە بۆمان دانا بە چەند قۆناغا تێپەڕێ؛ تا وای لێ دێ، وەک پەلی کەونی وشکەڵی داری خورما، دێتە بەرچاو.
(٤٠) نە خۆر توانای هێندەی هەیە بگا بە مانگ، نە شەو وەپێش ڕۆژ دەکەوێ. سەرلەبەریش لە ئاسمانێک مەلە دەکەن.
(٤١) ئەمەش بۆیان نیشانەیە: هاورەگەزانی ئەوانمان لە گەمیەی تژی کراودا هەڵگرتووە.
(٤٢) وێنەی ئەویشمان داهێنا، کە دەتوانن سواری ببن.
(٤٣) ئەگەر حەز کەین نوقمی بن ئاویان دەکەین و ئەوسا کە هیچ فریاڕەسێکیان نایێت و ڕزگار ناکرێن.

(٤٤) مەگین بەزەیی ئێمەیان دەفریا بێ و تا ماوەیەک بەرخوردار بن.
(٤٥) هەر کاتێکیش پێیان بگوترێ: لەوی لە ڕووبەڕووتانە و لەوەش لە پشتەسەرتانە، خۆپارێزبن، بەشکوو بەر بەزەیی خوا کەون، [خۆ دەبوێرن].
(٤٦) هەر نیشانەیەکیان بۆ بێ لە لای پەروەرێنیانەوە، ئیللا دەبێ ڕووی تێ نەکەن.
(٤٧) کاتێکیش پێیان بووترێ: لەو بژیوەی خوا پێداون، خێرێ بکەن؛ خوانەناسان بەخاوەن باوەڕان ئێژن: ئاخۆ ئێمە خۆراک بە کەسێ ببەخشین ئەگەر خودا مەیلی لێ با بژیوی بۆ دابین دەکرد؟ ئێوە هەر لە گومڕاهی دان.
(٤٨) دەشڵێن: ئەگەر قسەڕاستن، ئەو بەڵێنە، کەی بە جێ دێ؟
(٤٩) ئەوانە هەر چاوەنۆڕی یەک نەعرەتەن کە لە کاتێکدا خەریکی هەراوکێشەی ناو خۆیانن، دەیانگرێ.
(٥٠) ناتوانن وەسیەتیش بکەن؛ ڕێشیان نابێ بچنەوە ناوکەس و کاریان.
(٥١) فووش بە کەڵەشاخدا دەکرێ؛ ناگا گشت لە گۆڕانەوە دێنە دەر و بەرەو پەروەرندەی خۆیان بە لەز دەڕۆن.
(٥٢) ئێژن: ئەی هاوار بە ماڵمان! کێ لە ناو پێخەفەکەمان ڕای پەڕاندین؟ ئەمە هەر ئەو بەڵێنەیە خودا دای و پێغەمبەرەکان ڕاستیان گوت.
(٥٣) تەنیا هەر یەک نەعرەتەیە و ناکاو هەموو لای ئێمە کۆ دەکرێنەوە.
(٥٤) ئەوێ ڕۆژێ ناهەقی لە کەس ناکرێ و هەر بەرانبەر بەو کردەوەی کردووتانە، سزا دەدرێن.
(٥٥) ئەوانەی ئەهلی بەهەشتن، ئەوێ ڕۆژێ سەریان گەرمە و لە خۆشی دان.
(٥٦) خۆیان دەگەڵ ژنەکانیان، لەبەر سێبەر، لە تەختان، پاڵ کەفتگن.
(٥٧) لە بەهەشتا هەر میوەیەک و هەر شتێ داوای بکەن، ئامادەیە.
(٥٨) پەروەرندەی دلۆڤانیش - بە لەبزی خۆی - سڵاوێکیان بۆ دەنێرێ.
(٥٩) ئەی ئەوانەی تاوانبارن! ئێوەش ئەمڕۆ، ئەشێ خۆتان جیا کەنەوە.
(٦٠) ئاخر ئەی تۆرەمەی ئادەم! من لە پێشدا پەیمانم دەگەڵ نەبەستن کە شەیتانێ نەپەرستن؟ ئەو ئاشکرا دوژمنتانە.
(٦١) هەرتەنیا خۆم بپەرستن؛ کە ڕێگەی ڕاست هەر ئەمەیە.
(٦٢) گەلێکی زۆری لە ئێوەی لە ڕێ لادا؛ ئاخۆ هێشتا هەر تێ ناگەن؟
(٦٣) ئەمە ئەم جەهەندەمەیە، کەوا بەڵێنتان پێ دەدرا.
(٦٤) بەهۆی پێ نەزانیەکەتان، ئەمڕۆ دەبێ بچنە ناوی.
(٦٥) ئەمڕۆ ئێمە مۆر دەخەینە سەر دەمیان و دەستیان دەگەڵمان دەپەیون؛ پاکانیشیان دەبنە شایەت کە کردەوەکانیان چ بووە.
(٦٦) ئەگەر حەز کەین، چاوەکانیشیان کوێر دەکەین؛ بەرەو ڕێگا ملە دەکەن. سا کوا سۆمای دیتنیان هەیە؟
(٦٧) ئەگەر حەزیشمان کردبا - هەر لە جێگەکەی خۆیاندا - دەمانکردنە شتێکی تر؛ ئەوسا کە نەیانتوانیبا بێنە پێش و بەرەو دوواش نەگەڕێنەوە.
(٦٨) هەر کەسێکیش تەمەنی زۆری بدەینێ، تەرح و بیچمیشی دەگۆڕین. بۆچ ناتانەوێ تێ بگەن؟
(٦٩) ئێمە ئەومان فێری شێعر نەکردووە و هیچ پێویستیشی پێ نییە. ئەمە تەنیا بۆ یاد لە خودا کردنە و قورئانێکە شێوەژیان نیشان دەدا.

(٧٠) تا ئەوانەی بە دڵ زیندوون، لە خودایان بترسێنی و قسەی خودا دەربارەی خودانەناسان بە جێ بگا.
(٧١) ئاخۆ هێشتا نەیاندیوە ئێمە بە دەستی توانامان پاتاڵمان بۆ بەرهەم هێنان، ئەوان بوونەتە خاوەنیان.
(٧٢) وا بۆشمان دەستەمۆ کردن، کە دەتوانن سواریان بن و لێیان بخۆن.
(٧٣) هەر لە وانیش گەلێک جۆرە بەهرە دەبەن؛ زۆر شتی ڤەخارنیشیان لێ وەردەگرن. هێشتا هەر شوکرانە ناکەن.
(٧٤) غەیرەز خودا شتگەلێکی تریان پەرست؛ شایەتا دەهانایان بێن.
(٧٥) ناشتوانن دەهانایان بێن؛ بەڵام ئەمان لە خزمەتیان، بۆ پێشمەرگەیی ئامادەن.
(٧٦) وتاریان دڵتەنگت نەکا؛ هەر شتێکی بیشێرنەوە و هەرشتێکی بیدرکێنن، ئێمە لێیان ئاگادارین.
(٧٧) مرۆ چۆن هێندە نازانێ، کە ئێمە لە تنۆکێکمان ئافراندوە؛ کەچی ئێستا دوژمنێکی ئاشکرایە.
(٧٨) ئەو مەسەلێکی بۆ ئێمە هێنایەوە و ئافراندنی خۆی لە بیر کرد؛ ئێژێ: ئێسک لە پاش پووان، کێ زیندوویان دەکاتەوە؟
(٧٩) بێژە: کەسێ هەوەڵ جار دروستی کردوون، ئەو زیندوویان دەکاتەوە؛ بۆ هەموو دروست کردنێک خۆی زانایە.
(٨٠) ئەو کەسێکە لە داری شین، ئاگری بۆ پەیدا کردوون؛ ئێوەش هەر لەم [دەستەچیلە] ئار پێ دەکەن.
(٨١) ئاخۆ کەسێ توانای هەبێ ئەم ئاسمانان و زەمینەی داهێنا بێ، توانای نییە وێنەیان دروس کاتەوە؟ ئارێ لە وزەیدا هەیە و وەدی هێنی فرەزانا هەر خۆیەتی.
(٨٢) هەرگا هەر شتێکی بۆی پەیدا ببێ، بەفەرمان پێی ئێژێ: ببە! هەر دەس بەجێ پەیدا دەبێ.
(٨٣) پاکی و بێ عەیبی بۆ کەسێ کە هەموو شت لە ژێر فەرمانی ئەودایە و، هەر بۆ لای ئەو دەوهێننەوە.

سافات

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سوێند بەوانەی بۆ ڕێزبەستن لە لای یەکتر ڕادەوەستن،
(٢) سوێند بەوانەی لە ناڕەوا پێشی دەگرن،
(٣) سوێند بەوانەی قورعان خوێنن،
(٤) خودای ئێوە هەر یەکێکە.
(٥) پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینە و هەرچی لە ناویاندا هەیە و پەروەرێنی ڕۆژلاتان.
(٦) ئێمە عاسمانی نزیکمان بە ئەستێران ڕازاندەوە.
(٧) لە گش شەیتانێ نافەرمانیشمان پاراست.
(٨) [ئیتر] لە باڵانشینان کۆڵە ناکەن و لە گش لاوە ڕاو دەنرێن.

(٩) هەتا دووریان بخەنەوە و هەمیشەش ئازاریان هەیە.
(١٠) مەگین ئەوەی - هەر لە پڕ - شتێ ڕفێنێ؛ ئەویش بڵێسەی گڕێکی شوێن دەکەوێ.
(١١) سا تۆ لەوانە بپرسە: ئاخۆ ئافراندنی ئەوان گرینگترە، یان ئەوانەی ئێمە وەدیمان هێناون؟ ئێمە ماکی ئەوانیشمان لە قوڕێکی پندری پێکەوە لکاو داڕژتووە.
(١٢) تۆ لەوەدا سەیر ماوی و ئەوان حەنەکێ خۆ دەکەن.
(١٣) ئەگەر نەسیحەتیش بکرێن، نەسیحەت دەگوێ ناگرن.
(١٤) هەر نیشانەیەک دەبینن، دەخوازن گەمەی پێ بدرێ.
(١٥) ئێژن: ئەمە جادووە و هیچی تر نییە.
(١٦) ئاخۆ ئێمە - کە مردین و بووینە خۆڵ و چەند پێشەیەک - ژنوو زیندوو دەکرێینەوە؟
(١٧) وێڕای باب و باپیرانمان؟
(١٨) بێژە: ئارێ و، ئێوە ملکەچ و زەبوونن.
(١٩) تەنیا تێرا خوڕینێکە و ئەوسا هەر خۆیان دەڕوانن.
(٢٠) ئێژن: هەی ماڵ وێران خۆمان! ئەمە ڕۆژەکەی سەڵایە.
(٢١) بەڵێ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە پاک و پیس هەڵداوێرن و ئێوە پڕواتان نەدەکرد.
(٢٢) ئەوانە لێک کۆ کەنەوە کە ناهەقی پیشە بوون و لفی وان و ئەوانەش کە دەیانپەرست،
(٢٣) غەیرەز خودا. ئەوسا ڕێگەی جەهەندەمیان پێ نیشان دەن!
(٢٤) ڕاشیان بگرن! دەبێ پرسیاریان لێ بکرێ.
(٢٥) چیتانە، بۆچی دەهانای یەکتر نایەن؟!
(٢٦) ئەمڕۆ هەموو بێدەنگ و ملکەچ وێستاون.
(٢٧) هێندێ لەوان ڕوو لە هێندێکان دەکەن و لێک دەپرسن.
(٢٨) ئێژن: بە نێوی خێرخوازی، ئێمەتان لە ڕێگە لادا.
(٢٩) ئێژن: نەخێر، هەر خۆتان پڕواتان نەبوو.
(٣٠) زۆرێکمان لەسەرتان نەبووە، بەڵکوو خۆتان کۆمەڵێکی سەربزێو بوون.
(٣١) وا گفتی پەروەرندەمان لە سەر ئێمە وەڕاست گەڕا؛ دیارە دەبێ بیشی چێژین.
(٣٢) ئێمە ئێوەمان گومڕا کرد؛ خۆشمان هەر ئەوسا گومڕا بووین.
(٣٣) گش ئەمانە – لەو ڕۆژەدا – بۆ جەزرەبەدان هاوبەشن.
(٣٤) ئێمە ئاوا جزیای تاوانباران دەدەین.
(٣٥) ئەگەر بەوانە دەوترا: غەیرەزخودا هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ، خۆیان زۆر بە زل دەزانی.
(٣٦) دەشیان درکاند: ئێمە بۆ شاعیرێکی شێت چۆن وازدێنین لەوانەی پەرستوومانن؟!
(٣٧) بەڵکوو هەرچی ئەو هاوردی، هەمووی ڕاستە و پڕواشی کرد بە پێغەمبەرانی خودا.
(٣٨) ئێوە بێ شک ئازاری بەژان دەچێژن.
(٣٩) هەر لەباتی کاری خۆتان سزا دەدرێن.
(٤٠) مەگین عەبدە ڕاست و پاکەکانی خودا؛
(٤١) بژیوی باش بۆ ئەوان دیاری کراوە؛

(٤٢) میوەجاتە و زۆریشیان ڕێز لێ دەگیرێ.
(٤٣) لە باغاتی پڕ لە هەموو خێروبێرێک.
(٤٤) لە هەمبەر یەک لە سەر تەختان ڕۆدەنیشن.
(٤٥) لەو بادەیەی کە لەچاوەی ڕەوان ڕادێ، پیاڵەیان پێدا دەگێڕن.
(٤٦) وەڕەنگ چەرمگ، هەر کەیفە بۆ وەخۆرەوان.
(٤٧) هیچ سەرێشەی تێدا نییە و ئاوەزیشیان لە بەر مەستی لە دەس نادەن.
(٤٨) ژنگەلێکی چاوگەورەیان لە لا هەیە، لە حاند نامۆ، چاو دادەخەن.
(٤٩) لووس و پاکژ وەکوو هێکی ناو هێلێنن.
(٥٠) بۆ وتووێژ ڕوویان دەکەنە یەکتری.
(٥١) یەکێ لەو ناوەدا ئێژێ: ئەمن هەمدەمێکم هەبوو.
(٥٢) لێی دەپرسیم تۆش لەوانەی کە باوەڕیان بە خوا هەیە؟
(٥٣) ئاخۆ ئەگەر ئێمە مردین، بووینە ئاخ و چەند هەستی یەک، هەر حیسابمان لێ دەکێشن؟
(٥٤) پرسی: ئاخۆ هیچ ئاگایەکتان لێ هەیە؟
(٥٥) ئەوسا خۆشی چاوی گێڕا، لەدووڕ جەهەندەمدا دیتی.
(٥٦) گوتی: بە خوا، هەر وەخت بوو لە بەینم بەری.
(٥٧) ئەگەر چاکەی پەروەرندەی من نەبووایە، ئێستا منیش وێڕای تۆ بووم.
(٥٨) تۆ بزانە کە ئێمە تازە نامرین؛
(٥٩) جیا لە مردنی پێشوومان. هیچ ئازاردانیشمان نییە.
(٦٠) کە ئەمەش بەختەوەرییەکی زۆر مەزنە.
(٦١) ئەشێ بۆ پاداشی وەها خەبات بکەن، ئەو کەسانەی خەباتکارن.
(٦٢) ئاخۆ ئەم پەزێراییە هێژاترە، یاخۆ دارەکەی ژەقنەمووت؟!
(٦٣) ئەومان کردۆتە بەڵایەک، بۆگرۆی ناهەقیکاران.
(٦٤) ئەو دارێکە لەدوڕ تەختی دۆژەهەوە دێتە دەرێ.
(٦٥) بەرێک دەدا، لە بیچمی کەللەسەرانی شەیاتین.
(٦٦) دۆژەهیەکان لەو دەخۆن و عوریانی پێ دەماسێنن.
(٦٧) پاشان لەسەر ئەوخۆراکە لیخناوێکی هەرەگەرم دەخۆنەوە.
(٦٨) پاشان هەر گڕ دەخۆنەوە بۆ ناو دۆژەه.
(٦٩) ئەوان دیتیان کە باو باپیرانیان گومڕان؛
(٧٠) بۆیە وا – بە هەڵەداوان – بە شوێن ئەواندا پەل دەبن.
(٧١) بەرلەوانیش زۆربەی زۆری پێشینەکانیان گومڕا بوون.
(٧٢) زۆریشمان ترس وەبەرهێن نارده ناویان.
(٧٣) دەڕوانە – لە دواجاردا – ئەوانەی ترسێندرا بوون، چییان بەسەرهات.
(٧٤) جیا لەوانەی بە دڵپاکی خوایان پەرست.
(٧٥) نووحیش هاواری بۆ هێنایین؛ زۆر باشی دەفریا کەوتین.
(٧٦) خۆی و کەس و کارەکەیمان لە خەمی گەورە ڕزگار کرد.
(٧٧) تەنیا بەرەو تۆرەمەی ئەومان هێشتەوە.
(٧٨) وامان کرد بەرەی دوای ئەویش، هەر ناوی بەچاکە بەرن.
(٧٩) سڵاو لە نوح لە سەرانسەری دنیادا.
(٨٠) ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.
(٨١) ئەو یەکێ بوو لەو عەبدانەم کە پڕوایان پێ هێناوم.

(٨٢) پاشان ئەوەکانی ترمان وەبن ئاو دا.
(٨٣) ئیبڕاهیمیش لە شوێن کەوتووانی ئەو بوو.
(٨٤) ئەوسا بە دڵی پاکەوە هاتە لای پەروەرندەی خۆی.
(٨٥) بە ئاپی و هۆزەکەی خۆی گوت: ئەوە چین دەیان پەرستن؟
(٨٦) گەرەکتانە لەبری خوداپەرستنێ، ئەو شتانە بپەرستن؟!
(٨٧) ئاخۆ ئێوە سەبارەت بە پەروەرێنی هەموو دنیا بیروبڕواتان چلۆنە؟
(٨٨) ئەوسا هەرخۆی دەئەستێرانی هەڵڕوانی.
(٨٩) گوتی: بێ سۆ من نەخۆشم.
(٩٠) سا ئەوان لێی تەکینەوە و پشتیان تێکرد.
(٩١) پەنامەکی خۆی گەیاندە بتەکانیان؛ لێی پرسین: ئێوە بۆ ناخۆن؟!
(٩٢) چیتانە بۆ قسان ناکەن؟!
(٩٣) پەنامەکی بە دەستی ڕاست مستێکی تێ سرەواندن.
(٩٤) هۆزەکەی بە هەڵەداوان لێی وەکۆ بوون.
(٩٥) گوتی: ئاخۆ ئێوە شتێ دەپەرستن، کە هەرخۆتان دای دەتاشن؟
(٩٦) کە هەر خوایە، ئێوەش و کردەوەتانی وەدی هێنا.
(٩٧) گوتیان: شورەدیوارێکی بۆ هەڵنەچنن؛ ئەوسا دەئاگری باوێن.
(٩٨) گەرەکیان بوو گەڕێکی تێ بهاڵێنن، ئێمە پتر ژێرمان خستن.
(٩٩) گوتی: وا من ڕوو دەکەمە پەروەرندەم؛ بەم زووانە بەرەو خۆی شارەزام دەکا.
(١٠٠) پەروەرندەم! فرزەندێکی ئاکارچاکم پێ ببەخشە.
(١٠١) ئەوسا ئێمە بە لاوێکی لەسەرخۆ مژدەمان پێ دا.
(١٠٢) کاتێ گەییشتە تەمەنێک کە وێڕای ئەو خەبات بکا، گوتی: ئەی کوڕیژگەی خۆم! من لەخەونمدا وام دیوە تۆ سەر دەبڕم؛ خۆت چۆنی لێک دەدەیەوە؟ گوتی: بابۆ! هەرشتێ پێت سپێراوە بە جێی بێنە؛ خوا حەز بکا، بەم زووانە تێ دەگەی کە منیش لە خۆڕاگرانم.
(١٠٣) وەختێ هەردوو بڕیاری خوایان سەلماند و لەسەر ئەنی تخێڵی کرد،
(١٠٤) گازین کردێ: ئەی ئیبڕاهیم!
(١٠٥) ئەوا خەونەکەت وەدی هات؛ ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.
(١٠٦) دیارە ئەمە ئەزموونێکی ئاشکرا بوو.
(١٠٧) ئێمە ئەومان بە قوربانیەکی هەرە گەورە کڕییەوە.
(١٠٨) وەشمان کرد بەرەی دوای ئەویش هەر ناوی بە چاکە بەرن.
(١٠٩) سڵاو لەسەر ئیبڕاهیم بێ.
(١١٠) ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.
(١١١) بەڕاستی ئەو یەکێ بوو لە عەبدە بڕوادارەکانمان.
(١١٢) مژدەی ئیسحاقیشمان پێدا، کە دەبێتە پێغەمبەرێکی ژێهاتی.
(١١٣) بەرەکەتمان دا بە خۆی و بەئیسحاقیش. لە ناو تۆرەمەکەیاندا هێندێکیان ئاکارچاک بوون و تێشیاندا بوون بە ئاشکرا غەدریان لە خۆیان دەکرد.
(١١٤) دەربارەی مووسا و هاڕوونیش چاکەمان کرد.
(١١٥) خۆیان و هۆزەکەیانمان لە چۆرتمی زل ڕزگار کرد.
(١١٦) بۆ خۆمان یاریدەمان دان کە سەرکەوتن.
(١١٧) ئەوکتێبەشمان بەوان دا، کە هەموو شت دیاری دەکا.
(١١٨) ڕێگەی ڕاستیشمان نیشان دان.

(١١٩) وامان کرد لە دواڕۆژیشدا هەر ناویان بە چاکە ببرێ.
(١٢٠) سڵاو لە سەر مووسا و هاڕوون.
(١٢١) ئێمە ئاوا چاکەکاران پاداش دەدەین.
(١٢٢) هەر دووکیان لەو عەبدانەم بوون کە باوەڕیان پێ هێناوم.
(١٢٣) بێ گومانە کە ئەلیاسیش یەکێ لە پێغەمبەرانە.
(١٢٤) ئەوسا بە هۆزەکەی خۆی گوت: بۆچ شەرم لە خودا ناکەن؟
(١٢٥) «بەعل» [بتە] دەپەرستن؛ لە چاکترین وەدی هێنەر دەتەکنەوە؟
(١٢٦) لە خوا کە پەروەرێنتانە و پەروەرێنی باڤەکانی پێشووشتانە.
(١٢٧) سا باوەڕیان پێ نەکرد و دێنە بەر لێ پرسینەوە.
(١٢٨) مەگین عەبدە ڕاست و پاکەکانی خودا.
(١٢٩) وامان کرد لەدواڕۆژیشدا هەر ناوی بەچاکە ببرێ.
(١٣٠) سڵاوی مە لەسەر ئەلیاس.
(١٣١) ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.
(١٣٢) ئەو یەکێ بوو لەو عەبدانەم کە باوەڕی پێ هێناوم.
(١٣٣) لووتیش لە پێغەمبەران بوو.
(١٣٤) خۆی و کەس و کاریشین وێکڕا ڕزگار کرد.
(١٣٥) مەگین تەنیا پیرێژنێک کە لای بە جێ ماوەکان ما.
(١٣٦) پاشان هەموومان قڕ کردن.
(١٣٧) بێ سۆ ئێوە لای بەیانی، بەلایاندا ڕادەبوورن؛
(١٣٨) یان شەوانە. چۆن لەو ڕووداوە تێ ناگەن؟!
(١٣٩) یوونسیش هەر یەکێک بوو لە پێغەمبەران؛
(١٤٠) کە ڕای کردە ناو گەمی پڕ.
(١٤١) لە پشک خستن بەشدار بوو؛ ئەو دۆڕاندی.
(١٤٢) ئەوسا ماسییەکی زەلام، هەڵی لووشی و بۆ خۆی سەرکۆنەی خۆی دەکرد.
(١٤٣) سا ئەگەر ئەو پاکی خودای نەگووتبایە،
(١٤٤) تا ڕۆژێ سەڵا ڕادەبوو، لە وڕگیدا دەمایەوە.
(١٤٥) فڕێمان دایە دەشتێکی چۆڵ و قاقڕ؛ نەخۆشیش بوو.
(١٤٦) ئەوسا پڕکەی کوندرێکمان لە لا شین کرد.
(١٤٧) ناردمانە ناو سەد هەزاران یان زێدەتر.
(١٤٨) هەموو پڕوایان پێ هێنا و تا ماوەیەک ژیانێکی خۆشمان پێدان.
(١٤٩) دەسا تۆ لەوانە پرسە: تۆبێژی پەروەرندەی تۆ کیژی هەن و ئی وان کوڕن؟!
(١٥٠) یان لەوێ بوون کە ئێمە فرشتەکانمان مێ دروس کرد؟
(١٥١) باش بزانە، هەرچی دەیڵێن هەر درۆیان هەڵدەبەستن؛
(١٥٢) کە: خودا مناڵی بووە. بێ گومانە درۆزنن.
(١٥٣) ئاخۆ ئەو بەجێ کوڕ، کچی بژاردووە؟
(١٥٤) چیتانە، چۆن پێ ڕادەگەن؟
(١٥٥) ئاخۆ هیچ بیر ناکەنەوە؟
(١٥٦) یان بەڵگەیەکی پتەوتان لە لا هەیە؟
(١٥٧) ئەگەر قسەی ئێوە ڕاستە، سا کتێبی خۆتان بێنن.

(١٥٨) جنۆکەیان دەگەڵ خودا کردە خزم؛ جنۆکانیش باش دەزانن ئەوانە دەهێننە بەرێ.
(١٥٩) خودا دوورە لەو باسانەی ئەوان دەیکەن.
(١٦٠) مەگین ئەوی بە دڵپاکی عەبدایەتی خودا دەکەن.
(١٦١) سا وا ئێوە و ئەوانەی دەیانپەرستن،
(١٦٢) کەستان بۆ بت بە فریو ناچێ؛
(١٦٣) مەگین ئەوی دەچێتە نێو دۆزەقەوە.
(١٦٤) لە ئێمەدا هەر کامێکمان جێگەی بۆ دیاری کراوە.
(١٦٥) ئێمەین کە بۆ خواپەرستی ڕێز دەبەستین.
(١٦٦) ئێمەین هەرگیز لە تاریفی ڕاناوەستین.
(١٦٧) ئەوانیش خۆ هەر دەیانگوت:
(١٦٨) ئەگەر ئێمەش لە لایەن پێشینانەوە، کتێبی خۆمان بۆمابا،
(١٦٩) ئێستا لە عەبدە دڵپاکەکانی خوا بووین.
(١٧٠) لەکتێبی خوا حاشایان کرد؛ زۆر ناخایەنێ دەزانن.
(١٧١) بێ گومانە بە ڕێش قسەکانی ئێمە – سەبارەت بە عەبدە ناردراوەکانمان – بە مەردم ڕاگەیەنراوە:
(١٧٢) کە هەر ئەوان یاری دەدرێن.
(١٧٣) دیاریشە هەر سوپای ئێمە سەردەکەوێ.
(١٧٤) سا تۆ وازیان لێ بێنە هەتا ماوەیەک.
(١٧٥) جا بیان بینە؛ ئەوانیش خۆ دەبیننەوە.
(١٧٦) دەیانەوێ کە زووتر ئازاریان بدەین؟
(١٧٧) هەر کاتێکی بێتە خوار و بەری درگایان لێ بگرێ، سپێدەی ترسێندراوان، ئەوسا گەلێ خراپ دەبێ.
(١٧٨) تۆ لەوانەش هەتا ماوەیەک واز بێنە.
(١٧٩) جا ببینە، ئەوانیش خۆ دەبیننەوە.
(١٨٠) پاکی بۆ پەروەرندەی تۆ؛ هەرخۆی خاوەن دەستەڵاتە و لەو قسانەی کە ئەوان دەرپارەی دەکەن، گەلێ دوورە.
(١٨١) سڵاویش لە پێغەمبەران.
(١٨٢) سوپاسیش بۆ ڕاهێنەری هەموو دنیا.

ساد

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ساد. بەم قورعانە کە پڕ لە ئامۆژگارییە [و دەبێ پەندی لێ وەرگیرێ].
(٢) بەڵام خودانەناسەکان، خۆیان بە زل دەزانن و هەر خەریکی دژایەتین.
(٣) پێش ئەمانەش زۆر بەرەمان لە ناو بردن؛ جا ئەوانە هاواریان کرد؛ بەڵام دەرفەت لەدەس چوو بوو.

(٤) ئەمەیان پێ سەیر بووە کە پێغەمبەرێکیان لە خۆیان بۆ هاتووە و ترسی خوایان وەبەر دەنێ؛ خودانەناسەکان گوتیان: ببێ نەبێ، ئەم کابرایە جادووگەرێ درۆزنە.
(٥) چۆن دەیەوێ لەجێی ئەو هەموو بتانەی دەتانپەرست، هەر خودایەک بپەرستن؟ ئەمە زۆر شتێکی سەیرە.
(٦) کەڵەپیاوانیان کەوتنە ڕێ [وتیان پێیان:] بڕۆن و لەسەر ئەوانەی تا ئێستا پەرستووتانن، لا مەکەون و خۆڕاگر بن؛ بێ سۆ ئەمە ویستی مەیە.
(٧) ئێمە لە دینەکەی تردا شتێ وامان نەبیستووە؛ ئەمە ڕاستی تێدا نییە و هەڵبەستەیە.
(٨) چۆنە لە ناو هەموومانداا، قورئان هەر بۆ ئەو هاتووە؟ دوودڵیشن کە قورئان من ناردبێتم. هێمان ئازاری ئێمەیان نەچەشتووە.
(٩) ئاخۆ ئەوان گەنجینەکانی بەزەیی پەروەرندەی بەدەستەڵات و دڵاوای تۆیان لایە؟
(١٠) یان ئاسمانان و زەمین و هەرچی لە ناویاندا هەیە، دە بەردەستی ئەوان دایە؟ دەسا با پەیژە دانێن و بێنە سەرێ.
(١١) ئەوانە لەشکرێکن لە کۆمەڵەکان کە لەوێندەرێ تێ دەشکێن.
(١٢) بەرلەمانەش هۆزی نووح و هۆزی عاد و فیرعەونی چوارنیخەکێشیش هەر پڕوایان بە پێغەمبەران نەهێنا.
(١٣) هۆزی سەموود، هۆزی لووت و خەڵکی ناو لێرەوارەکەش، هەر لەو بێ باوەڕانە بوون.
(١٤) گش ئەوانە پێغەمبەرەکانی خۆیان بەلاوە درۆزن بووە و هێژای تۆڵە لێ ساندن بوون.
(١٥) ئەوانە هەر چاوەنۆڕن تا لە نەکاو گرمینێ وا پەیدا دەبێ، کە تەنانەت بەشی هەنیسک دانێکیش وچان نادا.
(١٦) هەر دەڵێن: ئەی پەروەرێنمان! بەر لەوە ڕۆژی قیامەت بێ، پسوولەی خۆمان بدەیە.
(١٧) هەرچی دەیڵێن با بیڵێن، تۆ خۆڕاگربە و داوود وەبیرخۆت بێنەوە؛ کە عەبدێکی بەدەستەڵاتی ئێمە بوو؛ لە هەر کارێ پەشیمانی ڕووی تێ دەکرد، هەر پەنای بە ئێمە دێنا.
(١٨) کێواتیشمان فێر کردبوو، کە وێرای ئەو سەرلەنگۆرە و لە کاتی تاو هەڵاتندا، هەر تاریفی خودا بکەن.
(١٩) مەلانیش کۆمەڵ دەبوون و گشتیان بەرەو ئەو دەهاتن.
(٢٠) ئێمە فەرمانڕەواییمان ب ۆپتەو کرد؛ لە کارزانیندا بەشمان دا و بە قسەی ئەو، هەموو کێشە کۆتا دەبوون.
(٢١) ئەتۆ دەنگوباسی ئەو دادبەرانەت بیست، کە لەشوورەی نوێژگەکەیەوە سەرکەوتن؟
(٢٢) کە لە داوود وەژوورکەوتن، لێان ترسا. گوتیان: نیگەرانیت نەبێ، دوو دادبەرین؛ یەک لە ئێمە غەدری لەوی تر کردووە؛ چۆن ڕەوایە ئاوا بە ناومان ڕابگە و لە دەستووری خوا لا مەدە و ڕاستەڕێمان نیشان بدە.
(٢٣) ئەم برایەم نەوەد و نۆ پەزی هەیە و من تەنیا پەزێکم هەیە. گوتی: بە منی بسپێرە و، لە کێشەدا من دەرۆستی ئەو نەهاتم.

(٢٤) گوتی: ئەو کە پەزەکەی تۆ دەخاتە ناو پەزەکانی، غەدرێ دەکا. زۆر شەریکە ماڵی تریش فێڵێ لە یەکتری دەکەن؛ مەگین ئەوی باوەڕیان بە خودا هەیە و ئاکارچاکن؛ ئەویش کەمن. داوود زانی ئەزموومانە؛ ئیتر تووش پەشیمانی هات؛ سوژدەی برد و لە پەروەرندەی پاڕاوە کە بیبەخشێ.
(٢٥) ئێمە لەو هەڵەی بەخشیمان؛ لە نزیکانی خۆمانە و گەڕانەوەی چاکی هەیە.
(٢٦) ئەی داوود! جێ نشینیمان لەسەر زەمین داوە بە تۆ؛ بە تەرزێکی خوداپەسند، بە کاری مەردم ڕابگە و شوێن ئارەزووی خۆت مەکەوە؛ کە لە ڕێی خودا لات بدا. ئەو کەسانەی لە ڕێی خودا دەردەکەون، چونکە قیامەتیان لە بیر چوو، جەزرەبەی توند و تیژیان هەس.
(٢٧) ئێمە ئاسمان و زەویمان – ئەوەش کە لە بەینیاندایە – بە خۆڕایی دروس نەکرد؛ ئەو کەسانەی وا بیر دەکەن، خوانەناسن. های لەوانەی خوانەناسن، بۆ ئەو ئاگرەی دەیچنێ!
(٢٨) ئاخۆ ئێمە ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، هەر وەک ئەمانە دادەنێین کە لەم هەردەدا بەدفەڕن؟ یاخۆ ئێمە خۆپارێزان وەک گوناهباران دەژمێرین؟
(٢٩) ئەم قورعانە پڕ لە پیت وپیرۆزەمان بە خەڵات بۆ تۆ ناردە خوار، تا لەسەر نیشانەکانی ڕابمێنن و خاوەن دڵان ئامۆژگاری لێ وەرگرن.
(٣٠) سولەیمانمان بەخەڵات بەخشی بەداوود. ئای کەچەند عەبدێکی باش بوو! هەمیشە هەر ڕووی دەمەبوو.
(٣١) سەرلەنگۆرێ وەختێ ئەسپانی ڕەسەنیان لە بەر چاوانی ڕادەنا،
(٣٢) گوتی: ئەوینی ڕەوەکەم یادی خودای لە بیر بردم؛ تا خۆر لە ئاسۆ نەدیو بوو.
(٣٣) بیان گێڕنەوە. ئەوسا بە تیخ، مچوون و ملیان پەڕاندن [و کرانە خێر].
(٣٤) ئێمە سولەیمانیشمان تاقی کردەوە و لاشەیەکمان هاویشتە بان کورسیەکەی و دیسان هەر ڕووی کردە ئێمە.
(٣٥) گوتی: ئەی پەروەرندەکەم! عافووم بکە و سامانێکی وام بدەیە کە لە دوای من گیر هیچ کەسی تر نەکەوێ؛ بەخشەندەی هەرە گەورە تۆی.
(٣٦) ئێمەش بامان بۆ کەوی کرد؛ بە فەرمانی ئەو – بە نەرمی – بۆ هەر کوێیەک بیویستایە دەکەوتە ڕێ.
(٣٧) هەموو جسنە شەیاتینی پاڵە لە قورەکاریدا و بینەکێشیش،
(٣٨) هێندێ تریش – کە تۆق لە مل – هاتبوونە بەر فەرمانی.
(٣٩) سامانێکمان پێ بەخشیوی کە لە ژمارە دەرچووە؛ سا تۆیان چاکەی لێ بکە، یان ڕای بگرە.
(٤٠) سولەیمانیش لە نزیکانی خۆمانە و گەڕانەوەی چاکی هەیە.
(٤١) لە ئەییوبیش – کە لە عەبدانی ئێمە بوو – بیر بکەوە. لەو کاتەدا کە هاواری بۆ پەروەرندەی خۆی هێنا: ئەوا شەیتان منی تووشی ئازار و لەش بەباری کرد.
(٤٢) پای خۆت بوکتە بە زەمینا، کە ئەمە سەرچاوەیەکە بۆ مەلەکردن دەست دەدا و چایگیشە، دەشکرێ لێی بخۆیەوە.
(٤٣) لە بەزەیی خۆمانەوە، ورد و درشتی خێزانی و هێندەی تریشمان پێ بەخشی؛ تا بیێتە بیرەوەری بۆ هەموو خاوەن ئاوەزان.
(٤٤) قولێ تولّی ور دو زراو بگرە دەستت و پێ لێدە، با سوێندەکەت لێ نەکەوێ. ئێمە ئەومان بە پیاوێکی بە حەوسەلە هاتە بەرچاو؛ عەبدی چاک بوو؛ بە ڕاستی ئەو تۆبەکار بوو.

(٤٥) عەبدەکانمان: ئیبڕاهیم و ئیسحاق و یەعقووبیش وەبیر بێرانەوە؛ کە هەموویان خاوەن دەست و دڵ ڕۆشن بوون.
(٤٦) چونکە هەمیشە قیامەتیان وەبیر خەڵک دێنایەوە، بوونە دۆستی تایبەتیمان.
(٤٧) ئەوان بەلای ئێمەوە لە هەڵبژاردە چاکەکانن.
(٤٨) ئیسماعیل و زەلکیفل و ئەلیەسەعیشت لە بیر نەچێ؛ هەموویان لە پیاوچاکانن.
(٤٩) ئەمە بۆ بیرەوەریەکە و؛ ئەوانەی خودێ ترس بوون، لەو دنیا جێگەیان خۆشە.
(٥٠) باغاتێکە نەمانی بەسەردا نایە و دەرگایان بۆ کراوەتەوە.
(٥١) لەوێ پاڵیان داوەتەوە؛ هەر میوە و ڤەخارنێکی ئارەزوو کەن، داوای دەکەن.
(٥٢) زۆر مێوینەی هاوتەمەنیان لە لا هەیە، لە ڕووی نامۆ چاو دادەخەن.
(٥٣) ئەمانە هەر ئەو شتانەن کە بەڵێنتان پێدرا بوو؛ ڕۆژی قیامەتێ دەوەدەنێ.
(٥٤) ئەمە بژیوی ئێمەیە و هەرگیز وشکاویشی نایە.
(٥٥) ئەمە ئاوا. ئەو کەسانەش کە لە ڕێی ئێمە لا دەدەن، دێنەوە شوێنێ زۆر خراپ.
(٥٦) دوږدۆزەقە و شوێنێکی زۆر نالەبارە.
(٥٧) با دەوێدا ئاوا کەلی و کێم و زووخاو بخۆنەوە.
(٥٨) هەر لەم تەرزە جەزرەبانە، چەندین وێنەی تریش هەیە.
(٥٩) ئەم گرۆیەش کە هەر بە زۆر دەگەڵ ئێوە دێنە ناوی؛ ئای بە خێر نەیەن! ئەوانیش ئەشێ هەر لە ئاگردا بن.
(٦٠) ئێژن: خۆتان بە خێر نەیەن! ئێوەن پێشەکی ئەو شوێنە خراپە و بۆ مە ڕەچاو کرد. ئەنوایەکی زۆر خراپە!
(٦١) ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! کێ پێشەکی ئەمەی بۆ ئێمە ساز داوە، تۆ دووسەرە بە ئاگر جەزرەبەی بدە.
(٦٢) دەشڵێن: ئاخۆ ئەو پیاوانەی بە پیاوخراپمان دەژماردن، بۆچ نابینین؟
(٦٣) کە گاڵتەمان پێ دەکردن؛ یان چاو لە دیتنیان کولە؟
(٦٤) ئەم کێشەی ئەهلی دۆژهە ڕاستە و ئەشێ هەر وەدی بێ.
(٦٥) بێژە: من خۆم هەر تەنیا ترسێنەرێکم؛ غەیرەز خودای تاک و تەنیای زاڵ بە سەر هەموو شتێکدا، هیچ شت بۆ پەرستن ناشێ.
(٦٦) پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینە و هەرچی ل ەنێوانیان دایە، کۆڵ نەدەر و لێ بوردەیە.
(٦٧) بێژە: ئەمە خەبەرێکی زۆر گرینگە؛
(٦٨) کە ئێوە خۆی لێ دەبوێرن.
(٦٩) کاتێ باڵانشینەکان بناشتیان لە ناو پەیدا بوو، من هیچم لێ نەزانیوە.
(٧٠) بۆیە پێم ڕادەگەیەنرێ، چونکە دەبێ ترس وەبەر ئێوە بێنم.
(٧١) کاتێ کە پەروەرێنی تۆ بە فریشتەکانی ڕاگەیاند: وا خەریکم مرۆیەک لە قور چێ بکەم؛
(٧٢) هەرگا لەشیم تەواو کرد و لە گیانی خۆم فووم پێدا کرد، هەمووتان سوژدەی بۆ بەرن.
(٧٣) ئەوسا فریشتەکان گشتیان سوژدەیان برد؛
(٧٤) ئیبلیس نەبێ. خۆی بە زل دی و سپڵەیی کرد.

(٧٥) گوتی: ئەی ئیبلیس! چی نەیهێشت سوژدە بەریە بەر ئەوەی دەستکردی خۆمە؟ ئاخۆ فیزت ڕێگەی نەدای، یان لە پایەبەرزەکانی؟
(٧٦) گوتی: دیارە من خۆم لەو چاکتر دەزانم، من لە ئاگر، ئەوت لە قوڕ وەدی هێنا.
(٧٧) گوتی: لێرە بڕۆ دەرێ، لە ئێستەوە دەرکراوی؛
(٧٨) نەفرینی منت لەسەر بێ، تا ڕۆژێ سەڵا ڕادەبێ.
(٧٩) گوتی: ئەی پەروەرندەی من! قانم بدە تا ڕۆژەکەی کە هەموو زیندوو دەبنەوە.
(٨٠) گوتی: تۆ یەکێ لەوانەی کە مەودایان پێدراوە؛
(٨١) هەتا ئەو ڕۆژە و ئەو کاتەی دیاری کراو.
(٨٢) گوتی: دەسا سوێند بە دەستەڵاتی تۆ، سەرلەبەریان گومڕا دەکەم؛
(٨٣) مەگین ئەوانەی بە پاکی دەت پەرستن.
(٨٤) گوتی: سا ڕاست هەر ئەمەیە و هەرچی من دەبێژم ڕاستە.
(٨٥) دڵنیابە، تۆش و هەموو ئەو کەسانەی شوێن تۆ کەوتوون، جەهەندەمتان لێ پڕدەکەم.
(٨٦) بێژە: من هیچ پاداشێکم لێتان ناوێ؛ لەوانەش نیم کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن.
(٨٧) ئەمە بیرەوەری و پەندە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.
(٨٨) بێ گومانە پاش ماوەیەک دەنگوباسی ڕاستی ئەوتان بەلاوە ڕوون دەبێتەوە.

زومەر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەم کتێبە لە خوای خاوەن دەستەڵات و لە کارزانە و هاتۆتە خوار.
(٢) مە ئەم کتێبەمان بە ڕاستی بۆ تۆ نارد. سا تۆ هەر خوا بپەرستە و بە دڵپاکی هەر لەسەر دینەکەی ئەو بە.
(٣) تۆ بزانە دینی پاکژ هەر هی خوایە و ئەو کەسانەی کە بە جێ ئە و گەورەگەلێکیان بۆ خۆیان دیوەتەوە، ئێژن: ئێمە هەر بۆیە دەیانپەرستین، لە خوا نزیکمان کەنەوە. خودا بە \و دووبەرەکایەتییە ڕادەگا، کە لە ناو ئەواندا هەیە. دیارە خودا مرۆی درۆزنی سپڵە، بەرەو خۆی شارەزا ناکا.
(٤) ئەگەر خودا بیویستایە فرزەندێ بۆ خۆ پەیدا کا، لەو خەڵکەی دروستیان دەکا بە مەیلی خۆی هەڵی دەبژارد. پاکی و بێ عەیبی بۆ ئەوە. هەر ئەوە خوای تاک و تەنیای زاڵ بەسەر هەموو شتێکا.
(٥) عاسمانەکان و زەمینی بە ڕاست ئەو وەدی هێناوە و شەوێ دەڕۆژێ دەپێچێ و ڕۆژ دەشەوێ؛ خۆر و هەیڤیشی کەوی کرد؛ هەرکامی تا کاتی دیاردە دێن و دەچن. باش بزانن! بە دەستەڵات و خەتاپۆش هەر خۆیەتی.

(٦) ئێوەی هەر لە تاقە کەسێک هێنایەدی و ژنەکەشی هەر لە ماکی ئەو دروس کرد. هەشت وڵفیشی لە پاتاڵ بۆ وەدی هێنان. ئێوەش ئاوا دروس دەکا، کە لە زگی دایکانوودا – جار لە دوو جار – لە سێ قۆناغی تاریکدا، هەڵگێڕ وەرگێڕتان پێ دەکا. ئەوە خودای پەروەرێنتان؛ فەرمان هەر لە دەستی ئەودا و لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. جا کەوایە بەرەو کوێتان وەردەگێڕن؟
(٧) ئەگەر بە چاکە نازانن، خوا لە ئێوە بێ نیازە و بە پێ نەزانی عەبدانی ڕازی نابێ. ئەگەر چاکە و دەچاودا بێ، لێو ڕازیە. کەسیش باری گرانی کەس وەستۆ ناگرێ. لەمەولاوە هەموو لاتان بۆ لای پەروەرندەی خۆتان دەهێنێتەوە و پێتان ئێژێ چیتان دەکرد. لە نهێنی ناودڵانیش ئاگادارە.
(٨) ئەم مرۆیە کە تەنگانێکی دەگاتێ، ڕوو هەر لە خودا دەکات و لەبەری دەپاڕێتەوە. هەرکاتێکیش لە خۆیەوڕا بەهرەیەکی بە ئەو گەیاند، لە بیر دەکا کە دەپێشدا لە بەری پاڕاوەتەوە و شەریکانێک بۆ خودا دەدۆزێتەوە، تا خەڵکی پێ گومڕا کا. بێژە: بەو سپڵەییەتەوە، کەمێکی تریش ڕابوێرە؛ بێ گومانە تۆ لە یارانی ئاگری.
(٩) ئاخۆ ئەمە وەل کەسێکا کە شەوگاران ڕوو بە خودا ڕاوەستاوە و سوژدە دەبا و بەرفەرمانە و لە ڕۆژی سەڵا دەترسێ و هیوای وایە بەر بەزەیی پەروەرندەی خۆی بکەوێ، وەکوو یەکە؟ بێژە: ئاخۆ زانا و نەزان بەرانبەرن؟ هەر ئەوانەی بە دڵ زیندوون، دەتوانن بیر بکەنەوە.
(١٠) بێژە: ئەی عەبدەکانی من! ئەی ئەوانەی خاوەن بڕوان! لە پەروەرندەو بترسن؛ بۆ ئەوانەی لە ژیانی ئەم دنیایەدا چاکەیان کرد، چاکە هەیە و زەمینی خودا فرەهە. بێ گومانە ئەو کەسانەی خۆڕاگرن، بە تەواوی و بە بێ حیساب پاداشی خۆیان وەردەگرن.
(١١) بێژە: من پێم سپێراوە هەر یەک خودا بپەرستم و بە پاکژی هەر لەسەر دینەکەی ئەو بم.
(١٢) فەرمانیشم پێدراوە کە یەکەمین موسوڵمان بم.
(١٣) بێژە: ئەگەر لە فەرمانی پەروەرندەی خۆم دەربچم، لە جەزرەبەی ڕۆژێکی گەورە دەترسم.
(١٤) بێژە: هەر خوداپەرستم و بە پاکژی لەسەر دینەکەی ئەو دەبم.
(١٥) ئەوسا ئێوەش – غەیرەز خودا- چیتان پەرست، بە ئارەزووی خۆتان بکەن. ئەتۆ بێژە: هەر ئەوانە زیانبارن کە لە ڕۆژی قیامەتێدا، خۆشیان و کەس و کاریشیان دەدۆڕێنن؛ دیارە ئەمە زیانێکی ئاشکرایە.
(١٦) توێ لەسەر توێ کڵپەی ئاگر- وێنەی چەتر- لەسەر ئەماندا وێستاوە؛ لە ژێریشیان هەر بەم تەرزە. خودا بەمە عەبدانی خۆی دەترسێنێ. ئەی عەبدانم! لێم بترسن.
(١٧) ئەو کەسانەی لە پەرستنی بتەکان تەکیونەوە و، بەرەو خودا گەڕاونەوە، خۆشی لەوان. سا تۆش بە عەبدەکانی من مژدە بدە.
(١٨) ئەو کەسانەی گوێ ل ەقسان ڕادەدێرن و بە شوێن چاکتریاندا دەچن، ئەوان خودا ڕێی بەرەو خۆی نیشان داون؛ ئەوانە خاوەن ئاوەزن.
(١٩) ئاخۆ کەسێ ئازاری بۆ بڕیار درا، تۆ دەتوانی – کەسێ لە ناو ئاگردا بێ – ڕزگاری کەی؟

(٢٠) بەڵام ئەوی مەترسی پەروەرندەیان لە دڵدایە، وان لە ناو چەند ئۆدەیەکدا، چین لەسەر چین ساز کراون، جۆباریان بە بەردا دەڕوا. ئەمە بەڵێنی خودایە؛ خودا هەر بەڵێنێ بیدا، لێی پەشیمان نابێتەوە.
(٢١) ئەدی نەتدی، خودا لەو بڵندایییەوە ئاو دەنێرێ و لە زەمیندا لە سەرچاوەکانەوە ڕەوانی دەکا و کشت وکاڵی هەمەڕەنگەی پێ دەڕوێنێ و پاش ماوەیەک زەرد و وشک هەڵدەگەڕێ و ئەوسا دەیکاتە پووش و پار؟ ئەوانەی خاوەن ئاوەزن، دیارە لەمە پەند وەردەگرن.
(٢٢) ئاخۆ کەسێ خودا دڵی بۆ ئیسلام گوشاد کردووە و دیارە بەر تیشکی بەزەیی پەروەرندەی خۆی کەوتووە، کەی دەبێ وەک ئەوانە بێ کە دڵڕەقن؟ هاوارە بۆ ئەو کەسانە دڵڕەقن لە یادی خودا؛ کە ئەمانە بە ئاشکرا ڕێگەی خۆیان گوم کردووە.
(٢٣) خوا چاکترین قسەی هەناردۆتە خوارێ: کتێبێ کە] قسەکانی لە جوانییا [وەکوو یەکن و هەر دووپاتەش دەکرێنەوە. ئەو کەسانەی ترسی پەروەرندەی خۆیان لە دڵدایە، لە بیستنی مچورکیان بە لەشێدا دێ و پاشان دڵ و کەلەخیان- بەیادی خودا- ئۆقرە دەگرێ. ئەمە ڕێنوێنی خوایە. کێ پێ خۆش بێ، بەرەو خۆی شارەزای دەکا؛ هەر کەسیش خوا گومڕای بکا، کەسی تر شارەزای ناکا.
(٢٤) ئاخۆ کەسێ ناچار دەبێ سزای بەژانی پەسڵانێ، بە چارەی خۆی لە خۆ لادا، دەبێ چۆن بێ؟ بە ناهەقانیش دەوترێ: دەبچێژن سزای کردەوەکەی خۆتان!
(٢٥) پێشینەکانی ئەمانیش پڕوایان بە خوا نەهێنا؛ لە شوێنێکەوە ئازاریان بۆ داباری کە هەر هەستیشیان پێ نەکرد.
(٢٦) خودا دەردی سووکایەتی لەم دنیادا پێ چەشاندن؛ گەر بزانن، دیارە ئازاری ئەو دنیا مەزن ترە.
(٢٧) وائێمە لەم قورئانەدا بۆ ئەم خەڵکە هەموو جۆرە نەزیلەمان هێنایەوە؛ شایەت پەندی لێ وەرگرن.
(٢٨) قورئانێکە بە عارەبێ و خێچ وخواری تێدا نییە؛ بەشکوو لە خودا بترسن.
(٢٩) خوا دوو مرۆ بە نموونە دێنێتەوە: یەک خولامی چەند کەسی دژ بە یەکترە، ئەوی تریان خولامی تاقە کەسێکە؛ ئاخۆ ئەم دووانە وەک یەکن؟ سوپاس بۆ خواس. بەڵام زۆربەیان نەزانن.
(٣٠) تۆش دەمری و ئەوانیش دەمرن.
(٣١) پاشان لە ڕۆژی قیامەتا کێشەی ئێوە دێتەوە لای پەروەرندەو.
(٣٢) سا کێ لەوە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵبەستێ و ئەم ڕاستەی کە بۆی هاتووە، نەی سەلمێنێ؟ ئاخۆ بۆ خودانەناسان لە دۆژەهدا جێگە نییە؟
(٣٣) ئەو کەسەی ڕاستەکەی هێنا و ڕاستی سەلماند، ئەوانە لە خوا دەترسن.
(٣٤) هەرچی خۆیان ئارەزوو کەن، پەروەرێنیان دەیان داتێ؛ پاداشی هەموو کارچاکان هەروا دەبێ.
(٣٥) هەتا خودا خراترین کارێ کەوا کردوویانە ببەخشێت و باشتر لەوەی کاری چاکیان پێک هێناوە، پاداشی خۆیان بداتێ.
(٣٦) تۆ بەوانەی غەیرەز خودان، دەترسێنن؛ مەگەر هەر خودا بەس نییە کە ئاگای لە عەبدی خۆی بێ؟ هەر کەسێکی خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێ، کەس ناتوانێ ڕێبەری بێ.

(٣٧) هەر کەسێکیش خودا شارەزای کردبێ، کەس ناتوانێ لە ڕێگەی خودا کلی کا. بۆچ نازانن خودا خاوەن دەستەڵات و تۆڵەسێنە؟
(٣٨) ئەگەر تۆ لەوانە پرسی: کێ ئەم عاسمانانە و هەردەی وەدی هێنا؟ بێگومان هەر ئێژن: خودا. بێژە: ئێوە ئەو شتانەی- غەیرەز خودا – دەی پەرستن، چۆن دەبینن؟ ئەگەر خودا گەرەکی بێ، تووشی بەڵایەکم بکا، ئاخۆ ئەوان بەڵای لە سەر من لا دەبەن؟ یان ئەگەر خوا بەر بەزەیی خۆیم بخا، ئەوان پێش لەو بەزە دەگرن؟ بێژە: من هەر خودام بەسە و خۆسپێران، خۆیان هەر بە ئەو دەسپێرن.
(٣٩) بێژە: گەلۆ! ئێوە کاری خۆتان بکەن، منیش وا کاری خۆم دەکەم؛ ئا بەم زووانەش تێ دەگەن:
(٤٠) کێیە تووشی ئازاری ئابڕووبەرە دێ و جەزرەبەی لە بنە نەهاتووی بەسەردا دێ.
(٤١) ئێمەین کە ئەم کتێبەمان بە ڕاستەکی بۆ تۆ ڕەوانە کردووە؛ کە مەردم لە سۆنگەی ئەوا شارەزا بن. هەر کەسێکی شارەزا بێ، قازانجی هەر بە خۆی دەگا و هەر کەسێکیش لە ڕێ لا دا، دژی خۆی جووڵاوەتەوە و؛ تۆ بریکاری ئەوان نی.
(٤٢) ئەوانەی کە دێنە مردن، ئەوانەش کە دەخەوڕا چوون و نەمردوون، خودایە گیانیان ڕادەگرێ؛ ئەوی دیکەش تا وەختێکی دیاری کراو دێڵێتەوە. لەمەدا زۆر نیشانە هەن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.
(٤٣) ئاخۆ غەیرەز خودا تکاکارگەلێکیان بۆ خۆیان پەیدا کردووە؟ بێژە: گەرچی نە هیچ شتێکیان بەدەستە و نە تێش دەگەن؟
(٤٤) بێژە: تکا – سەرلەبەر – هەر بۆ خودایە؛ عاسمانەکان و زەمینیش هەر سەر بەون. لە ئاکامدا هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە.
(٤٥) هەرگا ناوی خودای یەکتا بە یاد بکرێ، ئەو کەسانەی باوەڕیان بەو دنیا نییە، دڵیان بەو ناوە دەشێوێ؛ ئەگەر باسی غەیرەز خودایان لا دەڵێن، وەکەیف دێن.
(٤٦) تۆبێژە: ئەی خودای مەزن! ئەی داهێنەری عاسمانەکان و زەمین! زانا بە نەدیار و دیاران! تۆی بە کاری عەبدانی خۆت ڕادەگەی و ئەو کێشەی لە ناویاندا بوو، کۆتای دەکەی.
(٤٧) ئەو کەسانەی پیشەیان ناهەقی بووە، ئەگەر هەرچی لەم سەرزەمینەدا هەیە و هێندەی تریش هی ئەوان بێ، ئەیکەنە بارتەقای خۆیان، لە جەزرەبەی خراپی ڕۆژی سەڵایە ڕزگاریان کا؛ ئەوسا شتێکی وەهایان – لەخوداوە – دێتە بەرچاو، کە هەر بیریشیان بۆی نەچووە.
(٤٨) ئەمەشیان بۆ ئاشکرا بوو کە چەند خراپەیان دەکرد؛ ئەو شتانەی ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد، دەوری گرتوون.
(٤٩) سا هەر وەختێ مرۆ تووشی بەڵایەک دێ، لە بەرمان دەپاڕێتەوە؛ پاشان ئەگەر بەهرەیەکمان پێ گەیاندن، ئێژن: هونەری خۆمانە. هیچ نازانن ئەمە ئەزموونە بۆ ئەوان؛ بەڵام دیارە زۆربەیان لە نەزانانن.
(٥٠) ئەوانەی پێش ئەوانیش بوون هەر ئەو قسەگەلیانە کرد؛ بەڵام هەرچی ئەوان کردیان، هیچ بەهرەیەکی بۆ نەدان.
(٥١) ئەوسا سزای کاری خراپی خۆیان دی. ئەو کەسانەش کە لە ناو ئەم مەردمەدا غەدر دەکەن، پاداشی خراپەی خۆیان دەدرێتەوە و ناتوانن خۆ ڕزگار بکەن.

(٥٢) چۆن هێشتا نەیانزانیوە کە بژیو بەدەست خودایە؛ بە هێندێکان زۆر دەدا و بە هێندێکان کەم؟ زۆر نیشانە لەمەدا هەن بۆ گەلێ کە پڕوای هەبێ.
(٥٣) بێژە: ئەی عەبدەکانی من! ئەی ئەوانەی کە بە لادان لە ئەندازە، ناهەقی و لەخۆ کردووە! نابێ ئێوە لە بەزەیی خوا ناهومێد بن، چونکە لە هەموو گوناهێک چاودەپۆشێ؛ ئەو لێبوردە و دلۆڤانە.
(٥٤) وەگەڕێنە لای پەروەرندەی خۆتان و خۆتان هەر بەوی بسپێرن، بەر لەوە ئازارتان بۆ بێ و کەسیش دەهاناتان نەیە.
(٥٥) بکەونە شوێن ئەو دەستوورەی پەروەرندەو بۆتانی نارد و لە هەموو شت باشترە؛ بەرلەوە ئازارتان بۆبێ - ل ەنەکاوێک – کە هەر هەستیشی پێ ناکەن.
(٥٦) نەکا ئەوسا کەسێ بڵێ: ئەی مخابن، من لە فەرمانبەری خودا درێغیم کرد؛ ڕەگەڵ گەپ پێ دەران کەوتم.
(٥٧) یان ببێژێ: ئەگەر خودا بەرەوخۆی ڕێی نیشان دابام، منیش لە پارێزگاران بووم.
(٥٨) یان وەختێ کە ئازار دەبینێ، ببێژێ: بریا بگەڕابامەوە و بچوومایە ڕێزی ئاکارچاکانەوە.
(٥٩) خۆ گەلێک لە نیشانانی منت بۆ هات؛ باوەڕیت پێیان نەهات و لە خۆبەزل زانینی خۆت، چوویە ڕێزی پێ نەزانان.
(٦٠) ڕۆژی قیامەت تۆ دەبینی ئەو کەسانەی درۆیان بۆ خوا هەڵ دەبەست، ڕوویان ڕەشە. ئاخۆ بۆ خۆبەزل زانان شوێنێک لە دۆژەهدا نییە؟
(٦١) ئەو کەسانەی خۆیان پاراست – لەبەر ئەوە بە ڕێگەی ڕزگاریدا چوون – خودا خۆی ڕزگاریان دەکا؛ نە تووشی ناخۆشی دەبن، نە خەم دەخۆن.
(٦٢) هەرچی هەیە هەموو دەسکاری خودایە و ئاگای لە هەموو شت هەیە.
(٦٣) کلیل گەلی ئاسمانەکان و زەمینێ بەدەست ئەوە. هەر ئەوانە زیانبارن کە لە نیشانەکانی خوا حاشایان کرد.
(٦٤) بێژە: ئاخۆ ئێوە لە منتان گەرەکە غەیرەز خودا شتێکی تر بپەرستم؟ ئەی نەزانان.
(٦٥) ئێمە بە تۆ و بەوانەش کە بەرلە تۆ بوون، ڕامان گەیاند؛ هەر کەسی تر بپەرستی، بێ گومانە کارەکەت لێ پووچەڵ دەبێ و لە ڕێزەی زیانبارانی.
(٦٦) تەنها خودا بپەرستە و دەگەڵ شوکربژێران بە.
(٦٧) خودایان – وەکوو پێویستە – نەناسیوە. ڕۆژی سەڵا زەمین هەموو وا لە ناو مشتی ئەودایە و ئاسمانانیش بە دەستی ئەو پێچرانەوە. خودا پاک و بەرزترە لەو شتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکی.
(٦٨) دەکەڵەشاخ دەمێندرا، ئەوسا هەرکێ لە عاسمانان و زەمینن، بێ هۆش دەبن؛ مەگین کەسێ خوا حەز بکا. جارێ تر فووی پێدا کرا، کەچی لەپڕ هەموویان ڕاستەوە دەبن و بە چاوی خۆیان دەیبینن.
(٦٩) ئەم زەمینەش بە تیشکی پەروەرێنی خۆی ڕووناکایی تێ دەگەڕێ و کتێبی خوا دێتە گۆڕ و پێغەمبەر و ئاگاداران دێنەبەرێ و چۆن ڕاستە، بە کاری هەمووان ڕادەگەن و غەدر لە هیچ کەس ناکرێ.
(٧٠) هەر کەسێ هەرچی کردووە – بە تەواوی – پاداشی پێ دەگاتەوە. خودا هەر خۆی لە هەموو کردەوەکانیان ئاگادارە.

(٧١) ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردووە، بۆ جەهەندەم بە کۆمەڵ ڕەپێچەک دەدرێن. هەر کە لێی نزیک بوونەوە، دەرگاکانیان بۆ ڤەدەکەن؛ گزیرەکانی جەهەندەم پێیان ئێژن: ئاخۆ ئێوە پێغەمبەرتان – لە خۆتان – بۆ نەهاتبوو، نیشانانی پەروەرێنتان بۆ وەخوێنن و ترسی تووشبوونی ئەمڕۆتان وەبەربێنن؟ ئێژن: بەڵێ، بەڵام بەڵێنی ئازاردان بۆ ئێمە کە خوانەناس بووین، جێی خۆیەتی.
(٧٢) ئێژن: لە دەرگای جەهەندەم بچنەژوورێ و تا هەتا هەر لەوێدا بن؛ جێگەی ئەوانەی بە فیزن، چەند خراپە!
(٧٣) ئەو کەسانەش کە هەر لە پەروەرندەیان ترسیان بووە، دەستەدەستە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن و دەرگایان بۆ دەکرێنەوە و کاربەدەستانی بەهەشتێ پێیان ئێژن: درووود لەنگۆ، بەخێرهاتن، بچنەژوورێ و هەروهەر، هەر لەوێدا بن.
(٧٤) ئێژن: شوکرانە بۆ خودا، کە بەڵێنێ بەئێمەی دا، وەڕاست گەڕا و ئەو زەمینەی دا بە ئێمە و لەو بەهەشتا، کوێ ئارەزوو کەین لێی دەبین. ئەو پاداشەی دراوە بە خەباتکاران چەندە باشە!
(٧٥) فرشتەکانیش دەبینی، لە دەوری تەخت خول دەخۆن و پەسنی پاکی پەروەرندەی خۆیان دەدەن. هەرچۆن ڕاستە، وا بە ناویان ڕاگەیشتوون و ئێژن: سوپاس بۆ پەروەرندەی گش جیهان.

غافیر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) ئەم کتێبە لەلایەن خوای خاوەن دەستەڵاتی چازانەوە ناردراوە؛
(٣) کە لە گوناهان دەبوورێ و پەشیمانی قبووڵ دەکا و لە جەزرەبە توندوتیژە. چاکە هەر بە دەس خۆیەتی و جگە لە خۆی هیچ شت بۆ پەرستن نابێ و هەموو شت دێتەوە لای ئەو.
(٤) غەیرەز خودانەناسەکان، هیچ کەسێ لەسەر نیشانەکانی خودا کێشە ناکا. گەڕ و خولیان بە شاراندا، نەکا تۆ هەڵخەڵەتێنێ.
(٥) هۆزی نووحیش پێش ئەمانە و چەند کۆمەڵیش لەدوای ئەوان، پڕوایان بە خوا نەهێنا. هەر کۆمەڵێ پەلاماری پێغەمبەرەکەی خۆی داوە تا بیگرن و ئازاری دەن؛ بە قسەی هیچیش ویستوویانە جێ بۆ ڕاستی نەهێڵنەوە. ئیتر بە غەزەب گرتوومن؛ دەسا سزای من چلۆن بوو.
(٦) بەڵێنی پەروەرندەی تۆ لەسەر هەموو ئەوانەی خودانەناس بوون، وا هاتە جێ کە ئەوانە جەهەندەمین.
(٧) ئەو کەسانەی تەختی خوایان هەڵگرتووە و ئەوانەی بەدەوری ئەودان، بە سوپاسی پەروەرندەیان خەریکن و پڕوایان هەر بە وی هەیە و داوای بوردن بۆ خاوەن باوەڕان دەکەن: ئەی پەروەرندەی هەمووومان! دیارە بەزەیی و زانینت هەموو شتی داگرتووە؛ ئەوانەی دەگەڕێنەوە و پەیرەوی ڕێگەی تۆ دەبن، لە گوناهەکانیان ببوورە و لە ئازاری بە ئاگریان بپارێزە.

(٨) ئەی پەروەرندەی هەموومان! بیشیاننێرە ناو باغاتی هەمیشەیی، کە خۆت بەڵێنت پێ داون؛ ئەو کەسانەش کە لە باوانی ئەوان و هاولفیانن و بەرە و تۆرەمەی ئەوانیش – کە ئاکاری چاکیان بووە – وەل ئەوان بن؛ هەر خۆت خاوەن دەستەڵات و لەکارزانی.
(٩) لە خراپەش بیانپارێزە. هەر کەسێکی لە خراپە بیپارێزی، لەو ڕۆژەدا بەر بەزەیی تۆ دەکەوێ؛ کە ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆر مەزنە.
(١٠) هاوار لەو کەسانە دەکرێ کە خودایان نەناسیوە: بێگومان تووڕەییی خودا لەو ڕکەی خۆتان هەتانە، گەورەترە؛ چونکە ئێوە بانگتان دەکەن باوەڕیو بە خودا هەبێ، کەچی ئێوە حاشا دەکەن.
(١١) ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! تۆ دوو جاران مراندووتین؛ دوو جارانیش ژیانت بە بەردا کردووین؛ پێ لە گوناهی خۆدەنێین، ئاخۆ دەرەتانێک هەیە؟
(١٢) ئەمەتان بۆیە بەسەر دێ، چونکە هەرگا مەردم خوایان دەپەرست و هیچی تر نا، حاشاو دەکرد؛ بەڵام کاتێ شەریکیان بۆ ئەو دادەنا، ئێوە باوەڕتان دەهێنا. فەرمان تەنیا بۆ خودای بەرز و مەزنە.
(١٣) هەر ئەو نیشانانی خۆیتان بۆ دەنوێنێ و لەو حەوایە بژیوتان بۆ بەڕێ دەکا. تەنیا کەسێ لەو ئامۆژگارییە تێدەگا، کە ڕووی هەر بەرەو خودا بێ.
(١٤) دەسا ئێوە بە دڵپاکی هەر هانا بۆ خودا بەرن و دینی پاکژتان بۆ ئەو بێ؛ جا با خودانەناسانیش پێی تووڕە بن.
(١٥) پلەی بەرز وا لای ئەون، خاوەن تەختە؛ بە فرشتەی تایبەتیدا وڵامی خۆی بۆ هەر کەسێ لە عەبدانی خۆی حەز بکا، بەڕێ دەکا؛ تا لە ڕۆژێ – کەتووشیان دێ – بیانترسێنێ.
(١٦) ئەوێ ڕۆژێ – کە هەموویان دێنەوە دەر – هیچ شتێکیان لە خودا نهێنی نییە. لەو ڕۆژەدا فەرمانڕەوایی بۆ کێیە؟ هەر بۆ خودای تاک و تەنیای بە سەر هەموو شتدا زاڵە.
(١٧) لەو ڕۆژەدا هەر کەس هەرچی کردوویەتی، سزای کاری خۆی دەبینێ؛ ئەم ڕۆژە هیچ غەدرێک نییە. خودا بەلەز بە کاروباران ڕادەگا.
(١٨) تۆ لەو ڕۆژە بیانترسێنە کە لەنەکاو تووشی دەبن. لەو دەمەی کە هەموو دڵێک لە قوڕگان نزیک دەبنەوە و هەموو هەر پیش دەخۆنەوە. ئەوانەی ناهەقیکارن نە هیچ دۆستیان دەس دەکەوێ، نە کەسێ تکای بگیرێ.
(١٩) خواش دەزانێ کێ چاوی غەیانی هەیە و چییان لە دڵدا شاردۆتەوە.
(٢٠) خوا بەڕاستی پێ ڕادەگا. ئەوانەی ئەوان هانایان دەبەنە بەر - غەیرەز خودا – هیچ کارێکیان لەدەس نایە. هەر خودایە کە بیسەریش و بینایە.
(٢١) ئاخۆ ئەوان بە زەمیندا نەگەڕاون، تا بزانن چارەنووسی پێشینەکانی ئەوانە چتۆ بووە؟ لەوانە بەهێزتر بوون و لەو زەمینە شوێنەواریشیان زۆرترە؛ لەتۆڵەی گوناهەکانیان خوا گرتنی و کەس لەخودای نەپاراستن.
(٢٢) کە ئەوانە پێغەمبەریان بە نیشانەی ئاشکراوە هاتبوونە لا و بڕوایان پێ نەکردبوون؛ ئەوێ چاخێ خوا گرتنی. خوا توانایە و سزادانی توندوتیژە.
(٢٣) ] لەو بارەوە بە چەند نیشانەی خۆمان و بە بەڵگەیەکی ئاشکراوە، مووسامان نارد،
(٢٤) بۆ لای فیرعەون و هامان و بۆ لای قاڕوون. هەموو گوتیان: جادوگەرێ درۆزنە.

(٢٥) وەختێ لەلایەن ئێمەوە دینی ڕاستی بۆ دەرخستن، گوتیان: کوڕانی ئەوانەی وەل ئەو پڕوایان هێناوە، لەناو بەرن و ژنەکانیان بەزیندوویی بهێڵنەوە؛ بەڵام فێڵی خوانەناسان هەرگیز سەری نەگرتووە.
(٢٦) فیرعەون وتی: لێم گەڕێن مووسا بکوژم؛ با ئەو هاوار بۆ پەروەرندەی خۆی بەرێ؛ من دەترسم دینەکەتان بگۆڕێت و پشێوێنی لەم زەمینەدا بنێتەوە.
(٢٧) مووسا گوتی: هانا دەبەمە بەر کەسێ – کە منیش و ئێوەشی پەروەراندووە – بمپارێزێ لە هەموو خۆبەزلزانێ کە باوەڕی بە ڕۆژی قیامەتێ نییە.
(٢٨) پیاوێ لەخزمانی فیرعەون – کە باوەڕی بە خوا هەبوو، بەڵام باوەڕەکەی خۆی ئەشاردەو – گوتی: ئێوە چلۆن پیاوێ وەها دەکوژن، ئێژێ خوا پەروەرندەمە و لە پەروەرندەی خۆشیرا، چەند نیشانەی زۆر ئاشکرای بۆ هاوردوون؟ ئەگەر دەڵێن: درۆ دەکا، وەباڵ درۆی بە ئەستۆی خۆی. ئەگەریش قسەی ڕاست دەکا، لەوانەی ئەو پێتان دەڵێ، هێندێکیانوو هەر بەسەر دێ؛ چونکە خودا مرۆی لە ڕادە لادەری درۆزن شارەزا ناکا.
(٢٩) گەلۆ! ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی بۆ ئێوەس؛ لەم هەردەشا ئێوە زاڵن؛ ئەگەر خوا بە گژماندا بێ، ئەوسا کێ یاریمان دەکا؟ فیرعەون گوتی: چی خۆم بە چاکی دەبینم، هەر ئەوەتان پێش دەکەوم و هەر ئەو ڕێگەی کە من نیشانتانی دەدەم، ڕاستەڕێیە.
(٣٠) کاورای خاوەن پڕوا گوتی: گەلۆ! من لەوە دڵخورتم ئەو بەڵایەی بەسەر خەڵکی تر هاتووە، بەسەرتان بێ؛
(٣١) وەک ڕووداوی هۆزی نووح و عاد و سەموود و ئەوانەی پاش ئەوان بوون. خوا نایەوێ ناهەقی لە عەبدان بکا.
(٣٢) گەلۆ! لێتان نیگەرانم لەورۆژەدا لێو بقەومێ کە دەبێتە هاوار هاوار.
(٣٣) ئەوێ ڕۆژێ کە هەمووتان بەرەو پاش دەگەڕێنەوە و هەڕادەکەن؛ کەس ناتوانێ لە خودا ڕزگارتان بکا. هەر کەسێکیش خودا ڕێگەی لێ بگۆڕێ، هیچ کەس نایخاتەوە سەر ڕێ.
(٣٤) لەمەو پێشیش یووسف بە چەندین بەڵگەوە هاتە ناوتان؛ کەچی ئێوە لە بەڵگەکانی دوودڵ بوون، باوەڕیتان پێ نەهێنا. وەختێ کە مرد، گوتتان: ئیتر پاش ئەو خودا هیچ پێغەمبەرێ نانێرێ. دەسا ئاوا هەر کەسێک دوودڵی بکا و لە ئەندازەی خۆی دەربچێ، خودا ڕێگەی لێ دەگۆڕێ.
(٣٥) ئەو کەسانەی کە بێ ئەوە بەڵگەیەکیان بۆ هاتبێ، لەمەڕ نیشانەکانی خوا کێشە دەکەن، لەلای خودا و باوەڕداران کاری زۆر نابەجێ دەکەن. خوا دڵی هەر خۆبەزلزانێکی زۆردار، وا مۆر دەکا.
(٣٦) فیرعەون گوتی: ئەی هامان! بچۆ قەڵایەک بۆ من ساز کە، بەشکوو بگەم بەو ئاسۆ دوورەدەستانە؛
(٣٧) ئاسۆکانی ئاسمانەکان؛ پڕوانمە خوداکەی مووسا. منیش دەڵێم درۆ دەکا؛ ئابەم جۆرە فیرعەون کاری گەندی خۆی بەجوان زانی و بوو بە لەمپەری سەر ڕێگەی. هەر فێڵێکی فیرعەون بۆ خۆی دۆزییەوە، بەفێڕۆ چوو.
(٣٨) ئەو کەسەی خاوەن باوەڕ بوو، گوتی: گەلۆ! شوێنم کەون، من ڕاستەڕێتان شان دەدەم.
(٣٩) گەلۆ! ئەم ژینی دنیایە هەر سەرێکە و دەپڕێتەوە؛ ماڵی ئەولا یەکجارییە.

(٤٠) هەر کەسێ خراپە بکا، هەر بە ئەندازەی خراپەی سزا دەدرێ. هەر کەسیش ئاکاری چاک بن – چ نێر، چ مێ – و باوەڕی بە خودا هەبێ، ئەوانە دەچنە بەهەشت و بێ ژمارە هەموو بژیوێکیان هەیە.
(٤١) گەلۆ! چیمە، من دەمەوێ ڕزگارتان کەم، ئێوە لە منتان گەرەکە بچمە ئاگر؟
(٤٢) دەتانەوێ لە خودا حاشا بکەم و شتی وا بپەرستم و بیانکەم بە شەریکی خوا، کە هیچ زانستیم پێ نییە؛ کەچی من گەرەکمە ئێوە ڕوو بکەنە لای هەرە بەدەستەڵاتی گوناهـ بەخش.
(٤٣) بێگومان ئێوە دەخوازن من شتی وا بپەرستم کە لە دنیا و لە قیامەتێ هیچ کارێکی لەدەس نایە. هەمووومان دەگەڕێینەوە بۆ لای خودا و ئەوانەی لە قاس دەردەچن، هەر تووشی جەهەندەم دەبن.
(٤٤) جائەو دەمە قسەی منتان دێتەوە بیر. کاری خۆم بە خوا دەسپێرم؛ خودا چاوی لە عەبدەکانی خۆی هەیە.
(٤٥) خوا ئەوی لە ئاکامی خراپی ئەو فێڵەی دەیانکرد، ڕزگار کرد و هەرچی سەر بە فیرعەونێ بوون، بەڵا دەناوەخۆی گرتن.
(٤٦) هەموو سپێدە و ئێواران دەیانبەنە سەر ئاور و ڕۆژێ کە سەڵا ڕادەبێ [فەرمان دەدرێ]: سا دەستەو بەستەکەی فیرعەون، زۆر بەتوندی ئازار بدەن.
(٤٧) کە ئەوسا لەناو ئاگردا کێشە دەگەڵ یەکتر دەکەن. بێهێزەکان بە خاوەن هێزەکان ئێژن: ئێمە شوێن ئێوە کەوتبووین، ئاخۆ ئێوە پێتان دەکرێ بەجێی ئێمە لەو ئاگرە، بەشێک بۆ خۆتان هەڵگرن؟
(٤٨) بەهێزە لەخۆباییەکان ئێژن: هەموو لە ئاگرداین. خودا بە کاری عەبدانی وا ڕادەگا.
(٤٩) ئەو کەسانەش کە چوونە ناو ئاگرەوە، لە گزیرەکانی ئاگر داوا دەکەن: لە بەر پەروەرندەی خۆتان بۆن وەپاڕێن، ڕۆژێکمان لەو ئازارە بۆ کەم کاتەوە.
(٥٠) ئێژن: ئاخۆ ئێوە پێغەمبەرەکانتان بە نیشانەی ئاشکراوە نەهاتە لا؟ ئێژن: بەڵێ. ئێژن: دەی خۆتان وەپاڕێن؛ دیارە نزای خوانەناسان، بەشی هەر بە فێرۆ چوونە.
(٥١) بێ گومانە ئێمە پێغەمبەرانمان و ئەو کەسانەی کە وا پروایان هێناوە، لە ژیانی ئەم دنیایەدا و لەو ڕۆژەشدا کە شایەتان ڕاس دەبنەوە، یاری دەکەین.
(٥٢) ئەوێ ڕۆژێ کە ناهەقان پاکانەیان سوودێکیان پێ ناگەیەنێ و گشتیان بەنەحلەت کراون و نالەبارتر ماڵیان هەیە.
(٥٣) ئێمە هۆی ڕێنوێنیمان دا بە مووسا و کارێکمان کرد کتێبەکە – بەکەلەپوور – بۆ تۆرەمەی ئیسرائیل بمێنێتەوە.
(٥٤) کە ڕێگەیان نیشان دەدا و بیرەوەرییە بۆ کەسانی خاوەن ئاوەز.
(٥٥) خۆ ڕابگرە، بەڵێنی خودا دێتە جێ. بۆ گوناهت داوای لێبوردنێ بکە و هەموو بەیانی و ئێواران – بە شوکرەوە – هەر پەسنی پاکیی پەروەرندەی خۆت بدە.
(٥٦) ئەو کەسانەی لەمەڕ نیشانانی خودا کێشە دەکەن – بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیان بۆ هاتبێ – جگە لە فیز، هیچ شتیان لە دڵدا نییە و هەرگیز بە ئارەزوو ناگەن. سا تۆ: پەنا بە خوا ببە؛ هەر خۆی بیسەر و زانایە.
(٥٧) داهێنانی ئەم عاسمانان و زەمینە، لە وەدی هێنانی مەردم گرینگترە؛ بەڵام مەردم زۆربەیان ئەمە نازانن.

(٥٨) کوێر و چاوساغ وەکوو یەک نین؛ ئەوکەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکار چاکن، دەگەڵ خراپکارەکاندا نابن بەیەک. چ هەندکن ئەوانەی بیردەکەنەوە.
(٥٩) هاتنی ڕۆژی سەڵایە، هیچ گومانی تێدا نییە؛ بەڵام زۆرینەی ئەم خەڵکە پڕوا ناکەن.
(٦٠) پەروەرندەتان گوتوویە: لە بەرم بپاڕێنەوە، ئەوسا بە دەنگتانەوە دێم. ئەو کەسانەی – هەر لەبەر خۆبەزلزانین – نایانەوێ بمپەرستن، بە زەبوونی دەچنە دوزجەهەندەمەوە.
(٦١) هەر خودایە شەوی بۆ ئێوە پەیدا کرد، کە تێیدا بحەسێنەوە و ڕۆژیشی بۆ دیتن دانا. خودا چاکەی دەربارەی مەردم کردووە؛ بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە ناسپاسن.
(٦٢) ئەم خودایە ئێوەی پەروەردە کردووە و وەدی هێنی هەموو شتە؛ لە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. دەی چۆن لە هەق کلا دەکرێن؟
(٦٣) هەر بە متەرزە ئەو کەسانەی لە نیشانەکانی خودا حاشا دەکەن، لەوەی ڕاستە کلا دەکرێن.
(٦٤) ئەو خودایە سەرزەمینی بۆ ئێوە کردە نشیمەن؛ ئاسمانیشی لەسەر بەرز کردنەوە. ئەو بیچمی بە ئێوەی داوە، لە هەموو بیچمێک جوانترە. بژیوی باشی پێ داون. هەر ئەوە خوای پەروەرێنتان. بەرزی و پیرۆزی بۆ خودا، کە پەروەرێنی دنیایە.
(٦٥) هەر زیندووە و لە غەیرەز ئەو هیچ پەرستوویەکی نییە. دەسا ئێوە بە دڵپاکی هەر هانا بۆ خودا بەرن و دینی پاکژتان بۆ ئەو بێ. سوپاس بۆ خودای ڕاهێنەری هەموو جیهان.
(٦٦) بێژە: من پاش ئەو بەڵگانەی لەلایەن پەروەرندەمڕا بۆم هاتووە، ڕێم نەدراوە ئەو شتانە بپەرستم کە [خوا نین و] ئێوە هانایان پێ دەبەن؛ هەر فەرمانم پێ دراوە خۆم بسپێرم بە ڕاهێنەری گش جیهان.
(٦٧) هەر ئەوە ئێوەی دروس کرد لە قورێک و لەپاشان لە تنۆکێک و پاشان لە خوێنێکی جەڵتە و پاشان دەتانهێنێتە دەر بە ساوایی و پاشان بەخۆدا دێن هەتا دەبن بە خۆرتێکی خورت و پاشان بە پیری دەگەن و هێندێکیشتان بەر لەوە پیر ببن دەمرن. هەتا دەگەن بە ئەو کاتەی کە بۆتان دیاری کراوە، شایەت [لە خۆتان] ڕامێنن.
(٦٨) هەر خۆیەتی ژینێ دەدا و دەشمرێنێ. هەر کارێکی گەرەکی بێ، هەر پێی ئێژێ: ببە و، دەبێ.
(٦٩) ئاخۆ ئەوانەت نەدیوە کە لە نیشانانی خودا کێشە دەکەن، چلۆن ڕێ لە خۆ دەگۆڕن؟
(٧٠) ئەو کەسانەی کە هەر پڕوایان نەهێنا بەم قورعانە و بەو شتانەی پێغەمبەرانمان بۆ ناردوون، زۆر ناخایەنێ تێدەگەن.
(٧١) ئەوسا کە هەر یەک چەند تۆقی دەملدایە و بە زنجیر ڕایان دەکێشن،
(٧٢) بۆناو ئاوێکی زۆر گەرم و لەدوای ئەوە لەناو ئاگردا گڕ دەگرن.
(٧٣) ئەم جارە لێیان دەپرسن: کوان ئەوانە دەیانگوت شەریکی خودان؛
(٧٤) غەیرەز خودا. ئێژن: لەبەر چاومان ونن؛ خۆ ئێمە لەسەر دنیاش بووین، غەیرەز خوامان نەدەپەرست. خودا ئاوا خوانەناسان گومڕا دەکا.

(٧٥) سا ئەمە گۆڕی گیانتان بێ! چونکە ئێوە لە سەر زەمین بە ناڕەوا کەیفوو دەکرد؛ بادی هەواییتان دەنواند.
(٧٦) لە دەرگاکانی جەهەندەم بچنە ئەو دیو و تاهەتایە لەوێدا بمێننەوە. جێگەی خۆبەزلزانەکان چەند ناخۆشە!
(٧٧) سا بوێستە، چونکە بەڵێنی خوا ڕاستە؛ یان هێندێکت لەو بەڵێنەی پێیان دەدەین، نیشان ئەدەین، یان مەرگت بەسەردا دێنین. [هەرچۆنێک بێ] هەموو لایەک هەر دەهێننەوە لای خۆمان.
(٧٨) لە پێش تۆشدا گەلێ پێغەمبەرمان ناردن. سەربهوردی هێندێکانمان بۆ باس کردووی؛ هەیشن کە باسمان نەکردوون. هیچ پێغەمبەرێ ناتوانێ هەتا خودا ئیزنی نەدا، هیچ نیشانێک نیشان بدا. هەرگا فەرمانی خودا هات، دەبێ ڕاستی بە کاری مەردم ڕابگا و؛ هەرکێ لە سەر پروپووچن، تێدا دەچن.
(٧٩) هەر خودایە وڵساتی بۆ پەیداکردن، هەتا ئێوە سواریان بن و لێیان بخۆن.
(٨٠) گەلێک بەهرەی تریشیان بۆ ئێوە هەیە؛ ئەو نیازی لە دڵتاندا، لەسەریان پێکی دەهێنن و لەسەریان و لەسەر گەمیەش هەڵدەگیرێن.
(٨١) زۆر لە نیشانانی خۆی، دەخاتە بەرچاوی ئێوە. ئێوە حاشا لە کام نیشانەی خوا دەکەن.
(٨٢) ئاخۆ هەرگیز بە زەمیندا نەگەڕاون کە بزانن ئاکامی پێشینەکانیان بە کوێ گەیشت؟ کە لەمانە زۆرتر و بەهێزتریش بوون؛ شوێنەواریشیان لە هەردا پتر ماوە. سا هەرچی کۆیان کردەوە، هیچ بەهرەیەکی بۆ نەدان.
(٨٣) کە پێغەمبەرانی ئێمە بە نیشانەی ئاشکراوە چوونە لایان، بەو هۆیە کە زۆر دەزانن، دڵیان خۆش بوو؛ کەچی ئەوەی ئەوان گەمەیان پێ دەکرد، دەوری لێدان.
(٨٤) کاتێ دیتیان بەڵای ئێمەیان دێتەسەر، گوتیان: ئیتر خوای تاقانە دەناسین و لەو شتانەی دەمانگوت: شەریکی خودان، حاشادەکەین.
(٨٥) پاش دیتنی سزای ئێمە، پرواهێنان قازانجی پێ نەگەیاندن. ئەمە ڕێوشوێنی خودایە؛ دەربارەی هەموو عەبدانی هەر وا بووە. لەو کاتەدا هەر ئەوانەی خوانەناس بوون، زەرەریان کرد.

فوسسیلەت

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) هاتۆتەخوار لەوکەسەوە کە دەهندەی دلۆڤانە.
(٣) کتێبێکە نیشانانی بەڕونی شی کراونەتەوە؛ بەزمانی عەرەبیە؛ بۆگرۆی مرۆی دەیزانن.
(٤) مژدەدەرو ترسێنەرەو زۆربەیان خۆیان لێ بواردو ئامادە نین کە بیبیسن.
(٥) گوتیان: لەوەی کە تۆ بۆئەومان بانگ دەکەی، دڵمان پۆششی لەسەرەو گوێمان کەڕەو پەردەیەک هەس لە نێوانی ئێمە و تۆدا. تۆ خەریکی کاری خۆت بەو، ئێمەش کاری خۆمان دەکەین.

(٦) بێژە: منیش مرۆیەکم وەکوو ئێوە؛ خودا فەرمانم پێدەدا پێتان بڵێم تەنیا خودایەکتان هەیە؛ ڕوتان هەر بەرەو ئەم بکەن و داوای بوردنی لێ بکەن. واوەیلا بۆئەوکەسانەی خودا بە تەنیا نازانن؛
(٧) ئوانە نە زەکات دەدەن، نەیڕوایان بەڕۆژی قیامەتێ هەیە.
(٨) ئەوانەی خاوەن یڕوان و ئاکارچاکن، هەروهەر پاداشیان هەیە.
(٩) ئاخۆ ئێوە لە کەسێکی کە بەدوڕۆژ ئەم زەمینەی وەدی هێنا، حاشادەکەن و هاوتای بۆپەیدادەکەن؟ ئەوە کە ڕاهێنەری هەموو جیهانە.
(١٠) کەژو کۆشی لە زەمین بەرز کردەوەو پیتی تێ خست؛ هەر لەماوەی چوارڕۆژاندا، بۆهەرکێ بژیوی دەوێ – بە یەکسانی – بژیوی بۆدابین کردن.
(١١) پاشان ڕوی نا لەبەرزایی، کە ئەوسا هەر تاریکان بوو. بەوان و بە زەمینی گوت: خۆش یا ناخۆش، دەبێ بێنە بەرفەرمانم. گوتیان: وا بەخۆشی هاتین.
(١٢) ئەوساکە حەوت ئاسمانی لە دوڕۆژدا وەدی هێنا؛ هەر عاسمانەی فەرمانی کاری خۆی بۆنارد. نزیکتر ئاسمانیشمان بە چرایان ڕازاندەوەو پارازتمان. خاوەن دەستەڵاتی زانا یڕیاری ئەوکارەی داوە.
(١٣) ئەگەر هەر قبوڵیان نەکرد، بێژە: بەوهەورەتریشقەو دەترسێنم کە هۆزەکەی عادو سەموودی وەبەردا.
(١٤) ئەوسا کە پێغەمبەرەکەمان – چ ڕوبەڕو، چ پاشملە – لێیان نزیک دەبونەوە کە: غەیرەز خوا مەپەرستن؛ وتیان: ئەگەر پەروەرێنمان مەیلی لێبا، فریشتەی دادەبەزاندن. ئێمە لەوەی کە ئێوەی پێ ناردراون، حاشادەکەین.
(١٥) جا هۆزی عاد لەناڕەوا خۆیان لەو سەرزەمینەدا بەزل زانی. دەیانگوت: کوا؟ کێ لە ئێمە بەهێزترە؟ نەیاندیبو ئەو خودایەی ئەوانی دروس کردووە گەلێک لەوان بەهێزترە؟ هەروا بەنیشانەکانمان بێ یڕوابون.
(١٦) ئەوسا ئێمە ڕەشەبایەکی بەهێزمان – لەوڕۆژانەدا کە شومن – ناردە سەریان؛ تا ئازاری ئایڕوبەریان – لەژیانی ئەم دنیایەدا – پێ بچێژین. بێ گومانە سووکایەتی ئازاری ئەولاش زۆرترەو کەسیش دەهانایان نایە.
(١٧) ئێمە ڕێگەی بەرەوخۆمان شانی هۆزی سەموودیش دا. لەباتی شارەزابونێ حەزیان کرد هەرنابینابن. ئەوسا لەسۆنگەی ئەوکاری کە دەیانکرد، هەورەتریشقە گرتنی و ئازاری ئایڕوبەرەیان لێ هاتەدی.
(١٨) ئەوکەسانەشمان ڕزگارکرد کە ببونە خوداناس و لە گوناه خۆیان دەپاراست.
(١٩) لەوڕۆژەدا کە نەیارەکانی خودا بەرەو ئاگر هەموویان کۆدەکرێنەوەو دەستەدەستە بەڕێ دەکرێن،
(٢٠) وەختێ دەگەنەلای ئاگر، لە هەرکارێ کردوویانە، گوێچکەو چەم و هەموو پارچەپێستی لەشیان، لەدژیان شایەتی دەدەن.
(٢١) [بەگلەییەوە] پێستانی خۆیان دەدوێنن: چۆن دژمان شایەتیتان دا؟ ئێژن: خوا وەزمانی هێناین، کە دەتوانێ هەموشت بێنێتە قسە؛ هەر ئەویشە هەوەڵجار ئێوەی دروس کرد، دەشوگەڕێننەوە لای ئەو.
(٢٢) لەوبارەوە کە گوێ و چاوو گش پێستی ئەندامەکانتان شایەتیتان لەسەربدەن، هیچ خۆتان حاشارنەدەدا؛ بەڵام ئێوە پێتان وابو خوا لە زۆرێ لەوکارانەی ئێوە دەیکەن، بێ ئاگایە.
(٢٣) دەربارەی پەروەرندەتان ئێوە واتان گومان دەبرد، کە تەرت وتونای کردن و چوونە ڕێزەی زیانباران.

(٢٤) ئەگەر ئەوان خۆڕاگرن، ئەوە ئاگر جێگەیانە. ئەر داوای لێ بوردنیش کەن، هەرگیز لێیان قبووڵ ناکرێ.
(٢٥) دۆستی واشمان [لە دنیا] بۆپەیداکردن، کاری ئێستەو ئایندەیان بۆخەملاندن. بۆ ئەمان و ئەو جنۆکەو مرۆڤانەی بەرلەوان بوون، بەڵێنی خودا هاتەجێ؛ لەبەرئەوەی زیانباربون.
(٢٦) خودانەناسەکان گوتیان: گوێ بۆئەم قورئانە مەگرن؛ قسەی بێتامی خۆتانی تێکەڵ بکەن؛ بەشکوو بەسەریا سەرکەون.
(٢٧) سا مەرج بێ ئەوکەسانەی خوانەناس بون، لە ئێمەوە جەزرەبەی دژوار بچێژن؛ لەوەی دەیانکرد، خراپتر ئازاریان دەین.
(٢٨) سزای دوژمنانی خودا هەر ئەمەیە؛ لەسۆنگەی حاشاکردنیان لەنیشانەکانی ئێمە، ئاگری لەبنە نەهاتو ئەنوایانە.
(٢٩) خودانەناسەکان گوتیان: ئەی پەروەرندەی گلامان! ئەودوکەسە لە جنۆکەو مرۆیەمان نیشان بدە، کە ڕێیان لە ئێمە گۆڕی؛ وەژێرپای خۆمانیان دەدەین با لەژێری ژێرەوەبن.
(٣٠) ئەوانەش کە گوتویانە: پەروەرندەمان خودایە و لە گفتیان لایان نەداوە؛ فرشتە دێنەلایان و پێیان ئێژن: نە بترسن، نە خەم بخۆن؛ مژدەتان بێ گەیشتونە ئەوبەهەشتەی کە بەڵێنتان پێدراوە.
(٣١) ئێمە - لە دنیاولە قیامەت – دۆستی ئێوەین؛ لەبەهەشتا هەرشتێ ئارەزووی کەن و چی بخوازن، ئامادەیە.
(٣٢) پەزێرایی لە لایەنی گوناه بەخشی دلۆڤانە.
(٣٣) کێ لەوکەسە قسەی بەڕێ وجێ ترە، کە بەرەو خوا گازی دەکا و خۆشی ئاکاری پەسندەو ئێژێ: منیش یەکێ لە موسوڵمانانم؟
(٣٤) چاکەو خراپە هەمبەر نین؛ تۆ هەمیشە وەرامی چاکتر بدەوە، ئەوسا کەسێ کە لەگەڵ تۆدا دوژمنە، دەبێتە دۆستی نزیکت.
(٣٥) ئەم ئاکارەش هەر تووشی کەسانێک دەبێ کە بتوانن خۆڕاگربن؛ هەرکێش ئەوئاکارەی توش بێ، دیارە فرە بەختەوەرە.
(٣٦) هەر وەختێ لە شەیتانەوە دوچاری خەیاڵاتێک بوی، گورجێ پەنا بەخوابەرە؛ کە خۆی بیسەر و زانایە.
(٣٧) شەو و ڕۆژوو خۆرو مانگیش لە نیشانەکانی ئەون. نە بەرەوخۆر سوژدە بەرن، نە بەرەو مانگ؛ سوژدە بۆ خودایەک بەرن کە ئەوانی وەدی هێنا؛ ئەگەر هەر ئەو دەپەرستن.
(٣٨) ئەگەر ئەوان فیزیان نواند، ئەوی لای پەروەرندەتن – بەشەو و ڕۆژ – هەر پەسندی ئەو دەدەن و وەڕەزنابن.
(٣٩) لە نیشانەکانی ئەو زەوی دەبینی مات بوەو هەستی دەبەردا نەماوە. هەرگا بارانمان لێ باراند، ڕادەژێ و دەبوژێتەوە. ئەوی زیندووی دەکاتەوە، گیان بە بەر مردوش دادەکا. خودا توانای بە سەر هەموشتدا هەیە.
(٤٠) ئەوانەی کە سەبارەت بە نیشانانمان لەوەی ڕاستە، کلا ەبن، خۆ لە ئێمە ناشێرنەوە. ئاخۆ کێ لەکێ چاترە؟ ئەوکەسەی دەخرێتەئاگر، یان ئەوکەسەی ڕۆژی قیامەت بێ ترس دێ؟ چی خۆتان حەزدەکەن بیکەن؛ ئەو لەهەرچی ئێوە دەیکەن، چاوەدێرە.

(٤١) ئەوکەسانەی ئەوکاتە قورئانیان بۆهات، دژی وێستان و بڕوایان پێ نەهێنا؛ کە کتێبێکی زۆربەرزو جێگەی ڕێزە.

(٤٢) پروپوچ لە ڕووی ناوەستێ – چ ڕوبەڕو، چ پاشملە – ئەمە کارزانێک ناردوویە کە هەر دەبێ پەسنی بدرێ.

(٤٣) ئەوانەی کە بەتۆی ئێژن، بە پێغەمبەرانی پێش تۆش هەر وتراوە. پەروەرندەت بێگومانە کە دەتوانێ گوناهکاران عافوبکاو بۆشی هەیە ئازاری بەژانیان بدا.

(٤٤) گەر ئێمە ئەم قورعانەمان بە عەجەمی بناردایە، دەیانگوت: چۆن نیشانی بەڕونی شی نەکراونەتەوە؟ خۆی عەرەبەو نیشانەکانی عەجەمین؟! بێژە: ئەمە بۆکەسانێ کە باوەڕیان پێ هێناوە، ڕێبەرو چارەی دەردانە؛ ئەوی بڕواشی پێ ناکەن، گوێ گرانن لەبیستن و چاویان لەدیتنی کوێرە؛ هەر ئێژی لەجێی دورەوە گازی دەکرێن.

(٤٥) کتێبیشماندا بە مووسا، کە لەسەری کێشەکرا. خۆ ئەگەر پەروەرندەی تۆ پێشوتر گفتی نەدابا، بەکاریان ڕادەگەیشتن. بێ سۆ ئەوان لێی دوودڵن و بەدگومانن.

(٤٦) هەر کەسێ کاری چاک دەکا و کەسێکیش خراپەدەکا، لەدژی خۆی کردویەتی. پەروەرندەت غەدر لەعەبدانی ناکا.

(٤٧) ڕۆژی قیامەتێ کەی دەبێ، ئەو دەیزانێ. بەروبوی هەموو ڕوەکێک کە لەشکۆفە دێنەدەرو هەر مێوینەیەک ئاوسەو چی لەزگداو چی لێ دەبێ، ئەو دەیزانێ. ئەوێ ڕۆژێ کە خودا بانگیان لێدەکا: شەریکەکانی من لەکوێن؟ ئێژن: لای تۆ ئەیدرکێنین؛ کەسمان ئاگامان لێ نیە.

(٤٨) ئەو شتانەی لە پێشوودا جێگەی هاناو هاواریان بوون، لێیان گوم بون و تێگەیشتون کە هیچ دەرەتانیان نییە.

(٤٩) مرۆ هەرچەند نزا بۆشتی باش بکا، وەڕەز نابێ. هەرگا خراپەشی تووش هات، هیچ ئاواتێکی نامێنێ و ناهومێدە.

(٥٠) ئەگەر لە پاش دەردو مەینەتێ تووشی دێ، تامی خۆشیمان پێ چەشاند، ئێژێ: ئەمە لەخۆم ڕایەو باوەڕناکەم قیامەت ڕابێ؛ خۆ ئەگەر بشمبەنەوە بۆنزیک پەروەرندەی خۆم، سوور دەزانم پتر چاکەم دەگەڵ دەکا. جا ئەوانەی دژی ئێمەن، لە هەر کارێ کردوویانە، خۆمان ئاگاداریان دەکەین و جەزرەبەی زۆر دژواریان پێ دەچێژین.

(٥١) وەختێ ئێمە دەگەڵ مرۆ چاکەدەکەین، پێ نازانێ و فیزدەنوێنێ و من منیەتی؛ هەرگاش خراپەی تووش ببێ، بەپەناوە مل دەنێ لەپاڕانەوە.

(٥٢) بێژە: ئێوە بە من بێژن، ئەگەر ئەمە لە خواوەبێ و ئێوە باوەڕی پێ نەکەن، دەی کێ لەوە گومڕاترە هەتاسەر لاساری بکا؟

(٥٣) هاکا وامان کرد ئەوانە لەئاسۆکانی زەمین و عاسمانداو لەخۆشیاندا نیشانەکانمان ببینن؛ هەتا لێان ڕوون بێتەوە کە ئەوڕاستە. ئاخۆ هێندەیان بەس نییە، پەروەرندەت لەهەموشت ئاگادارە؟

(٥٤) باش بزانە کە ئەوانە لەدیداری پەروەرندەیان دوودڵن. باش بزانە خۆی دەوری لە هەرشت داوە.

شورا

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) عەین، سین، قاف.
(٣) خودای خاوەن دەستەڵاتی زانا لەکار، فەرمانی خۆی ئاوا بۆتۆو پێغەمبەرانی بەرلەتۆش بەڕێ دەکا.
(٤) هەرچی لە ناو ئاسمانان و هەرچی لەزەمیندا هەیە، گش بۆئەوەو هەر خۆی جێ بەرزو مەزنە.
(٥) لەوانەیە ئاسمانەکان دەرزبەرن و بەسەریەکدا خرمەبکەن. فریشتانیش بەسوپاسەوە پەسنی پەروەرێنتان دەدەن؛ داوای بەخشین بۆ خەڵکی سەرزەمین دەکەن. باش بزانن ئەوە لەگوناه دەبورێ و دلۆڤانە.
(٦) ئەوکەسانەی ئەو شتانەی غەیرەز ئەون، بەدۆستی خۆیان زانیون و خەریکی پەرستنیانن، خوا ئاگای لەکاریان هەیە و ئۆباڵیان لەستۆی تۆنیە.
(٧) هەروەهاینە قورئانێکی عەرەبیمان بۆ تۆ هەنارد، هەتا تۆ بەو، ترس وەبەر خەڵکی مەککەو خەڵکی دەوروبەری بێنی و لە ڕۆژی کۆبونەوەشیان بترسێنی؛ کە بێگومان هەر وەدی دێ. ئەوسا بەشێک بەهەشتین و بەشێکیان دەچنە جەهەندەم.
(٨) ئەگەر خودا مەیلی لێ با، گشتی دەکردە بەرەیەک لەئاییندا؛ بەڵام هەر کەسێ خۆی حەزکا، وەبەر بەزەیی خۆی دەخا. ناهەقانیش دۆست و یاریکاریان نییە.
(٩) ئاخۆ کەسیان غەیرەز خودا دیوەتەوە کە دۆستیان بێ؟ دۆستی ڕاستی هەر خۆیەتی و ئەو دەتوانێ مریان زیندووبکاتەوەو توانای هەموشتی هەیە.
(١٠) لە سەر هەرچی پێک نەهاتن، خودا بە ناوتان ڕادەگا. ئەوخودایە منی پەروەردە کردووە؛ من خۆم هەر بەوسپاردوەو هەر ڕودەکەمەوە لای ئەو.
(١١) وەدی هێنی عاسمانەکان و زەمینەو هەر لە خۆتان جووتەی لێ بەرهەم هێنان و لە ماڵاتیش ولفی یەکتری دروس کرد تا زۆرتر پەرەو پێ بدا. هیچ شتێ وێنەی ئەو نییە؛ هەر خۆی بیسەر و بینایە.
(١٢) کلیلانی عاسمانان و ئەم زەمینە لجەم ئەوە. ڕۆزیش هەر بەمەیلی ئەوە بۆیەکێ فرە دەنێرێ و بۆیەکێ کەم. ئاگای لەهەموشت هەیە.
(١٣) ڕێگەیەکی لە دینداری بۆنگۆ کێشا، کە ئەسپاردی نووحیش هەر لەورێگە بڕوا. هەر ئەمەشمان بە فەرمان بە تۆ ڕاگەیاند؛ ئیبڕاهیم و مووساو عیساشمان ڕائەسپارد، کە هەر لە سەر ئەم دینەبن و مەشی کەن بە چەندبەرەکی. ئەوەی ئێوە بەخوڵکی ڕادەگەیێنن، بۆ ئەوانەی شەریک بۆ خوا پەیدادەکەن، زۆردژوارە. خودا هەرکێ بخوازێ، لە ناو خەڵکا دەیبژێرێ و هەر کەسێکیش بەرەو ئەو بگەڕێتەوە، بەرەوخۆی شارەزای دەکا.
(١٤) نەش ببونە دەستەدەستە، مەگین وەختێ باسی ئەم دینەیان زانی. ئێرەیی لە ناو خۆیاندا لە بەر یەکی هەڵوەشاندن. خۆئەگەر پەروەرندەی تۆ زوتر ماوەی بۆدیاری نەکردنایە، دەمێک بوو کاریان کرابو. ئەوانەی کتێبەکەشیان لە پاش ئەوان بۆبەجێ ما، لێی کەوتنە بێ باوەڕی و گومانەوە.

(١٥) سا بۆئەمە، تۆ گازی لەمەردم بکە و هەروەک فەرمانت پێدراوە، هەر سوربە
لە سەر ئەم کارەو شوێن ئارەزوویان مەکەوە. بێژە: من بە هەرکتێبێ خودا
ناردوویەتەخوارێ، پروام هەیە؛ فەرمانیشم پێدراوە، بە یەکسانی بەکاروبارتان
ڕابگەم؛ ئێمە و ئێوە خودا پەروەرندەمانە؛ کردەوەی خۆمان بۆخۆمان، کردەوەی
خۆتان بۆخۆتان؛ لە نێوان ئێمە و ئێوەدا جێ بۆ بەهانە نەماوە؛ خوا هەمووما‌ن لە
یەکتر کۆدەکاتەوەو چارەنوسیش هەر لای ئەوە.
(١٦) ئەمانەی لەمەڕ خوداوە پروبەهانەیان هەیە، لە پاش ئەوە کە بە
دەنگیشیەوە هاتوون، هەموو پروبەهانەیان لەلایەن پەروەرندەیان بێ بایەخەو
وەبەر تووڕەیی کەوتوون و بەتوندی جەزرەبە دەدرێن.
(١٧) ئەو خودایەی ئەم کتێبەی بۆراستی ناردۆتەخوارێ، تەرازوشی دەگەڵ
هەنارد. تۆ چوزانی؟ لەوانەیە هاتنی قیامەت نزیک بێ.
(١٨) ئەوانەی باوەڕیان نییە ئەوڕۆژەدێ، پەلە لەهاتنی دەکەن؛ ئەوکەسانەش کە
باوەڕییان هێناوە، لێی دەترسن؛ دەشزانن کە ئەوە ڕاستە. باش بزانن
ئەوکەسانەی لەسەڵاڕابون دڕدۆنگن، زۆر لەڕێ دورکەوتوونەوە.
(١٩) خودا دەربارەی عەبدانی بەڤیانە. بەهەر کەس خۆی مەیلی لێ بێ، بژیو
دەدا. خاوەن هێزو دەستەڵاتیش هەر ئەوە.
(٢٠) هەر کەسێکی داهاتی دواڕۆژی بوێ، داهاتی پتر دەدەینێ. کێش داهاتی
لەم دنیایەدا گەرەک بێ، لەم. دنیا بەشی دەدەین و لەودنیا بەشێکی نییە.
(٢١) ئاخۆ ئەوان شتانێ وا بەشەریکی خوا دەزانن، کە دینێکی وەهایان
بۆداهێنابن و خودا ئیجازەی نەدابن؟ ئەگەر پریاری یەکجاری دەرنەچوبا، کارەکەیان
دەپڕایەوە. ناهەقەکان جەزرەبەی بەژانیان دەبێ.
(٢٢) ئەو ناهەقانە دەبینی، لەئاکامی کردەوەی خۆیان دەترسن؛ دیارە هەر
توشیشیان دەبێ. ئەوکەسانەش کەبونە خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بوون، لە
سەیرانگای باخەکاندان و چی خۆیان ئارەزوو بکەن، لەئالی پەروەرندەیان پێیان
دەگا. ئەمەش بەخششێ مەزنە.
(٢٣) بەمە خودا موژدە بە عەبدانی دەدا، کەبونە خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بوون.
بێژە: ئەمن مزیەکم لەنگۆ ناوێ، مەگین خۆش ویستنی خزمەنزیکەکان. هەر
کەسیش چاکەیەک بکا، پتر چاکەی دەگەڵ دەکەین. خودا لە گونا دەبورێ و بە
چاکەی عەبدان دەزانێ.
(٢٤) یان دەبێژن: درۆ بۆ خودا هەڵدەبەستێ. ئەگەر خودا مەیلی لێ بێ، مۆر بە
سەر دڵتەوە دەنێ. خودا – هەر بەفەرمانی خۆی – پوچ لەئارادا ناهێڵێ و ڕاستی
لەجێ، جێدارد‌ەکا؛ ئەو بەهەرچی لە ناو دڵاندا دەبوورێ، ئاگادارە.
(٢٥) هەر ئەویشە پەژیوانی لە عەبدانی قبوڵ دەکاو لەکارە خراپەکانیان
چاودەپۆشێ و لە هەموو کردەوەکانتان ئاگادارە.
(٢٦) ئەوانەی خاوەن باوەڕن و ئاکارچاکن، نزایان لێ قبوڵ دەکاو لەچاکەی خۆی
بەشی زۆرتریان دەداتێ. بۆ خودانەناسەکانیش، جەزرەبەی زۆردژوار هەیە.
(٢٧) ئەگەر خودا – بێ سەروبەر – بژیوی بۆعەبدانی خۆی بناردبا، لە زەمیندا
یاغی دەبون؛ بەڵام هەربەمەیلی خۆی و بەئەندازەی بەڕێ دەکا، کە خۆی
لەعەبدەکانی خۆی ئاگادار و چاوەدێرە.
(٢٨) هەرئەویشە پاش ناهومێدبون لەباران، بارانە دادەبارێنێ و دلۆڤانی خۆشی
بڵاودەکاتەوە. هەرئەوە بۆ مەزنایەتی ئەشێ هەر پەسندی بدرێ.

(٢٩) هەر لەنیشانانی ئەون: داهێنانی ئەم ئاسمانانە و زەمینەو ئەوهەمو جانەوەرانەی – کە لە نێوان ئەودوانەدا – بڵاوی کردوونەتەوە. هەرگاش بۆخۆی مەیلی لێ بێ، توانای هەیە هەموویان کۆبکاتەوە.
(٣٠) هەرگا تووشی بەڵایەک بوون، بە هۆی کردەوەی خۆتانە؛ لەزۆر گوناهەکانیشتان چاودەپۆشێ.
(٣١) ناشتوانن لەم سەرزەمینە، خۆ لە خودا بدزنەوە. غەیرەز خوداش، نە هیچ گەورەیەکتان هەیە، نە کەسیش دەهاناتان دێ.
(٣٢) هەر لەنیشانانی ئەون: ئەوگەمیانەی – کە چیائاسا – لەناودەریا دێن و دەچن.
(٣٣) ئەگەر حەزکا، با ڕادەگرێ و لە سەر دەریا بەقەتیسی دەمێننەوە؛ کە لەمەدا بۆ ئەوانەی خۆڕاگرو سوپاسکارن، بەڵگە فرەن.
(٣٤) یان لە سزای کردەوەیان تووشی نوقم بونیان بکا. لەزۆرێ لە گوناهانیشیان دەبوورێ.
(٣٥) تا ئەوانەش دەربارەی نیشانەکانمان کێشەدەکەن، بزانن کە هیچ دەرەتانێکیان نییە.
(٣٦) هەرچی بە ئێوە دراوە، هۆی ژیانە لە دنیایە. ئەوشتەش کە لای خودایە، بۆئەوخاوەن باوەڕانەی هەر بە پەروەرندەی خۆیان پشت ئەستورن، باشترەو بەپێزتریشە.
(٣٧) ئەوانەشن لەتاوانی گەورە دورن و لە کردەوەی شورەیی دەپرینگێنەوەو لە جەنگەی تورەبونیاندا عەفودەکەن.
(٣٨) ئەوکەسانەش کە بە دەنگی پەروەرێنیانەوە چون و نوێژدەکەن و کارگەلیشیان بەڕاوێژەو لەوبژیوەی پێمان بەخشیون، دەبەخشن.
(٣٩) ئەوکەسانەش ئەگەر زۆرێکیان لێ بکرێ، تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە.
(٤٠) سزا بۆ هەرخراپەیەک، خراپەیەکی وەک ئەوە. کێش لەتۆڵە چاوپۆشێ و کۆشش بۆئاشتی بکا، پاداشی لە سەر خودایە. بێ سۆ خودا ناهەقکارانی خۆش ناوێن.
(٤١) ئەوکەسانەی لە پاش ناهەقی لێکردن، تۆڵەی خۆیان دەستێننەوە، خەتابار نین.
(٤٢) خەتا هەر لەوکەسانەیە – ناڕەوا – ناهەقی لەمەردم دەکەن و ئاکاریان لەوڵاتدا بە ملەوریە. ئەوانە ئازارێکی بەژانیان دەبێ.
(٤٣) بۆکەسێکی خۆڕاگربێ و لەتۆڵە چاوپۆشی بکا، ئەمە یەکێ لەکارە پەسندەکانە.
(٤٤) هەر کەسێ خوا لێی گۆڕیبێ، ئیتر کەسی بەشوێن ئەوا، نابێ بەدۆست. تۆ دەبینی ئەوانەی ناهەقیکارن وەختێ جەزرەبە دەبینن، ئێژن: ئاخۆ هیچ دەرەرتانێکمان هەیە؟
(٤٥) کە دەیانبەنە سەر ئاگر، دەیانبینی زۆربەسەرکزی داماون و لەبنەوە چاوەچاویانە. خاوەن باوەڕانیش ئێژن: زیانباران ئەوکەسانەن کە خۆیان و کەس و کاریان، ڕۆژی سەڵا دۆڕاندوە. باش بزانن کە ئەو ناهەقی کەرانە، هەتاسەر هەر لەئازاردان.
(٤٦) غەیرەز خودا هیچ کەس دەهانایان نایە. هەر کەسێکی خودا گومڕای بکا، هیچ ڕێیەکی بۆنامێنێ.

(٤٧) بەر لەوە ڕۆژێ بێ کە لە لای خوداوە هیچ گەڕانەوەی بۆنیە، بەفەرمانی پەروەرندەی خۆتان بکەن. ئەوێ ڕۆژێ هیچ پەناتان دەس ناکەوێ و هیچ حاشاتان پێ ناکرێ.
(٤٨) سائەگەر هەر خۆیان بوارد، ئێمە تۆمان بۆیە نەنارد لە سەر ئەوانە پاسداربی؛ تەنیا ئەوەندەت لەسەرە، مەبەستەکە ڕابگەیێنی. ئێمە هەرگا کارێک دەکەین مرۆ تامی بەزەیی ئێمە بچێژێ، خۆشیان لێ دێ و ئەگەر بە هۆی کردەوەخراپەکانیان دەکەونە چۆرتمێکەوە، هەر دەزانن پێنەزان بن.
(٤٩) لەو ئاسمانانەو زەمینە فەرمانڕەوا هەرخودایەو چی بخوازێ دروس دەکا؛ بەیەکێ کچ دەبەخشێت و بەیەکێ کوڕ؛ ئیتر بەمەیلی خۆیەتی.
(٥٠) یان جڤیکی کوڕو کچانیان دەداتێ و مەیلی لێ بێ، هێندێکانیش نەزۆک دەکا. هەر خۆی زانایەو توانایە.
(٥١) هەرگیز خودا هیچ کەسێکی لەڕوبەڕو، نەدواندوە. یان فەرمانی لەڕای دڵیەوە ناردووە، یان لەپشت پەردەوە بووە، یان قاسیدێکی ناردوەو ئیزنی داوە چی دەخوازێ بەدڵی ڕابگەیێنێ. هەر ئەو جێ بەرزو کارزانە.
(٥٢) هەر بەم جۆرەش، ئێمە لە فەرمانی خۆمان، گیانێکمان نارده لای دڵت. تۆ دەپێشدا نەتدەزانی کتێب کامەو بڕوا چییە؟ بەڵام ئێمە ئەوەمان کردە مەشخەڵێک کە عەبدانمان – ئەوانەی خۆمان بخوازین – بەوە دەخەینە سەڕرێگا. تۆش لەڕاستەڕێ، ڕێبەری.
(٥٣) ڕێگە بەرەو ئەو خودایە، هەرچی لەعاسمانەکان و هەرچی لەزەمینیشدایە، هەر بۆئەوە. باش بزانن! هەموکارێک هەر بۆ لای ئەو دەچێتەوە.

زوخروف

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) بەم کتێبە، کە هەموشت نیشان دەدا.
(٣) پڕیارماندا ئەم قورعانە عەڕەبی بێ؛ بەشکوو بتوانن تێ بگەن.
(٤) ئەمەش لە ماکی کتێبدا – لە لای ئێمە – گەلێ پایە بەرزەو پڕە لە کارزانی.
(٥) هەرچەند ئێوە کۆمەڵێ بلەوەزیش بن، ئاخۆ ئێمە لەم بیرەوەریە وازدێنین.
(٦) ئێمە فرە پێغەمبەرمان ناردۆتە لای کۆمەڵانی بەرلەئێوە.
(٧) هەر کەسیشمان بەپێغەمبەری بۆ ناردن، هەرگاڵتەیان پێکردووە.
(٨) ئێمە زۆردارتر لەوانمان قڕکردووە؛ سەربهوردی پێشینەکان ڕابردوە.
(٩) ئەگەر تۆ لەوانە پرسی: کێ عاسمانان و زەمینی وەدی هێنا؟ ئێژن: بێ شک خودای خاوەن دەستەڵاتی زانا دروستی کردوون.
(١٠) ئەو کەسێکە ئەم زەمینەی بۆ ئێوە کردەڕایەخ و ڕێگەی بۆپێداکێشاون؛ شایەتا شارەزابین.
(١١) هەر ئەویشە لە ئەندازە ئاوی بارانی ناردەخوار؛ سەرزەمینی مریمان پێ بوژاندەوە. ئێوەش وا دەخرێنەدەرێ.

(١٢) هەر ئەویشە ئەم هەموو جفتەی دروس کرد؛ گەمی و پاتاڵی وەهاشی بۆ ئێوە وەدی هێناوە، سواریان دەبن.
(١٣) ئەشێ هەرگا لە سەر پشتیان حەسانەوە، ئەوسا چاکەی پەروەرندەتان لەبیربێ و بێژن: پاکی و بێ عەیبی بۆئەوکەسەیە کە ئەمەی ڕامی ئێمە کرد؛ دەنا بۆمان ڕام نەدەبون.
(١٤) ئێمەش گشمان بەرەو پەروەرندەی خۆمان دەچینەوە.
(١٥) فرزەندیان لە بەندەکانی خۆی بۆدانا! ڕاستی مرۆ بەئاشکرا پێ نەزانە.
(١٦) ئاخۆ لە ناو ئەوانەدا – کە هەرخۆی دروستیان دەکا – کچانی داوە بەخۆی و کوڕانیشی کردۆتە تایبەتی ئێوە؟!
(١٧) کەچی هەرگا یەکێ لەوان مژدەی ئەوەی پێ بدرێ وا خۆی پێیوایە بۆ خودایە، ڕوخساری ڕەش دادەگەڕێ و لەڕکان پیش دەخواتەوە.
(١٨) ئاخۆ کەسێ لە خشڵا بەخێوکرابێ و لەشەڕیشا نەخۆیابێ، بۆ خوا دەبێ؟
(١٩) ئەوفریشتانەی هەموویان بەندەی خودان، بە مێوینەیان داناون. دەبێ خۆیان لەوێ بوبن کە ئێمە وەدیمان هێنان! شایەتیەکەیان دەنوسرێ و لێان دەپرسرێتەوە.
(٢٠) ئێژن: ئەر خوا حەزی کربا، ئێمە نەماندەپەرستن. لەمەشدا دورە زانستن؛ هەر درۆیان هەڵدەبەستن.
(٢١) ئاخۆ ئێمە - بەرلە قوڕئان - کتێبێکمان بەوان داوە، کە ئێستا بیکەنە بەڵگە؟
(٢٢) بەڵکە ئێژن: باب و کاڵمان لە سەر ئاینێک ڕۆیشتون، ئێمەش پەیڕەوی ئەوانین.
(٢٣) هەر بەم تەرزە بەرلەتۆش هەرپێغەمبەرێکمان ناردۆتە هەر ئاوەدانیەک کە لە ئێمەوە ترسیان وەبەرنێ، هەموو خۆشگوزەرانەکانی ئەوانە، گوتویانە: باب و کاڵمان لە سەر ئاینێک ڕۆیشتون، ئێمەش پەیڕەوی ئەوانین.
(٢٤) گوتویەتی: ئەدی ئەگەر من ڕێیەکتان نیشان بدەم کە لەڕێی باب و باپیرتان دروس تر بێ؟ گوتویانە: ئێمە بەوەی ئێوە بۆی بەڕێ کراون، باوەڕناکەین.
(٢٥) ئەوسا ئێمە تۆڵەمان لێ کردوونەوە. سا پڕوانە ئاکامی بێ باوەڕەکان بەکوێ گەیشت.
(٢٦) ئیبراهیمیش بە ئاپ و هۆزەکەی خۆی گوت: من بێزارم لەوەی ئێوە دەیپەرستن؛
(٢٧) مەگین لەکەسێ منی دروس کردووە؛ کە خۆی ڕێگەم نیشان دەدا.
(٢٨) کارێکی کرد ئەم وتارەی لەپاشەخۆی بۆنەتەوەی هەربمێنێ؛ شایەتا بپرینگێنەوە.
(٢٩) ئاوەنیش و باب و کاڵی ئەوانیشم لەژیان بەهرەوەر کرد، تا ئەم ڕاستەو پێغەمبەری ڕێ نیشان دەریان هاتەلا.
(٣٠) وەختێ ڕاستەکەیان بۆهات، گوتیان: ئەمە جادویەکەو ئێمە پڕوامان پێی نیە.
(٣١) گوتیشیان: بۆ ئەم قوڕعانە، بۆپیاوێکی بەوەجی ئەم دوباژێڕە نەهاتەخوار.
(٣٢) ئاخۆ ئەوان بەزەیی پەروەرندەی تۆ دابەش دەکەن؟ ئێمە بژیوی ئەوانمان لە سەر دنیا بۆبەش کردون. هێندێکمان لەچاو هێندێکان پایەبەرزترکردووە، تا هێدێکیان ڕاژەبە هێندێکان بکەن. بەزەیی پەروەرندەی تۆ لەوشتەی کۆی دەکەنەوە، هێژاترە.

(٣٣) خۆئەگ ەر پڕیاروانەبا، مەردم یەک تیرەبن، وامن دەکرد میچ وبان وپلەکانی ماڵەکانی ئەوانەی خودانەناسن، لەزێو بوایەو بەڕێزەپلەکاناندا سەریان کەون؛
(٣٤) هەمودرگای ماڵەکانیشیان لەزێو بوباو تەختی زێوینم دەدانێ، کە لەسەریان پاڵ دەنەوە؛
(٣٥) شتێ تری هەمەڕەنگیش. گشت ئەمانە هەر بۆخۆشگوزەرانی ژینی ئەم دنیان؛ ماڵی ئەولاش پەروەرندەت هەر بۆ ئەوانەی داناوە کە لە خوای خۆیان دەترسن.
(٣٦) هەر کەس لەڕاست یادی خودا حەزدەکا کوێرایی دابێ، هەمدەمێکی شەیتانی لێ پەیدادەکەین.
(٣٧) ئیتر هەر ئەوهاودەمانە لە ڕێگە هەڵەیان دەکەن؛ لاشیان وایە ڕاستەڕێ یان دیوەتەوە.
(٣٨) تائەوکاتەی دێتەلامان؛ ئێژێ: خۆزی مەو دای نێوانی من و تۆ، بەقەد نێوان خۆرهەڵات و خۆرنشین لە یەکتر دوربا؛ چەند هەمدەمێ نالەباربوی.
(٣٩) ئیتر ئەمڕۆ [ئەم قسانە] دادونادا؛ چونکو ئێوە غەدرتان [لەخۆ] کردووە. ئەشێ گشتو پێکەوە جەزرەبە بدرێن.
(٤٠) ئاخۆ گەرەکتە گوێ کپان لێت ببیسن؟ یاخۆ کوێران و ئەوانەی ئاشکرا لەگومڕاییدان شارەزای ڕاستەڕێ بکەی؟
(٤١) ئەگەر تۆ لەم ناوە لابەین، ئێمە دیارە تۆڵەیان لێ دەکەینەوە.
(٤٢) یان ئەوشتەی بەڵێنمان بەوانەداوە، وادەکەین بۆ خۆت ببینی. ئێمە باشیان لەسەرزاڵین.
(٤٣) لە سەر ئەوەی بە تۆ ڕاگەیەندراوە پێ دابگرە؛ کە تۆ لە سەر ڕێگەی ڕاستی.
(٤٤) ئەم قورئانە بۆتۆش و بۆهۆزەکەشت دەبێتە هۆی بیرەوەری و لەپاشانیش دەربارەی ئەم لێو دەپرسن.
(٤٥) لەوپێغەمبەرانەش پرسە کە بەرلەتۆ ناردراون ئاخۆ مە پڕیارمان داوە - غەیرەز خودا - هیچ شتی تر پەرستوبێ؟
(٤٦) مووساشمان وەل نیشانەکانمان هەنارده لای فیرعەون و پیاوە کاربەدەستەکانی؛ گوتی: من لە ڕاهێنەری گش دنیاوە ناردراوم.
(٤٧) کاتێ نیشانەکانی مەی لە بەر ڕانان، لەپڕ هەموو لە تریقەی پێکەنینیاندا.
(٤٨) هەر نیشانەیەکی خۆمان نیشانی ئەوانە دەدا، لە نیشانەکەی پێشەوە گرینگتربو. تووشی ئازاریشمان کردن، بەشکەمێ بگەڕێنەوە.
(٤٩) وتیان: ئەی کاکی جادوگەر! لە پەروەرندەت بخوازە، ئەو پەیمانی بەتۆی داوە پێکی بێنێ؛ ئەوسا باوەڕت پێ دێنین.
(٥٠) لە پاش ئەوەی بەڵاشمان لە سەر لابردن، ئەوان پەیمان شکێنیان کرد.
(٥١) فیرعەون بۆژێردەستانی جاڕی کێشاو گوتی: گەلۆ! ئاخۆ هەموو هەردی میسرو ئەوچۆمانەی بەبەرمندا فڕکەیانە، موڵکی من نین؟ ئێوە خۆتان نەتاندیوە؟
(٥٢) من چاکتر نیم لەو کاورایە کە هیچ نمودێکی نیەو باش نازانێ قسەش بەڕەوانی بکا؟
(٥٣) ئەدی بۆچی گەوی زێری لەحەواوە بەسەردا فڕێ نەدراوە، یان فریشتە بەگەل دەگەڵی نەهاتوون؟

(٥٤) زانی کاری ژێردەستەکانی سقکە؛ گش بەفەرمانی ئەویان کرد. ئەو هۆزێک بوون لەڕێ لادەر.
(٥٥) کە هەرئێمەیان ڕک هەستاند، تۆڵەی خۆمان لێ کردنەوەو سەرلەبەرمان بەخنکان دان.
(٥٦) کارێکمان کرد ببنە چیرۆک و نموونە بۆئەوانی لە دوایی دێن.
(٥٧) ئەودەمەش کە سەربهوردی کوڕی مریەم هاتەگۆڕێ، هۆزەکەی تۆ لەخۆشیان کردیان بەهەرا.
(٥٨) گوتیان: ئاخۆ ئەوانەی پەرستومانن لەو چاکترنین؟ ئەمەیان هەر بۆ گێچەڵێ هێنایە پێش، چون ئەمانە کۆمەڵێکن شەڕ دەفرۆشن.
(٥٩) ئەو هیچ نەبوو عەبدێک نەبێ؛ ئێمە چاکەمان دەگەڵ کرد و کردمان بەنموونەیەک بۆ وەچ و بەرەی ئیسڕائیل.
(٦٠) خۆ ئەگەر مەیلمان لێ بایە، چەند فریشتەیەکمان لە ئێوە وەدی دێناو دەمانکردن بەجێ نشین لەسەرزەمین.
(٦١) ئەو یەکێکە لەنیشانەکانی قیامەت. شکت لەهاتنی نەبێ و پەیڕەوی هەر لە من بکەن؛ ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە.
(٦٢) شەیتانیش ڕێگاو لێ نەگرێ؛ ئەو ئاشکرا دوژمنتانە.
(٦٣) ئەوسا عیساش بەچەند بەڵگەی دیاری دەرەوە هاتبو، گوتی: من وا ڕێگەو شوێنی لەکارزانیم بۆهێناون؛ تا یرێکیش لەوەتان بۆرون کەمەوە کە لەسەری کێشەتانە؛ سا لە خودا ترسو هەبێ و شوێن من کەون.
(٦٤) پەروەرندەی من و ئێوە هەرخودایە؛ بیپەرستن؛ ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە.
(٦٥) جا کۆمەڵان کێشەیان لە ناو پەیدابو. بۆ ئەوانەی غەدرێبکەن واوەیلایە لەئازاری ڕۆژێکی تووش.
(٦٦) ئاخۆ غەیرەز ڕۆژی قیامەت چاوەنۆڕی چی تر دەکەن؛ کە لەپڕ لێیان ڕودەداو پێش ناحەسن؟
(٦٧) ئەوێ ڕۆژێ یاران هەموو دەبنە نەیاری یەکتری؛ جا مەگین خۆپارێزەکان.
(٦٨) ئەی ئەوانەی کە هەرخۆمتان پەرستوە! ئەوێ ڕۆژێ نە ترسێکتان لە سەر هەیە، نە خەم دەخۆن.
(٦٩) ئەوی پروایان هێناوە بەنیشانەکانی ئێمە و هەر بەرفەرمانی خۆمان بون،
(٧٠) بچنە بەهەشت؛ لەئێوەو لە هاوسەرانو خۆش ڕادەبرێ.
(٧١) بە سینی و زەرکی زێوینە لە دەوریانا دێن و دەچن. هەرچی دڵ ئارەزووی دەکا و چاو لەزەتی لێ دەبینێ، تێداهەیەو ئێوەش لەوێدا نامرن.
(٧٢) ئەمە هەر ئەو بەهەشتەیە کە بە هۆی کردەوەکانتان، وا بۆ ئێوە ماوەتەوە.
(٧٣) میوەی زۆری تێداهەیەو بۆئێوەیەو لێیان دەخۆن.
(٧٤) تاوانبارانیش هەتاسەر لەئازاری جەهەندەم دان و دەرناچن.
(٧٥) هەرگیز وچانیان پێ نادرێ و هەر لەوێدا بەناهومێدی داماون.
(٧٦) هیچ غەدرێکمان لێ نەکردن؛ بەڵام خۆیان غەدریان لە خۆیان دەکرد.
(٧٧) هانادەبەن بۆگزیری جەهەندەمێ: پەروەرندەت ئەم ژینە چەرمەسەرەمان بۆنەهێڵێ. ئێژێ: هەر لێرە دەمێنن.
(٧٨) ئێمە ڕاستیمان بۆهێنان؛ بەڵام زۆربەی زۆر لە ئێوە ڕاستیو دەدزا.
(٧٩) ئەگەر ئەوان لە سەر کاری خۆیان سوربون، ئەوا ئێمەش لە سەر کاری خۆمان سورین.

(٨٠) ئاخۆ ئەوان پێان وابو ئێمە نهێنی و سرتەیان لێ نابیسین؟ دەیبیسین و چەندێکیشمان ڕاسپاردون وان لەلایان و دەنووسن.
(٨١) بێژە: ئەر خوا فرزەندی بێ، من یەکەمین کەسێکم کە دەیپەرەستم.
(٨٢) پەروەرێنی ئاسمانان و زەمین و عەرش، هیچ کەمایەسیەکی نیەو، بەدورە لەو تۆمەتانەی ئەوانە بۆی هەڵدەبەستن.
(٨٣) لێان گەڕێ باهەرپروپوچ بوێژن و خەریکی گاڵتەکردن بن؛ هەتا تووشی ئەوڕۆژە دێن کە بەڵێنیان پێدراوە.
(٨٤) هەر ئەویشە لە عاسمانێدا خودایە و لە زەمینیشدا خودایە و هەر ئەویشە لەکارزانەو زۆر زانایە.
(٨٥) پاکی و گەورەیی بۆکەسێ کە ئاسمانان و زەمین و چی لە ناو ئەم دوانەدایە، گش بۆئەوە؛ ئەو دەزانێ چ وەختێ سەڵاڕادەبێ و دەتانهێننەوە بۆ لای ئەو.
(٨٦) ئەو شتانەی غەیرەزخوان و ئەوانە دەیانپەرستن، نکارن بینەتکاکار؛ مەر کەسانێ کە بەڕاستی و زانینەوە شایەتی بەن.
(٨٧) ئەگەر لە خۆیان بپرسی، کێ ئەوانی وەدی هێنا، ئێژن: خودا. دەی چۆن لەهەق کلادەبن؟
(٨٨) نزای ئەویش کە: ئەی پەروەرندەکەی من! ئەمانە دەستەخەڵکێکن ئامادەنین یروابێنن.
(٨٩) سا تۆ لەوانە وازبێنەو بێژە: ئێستا بێ ترس بن، لەمەوبەولاوە دەزانن.

دوخان

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) بەم کتێبەی هەموشت ڕون دەکاتەوە،
(٣) دەشەوێکی پرلەپیت و پیرۆزیدا ئێمە ناردوومانەتەخوار. ئێمە ویستمان ترس وەبەر مەردم بنێن.
(٤) هەر لەوێشدا هەرکارێکی سەبارەتە بە کارزانی، هاوێرکرا.
(٥) فەرمانەو لەئێمەڕایەو ئێمە ڕاسپاردە دەنێرین.
(٦) بەزەییەکە لەئالی پەروەرندەت ڕا. هەرخۆی بیسەر و زانایە.
(٧) پەروەرێنی ئاسمانەکان و زەمینەو هەرچی کە لەناویاندایە؛ ئەگەر باوەڕیتان هەیە.
(٨) لەغەیرەز ئەو هیچ شت بۆپەرستن ناشێ. گیان وەبەر بونەوەردێنێ و دەشمرێنێ. ئەو ئێوەی پەروەردەکردو پەروەرندەی باوانی پێشینەشتانە.
(٩) کەچی هێشتا هەر لە ناو دوودڵی دان و گەمەدەکەن.
(١٠) چاوەنۆڕی ئەوڕۆژەبە کە ئاسمان دوکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدادەبێ.
(١١) ئازارێکی زۆربەژانەو هەموخەڵکی دادەپۆشێ.
(١٢) ئەی پەروەرێنی گلامان! ئەو پەتایەن لەسەرلابە؛ ئێمە باوەڕیمان هێنا.

(١٣) کوا ئەوانەی گوێ لەئامۆژگاری دەگرن؟ پێغەمبەرێ هاتەلایان، هەموشتی تێگەیاندن.
(١٤) پاشان ڕوویان لێ وەرگێڕاو گوتیان: فێرکراوە، شێتە.
(١٥) ئێمە تاماوەیەکی کەم، ئەم پەتایە وەلادەبەین؛ ئێوە دەگەڕێنەوە [سەر ڕێی پێشوتان].
(١٦) ئەوێ ڕۆژێ هەڵمەتە گەورەکە دەکەین، ئێمە تۆڵەدەکەینەوە.
(١٧) ئێمە هۆزی فیرعەونیشمان بەر لەمان تاقی کردەوەو پێغەمبەرێکی بەڕێز [مان] هاتەلایان.
(١٨) کە ئەم بەندە خودایانەم پێ بسپێرن؛ من بۆ ئێوە پێغەمبەرێ جێ باوەڕم.
(١٩) لەحاند خودا خۆتان بەزلتر مەبینن؛ من بۆ ئێوە نیشانەیەکی ئاشکرام هاوردوە.
(٢٠) من بە پەروەرێنی خۆم و ئێوە پەنادەبەم لەوە کە بمکوژن.
(٢١) ئەر باوەڕیشم پێ ناکەن، خۆتانم لێ دورخەنەوە.
(٢٢) دواجار هانای بۆپەروەرندەی خۆی هێنا، کە: ئەوانە کۆمەڵێکی تاوانبارن.
(٢٣) ساتۆ وەل ئەم عەبدانەی من بەشەو بڕۆ؛ چون ئەوان دواتان دەکەون.
(٢٤) بەئارامی لەدەریاکە بپەڕەوە؛ کە ئەو لەشکرە خنکاون.
(٢٥) گەلێ کانی و باغاتیان لە پاش بەجێ مان.
(٢٦) فرە کێڵگەو کۆشک و سەرسەرای بەنرخیش.
(٢٧) خێروبێرێکیش کەتێدا لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان.
(٢٨) ئابەم جۆرەو؛ دامان بە گەلێکی دیکە.
(٢٩) نە ئاسمان شینی بۆگێران، نە زەمینیش. هەر مۆڵەتیشیان پێ نەدرا.
(٣٠) تۆرەمەی ئیسڕائیلیشمان لەوئازاری پرسووکایەتی ڕزگار کرد:
(٣١) لە فیرعەونێ؛ کە خۆی زۆر بەزل دەزانی و لەوانەبو کە لەئەندازە دەردەچن.
(٣٢) ئەوانیشمان بەدانستە - لەچاو خەڵکی هەمودنیا - بەڕێزترگرت.
(٣٣) هێندەشمان نیشانەدانێ کە ئاشکرا، ببن بەمایەی ئەزموونێ.
(٣٤) وا ئێستا ئەمانە ئێژن:
(٣٥) هەر بۆ یەکەمجار کە دەمرین، تازە زیندوو نابینەوە.
(٣٦) سا ئەگەر بەڕاستیتانە، باوانەکانمان بۆبێنن.
(٣٧) ئاخۆ ئەمانە باشترن، یاخۆ گەلی «توببەع» و پێشینەکانیان؟ کە ڤرانمان تێ خستون؛ چون تاوانباربون.
(٣٨) ئێمە ئەو ئاسمانانەو زەمینەو هەرچی لە ناو ئەودوانەدا، بۆ گەمەمان سازنەداوە؛
(٣٩) هەر بۆراستی هەمووومان وەدی هێناون؛ بەڵام زۆربەیان نازانن.
(٤٠) ژوانی هەموویان ڕۆژی هەڵاواردنە.
(٤١) ئەورۆژە دۆست لەمەڕ دۆستی هیچ کارێکی لەدەس نایەو کەسیش دەهانایان نایە.
(٤٢) مەگین کەسێ وەبەر بەزەی خوداکەوێ؛ کە هەرخۆی بەدەستەڵات و دلۆڤانە.
(٤٣) بەری دارەکەی ژەقنەموت،
(٤٤) خواردنی گوناهبارانە.
(٤٥) کە چەشنی خڵتەی ڕۆن زەیتون، لە ناو سکاندا دێتەکوڵ؛

(٤٦) وەک کوڵینی ئاوی گەرم.
(٤٧) سا بیگرن و ڕای بکێشن بۆناوەڕاستی جەهەندەم.
(٤٨) ئەوساکەش هەر بۆئازاردان، ئاڤاکەلی بەسەرداکەن.
(٤٩) دەبچێژە! تۆیەکی کە لە دنیادا هێزای خاوەن دەستەڵات بوی.
(٥٠) ئەوە ئەوشتە هاتەدی کە ئێوە لێی بەگومان بوون.
(٥١) ئەوا خۆپارێزەکانیش وان لەشوێنێکی هێمندا.
(٥٢) لە نێوانی کانیاوان و باغاتاندا،
(٥٣) پارچەی ناسک و ئەستوری لەهەڤرەمیش لخۆدەکەن؛ هەموو بەرانبەربەیەکن.
(٥٤) زۆریش کیژی چاوکەژاڵی سپی و سۆڵمان بۆهاوسەری پێ بەخشیون.
(٥٥) لەوێدا هەرمیوەیەکی بەدڵیانە، بەئارخەیانی دەخوازن.
(٥٦) جگە لە مەرگی هەوەڵێ، لەوشوێنەدا تامی مردنێ ناچێژن و لەئازاری دۆژەهیشی پارازتگن.
(٥٧) چاکەیەو پەروەرندەی تۆ کردویەتی. ئەمەش بەختەوەریەکی زۆرگرینگە.
(٥٨) هەربۆیە وا بەهاسانی بەزمانی تۆمان بەڕێ کرد، کە شایەت بیرکەنەوە.
(٥٩) سا تۆ چاوەنۆڕی بکە، ئەوانیش وا چاوەنۆڕن.

## جاسیە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) ئەم کتێبە خاوەن دەستەڵاتی کارزان ناردوویەتی.
(٣) لە ئاسمانان و زەمیندا، بەڵگە زۆرن بۆکەسانی خاوەن باوەڕ.
(٤) لەئافراندنی خۆتان و بڵاوبونی جانەوەران، چەند بەڵگە هەن بۆ ئەوانەی لەپروادا بێ گومانن.
(٥) لەهاتوچوی شەو و ڕۆژوو لەو ڕۆژی یەی کە خودا لەو حەوایەوە بەڕێی دەکا و زەوی مردوی بەوهۆیە زیندووکردەوەو لەهەڵکردنی بایەکان، نیشانە هەن بۆ ئەوکەسانەی تێدەگەن.
(٦) ئەمانە نیشانەی خودان کە بۆتی دەخوێنێتەوەو هەمووی ڕاستە. دەی سا لە پاش باسی خودا و باسی نیشانەکانی ئەو، بەکام قسە پروادەکەن؟
(٧) های لەوکەسەی بوختان کەرو تاوانبارە!
(٨) هەرگا نیشانەکانی خودای بەسەردا دەخوێنرێتەوە، خۆی دەبیبسێ. کەچی دوایە - بە هۆی لەخۆبایی بونی - پێ دادەگرێ و ئێژی هەر نەشی بیستوە. سا تۆ مزگێنی پێ بدە کە ئازارێکی بەژانی بەردەکەوێ.
(٩) ئەر شتێکیش لەنیشانەکانی ئێمە، فێرببێ گاڵتەی پێدەکا. ئازارێک بەشی ئەمانە کە تەواو ئاپرویان دەبا.
(١٠) دۆژەهیشیان وا بەدواوە. نە ئەوشتەی لە دنیادا گیریان هێنا، نە دۆستانێک - غەیرەزخوا - هەڵیان بژارد، بەهرەیان پێ دەگەیێنن. ئازارێکی زۆر سەختیش چاوەنۆڕیانە.

(١١) ئەمە ڕێ نیشاندەرێکە. ئەوکەسانەش حاشا لە نیشانەکانی پەروەرندەی خۆیان دەکەن، ئازارێکی زۆر دوژوارو بەژانیان هەس.
(١٢) خوا کەسێکە دەریای بۆ ئێوە کەوی کرد، کە لەگوێرەی فەرمانی ئەو، گەمی لەناودا بگەڕێ و بۆچاکەی ئەو تێ بکۆشن؛ بەشکە شوکرانەبژێربن.
(١٣) هەرچی لە ناو عاسمانەکان و زەمین دان، گش هی ئەون؛ ئەو بۆ ئێوەی کەوی کردوون. کە لەمەدا نیشان زۆرن بۆ ئەوانەی ڕادەمێنن.
(١٤) تۆ بە باوەڕداران بێژە: با ئەوکەسانە ببەخشن کە بۆ ڕۆژەکانی خودا بەهیوانین؛ تا بە هەرگرۆیەک - بە پێی کردەوەیان - پاداش بدا.
(١٥) هەر کەس کاری باش دەکا، بۆخۆیەتی؛ هەر کەسیش خراپە دەکا، دژی خۆی کرد. پاشان ئێوە هەر بۆ لای پەروەرندەتان دەبرێنەوە.
(١٦) ئێمە کتێب و کارزانی و پلەی پێغەمبەرایەتیماندا بەتۆرەمەی ئیسڕائیل؛ بژیوی پاک و چاکیشمان پێ گەیاندن. لەچاو هەموخەڵکی دنیاش سەرمان خستن.
(١٧) سەبارەت بەدینەکەشیان زۆرنیشانەی دیاری دەرمان پێ سپاردن. لەناوەخۆش گرفتاری کێشە نەبوون، مەگین وەختێ کە لەم دینە ئاگادار بوون؛ ئەویش هەر لە بەر ئێرەیی نێوان خۆیان. پەروەرندەت ڕۆژی سەڵا بەوکارانەیان ڕادەگا، کە لەسەری پێک نەهاتوون.
(١٨) دواجار ئەتۆمان خستە سەر ڕێگەوشوێنێک لەم ئایینە؛ شوێنی کەوەو شوێن ئارەزووی ئەو نەزانانە مەکەوە.
(١٩) ئەوان ناتوانن لەخودات بێ نیازکەن. ناهەقان دۆستی یەکترن؛ خواش دۆستی خۆپارێزانە.
(٢٠) ئەم قوڕئانە سۆمای چاوە بۆمەردم و بەزەیی و ڕێ نیشاندەرە بۆ ئەوانەی لەپڕوادا بێ گومانن.
(٢١) ئاخۆ ئەوانەی بەدکارن، وادەزانن ئێمە لەژی و مەرگیاندا وەک ئەوانەیان دادەنێین کە بوونە خاوەن باوەڕو ئاکارچاک بوون؟ زۆرخراپی تێگەیشتون.
(٢٢) خوا بەڕاستی ئەم عاسمانانەو زەمینەی وەدی هێنا، تا هەر کەسێ چەی کردووە، پاداشی وەرگرێتەوەو ناهەقیشیان لێ ناکرێ.
(٢٣) ئاخۆ تۆ ئەوکەسەت دیوە کە ئارەزووی خۆی دەپەرست؟ خودا - کە ئاگای لێ هەبو - ڕێی لێ گۆری و گوێچکەو دڵیشی مۆرکردو لێڵایی خستە سەرچاوی. سا کێ هەیە لە پاش خودا، ڕێی نیشاندا؟ دەی بۆچی بیرناکەنەوە؟
(٢٤) هەروا گوتیان: بێژگە لەژینی دنیامان چیترنیە. هەر دەمرین و دەژینەوەو هەر سروشت دەمان مرێنێ. هیچ. شتێ لەمەش نازانن؛ هەر لەخۆوە گومان دەبەن.
(٢٥) هەرگاش نیشانە ئاشکراکانی مەیان بۆ وەخوێنن، پروبیانو دەهێننەوەو ئێژن: ئەگەر قسەو ڕاستن، باب و کاڵمان بۆبێننەوە.
(٢٦) بێژە: خودا ژیو پێدەداو لەپاشان دەتانمرێنێ و پاشان لە ڕۆژی قیامەتا - کە بێ گومانە هەردادێ - هەمووتان کۆدەکاتەوە. بەڵام زۆربەی ئەم مەردمە های لێ نیە.
(٢٧) دەستەڵاتی ئەم ئاسمانان و زەمینە هەر بە خوایە. ڕۆژێ کە سەڵا ڕادەبێ، ئەم تەرزە هەرزەوێژانە زەرەردەکەن.

(٢٨) دەشبینی هەموو تیرەیەک بەڕێز بە سەر چۆک داهاتوون؛ هەرتیرەیەکیش بانگ دەکرێ، بۆدیتنی سیایی کردەوەکەی خۆی. ئەوا ئەمڕۆ پاداشی کردەوەکانتان ئەدرێتەوە.
(٢٩) ئەمە کتێبی ئێمەیە، کە بەڕاستی و بەزەرەدی ئێوە دەدوێ. هەرچی کردەوەی ئێوەش بوو، ئێمە هەموومان دەنوسین.
(٣٠) سا ئەوانەی بەباوەڕ و ئاکارچاک بوون، پەروەرێنیان دەیانخاتە بەربەزەیی؛ کە ئەمە بەختەوەریەکی زۆرگرینگە.
(٣١) بەڵام خودانەناسەکان [پێیان ئەوترێ:] ئاخۆ نیشانەکانی منتان بۆنەدەخوێنرایەوە کە خۆتان بەزل دەزانی و کۆمەڵێکی تاوانباربون؟
(٣٢) هەرگاش وترا، کە بەڵێنی خودا ڕاستەو سەلاڕابون هیچ گومانی تێدا نییە، ئێوە وتتان: هەرنازانین قیامەت چییە؟ لامان خەیاڵێکی خاوەو دڵمان قنیاتی پێ نایە.
(٣٣) هەرکارێکی خراپیان لەدەس هاتبو، ئاشکرا نیشانیان درا. ئەوشتانەش حەنەکی خۆیان پێدەکرد، دەوری لێدان.
(٣٤) پێیان وترا: وا ئەمڕۆ لە بیرتان دەکەین؛ هەروەک ئێوە توش هاتنی ئەمڕۆتان نەدەهاتەبیر. جێتان لەناوئاگردایە؛ هیچ کەسیش یاریتان ناکا.
(٣٥) چونکە ئێوە نیشانەکانی ئێمەتان کردبوە جێ گەمەی خۆتان. ژینی دنیا ئێوەی هەڵخەڵەتاندبو. ئیتر ئەمڕۆ لەئاگر دەریان ناخەن و ڕێگە نییە داوای لێ بوردنیش بکەن.
(٣٦) سا سوپاس هەر بۆ خودایە؛ ڕاهێنەری عاسمانەکان و زەمین و هەموو خەڵکی جیهانیشە.
(٣٧) لە ئاسمانان و زەمینیش، شکۆو گەورەیی بۆئەوەو هەرخۆی خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.

## ئەحقاف

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) حا، میم.
(٢) ئەم کتێبە لەخودای بەدەستەڵاتی لەکارزانەوە ناردرا.
(٣) ئەم ئاسمانانەو زەمینەو هەرچی لەناویاندا هەیە، بۆراستی وەدیمان هێنان و مەودایان دیاری کراوە. ئەوکەسانەش کە خودایان نەناسیوە، لەچی ترسیان وەبەر بێرن، خۆ دەبوێرن.
(٤) بێژە: ئەو شتانەی ئێوە - غەیرەز خودا - هانایان دەبەنەبەرێ، چییان لەم هەردە چێ کردووە؟ یان ئەگەر لەعاسمانەکان بەشداربوگن، نیشانم دەن. گەر ئێوە بەڕاستیتانە، کتێبێک بەرلەم [قورئانە] هاتبێ، یان قسەی دەربارەی زانست - کە هەر لەکەوناراوە ماوە - بۆمی بێرن.
(٥) کێش لەوکەسە گومڕاترە هانا بۆغەیرەز خوا دەبا؟ بۆکەسێ کە هەتا قیامەت پەرسڤی پێ ناداتەوەو هەر ئاگاشیان لە پاڕانەوەیان نییە.

(٦) هەرگا مەردم هەموویان کۆدەکرێنەوە، ئەوان دەبنە دوژمنیان و حاشادەکەن لەوانەی پەرستویانن
(٧) هەرگا نیشانە ئاشکراکانی مەیان بۆوەخوێنن - ئەوانە وا کاتێ قورئانیان بۆهات حاشایان لێ کرد - ئێژن: ئەمە هەر بەئاشکرا جادوە.
(٨) یان دیێژن: هەر بۆخۆی هەڵی بەستوە. بێژە: ئەگەر هەر بۆخۆم هەڵم بەستبێ، پێتان ناکرێ لای خودا هیچ بۆمن بکەن؛ خوداش پتر ئاگادارە لەو توانجەی کە دەقوڕعانەکەی دەگرن؛ هەر ئەو بەسە بۆ شایەتی لە نێوان من و ئێوەدا؛ هەر ئەویشە گوناهبەخشی دلۆڤانە.
(٩) بێژە: لە ناو ئەو هەموو پێغەمبەرانە، من یەکێ نائاسایی نیم؛ ناشزانم لە من با لەنگۆ چ دەقەومێ. من هەر ئەوەندەم لەسەرە پەیڕەوی ئەو فەرمانەبم کە پێم ڕادەگەیەندرێ. من هەر تەنیا بەئاشکرا ترسێنەرم و چی تریش نیم.
(١٠) بێژە: ئاخۆ چ دەڵێن ئەر [ئەم قورئانە] لە خواوە بێ و ئێوە حاشای لێ بکەن و یەک لەتۆرەمەی ئیسڕائیلیش شایەتی بدا لە سەر وێنەکەی و بڕوایێنێ و ئێوە هەر خۆبەزل زان بن؟! خودا خێڵی غەدرکەران بەرەوخۆی شارەزاناکا.
(١١) ئەوانەی خودانەناسن، بۆخاوەن باوەڕان ئێژن: ئەگەر هیچ شتێکی باشی تێداهەبا، بەرلەئێمەی بۆنەدەچون. ئێستا کە نەیگەیشتونێ، ئێژن: ئەمە درۆیەکی کەونارایە.
(١٢) لە پێش ئەمیش کتێبی مووسا پێشەواو بەزەیی بو. ئەم قورئانە ئەویشی بەڕاست زانیوەو بەئەزمانی عەڕەبی یە؛ تا ناهەقان بترسێنێ و مژدەبێ بۆئاکارچاکان.
(١٣) ئەوکەسانەی وتویانە: پەروەرندەمان خودایە و لە دواییشدا هەر لە سەر قسەی خۆیان مان، نە ترسێکیان لە سەر هەیە، نە خۆم دەخۆن.
(١٤) ئەوکەسانە لەقەرەبوی کارەکانیان بەهەشتین و هەتاسەر هەر تێیدادەبن.
(١٥) ئێمە بە مرۆمان ئەسپارد کە دەگەڵ دایک و بابی خۆی چاکەبکا. دایکی بەتۆلی هەڵی گرت، ڕەنجی کێشا؛ کە داشی نا، ڕەنجی کێشا. هەڵگرتن و لەمەمک پڕینەوەشی سێ هەیڤی برد؛ هەتا گەیشتە خورتانی و تەمەنی گەییشتە چل ساڵ؛ گوتی: ئەی پەروەرندەی من! خۆت ڕام هێنە، سپاسی ئەوچاکە بکەم کە دەربارەی من و دایک و باوکمت کرد؛ کاری وا هێژام فێربکە تۆ ڕازی کا؛ تۆرەمەشم لەکاری چاکە ڕابێنە؛ وا بەرەوتۆ گەڕامەوەو خۆم هەر بە تۆ ئەسپاردوە.
(١٦) هەر کەسیش وەک ئەوانەبن، ئێمە کارەباشەکانیان لێ وەردەگرین و لە گوناهیشیان خۆش دەبین و وەل بەهەشتیەکان دەبن. ئەوبەڵێنەی کە پێیان دراوە، ڕاستە.
(١٧) ئەومرۆیەش کە بە باب و داکی دەگوت: لام لێ لادەن! ئاخۆ بەڵێنم پێ دەدەن جارێ تر زیندوودەبمەوەو لەگۆڕ دەرم دەهێننەوە؟ چەند بەرەوچین لە پێش مندا هاتوون وچون. داک و بابیش هەرپەنایان بە خوا دەبرد [ودەیانگوت:] هەی ماڵ وێران بڕوابێنە! بەڵێنی خودایە و ڕاستە. ئەویش دەیگوت: ئەو شتانە هەرچیرۆکی پێشینانەو چی تر نییە.
(١٨) ئەوکەسانەش هەر بەدەردی کۆمەڵانێک - لەجندۆکەو مرۆیان - چون، کە بەرلەوان فەوتان و تووش جەزرەبەی ئێمە هاتن و زیانباربون.

(١٩) ئێمە بۆهەریەک لەوانە پلەوپایەمان داناوە. تا خوا بەهەر کەس بەگوێرەی کارو کردەوەی پاداش بات. ناهەقیشیان لێ ناکرێ.
(٢٠) ڕۆژێ بەرەی خوانەناسان بەرانبەر ئاگر ڕادەنێن [پێیان دەڵێن:] خۆشی دنیاو دەرباز کرد و بەباشی بەهرەتان لێ برد؛ ئەمڕۆش زۆر بەسووکایەتی ئازار دەدرێن؛ چونکە ئێوە لەسەرزەمین - بەخۆرایی - خۆتان بەزل زانی و لە ڕێگەی ڕاستولادابو.
(٢١) برای عادیش وەبرێنە، کە لە ئەحقاف ترسی وەبەر هۆزەکەی نا: ئێوە نابێ غەیرەز خودا بپەرستن؛ من لە ئێوە نیگەرانم کە لە ڕۆژی گەورەدا ئازاربببینن. بەرلە ئەو و لە پاش ئەویش ترسێنەران هاتن و چوون.
(٢٢) گوتیان: ئاخۆ هەر بۆیە هاتویە لامان، لامان بدەی لەوانەی دەیانپەرستین؟ ئەگەر لەقسەڕاستانی، ئەوهەڕەشەی لەئێمەت کرد، بەجێی بێنە.
(٢٣) گوتی: ئەویش خوا دەیزانێ؛ من بەچی ڕاسپێراوم، بە ئێوەی ڕادەگەیەنم؛ بەڵام وەک من دەتانبینم، ئێوە کۆمەڵێ نەزانن.
(٢٤) کاتێ لە لای شیوەکانیان هەورێکیان دی، گوتیان: ئەمە بارانمان بۆدەبارێنێ. بەڵکوو ئەمە هەر هەمانە کە ئێوە بۆی بەپەلەبون؛ هەوری بایەو جەزرەبەدانی بەژانی لەگەڵدایە؛
(٢٥) بە فەرمانی پەروەرندەی، هەموشت تێک وپێک دەدا. ئیتر کارێکیان بەسەرهات تەنیا هەر جێ ماڵەکانیان دەبیندرا. ئێمە پاداشی کۆمەڵی تاوانباران ئاوا دەدەین.
(٢٦) لەوشوێنەدا گوزەرانێکمان دابونێ، کە بە ئێوەمان نەداوە. گوێ و چاوو دڵیشمان بەوانیش دابو؛ ئەوان لەگوێ و چاوو دڵیان هیچ بەهرەیان دەس نەکەوت؛ کە نرخێکیان بۆنیشانەکانی خودا دانەدەناو ئەوەی حەنەکیان پێدەکرد، دەوری لێدان.
(٢٧) فرە لەو باژێرانەمان قڕ تێ خستون کە هەر لەدەوری ئێوەبون. هەموو جۆرە نیشانەمان بۆراناون، کە بەشکوو بگەڕێنەوە.
(٢٨) ئەدی بۆچی ئەو شتانەی غەیرەز خودا دەیانپەرست تا بەوهۆیە لە خوایان نزیک کەنەوە، هیچ دەهانایان نەهاتن؟ بەڵکوو ئەوان لەدەسیان چون؛ ئەمەش لەودرۆیانەبو کە بۆخۆیان هەڵیان بەستون.
(٢٩) هێندێکیش لەجندۆکانمان ناردەلای تۆ، کە گوێ لەم قورئانە بگرن، کاتێ هاتن، گوتیان: مات بن و گوێ بدەن. وەختێ بیستیان، هاتنەوە ناو خێڵەکەیان و ترسی خوایان وەبەرنان.
(٣٠) گوتیان: گەلۆ! ناوەرۆکی کتێبێکیان بۆوەخوێندوین، کە پاش مووسا ناردراوە؛ بە کتێبەکانی پێشوشی بڕواهەیە؛ هانە بۆراستی دەدات و شارەزای ڕاستەڕێ دەکا.
(٣١) گەلۆ! وەرن بە دەنگ ئەم کەسەوە بچن کە گازی بۆ خودا دەکا و بڕوای پێکەن. لە گوناهانو خۆش دەبێ و لەئازاردانی بەژانتان دەپارێزێ.
(٣٢) هەر کەسێکیش بە دەنگ ئەوکەسەوە نەچێ - کە بەرەوخودا بانگ دەکا - لەم زەمینە دەرەتانی دەس ناکەوێ و غەیرەز خودا هیچ کەسی دەهانا نایە. کێش ئاوابن، دیارە ڕێ یان لێ گۆڕاوە.
(٣٣) ئاخۆ ئەوان نەیانزانی ئەوخودایە کە زەمین و ئاسمانانی وەدی هێناو لە وەدی هێنانیشیاندا تووشی ناتەوانی نەبوو، دەتوانێ زیندووش کاتەوەو بش مرێنێ؟ ئارێ ئەو لە سەر هەموشت تواناى هەیە.

(٣٤) ئەوێ ڕۆژێ کە ئەوانەی خوانەناس بوون، لای ئاگر ڕایان دەنێن [و پێیان دەڵێن:] ئاخۆ ئەم شتە ڕاست نییە؟ ئێژن: ڕاستە، سوێند بەپەروەرندەمان. ئێژێ: چونکە ئێوە هەرحاشاتان لێ کرد، سا ئەوئازارە بچێژن.
(٣٥) تۆش هەروەکو پێغەمبەرە لێ پراوو نەبەزەکان، سوربە لە سەر کارەکەت و خۆراگربە؛ وەک ئەوانیش خۆراگربون . بۆئەوانەش پەلەت نەبێ؛ ئەو ڕۆژی بڕیاردراوە بێنەلامان، وادەزانن مانەوەیان هەر ساعەتێ لە ڕۆژێکی خایاندوە. ئەمەش پەندێکی تەواوە. ئاخۆ کەسێک - بێژگە لە ڕێ لادەرەکان - بەجەزرەبە لەبەین دەچێ؟

موحەممەد

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەوانەی دژی خوا بوون و لەمپەرێک بوون لە ڕێی خودا، هەموو کردەوەکانیانی لێ پوچەڵ کرد.
(٢) ئەوانیش کە خواناس و ئاکارچاک بوون و بەم قورئانەش - کە ڕاستە و لە پەروەرندەیانەوە بۆ موحەممەد بە خەڵات هاتۆتەخوارێ - باوەڕیان کرد، خودا هەموو گوناهەکانیانی پۆشی و کاروباری ژیانیانی بۆ سامان دان.
(٣) چونکە هەرچی دژایەتی خودایان کرد، شوێن کاری ناڕەوا کەوتن. ئەوی خاوەن باوەڕیشن لەدوی ئەو فەرمانە دەچن؛ کە بە ڕاستی لە پەروەرندەیانڕایە. ئاوا خودا چەند نموونە بۆ ئەم خەڵکە دێنێتەوە.
(٤) ئیتر هەرگا تووشی ئەو بێ دینانە بوون، لە ملیان دەن؛ پاش ونجڕ ونجڕ کردنیان شەتەکیان دەن. ئەوسا یان هەر بە چاکە ئازادیان بکەن؛ یا بەرخوێنیان لێ بستێنن؛ هەتا شەڕ کۆتایی پێ دێ. ئەگەر خودا بیویستبا، بۆ خۆی تۆڵەی لێ دەستاندن؛ بەڵام ویستی بە یەکتریتان بئەزموێ. ئەو کەسانەش کە لە ڕای خودا کوژراون، کردەیان بە فیڕۆ نادا.
(٥) بەم زووانە ڕێگەیان پێ نیشان دەدا و کاروباری ژیانیان بۆ تەکووز دەکا.
(٦) دەشیانباتە ئەو بەهەشتەی کە پێشەکی بۆی باس کردوون.
(٧) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر یاری خودا بکەن، خوداش یاریدەتان دەدا و لە بەر نەیاران نابەزن.
(٨) ئەوانەش کە دین دوژمنن، بەشیان هەر نەگبەتی دەبێ و کارەکانی لێ پوچ کردوون.
(٩) چونکە ئەوان لەمەی کە خودا ناردوویە، خۆشیان نایە؛ ئەوسا ئەویش کارەکانی لێ تێک داون.
(١٠) ئاخۆ ئەوان بە زەمیندا نەگەڕاون، تا پروانن پێشینەکانی ئەوانە چییان بەسەرهات؟ خودا تەرت و تونای کردن؛ بۆ لە دین لادەرەکانیش هەر شتێکی ئاوا هەیە.
(١١) چونکە خودا سەروەری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان پێ هێناوە و ئەوانەی خودانەناسن، بێ سەروەرن.

(١٢) خودا خاوەن باوەڕانی ئاكارپەسند، دەنێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا. ئەوانەی نەشیان ناسیوە، لە دنیادا ڕای دەبوێرن و دەلەوەڕێن؛ وەک لەوەڕانی ئاژەڵ و جێگەیان لە ئاگردایە.
(١٣) فرە باژێری وا هەبووە لە خەڵکی باژێرەکەی تۆ - ئەوەی تۆیان لێ وەدەرنا - گەلێک بەهێز و گورتر بوون، قڕمان کردوون؛ کەسیش دە هانایان نەهات.
(١٤) ئاخۆ کەسێ لە پەروەرندەی خۆیەوە بەڵگەی ڕوونی بۆ هاتبێ، وەک کەسێکە کردەوە خراپەکەی خۆی بۆ خەملاوە و شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوون؟
(١٥) ئەو بەهەشتەی خوا بە پارێزگارانی بەڵێن داوە، چۆن چۆنییە؟ چەندین ڕوباری وای تێدا، ئاوەکەیان شلوێ نابێ. چەند ڕوباری شیری تێدا، هەرگیز تامی نەگۆڕاوە. چەندین ڕوباری شەرابی پێدا دەڕوا، تا وەیخۆن کەیفی پێدەکەن. چەند ڕوباریش لە هەنگڤی پالافتە هەن. هەر میوەیەکیش بخوازن، تێدا هەیە؛ خۆش بوونی پەروەرندەشیان. چۆن ئەمانە دەبنە لنگەی ئەو کەسانە کە تا هەتا هەر دەبێ لە ئاگردا بن و لەسەریانە ئاڤاکەلاندی وەخۆن و ڕیخۆڵەیان لەت و پەت کا.
(١٦) هێندێکیان دێن گوێت لێدەگرن؛ وەختێ لە لای تۆ دەردەچن لە زانیارەکان دەپرسن: ئێستە چی وت؟ خودا مۆری بەسەر دڵیانەوە ناوە و شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتوون.
(١٧) ئەو کەسانەش کە هاتوونە سەر ڕاستە ڕێ، پتر شارەزایان دەکا و ترسی خوایان پتر دەخاتە دڵەوە.
(١٨) ئاخۆ ئەوان چاوەنۆڕن گوزوگوممەت ئێستە سەڵایان لێڕا بێ؟ ئەوا ئێستا نیشانەکانی پەیدا بوون؛ وەختێ سەڵاشیان لێڕابوو، پەندی ئەوان سوودی چییە؟
(١٩) سا بزانە غەیرەز خودا هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. بۆ هەڵەی خۆت و پیاوان و ژنەکانی خاوەن باوەڕ، داوای لێ خۆش بوونێ بکە. خوا لە هەڵگێڕ وەرگێڕتان و لە شوێنی هەمیشەییتان ئاگادارە.
(٢٠) ئەوانەی خاوەن باوەڕن ئێژن: بۆ چە سوورەتێک نایەتە خوارەوە؟ ئەمجارە کە سوورەتێکی پتەو هات و لەمەڕ خەزاوە باسی کرد، تۆ ئەوانەی دەغەزێکیان لە دڵدایە دەبینی وات لێ دەڕوانن، وەک کەسێ لە ترسی مردن تووشی فێداری هاتبێ. بۆ ئەوانە وا باشترە.
(٢١) [بۆ ئەوانە] بەر فەرمانی و پەیڤینی بەجێ و ڕێیە [هێژاترە]. هەرگاش خەزا بڕیار درا، ئەگەر ئەوسا بەرانبەر بە خودا ڕاست بن، هەر بە قازانجی خۆیانە.
(٢٢) ئاخۆ ئەگەر دەستەڵاتوو وەدەس کەوت، لەم زەمینە خراپە ڕێوە دەبەن و پەیوەندی خزمایەتیتان دەچرێنن؟
(٢٣) سا ئەوانە خودا بەر نەحلەتی خستوون؛ گوێیان کەڕ و چاوەکانی لێ کۆر کردوون.
(٢٤) ئاخۆ ئەوان لەو قورئانە ڕانامێنن، یان دڵیان گاڵە دراوە؟
(٢٥) ئەو کەسانەی لە پاش لە دین شارەزا بوون وەرگەڕاون، دیارە شەیتان دنەی داون و کارەکانی بۆ خەملاندوون.
(٢٦) چون ئەوانە بەو کەسانەی کە حەزیان لەو شتە نییە کە خوا ناردوویەتە خوارێ، وتوویانە: ئێمە لە بازە کارێکدا بە قسەو دەکەین. خوداش لەوەی دەیشارنەوە ئاگادارە.
(٢٧) دەبێ چۆن بن ئەو سەردەمەی فرشتە گیانیان دەکێشێ و دە ڕوخسار و پشتەوەیان دەسرەوێنێ؟

(٢٨) چونکە ئەوان وەشوێن شتێکی وا کەوتوون کە خودای توورە کردووە و بە ڕەزای ئەو ڕازی نەبوون؛ ئەوسا ئەویش کاریانی لێ پوچ کردوون.
(٢٩) ئاخۆ ئەوانەی غەرەزیان لە دڵدایە، لایان وایە خودا ڕک و کینەیان ئاشکرا ناکا؟
(٣٠) ئەگەر حەزمان بکردایە، دەمانهێنانە بەرچاوت و ئیتر هەر بە ورد بوونەوە لە بیچمیان، باش دەوناسین. بێ گومانە بە ڕاوێژی ئاخافتنیش دەیانناسی. خواش هەموو کارەکانتانی ئاگا لێیە.
(٣١) بە تاقیتان دەکەینەوە تا بزانین، کێ لە ئێوە تێکۆشاوە و کێتان خۆڕاگرتر بووە. بەراوردی دەنگوباسی ئێوەش دەکەین.
(٣٢) ئەوانەی خوانەناس بوون و بوونە لەمپەر لە ڕای خودا لە دوای ئەوە زانیبووشیان ڕێگەی ڕزگار بوون کامەیە، هەر دژی پێغەمبەر وەستان، هەرگیز ئەوانە ناتانن زیان بە خوا بگەیەنن و بەم زووانە کارەکانیان پوچەڵ دەکا.
(٣٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە فەرمانی خودا و پێغەمبەر دەر مەچن و کارتان پوچەڵ مەکەنەوە.
(٣٤) ئەوانەی لە دین لایاندا و بوونە لەمپەر لەڕای خودا و دوایی بەبێ دینی مردن، هەرگیز خوا لێیان خۆش نابێ.
(٣٥) سس مەبنەوە و داوای شەڕویستانێ مەکەن؛ هەر ئێوە بەسەر ئەواندان؛ ئێوە خوداتان دەگەڵە و هەرگیز پاداشی خەباتەکەتان لێ کەم ناکاتەوە.
(٣٦) هەرچی ژیانی دنیایە، هەموو هەر گاڵتە و گەپێکە. ئەگەر ئێوە بڕواو هەبێ و خۆپارێز بن، پاداشی خۆتان دەداتێ و هیچ ماڵیشتان لێ ناخوازێ.
(٣٧) هەرچەند زۆر بە قیرسیچمەییش داوای ماڵێکتان لێ بکا، ڕژدی دەکەن و ڕکوونیتان دەردەخا.
(٣٨) با هەمووتان ئاگادار بن؛ بانگتان دەکەن کە ماڵ لە ڕای خوا بەخت کەن. ئی واشتان دەناودا هەیە ڕژدی دەکا؛ هەر کەسێکیش ڕژدی دەکا، ڕژدی دەربارەی خۆی دەکا. خوا لە گش کەس بێ نیازە؛ ئێوە ژار و بەلەنگازن؛ ئەگەر پشتیشی تێ بکەن، چینێکی تر بە ئێوە دەگۆڕێتەوە، کە هەرگیز وەک ئێوە نەچن.

## فەتح

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئێمەین کە وەسەرمان خستی، بەو سەرخستنە بەرچاوە.
(٢) هەتا خودا لە هەڵەکانی پێشوت و لەو هەڵانەی لەوەبەولاوە تووشیان دێی، عافووت بکا و چاکەی دوور لە کەمایەسیت دەگەڵ بکا و ڕێگەی ڕاستت نیشان بدا.
(٣) تا خودا یارمەتیت بدا، بەتەرزێ وا کە ببیە خاوەن دەستەڵات.
(٤) هەر ئەویشە ئۆقرە و هەدای دا بە دڵی ئەوانەی خاوەن باوەڕ بوون؛ تا وێرای بڕوای هەیانە، بڕوایان بەقەوەتتر بێ. لەشکرگەلی ئاسمانەکان و زەمینیش، هەموو بەرفەرمانی خوان و خودا زانای لەکارزانە.

(٥) هەروەها پیاو و ژنانی خاوەن باوەڕ بەرێ کاتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەتاسەر هەر لەوێ دەبن و خەتا و نالەبارەکانیان عافوو بکا. لجەم خودا، ئەم ڕووداوە سەرکەوتنێکی مەزن بوو.
(٦) هەتا وەکوو ڕووبینانی پیاو و ژن و شەریک بۆ خوداناسەکان، نێر و مێویان - کە سەبا بە خوا گومانی خراپیان دەبرد - ئازار بدا. زۆرخراپیان لێ قەوماوە و خوا غەزەبی لێ گرتوون و نەحلەت لە هەموویان دەکا و جەهەندەمی بۆ داناون و دواڕۆژێکی ڕەشیان هەیە.
(٧) لەشکرەکان - لە ئاسمانەکان و زەمین - هەموو بەرفەرمانی خوان و خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٨) ئێمە تۆمان کل کردووە، ئاگادار و موژدەدەر و ترسێنەر بی.
(٩) ئەشێ ئێوە پڕوا بێنن بە خوا و پێغەمبەری خودا و لە یاریدەی درێغ نەکەن و ڕێزی شایانی لێگرن و هەموو بەیانی و ئێواران پەسنی بدەن.
(١٠) ئەو کەسانەی پەیمان لەگەڵ تۆ دەبەستن، با بزانن پەیمان دەگەڵ خوا دەبەستن. دەستی خودا دەسەر دەستی ئاوەڕایە. سا هەر کەسێ پەیمانی بەجێ نەهێنێ، هەر خۆی لە پەیمان شکێنی زەرەر دەکا؛ هەر کەسێکیش ئەو پەیمانەی - کە دەگەڵ خودا بەستوویە - بەجێ بێنێ، لە دواڕۆژا پاداشی گەورەی دەداتێ.
(١١) ئەو عەرەبە کۆچەرانەی دواکەوتبوون، وە تۆ ئێژن: دارایی و ماڵ و خێزانمان نەیانهێشت بگەینە ئێوە؛ داوای بەخشینمان بۆ بکە. سەرزارەکی شتێ ئێژن: کە لە دڵیانەوە نایە. بێژە: ئەگەر خوا زیانێک لە ئێوە با، یان بەهرەیەکتان پێ بدا، کێ دەتوانێ دەس دە کاری خودا بدا؟ بەڵکە خودا لە هەر کردەوەیێ دەیکەن، ئاگادارە.
(١٢) نەخێر ئێوە پێتان وا بوو پێغەمبەر و باوەڕداران هەرگیز تازە نایەنەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆیان. هەر بە دڵیش ئەم خەیاڵەو بە شتێکی باش دەزانی. گومانێکی بێجاو دەبرد؛ دیارە ئێوە کۆمەڵێکی زۆر بێ خێر بوون.
(١٣) هەر کەسێکیش پڕوای نەبێ بە خوا و پێغەمبەری خودا، ئێمە بۆ ئەو بێ دینانە، کڵپی ئاگرمان نێڵ داوە.
(١٤) دەستەڵاتی ئەم عاسمانان و زەمینە بە دەس خوایە؛ کێ حەز بکا عەفووی دەکا و کێش حەز کا جەزرەبەی دەدا و خوداش لە گوناهـ دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٥) هەر ئەوانەی دوا کەوتبوون، ئێستا ئێژن: هەرگا بەرەو تاڵانێک چوون، لێمان گەڕێن ئێمەش بەشوێن ئێوەدا بێین. گەرەکیانە قسەکەی خودا بگۆڕن. بێژە: هەرگیز ئێوە لەشوێن ئێمە نایەن؛ خودا پێشەکی گوتوویە. ئەوسا ئێژن: نەخێر دیارە لەحاند ئێمە چاوچنۆکن. نەخێر ئەوان کەم تێدەگەن.
(١٦) بەو عەرەبە کۆچەرانەی - کە پێشوو خۆیان دزیەوە - بێژە: هەر لەم بەینانەدا بانگتان دەکەن، بچنە سەر گەلێکی گەڕناس؛ یان هەر شەڕتان دەگەڵ دەکەن، یان خۆ بەدەستەوە دەدەن. جا ئەر ئێوە بەرفەرمان بن، لە خوداوە پاداشێکی باش وەردەگرن؛ ئەگەر خۆشتان بدزنەوە - وەک پێشوو خۆتان دزیەوە - دەتانخاتە بەر جەزرەبەیەکی بەژان.
(١٧) گازندە لە کۆر ناکرێ؛ گلەییش لەسەر شەل نییە؛ لەش بەباریش قەیدێ ناکا. هەر کەسێکیش بەفەرمانی خوا و پێغەمبەری ئەو بکا، دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا. هەر کەسێکیش خۆ ببوێرێ، جەزرەبەی بەژانی دەدا.

(١٨) ئەو دەستە خاوەن باوەڕەی کە وا لەژێر دارەکەدا دەگەڵتا بوونە هاوپەیمان، خودایان لێ ڕازی بووە؛ دەیزانی چییان لەدڵدایە. سا ئۆقرە و دڵنیایی ناردە سەریان و بە سەرکەوتنێکی نزیک پاداشی دان؛
(١٩) ماڵی تاڵانی زۆریشیان دەس دەکەوێ. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٢٠) خوا بەڵێنی گەلێ تاڵووی پێتان داوە کە دەیگرن. بەڵام زووتر ئەمەی دا پێتان و نەیهێشت دەستی خەڵکیتان بگاتێ و هەتا نیشانەیەکیش بێ بۆ خاوەن باوەڕەکان و بۆ ڕاستەڕێ زۆرتر شارەزاتان بکا.
(٢١) تاڵانێکی تریش هەیە، هێشتا دەستیان پێی نەگەیوە و خودا باشی ئاگا لێیە و خوا هەموو کاری پێ دەکرێن.
(٢٢) ئەگەر ئەو دین دوژمنانە شەڕیشیان وەل بکردبان، سوور بزانن پشتیان دەکردە مەیدان و ڕایان دەکرد. لەپاشانیش نە دۆستێکیان دەس دەکەوت و نە کەس دە هانایان دەهات.
(٢٣) یاسایەکە لە خوداوە و لەپێشووشدا هەر وابووە و لەو یاسای خودا دایناوە، هەرگیز گۆڕانێک نابینی.
(٢٤) هەر ئەویش بوو لەدەست ئەوانی پارازتن و ئەوانیشی لەدەس ئێوە؛ وەختێ لە ئاقاری مەککە خودا کردی و ئێوە بەسەریاندا زاڵ بوون. ئێوە هەر کارێکوو دەکرد، خودا دەیدیت.
(٢٥) هەر ئەوان بوون کە لە ڕێگای دین لایان دا و بوونە لەمپەر و نەیانهێشت بچنە کابە؛ ڕێشیان نەدا قوربانیەکەتان - کە گلیان دابووە - بگاتە شوێنی خۆی. [ئەگەر ئیزنمان بدایە لە مەککە دەگژیان ڕاچن] لەوانەبوو زۆر مێر و ژنی باوەڕدار - کە ئێوە نەتانناسیبوون - دەبەر پێیانودا بچن و بێ ئەوەی خۆتان بزانن، ببنە موشکوڵۆزمەی ئەوان. خودا هەرکێ خۆی حەز دەکا، دەیخاتە بەر بەزەیی خۆی. ئەگەر لەو شوێنە لاچووبان، بێ سۆ دین دوژمنەکانمان بە ئازارێکی بەژان دوچار دەکردن.
(٢٦) ئەوسا کە دین دوژمنەکان، بادی هەوایی نەزانانەیان دەنواند، خودا ئۆقرە و هێمنایەتی نارده خوارێ بۆ ناو دڵی پێغەمبەری و باوەڕدارانی [یارانی] و وای کرد کە خۆپارێز بن و بۆ ئەم کارەش لە هەموو کەس شیاوتر و هێژاتر بوون. خوا بۆ هەموو شت زانایە.
(٢٧) خوا ئەو خەونەی کە پێغەمبەرەکەی دیبووی، وەڕاست گێڕا: خوا حەز کا بەبێ هیچ ترسێک دەچنە ناو ماڵی کابەوە و پۆری خۆ کورت دەکەنەوە، یان دەیتاشن. ئەو شتانەی نەوزانیبوو، ئەو دەیزانی. جگە لەمەش بەو زووانە تووشی سەرکەوتنێک دەبن.
(٢٨) هەر خودایە کە پێغەمبەری خۆی نارد و ڕێنوێنی و دینی ڕاستیشی ڕەگەڵ خست؛ تا بەسەر هەموو دینێکا زاڵی بکا. خواش بۆ ئاگا لێبوون بەسە.
(٢٩) موحەممەد پێغەمبەر خوداس؛ ئەوانەش کە دەگەڵ ئەون، لە بەرانبەر دین دوژمنان توند و تیژ و لە ناوخۆدا دلۆڤانن. لە کڕنۆش و سوژدە چاوت پێ دەکەون. هەر بەهێڤی ڕەزامەندی و چاکەی خودان. دڕۆشمی سوژدە بردنیان بە ناوچاوانەوە هەیە؛ وێنەشیان لە تەوراتدایە و نموونەشیان لە ئینجیلدا. شبێنراوە بە چناوێک تیشەی بەرەژوور هەڵچووبێ و وەچی فرەی دەرکردبێ و ستوور بووبێ و لەسەرلاسک خۆی گرتبێ و وەرزێران سەیری بمێنن؛ تا چاوچنۆکانی سپڵەی پێ قەڵس کا. ئەوانەی خاوەن باوەڕ و ئاکار چاکن، خوا بەڵێنی لێ بووردن و پاداشێ گەورەی پێ داون.

حوجورات

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! نەچن وەپێش خوا و پێغەمبەرەکەی کەون؛ با ترستان لە خودا بیێ، خودا بیسەر و زانایە.
(٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ناشێ دەنگتان سەر دەنگی پێغەمبەر کەوێ. دەنگیش هێندە بەرز مەکەن، وەک وەل یەکترا داخێون؛ کە کارتان لێ پووچەڵ ببێ و خۆتان بە خۆتان نەزانن.
(٣) ئەو کەسانەی لجەم پێغەمبەری خودا دەنگیان نزم دەکەنەوە، ئەو کەسانەن خوا دەربارەی پارێزگاری، دڵی تاقی کردوونەوە. لێ خۆش بوون و پاداشی مەزن بۆ وانە.
(٤) ئەو کەسانەی لەو دیوی هۆدەکانەوە بانگت دەکەن، زۆربەیان ئاوەزیان نییە.
(٥) ئەگەر خۆیان ڕاگرتایە هەتا دەر دەچووی بۆ لایان، بێ شک بۆ ئەوان باشتر بوو. خوا دەشبووڕێ و دلۆڤانە.
(٦) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا لە فەرمان لادەرێک دەنگ و باسێکتان بۆ دێنێ، بە وردی لێی ورد بنەوە؛ نەکا لە ڕووی نەزانیوە گەلێکان تووشی زیان کەن و لە کردەتان پەژیوان بن.
(٧) پێویستە ئەمەش بزانن کە پێغەمبەری خوداتان لەناودایە. ئەگەر لە زۆرکاراندا شوێنتان کەوتبا، تووشی ناڕەحەتی دەبوون؛ بەڵام خودا ئەڤینی پڕوا بە دینیدا بە ئێوە و ئەوەی لە دڵتاندا خەملاند. بێ باوەڕی و لە ڕێ لادان و سەرپێچی لە لاتان دزێو کردووە. لە ڕێ شارەزا ئەوانەن.
(٨) ئەمەش بەخشش و چاکەیە لە خوداوە و؛ خودا زانای لەکارزانە.
(٩) هەرگا لە ناو باوەڕداران دوو گرۆ دە گژ یەکڕا چون، ئێوە ئاشتیان بکەنەوە؛ ئەگەر یەکیان گەرەکی بو ناهەقی لەوی تر بکا، ئێوە دە گژ ئەوڕا چن کە هەر دەیەوێ شەڕ بکا؛ هەتا بۆ فەرمانی خوا مل کەچ دەکا. ئەوسا - بەبێ لایەنگیری - پێکیان بێنن و بە یەکسانی بە کێشەکەیان ڕابگەن. لەو کەسانەی بە یەکسانی پێ ڕادەگەن، خوا خۆشی دێ.
(١٠) خاوەن باوەڕ هەموویان هەر برای یەکن؛ براکانتان پێکەوە ئاشت بکەنەوە. ئەشێ لە خودا بترسن؛ بەشکوو بەر بەزەیی کەون.
(١١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! با هێندێکتان گاڵتە بە هێندێکان نەکەن؛ لەوانەیە ئەوانەی گەپیان پێ دەدەن، لە گەپ دەرەکان باشتر بن. ژنیش هەروا؛ لەوانەیە ئەوانەی دەبنە گاڵتەجار، لەوی گاڵتەیان پێ دەکەن، پەسندتر بن. لە سیلەی چاو داگرتن و تەشەر دەیەکتر گرتن و ناو و ناتۆرە لێک هەڵدان، دەس هەڵگرن؛ چونکە لە پاش پڕوا هێنان، لە ڕێ لادان، بەد نێویە و ناپەسەندە. کێش پەژیوان نەبێتەوە، لە ڕیزەی ناهەقەکانە.
(١٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە زۆرێک لە گومانان خۆ بپارێزن. چونکە هێندێک گومانی وا هەن گوناهن. لە کاروباری یەکتریش مەکۆڵنەوە. پاشەملەش خراپەی

یەکتر مەیێژن. ئاخۆ کەستان وازی لێیە کە گۆشتی برای خۆی بە مردویی بخوا؟ دیارە قیزتان لێ دێتەوە. ئەشێ لە خودا بترسن. خوا پەژیوانی قبوڵە و دلۆڤانە.
(١٣) ئەی خەڵکینە! هەر لەنێر و مێویکەوە ئێوەمان وەدی هێناوە و کردوومانن بە چەند گەلێک و چەند هۆزێک هەتا یەکتری بناسن. بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەکانتانن. خودا زانایە و ئاگادارە.
(١٤) عەرەبەکانی دەشتەکی گوتیان: باوەڕیمان هێنا. بێژە: هێشتا باوەڕیتان نەهێناوە؛ بەڵام بێژن: خۆمان بەدەستەوە داوە؛ هێمان پرِوای ئیسلامەتی نەچۆتە ناو دڵتانەوە. ئەگەر ئێوە بەرفەرمانی خودا و پێغەمبەری ئەو بن، لە پاداشی کردەوەتان هیچ شتێ کەم ناکاتەوە. خودا لە گونا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٥) خاوەن باوەڕ ئەو کەسانەن کە پرِوایان بە خوا و پێغەمبەری هەیە و تووشی دوودڵی نەبوون و بە گیان و ماڵ لەڕێی خودا تێکۆشاون و هەر ئەمانە بەڕاستیانە.
(١٦) بێژە: ئاخۆ گەرەکتانە خودا لەو دینەی هەتانە، ئاگادار کەن؟ کە چی خوداش لە هەر شتێ لە ئاسمانان و زەمیندان، ئاگادارە و خوا بۆ هەموو شت زانایە.
(١٧) هەر چونکە بوونە موسوڵمان ، منەت بەسەر تۆدا دەکەن. بێژە: ئەگەر ڕاست ئەکەن خاوەن باوەڕن، لە موسوڵمان بوونی خۆتان، منەت بەسەر مندا مەکەن؛ بەڵام خودا منەت لەسەر ئێوە دەکا، کە ڕێگای پرِوا هێنانی نیشان داون.
(١٨) هەر نهێنی لە عاسمانان و زەمیندان، خوا دەیزانێ و هەر چی دەیکەن ئەو دەیبینێ.

قاف

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) قاف، سوێند بەم قورئانە بەڕێزە،
(٢) دیارە سەریان لەوەسوڕما کە ترس وەبەرهێنێکیان لە خۆیان بۆپەیدابوە؛ ئەوانەی خودانەناس بوون، گوتیان: ئەمە شتێ سەیرە.
(٣) ئاخۆ ئەگەر مردین و بووینە مشتێ خۆڵ، [دەژینەوە؟] ئەم گەڕانەوەیە دورە.
(٤) ئێمە هەر زوزانیومانە زەوی چەندیان لێ کەم دەکا؛ کتێبێکیشمان لەلایە هەموشتێکی تێدایە.
(٥) بەڵکوو ئەوان کە ئەم ڕاستەیان هاتەلا، هەر باوەڕیان پێ نەکردو کارەکەیان لێ ئاڵۆزا.
(٦) ئاخۆ ئەوان بۆ عاسمانیان نەڕوانیوە، کەبەسەر سەریانەوەیە، چتۆ وەدیمان هێناوەو چلۆنمان ڕازاندۆتەوەو هیچ کەلێنی تێدا نییە؟
(٧) ئەم هەردەشمان ڕاخستوەو کێوپارەمان تێ خستوەو جووتەی هەموروەکێکی بەردڵمان دەناودا ڕواند؛
(٨) تا چاوی دڵ ڕۆشن کات و ببێتە هۆی بیرەوەری بۆهەرعەبدێک حەزبکا بگەڕێتەوە.
(٩) لەوبەرزەوە ئاوێ بەپیت و بەهەرەمان بەرەژێر نارد؛ فرەباغاتمان پێ ڕواند؛ ئەولبەش کە درەو دەکرێ؛
(١٠) دارەخورمای بەرزەباڵاش بە هێشووی بزمارکوتەوە؛

(١١) بژیوە بۆعەبدەکان و سەرزەمینی مریشمان پێ بوژاندەوە؛ دەرکەوتنیش هەروەهایە.
(١٢) بەرلەوانەش، هۆزی نووح و خودانی ئاوی بیرەکەو سەموودیش هەر بێ پڕوابون.
(١٣) هۆزی عادو دەستەودایەرەی فیرعەون و هۆزی لووتیش،
(١٤) گرۆی خاوەن دەحلەکان و ژێردەستەکانی توبەعیش، هیچیان بە پێغەمبەرانیان باوەڕنەکرد؛ ئەوسا هەڕەشەکانی من وەڕاست گەڕا.
(١٥) ئاخۆ ئێمە لەوەدی هێنانی پێشین ماندوببوین؟ بەڵکوئەوان بەگومان بون کە دەتوانین سەرلەنوێ وەدی بهێنین.
(١٦) دیارە ئێمە مرۆمان دروس کردووەو دەشزانین چۆن خەیاڵاتی بەدڵدادێ. ئێمە بۆئەو لە شادەماری لاملی نزیکترین.
(١٧) ئەوێ کاتێ لە لای ڕاست و چەپیشەوە جوتێ فرشتە ڕۆنیشتون [بۆی دەنووسن].
(١٨) هەر ورتەی لە دەم دەربچێ، چاوەدێرێکی لاهەیە.
(١٩) بورانەوەی ئاویلکەدان، وادیاریدا؛ هەر ئەمەشە کە تۆ نەت دەویست توشی بی.
(٢٠) فو بە کەڵەشاخادەکرێ؛ ئەوێ ڕۆژێ؛ دەبێ هەڕەشە وەدی بێ.
(٢١) هەر کەسێ دێ، یەکێک وەپێشەخۆی داوەو یەکێکیش شایەتی دەدا.
(٢٢) تۆ لەمانە بێ هەواڵ بوی؛ وا سەرپۆشمان لە سەر لادای؛ چاوت ئەمڕۆ زۆر پڕدەکا.
(٢٣) فرشتەکەی هاوڕێی ئێژێ: وا لە لای من ئامادەیە.
(٢٤) بە هەردوکتان، هەموو سپڵەیەکی لاسار، باوێژنە ناو دۆژەهەوە.
(٢٥) کە بەری لە چاکە گرت و لەڕێی لاداو خەڵکیشی وەگومان دەخست.
(٢٦) کەسێ بو کەوێڕای خودا، شتی دیکەشی دەپەرست. سا بەتوندی بیانخەنە بەر جەزرەبەوە.
(٢٧) ئەویی هاوڕێیەتی ئێژێ: ئەی پەروەرندەی گلامان! دنەی سەرپێچیم نەداوە؛ بەڵام هەرخۆی لەوپەڕی گومڕاییدابو.
(٢٨) ئێژێ: لای من کێشەمەکەن؛ من پێشەکی هەڕەشەم پێ ڕاگەیاندون.
(٢٩) بەڵێنی من گۆڕانی بەسەردا نایەو ناهەقی لەعەبدان ناکەم.
(٣٠) ڕۆژێ دەبێ کە بە جەهەندەمێ ئێژین: ئاخۆ پڕ بوی؟ ئێژێ: ئاخۆ پتریش هەیە؟
(٣١) بەهەشتیش لە خۆپارێزان نزیک بۆتەوەو دورنیە.
(٣٢) کە ئەمە بۆ ئەوکەسانەی بەرەوخودا گەڕانەوەو خۆپارێزبون، سۆزدراوە.
(٣٣) ئەوانەی کە بە نهێنی لەخودای خۆیان ترساون و بەدڵێکی پاکەوە هاتوونەوە لای.
(٣٤) هەمووتان بچنەژورەوەو بێ ترس بن؛ ئەمەیە ڕۆژی هەرمانێ.
(٣٥) هەرچی ئارەزووشی بکەن تێیدا هەیە و زێدە لەویشمان لاهەیە.
(٣٦) ئێمە گەلێک چین و بەرەن - کە دەپێش ئەوانەدابون - قڕتێ خستون، لەمانەش بەهێزتر بون و زۆروڵاتیان پشکنیون؛ ئاخۆ ئەوان هیچ دەرەتانیان بۆرەخسا؟

(٣٧) ئەم وتارە بۆھەر كەسێ دڵ زيندووە، يان باشی گوێ لێ دەدێرێ و بيريشی هەر لە لای ئەوە، دەبێتەهۆی پەندگرتن و بيركردنەوە.
(٣٨) ئەم ئاسمانان و زەمينەو هەرچی لەناوياندا هەيە، بە شەش ڕۆژ وەديمان هێناو هيچ ماندگيشمان تووش نەهات.
(٣٩) سا خۆبگرە لە بەرانبەر ئەو شتانەی ئەوان ئێژن. هەر پەسنی پاكی پەروەرندەی خۆت بدە؛ لەپێش گزينگی هەتاوداو بەرلەدەمی ڕۆژاوابون.
(٤٠) لە شەويشدا هەر پەسنی پاكی ئەوبدەو دوای هەموو سوژدەبردنيش.
(٤١) هەردەمێكيش بانگ ڕاهێڵێك لەجێگايەكی نزيكڕا گازی دەكا، گوێی بۆبگرە.
(٤٢) لەوڕۆژەدا كە نەعرەتەڕاستەكەيان گوێ لێ دەبێ، ئەمە ڕۆژی دەركەوتنە.
(٤٣) ئێمە خۆمان ژی دەبەخشين و دەمرێنين؛ وەگەڕيش بۆ لای ئێمەيە.
(٤٤) ئەوێ ڕۆژێ كە زەمين دەقەڵشێتەوەو بەلەز دەريان دەهاوێژێ، ئەمە بۆ وەكۆكردنێ، لامان شتێكی هاسانە.
(٤٥) ئێمە باشتر دەزانين ئەوان چ ئێژن؛ تۆ زۆردارێك نی لەسەريان؛ هەر كەسێكی لە هەڕەشە ترسی هەيە، بەم قورئانە تۆ وەبيری بخەرەوە.

زاريات

وە ناو خودا كە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بە بايانەی دەتوانن بڵاوكەنەوە،
(٢) بەو هەورانەی گران بارن،
(٣) بەوانەی كە بەهاسانی ڕێ دەپێون،
(٤) بەوانەی كاردابەش كەرن،
(٥) هەر بەڵێنێ كە پێتانی دەدەن، ڕاستە.
(٦) ڕۆژی جەزا هەر ڕودەدا.
(٧) بەو ئاسمانەی ڕێ ڕێ يە [و شەپۆلان دەدا]،
(٨) قسەو يەكتر ناگرێتەوە.
(٩) لە قورئان دەتەكێتەوە، هەركێ تەكێراوەتەوە.
(١٠) دەك بەگوشت چن ئەوانەی درۆنەخشينن.
(١١) ئەوانە كەوتوونە گێژاوی نەزانی و ئاگايان لە هيچێك نييە.
(١٢) پرس دەكەن: كەنگێ ڕۆژی جەزايە دێ؟
(١٣) ئەوێ ڕۆژێ كە دەيانخەنە سەرئاگر.
(١٤) بچێژن ئەو ئازارەتان كە ئێوە بۆی بەپەلەبون.
(١٥) ئەوكەسانەی خۆپارێزن، شوێنيان باغات و كانياون.
(١٦) هەرچی پەروەرندەی ئەوان بۆی داناون، وەری دەگرن؛ ئەوان پێشو ئاكارچاك بوون.
(١٧) شەوانە كەمتر دەخەوتن.
(١٨) بەری بەيان، داوای لێ بوردنيان دەكرد.
(١٩) لەماڵياندا بەشێ هەبوو بۆ پارسەكان و بێ بەشان.
(٢٠) لەزەميندا بەڵگە زۆرن بۆ ئەوانەی لەپروادا بێ گومانن.

(٢١) هەروەها لە ناو خۆشتاندا؛ ئاخۆ لە خۆتان ناڕوانن؟
(٢٢) ڕۆزیتان و هەرچی بەڵێنتان پێدەدرێ، لە عاسمانە.
(٢٣) سا سوێند بە پەروەرێنی ئەزمان و زەمین، ئەمە ڕاستە؛ هەروەک بۆخۆتان داخێون.
(٢٤) ئاخۆ باسی میوانەبەڕێزەکانی ئیبڕاهیمت بۆهاتووە؟
(٢٥) کاتێ کە لێی وەژور کەوتن، گوتیان: سەلام. گوتی: سەلام؛ دەستەیەکی نەناسراون.
(٢٦) پەنامەکی خۆی گەیاندە خاو خێزانی و گوێرەکەیێ چاقی هاورد.
(٢٧) وەختێ کە لێی نزیک کردن، گوتی: لەبەرچیە ناخۆن؟
(٢٨) ئەوساکە ترسێکی ڕێ نیشت. گوتیان: تۆ نیگەران مەبەو بوونی لاوێکی زانایان مژدە پێدا.
(٢٩) ژنەکەی بەهاوارەوە هات و پوکێکی لەخۆی ناو گوتی: من پیرێژنێکم بێ زک وزا.
(٣٠) گوتیان: پەروەرندەی تۆ ئاواینەی گوتوە، ئەوخۆی کارزان و زانایە.
(٣١) گوتی: ئەی ڕاسپاردەکان! کارتان چییە؟
(٣٢) گوتیان: ئێمە کل کراوین بۆسەر هۆزی تاوانباران.
(٣٣) تا گزمولە قوری ڕەق بوی وەک بەردیان لێ بیارێنین.
(٣٤) پەروەرندەت هەمونیشانەی لێداون، بۆ ئەوانەی لەئەندازە لایان داوە.
(٣٥) ئەوسا باوەڕدارەکانمان لێ وەدەرنا.
(٣٦) ئێمە غەیرەز تەنیا ماڵێک، خوداناسمان دەس نەکەوت.
(٣٧) لەوشوێنەشدا نیشانەیەکمان بەجێ هێشت، بۆ ئەوانەی کە لەئازاردانی بەژان ترسیان هەیە.
(٣٨) لەبەسەرهاتی مووساشدا، کە بە بەڵگەی ئاشکراوە بەڕێمان کردە لای فیرعەون.
(٣٩) بەونیازە کە خاوەنی هێزوپێزە، بایەخی بە مووسا نەداو گوتی: جادوگەرێکە یان لیوەبوە.
(٤٠) ئەوساکە خۆی و لەشکرەکەیمان گرت و فڕێمان دانە ناو دەریاوەو گلەییش لەخۆی کرا.
(٤١) لەمەڕعادیش، گڕەبامان ناردەسەریان.
(٤٢) هەرشتێ کە هاتەبەری، وەک پیشەی پواوی لێکرد.
(٤٣) دەربارەی هۆزی سەموودیش، کە پێان ڕاگەیەندرا: هەتا ماوەیەک ڕاببوێرن.
(٤٤) لە فەرمانی پەروەرندەیان لایاندا؛ هەتا دیتیان وەبەر هەورەتریشقەیێ کەوتن.
(٤٥) نەیانکرا ڕاست بنەوەو کەسیش دەهانایان نەهات.
(٤٦) هۆزی - نووحیش لەپێشورا - [بەرغەزەبی ئێمە کەوتن] کە گەلێکی نافەرمان بوون.
(٤٧) ئەم ئاسمانەشمان بە هێزی خودی خۆمان وەدی هێناو بێ سۆ پەرەشی پێدەدەین.
(٤٨) زەمینیش ئێمە ڕامان خست؛ ئای کە چەند ڕاخەری باشین.
(٤٩) لەهەرشتێ جوتێکمان وەدی هێناوە؛ بەشکوو بیری لێ بکەنەوە.

(٥٠) سا هەمووتان بەڕاکردن بەرەوخوابن، کە لەورا من بە ئاشکرا ترس وەبەر ئێوە دێنم.
(٥١) وێڕای خوداش هیچ شتی تر مەپەرستن؛ ئەو بە منی سپاردوە ە بە ئاشکرا ترسی ئەوتان وەبەر بێنم.
(٥٢) بەرلەمانەش هەروابوە؛ هەرکاتێ پێغەمبەرێکیان بۆهاتووە، گوتویانە: یان جادوگەرە، یان شێتە.
(٥٣) مەگەر ئەوان یەکترینیان بەوقسە ڕاسپاردوە؟ [نە، وانیە] بەڵکوو ئەوان هەر بۆخۆیان گەلانێکی نافەرمان بون.
(٥٤) سا تۆ واز لەوانەبێنە؛ کەسیش سەرکۆنەی تۆ ناکا.
(٥٥) تۆ هەر وەبیریان بخەوە؛ بیرەوەری بەهرەدەدا بەوانەی خاوەن باوەڕن.
(٥٦) من هەربۆیە جندۆکەو مرۆم دروس کرد، بمپەرستن.
(٥٧) من هیچ ڕۆزیم لەوان ناوێ و نامگەرەکە ئەوانە خۆراکم دەنێ.
(٥٨) هەرخودا ڕۆزی دەنێرێ و خودان هێزێکی پتەوە.
(٥٩) بەهرەی ئەوغەدرکەرانەش وەک بەهرەی ئەوانەدەبێ، کە هاوباوەڕی خۆیان بون؛ ئیتر لێم بەپەلە نەبن.
(٦٠) واوەیلا بۆ خوانەناسان، لەوڕۆژەدا کە بەڵێنیان پێدراوە.

توور

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بە کێوی توور،
(٢) بە کتێبێ کە نووسراوە،
(٣) لە کەوەڵ، بڵاو بۆتەوە؛
(٤) بە ماڵە ئاوەدانەکە،
(٥) بەو بانەی بڵند کراوە،
(٦) بەو دەریایەی بڵق ئەدا،
(٧) ئازاری پەروەرندەی تۆ هەر ڕوو دەدا؛
(٨) کەسیش پێشی پێ ناگیرێ.
(٩) لەو ڕۆژەدا کە عاسمان تێکەوەداوێ،
(١٠) هەموو چیا لە ڕۆییندا پەلە دەکەن؛
(١١) ئیتر ئەو ڕۆژە هاوارە لەو کەسانەی بێ باوەڕ بوون.
(١٢) ئەوانەی کە چووبوونە ناو پڕ و پووچ و گەپیان دەدا؛
(١٣) لەو ڕۆژەدا بەدەڵەکدان بەرەو ئاگری دۆزەقیان ڕادەکێشن.
(١٤) ئەوەتانێ ئەو ئاگرەی بڕواتان نەدەکرد هەبێ.
(١٥) ئاخۆ ئەمە جادووە، یان ئێوە کۆر ببوونە و نابینن؟
(١٦) بچنە ناوی؛ هەڵ بکەن یاخۆ هەڵ نەکەن، وەکوو یەکە و هەر بە هۆی ئەو کارانەی کە کردووتانە، سزا دەدرێن.
(١٧) ئەوانەی وا خودێ ترس بوون، وان لە بەهەشت و خۆشیدا.

(١٨) بەختەوەرن لەو شتانەی پەروەرێنیان پێی بەخشیون؛ لە ئازاری جەهەندەمیشی پارازتن.
(١٩) لە هەمبەر کردەوەکانتان بخۆن و وەخۆن، نۆشتان بێ.
(٢٠) لە سەر تەختی لەپەنای یەک، پاڵ کەفتوون و کیژی سپی چاوبەڵەکمان پێ بەخشیون.
(٢١) ئەوانەی باوەڕیان هێنا و تۆرەمەشیان چوونە سەر باوەڕی ئەوان، مە تۆرەمەی ئەوانیش وەک خۆیان دەبەینە بەهەشت و لەپاداشی کردەوەیان هیچ شتێ کەم ناکەینەوە. هەموو کەسێ بارمتەی کاری خۆیەتی.
(٢٢) هەر میوەیەک و هەر گۆشتێ بۆ خۆیان ئارەزووی دەکەن، پێمان داون.
(٢٣) پیاڵە پێکتر دەگۆڕنەوە و نە هەرزەوێژی تێدایە و نە هۆی تووشی گوناه بوونی.
(٢٤) تازە لاوانی خوڵامیان بەدەوردا دێن و دەچن؛ هەر ئێژی دانەی مروارین لە قاپۆردا.
(٢٥) ڕوو لە یەکتری دەکەن و پێکەوە وتووێژیانە.
(٢٦) ئێژن: ئێمە لە پێشوودا لەناو کەس و کاری خۆمان نیگەران بووین.
(٢٧) ئیتر خودا خۆی چاکەی دەگەڵ کردین و لە ئازاری گڕە و هاڵاوی پارازتین.
(٢٨) ئێمە بەرێ هاوارمان هەر لەوەکردووە؛ هەرئەویشە خاوەن چاکەی دلۆڤانە.
(٢٩) سا وەبیریان بخەرەوە - لە سایەی پەروەرندەترا - تۆ نە فاڵ بینی نە دینی.
(٣٠) یان پێت ئێژن: بوێژێکە و چاوەنۆڕین هاکا شتێکی بەسەرهات.
(٣١) بێژە: ئێوە چاوەنۆڕ بن، ئەوا ئێمەش وەل ئێوەدا چاوەنۆڕین.
(٣٢) ئاخۆ لە ڕووی خەونەکانیانەوە ئێژن، یان هەر خۆیان کۆمەڵێکی بلەوەزن؟
(٣٣) یان ئێژن هەڵی بەستووە. نەخێر، ئەوان بێ باوەڕن.
(٣٤) ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەن، با وتارێ وەکوو ئەم قورئانە بێنن.
(٣٥) ئاخۆ ئەوان هەر لە نەبوو هاتوونە دی؟ یان خۆیان خۆیان دروس کرد؟
(٣٦) یان ئەوانن ئاسمانەکان و زەمینیان وەدی هێنا؟ نەخێر، دیارە ناسەلمێنن.
(٣٧) یان گەنجینەی پەروەرندەت وا لای ئەوان؟ یان هەر خۆیان هەمە کارەن؟
(٣٨) یان پەیژەیێ وایان هەیە بینێن و گوێ ڕابدێرن؟ کێ لەوان کوڵەی کردووە، با بەڵگەیەکی ڕوون بێنێ.
(٣٩) ئاخۆ کیژەکان بۆ خوان و کوڕەکانیش بەشی ئێوەن؟
(٤٠) یان بۆ مزە داوای شتێکیان لێ دەکەی، ئەوان لەژێری دەر نەچن و بۆیان زۆر گران بوەستێ؟
(٤١) یان نهێنی وا لای خۆیان و دەنووسن؟
(٤٢) یان ئەوانە گەرەکیانە فێڵێک بکەن؟ خوانەناسان خۆیان فێڵیان لێکراوە.
(٤٣) یان بێژگە لە خوا، پەرستوویەکی تریان هەس؟ خوا پاکترە لەو شتانەی کە بە شەریکی دادەنێن؟
(٤٤) گەر بشبینن پارچەیەک لەم عاسمانە دادەکەوێ، ئێژن: هەورێکی پڕپشتە.
(٤٥) سا تۆ لەوانە وازبێنە، تا ئەوانە تووشی ڕۆژی خۆیان دەبن؛ کە ئەو ڕۆژە هەستیان دەبەردا نامێنێ.
(٤٦) ئەوێ ڕۆژێ حیلەکەیان هیچ بەهرەیەکیان ناداتێ و کەسیش دە هانایان نایە.

(٤٧) بۆ ئەوانەی پیشەیان ناهەقی بووە، جگە لەمەش جەزرەبەیێ تریان هەیە؛ بەڵام زۆربەیان نازانن.
(٤٨) بۆ فەرمانی پەروەرندەت خۆڕاگر بە، تۆ بە بەرچاوی ئێمەوەی؛ هەرکاتێ لەجێ ڕادەبی، پەسنی پەروەرندەت بدە.
(٤٩) لەشەویشدا شوکری بکە و پەسنی بدە؛ لەو دەمەشدا کە هەسارە ئاوا دەبن.

نەجم

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بە ئەستێرە کاتێ بەرەو ئاسۆ دەخزێ،
(٢) یارەکەتان نە گوم بووە، نە ڕێشی هەڵە کردووە.
(٣) بە ئارەزووی خۆی ناخێوێ.
(٤) هەرچی ئێژێ، لە خواوە تێگەیەنراوە.
(٥) فرشتەیێ فرە توانا فێری کرد.
(٦) فرشتەیێ بەئاوەز و فرە زانا، کە بە شکڵی خۆی ڕاوێستا.
(٧) [هەوەڵ جارێ] لە ئاسۆی هەرە بەرز بوو؛
(٨) لە پاشا نزیک کەوتەوە و شۆڕەوە بوو؛
(٩) بەقەد ماڵی دووکەوانان یا نزیکتر؛
(١٠) ئەوسا خودا هەر مەبەستێ کە وا ویستی بە عەبدی خۆی ڕای گەیەنێ، پێی ڕاگەیاند.
(١١) دڵی ئەو هەر چی دیتوویە، درۆ نەبووە.
(١٢) ئاخۆ لەسەر ئەوی دیویە ئێوە کێشەی دەگەڵ دەکەن؟
(١٣) بێ گومانە جارێکی دیکەشی دیوە، کە ئەوساکەش داپەڕیوە؛
(١٤) لەلای دارەکنارەکەی ئەو پەڕەوە،
(١٥) کە لەپاڵ شوێنی بەهەشتە.
(١٦) لە کاتێکا کنارەکە دای پۆشیوە، ئەوی کە دەبێ دای پۆشێ.
(١٧) سۆمای لێ نەگوێزتۆتەوە و هیچ ڕەشکە و پێشکەشی نەکرد.
(١٨) دیارە زۆریش لە نیشانە گەورەکانی پەروەرندەی خۆی دیتوە.
(١٩) ئاخۆ ئێوە هەر لات و عوززاتان دیوە؟
(٢٠) سێهەمیشیان کە مەناتە و یەکێ تر لە بوتەکانە؟
(٢١) ئاخۆ زارۆی ئێوە نێرە و خواش کیژی هەس؟
(٢٢) ئەگەر وا بێ، بەش کردنێ ناڕەوایە.
(٢٣) تەنیا ئەوانە چەند ناون کە ئێوە و باب و باپیرتان، ئەوانەتان پێ ناوناون و خوداش هیچ بەڵگەی پتەوی لەمەڕ ئەوانەوە نەنارد. هەر وەدووی گومان دەکەون و ئەوەی کە دڵیان دەخوازێ؛ کە چی لەلای پەروەرندەی خۆشیانەوە ڕێگەیان نیشان دراوە.
(٢٤) ئاخۆ مرۆ چی ئارەزوو کا، بۆی پێک دێ؟
(٢٥) ئاخرین و هەوەڵینیش هەر بۆ خودان.

(٢٦) لەو هەموو عاسمانانەدا، چەند بە چەند فریشتە هەیە؛ کەسیان تکای لێ ناگیرێ؛ مەگین کەسێ دوایی خودا ئیزنی بدا و تکا بۆ کەسێکی بکا کە خۆی حەز کا و پێ ڕازی بێ.
(٢٧) ئەو کەسانەی پڕوا بە پاشەڕۆژ ناکەن، فرشتەکان بە ناوی کچان ناو دەبەن.
(٢٨) کە هیچیشیان لێ نازانن؛ هەر وەشوێن گومان دەکەون و گومانیش جێی ڕاست ناگرێ.
(٢٩) تۆ لەو مرۆیە واز بێنە کە لە یادی ئێمە کردن، خۆ دەبوێرێ و بەدەر لە ژینی دنیایە، هیچی تری نەویستووە.
(٣٠) هەر ئەوندەی لێ دەزانن. پەروەرندەت زاناترە کە کێ ڕێگەی لێ تێکچووە و کێش لەسەر ڕێگەی ئەو چووە.
(٣١) هەر چی لە ناو عاسمانەکان و زەمیندان، گش بۆ خودان؛ تا سزای ئەوانە بدا کە خراپەیان کردووە و چاکەی باشیش دەربارەی کارچاکان بکا.
(٣٢) ئەوانەی خۆیان دوور دەگرن لە گوناهانی مەزن و کاری کرێت؛ مەر گوناهی وردیلە بێ. پەروەرندەت بەخشینی زۆر بەرفرەهە و ئەویش ئێوە لە خۆتان باشتر دەناسێ؛ وەختێ ئێوەی لەم هەردە پەیدا کردووە، کە دەپێشدا پیزەیەک بوون لە ناو زگی دایکەکانتان. هیچ پاکانەی خۆتان مەکەن؛ بۆ خۆی باشترتان دەناسێ کە کێ لە خودا ترساوە.
(٣٣) ئاخۆ تۆ ئەو مرۆیەت دی کە پشتی هەڵکرد و ڕۆیی؟
(٣٤) کەمی بەخشی و چرووکی کرد.
(٣٥) ئاخۆ بە نەدیار دەزانێ و خۆی دەبینێ؟
(٣٦) یان لەوە ئاگا نەکراوە، لە ڕووپەرەکانی مووسا چی نووسراون؟
(٣٧) یان ئیبڕاهیم، کە ئەرکی خۆی بە تەواوی بەجێ هێنا؟
(٣٨) کە کەس ئۆباڵی کەسی تر وەستۆ ناگرێ؛
(٣٩) مرۆ بۆ خۆی خەبات نەکا، هیچ پاداشێکی پێ ناگا.
(٤٠) بۆ هەر کارێکیش ماندوو بێ، پاداشی خۆی هەر پێدەگا.
(٤١) لەپاشانیش - بەباشترین شێوە - پاداشی پێدەدرێ.
(٤٢) گەڕانەوەش هەر بۆ لای پەروەرندەتە.
(٤٣) هەر ئەو دەخاتە خەنین و دەگرینێ.
(٤٤) هەر ئەویشە ژیان دەدا و دەشمرێنێ.
(٤٥) هەر ئەویشە ولفی نێر و مێوینەی وەدی هێناوە؛
(٤٦) لەو تنۆکەی کە ڕژاوە.
(٤٧) لەسەریەتی دیسان دروستی کاتەوە.
(٤٨) هەر ئەویشە هیچ ناگوزووری نەهێشت و دەسمایەشی بە ئێوەدا.
(٤٩) هەر بۆ خۆشی پەروەرندەی گەلاوێژە.
(٥٠) هەر ئەویشە ئاسەواری عادی یەکەمی پڕیەوە.
(٥١) لەسەموودیش جووقەواری نەهێشتووە.
(٥٢) هۆزی نووحیش - لەبەرێدا - کە لەوانە ناهەقتر و لاسارتر بوون.
(٥٣) ئاوایی هۆزی لووتیشی سەرەوژێر کرد.
(٥٤) هەرچی دەبوو بەرخۆ بدرێ، وەبن خۆیدا.
(٥٥) پەروەرندەت کە ئەو هەموو چاکەی هەیە، تۆ لە کامیان بە گومانی؟
(٥٦) ئەمە یەکێ لە ترس وەبەرهێنەرانە؛ وەک ترسێنەرانی پێشوو.

(٥٧) ڕابوونی سەڵا نزیکە.
(٥٨) غەیرەز خودا کەس پەردەی لە سەر لانادا.
(٥٩) ئاخۆ ئێوە لەم وتارە سەیر ماون؟
(٦٠) پێکەنینتانە و ناگریەن؟
(٦١) هەر بە گاڵتە ڕای دەبوێرن.
(٦٢) دەسا بۆ خودا سوژدە بەرن و بیپەرستن.

قەمەر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) وا پەسڵان نزیک کەوتەوە و هەیڤ بوو بە دوو کەرتەوە.
(٢) هەر نیشانەیەک ببینن، ڕوا ناکەن و دبێژن: ئەمە جادووە و هەر هەیە.
(٣) ئیتر ڕوایان نەهێنا و شوێن ئارەزووی خۆیان کەوتن. هەر کارەش شوێنی خۆی هەیە.
(٤) ئەوەندەیان دەنگ و باسی بەرێ بیستوون، کە دەبوو ترسیان بێتە بەر.
(٥) ئەمە کارزانی تەواوە؛ بەڵام ئەم ترسێنەرانە بەهرە نادەن!
(٦) سا تۆ لەوانە واز بێنە؛ ڕۆژێ بانگدەر بانگیان دەکا بۆ ڕووداوێکی زۆر ناخۆش.
(٧) چاوشۆڕ و کز، لە گۆڕستان دەر دەکەون؛ ئێژی کوللەن بڵاو بووگن.
(٨) هەڵەداوان بەرەو بانگدەرەکە دەچن. خودانەناسەکان ئێژن: ئەمە ڕۆژێکی چەتوونە.
(٩) بەرلەمانەش هۆزی نووح باوەڕیان نەبوو. عەبدی ئێمەیان ناو نابوو درۆزن و گەفیان لێکرد.
(١٠) لە پەروەرندەی پاڕاوە، کە: من شکستم خواردوە، هانام بە تۆ.
(١١) ئەوسا هەموو دەرگاکانی بەرزاییمان بۆ بارانێکی بەلووزەو خستە سەر پشت.
(١٢) لەم زەمینەش چاوەکانیمان تۆقاندن. ئاو گەینە یەک؛ بەو ئەندازەی کە ڕیاری بۆ درابوو.
(١٣) ئەومان بە ئامێرێ هەڵگرت، کە لە چەند تەختە و بزماران لێک درابوو.
(١٤) لەژێر چاوەدێری خۆمان وەگەڕ کەوت، بۆ پاداش دان بە کەسێ کە بە قسەکانی بێ باوەڕ بوون.
(١٥) بەجێمان هێشت کە ببێتە نیشانەیەک. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
(١٦) دەسا چۆن بوو جەزرەبە و هەڕەشەکانم؟
(١٧) ئەم قورعانەشمان سانا کرد کە بیری لێ بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
(١٨) عادیش باوەڕیان نەهێنا؛ دەسا چۆن بوو جەزرەبە و هەڕەشەکانم؟
(١٩) ئێمە لە ڕۆژێکی شوومدا، بایەکی سارد و بەهێزی بێ وچانمان ناردە سەریان.
(٢٠) خەڵکەکەی لەجێ دەر دێنان؛ دەتوت کۆتەرەی دار خورمان، بە ڕیشەوە هەڵکێشراون.
(٢١) دەسا چۆن بوو جەزرەبە و هەڕەشەکانم؟

(٢٢) ئەم قورئانەشمان سانا کرد کە بیری لێ بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
(٢٣) سەموودیش بە ترسێنەران بێ باوەڕ بوون.
(٢٤) وتیان: جا چۆن وە شوێن مرۆیەک دەکەوین، لە خۆمان و بە تەنیا بێ؟ ئەگەر وا بێ، ئەوسا ئێمە لە گومڕایی و دەبەنگیداین.
(٢٥) چۆن لە ناو هەموو ئێمەدا، فەرمانی خوا هەر بۆ ئەو دێ؟ بەڵکوو پیاوێ درۆزنی خۆپەسندە.
(٢٦) سبەی ڕۆژێ پێ دەزانن کێ ڤڕیێژی خۆپەسندە.
(٢٧) ئێمە سایە وشترێکیان بۆ دەنێرین کە بیانئەزمووین. سا تۆ هەر چاوەدێریان بە و خۆت ڕاگرە.
(٢٨) پێشیان بێژە کە ئاوەکە لەناویاندا بەش کراوە؛ هەر کەس لە نۆرە ئاوی خۆی ئامادە بێ.
(٢٩) گاسی هەواڵی خۆیان کرد؛ ئەویش هات بە دەنگیانەوە و پەلی [وشترەکەی] قوت کرد.
(٣٠) دەسا چۆن بوو جەزرەبە و هەڕەشەکانم؟
(٣١) نەعرەتەیەکمان بۆ ناردن؛ وەک پووش و پاری بۆژۆیان لێ بەسەر هات.
(٣٢) ئەم قورعانەشمان سانا کرد کە بیری لێ بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
(٣٣) هۆزی لووتیش هەمبەر بە ترسێنەرەکان بێ باوەڕ بوون.
(٣٤) گێژەڵووکەی زیخ و چەومان ناردە سەریان؛ جگە لە کەس و کاری لووت - کە سوو زوو ڕزگارمان کردن.
(٣٥) لە چاکە و بەزەیی خۆنرا؛ ئاوا چاکەی سوپاسکاران دەدەینەوە.
(٣٦) ترساندنی لە زەبری هەڵمەتی ئێمە؛ [بەڵام ئەوان] لەو گەفانە بەگومان بوون.
(٣٧) دەیانەویست کاری خراپ دەگەڵ میوانانی بکەن؛ سۆمای چاوانم لێ ساندن. دە بچێژن ئازار و هەڕەشەکانم.
(٣٨) ئەوسا لە بەرەبەیاندا، ئازاری لەبنە نەهاتوو هاتە سەریان.
(٣٩) سا بچێژن ئازار و هەڕەشەکانم.
(٤٠) ئەم قورئانەشمان سانا کرد کە بیری لێ بکرێتەوە. ئاخۆ بیرەوەرێک هەیە؟
(٤١) ترسێنەران هاتیشنە لای دەستە و دایەرەکەی فیرعەون.
(٤٢) سەرلەبەری نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ زانی. ئەوسا ئێمە گرتمانن، بە گرتنی دەستەڵاتداری توانا.
(٤٣) ئاخۆ خوانەناسی ئێوە لەوەکانی تر چاترن، یان لەناو کتێبەکاندا پاکانەیان بۆ هاتگە؟
(٤٤) یان دبێژن: ئێمە گشمان پێکەوەین و سەر دەکەوین؟
(٤٥) هەر بینا ئەو ئاپۆرەیە لە شەڕ شکاو، پشت بکەنەوە ڕا بکەن.
(٤٦) بەڵکە دەبێ لە پەسڵانیش کۆ ببنەوە؛ کە باری ئەو حەستەمترە و تاڵتریشتان لێ دەبوورێ.
(٤٧) تاوانباران لە گومڕایی و دەبەنگیدان.
(٤٨) ئەوێ ڕۆژێ دەمەوڕوو لە ئاگردا ڕەکێش دەکرێن، دە بچێژن گڵپەی ئاگری جەهەندەم.
(٤٩) ئێمە هەموو بوونەوەرمان بە ئەندازە ئافراندووە.
(٥٠) کاری ئێمە یەکجارەیە و هەر لە چاوتروکانێکدا کۆتایی دێ.

(٥١) پێشووش زۆری وەک ئێوەمان قڕ تێ خستوون. ئاخۆ کەس بە بیریدا دێ؟
(٥٢) هەر کارێکی کردوویانە، وا لەناو دەفتەراندایە.
(٥٣) کەم و زۆری خەت دراوە.
(٥٤) خۆپارێزان لە باغات و دەم چۆمانن.
(٥٥) لە نشیمەنی پەسند و لای خونکاری بەدەستەڵات.

ڕەحمان

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) خوای دڵاوا،
(٢) ئەم قورئانەی دەرس داوە.
(٣) مرۆی ئافراند؛
(٤) لە ئاخافتنی تێگەیاند.
(٥) خۆر و هەیڤیش - بە ئەندازە - دێن و دەچن.
(٦) گیا وردیلە و بە ساقەتەش سوژدە دەبەن.
(٧) عەزمانی بەرز کردەوە و تەرازووی دامەزراندووە؛
(٨) کە لە ئەندازە دەر نەچن.
(٩) کێشانەتان بەرانبەر بێ و نەکا تەرازووتان سەر کا.
(١٠) ئەم هەردەمان بۆ مەردم وەدی هێناوە.
(١١) میوەی تێدا و دارە خورمای خاوەن پشکۆژ.
(١٢) دەندکی لەناو کەلوودا و شینکەی بۆن خۆش.
(١٣) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(١٤) مرۆی لە حەڕی زوها بووی چەشنی سواڵەت، وەدی هێنا.
(١٥) جنۆکەشی لە بڵێسەی بێ دووکەڵ وەدی هێناوە.
(١٦) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(١٧) هەرد و شوێنی خۆرهەڵات و خۆرنشینی ڕاهێناوە.
(١٨) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(١٩) جەمسەری دوو دەریایانی گەیاندە یەک.
(٢٠) بەرزەکێکیان لەنێواندا کە بەسەر یەکتردا نایەن.
(٢١) دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٢٢) لە هەردووکان مراری و مەرجان دەر دەچن.
(٢٣) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٢٤) گەڕۆکانی بە بادەوەی چیا ئاسا - لە دەریادا - کاری ئەوە.
(٢٥) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٢٦) هەرکێ ژینی لەسەر زەمینە، نامێنێ.
(٢٧) هەر خودانی خاوەن شکۆی بەرز و بەڕێزت دەمێنێ.
(٢٨) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٢٩) هەرکێ لە ناو ئاسمانەکان و زەمینن، هەموو کارێکیان هەر بە ئەوە و ئەو گش ڕۆژێ بە کارێکەوە خەریکە.

(٣٠) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٣١) ئێمە بە کارتان ڕادەگەین، ئەی گرۆی مرۆ و جنۆکان!
(٣٢) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٣٣) ئەی گرۆی مرۆ و جنۆکە! گەر توانیتان لە گش ئاسۆی عاسمانەکان و زەمینێ دەرباز ببن، دەسا بچن؛ ناشتوانن لێیان دەر بچن، مەگین بەدەستەڵاتەوە.
(٣٤) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٣٥) گڕی بە دووکەڵ و بێ دووکەڵی ئاگر داتان دەگرێ؛ ئەسا کەس دەهاناونایە.
(٣٦) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٣٧) سا هەر کاتێ ئەم عەزمانە قەڵشی برد و بە ڕەنگی گوڵ و کەوڵی سوور هاتە بەرچاو،
(٣٨) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٣٩) لەو ڕۆژەدا هیچ کەس - لە مرۆ و جنۆکە - بۆ گوناهێ کە کردوویە، نایەتە بەرپرسینەوە.
(٤٠) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٤١) تاوانباران بە تەحر و زەڕا دەناسرێن؛ ئیتر لە قژی سەریان و لە قاچەکانیان ئەنەون.
(٤٢) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٤٣) ئەمە هەر ئەو دۆژەهەیە تاوانباران یروایان وا نەبوو هەیە.
(٤٤) لەناویدا و لە ناو ئاوێکی کەلیدا دەخولێنەوە.
(٤٥) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٤٦) بۆ هەر کەسیش لە پەروەرندەی ترساوە، دوو باغ هەیە.
(٤٧) دەیسا ئێوە لەکام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٤٨) هەر دوو خاوەن درەختی بە پەلک و پۆپن.
(٤٩) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٥٠) لە هەر دوودا دوو سەرچاوەی ڕەوان هەیە.
(٥١) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٥٢) گش میوەیەکیان تێدایە، کە هەموو ولفی یەکترن.
(٥٣) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٥٤) لەسەر ڕایەخێ پاڵ کەفتوون، کە ئاسەڕیان لە ئاوریشمی ئەستوورە و بەری گەییشتووی هەر دوو باغ، لەوان نزیک کەوتۆتەوە.
(٥٥) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٥٦) کیژۆڵەی هێند داوێن پاکیان لەناودایە، کە بەر لەوان کەسێ - مرۆ یان جنۆکە - هەرگیز دەستی بۆ نەبردوون.
(٥٧) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٥٨) هێندە جوانن، ئێژی یاقووت و مەرجانن.
(٥٩) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٦٠) ئاخۆ پاداشی کاری چاک، غەیرەز چاکە دانەوەیە؟
(٦١) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٦٢) غەیرەز ئەمان دوو بەهەشتی تریش هەیە.
(٦٣) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٦٤) کەسکی تۆخن، بە ڕواڵەت ڕەش دەنوێنن.

(٦٥) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٦٦) جووتێ کانی لەواندا هەن، فیچقە دەکەن.
(٦٧) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٦٨) لەناویاندا میوەجات و دارە خورما و هەنار هەیە.
(٦٩) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٧٠) لەناویاندان گەلێ کیژی ئاکار چاک و بە دیمەن جوان.
(٧١) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٧٢) زەری چاورەش لەناو خێوەتاندا دەژین.
(٧٣) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٧٤) کە بەرلەوان هیچ مرۆ و هیچ جنۆکەیەک، هەرگیز دەستی بۆ نەبردوون.
(٧٥) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٧٦) لەسەر ڕایەخی کەسک و جوان پاڵ دەکەون؛ کە وێنەیان لە دنیادا نەبینراوە.
(٧٧) دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن؟
(٧٨) ممبارەکە ناوی پاکی پەروەرندەت؛ خاوەن شکۆ و شایانی ڕێز لێ گرتنە.

واقیعە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرگا ڕووداوەکە ڕووی دا،
(٢) کەس ناتوانێ لەو ڕووداوە حاشا بکا.
(٣) بەرز دەکا و نزم دەکا؛
(٤) کاتێ زەوین ڕادەتلەکێ بە ڕاتلەکان،
(٥) کەژیش دەهاڕێن بە هاڕین،
(٦) لە چەشنی تۆز بڵاو دەبن،
(٧) ئێوە دەکرێنە سێ تیرە:
(٨) تیرەیەکیان دەستی ڕاستی و بەختیارن.
(٩) تیرەی تریان دەستی چەپی و نەگبەتبارن.
(١٠) تیرەیەکیش لە پێشەوەن، وەپێش کەوتوون.
(١١) کە ئەوانە لە ئێمەوە نزیک کەوتوون.
(١٢) لە باغاتی تژی لە خۆشیدا دەژین.
(١٣) بەشێک لەوانە پێشینە،
(١٤) کەمێکیش لەوانی پاشین،
(١٥) لەسەر تەختی جەواهیر بەند،
(١٦) هەمبەر بەیەک پاڵ دەکەفن.
(١٧) تازە لاوی هەمیشە لاو، لە دەورەیان دێن و دەچن.
(١٨) بە زەرک و بە تونگە و پیاڵە، بادەی ڕەوان لە سەرچاوەیان دەدەنێ.
(١٩) نە لە خومار سەریان دێشێ و نە ئاوەزیش لەدەست ئەدەن.
(٢٠) میوەجاتیش، هەرکامی هەڵی دەبژێرن،
(٢١) گۆشتی مەلیش، لەوانەی ئارەزووی دەکەن،

(٢٢) کیژی سپی چاو بەڵەکیش،
(٢٣) هەموو ئێژی مرارین لەناو قاپۆردا،
(٢٤) پاداشی کردەوەیانە.
(٢٥) کە لەوێدان، نە قسەی هەرزە دەبیسن، نە وتارێکی ناڕەوا.
(٢٦) مەگین درووود لە یەکتر کەن و وەرامی پێ بدەنەوە.
(٢٧) ئەوی تیرەی دەستەڕاستن؛ ئەوان چۆن بەختەوەرێکن؟
(٢٨) لای دار کناری بێ چەقڵن.
(٢٩) مۆزی پاڵ پێکەوە دراویش،
(٣٠) سێبەرێکی بێ پڕانەوەش،
(٣١) ئاویش هەروهەر ڕەوانە،
(٣٢) میوەش زۆر و زەبەندەیە،
(٣٣) نە دوایی دێ و نە پاوانە،
(٣٤) نوێن و بانی بەرز و نەرم،
(٣٥) ئێمە خۆمان کیژەکانمان بەتایبەتی بەرهەم هێنا؛
(٣٦) بڕیارمان بۆ دان هەر کچ بن.
(٣٧) شوو خۆشەویس، هاوتەمەنن،
(٣٨) بەشی دەستەڕاستییەکانن.
(٣٩) هێندێک لەوانی پێشینە؛
(٤٠) هێندێکیش لە پاشینەکان.
(٤١) ئەوانەش کە دەستەی چەپن، تووشی چ نەگبەتێک هاتوون؟
(٤٢) وان لە ناوەند گڕەبا و ئاواکەلیدا.
(٤٣) چڕە دووکەڵ سێبەریانە.
(٤٤) نە فێنکایی تێدا هەیە، نە لەبەری دەسێنەوە.
(٤٥) چونکە ئەوان لە دنیا خۆش گوزەران بوون.
(٤٦) لەسەر گوناهانی گەورە پێداگر بوون.
(٤٧) ئەشیانوت: ئاخۆ گەر ئێمە بووینە خۆڵ و چەند پێشەیەک، دیسان زیندوو دەکرێینەوە؟
(٤٨) یان باڤ و کالانی ئێمە؟
(٤٩) بێژە: بێ شک، ئەوی لەپێشوودا بوون و ئەوانی لە دوایی هاتوون،
(٥٠) بە کۆمەڵ کۆ دەکرێنەوە؛ لە ژوانگەی ڕۆژێ کە دیاری کراوە.
(٥١) ئەوسا ئێوە ئەی گومڕایانی بێ باوەڕ!
(٥٢) دەبێ بەری داری ژەقنەمووتێ بخۆن.
(٥٣) گەدەتانی لێ پڕ بکەن.
(٥٤) ئەوسا ئاواکەلی بە سەر ئەودا وەخۆن؛
(٥٥) وەکوو چۆن وشتری تینوو بێتە سەر ئاو.
(٥٦) ڕۆژی ژمار وایان میوانداری دەکرێ.
(٥٧) ئێمە ئێوەمان دروس. کرد، سا بۆ چی باوەڕتان نەبوو؟
(٥٨) ئاخۆ ئێوە ئەو ئاوی شاوەتەو دیوە، کە دەیڕێژن؟
(٥٩) ئاخۆ ئێوە وەدی دێنن، یا نە ئێمە وەدی دێنین؟
(٦٠) ئێمە بڕیاری مەرگمان بۆتان داوە و کەس وەپێش ئێمە ناکەوێ؛

(٦١) كە بە چینێکی وەک ئێوە وەتان گۆڕین و تەرزێکتان ساز بدەینەوە، کە ئێوە هایتان لێ نییە؟
(٦٢) خۆ ئێوە لە دروست بوونی یەکەم جارتان ئاگادارن؛ دەی بۆ هیچ بیر ناکەنەوە؟
(٦٣) ئاخۆ ئەو تۆمەی دەیچێنن، دیتووتانە؟
(٦٤) پێتان وایە ئێوەن کە بەرهەمی دێنن، یان ئێمە بۆتان دەڕوێنین؟
(٦٥) گەر ئێمە بمانویستایە، دەمانکردە پووشی بەربا؛ ئەوسا ئێوە سەیروو دەکرد.
(٦٦) دەوگوت: ئێمە دۆڕاندمان؛
(٦٧) بەڵکوو بێ بەش ماوینەوە.
(٦٨) ئاخۆ ئەو ئاوەتان دیوە، دەیخۆنەوە؟
(٦٩) ئاخۆ ئێوە لەو هەورەوە ناردووتانە، یان ئێمە بۆمان باراندوون؟
(٧٠) گەر ئێمە بمانویستایە، دەمانکرد بە ئاوێکی تاڵ؛ دەیسا بۆ شوکرانە ناکەن؟
(٧١) ئاخۆ ئەو ئاگرەو دیوە هەڵی دەکەن؟
(٧٢) ئێوە داری ئاگرەکەتان دروس کرد، یان ئێمە وەدیمان هێنا؟
(٧٣) ئێمە ئەومان کردە هۆی بیرەوەری و بەڕێوەچوونی ژیانی هەردەگەڕان.
(٧٤) سا تۆ ناوی پەروەرندەی مەزنی خۆت، هەر بە پاکی و دوورە کەمایەسی بێنە.
(٧٥) دەسا سوێندم بەو شوێنانەی ئەستێرەیان لێ هەڵدێن و ئاوا دەبن،
(٧٦) بێ گومان - ئەگەر بیزانن - ئەمە سوێندێکی گەورەیە.
(٧٧) بێ گومانە ئەمە قورئانی بەڕێزە.
(٧٨) لە ناوەرۆکی نووسراوێک وەشێراوە.
(٧٩) غەیرەز پاکان کەس ناتوانێ دەستی لێدا.
(٨٠) لە داهێنەری دنیاوە ناردراوە.
(٨١) ئاخۆ ئێوە بەم قسە گەمەتان دێتێ؟
(٨٢) دیکەنە بژیوی خۆتان، کە باوەڕی پێ ناهێنن؟
(٨٣) ئەدی ساتێ مردن قورقوراگەی گرتوون،
(٨٤) ئێوەش چاوەنۆڕی مەرگن.
(٨٥) ئێمەش ئەوسا زۆر لەنگۆی لێ نزیکترین؛ بەڵام هەر ئێوەن نابینن.
(٨٦) ئەوسا ئەگەر پێتان وایە ناکەونە بەر پرسینەوە،
(٨٧) ئەگەر لاتان وایە ڕاستن، دە لە مردنی وەگێڕن.
(٨٨) بەڵام ئەوەی نزیکی ئێمەیە و دەمرێ،
(٨٩) لە پاداشا دەسێتەوە و، دەچتە بەهەشتی پڕ خۆشی.
(٩٠) ئەگەریش لەو کەسانە بوو کە دەگەڵ دەستە ڕاستانن،
(٩١) درووود بۆ تۆ، لەو کەسانەی دەستە ڕاستن.
(٩٢) بەڵام ئەگەر لەوانە بوو کە باوەڕیان نەهێناوە و گومڕا بووگن،
(٩٣) لە ئاواکەلی میوانن.
(٩٤) دەشیبەنە دۆژەهەوە.
(٩٥) بێ گومان ڕاست هەر ئەمەیە.
(٩٦) سا تۆ ناوی پەروەرندەی مەزنی خۆت، هەر بەپاکی و دوورە کەمایەسی بێنە.

حەدید

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرچی هەیە لە عاسمانەکان و زەمین، گشتی پەسنی خودا دەدەن؛ ئەویش خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٢) ئەم عاسمانانە و زەمینە هەموو بەرفەرمانی ئەون. زیندوو دەکا و دەشمرێنێ و لەسەر هەموو شت توانایە.
(٣) پێشوو ئەوە و، دوایی ئەوە و، لەبەر چاوە و نادیارە و، لە هەموو شت ئاگادارە.
(٤) ئەم گش عاسمانان و هەردەی بە شەش ڕۆژان وەدی هێنا و لەپاش ئەوە، لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا. هەرچی بە زەویدا ڕۆچێ و هەرچی لێی وەدەر بکەوێ و هەرچی لە عاسمان دێتە خوار، هەرچی پیا سەر دەکەوێ، ئەو دەیزانێ و لە هەر کوێ بن، دەگەڵتانە و خوا کردەوەتان دەبینێ.
(٥) لە عاسمانان و زەمیندا دەستەڵات هەر بەدەست ئەوە و هەموو کارێک دەبرێنەوە بۆ لای خودا.
(٦) شەو دە ڕۆژێ هەڵدەکێشێ و ڕۆژێ دەناو شەو ڕادەکا و لە نهێنی هەموو دڵان ئاگادارە.
(٧) پروا بێنن بە خودا و پێغەمبەری خوا و لەوماڵەی بۆی هێشتوونەوە، لە ڕای خودا بەخت بکەن. ئەو کەسانەی لە ئێوە، خاوەن باوەڕن و ماڵ لە ڕای خودا دەبەخشن، پاداشی مەزنیان هەیە.
(٨) ئەدی چیتانە باوەڕی ناکەن بە خوا؟ کە چی پێغەمبەریش داواتان لێ دەکا، تا بە پەروەرندەی خۆتان پروا بێنن. ئەگەر باوەڕیتان هەبێ، ئێوە پەیمانوو پێداوە.
(٩) هەر ئەویشە چەند نیشانەی دیاری دەرەی بۆ سەر عەبدی خۆی نارده خوار، تا لە تاریکی دەروو خا و بەرەو ڕووناکیتان بەرێ. کە خوا سەبارەت بە ئێوە دڵسۆزێکی دلۆڤانە.
(١٠) دەی چیتانە ماڵی خۆتان لەڕای خودا بەخت ناکەن؟ کە هەر شتێک لە ئاسمانان و زەویدان، هەر بۆ خودا دەمێننەوە. ئەو کەسانەی لەپێش گرتنی مەککەدا ماڵی خۆیان بەخت کرد و دەگژ نەیارەکانڕا چوون، پایەی هەرە بەرزیان هەیە؛ دەگەڵ ئەو کەسە وەک یەک نین کە لە پاشان ماڵی خۆی بەخت کردووە و دەگژ دوژمنانڕا چووە. کە هەمووشیان خودا بەڵێنی پێ داون چاکەیان دەرباره دەکا. خودا لە هەر کارێ دەیکەن، ئاگادارە.
(١١) کێی وا هەیە وامێ ڕەوا بدا بە خوا تا چەند قاتی بداتەوە و پاداشی باشیشی هەبێ؟
(١٢) ڕۆژێک دێ کە تۆ دەبینی مێروژنی خاوەن باوەڕ، تیشک دانەوەی کردەیان پێش کەوتووە و لەلای ڕاستیانەوە دەڕوا. خۆشی لە خۆتان ئەمڕۆکە دەچنە ناو باغاتێکەوە جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەروهەر، هەر تیا دەبن. ئەمەیە بەهرەی زۆر گرینگ.
(١٣) ئەوێ ڕۆژێ دوڕازەکانی مێروژن، وە خاوەن باوەڕان ئێژن: ئێوە لامان لێ بکەنەوە تا ترووسکێک لە ڕووناکیتان وەرگرین. پێیان ئێژن: بەرەو دوای خۆتان وەگەڕێن، لەوێ ڕووناکی پەیدا کەن. ئیتر ئەوسا شوورەیەکیان لە نێوان دەبێتە لەمپەر، درگای هەیە؛ لە ژوورەوەی بەزەوییە و لە دەرەوەی جەزرەبەیە.

(١٤) بانگیان دەکەن: ئاخۆ ئێمەش هەر دەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ ئێژن: ئارێ؛ بەڵام ئێوە خۆتان تووشی بەڵا کرد و چاوەنۆڕ بوون و دوودڵی لێو نەگەڕا و بە ئارەزوو فریوتان خوارد؛ هەتا فەرمانی خودا هات؛ شەیتان ئێوەی بە خودا بادی هەوا کرد.
(١٥) ئیتر ئەمڕۆ نە لە ئێوە و نە لەوانەی خوانەناس بوون سەرانە وەرناگیرێ. جێو ئاگرە و هەر ئەویشتان پێ ڕەوایە و چارەنووستان زۆر خراپە.
(١٦) بۆ کەسانێ خاوەن باوەڕ، ئاخۆ ئەو دەمە نەگەیوە کە دڵیان بۆ یادی خودا و بۆ ئەو ڕاستەی ناردوویەتی بکورکێنێ و بەدەردی ئەوانە نەچن کە دە پێشدا ئێمە کتێبمان دابوونێ و ئەوسا لەپاش ماوەیەکی زۆر، تووشی دڵڕەقی هاتن و زۆربەیان لە ڕێ لایان دا؟
(١٧) ئەوە بزانن، کە خودایە زەمین زیندوو دەکاتەوە، پاش مردنی. زۆر نیشانەی ئاشکرامان بۆ ئێوە ڕوون کردۆتەوە، بەشکەمی ئێوە تێ بگەن.
(١٨) بێ سۆ پیاوان و ژنانی خێرومەند و ئەوانەش کە وامی ڕەوا دەدەن بە خوا، چەند قاتیان پێ دەگاتەوە و پاداشی باشیشیان دەبێ.
(١٩) ئەو کەسانەی بە خوا و پێغەمبەرەکانی باوەڕ دەکەن، لە ڕاستی لایان نەداوە. ئەو کەسانەش کە لە ڕای خودا کوژراون، وان لای پەروەرندەیان و پاداشی خۆیان پێ دەگا و ڕۆشناکی خۆیان هەیە. ئەوانەش کە ناسپاسن و بە نیشانەکانی ئێمە باوەڕ ناکەن، ئەوان یارانی ئاگرن.
(٢٠) بزانن، ژی لە دنیایە هەر گەمە و بادی هەوایە و بۆ خۆ بە جوان نیشان دان و خۆ لەسەر یەکتررانان و فرە بوونی عەولاد و داراییتانە و وەک چناوێک بە هۆی بارانەوە شین بووە و وەرزێری پێ خەنی بووە و بەرەبەرە وشک دەبێ و دەبینی زەرد هەڵگەڕاوە و لە دواییدا بۆتە کاوکۆتی بەر با. لەو لاش ئازاری دژواروو لێ خۆش بوون و ڕەزامەندی خودا هەیە. ژینی دنیا هەر مایەی خەڵەتاندنە و چی تر نییە.
(٢١) ڕکە بکەن بۆ بەخشینی پەروەرندە و ئەو بەهەشتەش کە پانایی، بە پانایی ئەم عەزمان و زەمینەیە و بۆ ئەوانە ئامادەیە کە باوەڕیان بە خودا و پێغەمبەرانی خودا هەیە. ئەم چاکەیە لە خواوەیە و دەربارەی کەسێکی دەکا کە بۆ خۆی مەیلی لەسەر بێ. چاکەی خودا زۆر گەورەیە.
(٢٢) هەر بەڵایەک ڕوو دەدا لەم سەرزەمینە و هەر بەڵایەک کە بەسەر خودی خۆتان دێ - بەر لەوەی وەدی بهێنین - لە دەفتەرێکدا نووسراوە و ئەمە لای خودا هاسانە.
(٢٣) هەتا ئێوە بۆ شتێ لە دەستوو دەچێ، خەم نەخۆن و بە دەسکەوتوو دڵخۆش نەبن. خوا هەر ئەوانەی خۆش ناوێ کە بە فیزن و شانازی بە خۆیان دەکەن:
(٢٤) ئەوانەی ڕژدی دەکەن و خەڵکیش بۆ ڕژدی هان دەدەن. هەر کەسیش لاساری دەکا، خودا ئەوسا بێ نیازە و هەر شیاوی تاریف کردنە.
(٢٥) ئێمە پێغەمبەرانمان نارد بە چەند بەڵگەی ئاشکراوە و وێرای ئەوان، کتێب و هۆی هەڵسەنگاندنمان ناردە خوار؛ هەتا خەڵک بێ جیاوازی لەناو یەکا ڕەفتار بکەن. ئاسنیشمان ناردۆتە خوار، کە هێزی پرشتی زۆرە و زۆر بەهرەی بۆ مەردم تێدا و؛ تا خودا بۆ خۆی بزانێ کێ لە نەدیار دێتە یاری خۆی و پێغەمبەرەکانی. دیارە خودا خاوەن هێز و دەستەڵاتە.

(٣٦) ئێمە نووح و ئیبراهیمیشمان بەڕێ کرد؛ پلەی پێغەمبەرایەتی و کتێبیشمان دابوو بە نەتەوەکەیان. شارەزایان لێ هەڵکەوت و لەڕێ لادەریشیان زۆر بوون.
(٣٧) لەپاشان بەشوێن ئەواندا گەلێک پێغەمبەرمان ناردن؛ دوای ئەوانیش عیسای کوری مریەمن نارد و ئینجیلمان پێ خەڵات کرد. دلۆڤانی و بەزەییشمان خستە دڵی پەیڕەوانی؛ ئەو ڕەبەنیەش کە هەیانە ئێمە بۆمان نەنووسیون، بۆ خۆیان دایان هێناوە. ئەم کارەشیان بۆ ڕەزامەندی خودا بوو؛ بۆشیان نەکرا وەک پێویستە پێکی بێنن. جا ئەوانەی لەواندا خاوەن باوەڕ بوون، پاداشی خۆیانمان دانێ؛ زۆربەشیان لە ڕێ لادەر بوون.
(٣٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ترسوو لە خودا هەبێ و پروا بە پێغەمبەری ئەو بێنن. خوا دوو سەرە چاکەتان دەرباره دەکا و تیرێژێکتان وەپێش دەخا؛ بە هۆی ئەو بەڕێدا پرۆن و لە گوناهانوو دەبوورێ و هەر ئەویشە خەتاپۆش و دلۆڤانە.
(٣٩) ئەهلی کتێب وا نەزانن لەو چاکەی لای خودا هەیە، ئەوان هیچ شتیان بەدەستە. چاکە هەمووی لای خودایە و هەر کەسێ خۆی مەیلی لێ بێ بە چاکە دەخوێنێتەوە و ئەو چاکەی کە لە لای خودایە، زۆر هێژایە.

موجادیله

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) خودا قسەی ئەو ژنەی بیست کە سەبارەت بە مێردەکەی دەگەڵ تۆ کێشەی دەکرد و گازندەی لای خودا دەکرد. خودا دەیبیست کە ئێوە وتووێژتان بوو؛ خوداش بیسەر و بینایە.
(٢) ئەو کەسانەی لە ناو ئێوە، بە پیرەکی خۆیان ئێژن: «تۆ دایکمی»؛ ژنەکان نابن بە داکیان؛ هەر ئەو ژنانە داکیانن کە دیویانن؛ ئەوان قسەی خراپ دەکەن و بوختانە هەڵی دەبەستن. خودا لە گونا دەبوورێ و خەتاپۆشە.
(٣) جا ئەوانەی بە هاوجووتی خۆیان ئێژن «تۆ دایکمی» و پاشی پەشیمان دەبنەوە، بەر لەوەی پێکەوە بنوون، ئەشێ کۆلەیەک ئازاد کەن. خوا واو ئامۆژگاری دەکا. خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(٤) هەرکێ نەیبوو، با دوو مانگی یەک لەدوو یەک، بەڕۆژوو بێ؛ بەر لەوە بگەن بە یەکتر. کەسێ ئەمەشی نەتوانی، خۆراک بە شێست هەژار بدا. ئەمە بۆیە کە باوەڕتان بە خوا و پێغەمبەری هەبێ و ئەمە سنووری خودایە. بۆ ئەوانەش کە خودایان نەناسیوە، ئازارێکی بەژان هەیە.
(٥) ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن، دوچاری ناچاری دەبن؛ وەک ئەوانەی بەر لەوان قەرەبەخت بوون. ئێمە گەلێک نیشانەی زۆر ئاشکرامان ناردۆتە خوار، ئەوی پروایان پێ ناکا، بەشیان جەزرەبە دانێکی ئاوروو‌بەرە.
(٦) ئەوێ ڕۆژێ کە خوا - تێکرا - هەمووان زیندوو دەکاتەوە، پێیان ئێژێ چییان کردووە؛ خوا کردەیانی ژماردووە و بۆ خۆیان لە بیریان چووە. خوا لە هەر شت ئاگادارە.
(٧) ئاخۆ ئەتۆ نەتزانیوە کە هەر شتێ لە عاسمانان و زەوی بێ، خوا دەیزانێ؟ هەتا سێ کەس بە یەکەوە چپە بکەن، دیارە ئەو چوارەمینیانە و پێنج بن ئەو

شەشەمینیانە و کەمتر بن و زێدەتر بن، لە هەر کوێ بن، ئەو هەمیشە دەگەڵیانە و پاشان لە ڕۆژی قیامەتێ، پێیان ئێژێ چەیان دەکرد. خودا هەموو شت دەزانێ.
(٨) ئەی تۆ ئەوانەت نەدیوە، پێیان وترا: چپە مەکەن؛ ئەو کارەی کە وتیان مەیکەن، هەر دەیکەن و لە ناڕەوا چپەیانە و گونا و سەرپێچی دەکەن و لە قسەی پێغەمبەر دەر دەچن؟ خۆ ئەگەر تووشی تۆش دەبن، ئەو سەلامەی لە تۆی دەکەن، لەو سەلامە جیاوازە کە خودا لە تۆی کردووە. لەپاڵ خۆیانیشدا ئێژن: دەی بۆ لە سەر ئەم وتەیە خودا جەزرەبەمان نادا؟ دەچنە جەهەندەم بەسیانە و سەرەنجامیان زۆر خراپە.
(٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا ئێوە چپەتان کرد، بۆ گوناه و دەسدرێژی و نافەرمانی لە پێغەمبەر سرتە مەکەن؛ چپەکەشتان بۆ چاکی و خۆپارێزی بێ و لەو خودایە ترسوو هەبێ کە هەمووتان لە لای ئەو کۆ دەکرێنەوە.
(١٠) سرتە لە شەیتانەوەیە، هەتا خاوەن باوەڕانی پێ خەمگین کا؛ هەرچەند بەبێ ئیزنی خودا، هیچ زیانێکیان لێ نادا. با هەرکێ خاوەن باوەڕن، خۆیان بە خودا بسپێرن.
(١١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا لە کۆڕ پێان وتن: جێگەوە کەن، جێگەوە کەن! هەتا خوداش جێگەی ئێوە بکاتەوە. گەر گوتیشیان: ڕاستەوە بن، ڕاستەوە بن! خودا ئەوانەی لەنگۆ باوەڕیان هێناوە و ئەو کەسانەش کە لە زانیاری بەشدارن، بە چەند پلە بەرزتریان دەکاتەوە و هەر کارێکی ئێوە بیکەن، خوا دەیزانێ.
(١٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەرگا ویستوو سرتە وەل پێغەمبەر بکەن، بەرلە سرتە کردنەکە خێرێک بکەن. ئەمە بۆ ئێوە خاستر و پاکژترە. گەر نەشتانبوو، ئەوا خودا لێو دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٣) ئاخۆ لەبەرتان گران هات بەرلە سرتە خێرێ بکەن؟ ئەگەر ئەمەشتان نەکرد و خودا لەمە عافووی کردن، دەسا ئێوە نوێژ بکەن و زەکات بدەن و بەر فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بن. خوا لە هەموو کردەوەتان ئاگادارە.
(١٤) ئاخۆ تۆ ئەوانەت نەدیت کە بوونە دۆستی ئەوانەی خودا غەزەبی لێ گرتوون؟ لە ئێوە نین؛ لەوانیش نین؛ بە درۆ سوێند بە خودا دەخۆن و دەشزانن کە درۆ دەکەن.
(١٥) خودا ئازاری بەژانی بۆ ئەمانە سازکردووە و کارەکەیان زۆر خراپە.
(١٦) سوێندیان کردبووە مەتاڵێک بۆ خۆیان و بوونە لەمپەری ڕێی خودا؛ سا بۆیان ئازارێکی ئاپرووبەر هەیە.
(١٧) نە سامان، نە ڕۆڵەکانیان - لە بەرامبەری خوداوە - ناتوانن هیچیان بۆ بکەن؛ ئەوانە جەهەندەمین و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن.
(١٨) ڕۆژێ کە خودا گشتیان زیندوو دەکاتەوە، ئەو جار سوێندێ بۆ ئەو دەخۆن، وەکوو بۆ ئێوە سوێند ئەخۆن؛ لاشیان وایە شتێکیان دە باراندایە. باش بزانن کە ئەمانە درۆزنن.
(١٩) شەیتان لەسەریان زاڵ بووە و یادی خودای لە بیر بردوون؛ ئەوان کۆمەڵەی شەیتانن. باش بزانن کە هەر کۆمەڵەکەی شەیتان زیانبارن.
(٢٠) ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن، لە هەموو کەس زەبوونترن.

(٢١) خودا خۆی بڕیاری داوە: بێ گومانە من و پێغەمبەرەکانم سەردەکەوین. خوا توانای بەدەستەڵاتە.
(٢٢) تۆ نابینی ئەوانەی باوەڕیان هەیە بە خودا و بە ڕۆژی سەڵا، نابێ هەرگیز ببنە دۆستی ئەو کەسانەی پێچەوانەی خودا و پێغەمبەری خودان. تەنانەت ئەگەر باوکیشیان، یان فرزەندیان، یان برایان، یان لە هۆزەکەی خۆیان بن؛ کە ئەمانە خودا پرِوای لە دڵیان جێگیر کردووە و بە هێزێکی تایبەتی خۆی یاری کردوون؛ دەیان نێرێتە باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر لەوێ دەبن؛ خودایان لێ ڕازی بووە و ئەوانیش لە خودا ڕازین. ئەوانە کۆمەڵەی خودان؛ باش بزانن هەر کۆمەڵەی خوا ڕزگارن.

حەشر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەر بە پاکی و بێ عەیبی خودا هەڵدەڵێن، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندا هەن؛ هەر خۆی خاوەن دەستەڵات و لەکارزانە.
(٢) کە هەر ئەوە کۆمەڵی پێ نەزانانی، لەوانەی ئەهلی کتێب بوون - لە وەدەرنانی هەوەڵدا - لە زێدی خۆ تەرە کردن. ئێوە پێتان وا نەبوو کە دەر دەکەون؛ خۆشیان وایان خەیاڵ دەکرد قەڵاکانیان لە خودایان دەپارێزێ. خودا لە شوێنێکی واوە پارێزی بردە سەر ئەوان، کە لە خەیاڵیشیان نەبوو. وای ترس هاویشتە دڵیان، ماڵی خۆیان بەدەستی خۆ و بەدەستی خاوەن باوەڕان، کاول دەکرد. سا ئێوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان!
(٣) ئەگەر خودا ئاوارەیی لە سەر ئەوان نەنووسیبا، هەر لە دنیا تووشی ئازاری دەکردن و لەو دنیاش بەشیان ئازاری بە ئاگر بوو.
(٤) ئەمەش چونکە ئەوان دژی خودا و پێغەمبەرەکەی بوون. هەرکەش دژی خودا و پێغەمبەرەکەی ئەو بێ، تۆڵەی خودا زۆر دژوارە.
(٥) هەر دارخورمایەکتان بڕی، یان لێی گەڕان لەسەر ڕەگی خۆ بمێنن، هەمووی بە ئیزنی خودا بوو؛ تا ئەو لە ڕێ لادەرانە تووشی سووکایەتی بکا.
(٦) هەر تاڵانێک لە دانیشتووی ئەو گوندانە کە خوا دای بە پێغەمبەری، ئەوانە نین کە ئێوە بە سواری ئەسپ یان بە وشترەوە بۆی چوون. بەڵام خوا پێغەمبەرانی - ئەگەر حەز کا - لەسەر هەر کەسێ زاڵ دەکا. خوا بۆ هەموو شت توانایە.
(٧) هەر تاڵانێ لە دانیشتووی ئەو شارانە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە، بۆ خودا و بۆ پێغەمبەریە و بۆ خزمە نزیکەکان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە؛ نەک ببێتە سەرمایەی ئاڵ و گۆڕ کردن لە ناو دەوڵەمەندەکانوو؛ هەرچی پێغەمبەر دەوداتێ، لێی وەرگرن؛ لە هەرچیشتان بێ بەش کا، دەستی بۆ مەبەن. دەبێ لە خودا بترسن؛ کە تۆڵەی خوا زۆر دژوارە.
(٨) [ئەو تاڵانە] بۆ ئەو هەژارە دوورە وڵاتانەیە، کە لە ماڵ و زێدی خۆیان دەر کراون؛ چاوەنۆڕی بەهرە و ڕەزامەندی خوان و یاریدەی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکەن؛ کە ئەمانە ڕاستەکانن.

(٩) ئەو کەسانەش کە بەر لەوان لە مەدینە نیشتەجێ بوون و بە دڵ بڕوایان هێنا، حەز بەو ئاوارانە دەکەن کە پەنایان پێ هێناون و بە دڵیش ئێرەیی نابەن بەوەی کە بەوان دراوە و ئەوان لە پێشتر دەزانن، هەر چەند دەست تەنگیشیان هەیە. کەسانێکیش خۆ لە ڕژدی دەپارێزن، ئەوانە ڕزگارەکانن.
(١٠) ئەو کەسانەش کە لە دوای ئەمانە هاتوون، ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! لە ئێمە و لەو برایانەمان وا پێش ئێمە باوەڕیان هێناوە، خۆش بە؛ کینەی ئەوان مەخە دڵ باوەڕدار بوون. ئەی پەروەرندەی هەموومان! تۆی دڵسۆزی و دلۆڤانی.
(١١) ئەدی نەتدی دوورازەکان بە هاوسونفەکانی خۆیان - لەوانەی ئەهلی کتێب و دژی دین بوون - گوتیان: ئەر ئێوە دەر کران، بێگومانە ئێمەش وەلتان دەردەچین و هەرگیز بە زیانی ئێوە گوێڕایەڵی هیچ کەسێ نابین؛ ئەگەر دە گژیشتان ڕاچوون، ئێمە یارمەتیتان دەدەین. خواش شایەتە کە ئەوانە درۆزنن.
(١٢) دیارە ئەگەر دەریش کران، ئەوان دەگەڵیان دەر ناچن؛ ئەگەر وەلیشیان بجەنگن، ئەوان یاریدەیان نادەن؛ خۆ ئەگەر یاریدەشیان دەن، پشتیان تێ دەکەن و هەڵدێن؛ لە پاشانیش کەسێ دە هانایان نایە.
(١٣) بێ گومان دڵیان لە ئێوە پتر دەترسێ تا لە خوا؛ چونکە ئەوان کەسانێکی وان تێ ناگەن.
(١٤) بە تێکڕایی ئەوان بە گژتاندا نایەن، مەگین لەناو ئەو شارانەی قەڵای زۆر پتەویان هەیە؛ لەو دیو دیوارانەوە. ناکۆکی توند کەوتۆتە نێوانیانەوە؛ تۆ پێت وایە بە کۆمەڵ یەکیان گرتووە، بەڵام دڵیان لێک بڵاوە؛ چون ئەمانە مەردمانێکی نەفامن.
(١٥) وەک ئەوانەیان بەسەر دێ، کە پێش ئەوان - بەم زووانە - ئاکامی کردەی خۆیان چەشت. ئەوانە ئازارێکی بەژانیان دەبێ.
(١٦) وەکوو شەیتان، کاتێ بە بنیادەمی گوت: خوا مەناسە؛ وەختێ لە خودا تەکیەوە، گوتی: لێم نزیک مەبەوە، من لەو خودایە دەترسم پەروەرێنی گش دنیایە.
(١٧) سەرئەنجامی هەردووکیان هەر ئەوەیە کە تاهەتایە، لە ئاگردا دەمێننەوە. سزای ناهەقان ئەمەیە.
(١٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەشێ لە خودا بترسن؛ با هەر کەسێ بێنێتەوە بەرچاوی خۆی، بۆ سبەینێ چەی وە پێشە خۆی خستووە و ترستان لە خودا هەبێ. خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(١٩) نەچن وەکوو ئەوانە بن کە خودایان لەبیر کرد و خواش ئەوانی لەبیرە خۆیان بردەوە. ئەوانە لە ڕێ لادەرن.
(٢٠) ئەو کەسانەی جەهەندەمین، وەل ئەو کەسانەی بەهەشتین، وەکوو یەک نین. هەر ئەوانەی لە بەهەشتن، بەختەوەرن.
(٢١) ئەگەر ئێمە ئەم قورئانەن ناردبایەتە سەر کەژێک، تۆ دەتدی کە داهاتووە و لە ترسی خوا لەت لەت بووە. ئەم نموونانە بۆ مەردم دێنینەوە، بەشکوو ئەوان ڕابمێنن.
(٢٢) ئەو خودایەکی ئەوتۆیە کە غەیرەز ئەو کەس بۆ پەرستنێ نابێ؛ لە نەدیار و لە دیاران ئاگادارە و دڵاوایە و دلۆڤانە.
(٢٣) ئەو خودایە - کە لەو بەدەر شیاوی پەرستنێک نییە - پادشایە؛ لە کەمایەسی بە دوورە؛ سەرچاوەی هێمنایەتی، هێمنی دەرە؛ بەسەر هەموو

شت ڕادەگا؛ گش دەستەڵات بەدەس ئەوە؛ بەسەر هەموو شتدا زاڵە؛ هیچ شتێ دەرۆستی نایە. پاکە خودا لەو شتانەی ئەوان دەیکەنە شەریکی.
(٢٤) هەر ئەوە خودای وەدی هێنی داهێنەری وێنەگەر؛ ناوی هەرە جوان بۆ ئەوە؛ هەر شتێکی لە عاسمانان و زەمیندان، پەسنی پاکی ئەو دەدەن و هەر خۆیەتی بەدەستەڵاتی لەکارزان.

مومتەحینە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی دوژمنانی من و خۆتان. ئێوە دۆستایەتیو بەوان ڕادەگەیێنن؛ کەچی ئەوان بەو دینە ڕاستەقینەیە کە بۆ ئێوە هاتووە، پڕوایان نییە [و] لەبەر ئەوە بە خودای پەروەرندەتان بەباوەڕن، ئێوە و پێغەمبەر لە زێدی خۆ دەردەکەن. ئەر بۆ خەزا لە ڕای من و ڕەزامەندیم دەردەکەون، [دۆستایەتیی ئەوان مەکەن]. پەنامەکی پێیان ئێژن: خۆشمان دەوێن؛ کەچی ئەمن لە هەر شتێ دەیشێرنەوە و هەر شتێ ئاشکرای دەکەن، لە خۆتان ئاگادارترم. کێ لەنگۆ ئەو کارە بکا، ڕێگەی ڕاستی لێ تێکچووە.
(٢) ئەگەر دە گیریان بکەون، دوژمنایەتیتان دەکەن؛ بۆ ئازارتان دەست و زمان وە کار دەخەن؛ حەز دەکەن لە دین وەرگەڕێن.
(٣) ڕۆژی سەڵا، نە خزمانوو نە جگەرگۆشەکانیشتان هەرگیز دە فریاتان نایەن؛ لێکتان جودا دەکاتەوە و چی بیکەن خودا دەیبینێ.
(٤) ئیبراهیم و ئەو کەسانەی دەگەڵ ئەو بوون، بۆنگۆ نموونەی زۆر باشن؛ کە بە هۆزەکەی خۆیان وت: ئێمە لەنگۆ و لەو شتانەی - لە خوا بەدەر - دەپەرستن، بە دوورین و باوەڕمان بە ئێوە نەما و، تا هەتایە دوژمنایەتی و ڕکوونی کەوتۆتە نێوانمانەوە؛ تا ئەو کاتەی ئێوە باوەڕ بە خودای تاقانە دێنن. جیا لەوە کە ئیبراهیم بە ئاپێ خۆ گۆت: داوای خۆشبوونت بۆ دەکەم؛ دەربارەی تۆ هیچی ترم بۆ دەگەڵ خودا ناکرێ. ئەی پەروەرندەی گ لامان! خۆمان بە تۆ سپاردووە و هەموومان ڕوومان دە تۆیە و وەگەڕانی دواڕۆژیش هەر بەرەو تۆیە.
(٥) ئەی پەروەرندەی هەموومان! مەمانخە بەر تیر و تانەی ئەوانەی کە تۆ ناناسن؛ لە گوناهیشمان ببوورە؛ هەر خۆت خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانی.
(٦) بێگومانە ئەوانە نموونەی باشن بۆ ئێوە و بۆ ئەو کەسەی کە هومێدی بە خودا و ڕۆژی سەڵا هەیە. هەر کەسێکیش خۆ دەبوێرێ ، خودا پەکی پێ ناکەوێ و هەر شایانی پەسن دانە.
(٧) شایەد خودا لەناو ئێوە و ئەو کەسانەی دوژمنایەتیو دەکردن، دۆستایەتی دامەزرێنێ. خوا توانایە و خوا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٨) خودا بەرتان لێ ناگرێ کە ئێوە دەگەڵ ئەوانەی بەگژ ئێوەدا نەچوون و لە زێد وەدەریان نەناون، چاکەیان دەربارە بکەن و بە یەکسانی ڕەفتاریان دەگەڵدا بکەن. خوا مرۆی خاوەن ئینسافی خۆش گەرەکە.

(٩) تەنیا هەر ڕێگەتان نادا دەگەڵ ئەوانە ببنە دۆست کە لەسەر دین، شەڕیان دەگەڵتانا کرد و ئێوەیان لە زێدی خۆتان ئاوارە کرد. لەسەر دەرکردنی ئێوەش، بوونە پشتیوانی یەکتر. هەر کەسیش ببێتە دۆستیان، دیارە غەدرێ لە خۆ دەکا.
(١٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ژنی بەباوەڕی ئاوارە دەگاتە لاتان، بیانخەنە بەر ئەزموونەوە. خوا لە بیر و باوەڕیان ئاگادارترە. گەر ناسیتانن بە ڕاستی بڕواداران، بۆ لای خودانەناسانیان مەنێرنەوە. نە ئەمان بەوان دەشێن و نە ئەوانیش بەمان دەشێن. هەرچیش بەختیان کردووە بیاندەنەوە. گەر ئێوە مارەیان کەن و مارەییەکەیان بدەنێ، هیچ گوناهێکتان ناگاتێ. ژنانی خودانەناسانیش لای خۆتان گل مەدەنەوە؛ هەرچیتان لێ بەخت کردوون بیسێننەوە؛ با ئەوانیش هەرچێکی بەختیان کردووە داوای بکەن. ئەمە دەستووری خودایە کە بە نێوانتان ڕادەگا. خودا زانای لەکارزانە.
(١١) ئەگەر ژنێکیشتان ڕەوی بۆ لای خوانەناسەکان و ئێوە تاڵانتان لێ گرتن، بەو کەسانە وا ژنەکانیان هەڵاتوون، هێندەبدەن کە داویانە. ترسیشوو لەو خودایە بێ کە بڕواتان پێ هێناوە.
(١٢) ئەی پێغەمبەر! ئەگەر ژنانی باوەڕدار دێنە لات و پەیمان دەدەن هیچ شتێکی - لە خوا بەدەر - نەپەرستن و تووشی دزی و حیزی نەبن و مناڵی خۆیان نەکوژن و مناڵی تر بە درۆ نەکەنە منداڵ مێردەکانیان و بۆ کاری چاک لە فەرمانی تۆ دەرنەچن، ئەوساکە تۆش پەیمانیان دەگەڵ ببەستە و لێخۆشبوونیان بۆ لە خودا داوا بکە. خودا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(١٣) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! مەبنە دۆستی ئەو کەسانەی خودا غەزەبی لێ گرتوون، لە هاتنی ڕۆژی سەڵا ناهومێد بوون؛ وەکوو خودانەناسەکان لە مرییەکانی گۆڕستان ناهومێدن.

سەف

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەر شتێکی لە ئاسمانان و زەمیندان، هەر پەسندی خوا دەدەن و هەر ئەو خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٢) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بۆ داخێون و کردەوەی بەدوودا نییە؟
(٣) خودا زۆر لەوە توورەیە کە ئێوە شتێک بڵێن و ولۆ نەکەن.
(٤) خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە بۆ خەزا لە ڕای خودا، ڕیز دەبەستن؛ ئێژی دیواری قوڕقوشمە.
(٥) کە مووسا بە هۆزی خۆی گوت: گەلۆ! بۆچیم ئازار دەدەن، سوور دەشزانن کە من پێغەمبەری خودام بۆ لای ئێوە؟ وەختێ ئەوان خۆیان لادا، خوداش دڵی وانی لادا. ئەوانەی لە ڕێ دەردەچن، خودا ڕێگەی بەرەو خۆیان نیشان نادا.
(٦) کە عیسای کوڕی مریەمیش گوتی: ئەی بەرەی ئیسرائیل! ئەمن پێغەمبەری خودام بۆ لای ئێوە؛ ئەو تەوراتە دەسەلمێنم کە لەپێش مندا هاتووە؛ مژدەو لێ بێ پێغەمبەرێک لەپاش من دێ وە ناو ئەحمەد. وەختێ بە چەند نیشانەی دیاری دەرەوە هاتە لایان، گوتیان: ئەمە هەر بەئاشکرا جادووە.

(٧) سا کێ لەوە ناهەقترە درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ، لە وەختێکا کە بۆئیسلام گازی دەکرێ؟ خودا گرۆی غەدرکاران بەرەو خۆی شارەزا ناکا.
(٨) گەرەکیانە تیشکی خودا هەر بە فووی دەم وەکوژێنن. خواش تیشکی خۆی هەر سەردەخا؛ جا با خودانەناسانیش خۆشیان نەیە.
(٩) ئەو خودایە پێغەمبەری خۆی بەڕێ کرد، بۆ ڕێبەری و ڕاگەیاندنی دینی ڕاست، تا سەری خا بە سەر هەموو دینەکاندا؛ جا با بت پەرستەکانیش خۆشیان نەیە.
(١٠) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! دەتانەوەێ مامەڵەیەکتان پێ بێژم کە لە ئازارێکی بەژان ڕزگاروو کا؟
(١١) پڕواو بە خوا و بە پێغەمبەری ئەو بێنن و بە دارایی و گیانی خۆتان لە ڕای خودا تێ بکۆشن؛ ئەمە بۆ ئێوە باشترە گەر بیزانن.
(١٢) لە گوناهانوو دەبورێ و دەتانباتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا و خانووی زۆرخۆش وخاوێنتان لە بەهەشتی هەمیشەییدا دەداتێ؛ ئەمە دەسکەوتی گەورەیە.
(١٣) شتێ تریش - کە ئێوە حەزی لێ دەکەن - یاریدەدانێ لە خوداوە و سەرکەوتنێکی نزیکیش. ئەم مژدەیە بە باوەڕدارەکان بدە.
(١٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! یاریکارانی خودا بن، وەکوو عیسای کوڕی مەریەم بە یارانی حەواریی گوت: کێ بەرەو خودا دەبێتە یاریدەری من؟ دەستەی حەوارییەکان وتیان: ئێمە یاریدەری خوداین. ئەوسا لە بەرەی ئیسرائیل هێندێکیان پڕوایان هێنا و هێندێکیش بێباوەڕ مان. ئیتر ئێمە خاوەن باوەڕەکانیانن یارمەتی کرد، تا دەرۆستی دوژمنانی خۆیان هاتن.

جومعە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرچی لەناو عاسمانەکان و زەمینە، پەسنی ئەو خودایە دەدەن کە پادشایەکی پاک و دوور لە هەموو کەمایەسی و بەدەستەڵات و کارزانە.
(٢) هەر ئەویشە لەناو نەخوێندەواراندا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ کل کردن، کە نیشانەکانی ئەویان بۆ وەخوێنێ و لە کتێب و لە کارزانی ڕایانبێنێ؛ هەرچەند ئەوان لە پێشوودا لەو پەڕی گومڕاییدا بوون؛
(٣) بۆ هێندێ تریش لەمانە، وا هێشتا پێیان نەگەیشتوون. خودا خاوەن دەستەڵاتی لەکارزانە.
(٤) ئەمە چاکەیە لە خواوە، حەزی لێ بێ دەربارەی هەر کەسی دەکا. چاکەیێ کە لەلای خودایە، زۆر هێژایە.
(٥) سەرگوروشتەی ئەو کەسانەی تەوراتیان پێ هەڵگرتوون و لەبەر دەرچوون، وەکوو نەقڵی ئەو کەرەیە کە چەند کتێبی لێ بارە. سەرگوزەشتێ نالەبارە بۆ ئەوانەی لە نیشانەکانی خوا حاشایان کرد. خوداش ئەوانەی ناهەقن بەرەو خۆی شارەزا ناکا.
(٦) بێژە: ئەی ئەوانەی کە جوون! ئەگەر ئێوە پێتان وایە - زیاد لە مرۆ - هەر ئێوە دۆستانی خودان، دەسا ئەگەر گفتوو ڕاستە، مردنی خۆتان بخوازن.

(٧) هێندیان خراپە کردووە، هەرگیز مردنێ ناخوازن، خوداش لە ناهەقیکاران ئاگادارە.
(٨) بێژە: ئەو مەرگەی کە ئێوە لێی ڕادەکەن، هەر دەوگاتێ و پاشان هەر دەتانبەنەوە لای زانای نەدیار و دیاران؛ ئەوسا هەر خۆی پێتان ئێژێ چیو کردووە.
(٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەر وەختێ لە ڕۆژی هەینی بۆ نوێژی هەینی بانگ ئەدرێ، ئێوە بەلەز بەرەو یادی خودا بچن و کڕین و فرۆتن وێڵ کەن؛ گەر بیزانن، ئەمە بۆ ئێوە خاسترە.
(١٠) هەرگا لەنوێژی بوونەوە، بە هەردێدا بڵاو بین و بۆ چاکەی خودا بکۆشن و گەلێک یادی خودا بکەن؛ شایەتا ڕزگاریتان بێ.
(١١) هەرگا دیتیان مامڵەیە یان گەمەیە، بەرەو ئەوێ بڵاو دەبن و تۆ بەپێوە بەجێ دێڵن. بێژە: ئەوی لای خودایە، لە گەمەش و لەبازرگانیش چاترە و خوا چاکترین ڕۆزیدەرە.

مونافیقون

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) وەختێ دووڕوو دێنە لای تۆ، ئێژن: شایەتیت بۆ دەدەین کە تۆ پێغەمبەری خودای؛ خوداش دەزانێ کە تۆ پێغەمبەری ئەوی و خوا گەواهە کە - بەڕاستی - هەرچی دووڕووین درۆزنن.
(٢) سوێندی خۆیان کردۆتە قەڵغان خۆیان و لەمپەرن لە ڕێگەی خودا و ئاکاریان زۆر نالەبارە.
(٣) چونکە ئەمان، بەرێ باوەڕیان هێناوە و پاشان لە دین لایانداوە، جا سەردڵیان مۆرکراوە و دە هیچ ناگەن.
(٤) ئەگەر چاویشت پێ کەوتن، لە قەڵافەتیان سەیرت دێ. کە دەشپەیڤن و تۆ قسەکانیان دەبیسی، ئێژی دارن بە دیوار هەڵپەسێراون. هەر هەرایەک لە دژی خۆیان دەزانن. ئەو دوژمنن؛ تۆ خۆیان لێ بپارێزە. خوا بیانکوژێ؛ ئەمانە ڕوو دەکوێ دەکەن؟
(٥) خۆ ئەگەر پێشیان بوترێ: وەرن پێغەمبەری خودا داوای بەخشینوو بۆ دەکا؛ سەر بادەدەن. دەشیانبینی فیز دەنوێنن و خۆ لادەدەن.
(٦) ئەگەر ئەتۆ داوای بەخشینیان بۆ بکەی، یان داوای بەخشینیان نەکەی، بۆ ئەوان تەوفیری نییە. هەرگیز خودا نایانبەخشێ. خوا گرۆی لە ڕێ لادەران بەرەوخۆی شارەزا ناکا.
(٧) هەرئەمانەشن کە ئێژن: شتێ مەدەن بەو کەسانەی کە لای پێغەمبەری خودان، هەتا بڵاوەی لێ دەکەن. هەموو سامان و گەنجینەی ئەم عاسمانان و زەمینەش سەر بە خودان؛ بەڵام ئەو دووڕازانە هیچی تێناگەن.
(٨) ئێژن: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ مەدینە، بێ گومان بەدەستەڵاتان، ڕووت و لاتی لێ دەردەکەن. دەستەڵاتیش هەر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەری و ئاپۆرەی باوەڕدارانە؛ بەڵام ئەو دووڕازانە هیچێ نازانن.

(٩) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! سامان و زارۆڵەکانتان یادی خواتان نابێ لە بیر بەرێتەوە. ئەوانەی وایان بەسەر دێ، زیانبارن.
(١٠) لەو بژیوەش کە ئێمە پێمان بەخشیون، لە ڕای خودای بەخت بکەن؛ بەر لەوەی یەکێ لە ئێوە مردن تەک بەتەکیەوە دا و، بێژێ: ئەی پەروەرندەی من! بۆچی تا ماوەیێ نزیک مەودات نەدام، کە ئەوسا خێران بکەم و لە ڕیزی کار چاکەکان بم؟
(١١) هەر کەسێکیش وەختی مردنی هاتبێ، خوا هەرگیز وە درەنگی ناخا. خودا لە هەر کارێ دەیکەن، ئاگادارە.

تەغابون

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە
(١) هەرچی هەیە و لەناوی ئەو ئاسمانانە و زەمینەیە، پەسنی پاکیی خودا دەدەن. هەر بۆ خۆی فەرمانڕەوایە و سپاس هەر بۆ ئەو ڕەوایە و بۆ هەموو کارێک توانایە.
(٢) هەر ئەویشە کە ئێوەی وەدی هێناوە. سا هێندێکتان باوەڕوو پێ نەهێناوە و هێندێکیشتان بەپروایە. هەر کارێکیش ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.
(٣) عەزمانەکان و زەمینی بەڕاستی وەدی هێناوە و وێنەی بۆ ئێوە کێشاوە و شکڵێ فرە جوانی دانێ و هەر بۆ لای ئەویش دێنەوە.
(٤) هەرچی لەناو عەزمانان و زەمیندایە ئەو دەیزانێ؛ هەر شتێکیش بیشێرنەوە و ئاشکرا کەن، ئەو دەیزانێ و خودا لە نهێنیی دڵان ئاگادارە.
(٥) ئاخۆ ئێوە دەنگوباسی ئەو کەسانەو پێ نەگەیوە کە پێشوو خودانەناس بوون، سزای کردەوەیان چەشت و تووشی ئازاری بەژان بوون.
(٦) چونکە ئەوان پێغەمبەرەکانی خۆیان بە بەڵگەی دیاری دەرەوە هاتنە لایان. ئەوسا وتیان: جا چۆن مرۆ دەتوانن ڕێ نیشان مە دەن؟ ئەوسا حاشایان کرد و ڕوویان وەرگێرا و خوداش پەکی پێ نەکەوت و بێ نیازە و هەرشایانی پەسن دانە.
(٧) ئەوانەی خوایان نەناسی، پێیان وا بوو هەرگیز زیندوو ناکرێنەوە. بێژە: ئارێ سوێند بە پەروەرندەی خۆم، بێ سۆ زیندوو دەکرێنەوە؛ پێشتان ئێژن کە چکارێکتان کردووە و ئەمەش لای خودا هاسانە.
(٨) دەسا ئێوە پروا بێنن بە خودا و بە پێغەمبەری و بەو ڕووناکییە کە هەناردوومانەتە خوار. خوداش لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.
(٩) لەو ڕۆژەدا کە هەمووتان - لە سەڵادا - کۆوە دەکا، ئەوە ڕۆژی تێشکانە. هەر کەسێ خاوەن باوەڕ و ئاکار چاکە، هەر خراپەیە کردوویە، ڕایدەماڵێ و دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەتا سەر هەر تیا دەبن. ئەمەیە دەسکەوتی گەورە.
(١٠) ئەو کەسانەش کە خودایان نەناسیوە و نیشانەکانی ئێمەیان باوەڕ نەکرد، ئەوان یارانی ئاگرن و هەتا سەر هەر تیا دەبن و چارەنووسیان زۆر خراپە.
(١١) کەس هیچ بەڵای بەسەر نایە، مەگین خودا فەرمان بدا. هەرکێش پروای بە خودا بێ، دڵی شارەزای خۆی دەکا و خودا هەموو شت دەزانێ.

(١٢) بەرفەرمانی خودا بن و پێغەمبەر چی وت وا بکەن. خۆ ئەگەر خۆشوو ببوێرن، لە سەر پێغەمبەری ئێمە، هەر هێندەیە - بەئاشکرا - ڕابگەیێنێ.
(١٣) خودای مەزن، بە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. باوەڕداران با خۆ بە خودا بسپێرن.
(١٤) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هێندێک لە ژنانی ئێوە و منداڵنوو دژمنتانن؛ خۆتانیان لێ بپارێزن. ئەگەر چاویان لێ بپۆشن و واز بێنن و بیانبەخشن، خوداش لەگوناه دەبووری و دلۆڤانە.
(١٥) ئەو دارایی و منداڵانەی هەتانن، مایەی ئەزموونن. پاداشێ کە لای خودایە، ئەو هێژایە.
(١٦) دەبێ لە خودا بترسن تا دەتوانن؛ گوێ ڕادێر و بەرفەرمان بن؛ ماڵ لە ڕای خودا ببەخشن، بۆتان چاکە و؛ ئەوکەسانەی لە ڕژدی خۆ دەپارێزن، ئەوانە ڕزگارەکانن.
(١٧) ئەگەر ئێوە وامێ ڕەوا بە خودا ببینن، چەند قات پێتان ئەداتەوە و لە گوناهانوو خۆش دەبێ. هەر خودا بۆ شوکر دەبێ و لەسەرخۆیە.
(١٨) لە پەنامەکی و خۆیایان ئاگادارە؛ بەدەستەڵات و لەکارزانە.

تەڵاق

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی پێغەمبەر! ئەگەر ژنانوو تەڵاق دان، ماوەیەکیان بۆ دیاری کەن و بیبژێرن. لە خودای پەروەرندەتان شەرم بکەن. لە ماڵ خۆیان دەریان مەکەن؛ دەریش نەچن. جا مەگین هەر بە ئاشکرا کارێکی شوورەیی بکەن. ئەمە کەوشەنی خودایە و هەرکێ لە کەوشەنی خودا بەولاتر چێ، ناهەقی لەخۆی کردووە. تۆ چ زانی، لەوانەیە لەپاش ئەمە خوا شتێ تر وەدی بێنێ.
(٢) سا هەر کاتێ ماوەکەی خۆیان بەسەر برد، ئەوسا بە تەرزێکی پەسند ڕایانگرن یان لێیان جیا ببنەوە؛ بە شێوەیێ کە لەناو خۆتاندا باوە. دوو کەسی ڕاست و دروستیش هەر لە خۆتان لەم کارە ئاگادار بکەن، کە شایەتی بۆ خوا بدەن. هەرکێ یروای بە خوا و ڕۆژی سەڵا هەیە، بەمە ئامۆژگاری دەکرێن. هەرکێش لە خودا بترسێ، دەروێکی لێ دەکاتەوە.
(٣) لە شوێنێکەوە بژیوی بۆ دەنێرێ کە بە خەیاڵیدا نایە. هەرکێ خۆی بە خوا بسپێرێ، ئەوی بەسە؛ خوا بە مەبەستی خۆی دەگا. دیارە خودا بۆ هەر شتێ ئەندازەیەکی داناوە.
(٤) ئەو ژنانەو کە لە عوزر پێداهاتن ناهێمنن و ئەوانەی کە عوزر ناشۆن - ئەر شکتان بوو - ئەشێ سێ مانگ چاوەنۆڕ بن. ئەوانەش کە سکیان هەیە، ماوەی چاوەنۆڕییەکەیان دانانی سکەکەیانە. هەرکێش لە خودا بترسێ، خودا کاری هاسان دەکا.
(٥) ئەمە فەرمانی خودایە بۆ ئێوەی ناردۆتە خوارێ. هەرکێش لە خودا بترسێ، خەتاکانی دادەپۆشێ و پاداشی گەورەی دەداتێ.

(٦) لە هەرکوێدا خۆتان دەژین - بەرانبەر بە دەس ڕۆینتان - جێی ئەوانیش بکەنەوە. هێندەشیان زۆر بۆ مەهێنن کە بیانخەنە تەنگانەوە. گەر منالْیشیان لە سکدا، ئێوە لێیان بەخت بکەن تا سکەکەیان دادەنێن. ئەوسا ئەگەر شیریان دا بەمندالْەکەو، کرای خۆیانیان بدەنێ و لەناو خۆتان بەتەرزێ ڕەوا پێک وەرن. خۆ ئەگەر پێکیش نەهاتن، با یەکێ تر بۆی شیر بدا.
(٧) کێ دارایە لەداراییی خۆی بەخت کا و کێش بژیوی کەم پێ گەیوە، لەوەندەی خودا پێیداوە بەخت بکا. خودا ئەرک ناخاتە سەر کەس، مەگین لەوەندەی پێی داوە. خوا زوو لەپاش تەنگانە فەرحانی دێنێ.
(٨) شارگەلی زۆر لە فەرمانی پەروەرندەی خۆیان و پێغەمبەرانی وەدەر کەوتن؛ ئەوسا پێمان بژاردنەوە؛ بژاردنەوەیێکی زۆر توند و ئازارمان دان بە ئازاردانێکی دژوار.
(٩) ئیتر ئاکامی ئاکاری خۆیان چەشی و هەموو بەرهەمی کردەیان هەر زیان بوو.
(١٠) خودا بۆیان جەزرەبەی زۆرتوند وتیژی ئامادە کرد. دەسا ئەی خاوەن ئاوەزان ئەوانەی خاوەن باوەڕن، ئەشێ لە خودا بترسن. ئەوا خودا قورعانی بۆ ناردوونە خوار.
(١١) پێغەمبەرێکی ناردووە کە نیشانە ڕوون کەرەوەکانی خواتان بۆ وەخوێنێ، تا ئەوانەی بەباوەڕو ئاکار چاکن لەتاریکایی دەربخا و بەرەو ڕۆشناکیان بەرێ و هەرکێش بە خوای پیروا هەبێ و ئاکار چاک بێ، دەینێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا و هەر و هەر، هەر لەوێ دەبن. دیارە خودا بژیوێ باشی دەداتێ.
(١٢) ئەوخودایەی حەوت عەزمان و وەک ئەوانەش، زەمینی وەدی هێناوە؛ فەرمانی بەنێوانیاندا دێت و دەچێ. تا بزانن خوا بۆ هەموو شت توانایە و زانستی خوا هەموو شتی دەورە داوە.

تەحریم

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی پێغەمبەر! بۆ ئەو شتەی خودا بە تۆی ڕەوا دیوە - بۆ دلْداریی ژنەکانت - لە خۆتی ناڕەوا دەکەی؟ خوا دەبوورێ و دلۆڤانە.
(٢) ئەوا خودا پریاری دا بە هەلْوەشانی سوێندانوو. هەر خودا مەزنی ئێوەیە و هەر خۆی زانای لەکارزانە.
(٣) ئەوێ جارێ کە پێغەمبەر لای پرێ لە هاوسەرانی قسێکی بە سرتە درکاند. جا وەختێ وێ ئەوەی وت بە [هەوێکەی] و خواش پێغەمبەری تێگەیاند؛ پێغەمبەر هێندێ لەو نهێنییەی گوت و لە هێندێکی وازی هێنا. وێ گۆ: ئەمە کێ بە تۆی گوت؟ گوتی: زانای ئاگادار پێی ڕاگەیاندم.
(٤) باش ئەوەیە کە هەردووکتان بەرەو خوا بگەڕێنەوە. دیارە دلْتان بەرەو ناڕەوا لای داوە. گەر لە دژی ئەم ببنە یەک، ئەوسا خودێ مەزنیەتی و لەمە بەولا جوبرائیل و باوەڕدارانی بەرکەتی و فرشتەکان، پشتی دەگرن.

(٥) ئەگەر ئێوە تەڵاق بدا، شایەتا پەروەرندەی ئەو ژنانی لەنگۆ باشتری - لەباتی ئێوە - بداتێ؛ ژنانێکی گەردنکەچی بەباوەڕی بەر فەرمانی لە خراپە پەژیوانی خواپەرستانی ڕۆژووگر، لە بێوەژنان و کیژان.
(٦) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! خۆتان و کەس و کاریشتان لەو ئاگرە بپارێزن کە سووتەنی لە مەردم و لە تەوەنە. فریشتەی بە زەبر و زەنگ و توندوتیژی پێ ڕادەگەن؛ خوا چۆنیان فەرمان پێ بدا، لە فەرمانی دەر ناکەون و هەرچی بەوانی دەسپێرێ بەجێی دێنن.
(٧) ئەی ئەوانەی خوانەناس بوون! ئەمڕۆ تەوازی پێ ناوێ. دیارە هەرچی کردووتانە هەر لەوە جەزاتان دەدرێ.
(٨) ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! بەرەو خوا بگەڕێنەوە، گەڕانەوەی ڕاست و دروست؛ شایەتا پەروەرندەتان گوناهوو لەسەر لابەرێ و بوونێرێتە ناو باغاتێک جۆباریان بەبەردا دەڕوا. لەو ڕۆژەدا خوا پێغەمبەر و ئەوانەی وەل ئەو باوەڕیان هێناوە، سووک و هەناسە سارد ناکا و تیشکی ئەوان لەپێشیان و لە ئالیی ڕاستیانەوە تەڤگەڕیەتی و ئێژن: ئەی پەروەرندەمان! تیشکەکەمان بۆ زیاتر کە و لێمان خۆش بە؛ خۆت لەسەر هەموو شت توانای.
(٩) ئەی پێغەمبەر! وەل ئەو خودانەناسانە و ئەو دووڕازانە جەنگ بکە، زەبر و زەنگیشیان نیشان دە. ئەنوای ئەوانە ئاگرە و چارەنووسیان زۆر خراپە.
(١٠) خوا ژنی نووح و ژنی لووت - بۆ ئەوانەی خوانەناسن - بە نموونە دێنێتەوە. هەرتک لەبن دوو عەبدی چاکی ئێمە بوون، غەیانەتیان دەگەڵ کردن. نەیانتوانی لە لای خودا هیچ شتیان دەربارە بکەن. وترا: ئێوەش بڕۆنە ناو ئاگرەوە، وێرای ئەوانەی دەیچنێ.
(١١) خودا ژنەکەی فیرعەونیش - بۆکەسانی خاوەن باوەڕ - بە نموونە دێنێتەوە. کە لەبەر پەروەرندەی خۆی پاڕایەوە: تۆ لە لای خۆت لە بەهەشتا ماڵێکم بۆ دیاری بکە و ڕزگارم کە لە فیرعەون و کردەوەی ئەو؛ لە کۆمەڵی ناهەقانیشم ڕاهی کە.
(١٢) مەریەمی کچی عیمڕانیش، ئەوەی شەرمی لە کاری شوورەیی پاراست. ئەوسا ئێمە لە فووی خۆمان تێمان دەماند؛ بە وتار و کتێبانی پەروەرندەی بڕوای هێنا و لە ڕێزەی فەرمانبەران بوو.

## موڵک

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) مەزنایەتی و پایەبەرزی بۆ ئەو کەسەی، خونکاری بە دەس خۆیەتی و لەسەر هەموو شت توانایە.
(٢) ئەوە کە مردن و ژینی داهێناوە، تا ئێوە تاقی کاتەوە کامتان ئاکاری جوانترە. هەر ئەویشە لێبوردەی خاوەن دەستەڵات.
(٣) ئەوکەسەی حەو ئاسمانی چین لەسەر چینی سازداوە. لە دەسکاری ئەو خودایەدا هیچ ناڕێکییەک نابینی. جارێکی تر تماشا کە، ئاخۆ قەڵشێکی تێدایە؟
(٤) دیسانەوە چاوی پێدا بگێڕەوە. سۆمای چاوت بە داماوی و بە ڕاماوی بەرەو خۆت دەگەڕێتەوە.

(٥) ئێمە ئاسمانی دنیامان بە زۆر چرا ڕازاندەوە. کردیشمانن بە کەرستەی ڕاوەدوو نانی شەیتانان. ئازاری گڕپەداریشمان بۆ ساز کردون.
(٦) بۆ ئەوانەش کە پڕوایان بە پەروەرندەیان نییە، جەزرەبەی جەهەندەم هەیە و ئای چ ئەنجامێ خراپە!
(٧) گەر دەیانهاوینە ناوی، نێڵەنێڵی جەهەندەمیان گوێ لێ دەبێ و هەر هەڵدەچێ.
(٨) وەختە لە داخا شەق بەرێ. تا جوونێکی تێ داوێژن، گزیرەکانی جەهەندەم پێیان ئێژن: ئاخۆ ئێوە ترسێنەرتان نەهاتە لا؟
(٩) ئێژن: بەڵێ، ترسێنەر هاتبووە لامان؛ ئەوسا باوەڕمان پێ نەکرد و گوتمان: خوا هیچ شتی نەناردۆتە خوار؛ ئێوە بێ سۆ لەناو گومڕایی گەورەدان.
(١٠) ئەشڵێن: ئەگەر گوێ بیس باین یاخۆ تێ گەیباین، نەدەبووینە یارانی ئەم ئاگردانە.
(١١) ئاوا گوناهانی خۆیان پێ لێ دەنێن. هەی لە ئارادا نەمێنن ئەم هەواڵانی دۆژەهە!
(١٢) ئەوکەسانەی - لە نەدیدە - لە پەروەرێنیان ئەترسن، لێخۆشبوون و پاداشی گەورەیان هەیە.
(١٣) ئێوە سرتە قسە بکەن، یان وە دەنگی بەرزی بێژن، ئەو لە ڕازێ کە بە دڵاندا دەبوورێ ئاگادارە.
(١٤) ئاخۆ کەسێ ئافراندوویە، چۆن نازانێ؟ وردیلەبین و ئاگادار، هەر خۆیەتی.
(١٥) ئەوە کە ئەم زەمینەی بۆ کەوی کردوون، شانەوشان تێیدا بگەڕێن و لە بژیوەکەی بخۆن. هەستانەوەش بۆ لای ئەوە.
(١٦) ئاخۆ ئێوە لەو کەسەی لە ئاسمانە ترسوو نییە، کە بە هەردا ڕۆتان بەرێ و لەپڕ زەوین بێتە لەرین؟
(١٧) ئاخۆ ئێوە لەو کەسەی لە ئاسمانە ترسوو نییە، باڕنێکی زیخ و چەوتان لێ هەڵبکا؟ ئەوساکە زوو پێدەزانن هەڕەشەی من چتۆ بووە.
(١٨) خۆ بەر لەوانەش هەر هەبوون بە نیشانەکانی منیان پڕوا نەبووە؛ سا چۆنیان بە گژدا هاتم.
(١٩) ئاخۆ ئەوان ئەو مەلانەیان نەدیون کە لەسەرووی ئەوانەوە لەنگەریانە و باڵ لێک دەدەن؟ غەیرەز خودا کێ دەتوانێ ڕاگیریان کا؟ خودا بۆ خۆی لە هەموو شت چاوەدێرە.
(٢٠) ئاخۆ بەغەیری ئەو کێیە ئەو سوپا و یاریدەدەرتان بێ؟ نەخێر خودانەناسەکان [بەخۆبینی] خەڵەتاون.
(٢١) ئەدی کێیە ئەو کەسەی بژیوتان دەدا، ئەگەر بژیوی لێ پڕین؟ نەخێر ئەوان لەسەر خۆ بە زل زانین و ڕەوینەوە پێداگرن.
(٢٢) ئاخۆ کەسێ دەمەوروو بە هەردا دەخشێ چاکتر بە ڕێگە دەزانێ، یان ئەو کەسەی بە ئاسایی بەسەر ڕاستەڕێدا دەڕوا؟
(٢٣) بێژە: ئەوە کە ئێوەی وەدی هێناوە و گۆش و چەم و دڵی دانێ. ئێوە کەمتر شوکرێ دەکەن.
(٢٤) بێژە: ئەوە کە ئێوەی لەم زەمینەدا پەرژ و بڵاو کردۆتەوە؛ لای ئەویش کۆ دەکرێنەوە.
(٢٥) دەشڵێن: ئەگەر ئێوە ڕاستن، ئەو بەڵێنەو کەی دێتە جێ؟

(٣٦) بێژە: تەنیا خودا لەمە ئاگادارە. من هەر ئەوەندەم لەسەرە پێتان بێژم: دەبێ لە خودا بترسن.
(٢٧) جا ئەو کاتەی لە نزیکەوە دەیبینن، خوانەناسان چڕ و چاویان گرژ دەبێ و پێیان ئێژن: وا ئەمەیە کە ئێوە داواتان دەکرد.
(٢٨) بێژە: بە من بێژن ئەگەر، خودا من و ئەو کەسانەی لەگەڵ منن لەناو بەرێ، یان بەر بەزەییی خۆیمان خا، دەی سا کێ خودانەناسان لە ئێش و ژان دەپارێزێ؟
(٢٩) بێژە: ئەوە خوای دڵاوا؛ باوەڕیمان پێ هێناوە و خۆمان هەر بەو سپاردووە؛ ئەنگۆش هەر بینا زانیتان کێ ئاشکرا گومڕا بووە.
(٣٠) بێژە: بە من بێژن ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆ چوو بەناخی زەوینا، ئەوسا کێ ئاوی زەڵاڵی ڕەوانتان دە فریا دەخا؟

قەڵەم

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) نون، سوێند وە بنووس، بەوەش کە دێتە نقیسین،
(٢) وەسای چاکەی پەروەرندەت، تۆ لێوە نیت.
(٣) تۆ پاداشی واشت هەیە دوایی نایە.
(٤) ئاکاریشت فرە بەرزە.
(٥) زوو دەبینی، ئەویش چاویان پێ دەکەفێ،
(٦) کێ لە ئێوە شێتایەتیتان تێدایە.
(٧) بێگومان پەروەرندەی تۆ چاتر بەوانە دەزانێ کە ڕای ئەویان گوم کردووە؛ باشتریشی ئاگا لێیە، کێن ئەوانەی شارەزای ڕێن.
(٨) سا تۆ ناشێ بە فەرمانی ئەو بێباوەڕانە بکەی.
(٩) حەز دەکەن گەر تۆ نەرم بی، ئەوانیش نیانی بنوێنن.
(١٠) نابێ گوێش بەو کەسە بدەی، کە زۆر سوێندخۆرە، خوێڕییە؛
(١١) هەر تانە لە خەڵک دەدا و قسە بۆ ئەم و ئەو دەبا؛
(١٢) لە کاری چاکە لەمپەرە؛ شەڕفرۆشە، تاوانکەرە؛
(١٣) ڕەزا قورسە، لەپاش ئەمەش زۆڵێکە خۆی سەپاندووە؛
(١٤) هەر بەو هۆیە کە زەنگینە و چەند کوڕی هەن،
(١٥) گەر نیشانەکانی ئێمەی بۆ وەخوێنن، ئێژێ: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە.
(١٦) بەم زووانە سەری بێقلی داغ دەکەین.
(١٧) ئێمە ئەوانەمان ئەزموو، وەک خاوەنانی باغەکەن بەر ئەزموون دا، کە سوێندیان خوێند: سۆزی بەری باخەکەیان هەموو دەڕنن.
(١٨) «ئەگەر خوا حەز کا» شیان نەوت.
(١٩) ئەوساکە ئەوان خەوتبوون، لەلایەن پەروەرندەتڕا بەڵایەکی بۆ داباری.
(٢٠) ئیتر وەکوو زەمینێکی سووتاوی قاقڕی لێ هات.
(٢١) ئەوسا سۆزی، هەموو بانگی یەکتریان کرد:
(٢٢) ئەگەر ئێوە میوەڕنن هەر بەیانی بگەنە سەر کێڵگەی خۆتان.
(٢٣) ڕێوە چوون و پێکەوە چپەیان دەکرد:

(٢٤) که نابێ ئەمڕۆ چ هەژار بێتە ناو باخەکەی ئێوە.
(٢٥) بڕیاریان دا کە مەرجەکەیان بەجێ بێنن؛ واشیان دەزانی کە دەتانن.
(٢٦) وەختێ چاویان پێدا گێڕا، وتیان: ڕێمان لێ تێکچووە.
(٢٧) نەخێر، ئێمەین بەش بڕاوین.
(٢٨) بەئاوەزترینەکەیان گوتی: ئەدی پێم نەوتن بۆ پەسنی پاکی خوا نادەن!؟
(٢٩) گوتیان: ئێمە پەروەرندەی خۆمان بە دوور لە کەمایەسی دەزانین؛ ئێمە ناهەقیمان دەکرد.
(٣٠) ئەوسا ڕوویان کردە یەک و سەرکۆنەی یەکتریان دەکرد.
(٣١) وتیان: هەی ماڵ وێران خۆمان، ئێمە هەڵەڕۆییمان کرد.
(٣٢) شایەتا پەروەرندەمان لەوە چاترمان بداتێ؛ ئومێدمان هەر بە پەروەرندەی خۆمانە.
(٣٣) ئازاری [دنیا] ئاوایە. گەر بزانن، بێگومان ئازاری دواڕۆژ دژوارترە.
(٣٤) بۆ ئەوانەی خۆپارێزن، لجەم پەروەرندەی خۆیان باغاتی پڕ خۆشی هەیە.
(٣٥) ئاخۆ ئێمە باوەڕداران وەکوو بەدکاران دادەنێین؟
(٣٦) چیتانە؟ کوو پێ ڕادەگەن؟
(٣٧) ئاخۆ کتێبێکتان هەیە کە لەوێدا دەیخوێننەوە؟
(٣٨) هەرچی خۆتان دەتانەوێ تێیدا هەیە؟
(٣٩) یان سوێندێکتان لەسەرمانە کە هەتا ڕۆژی سەڵایە هەرچیتان دەوێ ئەو بێ؟
(٤٠) لێیان پرسە: کێ دەستەبەری ئەم کارەس؟
(٤١) یان چەند شەریکێکیان هەیە؟ ئەگەر ڕاستن، با شەریکەکانیان بێنن.
(٤٢) ئەوێ ڕۆژێ - کە لە تاوان - دەرپێ دە لینگان دەکەون و پێیان دەڵێن سوژدە ببەن و ناتوانن.
(٤٣) چاو دادەخەن و زەبوونی دایاندەگرێ؛ کە ئەمانە ئەوساکە ساق وچاقیش بوون، پێیان وتوون سوژدە بەرن.
(٤٤) تۆ من بێڵە بۆ ئەوانەی بەم قورعانە باوەڕ ناکەن؛ کەم کەم بۆیان لەدوو دەدەم، کە هەر خۆشیان پێ نەحەسێن.
(٤٥) مەودا و ماوەشیان پێ دەدەم؛ فێڵم زۆر بەڕێوجێیە.
(٤٦) ئاخۆ تۆ کرایەی کارت لەوان دەوێ، کە لەژێر باری دەرنەچن؟
(٤٧) یان تەتەڵەی نهێنیەکانیان لە لایە و بۆ خۆیان خەتی لێ دەدەن؟
(٤٨) دەسا تۆ هەر بۆ فەرمانی پەروەرندەت خۆڕاگر بە؛ نەچی وەک یارۆی ماسی بی، کە لە داخانا هەر پیشی دەخواردەوە و ئەوساکە دەپاڕایەوە.
(٤٩) ئەر دلۆڤانی پەروەرندەی وە فریای نەکەوتایە، بێ سۆ بە سەرکۆنەکراوی فڕێ ئەدرایە ڕۆتەنێک.
(٥٠) ئەوسا پەروەرندەی، ئەوی هەڵبژارد و کردی بە یەک لە پیاوخاسان.
(٥١) وەختێ خودانەناسەکان قورعانیان بیس، هەر وەختا بوو بە چاوانیان هەڵتدێرن. دەشیانگوت: بێگومان دینە.
(٥٢) کە هەر بیرەوەرییەکیشە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە.

حاققە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) کارەساتەکە ڕوو دەدا.
(٢) کام کارەسات؟
(٣) تۆ چوزانی ئەو کارەساتە چلۆنە؟
(٤) سەموود و عاد ڕووداوە دڵکوتەکەیان بە درۆ دانا.
(٥) هۆزی سەموود بە نەعرەتێکی بێ وێنە، ڕەانیان کرد.
(٦) هەرچی هۆزەکەی عادیش بوو، بە بایەکی هەرە بەهێز لەبەین چوون.
(٧) ماوەی حەو شەو و هەش ڕۆژان، بەبێ وچان، ناردیە سەریان. لەم ماوەدا لاشەیان لێ تخێڵ ببوون؛ دەتوت کۆتەرەی دارخورمای ناو زڕاون.
(٨) ئاخۆ ئەتۆ پاشماوەیەکیان دەبینی؟
(٩) فیڕعەونیش ئەوانەی بەر لەویش بوون و مەردمی شارە ژێروروو کراوەکانیش، خەتایان کرد.
(١٠) دژایەتیی پێغەمبەری پەروەرندەی خۆیان دەکرد. سا گرتیانی، گرتنێ لە ڕادەبەدەر.
(١١) ئێمە - کاتێ لەهی هات و بواری یری، لەو شتەدا کە بەسەر ئاودا دادەگەڕێ - هەڵمانگرتن.
(١٢) تا بیکەینە بیرهێنەرەوە بۆ ئێوە و ئەو گوێیانەی لەسەر هەستن، وەریبگرن.
(١٣) ئەوسا هەرگا تەنیا جارێک دە کەڵەشاخ دەمێندرا،
(١٤) ئەم زەمینە و کەژەکانیش هەڵگیران و یەکجارەکی تێک دەتەپێن،
(١٥) سا ئەو ڕۆژە بەسەرهاتەکە ڕوو دەدا.
(١٦) ئەم عاسمانانە قەڵش دەبا و لەو ڕۆژەدا فشەڵەیە.
(١٧) فرشتە دەچنە کەناران و تەختی پەروەرندەی تۆ، لەسەر سەری ئەوانەوە - لەو ڕۆژەدا - هەشت فرشتە هەڵیدەگرن.
(١٨) ئەو ڕۆژە ئێوە ڕادەنێن و هەرچی بۆ شاردنەوەیە لە ئێوە حەشار نادرێ.
(١٩) ئەوسا هەرکێ نامەی کردەی نرابێتە دەستی ڕاستی، ئێژێ: وەرن نامەکەی من بخوێننەوە.
(٢٠) من سوور دەمزانی کە تووشی لێپرسینەوە هەر دەبم.
(٢١) ئیتر ئەو لەناو ژیانێکی خۆشدایە؛
(٢٢) لە بەهەشتێکی بەرزایە؛
(٢٣) میوەی وا لەبەر دەستایە.
(٢٤) سا بخۆن و بخۆنەوە نۆشی گیانوو؛ ئەمە بۆ ئەو کارانەیە کە لە ڕۆژانی ڕابردوو کردووتانە.
(٢٥) بەڵام کەسێ کە نامەکەی دەنێتە لەپی چەپیەوە، ئێژێ: خۆزی نامەی خۆمم پێ نەدرایە.
(٢٦) نەشمزانیبا دەربارەم چیی تێدایە.
(٢٧) خۆزی ئەوسا مردنم یەکجاری بوایە.
(٢٨) سامانم بەهرەی بۆم نەبوو.
(٢٩) دەستەڵاتم وا لەبەین چو.

(٣٠) سا بیگرن و زنجیری کەن.
(٣١) ئەوسا بۆ دۆژەهی ببەن.
(٣٢) پاشان لەناو زنجیرێکی حەفتێ گەزی شەتەک دەن و ڕەکێشی کەن.
(٣٣) ئەو باوەڕی بە خودای مەزن نەدێنا.
(٣٤) بۆ نان دان بە هەژارانیش هیچ کەسی دنە نەدەدا.
(٣٥) جا ئەمڕۆ لێروکانەدا، چ دۆستی نین.
(٣٦) خواردن نییە، مەگین کێماوی زامداران.
(٣٧) نایخۆن، مەگین خەتاکاران.
(٣٨) سا سوێندەکە بەو شتەی ئێوە دەیبینن،
(٣٩) بەوەش کە ئێوە نایبینن،
(٤٠) ئەوە قسەی ڕاسپێراوێ بەرکەتییە.
(٤١) نە وتەی هەستیاریشە؛ کەمتر باوەڕێ دەهێنن.
(٤٢) وتەی فاڵگرەوەش نییە. کەم وایە بیر بکەنەوە.
(٤٣) ناردراوەتە خوارەوە، لە وەدیهێنی گش جیهان.
(٤٤) ئەگەر هێندێ لە قسەکانی بە دەم ئێوەوە کردبا،
(٤٥) گومان نیە، بە هەموو توانا دەمانگرت.
(٤٦) ئەوسا ڕەگی لاملیشیمان هەڵدەپری.
(٤٧) کەسیش لەنگۆ نەیدەتوانی لەمپەری بێ.
(٤٨) ئەم قورعانە بیرەوەرییە بۆ ئەوانەی خۆپارێزن.
(٤٩) بێگومان ئێمە دەشزانین تێتاندا هەن باوەڕ نەکەن.
(٥٠) دیارە ئەمە حەسرەتیشە بۆ ئەم خودانەناسانە.
(٥١) کە دیاریشە ڕاستێکە هیچ گومانێکی تێدا نییە.
(٥٢) تۆ بە یادی ناوی پەروەرندەی گەورەت، هەر پەسنی پاکیی ئەو بدە.

مەعاریج

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) یەک داوای کرد ئازارێ بێ،
(٢) بۆ لە خودا بەدوورەکان، هیچ لەمپەری نەیەتە بەر.
(٣) لە خوای خێوی چەند پلەوە.
(٤) فرشتەکان و جوبرائیل لە ڕۆژێکا بەرەو ئەو پێ هەڵا دەچن، کە ڕێی پەنجا هەزار ساڵە.
(٥) تۆ خۆ بگرە بەخۆگرتنێکی پەسند.
(٦) ئەوان بە دووری دەبینن.
(٧) ئێمەش نزیکی دەبینین.
(٨) ڕۆژێ عاسمان وەک حەلاندی کانزا دەبێ؛
(٩) کەژانیش وەک هری دەبن؛
(١٠) ئاواڵ لە ئاواڵ ناپرسێ؛

(١١) لەبەر یەکتریان ڕادەنێن؛ تاوانبار فرە حەز دەکا - بۆ ڕزگاری لە ئازاری ئەوێ ڕۆژێ - لەباتی خۆی، کورەکانی،
(١٢) هاوسەریشی، براکەشی،
(١٣) ئەو بەشە لە هۆزەکەشی - کە ئەو دە پەنای خۆ دەگرن -
(١٤) هەرچی لەسەر زەویش هەیە، گشتی بدا و ڕزگار ببێ.
(١٥) هەرگیز نابێ، ئەمە بڵێسەی ئاگرە.
(١٦) پێستی سەر ئازای ئەندامی دادەڕنێ.
(١٧) بانگێشتنی کەسێ دەکا کە پشتی کردە دینەوە و ئاوری وێ نەدایەوە؛
(١٨) ئەوە کە کۆی دەکردەوە و دەیخستە ناو سنووقەوە.
(١٩) بێ سۆ مرۆ بێ تابشت و زۆر چاوچنۆک، چێ کراوە.
(٢٠) هەر تووشی ناگوزووری بوو، هاوار دەکا.
(٢١) ئەگەر دەکەوێتە خۆشیش، چکووسێکە.
(٢٢) مەگین ئەوانەی نوژخۆنن؛
(٢٣) ئەوکەسانەی قەد نایەڵن نوێژیان بچێ؛
(٢٤) ئەوی لە سامانیشیاندا بەشێک هەیە،
(٢٥) بۆ پارسەک و دوورەبەشان؛
(٢٦) ئەو کەسانە کە پروایان بە ڕۆژی سەڵا هەیە؛
(٢٧) ئەوانەش کە لە ئازاری پەروەرێنیان نیگەرانن؛
(٢٨) کە ئازاری پەروەرێنیان، بۆ ئارخەیان بوونێ نابێ.
(٢٩) ئەو کەسانەی کە جێ شەرمیان دەپارێزن؛
(٣٠) مەگین لە ڕووی ژنی خۆیان یان ئەوانەی کەنیزیانن، ئەوسا سەرکۆنە ناکرێن.
(٣١) سا هەر کەسێ بەدەر لەمانە بخوازێ، ئەوانە لە قاس لادەرن.
(٣٢) ئەو کەسانەش کە ڕاگری ئامانەتی و بەڵێنیانن؛
(٣٣) ئەو کەسانەش شایەتی بەڕاستی دەدەن؛
(٣٤) ئەو کەسانەش کە لەسەر نمێژەکانیان چاوەدێرن؛
(٣٥) ئەوانە لەناو باخاندا بە ڕێزەوە وەرگیراون.
(٣٦) دەی ئەو بێدینانە چیانە؟ دێنە لات و بە مۆنێکەوە دەڕوانن.
(٣٧) دەستە دەستە لە ئالیی ڕاست وچەپەوە.
(٣٨) ئاخۆ هەر یەکێک لەمانە بەتەمایە کە بچێتە ناو بەهەشتی بە خێر و بێر؟
(٣٩) هەرگیز ناشێ؛ ئەوان بۆ خۆیان دەزانن کە لە چیمان دروس کردوون.
(٤٠) سا سوێند ئەخۆم بە دانەری خۆرهەڵات و خۆرئاوایان، ئێمە لە وزەماندایە،
(٤١) کە بیانگۆڕین و چاتریان بێنینە جێ؛ کەس پێشی ئێمەش ناکەوێ.
(٤٢) سا تۆ لەوانە وازبێنە با هەر چەنەچەن بکەن و گەپێ بدەن، تا تووشی ڕۆژی خۆ دەبن کە وا بەڵێنیان پێ ئەدرێ.
(٤٣) ئەوێ ڕۆژێ لە گۆڕستان دێنە دەرێ، هێند بەپەلەن ئێژی بەرەو بتان دەچن.
(٤٤) چاوشۆڕن و سووکایەتی دەوری داون؛ ئەمە ئیتر ئەو ڕۆژەیە کە وا بەڵێنیان پێ دەدرا.

نووح

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئێمە نووحن بەڕێ کردە لای هۆزەکەی، کە: هۆزەکەت بترسێنە بەر لەوە تووشی ئازاری بەژان ببن.
(٢) وتی: گەلۆ! من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام و [پێو ئێژم]:
(٣) خواپەرستی بکەن و لێی بترسن و بە گوێم بکەن.
(٤) لە گوناهانو دەبورێ و دەتانهێڵێ تا ماوەیێ دیاری کراو؛ چون هەرگا خوا ئاکامی هات، وە دوا ناخرێ، بریا ئەوەتان زانیبا.
(٥) وتی: ئەی پەروەرندەی من! بە شەو و ڕۆژ بانگم کردن،
(٦) بەڵام بە بانگ کردنی من، پتر لە پێشوو ڕەوەک بوون.
(٧) هەرچەندی من تێم گەیاندن، کە تۆ لە گوناهیان ببووری، گۆشی خۆیان بە تبلەکانیان ئاخنی و خۆیانیان دە جلکان پێچا و پێیان داگرت و خۆیانیان زۆر بە زل زانی.
(٨) هەمیسان بە دەنگی بەرز بانگم کردن.
(٩) لە دواییشدا، بە ئاشکرا و پەنامەکی تێم گەیاندن.
(١٠) هەر پێم گوتن: داوای بوردن لە پەروەرندەتان بکەن؛ ئەو بێگومان زۆر لێبورە.
(١١) تا لە حەواوە بارانێک پەڵەدەرتان بۆ بنێرێ.
(١٢) بە دارایی و بە کوڕانیش یاریو بدا و باغاتوو بۆ پەیدا بکا و جۆبارتان بۆ وەدی بێنێ.
(١٣) چۆن لە شکۆی خوا ناترسن؟
(١٤) کەچی ئێوەی پلەپلە وەدی هێنا.
(١٥) ئاخۆ بە چاو نەتاندیوە چتۆ خودا حەو بەرزاییی - توێ لەسەر توێ - ئافراندووە؟
(١٦) لەناویاندا هەیڤی تریفەدار کرد و خۆریشی کردە چرایەک.
(١٧) هەر خودایە ئێوەی لەم زەمینە ڕواند، بە ڕواندن.
(١٨) پاشان دەوباتەوە ناوی و دیسان دەروو دەکاتەوە، بە دەرکردن.
(١٩) هەر خودایە هەردی بۆ کردوون بە ڕایەخ؛
(٢٠) کە هوون لە ڕێگە پان و بەرینەکانا، بێن و بچن.
(٢١) نووح وتی: ئەی پەروەرندەم! ئەمانە لە من یاخی بوون؛ ئەمانە شوێن کەسێ کەوتوون کە سامان و فرزەندانی - غەیرەز زەرەر - هیچی لەوان زێدە نەکرد.
(٢٢) فێڵیشیان کرد؛ بەڵام فێڵێکی جانانە.
(٢٣) وتووشیانە: لەوانەی پەرستووتانن مەتەکنەوە و هەرگیز لە «وەدد» و لە «سواع» دەس بەر مەدەن؛ لە «یەغوس» و «یەعوق» و «نەسر»یش هەر وەتر.
(٢٤) زۆریشیان گومڕا کردووە؛ دە تۆش - بەجگە لە گومڕایی - هیچێ لەم ستەمکارانە زێدە مەکە.
(٢٥) بەرانبەر بە گوناهەکانیان، بە ئاو خنکان؛ ئەوسا خرانە ناو ئاگر. ئیتر لەم خودایە بەدەر، یاریدەریان پەیدا نەکرد.

(٣٦) نووحیش وتی: پەروەرندەم! لەم سەر هەردە ئەوکەسانەی تۆ ناناسن، جووقەواریان لێ مەهێڵە.
(٢٧) چونکە ئەگەر بیانهێڵی، عەبدانت گومڕا دەکەن و هەر زارۆیەکیشیان ببێ، تاوانبار و سپڵە دەبێ.
(٢٨) پەروەرێنم! من و داک و بابی من و ئەوانەی بە باوەڕەوە لە ماڵمدان و پیاوەکان و ژنەکانی خاوەن باوەڕ عەفوو بکە و ناهەقانیش بە جارێ تەرت و توونا کە.

جین

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بێژە: پێم ڕاگەیەنراوە، چەند کەسێ لە جنۆکان گوێیان هەڵخست؛ ئەوسا وتیان: ئێمە قورئانێ سەیرمان بیست.
(٢) بۆ ڕاستەڕێیە ڕێبەرە و ئێمە باوەڕمان پێ هێنا و هەرگیز کەسێ ناکەینە شەریکی خودا.
(٣) زۆر بڵندە شکۆی پەروەرێنی ئێمە؛ نە ژنی پەیدا کردووە نە فرزەندێک.
(٤) دیارە بێئاوەزەکەمان دەربارەی خوا قسەی توڕرەهاتی دەکر.
(٥) ئێمە پێمان وا بوو هیچکەس – لە مرۆڤ و لە جنۆکە – هیچ درۆیەک بە دەم خواوە هەڵنابەستن.
(٦) دەشمانزانی پیاوانێ لە بەرەی مرۆ، پەنا دەبەن بە پیاوانێ لە جنۆکە و سەرکێشییان پتر دەکەن.
(٧) ئەوانیش - هەر وەکوو ئێوە - لایان وا بوو هەرگیز خودا هیچکەس زیندوو ناکاتەوە.
(٨) ئێمە گەینە ئەم عەزمانە، دیمان پڕە لە پاسداری توند و تۆڵ و ئەستێرەگەلێ ڕادەخشن.
(٩) ئێمە لە چەند شوێنێکەوە ڕۆدەنیشتین کۆڵە بکەین؛ هەر کەسێکی لەمە بەو لا کۆڵە بکا، مەشخەڵێکی دەبینێ لە بۆسەیدایە.
(١٠) ئێش نەگەیوین ئاخۆ دەربارەی ئەوانەی لە زەمیندان، بڕیاری خراپ دراوە، یان پەروەرێنیان ویستوویە ڕاستەڕێیان نیشان بدا.
(١١) لەناو مەشدا کارچاک هەن و ئێشماندا هەیە وا نییە؛ ئێمە گەلێ ڕێگەمان وەبەر خۆ داون.
(١٢) ئێمە لەوە تێگەیشتووین کە لە زەمین دەرەقەتی خودا نایەین؛ تەنانەت بە هەڵاتنیش لە دەستی ئەو ڕزگار نابین.
(١٣) وەختێ ئێمە ئەو ڕێ نیشاندەرەمان بیست، باوەڕی خۆمان پێ هێنا. هەر کەسێکیش بڕوای بە پەروەرندەی بێ، نە لە کەم بوونێ دەترسێ، نە لە غەدر لێ کردنێ.
(١٤) وا هێندێکمان موسوڵمانین، هێندێکیشمان لە ڕێ لادەر؛ ئەوانەی کە موسوڵمانن، ڕێگەی ڕاستیان دیوەتەوە.
(١٥) ئەوانەش کە لە ڕێگەی ڕاس لایان داوە، دەبنە ئێزنگی جەهەندەم.

(١٦) گەر ئەوانیش هەر لەسەر ئەم ڕێگەیە بن، بێگومانە لە ئاوێکی زەبەندە تێراویان دەکەین.
(١٧) هەتا لەوێدا بیانئەزمووین، هەرکەسێکیش لە یادی پەروەرندەی خۆی کلا ببێ، ئازارێکی زۆر دژواری بەسەر دێنێ.
(١٨) مزگەوتەکانماڵی خودان؛ دەگەڵ خودا، هاواری کەسی تر مەکەن
(١٩) لەو دەمەشدا کە عەبدی خودا هەڵوێستا نوێژێ بکا، هەروخت بوو لەسەری ببنە پارچەیەک.
(٢٠) بێژە: ئەمن هەر هاوار لە پەروەرندەی خۆم دەکەم و کەسی لێ ناکەم بە شەریک.
(٢١) بێژە: من لە دەستم نایە زیانێکم بۆتان ببێ؛ یان بووخەمە سەر ڕاستەڕێ.
(٢٢) بێژە: من - بەدەر لە خودا - هەرگیز هیچ کەس پەنام نادا و لای ئەو نەبێ، هیچ ئەنوایەکی شک نابەم.
(٢٣) جا مەگین ڕاگەیاندنێک لە خوداوە و گەیاندنی پەیامانی. هەر کەسێکیش نافەرمانیی خودا و پێغەمبەری بکا، بەشی ئاگری دۆژەهە؛ تاهەتایە.
(٢٤) تا ئەو کاتەی ئەوەیان دێتە بەرچاوان کە بەڵێنیان پێ دراوە. جا دەزانن کێ یاوەری بێ هێزترە و لە ژمارەشدا کەمترە.
(٢٥) بێژە: هیچ ئاگام لێ نییە ئەوی بەڵێنوو پێ دەدرێ، نزیکە یان پەروەرندەم مەودایەکی بۆ داناوە.
(٢٦) لە نەدیاران ئاگادارە و نهێنیی خۆی بۆ کەسێ ئاشکرا ناکا؛
(٢٧) مەگین بۆ ڕاسپاردێکی لێی ڕازی بێ؛ ئەوسا لە پێش وپاشیەوە پاسەوانان بەڕێ دەکا.
(٢٨) تا بزانێ بە دروستی پەیامگەلی پەروەرندەیان ڕاگەیاند. هەموو شتیشیان دەزانێ و هەموو شتی هەژماردووە.

موززەممیل

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی ئەو کەسەی خۆت بە جلکان داپۆشیوە!
(٢) شەو هەستەوە؛ مەگین کەمێ،
(٣) لە نیمەکەی؛ یان کەمێکی لێ داپرە؛
(٤) یان کەمێکی دەسەر بخە. ئەم قورعانەش بە لەسەرخۆیی بخوێنە و بە ڕەوانی.
(٥) بەم زووانە ئێمە وتارێ گرانت دەخەینە سەر.
(٦) شەونخوونی بۆ ڕامانێ جێدارترە و بۆ وتاریش لەبارترە.
(٧) لە ڕۆژیشدا مەودای هاتوچۆت درێژە.
(٨) هەر ناوی پەروەرندەی خۆت بە یاد بکەو لە غەیرەز ئەو، لە هەموو شت بتەکەوە.
(٩) پەروەرێنی خۆرهەڵات وخۆراوایە؛ بە غەیرەز ئەو هیچ شت بۆ پەرستن نابێ. هەر ئەو بریکار بگرە.

(١٠) بۆ ئەو قسانەش کە ئەیکەن، خۆڕاگر بە. لێشیان لادە؛ بە لالێدانێکی پەسند.
(١١) لە منیش گەڕێ دەگەڵ ئەو بێباوەڕانەی نازپەروەردە. تۆش مەودایەکیان بدەیە.
(١٢) بێ سۆ زەنجیری سەنگین و جەهەندەم لە لای ئێمەیە.
(١٣) خۆراکێکی گەرووگریش، ئازارێکی زۆر بەژانیش.
(١٤) لەو ڕۆژەدا بۆم ئەلەرزێ و کەژ دەهەژێن، کێوەکان دەبنە گردولکەی ڕەملی خزۆک.
(١٥) ئێمە پێغەمبەرێکمان بۆ ئێوە کل کرد، شایەت بێ بەسەرتانەوە؛ هەروەک بۆ ئالی فیرعەون پێغەمبەرێکمان بەڕێ کرد.
(١٦) فیرعەون بەیا پێغەمبەرەکەی نەدەکرد؛ ئەوسا ئێمەش ئازارێکی بەژانمان دا.
(١٧) سا ئەر ئێوە هەر بە بێدینی مانەوە، چلۆن خۆتان دەپارێزن لەو ڕۆژە وا منداڵەکانیش پیر دەکا.
(١٨) عەزمانی پێ شەقار دەبێ. بەڵێنی خواش هەر دێتە جێ.
(١٩) ئەم قورعانە بیرەوەرییەکە [بۆمەردم]؛ کێ حەز بکا، بەرەو پەروەرندەی خۆی ڕێگە دەر دەکا.
(٢٠) پەروەرندەت ئاگادارە کە تۆ و هێندێک لەو کەسانەی دەگەڵ تۆدان، نزیک دوو بەش لە سێ بەشی ئەو شەوگارە و نیوەیی و سێ یەکیشی، بۆ شەونوێژان هەڵدەستنەوە. هەر خوداشە کە ئەندازە بۆ شەو و ڕۆژان دادەنێ. ئەو دەزانێ هەرگیز بۆتان ناژمێردرێ. ئەوا چاوپۆشیی لێ کردن. دەسا هەر لە قورئانەکە - چەندی بۆو دەلوێ - بخوێنن. خوا دەیزانێ هێندێکوو نەخۆش دەکەون؛ هێندێکیشتان بۆ بژیوێ خودا بیدا، بەوڵاتا بڵاو دەبن؛ کۆمەڵێکیش لە ڕای خودا دەچنە خەزا؛ سا چەندی بۆتان بووز دەخوا، لێی بخوێنن. نوێژبکەن و زەکات بدەن و ماڵی خۆتان بە دەستەواو - بە دەستەواوێکی پەسند - بدەن بە خوا. هەر پێش بارێ بەڕێی بکەن، باشترەکەی لای خودا پێو دەگاتەوە؛ وێڕای پاداشی گەورەتر. هەر بووردن لە خوا بخوازن؛ خوا لە گوناهان خۆش دەبێ و دلۆڤانە.

موددەسسیر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەی کەسێکی جلکت بەسەر خۆ داداوە!
(٢) ڕابە، ترس وەبەر بێنە.
(٣) ڕاشگەیێنە کە پەروەرندەت مەزنە.
(٤) بەرگیشت خاوێن ڕاگرە.
(٥) لە هەرچی ناپاکە دوور بە.
(٦) مەشبەخشە و پێت وا بێ بۆشە.
(٧) بۆ خاتری پەروەرندەت خۆڕاگر بە.
(٨) هەر کاتێکیش دە کەڵەشاخ دەمێندرا،
(٩) ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی تووشە؛
(١٠) بۆ بێدینان نە هاسانە.

(١١) تۆ لێم گەڕێ بۆ ئەو کەسەی من تەنیا وەدیم هێناوە؛
(١٢) دارایی فرەشم دایە؛
(١٣) چەند کوڕێکیش کە ئاگاداریی لێ دەکەن؛
(١٤) هەموو کارێکم بۆ ڕێک خست؛
(١٥) هێشتا هەر چاوی لەوەیە بۆی پتر کەم.
(١٦) هەرگیز؛ چون بۆ نیشانانمان لاسار بووە.
(١٧) تووشی ئازارێ وای دەکەم، پێی هەڵبچێ.
(١٨) ئەو هەر ڕاما و هەڵیسەنگاند.
(١٩) ئەی مەرگی بێ؛ خۆی چۆنی لێکداوەتەوە؟
(٢٠) دیسان نەژی؛ چۆنی بۆ چوو؟
(٢١) لەپاشانا تواشای کرد.
(٢٢) ئەوسا کە ڕووی گرژ کرد و ترش هەڵگەڕا.
(٢٣) لەپاشان پشتی هەڵکرد و فیزی نواند.
(٢٤) ئەوسا گوتی: ئەم قورعانە - ببێ و نەبێ - جادووێکە لەکۆنەوە دەیگێڕنەوە.
(٢٥) ببێ و نەبێ، ئەمە هەر وتەی مرۆیە.
(٢٦) بەم زووانە دەیهاوێمە دۆزەقەوە.
(٢٧) کوا ئەزانی دۆزەق چییە؟
(٢٨) نە دەهێڵێ و نە واز دێنێ.
(٢٩) پێستی مرۆ ڕەشەو دەکا و دەبرژێنێ.
(٣٠) نۆزدە فرشتەی لەسەرن.
(٣١) ئێمە بێژگە لە فریشتان، کەسمان نەکردۆتە کاربەدەستی ئاگر. بۆیەش ژمارەکەمان وا داناوە تا خودانەناسان بئەزمووین. تا ئەوانەی کە کتێبیان پێ دراوە، هیچ گومانێکیان نەمێنێ. تا ئەوانەش بەباوەڕن، باوەڕیان لە زێدەیی بێ؛ ئەو کەسانەش کە کتێبیان پێ دراوە و باوەڕداران، دوودڵ نەبن. تا ئەوانەی دەغەزێکیان لەدڵدایە و ئەوانەی خودێنەناسن، بێژن: خودا لەم نموونە نیشان دانە چەی ویستگە؟ ئاوا خودا هەرکێی بوێ گومڕای دەکا و کێی بوێ شارەزای دەکا. پێشمەرگەی پەروەرندەی تۆش - لە خوا بەدەر - کەس ژمارەیان نازانێ. باسی دۆزەق هەر بەتەنیا بۆ بیرەوەری مرۆیە.
(٣٢) نەچن باوەڕی پێ نەکەن؛ سوێند بەم هەیڤە؛
(٣٣) بەو شەوگارەش کە ڕادەکا،
(٣٤) بەو سپێدەی ڕووبەندی خۆی وەلا دەدا،
(٣٥) ئەم ئاگرە یەک لە بەڵا گەورەکانە؛
(٣٦) ترس وەبەر مرۆ هێنە.
(٣٧) کێ لە ئێوە مەیلی لێ بێ بێتە پێشێ، یان بگەڕێتەوە دواوە.
(٣٨) هەموو کەسێک لە گرۆی کردەی خۆیدایە.
(٣٩) جا مەگین دەستە ڕاستیەکان،
(٤٠) لەناو باخان پرسێ لە یەکتری دەکەن،
(٤١) سەبارەت بە گوناهباران:
(٤٢) چی ئێوەی دە دۆزەق کێشا؟
(٤٣) ئێژن: ئێمە لەڕێزەی نوێژکەران نەبووین؛
(٤٤) خۆراکیشمان بە هەژاران نەدەبەخشی؛

(٤٥) له كۆڕی هەرزەبێژاندا، ئێمەش له هەرزەوێژان بووین؛
(٤٦) باوەڕیشمان بە ڕۆژی سەڵایه نەبوو؛
(٤٧) تا مردنمان لێ میوان بوو.
(٤٨) ئیتر تکای تکاکاران، هیچ بەهرەیەکیان بۆ نادا.
(٤٩) چییان بوو، له وەبیرهێنەوە ڕەوینەوە؟
(٥٠) دەتوت ئەوان گۆرەخەرگەلی ڕەڤۆکن،
(٥١) که له ترسی شێر هەڵاتوون.
(٥٢) بەڵکوو هەریەک لەوانە وایان گەرەک بوو نامەی وەکریی بۆ بێنن.
(٥٣) هەرگیز، بەڵکوو له ڕۆژی پەسڵان ناترسن.
(٥٤) هەرگیز، دیاره ئەم قورعانه بیرهێنەرە.
(٥٥) کێ کەیفی لێ بێ وەیخوێنێ.
(٥٦) هیچ کەسیش نایخوێنێتەوە مەگین خودا مەیلی لێ بێ. خودا شیاوی لێ ترسانه و بۆ خەتابەخشیش هێژایه.

قیامەت

وە ناو خودا که دەهندە و دلۆڤانه

(١) سوێندەکەم بە ڕۆژی سەڵا،
(٢) سوێندیش دەخۆم بە وێژدانەکەی ڕەخنەگر،
(٣) چۆن مرۆ وا خەیاڵ دەکا ئێمە هەرگیز پێشەگەلی له یەکدی کۆ ناکەینەوە؟
(٤) بەڵکوو تواناییمان هەیه سەرپەنجەکانیشی ساز کەین.
(٥) نەخێر مرۆ هەر دەیەوێ تاوان بخاتە پێشە خۆی.
(٦) ئەو دەپرسێ: ڕۆژی سەڵا ڕابوون کەی دێ؟
(٧) هەرگا چاو بە مۆلەق وەستا؛
(٨) مانگیش گیرا؛
(٩) خۆر و مانگیش له یەکتر کۆ کرانەوە؛
(١٠) مرۆ ئەو ڕۆژە دبێژێ: ڕێگەی دەرەتانێ کوانێ؟
(١١) هەرگیز، پەناگایەک نییە.
(١٢) ئەوێ ڕۆژێ مەکۆ لای پەروەرندەتە.
(١٣) لەو ڕۆژەدا مرۆ هەواڵی پێ دەدرێ، چیی پێشەکی بەڕێ کرد و چیشی لەدوا بەجێ ماوە.
(١٤) نەخێر مرۆ بە ویژدانی خۆی دەزانێ؛
(١٥) با گەلێکیش یڕ و بیانو بێنێتەوە.
(١٦) تۆ زمانی لێ مەخە گەڕ، تا بەپەلە بیخوێنیەوە؛
(١٧) چونکە ئەرکی کۆکردن و وەخوێندنی لەسەر مەیە.
(١٨) هەرگا ئێمە خوێندمانەوە، ئەوساکه تۆ لەدواییدا بیخوێنەوە.
(١٩) لەپاشانیش شی کردنەوەی لەسەر مەیە.
(٢٠) نەخێر، دیاره هوون هەر دنیاتان خۆش دەوێ؛
(٢١) دواڕۆژیش وەلا دەنێن.

(٢٢) ئەوێ ڕۆژێ فرە ڕووهەن گەشە دەکەن؛
(٢٣) چاو دەگێڕن بەرەو پەروەرندەی خۆیان.
(٢٤) دیمیش هەنە ترش وتفتن؛
(٢٥) چاوەنۆڕن جەزرەبەی کەمەرشکێنیان بەسەر بێنن.
(٢٦) نەخێر، هەر بەخۆ نازانێ تا مەرگ بەربینگی دەگرێ.
(٢٧) وتراویشە: کەسی فریاڕەسی کێیە؟
(٢٨) لێشی ڕوونە چاخی جیا بوونەوەیە.
(٢٩) لینگ و لەتەریشیان تێک هاڵان.
(٣٠) ئەو ڕۆژەیە جێ هاژووتن بەرەو پەروەرندەی تۆیە.
(٣١) نە هەرگیز پڕوای هێناوە و نە نمێژیشی کردووە.
(٣٢) بەڵام وتوویە درۆیە و خۆی بواردووە.
(٣٣) پاشی - بە خۆبادانەوە - چوو بۆ لای کەس و کارەکەی.
(٣٤) ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەبارترە.
(٣٥) جارێ تریش، ئەمە بۆ تۆ شیاوتر و لەبارترە.
(٣٦) ئاخۆ مرۆ هەر لای وایە بەخۆڕایی وڵی دەکەن؟
(٣٧) ئاخۆ ئەو دڵۆپێک نەبوو کە دەڕژێتە ناو تۆلەوە؟
(٣٨) دوایە بوو بە جەڵتە خوێن و دروستی کرد و سازی دا؟
(٣٩) ئەوسا هەر لەو تنۆکەوە جووتەی نێر و مێوی چێ کرد.
(٤٠) ئاخۆ کەسێ وا ناتانێ مردوو زیندوو بکاتەوە؟

ئینسان

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بێگومانە ماوەیەک لەم ڕۆژگارە بەسەر مرۆدا تێپەڕی و ئەو شتێ نەبوو باس بکرێ.
(٢) ئێمە مرۆن لە تنۆکێکی ئاوێتە وەدی هێنا تا بیئەزموویین؛ گوێی بیستن و سۆمای دیتنیشمان پێ دا.
(٣) خۆمان ڕێگەمان نیشان دا؛ جا یان شوکرانەبژێرە یان پێنەزان.
(٤) ئێمە زنجیر و تۆقێکی گەلێ زۆر و ئاگرێ بڵێسەدارمان بۆ بێدینەکان ساز داوە.
(٥) ئاکارچاکان لە بادەیەک دەخۆنەوە، ئاویتەکەی لە چەمەی کافوورەوەیە.
(٦) چەمەیێکە عەبدانی خوا لەو دەنۆشن؛ بە فیچقەش هەڵیدەقوڵێنن.
(٧) هەرچی لە خۆ دەگرن دەیکەن؛ ترسیشیان لە ڕۆژێ هەیە کە بەڵاکەی بۆ گلا ئەتەنێتەوە.
(٨) لەو خۆراکەی کە خۆیان حەزی لێ دەکەن، بە هەژار و بە هەتیو و بە دیل گیراوی دەبەخشن.
(٩) ئێمە - هەر لە ڕاهی خودا - ئەم خۆراکەتان دەدەینێ، نە پاداشێکمان لێو دەوێ و نە شوکرانەش.
(١٠) ئێمە ترسی پەروەرێنی خۆمان هەیە لە ڕۆژێکا کە زۆر تووش و نەگبەت و پڕ مەترسییە.

(١١) خودا لە بەڵای ئەو ڕۆژە پاراستنی و تووشی گەشە و خۆشیی کردن.
(١٢) چونکە ئەوان خۆڕاگر بوون ، لە پاداشا بەهەشت و حەریری پێ دان.
(١٣) لە بەهەشتا لەسەر تەخت پاڵ ئەکەفن و نە تینی تاوێ دەبینن، نە سەرمایێ.
(١٤) سێوەری درەختەکانی بەسەریانا شۆڕ بوونەوە و میوەکەیان لەبەر دەستە.
(١٥) بە دەفری زێو و بەچەندین زەرکی مینا، بەسەریانەوە دەگەڕێن.
(١٦) زەرکی زێوین کە ڕاس بە قاس سازیان داون.
(١٧) بەو زەرکانە بادەیێکیان پێ دەنۆشین، ئاویتەکەی زەنجەفیلە.
(١٨) چەمەیێکە بەناویدا ڕەوان ئەبێ؛ ناو نراوە بە سەلسەبیل.
(١٩) لاوانێ - کە هەر بە لاوی دەمێننەوە - بەسەریانەوە ئەگەڕێن؛ گەر بیانبینی وا ئەزانی مراری پرژێندراون.
(٢٠) گەر دەیبینی، هەر خێر و خۆشی دەبینی و قەڵەمڕەوێکی زۆر گوشاد.
(٢١) پارچەی تەنک و سفتی کەسکیان دەبەردایە کە لە هەڤرەمیش چێ بووە و بە زۆر مووچەوانەی زێویش ڕازاونەوە و پەروەرێنیان بادەی پاکی پێ نۆشاون.
(٢٢) ئەمە پاداشی ئێوەیە و تەقەلاتان شایانی ڕەزامەندییە.
(٢٣) ئێمەین کە ئەم قورعانەمان - وردە وردە و بەش بەش - بۆ تۆ هەناردووە.
(٢٤) سا خۆ بگرە بۆ فەرمانی پەروەرندەت؛ هەرگیز گوێ لەوانە مەگرە تاوانبار یا پێنەزانن.
(٢٥) هەر ناوی پەروەرندەی خۆت بەیاد بکە؛ هەموو بەرەبەیانان و ئێوارانیش.
(٢٦) بە شەویش سوژدەی بۆ بەرە و لە درێژاییی شەوگاریشدا هەر پەسنی پاکیی ئەو بدە.
(٢٧) ئەوان حەزیان هەر لە دنیای بێبەقایە و ڕۆژێ گران دەخەنە پاش خۆیانەوە!
(٢٨) ئێمە وەدیمان هێناون و هەموو ئازای بەندەنیانمان داپێچاون؛ هەرگاش حەز کەین، بە چینێکی وەک ئەوانیان وەدەگۆڕین.
(٢٩) ئەمانە بیرهێنەرێکن، هەرکێ حەز کا ڕێگە بەرەو پەروەرندەی بەدی دەکا.
(٣٠) حەز کردنیش بەنگۆ نییە، جا مەگین خودا حەز بکا. زانای کارزان هەر خۆیەتی.
(٣١) هەرکێی حەز کا وەبەر بەزەییی خۆ دەخا و بۆ ئەوانەش کە ناهەقن، جزیای بەژانی ساز داوە.

مورسەلات

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سوێند بەوانەی - یەک لە دوای یەک - ناردراون،
(٢) بەو با توندانەش هەڵدەکەن، بە هەڵکردن،
(٣) بەوانەش کە ئەپرژێنن، بەپرژاندن،
(٤) بەوانەش بە هەڵوەژاردن هەڵداوێرن،
(٥) بەوانەش کە یادی خودا دەخەنە بەر دڵانەوە،
(٦) بۆ بەهانە لێ قەتاندن یان ترساندن؛

(٧) کە هەر چی سۆزوو پێ دەدرێ، هەر دێتە جێ.
(٨) سا هەر دەمێ ئەستێرەکان کوژانەوە،
(٩) هەرگاش کەلێن دەکەوێتە عەزمانەوە،
(١٠) هەر کاتێکیش کەژان هەژان و تێک ڕووخان،
(١١) هەرگاش وادە بۆ پێغەمبەران داندرا،
(١٢) بۆ کامە ڕۆژ دواخراوە؟
(١٣) بۆ ڕۆژی هەڵاواردنێ.
(١٤) کوو زانیوتە ڕۆژی هەڵاواردن چییە؟
(١٥) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(١٦) ئەدی ئێمە پێشینەکانمان قڕ نەکرد؟
(١٧) هەر ئەوەشمان دەگەڵ پاشینەکانیان کرد.
(١٨) هەر ئەو کارەش بە تاوانبارەکان دەکەین.
(١٩) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٢٠) ئاخۆ ئێوەن لە ئاوێکی بێبایەخ وەدی نەهێنا؟
(٢١) لە جێیەکی پتەودا جێن نەکردەوە؟
(٢٢) تا ماوەیێ دیاریکراو؟
(٢٣) خۆ توانیمان؛ ئای کە چەندە چاکمان توانی.
(٢٤) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لەبێباوەڕان.
(٢٥) ئەدی ئێمە زەمینمان نەکردە مەکۆ؟
(٢٦) بۆ ژیاوان و نەماوان؟
(٢٧) هەر لەوێشدا چەن چیای بەرزن دامەزراند و ئاوی خۆشن پێ نۆشاندن.
(٢٨) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٢٩) وە ڕێ کەون بەرەو شتێ کە بە درۆتان دەزانی.
(٣٠) ڕێوە بچن بەرەو سێبەری دووکەڵێکی سێ چوکڵە؛
(٣١) سایە نادا و مرۆش لە گڕ وەلا نادا.
(٣٢) ماکی دووکەڵ پریشکەی وا دەهاوێژێ کۆشک ئاسایی؛
(٣٣) هەر دەبێژی وشترانی بەرگن زەردن.
(٣٤) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٣٥) ئەمڕۆ ڕۆژێکە ناپەیڤن.
(٣٦) ڕێگەی تەوازیشیان نادەن.
(٣٧) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٣٨) ئەمڕۆ ڕۆژی هەڵاواردنە؛ ئێوەمان وەل پێشینیان کۆ کردەوە.
(٣٩) سا ئەگەر فێڵێکتان هەیە، وەرن لە خۆمی دەکار کەن؛
(٤٠) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٤١) ئەوانەش کە خودێترسن، لەنێوانی سێبەران و کانیاوانن؛
(٤٢) میوەهاتیش هەرچەندی دڵیان دبێژە.
(٤٣) ئەمەش پاداشی ئاکاروو، سا بخۆن و بخۆنەوە؛ نۆشی گیانوو.
(٤٤) ئێمە ئاوا پاداشی کارچاکان دەدەین.
(٤٥) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٤٦) ئێوەش گرۆی تاوانبارن! بخۆن و کەمێ ڕابوێرن.
(٤٧) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.

(٤٨) ئەگەر کەسێ پێیان بێژێ: کڕنووش بەرن، کڕنووش نابەن.
(٤٩) ئەوێ ڕۆژێ هاوارە لە بێباوەڕان.
(٥٠) دەسا ئەوان - پاشی قورعان - بەکام قسە بڕوا دەکەن؟

نەبەء

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) لە چی لە یەکدی دەپرسن؟
(٢) لە دەنگووباسەکەی مەزن؛
(٣) ئەوەی ئەوان لەسەری مشتومڕیانە.
(٤) نەخێر [هیچ پرسی پێ ناوێ] زوو دەزانن.
(٥) هەمیسان [پرسی پێ ناوێ] زوو دەزانن.
(٦) ئەدی ئێمە ئەم هەردەن نەکردە ڕایەخ؟
(٧) کەژ و چیاکانیش سینگان؟
(٨) ئێوەشمان جووت وەدی هێنا.
(٩) خەویشتانمان کردە هۆی حەسانەوەتان.
(١٠) شەویشمان دانا بۆ پۆشاک.
(١١) ڕۆژیشمان کردە هۆی ژیان.
(١٢) لە سەرووشتان حەوتی پتەومان دامەزراند.
(١٣) چرایێ زۆر بە ورشەورشمان وەدی هێنا.
(١٤) لەو هەورانە - کە بارانەیان پێوەیە - ئاوی بەخورمان داڕژاند؛
(١٥) هەتا دەخڵ و ڕوەکی پێ بخەینە ڕوو.
(١٦) دارستانی چڕ و پڕیش.
(١٧) بێ سۆ ڕۆژی هەڵاواردن، کاتی بۆ دیاری کراوە.
(١٨) هەر ئەو ڕۆژەی دە کەڵەشاخ دەمێندرا، ئەوسا پۆل پۆل پەیداو دەبێ.
(١٩) ئەم عەزمانە دەکرێتەوە و دەرگا دەرگا دەبێتەوە.
(٢٠) کەژەکانیش لە شوێنی خۆ خزێنراون و گشتی بوونە تراویلکە.
(٢١) بێشک دۆژەھ بەرەگەیە؛
(٢٢) بۆ سەربزێوەکان، جێ گەڕانەوەیە.
(٢٣) لەوێدا بۆ ماوەیێ زۆر قەتیس دەبن.
(٢٤) لەوێدا نە خەو دەچێژن نە ڤەخارن.
(٢٥) مەگین ئاوەکوڵ و زووخاو.
(٢٦) پاداشێکی هەمبەر [بەکردەوەکانیان].
(٢٧) چون ئەوان هێڤیدار نەبوون لێپرسینەوەیەک هەبێ.
(٢٨) نیشانەکانی ئێمەیان - زۆر بە توندی - بە درۆ دانا.
(٢٩) ژمارەی هەموو شتیشمان هەر بە نووسراوی لەلایە.
(٣٠) سا بچەژن؛ ئەوی بۆتانی زیاد ئەکەین، هەر تەنیا جەزرەبە دانە.
(٣١) بۆ پارێزگارانیش جێگەی بە ئاوات گەییشتن هەیە:
(٣٢) باغستان و ڕێزی ڕەزان.

(٣٣) پۆلە کیژی مەمک خڕی هاوتەمەنیش.
(٣٤) پیاڵەی پڕیش.
(٣٥) لەوێ هەوانتە نابیسن و یەکدیش ناخەنە درۆوە.
(٣٦) خەڵاتی پەروەرندەی تۆ، بەخششی بەسەروبەرە.
(٣٧) پەروەرێنی عاسمانەکان و زەمین و هەرچی لەناو ئەو دوانەیە؛ ئەو خودایەی ڕۆژی دەرە، هیچیان ناشێن بیدوونن و بیدوێنن.
(٣٨) ڕۆژێکی کە جوپرائیل و فرشتەکان هەموو بە ڕێز ڕاوەستاون؛ نائاخێون مەگین کەسێ لەورا ودمی پێ درابێ، ئەویش قسێکی چاک بکا.
(٣٩) وێ ڕۆژێ ڕۆژی ڕاستییە؛ سا هەر کەسێ کە پێی خۆشە، با ڕێبازی گەڕانەوە بەرەو لای پەروەرندەی خۆی بگرێتە بەر.
(٤٠) ئێمە لە جەزرەبەیێکی کە نزیکە، ترسن وەبەر ئێوە ناوە. وێڕۆ مرۆ چاو بۆ ئەو شتە دەگێرێ کە پێشە خۆی ناردوویەتی. هەر کەسیش خودای نەناسی هەر دبێژە: ئەی کاشکایە ئاخ بوومایە.

نازیعات

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سوێندەکە بەو هەسارانەی کە هەڵدێن و ئاوا دەبن،
(٢) بەوانەش کە لە ئاسۆیێ بۆ ئاسۆیەکی تر دەچن،
(٣) بەوانەش کە وەک مەلەوان مەلە دەکەن،
(٤) بەوانەش کە بۆ پێشبڕکێ پەلە دەکەن،
(٥) سوێند بەوانەش کە تەڤبیری کاران دەکەن،
(٦) لەو ڕۆژەدا لەرزێن [زەمین] دەلەرزێنێ.
(٧) ئیتریشی بەدوودا دێ.
(٨) لەو ڕۆژەدا دڵانێک زۆر هەراسانن.
(٩) چاوانیشیان سیس و کزن.
(١٠) ئێژن: ئاخۆ دەمانگێڕنەوە سەر زەمین؟
(١١) لەپاش ئەوە کە چەند پێشەیێ کلۆر بووین؟
(١٢) ئێژن: ئیتر ئەگەر وا بێ، ئەم وەگەڕانە دۆڕانە.
(١٣) کەچی ئەمە هەر کاری یەک نارەتەیە.
(١٤) ئەوسا لەپڕ، وەو بیاوانە ئەکەون.
(١٥) ئاخۆ سەرگوروشتەی مووسات بۆ هاتووە؟
(١٦) کە پەروەرندەی گاسی کرد لە شیوی پیرۆزی «طوا».
(١٧) بەرەو فیرعەون ڕێ کەوە؛ ئەو لە ئەندازە دەرچووە.
(١٨) پێشی بێژە: ئاخۆ تواى پاک ببیەوە؟
(١٩) منیش بەرەو پەروەرێنت ڕێت شان دەم و لێی بترسی؟
(٢٠) ئەوسا بەڵگە هەرە گەورەکەی نیشان دا.
(٢١) باوەڕیشی پێ نەکرد و ئەشقیا بوو.
(٢٢) لەپاشا پشتی تێ کرد و دەستی کردە تەقالا دان.

(٢٣) ئیتر خەڵکی کۆ کردەوە و جاڕی کێشا.
(٢٤) وتی: ئەمن پەروەرێنی هەرە پایەبەرزتانم.
(٢٥) ئەوسا خودا گیرۆدەی ئازاری پەسڵان و دنیای کرد.
(٢٦) بێگومانە لەم باسەدا دەرزێ هەیە بۆ هەر کەسێ کە ئەترسێ.
(٢٧) ئاخۆ چێ کردنی ئێوە دژوارترە، یان ئەو ئەزمێنەی ئەو دروستی کردووە؟
(٢٨) قەوارەی بەرز کردووە و لەباری کرد.
(٢٩) شەوەکەشی تاریک کرد و چێشتەنگاویشی لێ دەرخست.
(٣٠) لەپاش ئەوە ئەم هەردەی بە تلدانەوە پان کردووە.
(٣١) ئاوی لێ هێنایە دەر و جێ لەوەڕی لێ پەیدا کرد.
(٣٢) کێواتیشی بەپتەوی لێ دامەزراند.
(٣٣) بۆ کام وڕەوا لێ بوونی خۆتان و بۆ ئاژەڵیشتان.
(٣٤) هەر کاتێکیش بەڵا هەرە گەورەکە هات،
(٣٥) لەو ڕۆژەدا مرۆ وە بیری دێتەوە چیی کردووە.
(٣٦) جەهەندەمیش بۆ هەر کەسێکی دەبینێ، دێتە بەرچاو.
(٣٧) جا هەر کەسێ کە سەربزێوی کردووە و،
(٣٨) ژینی دنیای بژاردووە،
(٣٩) دیارە جەهەندەم جێیەتی.
(٤٠) بەڵام کەسێ لە گەورەییی پەروەرندەی خۆی ترساوە و لە ئارەزووی دڵی خۆی وازی هێناوە،
(٤١) دیارە بەهەشت ئەنوای ئەوە.
(٤٢) لێت دەپرسن: ڕۆژی سەڵا کەی و لە کوێ دادەمەزرێ؟
(٤٣) تۆ چۆن لەم بارەوە دەدوێی؟
(٤٤) هەر پەروەرندەی تۆ کاتەکەی دەزانێ.
(٤٥) تۆ هەر تەنیا ترسێنەری بۆ کەسێ کە لێی دەترسێ.
(٤٦) ئەوێ ڕۆژێ کە دەیبینن، وا تێدەگەن بەدەر لە ئێوارەی ڕۆژێک یان چێشتانێ نەماونەوە.

عەبەسە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) گرژ بوو، ڕووشی وەرگێڕا!
(٢) کە بێ چاوەکە هاتە لای.
(٣) تۆ چوزانی! بەشکە ویستی پاییێتەوە.
(٤) یا پەند بگرێ و ئەو پەندە بەهرەی پێ بدا.
(٥) کە چی ئەوی خۆی بێ نیاز دەزانێ،
(٦) هەر بەوەوە خجڵ دەبێ.
(٧) ئەگەر پاکیش نەبێتەوە، گوناهێ لەسەر تۆ نییە.
(٨) بەڵام کەسێ بەهەڵەداوان دێتە لات،
(٩) هەر ئەویشە ترسی هەیە.

(١٠) تۆ خۆتی لێ دەخافڵێنی.
(١١) قەت وا مەکە! چون ئەم نیشانانە پەندن.
(١٢) کێ حەز بکا ئامۆژگاری لێ وەردەگرێ.
(١٣) لە ناوەندی لاپەڕەکانی هێژادا،
(١٤) بە پاکژی هەڵگیراون.
(١٥) بە دەستی ڕاسپاردەگەلی،
(١٦) هەڵبژاردەی بەئەمەگ [نووسراوەتەوە].
(١٧) دەک ئەو مرۆیە بەکوش چێ، کە هیچی دەچاواندا نییە.
(١٨) لە چی دروستی کردووە؟
(١٩) لە دڵۆپێک وەدی هێنا و ئەندازەشی بۆ داناوە.
(٢٠) پاشان ڕێگەشی بۆ خۆش کرد.
(٢١) جا مراندی و لە گۆڕی نا.
(٢٢) دوا جار هەر گا مەیلی لێ بێ، دیسان زیندووی دەکاتەوە.
(٢٣) بەڵام نەخێر! بە چی فەرمانی پێ داوە، هێشتا بەجێی نەهێناوە.
(٢٤) دەی با مرۆ بڕوانێتە خۆراکی خۆی.
(٢٥) ئێمە خۆمان ئاوەکەمان بۆ ڕژتووە، بە ڕژاندن.
(٢٦) پاشان ئەم هەردەشمان قەڵاشت، بە قەڵاشتن.
(٢٧) ئەوسا دانەشمان لێ ڕواند.
(٢٨) ڕەز و سەوزاییش هەروەتر.
(٢٩) بنە زەیتوون و دار خورماش.
(٣٠) باغستانی چڕ و پریش.
(٣١) میوە و لەوەڕی چایەریش.
(٣٢) بۆ بژیوی خۆتان و ماڵاتەکەتان.
(٣٣) هەرگاش گوڕژنی بەقەوهات.
(٣٤) ئەوێ ڕۆژێ برا لە برای ڕا دەکا.
(٣٥) لە دایکیشی و لە باویشی.
(٣٦) لە هاوسەری و لە جگەرگۆشەکانیشی.
(٣٧) لەو ڕۆژەدا هەر کەسێ کاری خۆی هەیە و ناپەرژێتە سەر کەسی تر.
(٣٨) دیمی وا هەن - لەوڕۆژەدا - سوور و سپی دیاری دەدەن.
(٣٩) دەم بە پێکەنین و شادن.
(٤٠) هێندێ ڕوش هەن - ئەوێ ڕۆژێ - تۆزی مەینەتیان لێ بارن.
(٤١) قورم و سیان دای پۆشیون.
(٤٢) ئەوانەن خوانەناسانی لە دین لادەر.

تەکویر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) وەختێ کە خۆر تۆپەڵ کرا [و ڕەش هەڵگەڕا]،
(٢) وێجا هەمووهەسارەکان پەژمەران و وەرێندەران،

(٣) کەژانیش لە شوێنی خۆیان خزێندران،
(٤) لەو کاتەشا وشترانی لەسەر زانێ بێ خۆ کران،
(٥) هەرگاش لاور و جانەوەر لە ئاقارێکا کۆ کران،
(٦) هەلێ هەموو دەریاکانیش هەڵچون و تێکەڵ بە یەک بوون،
(٧) کاتێ هەموو گیانەکانیش ولفی یەک بوون،
(٨) لە دۆتی زیندە بە گۆریش پرسیار کرا:
(٩) بە کیژان گوناه گوژاوە؟
(١٠) هەرگاش نامەی کردەوەکان کرانەوە،
(١١) کە ئاسمانیش وەلا برا،
(١٢) هەر دەمێکیش کڵی دۆژەهێ نێڵ درا،
(١٣) بەهەشتیش وە نزیک خرا،
(١٤) هەموو کەسێ دەزانێ کە چی لەگەڵ خۆیا هێناوە.
(١٥) سا سوێند ئەخۆم بەو هەسارە گەڕۆکانەی،
(١٦) خول دەخۆن و دەگەڕێنەوە ناو لانە؛
(١٧) بەم شەوە کە تاریک دادێ،
(١٨) بە سپێدە، کاتێ کە هەناسەی پێدا دێ،
(١٩) ئەم قورعانە - بێ گومانە - قسەی ڕاسپێراوێکی زۆر مەزنە.
(٢٠) زۆر بەهێزە، لای خودێ تەخت، جێدارە.
(٢١) قسەی دەڕوا، لەوێ جێگەی متمانەیە.
(٢٢) هاوڕێکەشتان لێوە نییە.
(٢٣) بێ سۆیە کە لە ئاسۆیە بە ڕۆشنی دیتوویەتی.
(٢٤) لە درکاندنی نهێنیش چکووس نییە.
(٢٥) ئەوی ئێژێ، هیچی قسەی شەیتانی دەرکراو نییە.
(٢٦) سا ئێوە بەرەو کوێ دەچن؟
(٢٧) ئەم قورئانە هەرپەندە بۆ خەڵکی دنیا.
(٢٨) بۆ هەرکامتان کە بیەوێ شوێنی ڕێگەی سەرراس کەوێ.
(٢٩) بەویستنی خۆشتان نییە، مەگین خودای پەروەرندەی گش جیهانێ، خۆی حەز بکا.

ئینفیتار

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرگا کە عەزمان قەڵەشا،
(٢) کاتێکیش ئەستێران وەرین،
(٣) هەر دەمێکیش زەریا تەقین و لێک دران،
(٤) هەر ساتێکیش گۆرستان ژێر و ڕوو کران،
(٥) هەموو کەسێ پێدەزانێ چەی پێش خست و چەی بەجێ هێشت.
(٦) ئەی بنیادەم! چی تۆی لەحاند پەروەرندەی بەخشندەت بادی هەوا کرد؟
(٧) ئەوەی کە دروستی کردی و ئەندامەکانی وێختی و ڕێکی کردی.

(٨) بە هەر شکڵێکیش خۆی ویستی، دەری خستی.
(٩) هەرگیز ئەمەو نایەتە بیر؛ بەڵکوو ئێوە پرسینەوەو لا دەرەوە.
(١٠) [وەل ئەوەشا] چەند پاسگرتان بەسەرەوە.
(١١) خاوەن ڕێزن، نقیسارن؛
(١٢) لە هەر کارێ ئێوە دەیکەن، ئاگەدارن.
(١٣) بێ گومان ئاکارچاکەکان لە خۆشیدان.
(١٤) بەدکارانیش جەهەندەمین.
(١٥) ڕۆژی ژمار دێنە ناوی.
(١٦) ناشتانن خۆی لێ ببوێرن.
(١٧) کو زانیوتە ئەو ڕۆژی ژمار چییە؟
(١٨) هەمیسان تۆ کوت زانیوە ڕۆژی ژمار چتۆیە؟
(١٩) ڕۆژێکە کەس بۆ کەسی تر هیچ شتێکی لەدەست نایە و ئەوێ ڕۆژێ فەرمان هەر فەرمانی خوایە.

موتەففیفین

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هاوارە لە کەم فرۆشان.
(٢) ئەو کەسانەی بە پێوانە شتێ لە مەردم دەسێنن، ئەشێ هەموویان پێ بدەن.
(٣) ئەگەر خۆشیان بۆیان پێوان، یان بە کێشانەیان پێدان، لێی کەم دەکەن.
(٤) ئاخۆ ئەوانە نازانن کە هەر زیندوو دەکرێنەوە؟
(٥) بۆ ڕۆژێکی گەورە و گران؟
(٦) ئەو ڕۆژەی کە هەموو مەردم بۆ دیداری پەروەرندەی هەموو دنیا ڕادەوەستن.
(٧) نەخێر، باوەڕ بەمە ناکەن؛ با بزانن کە سیایی ئەم بێ فەڕانە وا لە «سِجّین».
(٨) کوو زانیوتە «سِجّین» چییە؟
(٩) کتێبێ نیشانەدارە.
(١٠) لەو ڕۆژەدا لە بێ باوەڕان هاورە.
(١١) ئەو کەسانەی ڕۆژی لێپرسینەوەیان پێ درۆیە.
(١٢) هەر ملهوری تاوانباریش ئەوەی بە لاوە درۆیە.
(١٣) هەرگا نیشانانی ئێمەی بۆ وەخوێنن، ئێژێ: ئەمە چیرۆکی پێشینەکانە.
(١٤) کە واش نییە؛ بەڵکوو ئەوان ژەنگی کارەکانی خۆیان بۆتە توێژێکی سەر دڵیان.
(١٥) هیچ وا نییە! دیارە ئەوان لەو ڕۆژەدا لە [بەزەیی] پەروەرێنیان، فرە دوورن.
(١٦) لە ئاکاما ئەوان – بێ سۆ – دەچنە دۆژەهـ.
(١٧) پێیان ئێژن: ئەمە هەوە کە ئێوە پێتان درۆ بوو.
(١٨) با بشزانن سیایی ئاکارچاکەکان لە «علّیّین» دا [نووسراوە].
(١٩) کوو دەزانی، «علّیّین» چەس؟
(٢٠) کتێبێ نیشانەدارە.

(٢١) هەر کێ نزیک بە خودا بێ، دەیبینێ [و لێی ئاگادارە].
(٢٢) بە ڕاستی ئاکارچاکەکان لە خۆشیدان.
(٢٣) وەبان تەختەکانیانەوە چاو دەگێڕن.
(٢٤) لە چارەیان تەڕو بەلی خۆشگوزەرانی دەزانی.
(٢٥) بادەیەکی سەربەمۆریان بۆ ڤەخارنێ دەدەنێ.
(٢٦) مۆرەکەی سەری لە میشکە؛ با ئەوی حەزی لێ دەکەن، بۆ شتێ وا پێکەوە کێبەرکێ بکەن.
(٢٧) ئاوێتەشی لە تەسنیمە.
(٢٨) چەمەیەکە، ئەوی نزیک خراونەوە، لەو سەرچاوە دەخۆنەوە.
(٢٩) تاوانکاران – لەسەر دنیا – بە دینداران پێدەکەنین.
(٣٠) هەرگا بە لایاندا دەچوون، چاویان لە یەکتر دادەگرت.
(٣١) هەرکاتێکیش دەچوونەوە لای کەسانیان، بە حەنەک دەیانگێڕاوە.
(٣٢) کە چاویشیان پێ دەکەوتن، دەیانگوت: ئەمانە گومڕان.
(٣٣) هیچ کامیش ڕانەسپێرابوون کە دەبێ ئاگاداریان بن.
(٣٤) وا ئەمڕۆش خوداناسەکان بە بێ دینەکان ئەخەنن.
(٣٥) لەبانی تەختەکانەوە چاو دەگێڕن.
(٣٦) ئاخۆ خودانەناسەکان پاداشی کردەوەی خۆیان وەرگرتووە؟

ئینشیقاق

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرگا عەزمان تەرەکی برد،
(٢) فەرمانی ڕاهێنەریشی بەجێ هێنا و دەبێ واش بێ.
(٣) هەرگا زەمینیش ڕاخرا،
(٤) هەرچی تێیدا بوو فڕێی دا و هیچ شتی دەناودا نەما،
(٥) فەرمانی پەروەرێنی خۆی بەجێ هێناو دەبێ واش بێ.
(٦) ئەی مرۆ! ڕەنجی زۆر دەدەی بگەی بە پەروەرێنی خۆت؛ سا تووشی دێی.
(٧) ئەوسا هەر کەس نووسراوەکەی لە لای ڕاستیەوە پێ بدرێ،
(٨) لەوە بەو لا پرسیارێکی کەم و هاسانی لێ دەکرێ.
(٩) بە دڵخۆشیش دەچتەوە لای کەس و کاری.
(١٠) بەڵام ئەوی نووسراوەکەی لە ئالی پشتیەوە بووبێ،
(١١) ئەو دواجار هاواری مەرگی خۆی دەکا.
(١٢) دەشچێتە ناو ئاگرێکی بەکڵپەوە.
(١٣) ئەو لە ناو ماڵ و منداڵیا زۆر بەکەیف بوو.
(١٤) ئەو پێی وا بوو کە هەرگیز ناگەڕێتەوە.
(١٥) ئارێ پەروەرێنی ئاگای لە حاڵی بوو.
(١٦) سا سوێندەکە بە سوورایی دەوری ئاسۆ،
(١٧) بەم شەوگارە و بە هەر شتێ دای دەپۆشێ،
(١٨) بەو مانگە وەختێ پڕ دەبێ،

(١٩) ئێوە بێ شک لە بارێکەوە تووشی بارێ تر دەبن.
(٢٠) چیانە ئەمانە باوەڕێ هەر ناهێنن؟
(٢١) هەر دەمێکیش قورئانیان لەلا دەخوێنن، سوژدە نابەن؟
(٢٢) نەخێر! خودانەناسەکان هەر بە درۆشی دەزانن.
(٢٣) خواش لەوی لە دڵیاندایە [لە گش کەس] ئاگادارترە.
(٢٤) تۆش مزگێنی بەمان بدە، تووشی ئازاری بەژان دێن؛
(٢٥) مەگین ئەوی بەباوەڕ و ئاکارچاک بن، کە پاداشیان دوایی نایە.

بوروج

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بەو عاسمانە بەکەلوانە،
(٢) بە ڕۆژە دیاری کراوەکەش،
(٣) بە بینەر و بەوەش کە دێتە بەرچاوان،
(٤) قڕان کەوتە نێوانی خەندەک لێدەران.
(٥) هەر نێڵەی بوو گڕی بەرزی ئاگربەران.
(٦) خودی خۆشیان بەسەریەوە ڕۆنیشتبوون.
(٧) چاوەدێری ئەو کارەش بوون کە دەربارەی باوەڕدارەکانیان دەکرد.
(٨) تەنیا بۆیەش لەوانەش بە ڕکدا چووبوون، هەر چونکە خوای هەرە خاوەن دەستەڵاتی شایانی تاریف کردنیان پەرستبوو.
(٩) ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمینی لەبەردەستە و لە هەموو شت بەئاگایە.
(١٠) بۆ ئەوانەی پیاوەکانی باوەڕدار و ژنەکانی باوەڕداریان خستبووە ناو ئاگرەوە و لە دواییشدا پەژیوان نەبوونەوە، بێ لە ئازاری جەهەندەم، تۆڵی شەواتەکەش هەیە.
(١١) بۆ ئەوانەش کە دیندار و ئاکارچاک بون، باغاتێ هەس جۆباریان بە بەردا دەڕوا. ئەمەیە دەسکەوتی مەزن.
(١٢) بێ گومان هەڵمەت بردنی پەروەرندەت زۆر حەستەمە.
(١٣) ئەو هەر خۆی وەدی دەهێنێ و دووبارەشی دەکاتەوە.
(١٤) هەر ئەویشە عافو دەکا و بە ڤیانە.
(١٥) خودانی تەختی بە قەدرە.
(١٦) زۆر بەکارە بۆ هەر شتێ گەرەکی بێ.
(١٧) ئاخۆ ئەتۆ هەواڵ و باسی شەڕکەرەکانت پێگەییشت؟
(١٨) لەشکرەکانی فیرعەون و هۆزی سەموود؟
(١٩) دیارە ئەوانی بێ دینن لەمانە هەر حاشا دەکەن.
(٢٠) خواش لە لای پشتەوەیانڕا دەوری داون.
(٢١) ئاشکرایە ئەم قورئانە زۆر بەڕێزە.
(٢٢) لە تەتەڵەی هەرە بەرزی پاراستوو [ڕوونووس کراوە].

تاریق

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بەو عەزمانە و بەوەی کە شەو خۆ ڕادەنێ،
(٢) کوو دەزانی ئەو شەوگەردە کامەیانە؟
(٣) ئەستێرەکەی هەرە گەشە.
(٤) هەر کەسێ گیانی دەبەردا، پاسەوانی هەر لەسەرە.
(٥) با مرۆ لە خۆ ڕامێنێ کە لە چی وەدی هاتووە.
(٦) لە تراوێ فڕکە دەکا.
(٧) لە نێوان پشت و بەرملان دێتە دەرێ.
(٨) خوا دەتوانێ جارێ تر بیهێنێتەوە.
(٩) لەو ڕۆژەدا کە نهێنی خۆیا دەبن.
(١٠) ئەو نە هیچ هێزێکی هەیە، نە یاریکار.
(١١) بەو حەوایەی ئاو هەڵدەگرێ و دەیداتەوە،
(١٢) بەو زەمینەش کە زۆر درز و کەلێنی هەن،
(١٣) ئەم قورعانە هەموو کێشە دەبڕێتەوە.
(١٤) هیچ قسەی لاقردیش نییە.
(١٥) ئەو خەریکن فێڵێک دەکەن.
(١٦) وا منیش فێڵی خۆم دەکەم.
(١٧) سا تۆ ماوەی ئەم دین دوژمنانە بدە، کەمێکیان لێ ڕابوەستە.

ئەعلا

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) پەسنی ناوی پەروەرندەی هەرە پایەبەرزت بدە.
(٢) ئەوە دنیای دامەزراند و لەباری کرد.
(٣) بۆ هەر شت ئەندازەی دانا و ڕێی نیشان دا.
(٤) ئەوە چایەری خستە ڕوو.
(٥) کردیە شینی ئاماڵ ڕەش و پووش و پاریش.
(٦) ئێمە ئەوەت پێ دەخوێنین، ئیتر تۆ لە بیرت ناچێ.
(٧) مەگین شتێ خوا حەز بکا؛ ئەو لە ئاشکرا و نهێنی ئاگادارە.
(٨) لە بەریشت هاسان دەکەین، هەتا هاسانترین ڕێگە پەیدا بکەی.
(٩) ئامۆژگاری بکە، ئەگەر ئامۆژگاری بەهرە بدا.
(١٠) کەسێ لە خوا ترسی هەبێ، هەر زوو پەندی لێ وەردەگرێ.
(١١) بەدفەڕەکەش هەر خۆی لێ دوور دەخاتەوە.
(١٢) ئەو کەسەی کە دەچێتە ناو ئاری گەورە.
(١٣) پاشان لەوێدا نە دەمرێ، نە زیندیشە.
(١٤) دیاریشە هەر کێ پاک ژیا، ڕزگار بووە.

(١٥) یادی نێوی پەروەرندەی کرد و نوێژی بەجێ هێنا.
(١٦) بەڵام ئێوە ژینی دنیا هەڵدەبژێرن.
(١٧) کە چی لەو لا، باشتر و بەپێزتز هەیە.
(١٨) دیارە ئەمە لە نووسراوە پێشینەکانیشدا هەیە.
(١٩) نووسراوەیێ کە دراون بە ئیبراهیم و بە مووسا.

غاشیە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئاخۆ باسی بەڵای گەورەت بۆ هاتووە، کە هەموو شت دادەپۆشێ؟
(٢) ئەوێ ڕۆژێ گەلێ ڕوخسار بزرکاون.
(٣) لە کار کردندا چەوساون.
(٤) گرفتاری ئاورێکی سوتێنەر دەبن.
(٥) ڤەخارنیان لەسەرچاوەی هەرە گەرمەوە بۆ دێنن.
(٦) هەرگیز بژیویان نادەنێ، مەگین لە دڕکەشیلانێ.
(٧) قەڵەو ناکاو لە نێزیش بێ نیاز ناکا.
(٨) ڕوخساریش هەن خۆش و گەشن.
(٩) ڕازین لە کردەوەی خۆیان؛
(١٠) لە بەهەشتی بەرز و تەرزا.
(١١) کە لەوێدا قسەی پڕ و پوچ نابیسن.
(١٢) چەمەی ڕوون و ڕەوانی فرەی تێدایە.
(١٣) تەختی تێدا داندراون.
(١٤) زەرکیشیان لەلا داناون.
(١٥) باڵگەی نەرمیش ڕیز کراون.
(١٦) زۆریش ڕایەخ ڕاخراون.
(١٧) ئەمانە چۆن ڕانەماون، کە وشتر چلۆن چێ بووە؟
(١٨) لەو عەزمانەش کە چۆن وا بڵیند کراوە؟
(١٩) لەو کەژانەش کە چۆن وەها دامەزراوە؟
(٢٠) لەو زەمینەش کە چۆن وا هەراو ڕاخراوە؟
(٢١) سا تۆ ئامۆژگاری بکە، ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری.
(٢٢) تۆ لەسەریان نەبوویە خاوەن دەستەڵات.
(٢٣) مەر ئەو کەسەی ڕوو وەرگێرێ و نەیەوێ خودا بناسێ.
(٢٤) ئەوسا خودا بە جەزرەبەیێ گەورەتر سزای ئەدا.
(٢٥) بێ گومانە کە هەموویان هەر بۆ لای ئێمە دێنەوە.
(٢٦) لە دواییدا خۆمان بە کاریان ڕادەگەین.

فەجر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سۆندەکە بە بەری بەیان،
(٢) لە شەوانیشدا بە دەیان،
(٣) بە جووت، بە تاک،
(٤) بەو شەوگارە کەڕادەبرێ،
(٥) ئاخۆ سوێندی وەها خواردن، بۆ خاوەن ئاوەز بەس نییە؟
(٦) خۆ دیتت کە پەروەرندەت چی کرد بەرانبەر هۆزی عاد؛
(٧) بەرەی ئیرەم خێوی خانووی ئەستووونداری [تەرز و گوشاد]؛
(٨) ئەو ماڵانەی وێنەیان لە شارانیشدا چێ نەکرابوو.
(٩) هۆزی سەموودیش، ئەوانەی لە ناو دۆڵ و گەڵیەکاندا بەردیان تاشی.
(١٠) فیرعەونیش، خێوی کۆشکانی گەورە و بڵند؛
(١١) ئەوانەی لە وڵاتاندا یاخی ببوون.
(١٢) خراپ هەبوو، ئەوان زێدەتریشیان کرد.
(١٣) ئەوسا کە پەروەرندەی تۆ وەبەر قەمچی ئازاری دان.
(١٤) بێ سۆ کە پەروەرندەی تۆ، هەموو ئەوانە دەبینێ.
(١٥) بەڵام مرۆ هەر کاتێکی پەروەرندەی دەیخاتە بەر ئەزموونەوە و ڕێزی لێ دەگرێ و بەهرەی پێ دەگەیەنێ، ئێژێ: [ئەوا] پەروەرندەم قەدری گرتم.
(١٦) ئەگەریش –هەر بۆ ئەزموونێ– پەروەرندەی بژیوی لێ کەم کردەوە، ئەوسا ئێژێ: پەروەرندەم سووکایەتی بەسەر هێنام.
(١٧) نەخێر، بەڵکوو ئێوە ڕێز لە هەتیو نانێن.
(١٨) بۆ نان بە هەژار بەخشینیش، ئێوە هانەی یەکتر نادەن.
(١٩) میراتیش بە هەڵپە دەخۆن.
(٢٠) خۆشەویستنی ماڵیشتان لە ئەندازە دەرکەوتووە.
(٢١) نابێ وابێ! هەرگا زەمین زۆر بە سەختی تێک شکێنرێ و،
(٢٢) فەرمانی پەروەرندەت بێ و فریشتەکانیش پۆل بە پۆل ڕیز ببەستن،
(٢٣) دۆژەهیش بێننە پێشەوە، ئەوێ ڕۆژێ مرۆ خۆی وەبیدێتەوە؛ بەڵام ئەم وەبیر هاتنەوە، کوا بەهرەی پێ دەگەیێنێ؟
(٢٤) ئێژێ: خۆزی بۆ ژیانم چاکەم وەپێش خۆم خستبا.
(٢٥) سا ئەو ڕۆژە کەس وەک ئەو جەزرەبە نادەن.
(٢٦) کەسیش وەک ئەو بە زنجیر شەتەک نادرێ.
(٢٧) تۆش ئەی گیانی لەخەم ڕەخسیو!
(٢٨) بە دڵخۆشی بچۆوە لای پەروەرندەت؛ چون ئەوت لە خۆ ڕازی کرد.
(٢٩) سا تۆش ڕەگەڵ عەبدەکانی من بکەوە.
(٣٠) [وێرای ئەوان] بچوە بەهەشتی منەوە.

بەلەد

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سۆندێ دەخۆم بەم باژێرە،
(٢) تۆش نیشتەجێی ئەم باژێرەی؛
(٣) بە باب و نەتەوەکەشی،
(٤) ئێمە جسناتی مرۆمان دەگەڵ خەمان وەدی هێنا.
(٥) ئاخۆ ئێستا وا بیر دەبا هەرگیز کەس دەرۆستی نایە؟
(٦) ئێژێ: سامانێکی زۆرم لەدەس داوە.
(٧) ئاخۆ ولۆ خەیاڵ دەکا کە هیچ کەس ئەوی نەدیوە؟
(٨) ئەدی ئێمە دوو دیدەمان پێ نەداوە؟
(٩) زمانێکیش و جووتێ لێو؟
(١٠) ڕێگەی هات و نەهاتیشمان نیشان نەدا؟
(١١) وەلێکان ئەو خۆی لە ڕێگەی هەڵەت نەدا؟
(١٢) کوو دەزانی مەبەس لە ڕێی هەڵەت چییە؟
(١٣) ئازادکردنی کۆیلەیە.
(١٤) یا نان دانە، لە ڕۆژی قاتی و قڕیدا.
(١٥) بە هەتیوێکی بێ کەسی نزیکی خۆی.
(١٦) یان هەژارێکی خاکەسەر.
(١٧) دیسان ئەبێ لەوانەش بێ کە بوونە خاوەن باوەڕ و بۆ خۆگری و دلۆڤانی، یەکتریان ڕاسپاردووە.
(١٨) ئەوانە بەختەوەرانن.
(١٩) کەسانێکیش کە بە نیشانانی ئێمە بێ پروا بوون، ئەوانە بەدبەختەکانن.
(٢٠) چارەنووسیان ئاگرێ بێ دەرەتانە.

شەمس

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سوێند بە خۆر و بە تیشکی،
(٢) بەم هەیڤەش کە بەدوویدا دێ،
(٣) سۆند بەو ڕۆژەش کە تیف تیفەی هەتاو دەدا،
(٤) بەو شەوەش کە دای دەپۆشێ،
(٥) بەو عاسمانە و بەوەی ئەوی وەدی هێنا،
(٦) بەو زەمینە و بەوەش کە وا پانی ڕاخست،
(٧) بە گیانی مرۆ سوێندەکەو بەوەش کە ڕێکی خستوە،
(٨) ئەوسا هەموو تاوانباری و پارێزگاری دە ویژدانی گەیاندووە.
(٩) دیارە هەر کێ گیانی خاوێن ڕاگرتووە، ڕزگار بووە.
(١٠) هەر کەسێکیش دە گوناهیەوە پێچاوە، دۆڕاندوویە.

(١١) هۆزی سەموود چون لە ڕادە لایان دابوو، باوەڕیان بە خودا نەبوو.
(١٢) کە لە هەمووان چارە ڕەشتر ڕاستەوە بوو.
(١٣) ئەوسا پێغەمبەری خودا پێیانی وت: لە حوشتر خوا و لە ئاودانی ئاگادار بن.
(١٤) جا باوەڕیان پێ نەکرد و پەیان کرد. ئەوسا کە پەروەرندەیان، لە سۆنگەی گوناهەکەیان، بەڵایەکی ناردە سەریان، هەمووی ڕێکی زەوی کردن.
(١٥) لە ئاکامی ئەم کارەشی ترسی نییە.

لەیل

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سۆند بەو شەوە کاتێ هەر شت دادەپۆشێ،
(٢) بەو ڕۆژەش کەم [لەسەر دنێ] خۆ ڕادەنێ،
(٣) بەوەش کەم کە نێر و مێوی وەدی هێنا،
(٤) خەباتێ وە جۆراوجۆرە.
(٥) کێ لە ئێوە دەبەخشێ و لە خودا ترسا،
(٦) بە پاداشی هەرە باشیش بڕوای هەیە،
(٧) بەرەو جێگەی سانەوە ڕێی هاسان دەکەین.
(٨) بەڵام ئەوی ڕژدی کرد و وتی: کارم بە کەس نییە،
(٩) پاداشی هەرە باشیشی پێ درۆ بوو،
(١٠) ڕێگە هەرە دژوارەکەی دەخەینە بەر.
(١١) ئەگەر مردیش ماڵەکەی سوودی پێ نادا.
(١٢) ڕێ نیشان دان لەسەر ئێمەس.
(١٣) دنیا و سەڵاش هی ئێمەیە.
(١٤) لە ئاگری بڵێسەدار ئێوەم ترساند.
(١٥) کێ لە هەمووان بێ فەڕترە، تێی دەکەوێ.
(١٦) ئەوی کە بڕوای نەکرد و ڕووی وەرگێڕا.
(١٧) هەرکێش پارێزگارترینە، لێی دوور دەبێ.
(١٨) ئەوی ماڵی خۆی دەبەخشێ، هەتا وەکوو پاک بێتەوە.
(١٩) بۆیەشی بە کەس نەبەخشی کە پاداشی بدرێتەوە.
(٢٠) هەر ویستوویە ڕەزامەندی پەروەرندەی هەرە بەرزی بەدەس بێنێ.
(٢١) بەم زووانەش ڕازی دەبێ.

زوحا

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سۆندێ دەخۆم بە چێشتەنگاو،
(٢) بە جەنگەی هەدا دانی شەو،

(٣) پەروەرندەت نە وازی لە تۆ هێناوە، نە لێت قەڵسە.
(٤) دیارە دواڕۆژ بۆ تۆ لە دنیا چاترە.
(٥) بەم زووانەش پەروەرندەت چاکەی وەهات دەگەڵ دەکا، ڕازی دەبی.
(٦) چما نە سێویەک بووی، ئەو پەنای پێدای؟
(٧) دی گومڕایو ڕێی نیشان دای؟
(٨) دی هەژاریو لە ئاتاجی دەری خستی؟
(٩) سا تۆش هەتیو مەڕەنجێنە؛
(١٠) دەرۆزەکەر مەتارێنە؛
(١١) تۆ هەر باسی چاکەی پەروەرندەت بکە.

ئینشیراح

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەدی ئێمە تۆمان سینە فڕەه نەکرد؟
(٢) قورساییشمان لەسەر شانانت لا نەبرد؟
(٣) ئەوەی پشتی چەماندبووی؟
(٤) ناوبانگیشتمان بەرزەوە کرد.
(٥) لەپاش تەنگانە فەرحانین؛
(٦) ئارێ، لە پاش تەنگانە فەرحانی هەیە.
(٧) هەرگا لە کارت قوتار بووی، ڕاستەوە بە [بۆ کارێک تر].
(٨) ئەوسا لەبەر پەروەرێنت بلاڵێوە.

تین

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سۆند بە هەژیر، بە زەیتوونیش،
(٢) سۆندیش بە تووری سینایە،
(٣) بەم باژێرەش کە مەترسی وەبەر نایە،
(٤) ئێمە مرۆن لە ڕێکترین شێوەدا وەدی هێناوە.
(٥) پاشان گێراومانەتەوە بۆ پلەی هەرە بەرەژێر؛
(٦) مەر ئەوانەی باوەڕدار و ئاکارچاک بون، کە پاداشیان دوایی نایە.
(٧) [سا ئەی مرۆ!] چی تۆی دەسخەرۆ کردووە کە ژینەوەت پێ درۆیە؟
(٨) ئاخۆ خودا لە هەموو فەرمانڕەوایان باشتر بە کاران ڕاناگا؟

عەلەق

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) وا بەناو پەروەرندەت! کە زیندەوەر کاری ئەوە.
(٢) جسنی مرۆی لە جلْتەیێ وەدی هێنا.
(٣) بخۆنە کە خودانی تۆ لە هەر کەس دەهندەترە.
(٤) ئەو خودایەی بە هۆی بنووسی ڕاهێنا.
(٥) مرۆی لە شتیێ ڕاهێنا کە زووتر پێی نەزانیبوو.
(٦) نەخێر، دیارە مرۆ سەربزێوی دەکا؛
(٧) کاتیێ دیتی لە خەڵکی دی بیێ نیازە.
(٨) دیارە بۆ لای پەروەرێنتە گەڕانەوە.
(٩) ئاخۆ ئەو [زەلامەت] بینی بەری دەگرت،
(١٠) لە بەدەییێ کە خەریک بوو نوێژی دەکرد؟
(١١) کوو ئەبینی ئەگەر لەسەر ڕاستەڕیێ با،
(١٢) یان فەرمانی بە لەخوداترسی دابا؟
(١٣) هیچ بیرت لیێ کردۆتەوە، ئەگەر باوەڕی نەهێنا و ڕوی وەرگێرا، [خۆی تیا دەبا]؟
(١٤) مەگەر ئەو نەیدەزانی کە خودا دەبینیێ؟
(١٥) نا، ئەر هەر وازی نەهێنا، لە پێشەسەری دەنەوین؛
(١٦) پێشەسەری درۆکەری خەتاکاری.
(١٧) دەبا ئەوسا هاوار بۆ یانەکەی بەریێ.
(١٨) ئێمەش گزیری دۆژەهی لیێ دەنگ دەدەین.
(١٩) هەرگیز پەیڕەوی لەو مەکە و سوژدە بەرەو نزیک بەوە.

قەدر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئێمەین کە ئەم قورعانەمان لە شەوی هەرە بەڕێزدا ناردۆتە خوار.
(٢) کوو دەزانی ئەو شەوە بەڕێزە کامە؟
(٣) شەوێکە هێندە بەقەدرە، هەزار مانگ بارتەقای ناکا.
(٤) لەو شەوەدا فرشتەکان و جوبڕائیل – بە ئیزنی پەروەرندەیان – داداەوەزن و هەموو کار جێبەجیێ دەکەن.
(٥) هەر خۆشی و هێمنایەتیە هەتا بوولێڵەی بەیانی.

بەیینە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەوان ئەهلی کتێبانەی لە دین دەرچوون، وەل ئەوانەی بت پەرست بوون، نەدەترازن تا بەڵگەیێ ڕوونیان بۆ دێ.
(٢) پێغەمبەرێک لە خوداوە چەند ڕووپەڕێکی پاکژیان بۆ وەخوێنێ.
(٣) گەلێک نووسراوی بەنرخیان تیا هەیە.
(٤) ئەوەنەی ئەهلی کتێبن، لەبەر یەک هەڵنەوەشابوون؛ مەگین وەختێ ئەم بەڵگە ڕوونەیان بۆ هات.
(٥) فەرمانیشیان هەر ئەوەندە پێ درابوو کە ئەبێ خواپەرست بن و لە دین ئەودا دڵپاک بن و بەرەو هەقانەت پڕۆن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن؛ کە ئەمە دینی دروستە.
(٦) ئەو کەسانەی کە وا ئەهلی کتێب بوون و لە دین دەرچوون، دەگەڵ بت پەرستەکاندا تاهەتایە، لە ئاگری جەهەندەم دان. ئەمان خراپترین کەسن.
(٧) ئەو کەسانەش کە بوونە خاوەن باوەڕ و ئاکارچاکن، باشترین کەس هەر ئەوانن.
(٨) لە پەروەرندەیانەوە پاداشیان بەهەشتی عەدنە؛ جۆباری بەبەردا دەڕوا و هەمیشە هەر لەوێ دەبن. خودا لەوان ڕازی بووە و ئەوانیش لە خودا ڕازین. کێ لە خودای خۆی ترساوە، ئەمەی دەبێ.

زیلزال

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرگا زەمین بە بوومەلەرزە توندەکەی هاتە لەرزین،
(٢) ئەم زەمینەش گرانباری خۆی وەدەرخست،
(٣) مرۆش پرسی: چی قەوماوە، بۆ وا دەکا؟
(٤) ئەوێ ڕۆژێ بەسەرهاتەکەی باس دەکا.
(٥) کە فەرمانی پەروەرێنی بەجێ دێنێ.
(٦) لەو ڕۆژەدا مەردم بە پەڕژ و بڵاوی دێنە دەرێ تا هەر کەسە کاری خۆیان نیشان بدەن.
(٧) سا هەر کەسێ بە سەنگایی مێروولەی هەرە وردیلە، چاکەی هەبووبێ، دەیبینێ.
(٨) هەر کەسێکیش بە قورسایی مێروولەی هەرە وردیلە، خراپەی بووبێ، دەیبینێ.

عادیات

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بەو چارەوای بەلینگدانێ دەنرکێنن،
(٢) بەوانەش کە ژێری پایان ئاورینگ دێنن،
(٣) سۆند بەوانەش بەری بەیان هێرش دەبەن،
(٤) جا لەوێ تۆز هەڵدەستێنن،
(٥) دەشگەنە ناو ئاپۆرەوە،
(٦) ڕاستی مرۆ، لە ڕاستی پەروەرندەی خۆی پێ نەزانە؛
(٧) خۆشی باش ئەمە دەزانێ.
(٨) لە ئەوینی ماڵی دنیا گەلێ ڕژدە.
(٩) ئاخۆ ئەوەندە نازانێ، کەی هەرکێ لە گۆڕستان دەرخران و بڵاو کران،
(١٠) هەرچی لە ناو دڵانیشدایە زاندران،
(١١) ئەوێ ڕۆژێ پەروەرندەی لە نووک و بەد ئاگادارە؟

قاریعە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەو دڵکوتە،
(٢) دڵکوت چییە؟
(٣) کووت زانیوە دڵکوت چییە؟
(٤) ئەو ڕۆژە گش ئەو مەردمە وەک پەپوولەی پرژاو دەبن.
(٥) کێوەکانیش وەک خوری شی کراو دەبن.
(٦) هەر کەسێکی تای تەرازووی داهاتووە،
(٧) تووشی ژیانی خۆش بووە.
(٨) هەر کەسێکیش لە کێشانە سووکی هێنا،
(٩) ئەوە ئەنوای «هاویە»یە.
(١٠) کوو زانیوتە لە «هاویە» مەبەس چییە؟
(١١) ئاگرێکی بەنێڵەیە.

تەکاسور

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) شانازیتان بە فرەیی [ماڵ و منداڵ] ئێوەی بە خۆیەوە خافڵاند.
(٢) تا هەمووتان بوونە میوانی گۆڕستان.
(٣) زۆر ناخایەنێ دەزانن.

(٤) جارێ تریش، زۆر ناخایەنێ دەزانن.
(٥) بەڵام ئەگەر ڕاستەقینەو بزانیبا،
(٦) ئاشکرا دۆژەهتان دەدی.
(٧) دیسانەکەش هەر بە ئاشکرا دەتان دی.
(٨) لەپاشان هەر لەو ڕۆژەدا دەربارەی خۆشی دنیاوە لێو دەپرسن.

عەسر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) سۆند بە هەڕەتی ئێوارە،
(٢) مرۆ گشتی زیانبارە؛
(٣) مەگین ئەوی بوونەتە خاوەن باوەڕ و کارچاک بوون و یەکتریشیان ڕاست دنەداوە و بۆ خۆگری ڕاسپاردووە.

هومەزە

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هاوارە لە هەر کەسێکی بە تەشەری خوسپکەرە؛
(٢) ئەوی ماڵی کۆ کردەوە و دەیبژێرێ.
(٣) خەیاڵ دەکا دراوەکەی لە مردنی دەپارێزێ.
(٤) نا نا، با وا خەیاڵ نەکا؛ بێ شک فڕێ دەدرێتە ناو «حوتەمە»وە.
(٥) کا دەزانی نیاز لەو «حوتەمە» چییە؟
(٦) ئاگرێکە خودا هەڵی گیرساندیە.
(٧) بە سەر پەڕەی دڵاندا دێ.
(٨) کە ئەمەیان بەسەردا گاڵەدراوە؛
(٩) لە ئەستوونەگەلێکی بەرز و بڵندا.

فیل

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەدی نەتدی پەروەرندەت چ پەندێکی بەسەر فیل سوارەکان هێنا؟
(٢) ئەدی فێڵ و گزیەکانی هەموو لێ پووچەڵ نەکردن؟
(٣) دەستە دەستە باڵداری هەنارده سەریان.
(٤) گزمووله قوری وەک بەردیان تێدەگرتن؛
(٥) تا بە دەردی کایەکی خوراوی بردن.

قورەیش

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بۆ پێکەوە مانی قورەیش،
(٢) کە ساڵانە دوو جار دەچن بەرەو زۆزان و گەرمیان،
(٣) با خودانی ئەم خانووە بپەرستن؛
(٤) کە ئەوانی لە نیزی بێ نیاز کرد و دڵنیای کردن نەترسن.

ماعون

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئاخۆ تۆ ئەو [زەلام]ەت دی ڕۆژی جەزای لا درۆ بوو؟
(٢) هەر ئەویش بوو کە هەتیوی [بێ دەرەتانی] ئەڕانی.
(٣) بۆ نان دان بە هەژارانیش هانە نادا.
(٤) هاوار بۆ ئەو نوێژکەرانەی،
(٥) هۆش بە نوێژەکەیان نادەن.
(٦) ئەوی دەستەی ڕووبینانن،
(٧) دەبنە بەرگر لە باربوو دان و زبارەش.

کەوسەر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئێمە زۆر شتمان دا بە تۆ.
(٢) سا تۆ بۆ پەروەرندەی خۆت نمێژ و قوربانی بکە.
(٣) ئەوی لێت بەناتۆرەیە، بۆخۆی وەجاخی کۆرەیە.

کافیرون

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بێژە: ئەی خوانەناسەکان!
(٢) ئەوی ئێوە دەیپەرستن، نایپەرستم.
(٣) ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، نایپەرستن.
(٤) ئەوەش پەرستوتانە نایپەرستم.
(٥) ئێوەش ئەوی دەیپەرستم، نایپەرستن.

(٦) دینی خۆتان بۆ خۆتان و منیش دینی خۆم بۆ خۆمە.

نەسر

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) هەرکاتێ یارمەتی خودا گەییشتە ئێوە و سەرکەوتن،
(٢) خەڵکیشت دی – گرۆ گرۆ – دێنە ناو دینی خوداوە،
(٣) هەر تاریف و شوکری پەروەرندەت بکە و داوای بوردنی لێ بکە. ئەو هەمیشە پەژیوانی پەژیوانان قبووڵ دەکا.

مەسەد

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەبوولەهەب هەر دوو دەستی شەلە بێ و عەمری نەمێنێ.
(٢) نە سامانی و نە ئەوی پەیدای کردووە بەهرەی بۆدا.
(٣) هەربینا ئاگری بەگڕ ئەیسووزێنێ.
(٤) ژنەکەشی دەستەچیلە بە کۆڵ دێنێ.
(٥) گوزەرهۆنی سیرمەی دووبادی دەملدا.

ئیخلاس
وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) بێژە ئەو خودایە تاکە.
(٢) خودایەکی بێ نیاز و جێ نیازە.
(٣) کەس لەو نەبووە و ئەویش لە هیچ کەس نەزاوە.
(٤) هەرگیز هیچ کەسیش نەیتوانیوە هەمبەری بێ.

فەلەق
وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە
(١) بێژە: من خۆ دەپارێزم، بە وەدی هێنی زا لە ماک،
(٢) لە وەزەنی هەرچی دروستی کردووە؛
(٣) لە ڕوشەی شەو، کاتێ تاریکایی دادێ؛
(٤) لە تۆشی جادوگەرانی پف دەکەنە چەند گرێیەک؛
(٥) لە گێچەڵی ئێرەیی بەر، وەختێ کە ئێرەیی دەبا.

کۆتایی